


## ناوەرۆکی ڕامان


● دەق

- ڕۆیشتنێک بەرێوەیە...!/ دلاوەر قەرەداغی/ 3
- کۆتایی ڕێگا مرۆڤە/ بەشدار سامی/ 5
- کۆتاییەکان/ عومەر جەلال/ 7
- ڕەنگێ ئاخێ/ مەریوان سندی/ 8
- پردی میرابۆ/ لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 9
- کتێبی سپی/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/ 10
- هەوا گەرم نەبوو/ شیرین ئەکبەری/ 13
- بێزار/ سەردار بیانی/ 15
- بلا بچە و ڤەنەگەڕە/ بەهلوول زەلال/ 21
- نەخۆشەکە/ لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ 23

● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (محەمەد ڕۆستەم زادە «نامۆ»)/ ئا: خەبات ڕەسووڵی/ 26

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی (یارسان)دا/ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: نامق هەورامی/ 44
- پراکتیکی بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) و../ ئاری عوسمان خەیات/ 57
- ڕۆڵی باسکار لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا/ شاخەوان فەرهاد محەمەد/ 68
- بەیاننامەی قاڵبییەکی ماندوو/ موراد ئەعزەمی/ 78

● تیوری ئەدەبی

- پرسیارە پلە دووەمەکان لەمەڕ ڕەخنەی ئەدەبییەوە/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 87

● هزر و فەلسەفە

- ئیمانۆییل کانت، ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی/ د. حەمید عەزیز/ 102

● مێژوو

- کوردستان چاوگەی شارستانییەتەکان بووە/ عەباس سلێمان سمایل/ 113

● وتار

- ناڤونیشان د جیهانا چیرۆکێدا/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 119
- خوێندنەوەی سیاسیی ئەدەبیات/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 124
- ناوەرۆکی «هومێر و لینگلی» ڕۆمانە تازەکەی دیکترۆف/ لە فارسییەوە: سیما ڕەحمان/ 130
- بزەیەک لە تاریکیدا/ کەریم حیکمەتی/ 134

● هونەر

- کەڤاڵە... فیستیڤاڵی فیلیپی و ئۆتێللو/ دانا ڕەئووف/ 136
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 147
- مۆنۆدراما.. هونەری نواندنی سۆڵۆ/ فرمێسک مستەفا/ 151

● خوێندنەوەی کتێب

- خاک و خۆڵەمێش، یان ئافرەتێک بەرووتی ڕادەکات/ هاشم سەڕاج/ 155

● نرخاندن

- گۆڤاری ڕامان تاکە گۆڤارێکە شایانی ئەوەبێ بەدوایدا بگەڕێیت و بیخوێنیتەوە/ حەسەن جاف/ 159

● سووکە لەنگەر


- لەبارەی کتێبخانەی قوتابخانەکانەوە/ ئیحسان سابیر سەعید/ 160

# ڕۆیشتنێک بەڕێوەیە...!

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

سەرمایەکی زۆر بەڕێوەیە
کە لە ڕەقبوونەوەی ئێمە نایە
ساڵانێکی سەیر بەڕێوەن
کە لە پیریی ئێمە ناچن
گەڵاڕێزانێکی تر بەڕێوەیە
کە بە پاییزی مناڵیی من و تۆ نامۆیە!

من هیچم نەبوو بۆ نووسین لە وشە زیاتر
هیچم نەبوو بۆ پیاسە لە هەنگاو زیاتر
هیچم شک نەئەبرد بۆ ڕوانین لە پەنجەرە زیاتر
هیچم لە خەیاڵدا نەبوو
بۆ مانەوە لە خەیاڵ زیاتر
هیچم چاوەڕێ نەدەکرد لە فڕین
بۆ دیارنەمان زیاتر!
من دەڕۆم و بەداخەوە هەر خۆم ناڕۆم
من دیار نامێنم و
بە داخەوە هەر خۆم نامرم
من ئەڕۆم و ئەفسووس
گەواڵەیەک هەوری غەمگین لەگەڵم دەڕۆا
من خواحافیزیی ئەکەم و جەخار
پۆلێک کۆترەشینکەی نیگەران لە دوامەوە
ریز دەبەستێ
من جانتاکەم هەڵدەگرم و
بە داخەوە مەفرەزەیەک پەپوولەی دڵشکاو
دوام دەکەوێ!



ڕۆیشتنێک بەڕێوەیە بە باوە
بارانێک بەڕێوەیە بە کرێوەوە
سەفەرێک بەڕێوەیە سادە
وەک تێپەڕینی ناکاوی سێبەری تەیرێک بە بەر
پاییزی پەنجەرەدا
دیارنەمانێکی کتوپڕ بەڕێوەیە
وەک دیارنەمانی ناکاوی ڕوخسارێک
لە تەمتوومانی بەیانیی ئاوێنەدا
تێپەڕینی خێرای پیاوێک بەڕێوەیە

وەک سەواکردنی زەرفێک دارچینیی... سانا
سەفەرێک بەڕێوەیە
سارد... سارد
بەسەر بەفرانباری بەردچنی
کۆلانا!

من و نیشتمان کێشەمان لەگەڵ یەکتردا هەیە
ئەو کێشەی لەگەڵ جێگە بەخۆنەگرتنم و
من کێشەم لەگەڵ خۆگۆڕینیدا هەیە
من و نیشتمان
تازە ئاشت نابینەوە
من و ئەو
دوژمنایەتیی کۆن
من و نیشتمان خوێنمان لە بەینایە!

من کێشەم لەگەڵ ئەوانەشدا هەبوو کە دەیانویست
جلک بە نیشتمان بگۆڕن
چونکە هەر بە زۆری و زۆردارەکیی
ئەو جلکە عەمارەپۆیانەیان لەبەردەکرد
کە ئیتر دەمێک بوو بە بەری نەدەبوون!

ڕۆیشتنێک بەڕێوەیە
بایەک شەلەشەل بەدوای مناڵەکانیدا دەگری
باخێک شنەشن بەدوای گوڵەکانیدا دەڕوا
ئاگرێک ئێڵەنێڵ بەدوای کوانووەکانیدا ئەسووتێ
فرینێک وژەوژ بەدوای جێگەباڵەکانیدا دەفڕێ
بارانێک نمەنم بەدوای کێڵگەکانیدا دادەکا
مردنێک خاوە خاو بەدوای گۆڕەکانیدا
ئەگەڕێ!

گفتوگۆی ئێوارەیەکی زستانی نێوان چێڵ و بۆق لە بارەی سەرما و تەنیاییەوە

چێڵێک لە بۆقێکی پرسی
ئەرێ تۆ
کە زۆر تەنیا ئەبیت خۆت بەچییەوە
خەریک ئەکەیت؟

بۆق بیری کردەوە و گوتی:
مەنجەڵێک ئاو ئەکوڵێنم
بە دیارییەوە دائەنیشم و
خۆمی پێوە ئەخلافێنم!
چێڵ بە جۆرێک کە هەموو ئەوانەی
لەو دەوروبەرە بوون، وایانزانی ئەگری،
بۆڕە بۆڕ پێکەنی و گوتی:
ئامۆزا... منیش کە تەنیا ئەبم
هەروەک تۆ ئەکەم
بەڵام من مەنجەڵە ئاوەکە ئەکوڵێنم
یەک بەردیشی
تێئەکەم
ئیدی ئەوسا بە دیارییەوە دائەنیشم
هەم لە تەنیاییدا سەرمام نابێ و
هەم وەک تۆ خۆیشمی پێوە ئەخلافێنم!

نەمزانیبوو
نیشتمان بەو ڕادەیە ساردە
کە بەشی ڕەقبوونەوەی سێ چوار نەوە دەکا
نەمزانیبوو نیشتمان خاوەن ئەو هەموو
کانگەی سەرمایەیە
کە بەشی هەموو زستانەکانی مێژوو دەکا
نەمزانیبوو نیشتمان هێند دڵڕەقانە
پڕ پڕ لەو هەموو ڕەقبوونەوەیەیە!

من ئیتر لە پاییزی کۆڵانی تۆدا نابم
من ئیتر لەبەر بەیانیانی پەنجەرەی تۆدا ڕاناوەستم
من ئیتر بە جاددەی تۆدا پیاسە ناکەم
من ئیتر لە ئاوێنەی تۆدا
خۆم نابینم
من ئیتر هەتاوی تۆ لێم نادا
من ئیتر سەرمای تۆ ڕەقم ناکاتەوە
من ئیتر بارانی تۆ تەڕم ناکا
من ئیتر سەرابی تۆ بە لاڕێگەی تردا نامبا
ڕۆیشتنێک بەڕێوەیە
من ئیتر لە هیچ شوێنێک ڕاناوەستم
من ئیتر نایەمەوە سەر تۆ
ئەفسووس... من و تۆ ئیتر تەواو
من ئیتر لە هیچ جێگەیەک
چاوەڕێی تۆ ناکەم!

دیسەمبەری ٢٠١١

# کۆتایی ڕێگا مرۆڤە

**بەشدار سامی**

**بۆ کێلی قەبرەکەم**
من چۆلەکەم خۆش دەوێت
کۆتر و
سەگ و
تەنانەت، جورجیش.

ئازاری هیچ کەسم نەداوە
ئەوانەی ئازاریان داوم، مرۆڤ بوون
من، لە مرۆڤەکان خۆش بووم
تەنانەت
ئەو ژنەیش کە جێی هێشتم.

لە ماڵێکدا تەنیا دەژیم
ئەوانەی کەسم بوون
ئێستا نازانم لە کوێن.


سامانی من وشەیە
تەنانەت لە گیرفانیشمدا

ژیانی من بەو جۆرەیە کە خۆم هەڵمبژاردووە
دەستکاری مەکەن
تەنانەت دوای مردنیشم.

خودایە: خۆم ئەم ژیانەم، هەڵبژاردووە
بەڕاستی پێت وایە
دۆزەخی بم
کە (جارجار) هەموو شتێک فەرامۆش دەکەم و لە ژوورێکدا
دادەنیشم و ویسکی دەخۆمەوە؟

**زۆر سادە!**
ماڵی دەکەوتە ناوەڕاستی کۆڵانەکەمان
کەسێکی بێ دەنگ بوو
باوکم سڵاوی لێ دەکرد و
هەندێ جار
خواردنی بۆ دەبرد.
دایکم لە بارەیەوە گوتی:
پیاوێکی باش بوو
سەرنجی هیچ لە ژنانی کۆڵانی نەدەدا

تەنیا دەژیا



نەمزانیوە کەسێک لە بارەی نەبوونی ژنەوە لێی
پرسیبێت
جارێکیان بە باوکمی گوت:
هیچ شوێنێک شوێنی ڕاستەقینەی من نییە
ئەگەر لەنکاوێک تەرمەکەمت بینی و
هەستت کرد کەسێک کوژراوە،
لەبیرت بێت:
لەو شوێنەی تەرمەکە دەبینی،
تەنێ دەبوو کەسێکی بێ کەڵک بمرێ!
ئێوارەیەک بەرەو ماڵەکەی ڕۆیشتین
گوتیان پیاوێک لەو ماڵەدا خۆی کوشتووە
ڕێک وابوو
گوللەیەکی لەسەری خۆی دابوو

باوکم لە کن تەرمەکەی دانیشت و
گوتی:
ئەو هەمیشە دەیگوت،
زۆر درەنگە!

**دنیاش!**

– ماستەکە ترشە
+ تۆ: درەنگ کەوتی!

– درەنگ کەوتن؟
+ وەک گوتم: درەنگ کەوتی!
– بەڵام ماستەکە، ترشە.
+ بەڵێ..!
– ئازیزەکەم...!
+ تۆ درەنگ کەوتی،
تەواوی ڕۆژەکە، ترشە!

**دوای خواردنەوەی پێکێک**

پێکەنیم
چونکە
کەسی تر نەبوو تا پێکەنێ
چونکە دەبوو کەسێک پێبکەنێ
چونکە قسەیەکی چەند ساڵەم بەبیردا هاتەوە
چونکە پێکەنیناوی بوو:
دەرگە و پەنجەرەی ژوورەکەم داخست و
گڵۆپەکانم کوژاندنەوە،
تا تاقەتم هەبوو پێکەنیم!

**نیشتیمان**

هێندەی لەگەڵ تۆدا نووستم،
هێندە لەگەڵ ژنەکەم نا!
هێندەی لەگەڵ تۆدا ڕۆیشتم،
هێندە لەگەڵ خۆم نا!
هێندەی لەگەڵ تۆدا مردم،
هێندە لەگەڵ مردن نا.

# کۆتاییەکان

عومەر جەلال
(چەمچەماڵ)

دڵم بەو شەوانە خۆشە،
کە هەمیشە لە ڕۆژ دەچن
دڵم بەو ڕۆژانە خۆشە،
کە هەمیشە لە شەو دەچن
ڕۆژ و شەوە ئاساییەکان هی من نین!

دەمەوێت،
هەروا بە نهێنیی خۆشم بوێی،
کەس نەزانێت
تەنانەت:
تۆ و خۆیشم!

ئای هەورەکان،
بە ئەندازەی غەمگینیی دڵم پێتان خۆشە

ئەمشەو،
هەردووکمان بەیەکەوە دەنووین
من و ئەمشەو!
بەیانی،


هەردووکمان بەیەکەوە دەمرین
من و بەیانی!

من لە هەموو کات و شوێنەکاندا،
لە خۆم دەچم
وەلێ، نازانم بۆ؟
کە تەماشای ئاوێنەکان دەکەم
لە بری خۆم، تۆ دەبینم!

ئەو کاتژمێرانەی چاوەڕوانت بووم،
زۆرتربوون، زۆر
لەو کاتژمێرانەی ژیاوم و دەژیم!
ئای تەنیایی،
نە ڕێگەم دەدەی بێمەوە نێو ژیان!
نە ڕێگەم دەدەی لە ژیان دەرچم!

لە وشەکانی ئەو ڕستانەدا ڕادەمێنم،
کە پیتەکانی ناوی تۆ دروست دەکەن!
بە تایبەت، ئەم دوو دێرەی سەرەوە!


دەمنووسی، بۆ ئەوەی تەنیا نەبم
وەلێ، نووسین تەنیاتری کردم!



# رەنگێ ئاخێ

مەریوان سندی
(زاخۆ)

دیاری بۆ وی گیانی ئاخێ ڤەخواری



چرکە دبێژن:
ژڤانێ من و وی
مێژوو
ل بەندا دەمژمێرەکێ هێلا!
رەنگێ ئاخێ
دمالبچیکێ ژیانێ دا
هێکێن وەرار کری
وێنەکرن.
تو شین بووی
د سینگێ بای دا بووی برووسی.
تە ئەدر کولا
ناڤکا بەهرا تە
ژدوماهیک خوارنا تە زا...
تو خوە دخوی!
ئو تا مینا بای
مەمکێن دارێ دوەرینت.
کراسێ وێ یێ سێ وەرزی
شل دکت
ژ خوینا سپی
ئەو بێریا هەفت تبلێن وێ هشک بووین
ئو دلێ خوە
د کەهنی یا سویر دا شووشتی.
زەرکا وێ تژی تبل بین.
لبن ئەزمانێ ئاخێ
مستەک ئاڤا سار کرە رووبار.
دا بێژم:
ئەی بەلگێن هەمی دەما کەسک
بێژن: بای پاییزێ هش!!
ژ نهێنیا مرنێ
خش خشا
دلوڤانییێ دبهیزم
ل نیڤا دی یا دلێ خوە دگەڕت
کەزەبا ژیانێ دشەوتینت
ئو سەر ئێشا وێ
ب بێهنا مەمکێن تەیێن ڤەشارتی دڤەبرت!!

# پردی میرابۆ (١)

ئەپۆلینییێر
له فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

لەژێر پردی میرابۆ ڕووباری سێن تێ ئەپەڕێ
و خۆشەویستانیش
ئەبێ بەبیرم بێتەوە
کە شادی هەردەم لە دوای ئازارەوە دێ

شەو دەگاو وەختی ئەمەش دێ
ڕۆژان دەڕۆن من هەر دەمێنمەوە.

دەست لەناو دەست ڕووبەڕوو
کەچی
لەبن پردی دەستەکانمان
نیگا نەمرەکان بە شەپۆلی نەرم تێ ئەپەڕن


شەو دەگا و وەختی ئەمەش دێ
ڕۆژان دەڕۆن من هەر دەمێنمەوە

خۆشەویستی ئەڕوا وەک ئەم ئاوە تیژە
خۆشەویستی دەڕوا
وەک ژیان لەسەرخۆیە
وەک «ئومێد»(٢) توندوتیژە

شەو دەگاو وەختی ئەمەش دێ
ڕۆژان دەڕۆن من هەر دەمێنمەوە

ڕۆژان تێدەپەڕن هەفتان تێدەپەڕن
نەوەختی تێپەڕیو
نە خۆشەویستەکان دەگەڕێنەوە
لەژێر پردی میرابۆ ڕووباری سێن تێدەپەڕێ

شەو دەگاو وەختی ئەمەش دێ
ڕۆژان دەڕۆن من هەر دەمێنمەوە.



**پەراوێز:**
**١- پردی میرابۆ، پردێکە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە فرەنسا لەسەر ڕووباری سێن دروست کرا، ڕەمزی تازەگەری و نوێخوازییە.**
**٢- ئومێد، مەبەست لە «ئومێد» وەک ناوونیشان لەسەر دەرگای جەهەننەمی کۆمێدیای ئیلاهی- دانتێ-یە.**

**سەرچاوە:**
**Anthologie de La poesie Francaise. xxes. Gallimard, 2007.**



# کتێبی سپی.....

**ئەسعەد عەزیز محەمەد**
**(کەرکووک)**

لەدوای شەوێکی زۆر درێژ بەئاگا هاتەوە، هەرچەندە هێشتا تاریکی وەک پەردەیەکی ڕەش بەسەر شارەوە دادرابوو، کووچەو کۆڵانەکانی شاردبووەوە، بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەو شارەدا هەموو کاتژمێرەکان لە یەک کاتدا لە دەرخستنی کات بەدرۆ کەوتبوونەوە، هەرکەسێ لەو کاتەدا بەخەبەر هاتبێ، یەکسەر بێ سێ و دوو ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد، کات زووە، یان کاتژمێرەکەم پەکی کەوتووە و ناتوانێت لەگەڵ ڕەوتی کاتدا تەریب بێت، بەڵام دوای هەندێ لێکدانەوە، داخۆ دەبێت چەند کاتژمێر خەوتبێتم؟ بۆچی خۆر هەڵنایەت؟ هەندێ چاویان بڕیبووە ئاسمان و هەندێکیش چاویان لەسەر میلی سەعاتەکان بوو، هیچ کەس نەیدەزانی چ ڕووی داوە؟ لە تاریکییەکی ئەنگوستە چاودا هەنگاوی کەسێکی نابینای بۆ پێشەوە دەهاویشت، بۆ خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات، بەڵام گرنگ لەوەیە لە چوارچێوەی ماڵێکەوە دەربچێتە دەرەوە، هەر لە دەرگای حەوشە هاتە دەرەوە، ڕواڵەتی هەموو خانووەکانی بەیەک شێوە بینی، تەنانەت سیمای کەسەکانیش لە دوورەوە هەر لە یەک دەچوون، کاتێک بە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا تێدەپەڕی، گوێی لە گریان و شین و زایەڵەی منداڵ و ژنان بوو، تاکوتەرا کەسی لەسەر شەقامەکان دەبینی، دوکان و کۆگاکان کلۆم درابوون، هەستێکی نامۆ لەنێو گەنجینەی بیرکردنەوەی سەرتاپێی هێنابووە لەرزین، ڕاچەڵەکی لەوەی کە لێی دەترسا ڕوویدات.

تاریکی بەتەنیا ئاسمان و زەوی نەگرتبووەوە، بەڵکو نیگای کەسەکانیشی دەمامک دابوو، بەڵام ئەوەی بەلاوە زۆر سەیر بوو وێڕای ئەو تاریکییە هێشتا دەیتوانی تەماشای گرژی و لۆچی نێو چاوانی هەموو کەسێک بکات، ترس و نیگەرانی بیرکردنەوەیان ببینێ، ئەگەر بەچاویش ئەوەی نەبینیایە، لە لەرەو تەوژمی دەنگی خەڵک هەستی


پێ دەکرد.

بێ هیچ مەبەست و نیازێک لەپێش سەمموونخانەیەک کە چەند کەسێکی لێ بوو، بۆ ماوەیەک بەبێ دەنگی ڕاوەستا، باس هەر باسی ئەو تاریکییە بوو کە چەندین سەعات بەسەر وادەی دیاریکراویدا تێپەڕیبوو، بەڵام هەر نەیدەویست بڕەوێتەوەو ڕووناکییان بۆ بگەڕێنێتەوە، گەنجێک باسی ئەوەی کرد هەسارەیەکی گەورە پێش تیشکی ڕووناکی خۆری گرتووەو ناهێڵێت ڕووناکی بگاتە سەر زەوی، یەکێکی تر باسی لەوە کرد تارمایی ئەم تاریکییە جگە لە گوناهەکانی مرۆڤ، هیچی تر نییە، بە ئەسپایی لێیان دوور کەوتەوە، لەهاتن و ڕۆیشتنیدا هیچ پەرۆشیی پێوە دیار نەبوو، چونکە ئەو بەبێ دەنگی هات و بەبێ دەنگیش بەجێی هێشتن، هەندێ سەمموونی کڕی و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، ئەو کاتەی سەموونەکەی هەڵگرت بیری لەوە دەکردەوە لە تاریکی و ڕووناکیدا سکی برسی نانی دەوێت، خەریکی ئامادەکردنی ژەمە خۆراکێک بوو، چونکە لەپاش مردنی دایکی بە تەنیا لەو خانووەدا دەژیا، ئەو کاتە بیری لەوە دەکردەوە باش بوو دایکی لە ژیاندا نەمابوو، ئەگەر تا ئەم کاتە بمایە، مێشکی سەری دەبرد، لە بارەی ئەو تاریکییەوە، کە هیچ کەس سەرچاوەکەی نەدەزانی، ئەو کاتەی خەریک بوو یەکەم پاروو قووت بدات، ئەوەی بەبیردا هات، ئەمە ژەمە خۆراکی نیوەڕۆیە یان بەیانی... کات بە گوێرەی سەعاتە هەڵواسراوەکەی ژوورەوە یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، بە پێوەری تاریکیش نیوەی شەو بوو، خۆی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە خەریک کرد، کە زۆر کەس بڕوای وابوو هەموو شتێکی تێدایە، بەڵام ئەو بڕوای وابوو چیرۆکی هەموو کەسێکی تێدایە، هەموو کەس دەتوانێت تارمایی سێبەری خۆی تێدا بدۆزێتەوە، کە لە هەموو کاتێکی بیرکردنەوەو نیگەرانیدا بەشێوەیەکی بەردەوام دەگەڕایەوە سەر ئەو کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕا، بەڵکو چیرۆکی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، چەندین ساڵ لە هەوڵێکی بێ هوودە بوو، هیچ کات نەیتوانیبوو بە مەرامی خۆی بگات، چیرۆکی خۆی لەناو کتێبەکە بدۆزێتەوە، لە باوەشی ئەو تاریکییەی ڕۆژدا بۆ چەندین سەعات خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکە بوو، زۆر چیرۆکی ناوازەی تێدا خوێندەوە، چیرۆکی ئەو پیاوەی لە قووڵایی دەریادا زیندانی کرا، چیرۆکی ئەو پیاوەی ئاییندەی دەخوێندەوەو ڕێگری لەپێش ڕوودانی دادەنا، سەرگوزشتەی ئەو خەڵکەی خۆشترین خواردنیان دەخوارد، کەچی تامەزرۆی هەندێ خۆراک بوون کە لە برسێتیشدا هیچ کەس بۆی تامەزرۆ نییە، چیرۆکی ئەو برایانەی ستەم لە براکەیان دەکەن، چەند جارێک دەیویست تەماشای سەعاتە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە بکات، بەڵام زوو پەشیمان دەبووەوە، چونکە بڕوای وابوو مادام تاریکی شاری نغرۆ کردووە؛ ئەو ساتە کات هیچ گرنگی نامێنێت، کاتێ کتێبەکەی بەدەستەوە بوو هەستی بە ماندووبوونێکی تاقەت پرووکێن دەکرد، بەشێوەی ئازارێکی ناوەخت جەستەی داگیرکرد، ساتێک لەنێوان ئاگایی و خەوتندا وا هەستی دەکرد ئەم دێرانەی لە کتێبەکە خوێندەوە" ئەو کەسەی بەتەنیا لە تاریکیدا بیر لە چیرۆکی خۆی دەکاتەوە، چیرۆکی هەموو خەڵک فەرامۆش دەکات، هەر بەتەنیا دەژێت و دەمرێت....." خەوێکی ئێجگار قورس پێڵووی چاوی داخست و وشەکانی تری بۆ نەخوێندرایەوە، لە خەونیشیدا کەوتبووە سۆراخی وشە تەواوکەرەکان، بەڵام هیچی لێ دەست نەکەوت.

سبەی کاتێ بەخەبەر هاتەوە خۆر سەرلەنوێ ڕووناکی پەخش کردبووەوە، دارو دیواری بەتیشکی زێڕینی ڕەنگرێژ کردبوو، تەنیا شتێک لەو بەیانییە لە قووڵایی بیرکردنەوەی شەپۆلیدا، خوێندنەوەی تەواوی وشەکانی ناو کتێبەکە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی دەوامەکەی نزیک ببووەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێکی تر بکات بەخێرایی خۆی گۆڕی و بەرەو فەرمانگەکەی بەڕێ کەوت ، هێشتا حەپەساوی ڕۆژی پێشوو بەری نەدابوو، هەر سەیری ئاسمان و خۆر و تیشکی ڕووناکی دەکرد، هەندێ جار لەوە بە گومان بوو، نەیدەتوانی متمانە بەوە بکات، ئەوەی دوێنێ ڕووی داوە، بەشێک بێت لە ژیان، بەڵکو هەر بەتەنیا خەونێکی ترە لەو خەونانەی لە شەوە درێژەکان دەبینرێن.

لەناو فەرمانگەکەیدا لەسەر زمانی هاوڕێکانی ئەوەی بۆ دەرکەوت، تاریکی دوێنێ، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بوو، قسەو باسی هاوڕێکانی لە بارەی

تاریکی دوێنێوە ئەویان سەرسام کردبوو، نیگەرانی و ترسیش بە ڕووی هیچ کامێکیانەوە نەڕەویبووەوە، بەڵام هەموو ئەو باسانەی لەسەر تاریکییەکە دەکران و ئەو ترسانەی لەلای هاوڕێکانی هەبوو، نەبووە مایەی ئەوەی چیرۆکەکەی خۆی لەبیر بەرنەوە، پاش ئەوەی لە کارەکەی گەڕایەوەماڵەوە، بێ ئەوەی پێڵاوەکەشی لەپێ دابکەنێت، یەکسەر ڕووی لە کتێبەکانی کردو ئەو کتێبەی هەڵگرت کە دوێنێ دەیخوێندەوە، بەڵام ڕووداوێکی سەیرتری لە ڕووداوی تاریکییەکەی دوێنێ بینی، کە بە جارێ حەپەسا، بە ڕوخسارێکی پەشۆکاوەوە جارێکی تر سەیری بەرگی کتێبەکەی کرد، نەوەک بە هەڵە ئەو کتێبەی هەڵگرتبێت، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە بێ سوود بوو، بە شپرزەیی و بە ڕاکردن لە ماڵەوە هاتە دەرەوە، دوای ئەو ڕۆژەش ئەوەی بەلاوە زۆر سەیر بوو نەیدەزانی چ هێزێک پاڵنەری بوو، کە ئەوەندە بەخێرایی ئەویان گەیاندە کتێبخانەکەی ناو بازاڕ، لەوێ داوای ئەو کتێبەی کرد، خاوەن کتێبخانەکە کتێبێکی دایەوە دەستی، هەموو لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، لەگەڵ هەر لاپەڕەیەکدا زیاتر ترسی لێ دەنیشت، بەخاوەن کتێبخانەکەی ڕاگەیاند، ئەویش وێڕای ئەوەی بەلایەوە ڕووداوێکی سەیر بوو، دانەیەکی تری لەو کتێبەی بۆ هێنا، لاپەڕەکانی ئەوەشی هەڵدایەوە هەمان ڕووداوی بینی، ئەو ساتە تووشی سەراسیمەیی بوو، خاوەن کتێبخانەکەش هاوشێوەی ئەو پەشۆکا، بە ڕادەیەک حەپەسابوو، کە بە ئەستەم توانی لەسەر کورسییەکە دابنیشێت، ئەو ئێوارەیە چەندین کتێبخانەی تر گەڕا، بەڵام لە ئەنجامدا زانی ئەو کتێبەی ئەو بەدوایدا دەگەڕێ، کە بە بڕوای خۆی چیرۆکی هەموو کەسێکی تێدایە. لە هەر جێگایەک ئەو کتێبەی بینی، سەیری کرد لاپەڕەکانی سپی بۆتەوەو تەنیا وشەیەکی تێدا نەماوە. بەنائومێدی لە تاریکی ئێوارەوەختێکی درەنگدا گەڕایەوە و بیری هەر لە لای ئەوە بوو ئیتر چیرۆکی هەموو کەسێک لە تاریکیدا ون بوو.



# هەوا گەرم نەبوو

**شیرین ئەکبەری**
**(سنە)**

دەنگی کۆلێرە گەورەکەی دەرەوەی پەنجێرەکە هۆڵەکەی داگرتبوو. دەستێکی لەهەنیەی کێشا و عارەقەکەی لێ سڕییەوە و چاوێکی بە کاتژمێری مۆبایلکەیدا خشاند و ڕووی لە ئازاد کرد و بە بزەوە وتی: دەستی پێ بکەین، ها؟

ئازاد چاوێکی بە هۆڵەکەدا گەڕاند. تەماشای دەرگەکە و کاتژمێری سەر دیوارەکەی کرد و وتی: تکایە. کتێب و کاغەزەکانی بەردەستی کۆکردەوە و وتی: بەناوی خوا. بابەتی ئەمڕۆمان مێژووی (١٩٤٥)ە. وام دەزانی کە بگەینە ئەم بابەتە، جێگەی دەرزی داخستن لە هۆڵەکەدا نەبێ. زۆریان نەهاتوونەتەوە. ئەمەم بەهێواشی بە شەرمین وت. شەرمین خۆی لەسەر کورسییەکە جێبەجێ کرد. دەستی خستە سەر کتێب و لاپەڕەکانی کە لەسەر مێزەکە پرژوبڵاوبوون و وتی: قسە لە کوێ و کردەوە لە کوێ گیانەکەم.

هیچ کتێب و نووسراوەیەک لەبەر دەستم نەبوو. پێم وابوو نیگایەکی مەعناداریشی خستە بەر دەستی من. لەبەر خۆمەوە وتم، بەڵام ئەگەر گرفتێ بێتە ئاراوە؟. من هاتووم، بەڵام قسە ناکەم. پێویست بە قسەکردنم نییە. خۆم دەناسم. کە دەستم پێ کرد، ئەویش سەبارەت بە باسێ کە پێم خۆشە، ئیدی هیچ ڕاگرم ناکا و لایەنەکانیش بەرچاو ناخەم. دوایی کە کار لە کار ترازا، پەشیمان دەبمەوە و بەڵێن دەدەم ئەگەر لەم پلەیە دەرباز بم، ئیدی هەوسار دەگرمە دەستەوە، بەڵام شەرمین وتەنی؛ قسە لەکوێ و کردەوە لە کوێ.

گەرمم نەبوو، بەڵام عارەقم کردبوو، کە من نوقمی بیرەکانم بووم، وتبووی؛ ژمارەمان کەمە هەموو دەتوانین لەسەر ئەم بابەتە بدوێین. باشترە ئێوەش بەشداری بکەن.

ئەسڵەن چۆنە باسی کرێس کۆچێرا و ویلیام ئیگلتۆن و ئەوانی تر وەلا بنێین و تەنیا لەسەر هەستی خۆمان سەبارەت

بەو ڕاپەڕینە بدوێین. عارەقی کردبوو. زوو بەزوو دەستی لە ڕوومەتی دەکێشا و بەردەوام بزە دەهاتە سەر لێوی. گەنجەکان بێ دەنگ بوو بوون. حەپەسا بوون. بڕیار نەبوو ئەوانیش بەشدار بن.

وڕەیان دەهات. چەند کەسێ قسەیان کرد، بەڵام تابلۆیەک کە بەرچاویان خست، پێم خۆش نەبوو، ئەی لەعنەتتان لێ بێ. هەموو زانا و تێگەیشتوون مەگەر دەکرێ نەتوانن باش قسە بکەن!.

وتی؛ چ بڕیارێکتان سەبارەت بەو پیاوە و بەو ڕووداوە هەیە؟ لای خۆمەوە وتم: بریا دەکرا وەکو کاک عەتا بڵێم: «ئاخ عەلا» و تۆش تا دواییت دەخوێندەوە. دەزانێ چ بکا. چۆن بنووسێ کە بێ ئەوەی شتێکی گوتبێ دەست و پێت ببەستێتەوە کە دەنگت لێوە نەیەت و خۆت لە هەمووی تێ بگەی. کە کارزان نەبیتو قسە بکەی، دەبێ لە پشت قسەکانت ڕابوەستی و گرفتەکەی قبووڵ بکەی.

وتی: مەسەلەن تابلۆیەکی زەینی ڕەسم کەن. جا لەسەری بدوێن. دەتوانن چاویشتان ببەسن.

تابلۆیەک کە لە یەک ڕەسمی کرد، سەرنجی ڕاکێشا. کاتێ پێلووەکانی لێک دەنا و جارنا جار بۆ بنمیچی هۆڵەکە و بۆ دەوروبەر دەڕوانی. کاتێ غونچەی دەمی لەسەرخۆ و بە جێگە دەپشکوت و دەستەکانی بە ئارامی و بە ئەنقەست دەجووڵاندەوە، بە زۆر زانی پێویست نەبوو کە تێ بگەی ئەم هەمووە سەبارەت بەو پیاوە باڵا کورتە و بەو مێژووە دیاری کراوە نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ دوو کورسی ئەولاتر و بۆ ئەو کوڕە لاواز و باڵابەرزە بوو. خۆزگەم پێی. لانی کەم ئەو بیانوویەکی باشی هەیە بۆ درۆ. هەڵبەت درۆ نە. تەنیا ڕاستەکەی بۆ کەسێکی تر دەڵێ. ئەمەش هەیە ئیدی!.

نە لە نووسین و نە لە نەنووسیندا هیچ ئارامشێک نییە. کەس ئارام نابێ. ئەمە ڕاستی ژیانە. من بە ڕێگایەکی شیاودا نەچووم. گرفتاری نێوان ڕاست و درۆم. بەهیچیش ناگەم. ڕاستی بێ، توانای ئەوەم نییە درێژە بەم شێوازە بدەم. کە ئێمە یەکێ لەم دووانە وەلا بخەین، شای سەر ئەم جیهانەین و پێش بەختەوەربوون نامرین گەلێک، مێژوویەک، لەم گوشەی جیهانە. من ئەم باسەم بێ هیچ مەرجێک خۆش دەوێ و دەمەوێ ئازادانە باسی لێ بکەم.

ژیان لە هەوایەکی ئازاد دا. ئەوین، خۆڵقێنەریەتی. بیرم لەوە دەکردەوە ئەمانە چۆن لە ئەو تابلۆوە کە دەمەوێ ڕەسمی بکەم دابنێم. بنەوش، ئاوی، زەرد، سوور، سەوز، ئەو پیاوە کە لە کونجێکی تابلۆکەدا ڕاوەستاوە بە چ ڕەنگێ داپۆشم. شەرمێن قسەی دەکرد. دەستەکانی تەکان تەکان دەدا و بڵند بڵند قسەی دەکرد. لەنێوان لاپەڕەکانی سەرمێزەکە چی دەرهێنا و پێیانی گوت، تێنەگەیشتم. شارەزا بوو ها! بەڵام نەیدەزانی باش قسە بکا. وتی: بیر لە شوێنێک دەکاتەوە کە خەڵک ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ بەخۆشی و بە ڕاستییەوە ژیاون. بێ هیچ مەترسییەک بیریان لە بەختەوەری کردووەتەوە. شەڕیان لەسەری کردووە.

دوایی، کاتێ کە باسەکەی بۆم دووپات کردەوە، لەوە تێگەیشتم، بەڵام ئەو کاتە کە قسەکانی تەواو بوون، ڕووی لە من کرد و وتی، چۆن بوو؟ وتم، بێ کەموکوڕی.

ئەگەر ئەمڕۆ کەس ڕوو لە ڕاستی ناکات، ڕۆژێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمان و گوزەری مێژوو، هەموو بەرەو ڕاستی دێن. ئەمەم لە کەسێ بیستووە.

هۆڵەکە فێنک بوو. کوڕ و کچەکان بێ دەنگ بوون. کاتی ئەوەش هات کە من ڕاست و درۆی خۆم بڵێم. ئاخ، توند هەوساری زار و بیرەکانم گرتە دەستەوە و چاوەکانم لێک نان. مێژوو، خوێن، هەوای ئازاد، ئەوین، پیاوێک ناسراو و نەناسراو.چاوم کردەوە. تابلۆکەم نیشان دا. مامۆستا پێکەنی، عارەقی کردبوو. وتی: کوڵەکە زێڕینە؟ پیاوێکیش لە کونجێک ڕاوەستا بوو.

گەرمم نەبوو. پێکەنیم.



# بێزار

سەردار بیانی

لەبەر خۆیەوە دەیگوت.. ئەم سەگ بابانە هیچ نازانن، لە گەڕەکێک لە دایک دەبن و لە گەڕەکێکی ئەولاتر وەکو سەگ دەتۆپن، جا دەڵێی لە ئاسمان بەربوونەتەوە و هەموو شتێک دەزانن، وا خۆیان دەردەخەن کە شت نییە ئەوان نەیزانن، ئاخ لەم شارە جەهەنەمییە، ئەم خەڵکەش هەمووی یەک بابەت و یەک قوماشن، هەر دەڵێی تێکڕا بۆنی ئەو شوێنەی یەکتریان کردووە.

شەقامی ناو مەیدان سنگی کردبووەوە، سەری خستبووە خوارەوە و نیگای بەناو زەبالەکان تێ دەپەڕی، بۆنی شووتی و خەیاری ڕزیو و پەتاتە و پیاز و هەزار بۆنی ترکە تایبەت بە مەیدانی مێوە و سەوزەیە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان دەهێنا و خورە خوریان دەخستە کونەکانی لووتی. تەماتەیەک کەوتە ژێر پێی فلقەی لێوە هات و ناو سکی بەتاڵ بوو، هەستی دەکرد دڵی ئەویش بە جارێک لە هەموو لایەکەوە تەقیوە و بڵاوبووەتەوە، هەر دڵ نەبوو، هەموو شتێک بوو.

بەر لە دوو ساڵ هاتبووە ئێرە، ئەم شارە پڕ ئاژاوەیە، دوای جیابوونەوەی دایک و باوکی، دایکی نەبوو زڕداک بوو، کەس دەرەقەتی نەدەهات، نە شەویان شەو بوو، نە ڕۆژیان ڕۆژ، دایکی خۆی پەکی کەوتبوو، باوکیشی بە دەست دەمە قارە و نەگونجان لەگەڵ ژنە گەنجەکەی تێک چووبوو، بە ڕادەیەک کە وازی لە مامۆستایەتی قوتابخانە هێنا، بەڵام ئەو ڕاستییەکەی دەزانی، قاویان دابوو، بەهۆی سکاڵای قوتابییان لە کۆڵ خۆیان کردبووەوە، ئینجا تووشی بەڵای خۆی هات و کەوتە ناو ئاگر و ئافات، ئاخ و ئۆخ و جوێن و نەفرین لە دەرودیوار دەهاتنە خوارەوە، چەند ڕۆژ دوای دەرکردنی باوکی زڕداک دەستی سێ منداڵەکەی گرت و گەڕایەوە لای برایەکانی، باوکی لەناو دەرگا هاواری کردبوو: هاجەر بچیتە بەر پەڕی ئاسمانیش تەڵاقت نادەم، ئەویش بێ ئەوەی هاور بداتەوە گوتبووی تەڵاقت سەرت بخوات هەر

پێویستم پێ نییە، باوکی لە پشت دەرگا پەلاماری دەسکە دارێکی دابوو، ئینجا ئەو خۆی خستبووە ناوەڕاست بۆ ناوبژی و بە ڕەوانی، زڕداکی بە دەم ڕۆیشتنەوە و بە دەنگێکی بەرز دەگریا و هاواری دەکرد: خوا سەبەبکار بگرێت، دوای ئەو ڕووداوە هاتبووە ئێرە، تەنیا کاری حەماڵی دەست کەوتبوو، زۆر جار بیری لە ماڵی خۆیان دەکردەوە، لە لایەک مافی بە زڕداکەکەی دەدا و بەناڕەوای نەدەزانی، زۆر گەنج بوو، لە هەمان کاتدا بەزەییشی بە باوکە بەساڵداچووە تێکشکاوەکەیدا دەهاتەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو، هیچ کەس هیچی لە دەست نەدەهات.

هەستی بە گەرما کرد، کاتژمێر لە نۆی ئێوارە تێپەڕی بوو، ئەرز گەرمای ناو دڵی دەدایە دەرەوە، گەرما بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا، سەرەتا لە پێیەکانییەوە دەستی پێدەکرد، کە لەناو گۆرەوییەکی دڕاو خۆیان کردبووە ناو سکی پێڵاوێکی ئەرزان بەها، هەمیشە وەکو ژێر هەنگڵەکانی لە ئارەق تەڕ و شڕ بوون، ئەوسا گەرما دەخزییە ژێر پێست وێڕای ئەوەی کە لە هەموو لایەکەوە وەکو شەپۆل باوەشی بە هەموو شتێکدا دەکرد.

لەبەر دەرگای ئەمبارێک لۆرییەک وەستابوو، یەکێک لە سەرەوە فەردەی دەدا خوارەوە و دوو کەسیش لە خوارەوە لەپشتیان دەکرد و لەولاتر دەیان خستە سەر یەک، یەکێک ئەوی بینی و هاواری کرد:

– ئێمە تەلەڤزیۆنمان هەیە!

ئەوی تر لەژێر سمێڵە شۆڕەکانییەوە پێکەنی:

– ئێمە سەلاجەمان هەیە.

– ئێمە تەلەڤزیۆن و سەلاجەمان هەیە، بۆ خاتری خوا وەرە بمخوازە.

هەرسێکیان بە دەنگی بەرز پێکەنین، تیق تیقی ئەوان وەکو گەرما ڕژایە ناو سنگی ئاسمان، دواییش کە بە پەلە دوور دەکەوتەوە لەبەر گوێیەکانی کز و کزتر دەبوو.

لە دەروازەی مەیدان کە پێی نایە دەرەوە، دەنگی ئۆتۆمبیلەکان بەسەر هەموو دەنگەکاندا زاڵ بوون، بێجگە لەو دەنگەی کە لە دەروونی هەڵدەستا، بۆنی سەرزەنشتیکی دێرینەی لێوە دەهات، بۆنی خەمێکی کۆن کە ساڵیانی ساڵ دڵ دەیکرۆژێ و هەر تەواویش نابێت، پیاو بە دیارییەوە دەتوێتەوە و ئەو وەکو کێوێک هەر قیتە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زۆرتر ڕەگوڕیشە دادەکوتێ و چڵوپۆ دەردەکا، ئینجا دەست بەسەر هەموو هزر و بیری مرۆڤدا دەگرێ. بۆڵە بۆڵێک هەڵسا، ئەمە لە دەرونییەوە دەهات، لەگەڵ دەنگی ئۆتۆمبیلێک بۆ چەند سات تێکەڵ بە یەکتر بوون، ئۆتۆمبیل ڕۆیی و دەنگی لە تۆز و غوباری پاش سەری نیشتەوە، بەڵام بۆڵە بۆڵی دەروونی بوو بە دەنگێکی ڕووناک و دواییش بوون بە وشە: «کابرا تۆ لە دەست چووی، ژیانت بێ هوودەیە، تۆ تەنیا حەماڵێکی شەرمنی هیچ نەزانی».

وشەی حەماڵ وەکو خەنجەر ڕۆچوو و جۆگەیەکی لەناو دڵی ڕاکێشا، خۆی بە دەست بەستراوی هاتە بەرچاو، بێ دەسەڵات، بێ دەسەڵاتی بوو بە خوێ، خوێ توایەوە و وەکو خوێن سەراوژێری ناو برین بوو، گەیشتە کانگای دڵی و باڵی بەسەر هەموو بوونیدا ڕاکێشا، بۆ ساتێک سەری هەڵبڕی، چاوە ڕەش و سوور هەڵگەڕاوەکانی نیگایەکی بێ هێز ڕشانەوە. نیگای لە ئاسمانی تۆزاوی کەوتە ڕێ و گەیشتە ئەستێرەکان و ئازارەکانی ئەویان گواستەوە، کە سەری داگرت ئاسمان و ئەستێرەکان گواسترانەوە ناو دڵی بە هەموو ئێشوئازارەکانەوە.

هەستی کرد کە شتێکی وردوخاش کراو لەناو ڕیخۆڵەکانی دێت و دەڕوات، ئەوسا بە دەنگێکی بەرز بیری کردەوە، ئەگەر حەماڵ بم، یان هەر شتێکی تر، بەڵام خۆڕاگر و بێ ئازارم، ئاخر گوناهم چییە؟! بەترس و سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، تەنیا ڕێبواری ئەو ناوە بوو، ترسی شکا و بەخۆی وت: ئەمە سەرەتایە، شێتایەتی بەم جۆرە دەست پێدەکات..

گەیشتە لای کۆڵانی ماڵەکەیان، دوو دڵ بوو بڕواتەوە ماڵ، ئەو ژوورەی کە بەر لە دوو ساڵ و چوار مانگ بۆ یەکەم جار پێی خستبووە ناو، دوو مانگ هەر لە ئەنبار دەخەوت تەنیا و بێکەس هیچ ڕێوشوێنی نەدەزانی، دوایی حەمەی ناسیبوو، ئەویش حەماڵی دەکرد و خەڵکی شاری خۆیان بوو، پێشنیاری کرد ئەگەر بیەوێت دەتوانێ بچێتە لای ئەوان، ئەو لەگەڵ نەوزاد کە بە (نەوە) بانگیان دەکرد، ژوورێکیان بەکرێ گرتبوو. بە خۆی وت «ئێستا حەمە خەریکی بەزمی خۆبەتی» دیمەنی ژوورەکەیان هاتەوە بەرچاو. سێ دۆشەکی ئیسفەنجی هەمیشە ڕاخراو لە قەراخی سێ دیوار، حەمە هەموو هێوارەیەک لەسەر دۆشەکی خۆی بەرانبەر دەرگا چوار مەشقی بە دیاری بتڵە ئارەقەکەیەوە دادەنیشت، هەر جار

به ئەوانی دەگوت: کوڕینە وەرنە پێش و دەست بکەنەوە، دوای یەک دوو پێک سـەری گـەرم دەبوو، دوای پێکی سێیـەم و چوارەم تووشی خەیالات دەهات و لە هەمـان کاتدا کە ملاک ملاک خیار و ماستی دەخوارد ئاخ و ئۆفیشی بۆ کچی دراوسێ هەڵدەکێشا. کە دوو چارێکی تەواو دەکرد وەکو مۆم لە شوێنی خۆی دەکوژایەوە، ئەوسا بە لایەکدا دەکەوت و تا بەیانی لێی دەخەوت، چەند ساڵێک لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی گەورەتر دەهاتە بەرچاو، تێکشکابوو، جارێک نەوە پرسیاری لێ کرد بۆ واز لە خواردنەوە ناهێنی تێکت دەدا؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبووی: بۆ نەخۆمەوە؟ چیم هەیە کە لە دەستی بدەم ها؟

هێوارەیەکیش نەوە بە گاڵتەوە پێی گوت: پیاو ناوێرێت لای تۆ جگەرەش داگیرسێنێ، دەمارەکانت پڕە لە ئارەق ئەگەر گڕت تێبەربوو، ئەو هێوارەیە بۆ یەکەم جار لە بتڵەکەی تا دوایین دڵۆپی بەتاڵ کرد و دواییش لە ناوەڕاستی ژوور هەمووی ڕشایەوە، نەوە پاکی کردەوە و ئیتر وازی هێنا سەر بخاتە سەری.

بەسەر دوو دڵییەکەیدا زاڵ بوو، کۆڵانی بەجێ هێشت و لەسەر شەقام کەوتە ڕێ، ڕۆژانی ئەینی کە ڕۆژی پشوودانیان بوو، خۆیان بە ئاوی سارد دەشۆرد، نوێترین جلەکانیان کە بە قەد کۆنەکانیان لەبەر کرابوون، لەبەر دەکرد، ئینجا بە قەراخی ئەم شەقامەدا و جۆگەی تەنیشتی کە لە جۆگەکانی ناو کۆڵانەکان سەرچاوەی دەگرت، دەکەوتە ڕێ، دوای بیست خولەک دەگەیشتە سەنتەری شار، هەموو ئەینییەک ئەمە کاری بوو، لەم گەشتوگوزارانەش تووشی بەڵای خۆی هات، کچێکی ناسی، نەک ڕاستەوخۆ بیناسێ، واتە بڕواتە پێش و خۆی پێ بناسێنێ، ئەم ئازایەتییەی لەخۆدا بەدی نەدەکرد، کچەکەی لە دەرەوە بینی، دواییش بە ڕێکەوت لە نزیکی تێپەڕی، هەر ئەم بینینە بەس بوو کە وەکو ماسی بکەوێتە تۆڕێکی بێ سەروبن و گیرۆدەی ئاوات و خەیاڵی بێ سەرو شوێن بێت، بەڵام ئەمانە شەوانی ماندوویەتی و بێ کەسی بۆ دەڕازاندەوە و دەیتوانی ئاسانتر بەرگەی پرخە پرخی حەمە، کە تا بەیانی نەدەبڕایەوە، بگرێت، چەند جارێکی تر کچەکەی بینییەوە، بەڵام نەیتوانی لێی نزیک ببێتەوە، ڕۆژێکیش دوور بە دوور بەدوایدا ڕۆیشت، تا ماڵەکەشیانی دۆزییەوە، ئەوسا کە کارەکان لە خۆیاندا کەوتنە ڕێ، بۆی دەرکەوت بەیانیان چ کاتژمێرێک لە ماڵەوە دەردەچێت، دەچێتە کامە قوتابخانە، کچە برادەرەکانیشی لە دوورەوە بینیبوویان، تەنانەت خوشکە بچووکەکەشی جێگەیەکی لەناو ئەو تابلۆ ناسراوەی خەیالاتیدا داگیرکرد. کە وێنەی ئەو کچە نەناسراوەی لەخۆ دەگرت، ئەو لە سەنتەر بوو بە هەموو جوانییەکانی وەکو ئیلاهییەک، ئەوانی تریش وەکو فریشتەکان بە دەوریدا دەخولانەوە، بە باڵە ناسکەکانیان باوەشێنی ڕوومەتە سوور و سپییەکەیان دەکرد، دەبوونە سێبوانەی چاوە ڕەشەکانی، لەژێر پەرچەمی دەفڕین و بەلای لێوە ئاڵەکانیدا سەراوژێر دەبوون، تا دەگەیشتنە سەر چەناگەی خڕ و گەردنی سافی کە لەژێر نیگایەکانی پڕ لە تامەزرۆی ئەودا شەوقی دەدایەوە، تابلۆیەکی وای لەناو پەرتووکێکدا بینیبوو، بەڵام ئەمە جیاواز بوو، بەرانبەر ئەم تابلۆیە جیاوازە وەکو پەرستکارێکی ڕاستەقینە هەمیشە لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت، سەختییەکانی لەبیر خۆی دەبردەوە.

دوو ساڵی ڕەبەق کاری ئەوە بوو، دووراودوور دوای کەوێت، لە ماڵ بۆ قوتابخانە، لە قوتابخانە بۆ ماڵ، ڕۆژەکانی ئەینی خۆش نەدەویست، قوتابخانەکان داخرابوون، شانس هیچ بەڵێندەر نەبوو، کە دوای چەند کاتژمێر بەدەوری ماڵیاندا خولانەوە چاوی پێ بکەوێت، ئەوە یەکەمین خۆشەویستی ئەو بوو، ئیشەکەی خۆی دەکرد، بەهیچ جۆرێک خۆی لە ئیشەکەی نەدەدزییەوە، بەیانی زوو و نیوەڕۆیەکان بە پەلە چەند پارووێکی دەخوارد، یان کەمێک پەنیر و چەند قاش تەماتەی دەخستە ناو بابۆڵە نانێک و هەر بەڕێوە نیو جواو دەیدایە خوارەوە، بەم چەشنە هەمیشە لە ڕاکە ڕاکدابوو، هەموو کاتێکیش هەر لە دوورەوە سەیری دەکرد، بە تایبەت وەسواس بوو، کە زیادە نزیک نەکەوێتەوە، نەیدەویست ئەو بەم سەروبەرە ببینێ، بەڵام ئەو لەم ڕاستییە خەبەردار نەبوو، کەس ناتوانێ خۆشەویستی بشارێتەوە، نەیدەزانی ئەمە یاسایە، تا سنوورێک دەتوانی بڕۆی، هەڵبەت دوایی دەگەیتە هێڵی سوور، یەکەم جار لە کاتی خواردنەوەدا دڵی خۆی بۆ حەمە ئاواڵە کرد، دەردی دڵی داڕشت، دەرد وەکو ئاگر کە لە دارستانێکی وشک بەربێت تەشەنەی کرد، هەر ڕۆژ زیاتر لە ڕۆژی پێشوو، دوایی نەوە پێی زانی لە پڕێکدا هەستی کرد هەموو مەیدان بەمەیان زانیوە، وێ دەچوو خۆشەویستییەکەی

لەگەڵ میوە و سەوزە و فەردە پیاز و پەتاتەکاندا، کە دوکانداران هەموو بەیانییەک بە عارەبانە و ئۆتۆمبیلی شڕ بۆ دوکانەکانیان دەگوازتەوە، بۆ ناو شەقام و کۆڵانەکانی شار دەگوێزرێتەوە، هەرچەندە تێدەکۆشی کارەکانی بە نهێنی تر بکات، هەستی دەکرد کە نهێنییەکانی زیاتر دەردەکەون، پێی وابوو کە هەموو ڕۆژێک خۆشەویستییەکەی وەکو خۆر بە ئاسمانەوە هەڵدەواسرێت و هەموو کەس دەیبینێت. بە فەرهاد و مەجنوون بانگ دەکرا، نەک تەنیا ئەمەی لە دۆست و کرێکارانی مەیدان دەبیست، بەلایەوە وابوو کە خەڵکی تریش بێ ئەوەی وشەیەک بە فیرۆ بدەن، نیگاکانیان هاوار دەکەن، «ئەمە ئەو حەماڵەیە کە خەون بە خۆشەویستییەوە دەبینێ» چەند جار بەخۆی وتبوو، ئەم خەڵکە هەر ئەوەندەیە تا شتێک بکەوێتە سەر زاریان، کە کەوتییە سەر زاریان، وەکو بنێشت دەتجوون، لەژێر ددانێک هەڵت دەدەنە ژێر ئەوی تر، تا تەواو تاموچێژت لێ وەردەگرن، تا کاتێک کە وەڕس دەبن، کە وەڕسیش بوون، فت، فڕێت دەدەنە دەرەوە، سەر شەقام، ناو کۆڵانێک، ناو جۆگەیەکی بۆگەنی پیسی قەراخ شەقامەکان، دواییش تف و بەڵغەمێکیش لە پاش سەرت فڕێ دەدەن، ئا خەڵک بەم جۆرەن، بە تایبەت کە بێ کەس و ئاوارە بیت، هیچ پەرژین و دیوارێک نەبێت بتگرێتە خۆی، حەشارگەیەک نەبێت کە جار بە جار پەنای بۆ ببەیت و خۆت مات کەیت تا هێور دەبیتەوە.

دوو ساڵ ئەم دڵەڕاوکێیەی ڕاکێشا و لەگەڵدا ژیا، تا مانگێک لەمەوپێش، ئینجا هەموو شت ئاڵۆز بوو، ئاڵۆزتر لە خودی خۆشەویستی،جاروبار بیری دەکردەوە وەکو مێش کەوتۆتە ناو تەون و تۆڕی جاڵجاڵۆکەی چارەنووس، خۆی دەیزانی تووشی بەڵای خۆی هاتووە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە دەیان جار کەوتبووە ڕاو پرس لە تەنیاییدا، بۆ بەگوێی باوکی خۆی نەکردووە کە چەند جار هەواڵی بۆ ناردبوو، داوای لێ کردبوو بگەڕێتەوە ماڵ، پێشتر ئەمەی بە خەیاڵدا نەدەهات، ئیتر نەیدەتوانی سەیری ناو چاوەکانی باوکی بکات، ئەو چاوانەی بۆ یەکەم جار لێواری تیژ و بێ بەزەیی گومانێکی گەورەی تێدا بەدی کردبوو، ئەو ڕۆژەی زرداکی ڕۆیشت، ئەو چووبووە ناوبژی و پەلاماری دەستی باوکی دابوو، ئەو بۆ چەند سات کە تەمەنێک لەبیر ناچنەوە چاوی تێبڕی، هەروەها کە دار بە دەست بەرانبەری ڕاوەستا بوو، بۆ یەکەم جار شتێکی زۆر سەیری لە چاوەکانی بەدیکرد، سەرسام بوو، ئەو گومانە کە ئەو بە مەبەست هاتووەتە پێشەوە و لەگەڵ زرداکی... ئەو گومانە زۆر گەورە بوو ئەویش بەرگەی نەگرت و ڕۆژی دوایی بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکاتەوە و جانتا بچووکەکەی گرتبووە دەست و هاتبووە ئێرە، دوای چەند مانگ بە ڕێگەی خزمێکی دوور نامەیەکی بۆیان ناردبوو، لەگەڵ هەموو ئەو پارانەی کە تا ئەو کاتە دەستی کەوتبوو، بەڵام لە قووڵایی دڵی بەم ڕاستییەی دەزانی کە ئیتر ناگەڕێتەوە لایان، نە ئێستا و نە هیچ کاتێکی تر، ئەوەی جارێک شوێنێکی بەهۆی ئازارێکی گەورەوە بەجێ هێشت بە دەگمەن ڕووی تێ دەکاتەوە، بە تایبەت لە تافی لاوێنیدا. ژیان زۆر زوو لەم ڕاستییەی گەیاندبوو کە مرۆڤ دەتوانێت تارادەیەکی دیاریکراو بەرگەی ئێشوئازار بگرێت، کە ئێشوئازار ئەو ڕادەیەی بڕی، مرۆڤ تێکدەشکێت.

ئۆتۆمبیلێک دایە ناو ئەو ئاوەی کە لە ئەنجامی گیرانی جۆگە بەهۆی چەند تەختەدار و توێکڵە شووتی و تۆپێکی لاستیکی دڕاو بەسەر شەقامدا بڵاوببووەوە، پەشکە ئاوەکان بەر تەنیشتی خانوویەک کەوتن و بوون بە لەکەی ڕەش، پانایی شەقامی بڕی، چایخانەدار لەسەر تەختە دارینەکەی لای ڕاست خەریکی شکاندنی کەللەقەند بوو، ئەویش لەسەر تەختەی بەرانبەری دانیشت، لەناکاودا هەستی بە ماندوویەتی کردبوو، کە دانیشتیش لە ماندوویەتی کەم نەبووە، شاگرد چایچی چایەکی دانایە بەر دەستی، یەکەم فڕ بەلایەوە زۆر تاڵ بوو، حەبێکی تری خستە ناو دەمی، بەڵام چای لەناو دەمیدا هەر تاڵ بوو. بەخۆی وت: «خراپ نەبوو یەک دوو پێکم هەڵدابا» دوای چەند سات لەم ئەندێشەیە پەشیمان بووەوە، دەیزانی ئارەق بۆ کابرایەکی لەبارودۆخی ئەو باش نییە، زیاتر ئاڵۆزی دەکات، زۆرتر تیکی دەشکێنێت، تەون و تۆڕی خەیاڵە ناخۆشەکان زیاتر لێی دەئاڵێن.

بە جارێک بێزاری هێرشی هێنا، وێنەی بورکانێک لە دەروونی هەڵقوڵا و بڵاوبووەوە، ڕژایە ناو کەلێنی هەموو هزر و خەیاڵەکانی، لەگەڵ گەرمای دەرەوە تێکەڵ بوو، گەڕایەوە ناو دەروونی لەوێ پەنما و ئەستوور بوو، فێر ببوو لە کاتە سەختەکانی ژیاندا دڵی خۆی بداتەوە، وەکو هەمیشە لە تەنیاییدا، زۆرجار بە درێژایی ژیان بیری لەوە

کردبووەوە کە چارەنووس لەوانەیە میهرەبان نەبێت، بەڵام بەخۆڕاییش لە مرۆڤ ناکەوێتە هەنجەت بە مەبەستێکی دیاری کراو، بە ئانقەست خۆی لە مرۆڤ گێف ناکاتەوە، کـاتە سـەخـتـەکـان لەوانەیە درێژخـایەن بن، بـەڵام هەر کـۆتاییـان پێ دێت، هەروەها کە کـاتەکـانی بەختـەوەری کـورت تەمـەنن، بەڵام دووبـارە دەبنەوە، لەم ڕۆژانـەدا بەم بیـر و هزرانەوە بە دەیان جـار ڕووبەڕووی نائومـێـدی ببــووەوە، بەڵام نـائومــێــدی هەر جــار پتــەوتر و سـەرسـەخـتـانەتر بەرەو پاشـەوە ڕای مـاڵیـبـوو، هزر و بیــرەکــانی وەک لەشکرێکی هەرەس هێنـاو شکست خواردوو و دەست بەستراو بەرانبەر نائومێدی وەستابوون و تا دوایین سەنگەریان بەدەستەوە دابوو، خۆی ڕووت و قـووت دەهاتە بەرچاو، بەلایەوە ئاشکرا بوو کـە لەدەست چووە و پێی لە تێلە ناوە و دیسان ببووە مەزە و بنێشتی دەمی خـەڵـک، وەکـو لاشـەیەکی بێ هەست و نەست لەو ناوە کەوتبـووە سەر چۆک. بە خۆی گـوت، ئای لە دەست بێ کەسی و نەداری، ئاخ بۆ پارچە ئەرزێک، ئۆف ئەگەر تەنـیـا شـتـێکم هەبوایە، خـۆی وەکـو پینەیەکی نـاڕێک دەهاتە بەرچاو کـــە بە هیـچ شـــوێنی ئەو دنیــــایە نەدەدورایەوە، ئەمـەی لەمـێـژ بوو دەزانی، بەڵام ئێـسـتـا چاکتر لە هەموو کاتێک بۆی دەرکەوتبوو.

لەناو چایخـانە دەنگی دانیـشـتـوان دەهات، سـەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد، دەنگی یەکێک بۆ چەند سات بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بوو: «گـۆڵ گـۆڵ، ئەرەوەڵڵا گـۆڵ» دوایی دەنگی هەموویان تێکەڵ بە یەکتر لە دوو پەنجەرەی کۆن و دەرگـایەکی تەق و لەقـەوە ڕژایە دەرەوە، یەکـەمین جـار ئەویش هەر لە چایخــــانـەیەکی وەکــــو ئەم چاوی بە تەلەڤـزیۆن کـەوتبـوو، هێـشـتـا زۆر منداڵ بوو، وێنەی باڵندەیەکی ترساو، بێ برانەوە هەڵدەستایە سەر پەنجەی پێـیـەکـانی و سـەری بەرز دەکـردەوە، تا لەسـەر شـانی ئەوانەی پێشەوە چاوی بە شـاشەی تەلەڤزیۆن بکەوێت، دواییش چایخــــانەکــــانی تر یەک لـە دوای یـەک تەلەڤزیۆنیان هێنا، بۆ ئەوەی موشتەرییەکانیان لە دەست نەڕوات، جــار بە جــار شـوێنێکی دەست دەکـەوت و دەیتـوانی دابنیـشـێت، بەڵام زۆربەی جاران ناچار بوو بە پێـوە بوەسـتـێت، چونکە لە دەسـتی نەدەهات چایەک بکڕێت، بە تایبـەت ڕۆژانی ئەینی جێ بەر نەدەکـەوت، لەکـاتی بڵاوکـردنەوەی فـیـلمی تەرەزان بەر لەنیـوەڕۆ، هێـوارەش فـیـلمی پیـاوی شـەش ملیـۆن دۆلاری، بەڵام هیچیـان وەکو فیـلمی تەرەزان نەدەبوون، فیلمی مائیک هامێر، جیمز بۆند و ئەوانی تریش، بێجگە لە تۆپی پێ، کە بە پێچەوانەی فیلمی تەرەزان کە لە کاتی تەماشادا هەناسـەیان لەبەر نەدەهات، لە کـاتی فـوتبـۆڵ بینەران خـۆیان بۆ ڕانـەدەگـیـرا، هاتوهاوار، خـۆ هەڵدان، دەست بەرزکردنەوە، پێکەنین و هاندان، جوێن و قسەی ناشیرین و فـیـکە تێکەڵ بەیەکـتـر دەبوون، ئەو ئەمـەی پێ خـۆش نەبوو، ئاوی خـۆش دەویست، هیـوای دەخـواست لەژێر ئاسـمـانی شین لەناو ڕووبار و زێ و دەریاکـان مـەلەوانی بکات، بەڵام ئەمـە ئارەزوویەکی گـەمـژانە بوو، بازێڕی ئەوان ڕووبارێکی پێدا دەهات، بەهارەکان قـوڕاوی بوو، هاوینەکـانیش دەبوو بە قـۆنەرەیەکی بۆگـەنی، لە دەرەوەی بازێڕ تەنیــا ســەگــە گــەڕۆکــەکــان لەدەوروبەری دەژیان، ئاسـمــانیش لەلایەک تۆز گـەمـارۆی دەدا و لـەلایەکـیش دووکەڵی بیرە نەوتەکان.

تەلەڤـزیۆن بـوو بە پردێک لەنێـوان ئەو و هیـوایەکـانی، هیـوایەکان نەهاتنەدی، بەڵام خەونەکانی گۆڕی. هەرگـیـز نەبـوون بە خـاوەن تـەلەڤـزیۆن، ئەمـەش یەکـێک لە داخـە هەرە گـەورەکـانی ژیانی بوو، بۆنی ئەوەش نەدەهات کـە ڕۆژێـک باوکی لە دەســـتی بێت زیاتر لە نـانی سـکی منداڵەکـانی پەیدا بکات، کـە دەرگـا بە خـەونێکی وا بخــاتە ســەر پشت. تەلەڤــزیۆن وەکــو سندووقــێکی سیـحراوی بـوو کە هەمـوو دیمەنە جـوانەکانی سـەر ئەرزی تێدا کۆکرابووەوە، لە دەستماڵە کۆنەکەی داپیرەی دەچوو، کە دەهاتە سەرەدانیان، دەیکردەوە بە خوشک و برایەکانی دەوریان دەدا، پڕ بوو لە کاکڵە گوێز و مێوژ و قەسپ، ئەو دەسـتـمـاڵە هەمـوو تامـەکـانی دەگـرتە خـۆ، تەلەڤزیۆنیش ببووە کاکڵ و ناوەرۆکی خەونەکان.

خۆی زۆر بە گـەمژە دەهاتە بەرچاو، فێڵی لێ کرابوو، هاندرابوو، پاڵیـان پێوەنابوو... زۆر لێی نزیک ببووەوە، دەستی خوشکە بچووکەکەی ڕادەکێشا، نەیزانی لە گرمە گرمی دڵی وەستـان و ئاوڕیان دایەوە، یان بانگی کـردبوو «کچی باش؟» دەستی خوشکی بەردا بزەیەک نیشتە سەر لێوە ئاڵەکانی، چاوەکانی لە ئاسمان دەچوون، بێ سنوور، ئەسـتـێـرەیەکی تێـدا بەدی کـرد، ئەسـتـێـرەی حـەز بوو، ڕێگەی نیـشــان دەدا، ئەسـتـێـرەی ڕێک نیـشــاندەری کەشتییە ون بووەکەی ئەو، بزەی وا جوانی نەبینیبوو، لە

تەلەڤـزیۆنیش، هیچ ئەکتـەرێک ئەو بزەیەی نەبوو، بۆ چەند سات لێـوەکانی لە یەک ترازان، وێنەی غـونچە کە بەرەو بەیانی دەم دەکـاتەوە و گـەش دەبێت، قـورسـایی خۆی لەسەر پێیەک خستە سەر ئەوی تر، خوشکەکەی بێ دەنگ، جار سەیر ئەم و جار سەراو ژوور سەیری ئەویان دەکرد. شەپۆلەکانی خۆشەویستی بەرزدەبوونەوە و ئەو سنگی پانی خۆی لەبەرگرتبوو، لە مەلەوانی دەچوو، وەک مەلەوانی تەرەزان، گرمەی دڵی دەهات، هەموو شتێک خۆی سپی دەنواند، تا چاو بڕی دەکرد، بەدوای شتێکدا دەگـەڕا، بەڵام بۆی نەدەدۆزرایەوە، دەیویست شـتـێـک بڵێت، بەڵام وشەکان وێنەی قاز و قورینگە سپییەکان لە وەرزی کۆچ ملیان لێ نابوو و لەناو ئەو ڕەنگە سپییە بێ سنوورە ون ببـوون، دەنگێک هاتە بەرگـوێ، ئەو دەنگە نائاشنایە هی خـۆی بوو: «تەلەڤـزیۆنتـان هەیە کـچی باش؟» سـەیر بوو، بەڵام ئەم پرسـیـارە لە دەمی ئەو دەرچوو بوو، بڕوای نەدەکـرد تا ئەو کـاتەش نەیدەتوانی بەخۆی بسـەلمێنێ، وشەکـان لە دوور دەسـتـەوە دەهاتن، ئەوسا حەپەسا، بینی چۆن ئەستێرەی حەز لە چاوەکانیدا کوژایەوە، بزەی گـەرمی بـوو بە ئاگـردانێکی سـاردوسڕ، ئەمـە لەچاو تووکـاندنێکدا ڕووی دا و ئەو هەسـتی پێ کـرد، نەیزانی چۆن دوورکـەوتەوە، ڕای کـردبوو، لەپاش سەری تەنیا تیقـەتیقی پێکەنینی خوشکە بچووکەکەی دەهاتە بەر گوێ، دەبوو بە شەپۆل و کەشتی ئارەزووەکانی نقومی خۆی دەکرد.

«گـۆڵ، گـۆڵ» هاوار و فـیکە فـیکی دەسـتـەیەکی لە بینەران تێکەڵ بە هاتوهاوار و جوێنی دەستەیەکی تر، بە جارێک دڵی چایخانەی شەق کرد و ڕژایە ناو دڵی شەو، «لەعنەت لە تەلەڤزیۆن، لەعنەت لەو دوو بەدفـەڕەش کە هانیـان دام، بەدبەختـییـەکانی خۆم کەم بوون، ئەوەشیـان هاتە سـەر، کـەر چۆن لەناو قـوڕدا دەچەقێ، منیش وا لەناو ڕیسـواییـدا چەقیـوم، ئەوەندەیان بەگـوێدا خـوێندم، ئەوەندە پێیـان گوتم ئەوە بکە، ئەوە مەکە، دەبڕۆ قسـەی لەگەڵ بکە، با بە خۆشەویستیت بزانێ، تا چوومە ژێر بار و ئێسـتـاش لەژێریدا پان بوومـەتەوە.. هەمـووی خـەتای خـۆمـە، تەنیـا خـەتای خـۆم، کـە ئەوەنـدە گـوێ لەم و لەو دەگرم».

ڕوبعـێـکی خـسـتـە تەنیـشت ژێر پیـاڵەکـە، لەکـاتی هەڵسـاندا پەنجـەکانی بەر داری تەخت کـەوت، کە وەک کـوارک لە کـونی بەرەی لەسـەر ڕاخـراوی دەرکـەوتبـوو، هەستی کرد، دڵی ئەویش کون بووە و بەهیچ پینە ناکرێ، لە قەراغی شەقامەوە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، گەرما لەگەڵ هەستێکی بێزارکەر هێرشیان هێناوە، خانووەکان خۆیان بەددیمەنتـر دەنواند، مـانگێک بەسـەر ئەم ڕووداوەدا تێ پەڕی بوو، دەیویست بڕیارێک بدات، لەناکـاو لەژێر دیوارێک دانیشت و گریا، وازی لە خۆی هێنا، چەناگەی خـوارەوەی ڕەها کـرد، تۆز و غـوبار لەگـەڵ سـوێرایەتی فرمێسک لە گۆشەی لێـوەکانییـەوە تێکەڵ بوون، دوای چارەکێک دڵی سووک داهات. ئەمە تا ڕادەیەک هێوری کـردەوە، ئاوی لووتی بە دوو پەنجـە گـرت و دەسـتی ڕاوەشاند: «بەم زووانە لێرە دەڕۆم، سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم لە شـوێنێکی تر بەدوای چارەنووسی خـۆمـدا دەگـەڕێم، لە شوێنێکی تر کە هەم ئەوەندە گەرم نەبێت، هەم خەڵکەکەش جۆرێکی تر بن، ئازاری یەکتر نەدەن... بەم زووانە دەڕۆم و عـارەبانەکەشم دەفرۆشم، عـارەبانە تا سۆپەرەکـەم بەنیـوە قـیـمـەت دەدەمـە حـەمـە.. ئەو حـەزی لێیە.. ئەوساکە منیش ئێرە بەجێ دەهێڵم...».

٢٠٠٩/٨/٢٥



# بلا بچە و ڤەنەگەڕە

بەهلوول زەلال
(ئامەد)

د دەما پشتی دەرسان دە، کۆم ب کۆم، مە خوەندن و ڤەگۆتنێن پەرگالێن جڤاکی دکر. پەرگالا کۆلەداریێ کو مە د خەیالان دە ناس دکر، پەرگالا فەودالییێ کو مە هەموویان دگۆت " ئەڤا نها ل گوندێ مە یە" و پەرگالا کاپیتالیزما کو ژیانا باژاڕان کربوو بن دەسهەلاتداریا خوە، یێن نەباش بوون. پەرگالا کۆمالا سەراتایی یێ کو دەستپێکا ژیانا مرۆڤی بوو، پەرگالا سۆسیالیزما کو ل هن دووگەلێن جیهانێ ل سەر کار بوو و ئەم پێ باوەڕ بوون و مە ژ بۆ وی جانێ خوە ددا و هەر وەها ژی پەرگالا ڕزگاریا هەموو مرۆڤان کۆمینزم یێن هەری باش بوون.
گەلۆ دێ ڕۆژەک سۆسیالیزم بهاتا گوندێ مە ژی. گەلۆ دێ خەلەفێ گاڤان ژی مینا حەجی محەمەدێ تۆری، د ناڤ زەڤیێن خوە دە ب هێڤییەکە شێرین کو بێندەرێن وی ژی تژی گەنم، جە و نیسک بن دێ ل ناڤ زەڤیێن خوە ب کێف بگەڕیا. ئەڤ خەیال دمان ژ مە رە، ژ ئاخفتن و ئاژیتاسیۆنێن د شەڤبهورکێن دبستانا لەیلی دە. هەتا کو خەباتا ڕۆژ و شەڤێ تەڤی خەیالێن شیرین دبوون و خەوەکە شیرین ب سەر چاڤێن وەستیایی ڤە دگرت.
کو دبستان دقەدیا و ئەم دهاتن مالێ، ئێدی دۆرا وا یێن کو " ژ دەرڤە " دهاتن بوو. د ئۆدەیێن مەزن یێن کو جڤاتا گوند تێ دە دگەڕیا نۆلا مامۆستایێ پۆلێ، پەرگال، دیرۆک، شەڕ، پەیمان ل پەی هەڤ ڕێز دکرن. نۆلا مامۆستایان بوو، ناڤێ وان " یێن دەرڤە " بوو لێ گەلەک جاران " تەلەبە " ژی ژ وان رە دهاتە گۆتن.
چ ژ ڤەگۆتنێن دبستانێ و چ ژ یێن د جڤاتێن گوند دە، د هشێ مە دە بێهتر سۆسیالیزم دما. مە هەموو کرن و تایبەتمەندیێن ڤێ پەرگالێ و وەلاتێن کو د ڤێ ساعتێ دە سۆسیالستن و هەتا یێن کو دێ د دەمەکە کورت دە ب ڕێیا شۆڕەشەکە تەقەز بن سۆسیالست، یەک ب یەک ژ بەر کربوون. بێشک د سەری دێ سۆسیالیزم دێ بهاتا گوندێ مە. دەولەمەندێن مە هندک، بەلەنگازێن مە زەحف بوون. ما کو نەهاتا گوندێ مە، سۆزیالزم دێ بچوویا کو دەرێ؟ ئەم ب هەموو هێڤیێن خوە، ل بەندا هاتنا سۆزیالزمێ بوون.

ژ چەند کەسێن دەولەمەندێن گوند هندکتر لێ ژ گەلەک کەسێن گوند بێهتر، زەڤیێن مە ژی هەبوون. لێ ب گۆتنا باڤێ من، ئا نها " مخابن " ئەو نە یێ مە بوون. زەڤی د دەستێ مە دە بوون لێ تاپویا زەڤیان ل سەر ناڤێ ئاپێ باڤێ من بوون. و باڤێ من د هەر گاڤێ دە دگۆت، " نەتا، ئەز تاپویا زەڤیان نەئینمە سەر ناڤێ خوە، ئەز نابێژم زەڤیێن من هەنە." و د هەر جارا کو بەرێ ئاخفتنێ دهاتە سەر مەسەلەیێ، " ئەز دزانم بێ چ کافرە. کو دەرفەتا وی تێکەڤیێ ئەو بۆستەک زەڤی ژی نادە مە. پشتی مرنا باڤێ مە، ژ دێڤلا کو ل مە خوەدی دەرکەڤە، دخوەست دیا مە ژ خوە رە ماهر بکە. لێ دیا مە، بسەماخ و بناموس دەرکەت، ڕوو نەدا ڤی دلبەرازی."

گوندێ کو ئاپێ مە ل ڕوونشت ژ گوندێ مە دوور بوو. باڤێ من ترمبێلەک کڕیبوو و هەر ڕۆژ ل پەی دگەڕیا. د هەر جارا کو دچوو جەم، تێرا وی بەرتیل ژێ رە دبرن. هەتا ژێ دهات پێ رە خوەش دکر. ئاپۆ و هەی ئاپۆ، ل بەر دگەڕیا. دگۆت، " ما ئەزێ ترمبێلان بووم، من ئەڤ ترمبیل ژ بۆ ڤی کاری کڕییە. کو نە ب زمانەکی شیرین و ب بەرتیلان ئەز وی قانع بکم، ما ئەو دلێ کەڤری نەرم دبە؟"

د هەر جارێ دە ئاستەنگیەک دەردختە پێشیا باڤێ من. ژ بۆ کو نەیێ ناڤچەیێ و تاپویان نەیینە سەر ناڤێ باڤێ من. ل دەرەو و هنجەتان دگەڕیا. و د شەڤبهێرکێن جڤاتا گوند دە کو وێ شەڤێ " یێن دەرڤە " نەهاتبوونا، مژارا ئاخفتنێ دبوو سەرپێهاتیێن باڤێ من و ئاپێ وی یێ کو نەدخوەست تاپویێن زەڤیێ مە بدە مە. دلێ من ب بابڤێ من دشەوتی. دراڤ ژ گوندیان دەین دکر و ل پەی ئاپێ خوە دگەڕیا. ژ ڤێ یەکێ بێهتر، کێفەراتا کو دکر، کەدا کو ددا، کەدەکا ڤالا بوو ل گۆرا من. شەڤەکێ، دەما کو دیسا سەرپێهاتیێن تاپویان دکر، ب دیتنەکە ژ خوە باوەڕ و ئاژیتۆسیانا من د جڤاتێ دە وەها گۆت، " ئەڤ قاس کەدا باڤێ من دێ د ئاڤێ دە بچە. ئەز ژێ رە دبێژم دەڤ ژ تاپویان بەردە و پەرەیێن خوە د ئاڤێ دە بەرنەدە. چاوا بە، ژ نها و نە پڕ، دێ سۆسیالزم بێ گوندێ مە و هەموو وەلاتێ مە. هنگێ، دێ هەموو زەڤی ل هەر کەسی مینا برایێن ژ دێ و باڤەکی بێتە پارکرن. لێ ئەز چ بکم، ب یا من ناکە." دیسا وەکە هەر جارا کو هێرس دبوو، درانێ خوەسیقڕاندن، سەرێ خوە برە وی ئالی و وی ئالی لێ ژ ترسا "یێن دەرڤە" کو وان ژی هەر تم مزگینیا هاتنا سۆسیالزمێ ددان گوندیان، ڤێ جارێ چێڕی من نەکربوو. و د پەی رە، ب سەد کۆتەکی باڤێ من تاپو ژ ئاپێ خوەستاندبوون. باڤێ من پڕ وەستیابوو لێ د نها بووبوو خوەدیێ زەڤیان و بەختەوەر بوو.


پڕ تێ دە نەچوو، لەشکەران دەست دانی سەر ڕێڤەبەریا وەلێت. یێن دگۆتن سۆسیالزم، ڕێڤەبەری ە پەرگالا هەری باشا دنیایێ یە و یێن کو دێ سۆسیالزم بانیانا گوندێ مە، یەک ب یەک هاتن گرتن. یێن کو دەرفەت دیتن بن خەت بوون، هن ژێ ب وەلاتێن ئەوروپا ڤە دەرکەتن...

سۆسیالزم نەهاتبوو لێ لەشکەر ل هەر دەرێ بوون. جڤاتێن گوند ب مەرەقداری ژ هەر جارێ بێهتر دگەڕیان. د هەر جارا کو مەسەلە ڤەدبوو، باڤێ من دگۆت، " زارۆکێن خەلکێ دچن دبستانێ ئاقل دگرن. ئێ مە چوو دبستانێ، هات گۆت، زەڤیێن خوە تاپو مەکە، ئەز ل بەر تشتەکی ناکەڤم. کو من ب یا کوڕێ خوە بکرا، چەند دۆنم زەڤیێ کو ژ باڤێ من مابوون ژ دەستێ من چووبوون. باشە کو من ب یا وی نەکر." و جڤاتا کو دەما من پەرگالا سۆسیالزمێ ژ وان رە ڕاڤە دکر، دەڤێ وان ڤەکری و ب ڕێزەکە تژە ترس ل من گوهداری دکرن، ب یەک جارێ بەرێ خوە ددان من و دبوو تەقەتەقا کەنێ وان.

سال دانە پەی هەڤ دەم و دەراڤ گوهەڕین. من دەست ب کارێ مامۆستەتیێ کر. بوویەرێن کو ل جیهانێ پێک دهاتن نە ب دلێ مە بوون. ڕوودان و دیمەن، ئەم خەمگین دکرن. شەڤەکێ ئەز و باڤێ خوە، ئەم ل بەر تەلەویزیۆنێ ڕوونشتیبوون. بابێ من ل هێڤیا نووچەیان بوو. من چ قاسی هەول دابوو خوە کو بالا وی ل سەر تەلەویزیۆنێ بکشینمە تشتەکی دن لێ ئەز ب سەر نەکەتبووم. د ئەکرانا تەلەویزیۆنێ دە، لگەل دەنگەکی بلند، ب تیپێن مەزن و سۆر، نڤیسەک دچوو و دهات: " سۆسیالیزم چوو " باڤێ من، دیسا وەکە دەه سال بەرێ، ل نڤێ چاڤێن من نهێری و گۆت، " ئەرێ وەلەه بلا بچە و ڤەنەگەڕە. ما نە کو بهاتە، تاپویێن من ژی دچوون، زەڤیێن من ژی."

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا (کەوێن برچی ) هاتیە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠١١)ێ ل ستەنبۆل چاپ و بەلاڤبوویە. هەژییە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس ل سالا ١٩٦٥ێ ل گوندەکی سەر ب مەدیادێ ژدایکبوویە و یەکەم بەرهەما وی یا کورتە چیرۆکان ب ناڤێ (هەموو دەمسال پاییزن) ل سالا ٢٠٠٧ێ چاپ بووبوو.**

**«ڕامان»**



# نەخۆشەکە(١)

**نووسینی: پیتەر سیبێر(٢)**
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

دوای ئەوەی دکتۆرەکان شارەزای نەخۆشییەکەم بوون، زۆر هێوریان کردمەوە و پێیان گوتم مەسەلەی قاچ بڕینەوەکەم شتێکی ئەوتۆ نییە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هەر باسیشی بکرێت. قاچی دەستکرد هێندە ژان و ئازاری نییە، وەکو ئەو سەردەمانەی قاچ لە دار دروست دەکران. گفتی ئەوەیان پێدام کە لەجاران باشتر ڕێ بکەم و ئەو پەرۆشییەی هەمە بۆ ڕۆیشتن شنگ و تاقەتێکی بەگوڕترم پێ ببەخشێت.
گفتەکەیان ڕاست دەرچوو. هەرکە کەوتمەوە سەر پێ، هەستم کرد لە ژیانمدا وا باش نەبوومە.
بەڵام ئەوەندەی نەبرد نەخۆشییەکەم سەری هەڵدایەوە، بە جۆرێک دکتۆرەکان حاڵەتەکەیان زۆر بە دەگمەن دادەنا. ئەوەبوو ئەم جارەیان قاچەکەی تریشمی گرمەوە و هونەری نەشتەرگەری سەرکەوتووانە ئەویشی بۆ بڕیمەوە. ئیتر دواتر وا دەرکەوت کە من بەو دوو قاچە دەستکردە لە جاران باشتر ڕێم دەکرد.
بەڵام داخەکەم ئەم دەرفەتەم کورت بوو. نەخۆشییەکەم لە قۆڵی ڕاستەم سەری بەدەرکەوت و بە پەلە تەشەنەی کرد، تا گەیشتە دەوروبەری شانم. دکتۆرەکان داوایان لێکردم، کە شتەکە ئەوەندە بە قورسی وەرنەگرم، چونکە دەتوانرێت قۆڵ و بازووی دەستکردی وا بەرهەم بهێنرێت، لە ئاساییەکان باشتر بێت. ئیتر زۆری نەبرد لە جیاتی یەک، دوو قۆڵی دەستکردیان بۆ کردم، کە یەکجار بە کەڵک بوون بۆم.
دکتۆرەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تووشی تەنگژەیەک بوون لە بارەی قۆڵی ڕاستەم. نەخۆشییەکە لە ئانیشکمەوە دەستی پێکرد، بۆیە ئەوان وایان دانابوو جومگەی ئانیشکم ببڕنەوە و هەردوو پارچەی قۆڵ و بازووم بە جومگەیەکی دەستکرد بەیەکەوە ببەستنەوە، بەڵام نەخۆشییەکە وا خێرا تەشەنەی کرد، بە جۆرێک تەنیا شانم و دەستم مابوونەوە، تا بەیەکەوەیان ببەستنەوە، ئیتر ئەوانیش وازیان لەو بیرۆکەیە هێنا.

مرۆڤ، هەندێک جار وای لێدێت نەخۆشخانە بەماڵی خـۆی بزانێت. لە پاش دوایین نەشـتـەرگـەریم، کـە دوو قۆڵی تازەیان بۆ کردم، بۆ ماوەی ساڵێک نەخۆشییەکەم نەما. ئەو ساڵە بە ئارامی لەماڵەوە بووم، خۆم بە وردە شتی ئەوتۆوە خەریک دەکرد، کە ئارەزووم لێ بوو و خۆم پێـیـەوە ڕاهێنابوو. وام لێـهـاتبـوو ئەوەندە بیـری نەخۆشخانەم نەدەکردەوە، تا ئەو کاتەی نەخۆشییەکەم لێم بەدەرکەوتەوە و بەڕێگا نهێنییەکانی خۆی گەیشتە سیی ڕاستەم، کە بە پێی قسەی دکتۆرەکانم چاک نابێتەوە، بەڵام نابێت ئەمە ببێتە مایەی نیگەرانیم، چونکە دەتوانم بەیەک سی بژیم. لە کاتی نەشتەرگەری لابردنی سییە نەخـۆشـەکـەم، پێـیـان گـوتم ئەگـەر ئەوی تریشم بەر نەخۆشییەکە بکەوێت، دەتوانن سییەکی نوێ لە جیاتی دابنێن.

ئیتر بەم جۆرەی لێهات، هیچ هەستم بە ئازار نەدەکرد، چونکە هەمیشە لە ئان و ساتی خۆی حەب و شرینقەی ئازارشکێنیـان دەدامێ، ئەگـەر ئەم دەرمـانانە کـاریان بکردایەتە سەر ئەندامەکانی تری لەشم، ئەوە ئەوانیشیان بە دەرمانی تر چارەسەر دەکرد. سییە تازەکەم زۆر ڕەحەت بوو، هەوا هەڵمژینم لە جاران ئاسانتر بوو، هەستم دەکرد تەواوی سینگم لە جاران سووکترە.

چەند مـانگێکم بەم شـێـوەیە بەسـەربرد، بەر لەوەی نەخۆشییەکەم جارێکی تر بمگەڕێنێتەوە ماڵی دووەمم، لەوێدا دکتۆرەکان جاری یەکەم گورچیلەیەکیان گۆڕیم و دوای ماوەیەک ئەوەی تریشیان گۆڕیم.

ئێستا نەخۆشییەکەم بە تەواوی گوڕی تێکەوتووە، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی نزیکیمەوە لە دکتۆرەکان، هەستی پێ ناکەم. بۆ ماوەی مانگێک هەر خەریک بوون بەنجیـان دەکـردم و دەیاننواندم. لەم مـاوەیەدا بەشێکی ڕیخۆڵەی باریک و ڕیخۆڵەی ئەستووریان بۆ گۆڕیبووم و لە جیـاتی ئەوان سۆندە و لوولەیان بۆ دانابووم، کـە لەم لاو لەو لای کەلەکەم شۆڕببوونەوە.

ئەمـە لە زۆر ڕووەوە بۆ من باش بوو، چونکە کـە واگا هاتم دکـتـۆرەکـان پێـیـان ڕاگـەیاندم کـەوا وەهایی چاکبوومەتەوە وەک ئەوەی نەخۆشی لە لەشمدا نەمابێت، چونکە نەخۆشییەکەم ئیتر هیچ ئەندامێکی تری لەشم ناگـرێتـەوە، بەڵام لەمـەیاندا هەڵە بوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کـە دڵەکـەم ڕووبەڕووی نەخـۆشـیـیـەکـە دەوەستێت و لێناگەڕێت زەفەری پێ ببات، کەچی وا خەریکە دەکەوێتە لەرزە لەرز، تا وردە وردە وای لێهات ناچار بن لەکاری بخەن و منیش هەتا هەتایە بکەومە ژێر ڕەحمەتی ئامێرێک کە پێی دەڵێن دڵی دەستکرد، کە لە جیاتی دڵە وەستاوەکە کارەکان دەکات.

ژیان هێشـتـا ڕووە گەش و جوانەکـانی مـاوە. من زۆر منەتباری هەمـوو ئەو کـەسانەی نەخۆشـخـانەکـەم کـە لە پێشبڕکێی ئەوەدا بوون دڵم خۆش بکەن، ئێستا من بە تەواوی لە دنیای ڕاڕایی و نائارامی دەرهاتووم.

گـرنگـترین بەشی ژیانم بریتـیـیـە لەوەی بە بەردەوامی چاو ببڕمە بنمیچەکە، بەو هەمـوو پارچە پەڕۆیەی لە قۆڵ و باسکم ئاڵاون و بەردەوام دەبێت بۆ سـەر سـەرم بەرزیان ڕاگرم.

بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە، لەوەی ئایا ئەم ژیانە هی منە، یان موڵکی دکتۆرەکانە، ئەگەر هی ئەوانە ئایا من چیـتـر خـۆمم؟ لە ژنەکـەم و منداڵەکـانم و براکـانم و هاوڕێکانم پرسی. هەمـوویان گـوتیـان کـە من هەر ئەو کـەسەی جارانم و تا ئێسـتـاش هەر خۆمم. ئایا تا چەند دەکرێت مرۆڤێک کورت و بچووک بکەیتەوە، بێ ئەوەی بە تەواوی بیکەیتە شتێکی تر؟ ئەو پرسیارە باری منی گران نەکردووە. من ناڕەحەت نیم. گرنگ نییە، ئەگەر من ئێستا چیتر خۆم نەبم، بەڵام لە بیرکردنەوەی ورد و قووڵ بترازێت، من هیچی ترم نییە خۆمی پێوە خەریک بکەم. بیردەکەمەوە، دەڵێم لەوانەیە ئەو هەڵەیە بێت. لەوانەشە بیــرکــردنەوەکــان وەک قــەفــەزێک لە زنجـیــری ژیان دەپچڕێنرێت، بە جۆریک هەر یەک لەو بەشە بچووکانە گرنگییەکی تازەی دەبێت، کە پێشتر نەیانبووە.

من لە دکتۆرەکانیشم پرسی، ئاخۆ ئەوان لەو باوەڕەدان کە ڕوحم دەگەڵ ئەو هەموو گۆزەگۆز و ئەندام گۆڕکێیە(٣) کـەوتبـێت، چونکە من زۆر تووشی ئەم جـۆرە شـتـانە هاتووم. بۆ نموونە کـاتێک خـەریک بوو لووتم لەدەست بدەم، پارچە گۆشتێکیان لە شوێنی ئەو قایم کرد، بەڵام من پێـشـتـر باسی ئەمـەم نەکـردووە، چونکە بەلامـەوە گرنگیـیـەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەوساکە دکتۆرەکان پێیان باش بوو لەگەڵ دکتۆرە دەروونییەکان باسی ئەم مەسەلەیە بکەم. من هەمان پرسیارم دووبارە دەکردەوە، ئاخۆ بە ڕای ئەوان بەشـێـکی زۆری، یان تەواوی ڕوحم لابراوە، یان لەوانەیە ڕوحـێکی تریان پێ دابم. ئەو پرسـیـارە بەلای ئەوانەوە زۆر زەحمەت بوو. جاری یەکەم ویستیان باوەڕم پێ بێنن، کە شتێک نییە پێی بڵێن ڕوح، بەڵام من هەر لەسـەر پرسـیـارەکـەی خـۆم مکوڕ بووم. ئەم جـارە ئەوان تۆزێک نەرمییان نواند و گوتیان، دوور نییە ڕوح لە نێو

ئەندامەکان نەبێت، بەڵکو لە دەورەی ئەو ئەندامانە بێت. من بەم جۆرە تێگەیشتنە زۆر شاد بووم. کەواتە ڕوحی من ساغ و یەکپارچەیە و مادام ڕوحم ساغە، ئیتر لە مەترسی بەدوورم، تەنانەت لە مەترسی پێوەند بە سەریشم، کە ئێستا سەری خۆم نییە، بەڵکو سەری یەکێکی ترە کە لەو جەنگەی دواییدا بەبێ چارەیی مرد. ئەو سەرەیان بەمن بەخشی، چونکە لە لایەک نەخۆشییەکەی من زۆر دەگمەن بوو، لە لایەکی تریشەوە هونەری نەشتەرگەری پێویستی بە سەرکەوتنێک هەبوو. من نازانم ئەم کارە چۆن ئەنجام درا، تەنانەت ئەگەر لەو کاتەدا ناڕازیش بام - هەرچەندە ناڕازیش نەبووم- ئەوە نەمدەتوانی هیچ بکەم. من چەند مانگێک ئاگام لەخۆم نەبوو، کە بە ئاگا هاتم زانیم هەموو شتێک تەواو و لە شوێن خۆیەتی، تا ڕادەیەک وەکو ئەوەی هیچ گۆڕانێک ڕووی نەدابێت.

بەڵام لێرەدا یەک شت هەیە، مرۆڤ بە چ ڕێگایەک هەست دەکات کە مرۆڤێکی تر چۆنە، چۆن شتەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە. من گەیشتوومەتە ئەو لێکدانەوانە. من هونەری نەشتەرگەری بە هونەرێکی زۆر مەزن دادەنێم و هەتا مردن منەتبارم. من ژیان و خۆشیم لە چاوی ئەوەوەیە، بەڵام ئەو ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارەم بداتەوە: ئایا ئەو بیرکردنەوەی من ئێستاش هەر وەکو جاران بیرکردنەوەی خۆمە.. یان بیرکردنەوەی ئەوەی سەرووی خۆمە. یان بۆ نموونە...ئایا من دەتوانم هەموو ئەو شتانەم بەبیر بێتەوە، کە لە کاتی خۆیدا ئەو کەسە بیری لێ کردوونەتەوە. من باوەڕ ناکەم، چونکە بە هەموو هێز و توانایی خۆم هەوڵم دا.

من تەنیا یادگارییەکانی خۆمم بەبیر دێنەوە، تەنیا بیری بیر و بۆچوونەکانی خۆم دەکەمەوە. لەگەڵ ئەوەی هیچ ئەندامیکی لەشم هی خۆم نییە، بەڵام من وا بیریان لێ دەکەمەوە، وەک ئەوەی شتی خۆم و هەرگیز لەدەست نەدراوم بن، بەڵام چۆن ئەم شتە مومکین دەبێت، لە کاتێکدا هیچ یەک لەم ئەندامانە هی خۆم نین؟ تەنیا مەگەر من خۆم ئەندامێکی نەبینراو بم بە دەوری ئەندامەکەوە، یان وەک دەمێکی نەبینراو بم، کە ئەندامە ناساغ و ڕزیوەکانم وەکو ددانی ناساغ لە نێویدا جێگایان گرتووە؟

دکتۆرەکان گوتیان من وەکو گوێزی ساغ وام. بەلای خۆمەوە ئەوان ڕاست دەکەن. من ساغم و ناچەمێمەوە و ئەو بێ هێزییە تەنیا لە بەشێکی بچووکی داوم، تەنانەت ئەو ڕۆژەی لنگیشم ئاوا دەبێت و فڕێ دەدرێمە دەرەوەی ئەم ژیانە، ئەوە من هەر لەوێ ئامادەبوونم هەیە.

کە ژنەکەم دێتە لام هەموو ڕۆژێک پێی دەڵێم: "ها...دەمناسیت".

"بەڵێ دەتناسم" وەڵامم دەداتەوە و دەستێک بەسەر و قژمدا دێنێت.

"منت خۆش دەوێ" بە گوێیدا دەچرپێنم، چونکە حەزم لێیە هەموو ڕۆژێک ئەمە بزانم......

"لە هەموو کاتێک زێتر تۆم خۆش دەوێت" هەموو ڕۆژێک بە نەرمی وەڵام دەداتەوە......

"بەڵام تۆ من نابینیت" تا دەتوانم بە دەنگی بەرز، هاوار دەکەم.

"با، دەتبینم" وەڵام دەداتەوە.

"نا، تۆ بە چاکی من نابینیت" من پێی دەڵێم..." تۆ لەمە ناگەیت...من لەوە گەورەترم، کە تۆ بۆی دەچیت...ئەوەی تۆ دەیبینیت بە هیچ کلۆجێک من نیم"

" با....ئەوە تۆی" دەداتە گریان " ئەوە تۆی.....تۆی"

" دە باشە.. لێگەڕێ با من بم" پێی دەڵێم


هەموو ڕۆژێک.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**(١) ئەم چیرۆکە لە "سەرجەم چیرۆکەکانی" ئەم نووسەرە وەرگیراوە، کە حەوت کۆمەڵە چیرۆکی لە یەک بەرگدا کۆکردووەتەوە و لەساڵی ٢٠٠٧ لە دەزگای بەناوبانگی دانیمارکی "گویلدندال" چاپ و بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکەکە یەکەم جار لە کتێبی "گەڕان و پشکنین و چەند چیرۆکێکی تر" بڵاوبۆتەوە، کە ١٧ چیرۆکی لەخۆ گرتووە و چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٢ لە دەزگای ئەرێنا Arena دەرچووە.**

**(٢) پیتەر سیبێر - Peter Seeberg 22.6.1925 8.1.1999 نووسەرێکی دانیمارکییە. ناوی تەواوی (پیتەر ئاینەر لاووریتز سیبێر)ە.**

**(٣) گۆزەگۆز بە مانای چەند گواستنەوەیەکی یەک بەدوای یەکدا دێت. ئەندام گۆڕکێ واتا گۆڕینی ئەندامەکانی لەش بە ئەندامی تازە Transplantation**



## نامۆ:
## زۆرێک هەن دەتوانن ببنە وێنەکێش، بەڵام ناتوانن ببنە هونەرمەند.. ئەوەی هێڵکاریش بزانێت دەتوانێ کاری پەیکەرسازیش بکات

ئا: خەبات ڕەسوڵی

ژینگەی هونەرمەند کاریگەری بەرچاوی لە داڕشتنی کەسایەتی هونەرمەنددا هەیە، هونەرمەندی دەروەست ناتوانێ گوێچکەی بئاخنێ و زمانی گرێ بدات و چاوی بقووچێنێ و باس لە شتێک بکات کە هەستی ڕاستەقینەی خۆی نییە، تەنانەت ئەگەر هونەرمەند وەک بنەمایەکی مرۆڤانەش سەیری بەختەوەری بکات، دیسان ناتوانێ سەیری کارەسات بکات و باس لە تراژیدیا نەکات.

محەمەد ڕۆستەم زادە (نامۆ) ئەو هونەرمەندەیە کە لەپێناوی مرۆڤ بوونیدا سڵی لە زیندان و ئەشکەنجە و شاربەدەری نەکردووەتەوە. خەڵکی شاری بۆکان، ئێستاش باس لە هەڵوێستە بوێرانەکانی و دەستوپەنجە ڕەنگینەکەی دەکەن، مامۆستا نامۆ خۆی بەناوچەیەکی بەرتەسکی جوگرافیاییەوە نەبەستۆتەوە و سەرەڕای ئەوەی دەرفەتی ڕۆیشتنە هەندەرانی بە سانایی بۆ دەڕەخسا، بەڵام ئەو بەو باوەڕەوە کە بۆکان و هەولێر و دیاربەکر و قامیشلو...تاد بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی نییە و هەموویان بەشێکن لە خاکی پاکی وڵاتەکەی، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەک مامۆستایەک خەریکی خزمەت بە گەنجانی کوردە و بە شاهیدی قوتابییەکانی، لێرەش توانیویەتی دڵپاکی و دەست ڕەنگینی خۆی بسەلمێنێ و ببێتە خۆشەویستی قوتابییەکانی. نامۆ لە باری هونەریشەوە کەسایەتییەکی پێگەیشتووی هەیە و بەردەوام لە هەوڵی خۆ تازەکردنەوە و خۆ پێگەیاندنە، ئەو ئازایانە ڕێگە نوێیەکان تاقی دەکاتەوە و خۆی بە چوارچێوەیەکەوە نەبەستووەتەوە. هیچ شتێکیش لەوە گرینگتر نییە کە هونەرمەند خاوەن ڕوحێکی بەرزەفڕ بێت و بوێرانە دژی دۆگم و نەگۆڕەکانی چوارچێوەی فیکری و هونەری ڕاوەستێت.

ئێمەش وەک گۆڤاری ڕامان ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخساند کە لە تریبۆنی ڕامانەوە باس لە خۆی و دنیا هونەرییەکەی بکات و ئەویش وەک هەموو کات بە دڵێکی ئاواڵەوە هاتە نێو پەیڤینەکەوە.

**رامان:** پێم باشە لە سەرەتاوە باسی منداڵیتمان بۆ بکەیت؟

**نامۆ:** سەردەمی منداڵی هەمووی بیرەوەرییە، من بەرلەوەی دەست بە نووسین بکەم، خەریکی وێنە کێشانەوە بووم، پۆلی یەکەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی ناو قەڵای بۆکاندا خوێند. مامۆستاکەم ئاغای (حەمیدی) بوو، کەسێکی دڵسۆز بوو، وەک بیرەوەرییەک لەو مامۆستا بەڕێزە لەبیرمە لە پشووی نەورۆزیدا من هەر خەریکی وێنەکێشانەوە بووم، ئەرکەکانی نەورۆزم پشتگوێ خستبوو، لە دوایین ڕۆژدا بە خوشکمم گوت کە بۆم بنووسێتەوە، دیارە خەتی خوشکیشم لەگەڵ خەتی من زۆر جیاوازی هەبوو، کە چوومەوە قوتابخانە دەبوایە یەکە بە یەکەمان چووباینە لای مامۆستا و سەیری دەفتەرەکەمانی کردبایە. کە بینی ئەوە لە خەتی من ناچێ، گوتی: محەمەد ئەوە هی خۆتە؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: هی خۆتە؟ گوتم بەڵێ، گوتی بۆ جاری سێیەم لێت دەپرسم هی خۆتە؟ گوتم: بەڵێ گوتی بچۆ لەسەر تەختە ڕەشەکە (بلاک بۆرد) صادێکی ئاوام بۆ بنووسە. منیش نووسیم گوتی جا وەرە پێشێ، یەک زللەی لێدام. گوتی ئەوەم بۆیە لێدای کە جارێکی دیکە درۆ نەکەی. ئەوە یەکەم بیرەوەرییەکانی پۆلی یەکی سەرەتاییمە پاش ئەوە زۆری هان دەدام. پۆلی دووەمیشم لە قوتابخانەی سەعدی خوێند، بە ڕەحمەت بێ ئاغای (کیان) بەڕێوەبەرمان بوو. زۆرجار ڕەسم و شتەکانی منی دەدی، هانی دەدام. پاش ئەوە، سێ و چوار و پێنجیش لە قوتابخانەی (شاپوور) دەرسم خوێند، کە ئێستا پێی دەڵێن قوتابخانەی (ئەدەب) ئەوکات کەوتبووە دەرەوەی شار. لەو جێگەیەی ئێستای فەرمانداری بۆکان کتێبخانەیەک بوو ئاغای (نەقشبەندی) و ئاغای (شێخانی) لەوێ بوون هەردووکیان زۆریان هان دەدام کە کتێب بخوێنمەوە و دەرس بخوێنم، ئەگەر کێبەرکێیەکیش کرابایە دەچووینە ئەوێ. هەر پۆلەی بە جیا من هەستم دەکرد کارەکانی من لە هاوپۆلەکانی خۆم جوانترە، تەنانەت لە پۆلەکانی دیکەشەوە دەهاتن سەیری کارەکانی منیان دەکرد، ئەوەش دڵخۆشی دەکردم. ئەو ساڵە لە کێبەرکێکەدا (ڕەحمانی نەجاری) یەکەم هاتەوە و من دووەم هاتمەوە. ئەوە بۆ من هاندانێکی گەورە بوو. شتێکی دیکە لەو قوناغەدا کە لەبیرم مابێ، چالاکی ڕۆژنامە دیواری قوتابخانە بوو کە تێیدا بەشداریم دەکرد.

**رامان:** پێش تۆ لە بنەماڵەی ئێوەدا کەسێکی دیکە هەیە کە کاری هونەری کردبێت؟

**نامۆ:** ئێمە لە عەشیرەتێکین بەناوی بەگزادە، ئەوە خەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە، ئەگەر بەو حسێبە بێت، (مسباحولدیوانی ئەدەب) خزمی باوکمە، هەروەها خوالێخۆشبوو (سالاری ئالبلاغ)یش کاری هونەری کردووە.

**رامان:** ئەو کەسایەتییانەی ناوت هێنان لە تۆ دوورن، مەبەستم کەسی نزیکی نێو ماڵی خۆتانە، کەسێک کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرت هەبووبێت؟ باوک و برا و خوشک و دایک و...تاد؟

**نامۆ:** خوشکە گەورەکەم کاری پۆرترێتی دەکرد، بەڵام گەورەترین هاندەرم باوکم بوو. ئەوکات ئێران دەستی کردبوو بە ڕەوتێکی بە مۆدێرنیزاسیۆن کردنی کۆمەڵگا، کۆمەڵێک خولی تایبەتیان دەکردەوە، وەک مۆسیقا و شێوەکاری و ئەوانە، ئەو خولانەش کاریگەری زۆریان لەسەرم هەبوو.

**زۆر هۆکار هەبوون کە هانمان بدەن ئێمە کارەکانمان لە هونەرێکی وەسفییەوە بگوازینەوە بۆ هونەرێکی دەربڕین خوازانە**

**رامان:** بە داوای لێبووردنەوە جەنابت چ ساڵێک لەدایک بووی؟

**نامۆ:** ساڵی ١٩٦٤ لە شاری بۆکان لە دایک بووم. بە ئەسڵ خەڵکی ئەحمەد ئاواین کە نزیک تیکان تەپەیە. مامێکم هەبوو حەزی لە ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو، بە تایبەت گۆڤارە تەنز و کاریکاتێرەکان، یەکێک لەوانە ناوی تۆفیق بوو، یەکێکی دیکەیان، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی (بالووڵ) بوو، هەموو جارێک کە دەچوومە خزمەتی دەیگوت محەمەد گیان بچۆ یەکێک لەو گۆڤارانە هەڵگرە بۆ خۆت. ئەمنیش زۆرتر حەزم لە گۆڤار و ڕۆژنامە گاڵتە و گەپەکان بوو، دەچووم وێنەم لە ڕوویانەوە دەکێشایەوە. لە قوتابخانەش کە کارم دەکرد زۆرتر حەزم دەکرد کاریکاتێر بکێشمەوە، کاریکاتێری (هۆوەیدا) و ئەوانەم دەکێشاوە.

لەو خولانەی کە پێشتر باسم کردن ئاغایەک بەناوی (بەرقی) هەبوو کە تورک زمان بوو، دەرسی مۆسیقای

دەگووتەوە، دەرسی وێنەکیشان و ڕەسمیشی دەگوتەوە، پاشان ئاغای (بەرقی) ڕۆیشت. ئاغایەکی مەهابادی هات بەناوی ئاغای (موشفیق)، ئەویش دەرسی پێ دەگوتینەوە، ئەو بەخۆی شارەزا نەبوو، بەڵام ئەوەی دەیزانی دریغی نەدەکرد. هانی دەداین. ئەوکات زیاتر لە ڕووی (مینیاتۆر)ەوە کارمان دەکرد، من پێم خۆش نەبوو. مینیاتۆر بڕێک چوارچێوەیەکی ئیستانداردە. هەر ئەو داخراوبوونەی مینیاتۆر بووە هۆی ئەوەی زۆر خۆشیم لە مینیاتۆر نەیەت و ئاغای (موشفیق)یش زۆر خۆشی لە من نەیەت. زۆرتر لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە خەریک دەبوو، منیش کە زانیم زۆر بایەخ بە من نادات لە ماڵێ بەخۆم چوارچێوەیەکم دروست کرد و بە قوماش دەوریم گرت. باوکم دەیفەرموو، ڕۆڵە ئەوە هەروا نابێ، دەبێ شتێکی لێ بکەی چۆن هەروا دەبێ، منیش نەمدەزانی و گوێشم بە قسەکەی باوکم نەدەدا، ئیتر لە ڕووی تابلۆیەک کە کڵێسەی (سیستیەن) بوو لە ڕوویم کێشاوە، بەخۆم تێگەیشتم کە ئاوا نابێ، دەبێ لە پێشدا شتێکی لێ دەم بۆ ئەوەی قوماشەکە ڕەنگەکە هەڵنەمژێ، ئیتر ڕەنگم دێنا و لەپێشدا ڕەنگم لێ دەدا و دوایی لەسەری ئیشم دەکرد. کە ئەو کارەم کرد بە تایبەت تابلۆیەکی حەزرەتی مەسیح بوو کە تەواوم کرد بردم لە پۆل دامنا، کۆتایی ساڵی خوێندن بوو، خۆشم گێل کردبوو چووم لەولاوە دانیشتم، ئاغای موشفیق هەر هات و گوتی: بەه بەه ڕەسووڵ گیان دەستت خۆش بێت، ئافەرین ئەوە کەنگێ کارت لەسەر کردووە. جا چۆن بە منت نەگوتبوو کە خەریکی کارکردنی. ڕەسووڵ گوتی: وەڵڵا ئاغای (موشفیق) ئەوە هی من نییە هی ڕۆستەم زادەیە. ئەوجار ڕووی کردە من و گوتی: تۆ ئاوا کار دەکەی؟ ئەی بۆ نەمزانیبوو ئاوا کار دەکەی؟ منیش گوتم: تۆ قەت من نابینی. وەڵڵا ئیتر هەم ئەو کارەم و هەم ئەوەی کڵێسەی (سیستیەن)ەکەیان تا بەینێک لە ژووری مامۆستاکان هەڵواسیبوو.

**ڕامان:** ئەوکات لە بۆکان کێ بە جددی خەریکی هونەری شێوەکاری بوو و پێوەندیت لەگەڵی هەبووبێت؟

**نامۆ:** کەسی وا نەبوو لە دەوروبەری من، دنیای من دنیایەکی چووکە بوو، من نەمدەتوانی هەستم بچم بۆ سەقز بچمە خزمەتی فەیزوڵڵاخان و خوالێخۆشبوو (ئیفتخار)یش کە نەمابوو بچمە لای. ئاغای



(شێرزاد)یش ئەو دەم لە بۆکان نەبوو ماڵیان لە تەورێز بوو، دەتوانم بڵێم کوڕێک بە ناوی (ڕەئووفی نادری) هەبوو کە کاری دەکرد ئەویش کەنگێ من لەگەڵی ئاشنابووم، سێی ناوەندی بووم کە قوتابخانەم گواستەوە من لە قوتابخانە نوێیەکەمدا لەگەڵ ئەو کوڕە ئاشنابووم. ئەوکاتیش سەردەمی ڕووخانی حکوومەتی پادشایەتی بوو لە ئێران، لەژێر کاریگەری دۆخی ڕاپەڕینی خەڵکدا، منیش هاتم پۆرترێتی (محەمەدی موسەدیق)م کێشاوە و لە قوتابخانە لە شووشەی پەنجەرەکەمان دابوو، ئەمن چونکە وردیلە بووم، زۆریان باوەڕیان نەدەکرد ئەوە ئیشی من بێت. برا گەورەکەشم لەوێ مامۆستا بوو لەژێر تابلۆکە نووسیبووم (محەمەد ڕۆستەم زادە) من ناوم (محەمەد)ە بە ئەو ناوی (محەمەد ئەمین)ە، ئیتر هەموو بەویان دەگوت، ئاغای ڕۆستەم زادە ئەوە کەنگێ ئەو تابلۆیەت کێشاوەتەوە، ئەویش هەر دەیگوت بابە وەڵڵا ئەوە کاری من نییە، کاری ئەو برایەمە، کە سەیری منیان دەکرد، باوەڕیان نەدەکرد، دەیانگوت: کوڕە وەڵڵا تۆ کێشاوتەوە. کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کرا من پۆلی یەکی نەزەری بووم کە دەکاتە (پۆلی چواری ئامادەیی،

بەحسێبی باشووری کوردستان) هەستی کوردایەتی لەنێو خەڵکدا بووژابۆوە و حزبەکان چالاکییان هەبوو و ڕژێم ڕووخابوو و ئازادی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. ئیتر هەر ئەوە بوو منیش چوومە نێو (پیشگام)ـەوە، پیشگام لقی لاوانی چریکهای فدایی بوو.

لەوێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای چەپ ئاشنابووم. ئەو جێگایەی ئێستا فەرمانگەی جگەری (دۆخانیات)ی بۆکانە، بینای ئێمە بوو لەوێ چالاکیمان دەکرد. لەبیرم دێ لە هەشتی بەیانییەوە دادەنیشتین تا هەشتی شەوێ کارمان دەکرد. من ئەوکات وێنەی شەهیدانی (چریکهای فدایی)م دەکێشاوە دیارە تەنیا هەر ئەوان نا، هەروەها وێنەی زۆر کەسایەتی نەتەوەییم دەکێشایەوە هەر ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەش بووە هۆکار کە من و هاوڕێیەکەم بەناوی (حەسەنی قودرەتی) دژایەتی لەگەڵ ئەو دۆخە بیرۆکراسییە بکەین کە بەسەرماندا زاڵ بوو، جیاوازییەکانیش بەرچاوبوون، فارسەکان لەسەرەوە بوون، دوای ئەوان تورکەکان و پاشان کوردەکان پلەیان هەبوو، زۆر سەیر بوو، سروودی تورکیمان دەخوێندەوە، چەندین جار نارەزایەتیم دەربڕی، دەمگوت ئێمە هەموو کوردین، بۆ دەبێ سروودی تورکی بڵێین. دەیانگوت تۆ هێشتا ماوتە، دەبێ لە سەرت کار بکەیت، تۆ دەبێ وەک ئەنترناسیۆنال بیر بکەیەوە.

**هونەر جیهانی پڕ ئازار و ئەشکەنجەمان بۆ وا لێدەکات تێیدا بژین**

**ڕامان:** تۆ چۆن لەگەڵ ئەو حیزبە ئاشنا بووی؟ پێش تۆ کەسێک لە بنەماڵەی ئێوە ئەندامیان بووە؟

**نامۆ:** لە بنەماڵەی ئێمەدا کەس ئەندامیان نەبووە، بە پێچەوانەوە ئەوان زۆریان لایەنگری ئایین بوون، بەڵام کاریان بەوە نەبوو بۆ نموونە بڵێن تۆ بۆ بووی بە ئەندامی ئەو حیزبە. ئەو سەردەمیش دنیا وابوو چەپ بوون بە مانای شۆڕشگێڕ بوون بوو، تەنانەت زۆرجار ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش خۆیان وەک چەپ دەردەخست. نازانم ئەو شتەت بیستووە، یان نا دەیانگوت ئێمە ئیسلامی چەپگەراین، چونکە چەپ بوون بە مانای شۆڕشگێڕ بوون و دژی ئیمپریالیزم بوون بوو. دیارە سەرەڕای ئەوەش ڕاگەیاندنی چەپەکان کاریگەری لەسەرم دانابوو. ئەو کتێبانەی ئەو سەردەم کە بڵاوبوونەوە، هەموو وێنەی ڕیالیزمی کرێکاری پێوە بوو، ئەو پۆستەرانەی ئەوکات کە بڵاودەبوونەوە، بۆ نموونە منداڵێک بە جلی شڕەوە لەبەر دەرکە ڕاوەستاوە و منداڵەکانی دیکە لەناو پۆلدا دەرس دەخوێنن، ئەوانە هەموو کاریگەرییان هەبوو، منیش کە ڕوحییەتێکی هونەری و حەزێکی هونەریم هەبوو زۆر زوو سەرنجم بۆ لای ئەو وێنانە ڕاکێشرا.

**ڕامان:** لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کۆمەڵێک کتێبی قاچاغ هاتنە ناو بازاڕەوە، تۆ چ کتێب گەلێکت خوێندەوە و کاریگەرییان لەسەرت چی بوو؟

**نامۆ:** کتێبەکانیش هەر زۆرتر کتێبە چەپییەکان بوون، دیارە کتێبەکان لە باری ماناوە قورس بوون و منیش تەمەنێکی وام نەبوو، بەڵام وەک سەرەتایەک بۆ ئاشنا بوون بەو چەمکانە، زۆرجار کتێبەکانم دەهێناوە ماڵێ و بۆ باوکم دەخوێندەوە، من کە تابلۆی لینینم دەکێشاوە باوکم یارمەتی دەدام، دەیگوت ئێرەی دەمەچاوی لەو ناچێ، ئێرەی چاک بکە و لەو بابەتانە. وێنەی مارکسم هێندە کێشابۆوە بە لەبەرکردن دەمکێشایەوە. ئەوانە هەموو کاریگەری ئیستێتیکاییان لەسەرم هەبووە، هەرچەند نایشارمەوە، بەڕاستی بە خۆشم چێژم لێ وەردەگرتن. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە کتێبی (کاپیتاڵم) خوێندەوە، جا چەندە لێی حاڵی بووم بە جێی خۆی، لەوانەیە ئێستا بیخوێنمەوە جۆرێکی دیکە بیخوێنمەوە. ئیتر من لەو حیزبە جیابوومەوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی ئەو دۆخە ئازادە کۆتایی پێ بێ جیابوویەوە، یان دوای کۆتایی هاتنی ئەو قوناغە لەو حیزبە جیا بوویەوە؟

**نامۆ:** من بەگشتی ساڵێک (پیشگام) بووم. لەو ساڵەدا زۆر چالاکیم نواند، پێم وابێ زیاتر لە سی چل پۆرترێتم کێشاوە. لە قوتابخانەیەک بەناوی (کورشی کبیر) پێشانگایەکم دانا.

**ڕامان:** دەکرێ بڵێین یەکەم پێشانگات بووە؟

**نامۆ:** نا من پێشتریش پێشانگام دانابوو، لەسەردەمی منداڵیمدا، بەڵام وەک پێشانگایەکی جددی کە بە ڕوحییەتێکی شۆڕشگێڕییەوە دامنابێ پێشانگای ئەو پۆرترێتانە بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو؟

**نامۆ:** پێم وابێ ساڵی ١٣٥٨ کە دەکاتە (١٩٧٩ز)

بوو. لە هۆڵی قوتابخانەی کورشی کەبیر بەڕێوەم برد، ئێمە هەر لەو هۆڵەدا لەگەڵ کاک (برایمی فەرشی) و ئەوان کاری شانۆییمان دەکرد. لەگەڵ شەهید سەید ئەسعەدی حسێنی کە لە کۆمەڵەدا بوو کاری شانۆییمان بەڕێوە دەبرد، کاک برایم کاری لەگەڵ دەکردین، دیارە من لەبیرم چوو، ئەوەش بڵێم من لەسەردەمی شادا لە پارێزگای خۆماندا لە کێبەرکێی شێوەکاریدا پلەی یەکەمم هێناوە.

خەڵاتەکەشم ئەوەبوو کە بردیانم بۆ ئوردووی (ڕامسەر) لەوێ لەگەڵ زۆر هونەرمەندی وێنەکێش و وێنەگر و پەیکەرتاش ناسیاوەتیم پەیدا کرد. بۆ وێنە لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگی سینەمای ئێران جەمشیدی مەشایەخی لەوێ ئاشنابووم و بینیم. لەو ئوردووگایەدا هونەرم بە جۆرێکی دیکە بینییەوە. لەوێ خەڵکێکم ناسی کە هەموو تەمەن خەریکی ئیشوکاری هونەری بوون، ئەو شتە لەلای ئێمە نەبوو، یەکەم جار بوو دەمبینی. ئوردووی ڕامسەر ئەو ئاگرەی کە لە دەروونمدا هەبوو، بڵێسەدارتری کرد.

**ڕامان:** کە چوویە قوناغی ئامادەیی چ بەشێکت هەڵبژارد؟

**نامۆ:** زانستە مرۆییەکان (بەشی ئەدەبی)م هەڵبژارد. دیارە بە پێشنیاری کاکم ئەوەم هەڵبژارد.

**ڕامان:** چ بیرەوەرییەکی تایبەتت لە قۆناغی ئامادەییدا هەیە؟

**نامۆ:** گۆڕانی بارودۆخی ئێران لەو قۆناغەی تەمەنمدا بوو. من ئەو قۆناغە وەک تاپۆی ئێوارە دەبینم کە هیچیان نییە نە شەوە، نە ڕۆژە، دۆخێکی تایبەت بوو. ئازادییەکی سەیر و تاقی نەکراوە بۆ خەڵک هاتبووە پێشێ. هەرچەند خۆی لەخۆیدا دۆخێکی (ئەنارشیستی) بێ سەروبەر بوو، بەڵام دۆخێک بوو هانی دەدای بچی کتێب بخوێنیتەوە، هەستت دەکرد لەنێو ئەو هەموو گەنگەشەیەی ڕۆژدا تۆ نەخوێندەواری، دەبێ فریای خۆت بکەوی.

**ڕامان:** لە قوتابخانە وانەی شێوەکاریتان هەبوو؟

**نامۆ:** نەخێر بەداخەوە نەمانبوو. زۆرتر ئەدەبیات و فەلسەفە و مێژوو و ئەو شتانەمان دەخوێند.

**ڕامان:** هاوبیرەکانی ئەوکاتت کێ بوون، کەسانێک کە حەزیان لە هونەری شێوەکاری بێ، وەک گرووپ کارتان



کردبێ، یان لە یەکتر نزیک بووبێتنەوە؟

**نامۆ:** بەداخەوە کەسم وەبیرنایە. زۆرتر لەو قۆناغەدا خەریکی کتێب خوێندنەوە بووم، هەرچی وەبەردەستم هاتبایە دەمخوێندەوە، تینووی فێربوون بووم. بارودۆخەکە وای دەخواست.

**ڕامان:** ئەو بارودۆخە ئازادە چەندەی خایاند؟

**نامۆ:** دوو سێ ساڵێکی خایاند. دواتر شارەکان گیرانەوە. فڕۆکە هاتن کاغەزیان بەرداوە و ڕایان گەیاند کە ئیتر تەواو بوو، ئێوە کەوتوونەتە بەر حوکمی ئێمە و وردە وردە شارەکان هەموو ڕادەستی حکوومەت بوونەوە، بەداخەوە لە کۆتاییدا حکوومەت سەرکەوت و پێشمەرگە هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشەیان کرد. من و خوشکم چووینە تەوریز لە ماڵی خوشکم نیشتەجێ بووین کە لەوێ دەژیا، لەوێش ڕۆژانی دووی ڕێبەندان و ئەوانە کە دەبوو حەوتوویەک پێشتر بەخۆم دادەنیشتم کارتم دروست دەکرد، وێنەی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانیم دەکێشایەوە، ئەوکات کۆمپیووتەر نەبوو، جاری وابوو دادەنیشتم پەنجا دانەم بەدەست دەکێشایەوە و دواتر بڵاوم دەکردەوە. لە قوتابخانەدا زۆربەی قوتابییەکان لەگەڵ کێشەی کورد ئاشنا نەبوون، هەوڵم دەدا بۆیان شی بکەمەوە و تێیان بگەیەنم، تەنانەت کوڕێکیان لەلای من دانابوو سیخوڕی لەسەر من بکات، هێندەم کار لەسەر کردبوو بە جۆرێک حەزی لەو باسانە دەکرد.

لەبیرمە لە نزیک ماڵی ئێمە لە تەوریز ئەندامانی چەند بنەماڵەیان لە ماڵی خۆیان دەهێنانە دەرێ و دەیانگرتن، زۆربەی ئەوانەی کە دەگیران لە سێدارە دەدران. تەوریزیش دۆخێکی ناخۆشی هەبوو، بەڵام ئێمەی

کوردەکان چمان لە دەست بهاتبایە دەمانکرد.

**رامان:** تەوریز بۆ تۆ شارێکی تەواو غەریب بوو، لەوێ چۆن خۆت بینییەوە؟

**نامۆ:** من لەوێ ئەو هەستەم نەبوو، خەڵک ئێمەیان خۆش دەویست.

**رامان:** چەندە لە تەوریز مایتەوە؟

**نامۆ:** ساڵێک لەوێ مامەوە. دیارە بە تەمابووم زووتر بگەڕێمەوە، جارێکیان دەمویست بگەڕێمەوە، ڕێک لەنێو دارەکانی سەوڵی تەپە، پێشمەرگەی لێ بوو، حکوومەت ڕێگای گرتبوو، نەیاندەهێشت خەڵک بڕوا، من کە ویستم بڕۆم دەیانگوت کوڕە دەتکوژن دەمگوت: نا نامکوژن، ئێوە لێگەڕێن با من بڕۆم، ناچار گەڕامەوە میاندواو. چوومە میوانخانەیەکی زۆر پیس و سبەینێکەی گەڕامەوە تەوریز. بەگشتی بەدرێژایی ئەو ساڵە جارێک توانیم سەردانی ماڵی باوکم بکەم، قۆناغێکی ناخۆش بوو.

**رامان:** باشە لە تەوریز کەسی هونەرمەندت ناسی؟

**نامۆ:** نا، ئەوکات زۆر کەم تەمەن بووم، نەمدەزانی بچم سەردانی گەلەری بکەم و خەڵک بناسم، حەزیشم نەدەکرد کێشە بۆ خوشکم و ئەوان دروست بکەم.

**رامان:** دیپلۆمت لە بۆکان وەرگرت؟

**نامۆ:** بەڵێ دیپلۆمم لە بۆکان وەرگرت.

**رامان:** بارودۆخی ئەوکاتی بۆکان چۆن بوو؟

**نامۆ:** زۆربەی ڕۆژەکان شەڕ بوو، پێشمەرگە چالاکییان دەکرد، ئێمەش بە جۆرێکی دیکە دەستمان بە چالاکی کردەوە، حکوومەت لە قوتابخانەکاندا و لەناو شاردا دەستی بە پڕوپاگەندە دژی کورد و شۆڕشی کورد دەکرد، ئێمە هەوڵمان دەدا هەوڵەکانی پووچەڵ بکەینەوە.

**رامان:** ئەو ڕووداوانە تا چەند بەردەوام بوون؟

**نامۆ:** تا حکوومەت بەهێز بوو و ئەوجار شەڕی ئێران و عیراقیش دەستی پێکرد، تا ئەوکات ڕاستە شارەکان بەدەست حکوومەتەوە بوون، بەڵام هێشتا تەواو بەسەر خەڵکدا زاڵ نەببوو. شەڕی ئێران و عیراق زۆر بە قازانجی ڕژێمی ئێران تەواو بوو. بە بۆنەی ئەو شەڕەوە هێزێکی زۆری هێنا کوردستان و سەرکوتێکی بێ ڕەحمانەی خەڵکیان دەست پێکرد کە تائێستا هەروا بەردەوامە. ئەوجار حزبەکان لەتوکوت بوون. دوایی بە داخێکی زۆرەوە شەڕی براکوژی لەنێوان دیموکرات و کۆمەڵە دروست بوو، ئەمەش بووە هۆی دابەش بوونی خەڵک و ناوچەکان بەسەر حیزبەکاندا و دیسان یەکگرتوویی خەڵکی لاوازتر کرد.

**رامان:** باشە تۆ لەو کاتەدا چیت دەکرد؟

**نامۆ:** ئەوکات تەنیا خۆم دەشاردەوە. پێشمەرگە لە شاخ بوون و ئەوەی لە شار مابۆوە کەوتبووە بەر دەستی حکوومەت و تەنیا دەبوایە خۆی بشارێتەوە. ئەو هەموو خەڵکە چالاکە کە سەردەمێک بە ئەوپەڕی ئازادییەوە خەریکی کار و چالاکی بوون، ڕاست و ڕەوان کەوتبوونە بەردەستی حکوومەت. زۆریان لە سێدارەدران، تیرەباران کران، زۆریشیان لە زیندانەکاندا ڕزان، زۆرکەس هەڵات. خەڵکێکی زۆریش لە ترسان، یان بە خواستی خۆیان بوونە جاش. دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو. من بووم بە سەرباز موعەلیم و ساڵی یەکەم لە سەید ئاوای قاجر بووم و ساڵی دووەم درامەوە بە گوندی خۆمان.

**رامان:** ساڵی چەند بوو؟

**نامۆ:** ساڵی ١٣٦٤ واتە ساڵی (١٩٨٥ز) بوو.

**رامان:** دوای سەربازی چیت کرد؟

**نامۆ:** هەر لەو ساڵانەی سەرباز بووم، ناوم بۆ زانکۆ دەرچوو.

**رامان:** لە چ بەشێک وەرگیرای؟

**نامۆ:** من نەفەری یەکەمی (ناوچەی پێنجی) ئێران بووم و نەفەری یەکەمی زانکۆی تاران بووم، نەفەری یەکەمی زانکۆی هونەر بووم و نەفەری دووەمی گرافیکی دەنگوڕەنگی ئێران بووم.

بەخۆم حەزم لە هونەر بوو، بەڵام لەوەشدا دوایی گرفتیان بۆ دروست کردم، دەیانگوت ئەوکاتەی ناوت هاتەوە، دەبوایە ئەوکاتە هاتبایەی، منیش ئەوکات سەرباز بووم و نەمدەتوانی بچم، ژاندارمێری قبووڵی نەدەکرد بچمە زانکۆ، ساڵێک، ساڵ و نیوێک بەو کێشەیەوە خەریک بووم، بە هاتووچۆیەکی زۆر و بێ هیواییەکی زۆرەوە بڕیاری کۆتایی خۆم دا چوومە زانکۆ و گوتم کاغەزێکم بۆ بنووسن، من دەمەوێ ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵم، نەفەری یەکەمم، کەچی پێم دەڵێن دەبێ دیسان لە تاقیکردنەوەی ساڵی داهاتوودا بەشداری بکەمەوە! من چیتر لەو وڵاتەدا نامێنم، هەرکە وام گوت، باوەڕ بفەرموو بەدوو کاتژمێر هەموو شتێکیان بۆ جێبەجێ کردم و خشتەی وانەکانیان پێدام و گوتیان بڕۆ سەر دەرسەکەت.

ئیتر ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) چوومە زانکۆ، ئەوکات کاک هادی زیائەدینی و ئەوان تازە تەواو دەبوون.

**ڕامان:** ئەوان دەورەی پێش ئێوە بوون؟

**نامۆ:** بەڵێ ئەوان تووشی ئینقلابی فەرهەنگی هاتن، دووساڵ لە ئێراندا زانکۆکانیان بەوناوە داخست و زۆربەی مامۆستا و قوتابییە باشەکانیان دەرکرد و گرتیانن، کاک هادیش لە زیندان بوو، پاش ئەوانە ئەو هاتەوە و ئیتر من کە چوومە ئەوێ ئەو خەریک بوو دەرسی تەواو دەکرد.

**ڕامان:** ئەو بەشە، قوتابی کوردی دیکە کێی لێ بوو؟

**نامۆ:** بەڵێ سنەییەکانی لێ بوو، کاک ئەحمەدی خەلیلی فەردی لێ بوو، ماشائەڵلا محەمەدی لێ بوو کە دواتر بووین بە هاوڕێیەکی زۆر نزیک و پێکەوە ماڵمان گرت.

**ڕامان:** بارودۆخی زانکۆ چۆن بوو؟

**نامۆ:** بارودۆخی زانکۆ زۆر گۆڕا بوو، هونەرمەندی باشم تێدا دەدی، لە کوردەکانیش کەسی زۆر باشی لێ بوو کە هەموویان پرۆفیشناڵ بوون و ئەوەش بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو.

**ڕامان:** مامۆستاکانتان کێ بوون؟

**نامۆ:** مامۆستاکانم زۆر باش وەبیر نایەت، چونکە خۆشم نەدەویستن. زۆریان (حزب الله)یی و پاسدار بوون، تەنانەت لە پێدانی نمرەشدا زۆریان زوڵم دەکرد و بەپێی پێوەری سیاسی نمرەیان دادەنا. مامۆستایەکمان هەبوو هەرچەندە ئەویش (حـــزب الله)یی بوو، بەڵام لەوانی دیکە باشتر بوو، چەندجار سەفەری دەرەوەی کرد، ئیتر تەواو گۆڕا، ئاغای (ئەحمەدی نات عەلیان)ی ناوبوو کەسێکی باش بوو، مامۆستایەکی باشیش بوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستا (حزب الله)ییانە لە باری هونەرییەوە لە چ ئاستێکدا بوون؟ ئایا تەنیا بانگەشەیان بۆ حکوومەت دەکرد، یان توانایی هونەریشیان هەبوو؟

**نامۆ:** ئەوان لە کۆلێژدا دەسەڵاتی تەواویان هەبوو. لەبیرم ناچێ یەکەم جار کە چوومە وانەی (ناسری پەلەنگی) گوتی وێنەی دەستێک بکێشنەوە، منیش دەستێکم کێشایەوە، لە پشتی دام گوتی: هۆی تۆ کوردی؟ زۆر ناشیرین وای گوت. منیش ئاوڕم دایەوە گوتم: چ گرفتێک هەیە؟ گوتی: نا تەنیا دەمەوێ بزانم کوردی، یان نا؟ گوتم: بەڵێ کوردم. بە شێوازێکی زۆر



خراپ گوتی: باشە دەی خەریک بە.

ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە زۆر بوون، زۆرجار لە بەشە ناوخۆیی دەمبیست دەیانگوت: ئەمە کوردە لەوانەیە تائێستا دە، پازدە کەسی سەر بڕیبێت. حکوومەت و سیستم شانتاژێکی بەرینیان دژی کورد وەڕێ خستبوو، بەڵام بەختەوەرانە ئێمەی کوردەکان یەکمان گرتبوو و کاریشمان لە تەواویان جوانتر بوو، ئیتر نەیاندەتوانی نکوڵی لە کارە باشەکانمان بکەن.

**ڕامان:** بێجگە لە کاک هادی و کاک ماشائەڵلا کێی دیکەی کوردی لێ بوو؟

**نامۆ:** کاک ئەحمەدی خەلیلی فەرد، فەردین سادق ئەیووبی، لالە یەزدانجوو بوون.

**رامان:** ئێوه قەت وا هەبوو پێشانگایەکی هاوبەش پێکەوه بکەنەوه؟

**نامۆ:** بەڵێ پێشانگای هاوبەشمان هەبوو، دیاره نەک تەنیا کوردەکان بێین خۆمان جیا بکەینەوه. نا بەو شێوەیه نەمانبوو.

**رامان:** کە چوویه زانکۆ، شێوازی ئیش کردنت گۆڕی، یان هەر لەسەر شێوازی خۆت مایەوه؟

**نامۆ:** من پێش ئەوەی بچمە زانکۆ، لە تەورێز کتێبێکم کڕی باسی ئەناتۆمی لەش بوو، ئەو کتێبە زۆر کاریگەری لەسەر کارەکانم دانا.

**رامان:** نووسەرەکەی کێ بوو؟

**نامۆ:** کۆکراوەیەک بۆ لە کاری چەندین هونەرمەند. جا من پێش چوونە زانکۆم زۆرم کار لە ڕووی ئەو کتێبەوه کردبوو، لە زانکۆ پێشانگایەکم بۆ کارەکانی خۆم کردەوه، فارسەکان زۆر سەریان لە کارەکانم سووڕ مابوو، تا کۆتایی زانکۆش هەر باوەڕیان نەدەکرد کە من پێشتر مامۆستام نەبووه و بە ئەزموونی خۆم ئەو کارانەم کردووه، دیاره دەبێ ئاماژه بە شتێک بکەم، من ساڵی یەکەمی سەربازیی بەشداریم لە تاقیکردنەوەی زانکۆدا کرد بۆ بەشی جوگرافی، بەختەوەرانە دەرنەچووم، ساڵی داهاتوو کاک مستەفا شێرزاد هاتەوه بۆکان و زۆر هانی دام بۆ ئەوەی لە بەشی هونەردا بخوێنم. دەتوانم بڵێم یەکەمین هاندەری من کاک مستەفا شێرزاد بووه.

**رامان:** کاک مستەفا شێرزاد کاری لەگەڵ کردی؟

**نامۆ:** ماوەیەکی زۆر کورت چوومە خزمەتی، بەڵام بۆ من ڕۆڵی هاندەری زیاتر هەبوو، ئێستاش خۆم بە قەرزداری ئەو مامۆستایه دەزانم. لە تاران ئێمە کۆمەڵێک کورد بووین کە کارمان دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوه ئێمە بە جۆرێک برینداربووین، مەسەلەی ئەنفال و کۆڕەوی باشووری کوردستان و ئەوانەش هاتە پێشێ.

**رامان:** ئێوه ئاگاداری ئەو باسانە بوون؟

**نامۆ:** بەڵێ تەنانەت پارەشمان بۆ کۆدەکردنەوه، هی هەڵەبجە و هی کاتی کۆڕەوەکە، کاسێتی دکتۆر شڤانمان پێ بوو دەمانخستە سەر بڵندگۆ و سواری ئۆتۆمبیل دەبووین و سندووقێکمان دەخستە پشتی ئۆتۆمبیلەکە و بەجادەکاندا دەگەڕاین و یارمەتیمان کۆ دەکردەوه، دەچووینە خەستەخانەکان، یارمەتی بریندارەکانمان دەدا، ژن هەبوو بریندار بوو منداڵی لێ بزر ببوو، دەچووین منداڵەکانمان بۆ پەیدا دەکردنەوه، هەموو قوتابییە کوردەکانی تاران خەریک بووین.

**رامان:** ساڵی چەند زانکۆت تەواو کرد؟

**نامۆ:** خوێندنی من زۆری خایاند، چونکە سەفەرێکی دەرەوەم کرد، دوایی هاتمەوه، لەبەر ئەوه چوار ساڵی زانکۆم بە پێنج- شەش ساڵ تەواو کرد. ساڵی ١٣٧٢ واتە ساڵی (١٩٩٣ز) بەکالۆریۆسم وەرگرت. لە زانکۆ کارەکانم لە ڕیالیزمەوه بەرەو ئیکسپێرشن ڕۆیی، لەبیرم دێ لەگەڵ ماشائەڵڵا محەمەدی بارودۆخی بەشە ناوخۆییان بەدڵ نەبوو، چووین بەخۆمان خانوویەکمان بەکرێ گرت و پێکەوه دەژیاین، ماشائەڵڵا لەسەر ئیکسپیرسیۆنیزم کاری دەکرد و من دەتوانم بڵێم کەوتمە ژێر کاریگەری ئەوەوه. هەستێکی بەهێز لە کارەکانیدا دەبینرا، دواتر هەوڵم دا لەژێر کاریگەری ئەو بێمە دەرێ.

**رامان:** تۆ سەرەتا بە ڕیالیزمی کرێکاری دەستت پێکردووه و لەسەر پۆرترێتی لینین و مارکس و شەهیدەکانی (چریکهای فیدایی) کارت کردووه، پاشان لەژێر کاریگەری مامۆستا شێرزاددا لەسەر ناتۆرالیزم کاردەکەی و لە تارانیش ڕوودەکەیتە ئیکسپیرسیۆنیزم، ئەو وەرچەرخانانە چ هۆکارێکیان لە پشت بوو؟

**نامۆ:** نە ڕیالیزم و نە ناتۆرالیزم نەیاندەتوانی وەڵامدەرەوەی هەستەکانی ئێمە بن و تینوویەتی ئێمە بشکێنن، بە جۆرێک لە جۆرەکانیش ئێمە لە غەریبایەتی دەژیاین، دواتر دەتگوت ئێمە ڕاونراوین، ئیکسپرسیۆنیزم دەیتوانی بە جۆرێک دەربڕی هەستی ئێمە بێ بۆ نیشتیمان و بۆ وڵات، بۆ ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کورد دێ، ئەوانە نەدەکرا تەنیا وەسفێکی ڕیالیزمی بن، لەو چوارچێوەیە دەهاتنە دەرێ. لەبیرمە گوێم لە کاسێتی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەگرت و دەگریام و کاریشم دەکرد. زۆر هۆکار هەبوون کە هانمان بدەن ئێمە کارەکانمان لە هونەرێکی وەسفییەوه بگوازرێتەوه بۆ هونەرێکی دەربڕین خوازانە.

**رامان:** سەردانی گەلەرییەکانی تارانتان دەکرد؟ پێوەندیتان لەگەڵ هونەرمەندانی تاران چۆن بوو؟

**نامۆ:** دەچووم بەڵێ، ماوەیەک بوومە قوتابی ئاغای ڕوویینی پاکباز بەخۆی لە سۆربۆنی پاریس خوێندبووی، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لە زانکۆ دەریان کردبوو،

بەخۆی لە دەرەوە لە (مەیدانی ئارژانتین) کلاسی دانابوو، زۆریش یارمەتی ئێمەی کوردەکانی دەکرد. بەخۆت دەزانی کوردەکان وەزعیان زۆر باش نەبوو، بۆ نموونە من کە لە باری ئابوورییەوە وەزعم باش بوو کە باوکم پارەی بۆ دەناردم، زۆرکات لەگەڵ برادەرەکانم دابەشم دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە بەشی هونەر پارەشی دەبێ تێدا سەرف بکەی، کە دەچووینە کلاسەکانی ئەو مامۆستایە، یان پارەیەکی زۆر کەمی وەردەگرت، یان زۆرجار لێمان خۆش دەبوو. لە تاران بەخۆم کارم دەکرد، کارم پیشانی ئەحمەدی وەکیلی دەدا، دەیگوت تۆ چۆن بە وانە گەیشتووی، دەمگوت وەڵڵا گەیشتووم. ڕۆژێکیان کە چووبووم بۆ لای، کارەکانی لەمن وەرگرت و بانگی قوتابییەکانی دیکەی کرد و لەسەر ئەرزەکە دانیشت و گوتی وەرن سەیری کاری باش بکەن، من کارەکانم بچووک کردبۆوە، هەموو مینیمال بوون. ڕاستییەکەی من نەچوومەوە بۆ لای ئەو، بۆ لای کەسیان نەچوومەوە، تەنیا مامۆستای دەرێم، ڕوویینی پاکباز بووە.

**ڕامان:** لە تاران پێشانگات کردەوە؟

**نامۆ:** بەڵێ هەر ئەوکات لە زانکۆ بووم لای ڕۆژهەڵاتی کۆلێژەکەمان دەرکەیەکی هەبوو و هۆڵێکی هەبوو، ئێمە لەوێ پێشانگای هاوبەشمان کردەوە.

**ڕامان:** کە لە تاران گەڕایەوە بۆکان، دامەزرای، یان کلاسی وانە گوتنەوەی خۆت دانا، چیت کرد؟

**نامۆ:** کە بەکالۆریۆسم وەرگرت هاتمەوە بۆکان، پێشانگام کردەوە، هەرچەند لە ماوەی خوێندنیشمدا پێشانگام کردبۆوە، دیارە لەبیرم چوو ئەوەشت پێ بڵێم ئەوکات کە لە تاران بووم لە چوارڕێیانی (ولی عەسر) شەقامی سەبای شومالی کلاسم دانابوو، بەناوی (کانی هونەر) دوایی کە هاتمەوە بۆکان لەوێ فێرگەم دانا، لەپێشدا هی منداڵان بوو، دواتر حەوسەڵەی منداڵانم نەما، بەشی گەورەکانم دانا، کۆمەڵێک گەنج و لاو بوونە قوتابیم.

**ڕامان:** ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢ز) کە لە بۆکان ئەنجوومەنی ئەدەبی دادەمەزرێت، تۆ یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی بووی، حەز دەکەم باسی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی بۆکانم بۆ بکەی؟

**نامۆ:** دیارە هەموو لقەکانی هونەر پێوەندییان پێکەوە هەیە، من زۆرجار کە هەستێک تێمدا دروست دەبێ و ناتوانم بە ڕەنگ دەریببڕم، بە وشە دەینووسمەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە وێنەکانن خۆیان دەسەپێنن، جا ئەو وێنەیە بەشیعر بێت، یان بە شێوەکاری. بەڵێ، من لەگەڵ بووم، کۆبوونەوەیەک کرا، کە من لە تاران دەهاتمەوە سەردانیان دەکردم. ئەوکات خۆشەویستی زیاتر بوو، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا بە زۆرینەی دەنگ کۆمەڵێک کەس هەڵبژێردران کە یەکێکیان من بووم، هەروەک ڕاهاتووم زۆر حەز بە چوارچێوە ناکەم، ئەوکاتیش کە ئەنجوومەن دامەزرا و وەڕێ کەوت، ئیتر منیش وردە وردە کشامەوە و پاشەکشەم کرد و خەریکی کاری خۆم بوومەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە باوکم کۆچی دوایی کرد، ئیتر من زیاتر چوومە ناو دنیای تەنیایی خۆم و کارەکانمەوە.

**ڕامان:** ئەو قۆناغە تا چ ساڵێک بەردەوام بوو؟

**نامۆ:** تا ساڵی ١٣٧٧ واتە ساڵی (١٩٩٨ز) کە گیرام، ئەو قۆناغە بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا لە جادەی کەمەربەندی بۆکان لە ماڵی ئاغای حەسەنیدا ئاتوولیەیەکم (مەرسەم)مێکم هەبوو و هاوکات کلاسیشم هەبوو، پاشان چوومە دوکانی باوکم، لەوێ زیاتر خەریکی کاریکاتێر بووم و کاریکاتێرەکانم لە جامی دوکانەکە دەدا و خەڵک کۆدەبوونەوە و سەیریان دەکرد، ساڵی ١٣٧٧ واتە ساڵی ١٩٩٨ لەبەر کێشانەوەی وێنەی ئۆجەلان گیرام و مانگێک لەژێر ئەشکەنجە و لێدان و ژووری تاکەکەسیدا بووم، پاش ئەوە ئازاد بووم، ئەمجار قۆڵم لێ هەڵماڵی کە درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، بەشداریم کرد و بۆ ماستەر لە زانکۆی تاران ناوم گەڕایەوە، پاش ماستەرەکەشم، پلە ماستەرەکەم (الف) بوو، واتە دەمتوانی بەپێی یاسای ئێران بێ تاقیکردنەوە بۆ بەشی دکتۆرا وەربگیرێم، دووجار بەشداریم کرد نەیانهێشت گوتیان تۆ گیراوی، فایلت هەیە و دژی حکوومەتی و نابێ وەربگیرێیت.

**ڕامان:** کە کاریکاتێرەکانت لە جامی دوکانەکە دەدا من لە بیرمە خەڵک کۆدەبوونەوە و سەیریان دەکرد وەک شتێکی نوێ ناوبانگی دەرکردبوو، خەڵک چۆنیان باس دەکرد، چییان پێ دەگوتی؟

**نامۆ:** ئەو کارە تەنانەت بۆ خۆشم شتێکی نوێ بوو. بۆ یەکەم جار کە کاریکاتێرم لە جامی دوکانەکەدا، هەڵوێستم سەبارەت بە تورکیا گرتبوو کە باشووری

کوردستانی بوردوومان دەکرد، من ڕۆبۆتێکم کێشاوە لاقی دەبابە بوو، بەڵام ئاڵای تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکاشی پێوە بوو، لاقەکانی دەبابە بوون، ژنێک بوو منداڵێکی لە باوەشدا بوو، ڕۆبۆتەکە دەیەویست پێی لەسەر ئەوان دانێ، ئەوەم بە گەورە کێشابۆوە.

دوای ئەوە سولەیمان دیمێریلم کێشاوە کە کردبووم بە مەیموون، ئەوەی کە دەڵێم ئاڵای ئیسرائیلم کێشابۆوە لە خۆڕاوە نەبوو، چونکە زۆربەی بوردوومان و ناسینی ناوچەکە بە فڕۆکەی ئیسرائیلی بەڕێوەدەچوو، دواتر تورکیا بەشێک بوو لە ناتۆ کەوایە دەستی ئەمریکاشی تێدابوو، ئەو کاریکاتێرانەم لە جامی دوکانەکە دەدا، خەڵک زۆریان پێ خۆش بوو، کە دیتم خەڵک حەز دەکات منیش درێژەم بەکارەکەم دا کۆمەڵێک کارم کرد بەناوی سەرەکان، لەسەر دوکانەکەم نووسیبوو، ئێمە لێرەین و ئێوەش کەیفی خۆتانە.

**ڕامان:** چۆن بوو وێنەی ئۆجەلانت کێشایەوە؟

**نامۆ:** من لەگەڵ هەر جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندام. کاتێک ئۆجەلان گیرا، بێ ڕێزییان بە نەتەوەی کورد کرد، بەداخەوە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە توندی سەرکوت دەکرا، گیرانی ئۆجەلان جووڵەیەکی وەڕێ خست. ئەو شەوەی کە بۆ سبەینێکەی لە بۆکان خۆپیشاندان کرا، من وێنەکەی ئۆجەلانم کێشاوە.

**ڕامان:** لەسەر ئەو وێنەیە چەند گیرای؟

**نامۆ:** مانگێک گیرام، دوای ئەوە حوکمی زیندانم بۆ هاتەوە، پەنجا قامچی و ساڵێک زیندان، پاشان لە پێداچوونەوەی دووەمدا کردیانە سێ مانگ و ڕۆژێک زیندان و پەنجا قامچی کە لێیام دام. گوایە قامچییەکە ئاگادارکردنەوەیی بوو حەد نەبوو، بەڵام وایان لێدام، تەنانەت ئەو کەسەی کە دەیژمارد و بەڕێوەبەری زیندانەکەش تەنانەت دوو سێ جار پێیان دەگوت ئەوە حەد نییە، ئەوە ئاگادارکردنەوەیە، بەڵام کێبڵێکی پێ بوو کە لێی دەدام زۆرجار دەکەوتم، بەڵام هەڵدەستامەوە، لەبیرمە ڕووبەڕوو پێم گوتن، قەیناکە ئەوە لەبەر خۆشەویستی نیشتمانمە، چۆنی لێ دەدا با لێی دا.

**ڕامان:** چەندە دوای زیندان لە زانکۆ وەرگیرای؟

**نامۆ:** ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨ز) لە زیندان بووم، دوای ئەو ڕووداوانە بەشداری تاقیکردنەوەی ماستەرم کرد و ساڵی ١٣٧٨ (١٩٩٩ز) لە ماستەر وەرگیرام، کە ماستەرم تەواو کرد و هاتمەوە بۆکان، نامەی گرتنم بۆ هات منیش چووم بۆ زیندان.

**ڕامان:** هەلومەرجی ئەم جارەی زانکۆ چۆن بوو؟

**نامۆ:** چونکە من لە زانکۆی ئازاد وەرگیرا بووم، زانکۆی ئازادیش لەگەڵ زانکۆی گشتی جیاوازی هەیە، مامۆستاکانی ئێمە زۆریان دەرچووی ئەمریکا بوون، بەڵام ئەوانەی کە لە زانکۆی تاران بوون، هەر (حزب الله)ییەکانن وەک پێشتر باسم کرد.

**ڕامان:** دیارە قوتابییەکی ئاسایی نەبووی، چونکە هاوکات دەرست خوێندووە و دەرست گوتووەتەوە.

**نامۆ:** من هەروەک باسم کرد لە قۆناغی بە کالۆریۆسیشدا هەر لەو جێگایە لە تاران کلاسی شێوەکاریم هەبوو، ئاشنایەتی من لەگەڵ ئاغای (غەریب نژاد) کە دواتر بوو بە زاواشم هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە کۆمەڵێک گەنج (ساڵی ١٣٦٧) (١٩٨٨)ز بۆ کاری هونەری چووبوونە تاران، لەوێ باسی منیان کردبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، چەندین جار تەلەفۆنی بۆ کردم، من ڕازی نەبووم، تا ڕۆژێکیان باوکم کە لەلای تەلەفۆنەکە بوو و ئاگای لە باسەکەبوو، گوتی ڕۆڵەگیان مادام ئەو کابرایە حەز دەکات و دەڵێ وەرە دەرسم پێ بڵێ بۆچی ناچی؟ من دواتر کە بۆ بەکالۆریۆس وەرگیرام، چوومە ئەوێ و هاوکات لەگەڵ خوێندنم لەوێ کلاسیشم دانابوو، پاشان کە بۆ ماستەر وەرگیرام ئەوجار لەگەڵ ئاغای (غەریب نژاد) خزم بووم و دیسان چوومەوە ئەو شوێنە و هەر لەوێ جارێکی دیکە کلاسم داناوە.

**ڕامان:** ماستەر بۆ تۆ تەنیا بڕوانامەیەک بوو، یان لە باری هونەریشەوە سوودت لێ بینیوە؟

**نامۆ:** من پێشتر بەخۆم کارم کردبوو، بەڵام کاری ئەکادمیک جیاوازە لە کارێکی سەربەخۆ، کاری سەربەخۆش دەبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆت زۆر ماندوو بکەی، لە ئەزموونی هونەرمەندی دیکە، لە ئەزموونی مامۆستاکان دەبێ شت فێر بی. زانکۆ دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێت بەو مەرجەی کە مامۆستای باشی لێ بێت، کات و تەمەنت بەفیڕۆ نەچێت. زانکۆ بۆ من بەکەڵک بوو، بەڵام دەیتوانی زیاتر بە کەڵک بێت، دیارە پێش زانکۆ من کۆمەڵێک شتم دەزانی. بۆ نموونە ناوی پیکاسۆم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی کێیە و چی کردووە

و کوبیزم چییە و ...تاد. فێربوون پرۆسەیە، تۆ دەبێ ئەو پرۆسەیە تێپەڕێنی، زانکۆ بە مەرجێک زانکۆی باش بێت، دەتوانێ یارمەتیدەرێکی بەهێز بێت، بەڵام لە زانکۆدا لە کلاسی وانەکان گرینگتر بەشە ناوخۆییە، لە بەشەناوخۆییدا تۆ لەباری هونەری و کەسایەتییەوە دەگۆڕێی، هەر کەس لەلایەکەوە هاتووە هەر کەس قسەیەک دەکات و هەرکەس جۆرێک فیکر دەکاتەوە، هەموو لە جێگەیەک کۆدەبنەوە. ئەمە خۆی دەوری هەبوو، زانکۆ بۆ من چەندین دەرگای کردەوە، چاووگوێم کرایەوە و تارادەیەک تێگەیشتم هونەر چییە و یانی چی، بەڵام هەروەک ئاماژەم پێ کرد من تەنیا بە کۆلێژەکە ڕازی نەبووم، لە دەرەوەی کۆلێژیش بە دوای هونەردا دەگەڕام. هەروەک باسم کرد من لە دەرەوەش قوتابی ئاغای (ڕوبینی پاکباز) بووم.

**ڕامان:** ڕۆڵی زانکۆ لە پێگەیاندن و دروستکردنی هونەرمەنددا تا چ ڕادەیەکە؟

**نامۆ:** زانکۆ هونەرمەند دروست ناکات، زانکۆ تەنیا ڕێگاکەت پیشان دەدات. ئێمە ئێستا کۆمەڵێک میتودمان هەیە، ئەو میتودانە بە قوتابییەکان دەڵێین، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە کەسیان ناکەین بە هونەرمەند. لەوانەیە زانکۆ بتوانێ قوتابی ئاشقی هونەر بکات، بۆ نموونە من کە لە کۆلێژەکەی خۆمان وانەی پراکتیکی دەڵێمەوە، دەبینی قوتابییەکە تا ئێستا نەیوێراوە ئەو ڕەنگە و ئەو ڕەنگە تێکەڵ بکات، من دێم ڕەنگەکانیان پێ دەناسێنم و هانیان دەدەم تاقی بکەنەوە و بزانن لە تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان چی دروست دەبێت، هەروەک ئەلف و بێ کە تۆ بە پەنا یەکتر دانانی پیتەکان، وشە دروست دەکەی. ڕەنگیش زمانێکی دیکەیە کە پێوەندی لەگەڵ هەست و بینیندا هەیە. پاش ئەوە قوتابی لەگەڵ فۆرم ئاشنا دەبێ، لە ڕێگەی هێڵکاری و ...تاد ئیتر ئەو پرۆسەیە بەرنامە و میتودی خۆی هەیە، زۆر قوتابی هەیە کە ئەو بڕست و توانستەی نییە، هەر ئەوەندەیە زانکۆی تەواوکردووە، دواتر لە جێگەیەک دادەمەزرێ، ئەوانە ئاشقی هونەر نین، پاشانیش درێژەی پێنادەن، زۆربان هاتوون دواتر دابمەزرێن هەر ئەوەندە، بەڵام قوتابییش هەیە هاتووە فێر بێت و فێریش دەبێ، بەڵام لەو چەشنە قوتابیانە بەداخەوە کەمن. دیارە بڕیاریش نییە هەموو کەس ببێتە هونەرمەند، زۆرکەس هەیە دەتوانێ ببێتە

وێنەکێش، بەڵام نابێتە هونەرمەند، داهێنەر بوون قسەیەکە، شێوەکارێکی ئاسایی بوون شتێکی دیکەیە.

**ڕامان:** داهێنان لە شێوەکاریدا چۆن دەبینی؟

**نامۆ:** لە هونەری شێوەکاریشدا وەک هەر ژانرێکی تری هونەری، داهێنان و کاری داهێنەرانە بوونی هەیە و ئەم خەسڵەتەش پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جۆری ژیان و ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕ و کولتوور و زانستی مرۆڤەکانەوە هەیە. بە گۆڕانی باری ژیان و بژێوی خەڵک، کۆمەڵێک ویست و خواستی تر دێنە گۆڕێ کە دەبنە بناغە و بنچینەی ئایدیا و بیرۆکەی نوێ. حەز و ئارەزوو لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی وا بناغەی ژیان و ژیاریان لەسەر فەلسەفە و پرسیار دروست بووە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی وا هەموو شتێک بە هێزێکی بان و باڵادەست و ئابسلووت (ڕەها) دەبەستنەوە. کۆمەڵگەی ترادیسیۆن کەمتر ئاتاجی گۆڕانە و بە داخراوی خۆی دەمێنێتەوە و کەمتریش حەزی لە داهێنانە؛ لەم چوارچێوەدا هونەرێکی لۆکاڵ و گەشەنەکردوو کە لە کۆمەڵێک هێما و ڕازوڕەمز دروست بووە دەردەکەوێت. بۆ ناسینی ئەم چەشنە هونەرە سەمبۆلیستییە، پێویستە دۆزینەوە بۆ کۆدەکانی بکرێت، جا ئەودەم دەتوانین لە ناخی مەبەستەکە تێ بگەین، یان ئەوەی خوێندنەوەمان هەبێت بەسەر ژین و ژیاری دروستکەرانی ئەو چەشنە هونەرەوە.

بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگەی فەلسەفی و ڕەخنەگر بەردەوام لە پرۆسەی گۆڕاندایە و بەردەوامیش لە نوێ کردنەوەی خۆیدایە و لە ئەزموون و تاقیکردنەوە ترسی نییە و لە جۆرێکی تردا خۆی دەبینێتەوە، جۆرێکی ترە، جۆرێکی تر لە ژیان، جۆرێکی تر لە بیرکردنەوە، جۆرێکی تر لە بینین و جۆرێکی تر لە داهێنان و... تاد. لە ڕاستیدا بوونی ئەو، پەیوەستە بە ئەزموونەوە.

جەیمز وات لە کۆتایی سەدەی هەڤدە بە سوودوەرگرتن لە (هەڵم) توانی داهێنانێکی گەورە لە بواری میکانیزمی وزەدا ئەنجام بدات، واتە لە ماسوولکەی لەشەوە بۆ باسکی میکانیکی و پیستۆن و چەرخ. ئەو داهێنانە بوو بەهۆی ئەوەی شارستانیەتی پەیوەست بە داهاتی زەوی و دەست، بگۆڕێ بە شارستانییەتێک کە داهاتەکەی لەسەر بەرهەمی کارخانەیی و مەکینە بێت. هونەری کلاسیزم و نیوکلاسیزم و ڕۆمانسیزم جێگە و

پێگەی خۆیان دا بە ڕێبازی ڕیالیزم و ئەمپرسیونیزم؛ واتە لە گۆڕانێکی مەزن لە دەربەگێکی کۆن و شەکەتی زەویدار کە لەودا زەوی، سەرمایەی سەرەکی بوو بۆ دەربەگایەتییەکی نوێ (سەرمایەدار) کە سەرمایەکەی لە ئاکامی داهاتی دانوستان و بەرهەم و دوکانداری بوو. جووتیار و وەرزێر و خەڵکانی ڕەشایی بوون بە کۆیلەی نوێی، کرێکار و پرۆلیتار و کرێ گرتە لەناو کارەخانەکاندا، هەروەها چینێکی مام ناوەند دروست بوو کە دەرفەتی بیرکردنەوە و چێژوەرگرتنی بۆ دەرەخسا. بە هەرحاڵ گۆڕان لە سیستمێکی داخراوی هۆز و عەشیرەت بۆ سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێی سندوقی دەنگدان و سەندیکا کە بە تەواوی کەموکورییەکانیشییەوە تاک تاڕادەیەک دەوری خۆی دەبینی، شۆڕشێکی کەم وێنە بوو.

ئەم گۆڕانکارییە کە لەکۆتایی سەدەی هەژدەرا دەستی پێکرد، بوو بە هۆکارێکی گەورە لە جۆری بینینیشدا، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە، هەروەها بە دروستکردنی ڕەنگی زەیتی (تیوپ) کە پورتابڵ بوو و هەڵدەگیرا و دەگوازرایەوە هونەری شێوەکاری لە ئاتۆلیە (مەرسەم) و کارگەی هونەرمەندەوە گوازرایەوە بۆ دەرودەشت، هونەرمەندانی ئەمپرسیونیت وەک مونێ و ڕێنوار و پیساروو.. ڤان گوک و گوگان بە سوود وەرگرتن لەم تێکنۆلۆژیا نوێیە لە دەرەوە کاریان دەکرد و تابلۆکانیان دەهێنایەوە بۆ ناو شار، هەروەها بە پەرەگرتنی شارستانیەتی نوێ و سیستمی سەرمایەداری پاوانخواز کە گرینگی بە کەرتی تایبەت دەدا و جۆرێک لە کولتووری مەسرەف و زێدەبوونی بەرهەم دروست بوو، بازاڕی مۆد و باو دەوری خۆی دەبینێت و گۆڕان لە جلوبەرگ و سیستمی هاتوچۆ و بیناسازی و تەکنۆلۆژیای کاری قورس سەری هەڵدا کە خۆی لە دروستبوون ڕێبازگەلی کۆبیزم و دادائیزم و سوریالیزمدا - دەوریان هەبوو، بە تایبەت زانستی سایکۆلۆژی کە فرۆید باوکی ئەم زانستەیە و پەردەی لە لایەنی شاراوەی مرۆڤ لادا و ڕێبازی سوریالیزم سوودی زۆری لەو وەرگرت، تەنانەت هونەرەکەی دێکێریکۆ بەناوی هونەری میتافیزیک بە هەرحاڵ ئەم هەویرە زۆر ئاو دەبات و ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوامە هەتا هەنووکە.

لەسەردەمی مۆدێرنیتە و مۆدێرندا دەوری ئاوانگارد (پێشڕەو) بوونی هونەری هونەرمەندانی شێوەکاری یەکجار بەرچاوە، بەتایبەت لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ١٩٦٠، لە ڕاستیدا ئەو ماوەیە بە قەرای تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی ئیشی هونەری لە ئافراندن و داهێناندا کراوە،

پاشی ئەوە هونەر لە چەمکی نوخبەخوازانەی خۆی کە تەواو ئاوەزمەندانە بوو، دادەبەزێ بۆ هونەرێکی بۆرە پەسەند و pop، کە گەڕانەوەیەکە بۆ ناو کۆمەڵگە (ئاشتی لەنێوان هونەرمەند و بەردەنگ)دا، یان ڕووبەڕووبوونەوەی هەست و ئاوەزە.

کاڵ بوونەوەی دەوری ڕەخنەگران و هەڵسەنگێنەرانی هونەر بەهۆی ڕاستەوخۆ بوونەوەی هونەر لەگەڵ بەردەنگان و چەمکی ژینگەپارێزی و ماف خوازانەی هونەر بە مرۆڤانەکردنی هونەر وەک ئەرک بەگشتی لەو ئاراستەیدا کە باسمان لێ کرد. بەرهەمی هونەرمەندانی وەک کلاوس ئۆڵدێنبێرگ و ڕاوشێنبێرگ و ئەندی وارهۆڵ و جولیان ئەشنابیێل و جۆزێف بۆیز و کیفێر و...تاد ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە چەمکی داهێنان لە بواری هونەری شێوەکاریدا گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە ئەرکی ئەخلاقی و مافخوازانەی خۆی لای نەداوە، هەروەک فردریک نیتشە باوکی ڕێبازی ئیگزستانسیالیزم و پاش مۆدێرنیزم دەڵێت: بەرگەگرتن و مانەوە لەم جیهانە پڕ کێشە و دژبەرز و ناتەبایە، تەنیا بە هونەرەوە دەکرێ، یان بەواتایەکی تر هونەر جیهانی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەمان بۆ وا لێدەکات تێیدا بژین.

**ڕامان:** داهێنانی هونەری و داهێنانی تەکنۆلۆژیا لە چ خاڵێکدا پێک دەگەن؟ ئایا ئەو خاڵانە لە زیاتربووندان، یان لەجیابوونەوەدان؟

**نامۆ:** ئێستا لە جیابوونەوەدان، بەو هۆیەوە کە تەکنۆلۆژیا دژی ژینگە کەڵکی لێ وەرگیراوە، دژی مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگیراوە، ئێستا هونەر دەیەوێ ڕێگەی خۆی جیا بکاتەوە. لەسەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا (تێخنە) جیا نەکرابۆوە، بۆ هەردووکیان بەکاردەهات هەم بۆ هونەر هەم بۆ تەکنۆلۆژیا، بەرە بەرە لێک جیا دەکرێنەوە.. ئایینی مەسیحیەت ئەو لێک جیاکردنەوەیە وە درەنگ دەخات، بەڵام لە ڕێنیسانس بەولاوە دیسان گەڕانەوەیەک بۆ بیرۆکەکانی پێش زایین دەکرێت. کۆمەڵێک توخمیان لەو سەردەم هەڵگرت و جارێکی

دیکە ئیشیان لەسەر کردەوە، بۆ نموونە وێنەی مرۆڤ و پەیکەری مرۆڤ، نەک مرۆڤی ستەم لێکراو و زەلیل، بەڵکو مرۆڤێکی بەهێز. مرۆڤێک کە پێدەکەنێ. داڤینشی بزە دەخاتە سەرلێوی تابلۆکانی، ئەوە داهێنانێکی گەورە بوو، بێجگە لەوەی لە تۆنالیتەی تۆناتی سوودی وەرگرتووە بۆ ئەوەی (حجم) دروست بکات. لە ماوەی دەسەڵاتی کریستیاندا تابلۆکان بزەیان تێدا نییە، تابلۆکان حەجمیان تێدا نییە، حەجم بوون یانی ماددی بوون و بەرەو بەبت کردنی مرۆڤەکانە.

**رامان:** با بگەڕێینەوە سەردەمی پاش گیران و ئەشکەنجە دانەکەت، کە ئازاد کرای لە زیندان جارێکی دیکە دنیــــا چۆن دەهاتە پێش چاوت، زیندان چ کاریگەرییەکی لەسەر دانابووی؟

**نامۆ:** ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بووم، شتی زۆر ناخۆشم دیت، ئەوەی دەمدی هەموو گەنج بوون، سەرلێشێواویی گەنجی خۆمانم دەدیت، زۆربەی هۆکاری تاوانکردنیشیان دەگەڕایەوە سەر حکومەت کە بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەو خەڵکە تووشی تاوانکردن دەکات. ماددە هۆشبەرەکان بە لێشاو لەناو زینداندا هەبوو، مەئموورەکان خۆیان بڵاویان دەکردەوە. کۆمەڵگای خۆمانم بە کۆمەڵگایەکی تێکشکاو و داماو دەهاتە پێش چاو. لە باری ڕوحییەوە خەڵکیان ڕووخاندووە، کە لە زیندان هاتمە دەرەوە، پێویستم بە تەنیایی بوو، حەزم دەکرد بە تەنیابم. پاش ئازادبوون بە خۆشم ساڵێک خۆمم زیندانی کرد. لە ژێرزەمینێکدا کە هی دۆستێک بوو، قەرەوێڵەیەکم بردبوو، لەوێ کتێبم دەخوێندەوە، ڕەسمم دەکرد جار جار و زۆربەی شەوانە درەنگانێک دەهاتمە دەرێ کە کەس نەمبینێ. زیندان زۆر شتی لە مندا گۆڕی، تەنانەت پاش هاتنە دەرێ لەو دۆخە هاتم کاری لاندئارتم کرد، لە دێیەک بەناوی (قۆچاخ) دێی ماڵی کاک ناسری فەیزوڵڵابەگییە، بەهاوکاری ئەو کارێکی کرد، ئەگەر هەڵە نەبم ئافیشەکانی ئاوا نووسرابوو (بە یادی زێدەکەی خۆم) کۆمەڵێک تابلۆی برد لەوێ دایناـ منیش هەر لەسەر شاخەکەی ئەوێ هەر بە بەرد کارێکی لاند ئارتم کرد. ئیتر لەچوارچێوەی کانڤانس و ئەوانە هاتمە دەرێ. پێشتر من ساڵی دوو هەزار بە پلاستیک کارێکی دیکەم کردبوو و پێشانگایەکم کردبۆوە، بەڵام پاش زیندان توانیم لە پلاستیکیش دوور بکەمەوە و یەکسەر لەگەڵ سروشتدا کار بکەم، لەگەڵ قوتابییەکانم دەچووینە ناو سروشت و سوودمان لە سروشت وەردەگرت.

**رامان:** پاش ئەوە نەگەڕایەوە سەر کاری تابلۆ؟

**نامۆ:** نا بەردەوامییەک نەبوو، چونکە ژیانم بەردەوام نەبوو، ژیانێکی سەقامگیریم نەبوو. دوای ئەوەش من دیسان هەر گیرامەوە، نەک جارێک چەندین جاری دیکەش هەر گیرام. یەکێک لەو جارانە، بە بۆنەی گرتنی سەدام کە من کاریکاتێرم کێشایەوە و هەڵویستێکیشم بەرانبەر بە حکوومەتی ئێران هەبوو، هاتنە ماڵێ و دیسان گرتمیان و کەلوپەل و کۆمپیوتەرەکەمیان لەگەڵ خۆیان برد. لە زۆربەی گیرانەکانیشمدا بێجگە لە ئەشکەنجەی جەستەیی، ئەشکەنجەی ڕوحیشم هەبوو، تەنانەت سێ ڕۆژ بەرلەوەی بێمە باشووری کوردستان، من لە زیندان بووم و گیرابووم.

**رامان:** دوایین جار کە گیرای بە چ بیانوویەک تۆیان گرت؟

**نامۆ:** جاشێک تیرۆر کرابوو، ئەمنیش لە دوکانی وێنەگری دۆستێک بووم، پێکەوە کارێکی هاوبەشمان دەکرد، کە دەمویست بچم بۆ دوکانەکەی ئەو، دیتم لەسەر دارودیوار باسی تیرۆری ئەو کەسە نووسراوە. بێ ئاگا لەوەی کە بنەماڵەی ئەو کەسە ڕێک لەوکاتەدا لەو دوکانی وێنەگرییە بوون و خەریک بوون وێنەیەکیان گەورە دەکردەوە، ئەمنیش ڕووم کردە برادەرەکەم و گوتم ئۆخەیش ئەوە ئەو ناپاکە گڵاوەیان تیرۆر کردووە، ئەوان دوو سێ جار بە ئاماژە و ئەوانە ویستیان تێم گەیەنن کە باسی نەکەم، منیش بە ڕاستی ئەو ژنەم نەدیتبوو کە لەوێ دانیشتبوو، کە ژنەکە هەستا سەر پێ و وێنەکەی وەرگرتەوە، هاتە پێشێ گوتی شوکور بە کوێرایی چاوی تۆ ئەوە لە ماڵێ دانیشتووە و چایی دەخواتەوە. منیش تازە ئەوەی نەدەبوایە ڕوویدا، ڕووی دابوو بۆیە گوتم: وەڵڵا جا ئەو جار وەبەر نەکەوتووە (ئینشائەڵڵا) جارێکی دیکە وەک سەگ دەیتۆپێنن. ئیتر ژنە چووبوو شکایەتی لێ کردبووم و دوو سێ ڕۆژ بە دوومەوە بوون، منیش هەر خۆم دەشاردەوە. ئۆتۆمبیل لەبەر دەرکەی ماڵی دایکم بە بەردەوامی ڕاوەستابوو، دیتم بێ سوودە، چوومە لای سەیارەکە و خۆم بەدەستەوەدا. گوتیان سواربە گوتم سوار نابم. ترسان کە لەناو کۆڵاندا تووشی گرفت بن، گوتیان زۆر چاکە سبەینێ کاتژمێر ئەوەندە خۆت وەرە

لامان. سبەینێ کە چوومە ئەوێ ڕۆژ و نیوێک گرتمیان، بەڵام زۆریان ئازار دام. پاش ئەو ڕۆژ و نیوە کە هاتمە دەرێ زۆر لە برادەر و قوتابییەکانم هاتن و گوتیان، نابێ لێرە بمێنی، تۆ ئاوا هەر ماوە ماوە دەگیرێی، خەریکی زۆر زەق دەبییەوە، لەوانەیە ئەم جارە بتگرن، بەڵایەکت بەسەر بێنن باشترە کە ئیتر بڕۆی. بەو جۆرە بوو کە من لە مانگی نۆی دوو هەزار و چوارەوە هاتمە باشووری کوردستان.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە سەر کارەکانت، ئەوەندەی ئاگادارم لەباشووری کوردستانیش کۆمەڵێک کاری هونەریت کردووە، ئەوانە زۆرتر لە چ چوارچێوەیەکدا خۆیان دەبیننەوە؟

**نامۆ:** جاران لەسەر ڕێبازی مۆدێرنیزم دەڕۆیشتم، مۆدێرنیزم زۆر تاکەکەسییە، کۆمەڵگای ئێمە کەمتر توانایی تێگەیشتن لە کارە تاکەکەسییەکانی هەیە و ڕەخنەگری وایشمان کەمە بتوانێ بیێتە شیکەرەوەی کارە هونەرییەکان، پێوەندی لەگەڵ بەردەنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا بڕێک زەحمەتە. ئەوە بۆ منێک کە هونەرمەندێکی سیاسیش بووم، زەحمەتتریش بوو، لەبەر ئەوە مۆدێرنیتە نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ویستەکانی من بێت. لە هونەری پۆست مۆدێرندا ئەو پێوەندییە زیاترە، پۆست مۆدێرن جۆرێک دیموکراسی تێدایە، چونکە تۆ لە هونەری مۆدێرندا، ئێستێتیکای خۆت بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنی، هونەرمەند کاری بەوە نییە خەڵک تێدەگات، یان تێناگات، بەڵام لەو جۆرە کارانەدا کە ئێستا دەیکەم بەردەنگیش مافی هەیە، بەردەنگ بەشدارە، ئیتر پێویست ناکات کەسی سێیەم لەنێوان هونەرمەند و بەردەنگدا ڕۆڵی ڕەخنەگر بگێڕێت، یان باشتر بڵێم شیکەرەوە. ئەوە بۆ کوردستان شتێکی نوێیە، تەنانەت ساڵی دوو هەزار و دوو کە ئێمە، کوڕەکانی بۆکان چووین لە تاران کارێکی (کانسێپ چواڵ) لە تاران بەڕێوە برد هێشتا ناوی (کانسێپ چواڵ)یشیان نەبیستبوو. دواتر فارسەکان کاریان پێشکەش کرد و بۆ خۆیان قۆستیانەوە، چونکە لە ڕۆژهەڵات، ئێمە ڕاگەیاندنمان لەبەردەست نییە، بەڵام فارسەکان لەبەردەستیانە، خۆیان وا پیشان دا کە بەڵێ ئەوانن کە بەڕێوەی دەبەن.

**ڕامان:** لە باشووری کوردستان چۆن سەیری ئەو کارانە دەکەن؟

**نامۆ:** بە خۆشییەوە تا ئێستا من چەند کارم بەڕێوە بردووە، پێشوازی زۆر باشیان لێیان کردووە، چونکە کارەکە لەناو گەلەریدا نییە و کارێک نییە تەنیا دەستەبژێر لێی تێبگات و بەردەنگیش تێیدا بەشدارە، پێشوازی لێ دەکرێت. بۆ نموونە دوایین ئیشمان کە لەناو پارکی شانەدەردا بەڕێوە برد بەناوی (خێوەتێک لە وشە) تەوەرەکەی توندوتیژی بوو، باس لەوە بوو کە ئێمە کۆمەڵێک زیندانیمان هەیە کە ئەو زیندانییانە ئافرەتن، بەهەر هۆیەک گیرابن، ئێستا لەناو زینداندا دەژین. ئێمە چووینە ناو زیندانەکە و مەسیجی ئەوانمان وەرگرت، مەسیجەکانمان بردنەوە ناو خەڵک، پاشان وەڵامی خەڵکیشمان بۆ بردنەوە، دیارە بەچەندین قۆناغ ئەو کارە بەڕێوە چوو. لەناو پارکی شانەدەر خێوەتێکی ڕەشمان هەڵدا و لەوێ مەسیجی زیندانییەکانمان بۆ خەڵک خوێندەوە، خەڵک هەڵوێستیان هەبوو، وەڵامیان دەدانەوە. بەگشتی ڕۆژانە ئێمە هەموومان بەلای زینداندا تێدەپەڕین و قەت بیر لەوە ناکەینەوە کۆمەڵێک مرۆڤ لەناو ئەو چوارچێوەیەدا بەهەر هۆکارێک بێت زیندانی کراون، پاشان ئێمە مەسیجی خەڵکمان بردەوە زیندان و پاش ئەوە قسەمان بۆ کردن، کۆی ئەو کارە بوو بە سیدییەکی شازدە- حەڤدە خولەکی. کۆتایی کارەکە ئەو سیدییەیە.

**ڕامان:** بۆ داخرانی سینەماش لە باشووری کوردستان وەک بزانم کارێکتان کردووە؟

**نامۆ:** بەڵێ ساڵی دوو هەزار و حەوت، ئێمە کۆمەڵێک پرۆژەمان بەڕێوە برد، پرۆژەکان باسی شار بوون، هەموومان دادەنیشتین و قسەمان لەسەر شار دەکرد هەروەک باسم کرد ئەو چەشنە کارانە جۆرێک دیموکراسی تێدایە. ئێمە باسێک دەوروژێنین وەکو بۆ نموونە تێکچوونی ژینگە و فڕێدانی بێ پلانی پاشماوەکان، یان پیسبوونی هەوا، هەرکەس لەسەر شتێک کاری کرد، کاری من لەسەر نەبوونی سینەما بوو. لەهەمبەر سینەمایەکی داخراودا بوو، کە ناوی سینەما کریستاڵ بوو، ئیتر من ئێوارەیەک بە خۆم و بە کورسییەکەوە چوون لە بەرانبەر پەردەی سینەما دادەنیشین، چووم لە بەرانبەر دەرکەی سینەما دانیشتم و کۆمەڵێک فیلمی دۆکیومێنتی بەو نۆستالیژیایەی کە ئێمە لەسەر سینەما هەمانە، لەسەر دەرکەی سینەماکە بە یارمەتی ئامێرێک

بڵاومان کردەوە، وێنەکان هەندێکی لەسەر دەرکەکە بڵاودەبوونەوە و سەیارە و خەڵکیش دەهاتن و دەچوون و منیش وەک لە سینەما دانیشتبێتم سەیری وێنەکانم دەکرد. خەڵک تێگەیشتن کە سەردەمێک ئێرە سینەما بووە. من تەنیا ویستم نەبوونی سینەمایەکیان وەبیر بێنمەوە، کە سینەما نابێ داخرێت، ڕاستە لە ماوەیەکدا ڕواڵەتی سینەما لە باشووری کوردستان بەهۆی کۆمەڵێک کاری خراپ و بڵاوکردنەوە فیلمی خراپەوە شێوێندراوە، بەڵام سینەما خۆ هەر ئەوە نییە کە کراوە. ئێستا کۆمپانیایەکی وەکو هۆلیوود داهاتی لە نەوتی ئێمە زیاترە، خەڵکی ئێمە تووشی تەک ڕەهەندییەکی فیکری بوون، بینینی فیلم لە سینەمادا زۆر جیاوازی لە بینینی فیلم لە تەلەڤیزیۆندا هەیە، لە تەلەڤیزیۆندا تۆ بەسەر وێنەدا زاڵی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە سینەمادا تۆ دەبی بە بەشێک لە فیلمەکە. من ویستم داخرانی سینەما و نەبوونی سینەما وەک چەمکێکی لەبیرکراو، بەبیری خەڵک بێنمەوە، کە بۆچی دەبێ وەکو گەلێک کە شارمان دروست کردووە، شارەکەمان هێمایەکی گرینگی شارستانیەتی نەبێ، خەڵک کە منیان دەدی، ڕادەوەستان و باسیان لە کاتی سینەمابوونی ئەو شوێنە دەکرد، ئەو کابرایەی کە لەبەر دەرکەی ئەوێ جگەرەی دەفرۆشت و هەموو ڕۆژێکیش لەوێ دانیشتووە، کاتێک ئێمە کامێراکانمان هێناو کارەکەمان دەست پێکرد، سەری سووڕما بوو، هەستێکی نامۆی بۆ دروست ببوو، یان کابرایەکی کەڕولاڵ هاتبوو بە زمانی ئاماژە هەوڵی دەدا بۆ خەڵکی باس بکات کە سەردەمێک ئێرە سینەما بووە و چالاک بووە و فیلمی باشی تێدا بڵاوکراوەتەوە. هەموو ئەوانەمان بە وێنە هەیە کە تۆمار کراون و کراونەتە سیدییەک. لە کارێکی لەو چەشنەدا خەڵک دەبێتە بەشێک لەکارەکە. بەخۆی دێت قسەت بۆ دەکات، پرسیارت لێ دەکات.

**ڕامان:** ئەوەندەی ئاگادارم لەسەر پەیکەرتاشیش ئیش دەکەی و لە باشووری کوردستان پەیکەری پێشەوا قازی محەمەدت دروست کردووە؟

**نامۆ:** من کاری جۆراوجۆر دەکەم، بەڵام من لە پەیکەرتاشیدا کەسێکی پرۆفیشناڵ نیم، ئەوەی هێڵکاری بزانێت دەتوانێ کار لەسەر پەیکەریش بکات. من پەیکەری زەرتوشتیشم دروست کردووە، یان پەیکەری دایکی نیشتمان کە ئێستا لەژێر زەمینی ماڵێک دایە لە بۆکان. پەیکەری کاوەی ئاسنگەرم دروست کردبوو، بە یارمەتی کەسێک پێشانگایەکم کردەوە کە فیلمە دۆکیومێنتییەکەی هەر ماوە و ئەو پەیکەرانەی تێدایە، هەندێکیانم هەر بە خۆم تێکم داون. لە باشووریش هەموو ساڵێک بە یادی پێشەوا کارێکی کولتووریم ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی وەک هونەرمەندێک بەشداربم لەو یادکردنەوەیەدا هەبێت، ساڵی دوو هەزار و پێنج لە یاد کردنەوەی پێشەوادا من پۆرترێتی گەورەی پێشەوام کێشاوە، لە هۆڵێکی سلێمانی دامناوە، کە یادی پێشەوای تێدا بەڕێوەچوو. دواتر ساڵی دوو هەزار و حەوت هەر بە فلین پەیکەرێکم دروست کرد، لە هەولێریش کاریان کردبوو بەشداربووەکانی دیکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەیان وەرگرتبوو، بەڵام من پێم عەیب بوو بۆ یادکردنەوەی پێشەوا پارە وەربگرم، کەچی بە پێچەوانەی هەڵوێستی من، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردم، پێیان وابوو من هاتووم داوای پارە بکەم، دواییش کە پەیکەرەکەیان دانەنا، بەو بیانوویە دایان نەنا کە بۆیە داینانێین، چونکە تۆ پارەت وەرنەگرتووە، کارەکە جوان بوو، بەڵام بە داخەوە کە وای لێ بەسەرهات.

**ڕامان:** دەزانم شیعریش دەنووسی، باسی شیعرەکانتمان بۆ بکە؟

**نامۆ:** هەموو هونەرەکان پێوەندیان پێکەوە هەیە. زۆرجار کە شتێک بە مێشکم دادێ و هەست دەکەم ناتوانم بە وێنە دەری ببڕم و بەخۆشی بە شێوەی شیعر بۆ من هاتووە، پێشی پێناگرم و دەینووسمەوە.

**ڕامان:** لە پشت زۆربەی کارە هونەرییەکانی تۆدا ڕوحییەتێکی کوردایەتی بەهێزبوونی هەیە، تۆ بەخۆت چۆنی دەبینی، کارەکانت چۆن بە کۆمەڵگاکەتەوە گرێ دەدەیتەوە؟

**نامۆ:** من کەسێکی ناسیۆنالیستم، بەڵام نەک ناسیۆنالیستێکی هێرشکەر، زۆرتر هەروەک ئەو واقیعەی کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە، ئێمە بەرەنگاری دەکەین لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەرمان، ئێمە شۆڤینست نین. قەت ڕێگە بە خۆم نادەم، هێرش بکەمە سەر نەتەوەیەکی دیکە، ئەسڵەن لە ڕوحمدا نییە، پێشم وانییە لە ڕوحی هیچ کوردێکدا بێت. کورد

بە کردەوە سەلماندوویەتی کە ڕوحێکی دیموکراتیکی هەیە، سەدان ساڵە جوولەکە و مەسیحی لەگەڵمان ژیاون، قەت گلەییان لێمان نەبووە. ناسیۆنالیزمی ئێمە تەنیا خۆ پاراستنە، ئەوەش مافی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە.

**ڕامان:** ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە لە پارچەیەک بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان لەوانەیە جیاوازی هەبێ، بۆ نموونە ئێستا دەبینین ڕوحی کوردایەتی لە باشووری کوردستان بەهۆی ئەوەی ڕزگارکراوە، برێک لە کزی داوە، لە پارچەکانی دیکەدا هێشتا هەروا گەرموگوڕە.

**نامۆ:** دیارە بە داخەوە تائێستاش باشوور بە تەواوی ڕزگار نەکراوە، هێشتاش مەترسی دەوروپشتی تەنیوە و ئەو ڕزگارییەی تەواو دەستەبەر نەبووە، لە بواری جێبەجێ کردن دایە، بێجگە لەوەی ئێمەی کورد چەند شارێکمان ڕزگار کراوە، هێشتا ئەوەی کە پێی دەڵێن ناوچە دابڕاوەکان کە ناوچەیەکی زۆر و بەرینیشە نەهاتووەتەوە سەر هەرێمی کوردستان! کەوایە ئێمە لە باشووریش پێویستیمان بە ڕوحییەتێکی ناسیۆنالیستی بەهێز هەیە، ئەوەی کە دەڵێی لە کزی داوە، دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی خەسارەناسانەی بۆ بکرێت و گرفتەکانی چارەسەر بکرێت.

هێشتا کوردستان ڕزگار نەبووە، ئەوە ڕەخنەیە لەسەر باشووری کوردستان کە بۆچی دەبێ هەموو شتێک لە ئابووریدا کورت بکرێتەوە؟ ئەویش ئابوورییەکی پاشکۆی پاشکۆ، بە داخەوە تەنانەت نەتوانراوە لە ڕووی ئابووریشەوە هەوڵ بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێنەر بدرێت. من کە ئەو قسانە دەکەم لە دڵسۆزییەوەیە بۆ نەتەوەکەم، دەنا دەبێ بەشێوەیەکی زانستیتر ئەو باسە تاووتو بکرێت.

**ڕامان:** ئەرکی هونەرمەندێک لە باشووری کوردستان دەبێ چی بێت؟

**نامۆ:** ئەرکەکەی ئەوەیە کە خەڵک هۆشیار بکاتەوە. بەپێی وتەی ئەنتۆنی گرامشی ڕووناکبیری چالاک، چالاک بەو مانایەی کە لە شوێنێک پارە وەرنەگرێت، ئێمە ڕووناکبیری لەو چەشنەمان پێویستە. ڕووناکبیرێک کە لە شوێنێک مووچە وەربگرێت ناتوانێ ببێتە ڕووناکبیری چالاک، چونکە بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی زیاتر لەبەرچاو دەبێ. بەداخەوە لە هەرێم خەساری ڕاگەیاندنی چالاک و خەساری ڕووناکبیری چالاکمان هەیە.

لە بواری هونەریشدا هونەرمەندی کورد تووشی خەسارێکی ڕوحی هاتوون، خەمساردن بۆ نەتەوەی خۆیان. هونەرمەند لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا ناتوانێ سەربەخۆ بێت، لە کۆمەڵگەی داخراودا داهێنان بێ مانا دەبێ، لاسایی کردنەوەیە. تۆ هەرچی لاسایی سروشت بکەیتەوە خەڵک زیاترت لێ وەردەگرێت، چونکە ئاسانترە. لە باری هونەرییەوە تۆ ناتوانی بە هونەرەکەت بژیت، دەبێ لە جێگایەک مووچەت هەبێ، هەربۆیەش بە داخەوە ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەرمن و کاری هونەری دەکەن هەموو حاڵەتێکی پەسیڤیان تێدا دروست بووە. ناڵێم بەگشتی هەموو وایان بەسەر هاتووە، بەڵام ئەوانەی من دەیانبینم، ئاوایان بەسەر هاتووە، لەوانەیە ئەمە بگۆڕێ، یان شۆکێک ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕێ. ئەو عەرەبانەی کە هەن هەر بەپێی پەروەردەیان، خۆیان لە تۆ سەرتر دەبینن ڕوانگەیەکی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە تێڕوانینیاندا هەیە. کۆلێژی هونەرە جوانەکانیش لەبەردەستی ئەواندایە. کوردەکان زۆر خۆیان خستووەتە ژێر ڕکێفی عەرەبەکانەوە، لەبەر ئەوە کۆلێژی ئێمە کۆلێژێکی نووستووە! بۆ هیچ ڕووداوێک هیچ هەڵوێستێکی نییە، نە بەباش نە بەخراپ. ئەمساڵ بۆ یەکەم جار هەڵوێستیان بۆ داگرتنی ئاڵای کوردستان لە خانەقین هەبوو.

**ڕامان:** وەک دوایین پرسیار بیستوومە لە زینداندا ئەوکاتەی گیرابووی، بە نان پەیکەرێکت دروست کردبوو، حەز دەکەم باسی ئەوەمان بۆ بکەیت؟

**نامۆ:** ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨ز) کە گیرابووم، دوو حەوتە دەبوو نە چایم خواردبوو، نە جگەرەم کێشابوو، کە نانیان دەهێنا هەر جارەی برێکم نان دەهێشتەوە و وردە وردە بە ئاوی دەمم پەیکەرەکەیم دروست کرد، بەڵکو سەرنجی سەربازەکان ڕاکێشم، جا لە زینداندا زوو زوو لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە سەیرت دەکەن، بزانن خەریکی چی. منیش ئەوەی کە دروستم کردبوو لەسەر بەتانییەکەم دانا، بەڵکو دیار بێ و ڕەحمیان ببزوێت و چایەکم بۆ بێنن. کە پەنجەرەکەی کردەوە و دیتی، گوتی ئەوە چییە؟ منیش گوتم ئەوە پەیکەرێکم دروست کردووە. گوتی: بەچی دروستت کردووە؟ گوتم بەنان دروستم کردووە.

گوتی: هەی کافری مەلعوون ئەوە نانت ئاوا لێکردووە. گوتم: حەی حەی من بە تەمای چی بووم، ئەوە دەڵێ چی، هەمووویان تورک بوون، گوێم لێ بوو یەکێک بە فارسی پرسی ئەوە چ باسە، گوتیان ئەو کافرە مەلعوونە بە نان هاتووە پەیکەری دروست کردووە. هات دەرکەی کردەوە و گوتی رێگە هەیە سەیری بکەم، گوتم بە ئاوی زارم دروستم کردووە، لەوانەیە پێت پیس بێت. گوتی: نەخێر تکایە بهێڵە سەیری بکەم. لێرەدابوو جیاوازی کولتووری فارس و تورک بە زەقی خۆی دەرخست. ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو زۆر جیاواز بوو، گوتی دەکرێ ئەوە بدەی بەمن؟ گوتی ئەگەر بمدەیەی لەسەر تەلەڤزیۆنەکەی خۆمانی دادەنێم. گوتم: کورە هەر لە کۆڵمی کەوە با پێوەی تووشی گرفتێکی دیکە نەبم. پاش ماوەیەک دوو کاتژمێرێکی خایاند، پەرداخێک چای بۆ هێنام، ئەوەش بۆ من بوو بە بیرەوەرییەک.

**رامان:** لەکۆتاییدا شتێک ماوە حەز بکەی باسی بکەیت؟

**نامۆ:** زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونتان.

*** محەممەد ساڵح رۆستەم زادە لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری بۆکان لە دایک بووە.**

*** فارسی و ئینگلیزی دەزانێ، کەمێکیش تورکی و عەرەبی شارەزایە.**

*** ١٩٨٨-١٩٩٣ بکالۆریۆسی وێنەکێشانی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران- بەشی شێوەکاری تەواو کردووە.**

*** ١٩٩٩- ٢٠٠١ ماستەری وێنەکێشانی بە پلەی نایاب لە کۆلێژی هونەری زانکۆی ئازادی- تاران تەواو کردووە.**

**پێشانگاکان:**

*** پێشانگای سەرشەقام، هاوبەش، بۆکان، ١٩٩٥/٥/١٥.**

*** پێشانگای تایبەت، سەنتەری کولتووری و هونەری بۆکان، ١٩٩٥/٧/١٢.**

*** پێشانگای تایبەت، سەنتەری کولتووری و هونەری بۆکان، ١٩٩٦/١١/٢٥.**

*** پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی بۆکان، بۆکان، ١٩٩٧/٣/١٢.**

*** پێشانگای تایبەت، کۆمەڵگەی چاوباز، بۆکان، ١٩٩٧/٩/٢٩.**

*** پێشانگای تایبەت، سەنتەری کولتووری و هونەری بۆکان، ١٩٩٨/١١/٢٣.**

*** پێشانگای تایبەت، گالێری ئێرشاد سنە، ١٩٩٨/٣/٢٦.**

*** پێشانگای تایبەتی کاریکاتێر، گالێری ئیرشاد، سنە، ١٩٩٩/٧/١٣.**

*** پێشانگای تایبەت، بۆکان، ١٩٩٩/١١/٤.**

*** پێشانگای تایبەتی شێوەکاری و هێڵکاری، گالێری ئیرشاد، سنە، ٢٠٠٠/٤/٢٣.**

*** پێشانگای تایبەتی شێوەکاری، گالێری ئیرشاد، سنە، ٢٠٠١/١/٢٩.**

*** پێشانگای تایبەت (X-plastic)، گالێری بەنەفشە، تاران، ٢٠٠١/٤/٢٨.**

*** پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە، بۆکان، ٢٠٠٢/٨/٣١.**

*** پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، سەنتەری کولتووری و هونەری موکریان، سەقز، ٢٠٠٢/١١/٢.**

*** پێشانگای تایبەت (X-plastic)، هۆڵی عەلیزادە، بۆکان، ٢٠٠٣/٣/٣٠.**

*** پێشانگای تایبەتی کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە، بۆکان، ٢٠٠٣/٨/٥.**

*** پێشانگای تایبەتی کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە، بۆکان، ٢٠٠٣/١٠/٨.**

*** پێشانگای تایبەتی (X-Plastic)، گالێری موزەخانە، سلێمانی، ٢٠٠٦/٦/١٧.**

*** پێشانگای تایبەت (X- plastic)، گالێری میدیا،**

سەنتەری زناک، هەولێر، ٢٠٠٦/٩/٩.

* پێشانگای کاریکاتێر، هاوبەش، کەمپی پەنابەرانی مەخموور، ٢٠٠٨/٤/٢٢.

* پێشانگای تایبەت (X-plastic)، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، هەولێر، ٢٠٠٨/٥/١١.

* پێشانگای هاوبەش، گالێری شانەدەر، هەولێر، ٢٠٠٩/١/١.

* پێشانگای هاوبەشی پۆرترێت، پەیمانگای هونەرە جوانەکان، هەولێر، ٢٠٠١/٥/١١.

ئەزموون و چالاکییەکان:

١٩٨٥- ١٩٨٧ مامۆستا لە گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان.

١٩٩٨- ١٩٩٣ بەڕێوەبردنی فێرگەی هونەری «کانی هونەر» لە شاری تاران ١٩٩٤ مامۆستای وێنەکێشان لە سەنتەری کولتووری و هونەری بۆکان (مجتمع فرهنگی هنری) بۆ ماوەی ٣ ساڵ.

١٩٩٧-١٩٩٨ مامۆستای بەشی شێوەکاری و گرافیک لە ڕێکخراوی هونەری «رسام هنر» بەشی ڕۆژئاوای ئێران، لکی بۆکان.

١٩٩٩-٢٠٠١ وانەبێژی هونەر لە شاری بۆکان.

١٩٩٩-٢٠٠١ دامەزراندنی فێرگەی هونەری «کانی هونەر» بۆ دووەمین جار لە شاری تاران.

٢٠٠١ بەڕێوەبردنی سمینارێک لەسەر هونەری شێوەکاری، لە ئەمیرئابادی تاران.

٢٠٠١ ئەندامی فەخری ئەنجوومەنی هونەرمەندانی شێوەکار و پەیکەرسازی ئێران.

٢٠٠١ ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی مەهاباد.

٢٠٠٢- ٢٠٠٣ بەڕێوەبردنی سمینارێک سەبارەت بە هونەر بۆ مامۆستایانی بەشی پەروەردە لە بانە.

٢٠٠٣ ئەندامی لیژنەی سێ کەسی بۆ هەڵبژردنی بەرهەمی لاوانی ڕۆژئاوای ئێران (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان، لۆرستان، ئیلام).

٢٠٠٣ بەڕێوەبردنی سمینارێکی تایبەت بە هونەری مۆدێرن لە مەریوان مانگی ١٠ ساڵی ٢٠٠٤ وەک پەنابەر ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان.

٢٠٠٤-٢٠٠٥ دامەزران بە شێوەی گرێبەست لە کۆلێژی هونەری شاری سلێمانی.

٢٠٠٦ بەڕێوەبردنی سمینارێک لەسەر خاتووزین، ژنە کوردی پەیکەرساز، گالێری ئارام، سلێمانی.

٢٠٠٦ بەڕێوەبردنی سمینارێک لەسەر بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی، گالێری ئارام، سلێمانی.

٢٠٠٦ پرۆژەی منارە، ڤیدیۆ ئارت، سلێمانی.

٢٠٠٧ ئەندامی کارای ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان K.A.O، هەولێر.

٢٠٠٧ ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هەولێر.

٢٠٠٧ سەهۆڵ و خۆشەویستی، بەشداری لە پرۆژەی ئێنێستیلەیشن، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، هەولێر.

٢٠٠٨ لە هەمبەر سینەمایەکی داخراودا، پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، هەولێر.

٢٠٠٩ من پەنابەرم، پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، هۆڵی مێدیا، هەولێر، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی پەنابەران.

٢٠٠٩ پەنجەکانمان هێشتا سپیین، پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، هەولێر.

٢٠٠٩ سێوەکانی ڤالێنتاین، پرۆژەی پێرفۆرمەنس، هەولێر.

٢٠١٠ پێشاندانی ڤیدیۆی پەنجەکانمان هێشتا سپیین، دیکۆمێنتی ڤیدیۆیی پێرفۆرمەنس، ڕێکخراوی هونەری ئارت رۆل، بەریتانیا، لەندەن.

٢٠١٠ خێوەتێک لە وشە، پرۆژەی پێرفۆرمەنس، پارکی شانەدەر، هەولێر.

٢٠٠٧- ٢٠٠٩- ٢٠١٠ ئەندامی لیژنەی فیستیڤاڵی هەڵبژاردنی لاوی ساڵ.

کتێبی چاپکراو:

* و... ئێستاش مرۆڤ، کتێبی کاریکاتێر، دەزگای تاو.

* هونەر و تێکنۆلۆژی، دەزگای موکریانی.

# تێکستی ژنان
# لە دەفتەرەکانی (یارسان)دا

## لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرەتای شیعری سۆفیگەرییانەی ئافرەتان بە زمانی کوردی

لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی
نامق هەورامی

**(١ - ٢)**

**دەربازە:**

بێ دوودڵی دەیڵێم کە ئێمەی کورد دەبێت لە ئاستی گەورەیی پیر و یارانی ئەهلی هەقدا خۆمان بە قەرزار بزانین، چونکە ئەرشیڤێکی گەورەیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە، ئەویش بە ڕێگای پەیڕەوانی ئەو ئایینەوە کە سەرجەم کەلام و بەیت و مەراسیمە ئایینییەکانی خۆیان، کە بەشێکن لە دێرۆکی ئەدەبی ئێمە لە ڕێگای لەبەرکردنەوەوە پاراستووە و ئەمڕۆ وەک سەرچاوەیەکی گرانبەها دێتە ژماردن. بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە چەند لاپەڕەیەکی درەوشاوە و کەم وێنە لە ئەدەبی نەتەوەکەماندا دەردەکەوێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین وەک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستییانە ئەوەندەی لە توانایماندا بێت قسە لەسەر بەرهەم و ژیانی کۆمەڵێک ئافرەتی شاعیری گومناو و نموونە شیعریان بکەم، کە جێ پەنجەیان بەسەر سەرەنجام و دەفتەر و کەلامەکانی ئەم ئایینەوە دیارە، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دێرۆکی ئەم نەتەوەیە لێوانلێوە لە سەربەرزی و درەوشانەوە.

ئەم هەنگاوەی ئێمە تەنیا خستنە بەردەستی وێنەیەکی تازەیە و نابێتە دوایین حەقیقەت، وەک ئەوەی بارت لە کتێبی ڕەخنە و حەقیقەتدا دایڕشتووە و بڕوای وایە " دووبارە تێڕوانین لە بەرهەمە کلاسیکییەکان بەتێگەشتنێکی نوێوە، یەکێکە لە ڕەوتە باشەکانی بەها دۆزینەوە لە ئەدەبیاتدا"(١) گەلی کورد بەر لە هاتنی ئۆردووی داگیرکەران بۆ وڵاتەکەیان نموونەی گەلێکی زیندوو بوون، ئافرەتانیش وەک پیاوان لەسەرجەم ماف و ئەرکەکاندا نەخشی بەرچاویان هەبووە، دیارە ئەمەش هەڵقوڵاوی بیری ئایینی ڕەسەنی کوردان بووە. ئەو خانمە شاعیرانەی لێرەدا باس لە ژیان و بەرهەمیان دەکرێت سەرجەمیان جگە لە (نەرگز خانمی جاف) شیعرەکانیان بە زوانی کوردی هەورامی نووسیوە، چونکە ئەو زوانە زوانی ڕەسمیی ئەو ئایینەیە کە لەپاش لاوازبوونی ئایینی زەردەشت بە چڕوپڕترین و پڕخەڵکترین و کاملترین ئایینی کوردی دێتە ژماردن کە ئەویش (ئایینی یارسان، یان ئەهلی هەق)ە و یەکێکە لەو گەرەنتییانەی کە تا ئەو ئایینە برەوی هەبێت و پەیڕەوکارێکی هەبێت هەورامی، یان ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن ماچۆ لە برەودا دەبێت، وەک ئەوەی محەمەد عەلی سوڵتانی دەڵێت " وەک چۆن لە هەر کوێدا موسوڵمانێک هەبێت لەوێدا زمانی عەرەبی هەیە، بەو شێوەیەش لەهەرکوێدا ئەهلی هەقێک هەبێت

لەوێش هەورامی هەیە(٢)، ئەگەرچی کەمترین پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە جوگرافیای هەوراماندان و زۆرترینیان لە ناوچەکانی (کرماشان و تەوریز و مازندەران و تاران و ئازەربایجان و خانەقین و کەرکووک و گەرمیان و سفەیە و وەردەک و ناوچەی شەبەک نشین و تاد) دان، بەڵام شێوەی ئاخاوتن و نیاییشی خەڵکەکە زوانی کوردی هەورامییە و پەیڕەوانیش بەخۆیان دەڵێن (ماچۆ)، کە هێمایە بە زوانی هەورامی، بەم پێیە ئەوانە بەشێکن لە هەورامان و خۆشیان شانازی بە هەورامی بوونی خۆیانەوە دەکەن، ئەمەش سەلمێنەری ڕایەکەی بەڕێز سوڵتانییە.عابیدینی جاف یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئایینی ئەهلی هەق، لە شارەزوور لەدایک بووە و یەکێکە لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی سان سەهاکی بەرزنجی و جێ پەنجەی لەسەر (نامەی سەرەنجام) دیارە. لە شیعرێکی درێژدا کە باس لە مەیل و ئارەزووی خۆی بۆ ئایینی ئەهلی هەق و بنەما و فەلسەفەی ئەو ئایینە دەکات لە جێگەیەکدا دەڵێت:

**بە پێی وتەی سەرەنجامم**
**لەم شارەزووره هەنجامم**
**یارم لەوێ ئەدا کامم**
**لە بادە پڕ ئەکا جامم**
**سارێژ ئەکا ئێش و زامم**
**تا بگەمە هیمی و دامم**
**من عابیدینی هەورامم**
**دڵداری جوانی خواجامم**

یان لە جێگەیەکی دیکەدا هەورامان بە شاری خۆی دەزانێت، چونکە هەورامان یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق و چەندین جێگای پیرۆزیان لە هەوراماندا هەیە، لەوانە (گوندی هاوار، کە خاکی پیرۆزی ئەهلی هەق) و (شێخان، کە پایتەختی دەسەڵاتداری کاکەییەکان بووە و ڕووباری پیرۆزی سیروان بە قەراغ ئەو گوندەدا دەڕوات).

(پردیوەر) لە هەورامانە، ئارامگەی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی (سان سەهاک)ی لێیە و قیبلەی ئەهلی هەقەکانە، هەرچەندە لە باوەڕی یارساندا بەهۆی باوەڕ بوون بە (دۆنادۆن و یەکێتی بوونەوە) هەریەک لە (جەم، دڵ)یش بە قیبلە دەزانن، وەک ئەوەی شێخ ئەمیر دەڵێت:

**کاوە (کەعبە)ی من خاسەن نەسەنگ نەبەردەن**
**سەفای جەم یار شفای کول دەردەن**
**کاوەی من خاسەن بامۆزد و میزان**
**کاوەی من خاسەن وەجەوزێ ڕەزان**

ئەمە تەواو لەگەڵ ئەو شیعرەی مەولانادا یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت:

**تواف کعبە دل کن اگر دلی داری**
**دلست مقصود تو سنگ و گل چە پنداری**
**کمر بە خدمت دلها ببند چاکروار**
**کە بر گشاید در تو تریق اسراری**

لەناو یارسانەکاندا هەورامان و زوانەکەی پیرۆزییەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە، عابدین لەبارەی هەورامانەوە دەڵێت:

**شاری هورمزگانم جوانە**
**ئەم شارە بۆ یاران خوانە**
**ئاگرکانی گشت ماوە**
**گەرچی گەلێکی ڕماوە**
**باغ و بەری فراوانە**
**هەتا حەز بکەی ئاوانە**

زۆرێک لەوانەی کەمەندکێش و باتنداری ئەم ئایینە بوگن، هەورامییان کردووەتە زوانی خۆیان، بۆ ئەمەش بەڵگەی فرە و فراوانمان لەبەردەستان لە سەرەنجام و باقی دەفتەر و دەورەکانی تردا، کە ئەوانەی لە (بوڵغاریا و چین و یەمەن و کابوڵ و مەغریب و شام و مەککە و ئەستەنبوڵ و هیندستان)ەوە هاتوون و بە هەورامی بەیت و کەلامەکانیان نووسیوەتەوە. بابا هندوو کە لەهیندستانەوە هاتووە، بەم جۆرە باس لە هەورامان و هەورامی بەپیرۆزی دەکات و دەڵێت:

**وە ویت عەیانەن وەویت عەیانەن**
**ئینە ئەرەمای زاتی سوڵتانەن**
**پیرە بنیامین وەویت عەیانەن**
**واتەی هەورامی جەسەر زوانەن**
**سوڵتانم ساحێو هەردوو جیهانەن**
**مەکانش دورەن دورش مەکانەن(٣).**

واتە:

لە تۆ ئاشکرا و دیارە ئەی بنیامین کە ئەمە نیشانەی حەزرەتی سوڵتانە کە بە زمانی هەورامی لەسەر زارمانە و ئەو خاوەنی هەردوو دنیایە و ئەو لە دورە و دوریش لەوە.

لە بەندی ١١ی هەمان دەورەدا بابا هندۆ لەبارەی ئایین و زوانی خۆیەوە دەڵێت:

**بەسیان وەبارم، بەسیان وەبارم**
**بار یاری چیگا، بەسیان وەبارم**
**ویم عەبدو مەیتەر شای ساحیب کارم**
**خدمەت مەکەرو هیچ نیا عارم(٤)**

بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**جە زوان ویا بەینێن بیزارم**
**زوان هەورامی ئاما وەچارم(٥)**

واتە:لێرە باری ئایینی وەک ئەرکێک کەوتە سەرشانم و من وەک بەندە و مەیتەرێک لەخزمەتی شادا خزمەت دەکەم و بە کەمی نازانم، تا دەگاتە ئەوەی بلێت:

لە زمانی خۆم کە زمانی هیندییە، ماوەیەکە بێزار و بێ تاقەتم و بۆ چارەسەری بێ تاقەتی و بێزارییەکەم زوانی هەورامی هات بە فریامەوە و چارەی کردم، کە ئاماژەیە بۆ ئایینی یاری کە بەزمانی هەورامییە.مەسەلەی هەورامان و زمانی هەورامی بۆ یارسانەکان ئەرکی ئایینییە و دەبێت پێوەی پەیوەست بن و خودی سوڵتان بەشای هەورامان ناسراوە و هەر خودی حەزرەتی شای هەورامان بە پەیڕەوکار و یارانی دەڵێت:

**هەرکەس جەوزش دان، هەرکەس جەوزش دان**
**نە دلی یاران، هەرکەس جەوزش دان**
**پەی کردەی ویەردە نەوو پەشیمان**
**دایم بواچۆ خوداما سوڵتان**
**دایم ناو یار باران وە زوان**
**پەی ڕای سەرەو ویش بوەخشتانان**
**وەماڵ دنیا نەویش سەرگەردان**
**دایم بواچۆ سەرم سپاران**
**سەڵام هەن وەدەس شای هەورامان**
**هەرچی مەکەرو هەن سایەو سەرمان**
**ئیختیار وە ویشەن پەی ئاماو لوان(٦)**

واتە:

هەرکەس سەری سپاردووە بەم ئایینە و گوێزی سەرسپاردنی شکاندووە (ئەمە ترادسیۆنێکە لەناو یارسانەکاندا، دەبێت هەموو منداڵێک کە لەدایک دەبێت، یان هەرکەسێک ئایینی یاری قبووڵ دەکات، مەراسیمێکی لەجەمدا بۆ سازبکەن و گوێزی بۆ بشکێنن، ئەمە مەراسیمێکی تایبەتە و لە دەرفەتێکی تردا بە بابەتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە دەنووسین).

لەناو یاراندا نابێت کەس لە ڕابردووی خۆی پەشیمان بێت و هەمیشە بڵێت خودام سوڵتانە و لەم پێناوەدا گیان فیدا بن و ماڵی دنیا وایان لێ نەکات لەبیریان بچێتەوە، سەریان سپاردووە و سڵاو و سوپاسگوزاری شای هەورامانین و ئەو سایە و سێبەرمانە و هاتن و چون و مردن و ژیانمان لەدەستی ئەودایە.

ئەسڵی بابەتەکە ئەدەب و سۆفیگەری ئافرەتانە لە ئایینی یارساندا، بەڵام ئەم دەرکەوتنە بەرچاوە لەخۆڕا نییە و نابێت میللەتێک ئەم پێشکەوتنە گەورەیەی هەبێت بەبێ بوونی ڕەگێکی مێژوویی قووڵ.

دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەر لە زایین ئاریاییەکان گەورەترین جمانی مرۆییان لەمێژوودا تۆمارکرد و بەرەو هیند و سەرزەمینی ئێران (مەبەست لەسەرزەمینی ئارياييەکانە)هاتن، بەبڕوای مێژوونووسان شارستانیەتی ئاریاییەکان ڕەسەنترین توخمی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە، ئەمانە لەگەڵ هاتنیان شارستانیەتێکی گەورەیان پێ بوو، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا ئەلبانییە کۆنەکان زۆر پێشکەوتوو بوون، بەڵام وەک دیاکۆنۆف دەڵێت: "سەرباری لێکچوونی فەرهەنگی مادەکان(٧) و ئەلبانییە کۆنەکان کە لەو سەردەمەدا لەپێشەنگی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بوون، ناکرێت بگوترێت مادەکان کاریگەر بوون بە ئەلبانەکان، لەوانەیە ئەلبانییەکان لە زۆر ڕووەوە لەژێر کاریگەری مادەکاندا بووبن"(٨).

پێگەی ژن لەناو مادەکاندا زۆر هێقم و چەسپاو بووە، نموونەی زیندووی ئەمەش (سترابۆن) باسی دەکات، لە ساڵی ٦١٢ پ.ز، کاتێک (هوەخشتەر)ی ماد شاری مووسڵ داگیر دەکات، ئافرەتێکی میدی دەکات بە پارێزگاری ئەو شارە(٩).

لە ڕووی ئایینیشەوە لەناو زاگرۆس نشینەکاندا ئافرەت پێگەی ئایینی خۆی هەبووە، لە ئایینی میترائیسمدا پایەی دووەمی ئەو کەسانەی دەچنە بازنەی ئایینداریيەوە پێیان دەگوترێت (هامسەر، یان هاوسەر) و بە یۆنانی پێی گوتراوە «نیمفوس(١٠) - (nymphus)» و ئاماژەیە بۆ ئەستێرەی زوهرە، کە کاتی خۆی (ناهید)ی پێ گوتراوە و (ئاناهیتا) ش یەکێکە لە سیمبولە دیارەکانی ژن لەم ئایینەدا، کە شوێنەوارەکەی لە شاری (کەنگاوەر)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەم ئایینە کاریگەری لەسەر ئایینەکانی زەردەشتی و مەسیحیەت و ئیسلامیشدا کردووە، لە ئایینی میترائیسمدا ئەو شوێنەی نیاییشی لێکراوە ڕوو بەخۆر

بووە و پێی گوتراوە (میهرابە)، کە هەمان شت لە ئیسلامدا هەیە و پێی دەگوترێت «محراب» (١١).

پاش ئایینی میترائیسم لەناو مادەکاندا ئایینێکی دیکە دەرکەوت، کە ئایینی زەردەشتییەتە، سیما دیارەکانی ئەم ئایینە ژینگەپارێزی و ژن پارێزییە. لە ئایینی زەردەشتدا خولقاندنی ژن و پیاو جیاوازی نییە و هەردووکیان لەیەک ڕیشەن.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی میهردا دوو ساقە ڕێواسی لەیەک ئاڵاو لە زەمیندا سەریان دەرهاورد و وردە وردە لەشێوەی گیاوە گۆڕان بۆ مرۆڤ و یەکێکیان نێر بوو، ئەوی دیکەیان مێ، نێرەکە ناوی نرا (مەشی) و مێیەکەش «مەشیانە» (١٢).

یەکەمین قسەیەک دوای ستایشی ئاهورامەزدا، کە مەشی و مەشیانە کردیان گوتیان: "هەرکام لە ئێمە دەبێت خۆشنوود و دڵگەرم و خۆشەویستی و دۆستی یەکتر قبووڵ بکەین". لەوەش گرنگتر قسە و پێشنیارەکەی خودی ئەشو زەردەشتە کاتێک کە (جاماسب) ی دانا و ئەستێرەناس بۆ کچەکەی هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری، لەو کاتەدا بە (پروچیستا)ی کچی دەڵێت: "من جاماسبم بۆ هاوسەری تۆ پێشنیار کردووە، تۆ بە عەقڵ و فامی خۆت پرس و ڕا بکە و بزانە ئایا ئەو کەسە شایستەی هاوسەری تۆیە، یان نا".

ئەوەشمان لەبیر بێت لەناو زاگرۆس نشینەکان و ئارییاییەکاندا چەندین ژنی بە ناو و پێگەمان هەن وەک لە بەرگی ١١ ی کتێبی (فرزانگان ایران)دا هاتووە، لەوانەش:

١- یوتاب، یەکێکە لەو ژنە مادانەی لەجەنگی دژی ئەسکەندەردا، لە کێوەکانی چوار مەحاڵی بەختیاریدا پاڵەوانییەتی نواندووە و دواتر بووەتە فەرمانڕەوای ئازەربایجان.

٢- ئاتوسا، فەرمانڕەوای زیاتر لە٢٨ وڵات بووە، لەسەردەمی داریوشی گەورەدا و لەبەرانبەر لەشکرکێشی یۆنانییەکاندا پاڵەوانیەتی نواندووە و (هرودوت)ی یۆنانی چەندین جار ناوی هێناوە.

٣- ئەرتاداخت، لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئەردەوانی چوارەمدا وەزیری دارایی بووە.

٤- ئازەر میدیخت، سی و دووەمین پاشای ساسانییەکان بووە.

٥- پەرین، کچی کەیقوباد بووە، ساڵی ٩٢٤ پێش زایین، هەزاران لاپەڕەی لە ئاوێستا کۆکردووەتەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا ئاوێستای بە تەواوی نووسیوەتەوە و دابەشی سەر دەوڵەتەکانی ئیمپراتۆریەتی مادی کردووە.

٦- پوران دوخت، بیست و پێنجەمین پادشای ساسانییەکان بووە.

پاش ئایینی زەردەشت ئایینێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، کە ڕیشەکەی لەنێو ئایینە کۆنەکانەوە دێتە دەرەوە ئەویش ئایینی یارسانە و لەم ئایینەشدا ژن و پیاو، یان ڕاستترە بێژین نێر و مێ لەیەک هەوێر دروستکراون و لە ئەرک و مافدا یەکسان بن، وەک ئەوەی لەسەرەنجامدا هاتووە:

**سکەی سابتی موهرەی نێروما**
**شەهادەت ڕموز ڕاستگۆ و ڕاهنوما**

**سۆفیزم:**

لێرەوە دەچینە نێو بابەتێک، یان بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەویش مەسەلەی سۆفیزمە، سۆفیزم بە مانا دروستەکەی بریتییە لە (التحلیة والتخلیة)، یەکەمیان واتە (توانەوە لە شتی باشدا) و دووەمیان بە مانای «دوورکەوتنەوە، یان دابڕان لە گشت شتێکی خراپ و بێزراو» (١٣).

مرۆڤ دەتوانێت بەبێ هیچ لەمپەر و بەربەستێک بگاتە ئەو حاڵەتانەی خۆی دەیەوێن، بەتایبەتی گەیشتن بە حەقیقەت، سۆفیگەری لە گشت ئایین و ڕێباز و کۆمەڵەیەکدا هەیە و هەر کۆمەڵە و ئایین و گرووپێکی سۆفیزم بەجۆرێک لەو مەسەلەیە گەیشتوون و لێکیان داوەتەوە.

**- سۆفیزم لە یۆناندا**

سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیزم لە یۆناندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین، سۆفیستا بەمانای شارەزا لە هەر بوارێکی مەعریفەدا، ئەمەش لە وشەی سۆفیستۆس- (sophistos) وەرگیراوە(١٤).

مەسەلەی بایەخدان بە مرۆڤ و ئاوێتەبوونی لەگەڵ خواوەند لە یۆناندا هەمیشە باس کراوە، لەسەدەی نۆیەمی بەر لە زاییندا هۆمیرۆسی گەورە شاعیری یۆنانی لە (ئەلیادە و ئۆدیسە) دا بە ڕوونی ئەمەی بەرجەستە کردووە، کاتێک لە ڕوانگەیەکی ئینسانییەوە شتە

مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، بەڕادەیەک هەموو سیفەتەکانی مرۆڤ دەبەخشێتە خواوەندەکان، ئەو کەسێکی ئاسایی فەرامۆش ناکات(١٥).

سۆفیستاییەکان باوەڕیان بەوە هەبوو مرۆڤ بەتەنیا بریتی نییە لە جەستە، ئەو جەستە و عەقڵی هەیە، دەبێت بەپێکهاتەی عەقڵی و جەستەییەوە ببێتە مرۆڤ، ناودارترین فەیلەسووفی سۆفستایی (بڕۆتا گوراس) بڕوای وایە کە مرۆڤ پێوەری خێر و شەڕە، ئەم بیرکردنەوانە سوقراتی نیگەران کرد و کەوتە هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەدژی بیر و فەلسەفەی سۆفستاییەکان، سوقرات و هاوڕێکانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنیا عەقڵ دەتوانێت مەعریفەی ڕاستەقینە لای مرۆڤ دروست بکات، دەرک کردن پێویستی بە مامۆستا نییە، چونکە شتێکی بەرجەستە، یان زانستێک نییە تا فێر بکرێت، سوقرات باوەڕی وابوو تەنیا چاکەیەک کە هەبێت، ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێت دەرکی چاکە بکات(١٧). خودی فەلسەفەی سۆفستایی لەکاتێکی هەستیاردا لە یۆنان دەرکەوت، ئەویش لاوازی باوەڕی ئایینی بوو، ئەمان هاتن بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

گەردوون چۆن دروست بوو، مرۆڤ چۆن ئافرێنرا، ژیانی دیکە کامەیە و چییە و چۆن دەبێت؟(١٨).

## - سۆفیزم لە هیندستان

هیند بە مەڵبەندێکی گرنگی بیری سۆفیزم لە جیهاندا دەناسرێت، هۆکاری ئەم ناسینە بۆ ئەو ژمارە زەوەندەی لە ئایین و بیروباوەڕە جیایانەی لەوێدا سەریان هەڵداوە دەگەڕێتەوە.

باوەڕی براهمی گەورەترین قوتابخانەی ئایینی و فەلسەفی سۆفیگەراییە لەو وڵاتەدا، کە زۆرترین ئەرزش و پەیڕەوکاری هەیە، براهەم وشەیەکی سانسکریتییە بەمانای «کەسێک گەردوونی ئافراندووە»(١٩) و گرنگترین کتێبەکانیان بریتی بوون لە (فیلا، مەهابەهاراتا، ڕمیایانا، بوراما) کە بە زمانی سانسکریتی، چەند سەدەیەک پێش زایین نووسراونەتەوە.

پاش پەیدابوونی ئایینەکانی دیکەی وەک (بودی) و (جاینی)، براهامییەکان گۆڕانکارییان لە ئایینەکەیاندا کرد بەجۆرێک لەبەین نەچێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، هاتن ئەم ئایینەیان لەگەڵ ئایینە نوێکانی ئەو سەردەمە و داستان و میتۆلۆژیاکاندا ئاوێتە کرد و ئایینێکی تازەیان بەرهەم هێنا بەناوی (هیندۆسی)، ئەم ئایینە تازەیە چووە ڕیزبەندی یەکەم و کتێبی پیرۆزیان (ریک ڤیدا) بوو، ڤیداکان چوار بەشن (ریگ ڤیدا، ساماڤیدا، یاجور ڤیدا، ئاتەرڤە ڤیدا) کە بەشێوەی نووسینی (دیڤاناجاری) و بە زمانی کۆنی سانسکریتی نووسراونەتەوە(٢٠).

لە دوای ئەویش ئایینی بودی بە پلەی دووەم هەژمار کرا کە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ تەمەنی هەیە و زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن شوێنکەوتووی هەیە لە هیند و چین و ژاپۆن و تبت و زۆر جێگەی تر، بودا وشەیەکی سانسکریتییە، بەمانای «گەیشتن بە کەماڵ»(٢١)، هەر دوو کتێبی (تری بیتاکا، بیتاکا) پیرۆزترین کتێبی ئەوانن.

بەشێوەیەکی گشتی سۆفیگەری هیندی بە بودایی و هیندۆسییەوە کۆمەڵێک وێکچوویان هەیە لەمەڕ ژیان و نەفس و خەڵوەتەوە، کۆی ئەو چەمکانە لە ڕستەیەکدا بەرجەستە دەبێت ئەویش (دەستبەرداری دنیا و ئارەزووەکان بۆ گەیشتن بە نەمری و پاکبوونەوە و ئاسوودەیی ڕوحی)، ئەمەش وەک شوناسی فەلسەفەی سۆفیزمی هیندی دەناسرێتەوە.

دۆنادۆن تاکە ڕێگەیە لای ئەوان بۆ گەیشتن بە پلەی نیروانا و دوورکەوتنەوە لە بێزاری.

نیروانا لەزمانی سانسکریتیدا بەمانای داماڵین دێت، لای بەراهیمییەکان بەمانای کوژانەوەی مۆمی ناخ و فەنابوون دێت، ئەبوڕەیحانی بیرونی وای دەبینێت نیروانا ئەنجامی گەیشتنە بە کامڵ بوون و حەقیقەت(٢٢).

هەروەها بەراهیمییەکان چەند قۆناغێکیان هەیە بۆ نەمان وەک ئەوەی لە زاراوەکانی سۆفیزمدا پێی دەگوترێت(الفناء):

١- داواکاری و پابەندبوونی مورید بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ڕابەرەکەیەوە.

٢- زاهید و گۆشەگیرانە بژیەت.

٣- قۆناغی نیروانا و بیرچوونەوەی خود.

ئەمە جگە لەوەی لە بودایزمیشدا هەشت قۆناغ هەن بۆ ئەو کارە(٢٣).

## - سۆفیزمی عەرەبی

هەندێک لەو باوەڕەدان سەرەتا سۆفیزمی عەرەبی لە

بەسرە دامەزرا و یەکەمین کەسێک ماڵەکەی خۆی کردە شوێنی کۆبوونەوەی سۆفییان، هەندێک لە یارانی (عەبدولواحیدی کوڕی زەید) بوون، کە ئەویش هاوەڵ و یاری (حەسەنی بەسری) یە.

دیارە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە لە بەسرە بۆ ئەو توندڕەوییە ئایینییە دەگەڕێتەوە کە لەو شارەدا هەبوو.

سەبارەت بە ناوی سۆفی لێکدانەوەی جودا هەیە، «نەجمەدین کەبری(٢٤)» دەڵێت: وشەی سۆفی لە خورییەوە هاتووە و یەکەمین کەسانێک کە بەرگی خورییان پۆشی ئادەم و حەوا بوون، چونکە کە هاتنە سەرزەوی ڕووت بوون، جوبرەئیل بەرخێکی بۆ هاوردن و ئەوانیش خورییەکەیان لێکردەوە و حەوا ڕستی و کردی بە جلوبەرگ بۆ هەردووکیان(٢٥).

هەندێک بیروبۆچونی تر هەن لەسەر ناوی سۆفی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- وشەی سۆفی لە (سوفیا)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، واتە ژیر و دانا .

٢- لە (الصفا)وە هاتووە، واتە ڕوون و بەر چاو خاوێن.

٣- ئەم ناوە لە (أهل الصفة)وە هاتووە، کەسانێک بوون لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) کە هەژار و دەستکورت بوون لە مزگەوت ژیانیان بەسەر دەبرد.

٤- مەبەست لەوانەیە کە لە خواپەرستیدا هەمیشە لە ریزی پێشەوەن.

٥- لە (بني صوفه)وە هاتووە، کە هۆزێک بوون پێش هاتنی ئیسلام خزمەتی کەعبەیان دەکرد.

٦- یەکەم کەس کە خزمەتکاری ماڵی خوای کردووە پێی وتراوە(صوفة) ناوی (الغوث بن مر) بوو.

٧- ناوەکە بۆ (صوفة بن بشر) دەگەڕێننەوە، کە کابرایەکی ناودار بوو بە خواپەرستی پێش هاتنی ئیسلام.

سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای ئەلتستری لەبارەی میتودی سۆفیزمەوە دەڵێت:" سۆفیزم لەسەر بنەمای چاولێکەری پێغەمبەر لە کار و ڕەوشتدا، خواردنی حەڵاڵ، نییەت پاکی لە گشت کارێکدا دامەزراوە(٢٦).

هەر لەم بارەیەوە (ابوالفتح البستي) لەسەر ناوی سۆفی و جیاوازییەکان بەم دێرە شیعرە وەڵام دەداتەوە:

**تنازع النــاس فی الصوفی واختلفوا**
**وظنه البعض مشتقا من الصــوف**
**ولست أمنح هذا الاســم غيــر فتـى**
**صافي فصوفي حتى سمى الصوفي(٢٧)**

ڕێبازەکانی سۆفیزم لە دنیای ئیسلامیدا زیاترینیان لە دوو تەوەردان کە ئەوانیش:

- ئەهلی شەریعەت: ئەمە بەو کەسانە دەگوترێت کە ئایینیان بەشێوەی فۆرمی باو وەک ئەوەی لە نۆرمە باوەکانی ئاییندا هاتووە، بەمانەش دەگوترێت خەڵکی گشتی، یان ڕووکار.

- ئەهلی تەریقەت: ئەوانەن شوێنکەوتەی ڕێبازە سۆفییەکانن، ئەمڕۆ لە کوردستاندا، دەتوانین تەریقەتی نەقشبەندی و تەریقەتی قادری وەک دوو سامپڵ بۆ ئەم ئەهلی تەریقەتە ناو بهێنین.

- ئەهلی حەقیقەت: ئەمانە بە ئەهلی باتن، یان باتنداریش ناودەبرێن و بڕوایان وایە کە مرۆڤ مادام بۆ ئەوە هەوڵ دەدات بگاتە حەقیقەت ئیدی پێویستی بە تەیکردنی قۆناغەکانی شەریعەت و تەریقەت نییە، ئەمە لەناو یارسانەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە، هەرچەندە هەڵەیە یارسان لەگەڵ سۆفیزمی ئیسلامیدا باس بکرێت، سۆفیزمی یارسان، یان باشترە بڵێین قوتابخانەی فیکری سان سەهاک، ئەو قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی سۆفیزمی سەربەخۆ و تایبەتە، بەڵام وەک نموونە ناوی یارسانمان هێناوە.

یارسانەکان (ئەهلی هەق) بەناوەکەیاندا دیارە کە تەنیا ئەهلی حەقیقەتن، وەک ئەوەی (قولی) سەبارەت بە بنەمای ئایینی یارسان لە کەلامێکدا بە بەراورد لەگەڵ شەریعەتدا، بەم جۆرە باسی دەکات و دەڵێت: "

**جەلا دا وەشەرع، شەرعش شەریعەت**
**خەڵکان غافڵ کەرد نەڕای حەقیقەت(٢٨).**

بەشێک لە سۆفییەکان باوەڕیان وایە کە شەریعەت و پەیڕەوکردنی کاری خەڵکە ئاساییەکەیە، بەڵام حەقیقەت کاری چینە تایبەتەکەیە، ڕێبازەکانی سۆفیزم لە دنیای ئیسلامیدا زۆرن لەوانەش: (تیجانی، دامەزرێنەرەکەی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی موختاری تیجانییە، شازلی، دامەزرێنەرەکەی ئەبوحەسەن عەلی کوڕی عەبدوڵڵای مەغرىبییە، سنوسییە، خەتمییە، نەقشبەندی، قادری، ڕفاعی،.......تاد)

**- پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری عەرەبیدا:**

سەرلەبەری لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی سۆفیگەری عەرەبی بگەڕێیت جگە لەناوی ڕابیعەی عەدەوییە، کەسێکی ترت بەرچاوناکەوێت لەو بوارەدا.

ڕابیعە کچی ئیسماعیل عەدەوییە بەسرەییە، لەسەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچی لەبەسرە لەدایک بووە، ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوە، کە سەردەمی دەرکەوتنی ناودارانی وەک «حەسەنی بەسری، یەحیای کوڕی حەی، شافیعی، ئیمام مالیک، مەعرووفی کەرخی، ...تاد»(٢٩)یە، بۆیە ئاسان نەبووە لەو سەردەمەدا کەسێکی بەناوبانگی وەک ڕابیعە دەربکەوێت، چونکە کولتووری عەرەبی تا بە ئەمڕۆش مێینە بە کەم تەماشا دەکات، نەخاسمە لەسەرەتاکانی ئەو قۆناغەدا.

شتێک کە جوانترین سیمای شیعری ڕابیعەیە، ئەویش نیشاندانی خۆشەویستییەتی بۆ خودا، نە لەترسی دۆزەخ و نە لەخۆشی بەهەشت، بۆیە تاقانە و باڵاترین نموونەی شیعری عەرەبییە :

**إني جعلتك في الفؤاد محدّثي**
**وأبحث جسمي من أراد جلوسي**
**فالجسم مني للجليس مؤانسٌ**
**وحبيب قلبي في الفؤاد أنيسي**

سەراپای ئەم شعرە پڕیەتی لە جوانی، بۆیە لێرەدا شیعرەکە دادەنێمەوە بۆ ئەوەی تینوییەتی خوێنەر بشکێنێت و دواتر لەگەڵ تێکستی ژنە کوردەکاندا بەراورد بکرێت.

**أحبك حبين: حب الهوى**
**وحبّا لأنك أهل لذاكا**
**فأما الذي هو حبّ الهوى**
**فذكرُ شُغلت به عن سواكا**
**وأما الذي أنت أهلٌ له**
**فكشفُك الحُجب حتى أراكا**
**فما الحمدُ في ذا ولا ذاك لي**
**ولكن لك الحمد في ذا وذاكا**
**يا سروري ومنيتي وعمادي**
**وأنيسي وعُدتي ومرادي**
**أنت روح الفؤاد أنت رجائي**
**أنت لي مؤنس وشوق كزادي**
**أنت لولاك يا حياتي وأُنسي**
**ما تشتتُ في فسيح البلاد**
**كم بدت منِه وكم لك عندي**
**من عطاء ونعمةٍ وأيادي**
**حُبك الآن بُغيتي ونعيمي**
**وجلاءُ لعين قلبي الصادي**
**ليس لي عندك ما حييت براحٍ**
**أنت مني مُمَكنُ في السواد**
**إن تكن راضياً عليّ فإني**
**يا مُني القلب قد بدا إسعادي**
**راحتي يا إخوتي في خلوتي**
**وحبيبي دائما في حَضرتي**
**لم أجد لي عن هواة عِوضا**

**وهواه في البرايا محنتي**
**حيثما كنت أشاهدَ حسنه**
**فهو محرابي إليهَ قبلتي**
**إن أمت وجداً وما ثم رضا**
**واعَنَائي في الوري وشقوَتي**
**يا طبيب القلب يا كل المني**
**جُد بوصلٍ منك يشفي مُهجتي**
**يا سروري وحياتي دائما**
**نشأتي منك وأيضا نشوتي**
**قد هجرتُ الخلق جمعا أرتجي**
**منك وصلا فهو أقصي مُنيتي**
**وارحمتاً للعاشقين ! قلوبهم**
**في تيه ميدان المحبة هائمه**
**قامت قيامة عشقهم فنفوسهم**
**أبداً علي قدم التذلل قائمه**
**إما إلي جنات وصل دائما**
**أو نار صد للقلوب ملازمه**
**وزادي قليلً ما أراه مُبلّغي**

**أللزاد أبكي أم لطول مسافتي**
**أتحرقُني بالنار يا غاية المني**
**فأين رجائي فيك أين مخافتي**
**إني جعلتك في الفؤاد محدثي**
**وأبحثُ جسمي من أراد جلوسي**
**فالجسم من للجليس مؤانس**
**وحبيب قلبي في الفؤاد أنيسي**
**كأسي وخمري والنديم ثلاثة**
**وأنا المشوقة في المحبة: رابعه**

**كأس المسرة والنعيم يديرها**
**ساقي المدام علي المدى متتابعه**
**فإذا نظرت فلا أُرى إلا له**
**وإذا حضرت فلا أُرى إلا معه**
**وتخللت مسلك الروح مني**
**وبه سمي الخليل خليلا**
**فإذا ما نطقتُ كنت حديثي**
**وإذا ما سكتُ كنت الغليلا**
**حبيبُ ليس يعدله حبيب**
**ولا لسواه في قلبي نصيب**
**حبيبُ غاب عن بصري وشخصي**
**ولكن في فؤادي ما يغيب**

**سۆفیگەری کوردی:**

سـۆفـیگەری کـوردی ئەوەی بەرچاوە لە هەردوو تەریقەتی نەقشی و قادریدا خۆی دەبینێتەوە، تەریقەتی نەقشی زۆرترین سیـما و مـۆرکی کـوردانەی پێوەیە، قـوتابخانەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی(٣٠)، کـە سەرچەمەکەی لە فەلسەفە و تەسەوفی هیندییەوەیە و سەردانی خودی مەولانا بۆ هیندستان و مۆڵەت وەرگرتنی شێخایەتی و خەلافەتی ڕەها لە ڕێبازی نەقشبەندیدا لەسەر دەستی (غـولام عـەلی عـەبدوڵلای دەهلەوی) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

تەریقەتی قـادری کـە لە ژێر کـاریگەری سـۆفیزمی عەرەبیدا دروست بووە و (شێخ عەبدولقادری گەیلانی ٤٧١-٥٦١ کۆچی) دامەزرێنەریەتی و بە (تاج العارفين و شيخ الشيوخ) ناسراوە، تەریقەتی قادری لە شام و عێراق و میسر و بەشێکی ئەفریقادا شوێنکەوتووی هەیە.

تەریقەتی قادری ئەم لقانەی هەیە(٣١):
- تەریقەتی قادری البودشيشية
- تەریقەتی قادری العركية
- تەریقەتی نەقشبەندی قادری
- تەریقەتی بریفکانی قادری
- تەریقەتی **العلية** القادرية الكسنزانية
- تەریقـەتی قـادری (بازنەی شـێخ حـەسـەنی قەرەچێوار)
- تەریقەتی الزعبية القادرية العلية

لەنێوان هەردوو تەریقەتدا کۆمەڵێک خاڵی جیاواز هەن کە گرنگترینیان مەسەلەی پەیوەست بوونی زیاتر بوو بە مەسەلەی ناسیونالستییەوە کە لەو سەردەمەدا بیری ئازادیخوازانەی گەلان لەترۆپکی تێکۆشاندا بوو، پاش کـۆچی دوایی مـەولانا، تەریقەتی نەقشبەندی جۆرە لاوازییەکی بەخۆیەوە بینی و لەبەرانبەردا تەریقەتی قـادری تێکەڵ بە بزووتنەوەی سـیـاسی بوو، لەو ڕێگەیەشەوە پەرەی سەند. هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە مەولانا لە دروستکردنی ئەو دەسەڵاتە مەبەستێکی سیاسی هەبووە، ئەو مەبەستی پێکهێنانی کیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ بوو بۆ کورد و بۆ ئەو مەبەستەش تێدەکۆشا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم کارە بکات، وەک دیاریشە زۆرێک لە خەلیفە و مورىدەکانی مەولانا و قوتابخانە و تەریقەتەکەی ڕابەری گەورەی کوردایەتی بوون(٣٢).

**یارسان:**

ناوی ئایینێکی کـوردییە و لە دوو وشـەی لێکدراو پێکهـاتووە (یار) و (سـان) واتە یارانی سـوڵتـان و ئاماژەیە بۆ سان سەهاکی بەرزنجی.

ئەگەرچی ئەم ئایینە بۆ پێش سەردەمی سانسەهاک دەگەڕێتەوە و کـۆنتـرە و بەڵگەش بۆ ئەمە ڕاپەڕینی موبارەک شا ناسراو بە شاخۆشین (٣٢٠ -٤١٠ی کۆچی مـانگی) و پێشتریش بالوولی ماهی، کـە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس یاخیبوونی دژ بەعەباسییەکان ڕاگەیاند، هەر ئەو بوو دروشمی سپی پۆشی هەڵگرت لە دژی ڕەش پۆشی عەباسییەکان، کە تا ئەمڕۆ لەناو پەیڕەوانی ئەهلی هەقـدا پەرچەم و پۆشـاکی سـپی نیشانەیە(٣٣).

بۆیە بڕوام وایە دەستەواژەی یارسان دەبێت بۆ قۆناغی ئاشکراکردنی ئەو ئایینە لەلایەن سـوڵتـان سـەهاکی بەرزنجییەوە بەکار بهێنرێت، لەو قۆناغەدا ئەم ئایینە گەیشتووەتە دوا ترۆپک و قۆناغی کاملبوون کە قۆناغی حەقیقەتە(٣٤).

قۆناغەکانی دیکە بریتین لە:
- قـۆناغی شەریعەت: قـۆناغی پێغەمبەرەکانە تا دەرکەوتنی مەولا عەلی.
- قۆناغی تەریقەت قۆناغی دەرکەوتنی مەولا عەلییە.
- قـۆناغی ماریفەت لە دەرکەوتنی موبارەک شای لوڕستانی ناسراو بە شاخۆشین دەست پێدەکات .
- قۆناغی حەقیقەت قۆناغی دەرکەوتنی سوڵتان و

یارانییەتی.

– هەروەها دەرکەوتنی بابا سەرهەنگی(٣٥) دەودانی لەگەڵ هەندێک لە یارانیدا بە چیاکانی هەورامانەدا دەگەڕێت و بانگەشەی زیندووکردنەوەی ئایینی کوردان دەکات:

**سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان**
**ئەز کە نامێمەن سەرهەنگی دەودان**
**چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان**
**مەکۆشم پەریٚ ئائینی کوردان**

ئەمانە وەک فاکتێک هێنراون بۆ کۆنی ئەم ئایینە، کەواتە بەهەرکام لە ناوەکانی ئەهلی هەق، یان کاکەیی، یان یارسان ناوبەرێن هەر یەک جەوهەر و ناوەرۆکی هەیە، بەرێز ئەیووب ڕۆستەم دەڵێت:

"خۆشیان بەشێوەیەکی گشتی وایان پێ باشە بە (یاری و یارسان) ناو بهێنرێن(٣٦)".

**نامەی سەرەنجام:**

گرنگترین و پیرۆزترین کتێبی یارسان، یان ئەهلی هەقەکانە و بە شێوەیەکی تەواوەتی لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لەلایەن سوڵتان و هاوەڵانییەوە بە دیالێکتی گۆرانی، یان هەورامی نووسراوەتەوە.

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە ئەم کتێبە بەسەر شەش بەشی سەرەکیدا پۆلێن کراوە ئەوانیش بریتین لە: "بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گڵیم و کۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام" کە بنەما و تایبەتمەندی و هەموو یاساورێساکانی ئەم ئایینە لێرەدا نووسراوە.

سەربارى ئەوانە چەندین کتێبی تریان هەیە کە بەپێی پۆلێن بەندی بەم جۆرەن:

١- دەورە: ئەو کتێبانەن پێشەکی دەورە بە ناوەکانیانەوە هەیە وەک" دەورەی بالوولی ماهی، دەورەی بابا سەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا ناوسی سەرگەتی، یان بابا ناوسی جاف، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دامیار، دەورەی شاقولی، دەورەی پیرئالی."

٢- ئەو کتێبانەی پێشگری (کەلام) بەناوەکانیانەوە هەیە لەوانەش:" کەلامی سەی ئاکبەری خامۆش، کەلامی پەردیوەری، کەلامی شاتەیموور، کەلامی زولفەقار، کەلامی جەناب، کەلامی قاسید، کەلامی مجرم، کەلامی خان ئەڵماس، کەلامی ئێڵبەگی جاف، کەلامی حەیدەری، کەلامی دەروێش ئاجاق کە ئەمەیان بە زمانی تورکی نووسراوە و کەلامی ئێڵبەگیش بە شێوەی جافی نووسراوە.

مامۆستا ئەیووب ڕۆستەم لە کتێبی یارساندا لە لاپەڕە ٣٢-٣٣ دا کەلامەکانی بە ١٢ کتێب دەستنیشان کردووە، بەڵام ئەوەی نەورۆز کەلامی لەسەر نەنووسراوە و لەو دەستنووسەی لەلای منە نووسراوە دەفتەری نەورۆز(٣٧) و لە چاپکراوەکەشدا کە بە کۆششی بەرێز فەرەیدوونی دانیشوەر، نووسراوە (دفتر نوروز سۆرانی)(٣٨).

٣- ئەو کتێبانەی بە دەفتەر ناسراون وەک:" دەفتەری شندروێ، دەفتەری ساوا، دەفتەری نەورۆز سۆرانی، دەفتەری شێخ ئەمیر، دەفتەری غوڵامان.

٤- یەکێکی تر لە کتێبە پیرۆزەکان کە هاوشانی سەرەنجامە ئەویش دیوانە گەورەیە.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە تائێستا دەقەکانی نێو نامە و کتێبەکانی ئەهلی هەق وەک تێکستی پیرۆزی ئایینی تەماشاکراون، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەروازەیەکی نوێ بەرووی ئەو دەقانەدا دەکرێتەوە و لەبازنەی ئایین دێنە دەرەوە و وەک دەقی ئەدەبی مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت و لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییە ئەدەبییەکان، بەتایبەت تیۆرییەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخ ئەم دەقانە شرۆڤە دەکرێن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ ئەویش سۆفیگەری ژنی کوردە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەگەر شەنوکەوی تەواوی نووسراوەکانیان بکەین جگە لە (ڕابیعەی عەدەوییە (٧١٧-٨٠١ز)، یەکەم و تاکە ژنی عەرەبی سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی عیرفان و سۆفیگەرییە، بەشێوەی فەلسەفی خۆی ڕێبازی خۆشەویستی پەروەردگاری دامەزراندووە.

دەیگوت: «خودایە ئەگەر خۆشەویستیم بۆ تۆ لە ترسی ئاگری دۆزەخە، بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بمسووتێنە، یان ئەگەر بۆ چوونە بەهەشتە ئەوە لەبەهەشت بێ بەریم بکە».

ئیتر دوای ڕابیعە سۆفییەکی ژن لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا دەرنەکەوتووە، کەچی لە ئایینی یارساندا چەندین ژنی سۆفی دەرکەوتوون کە لەم کتێبەدا خراونەتە بەرچاو.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

ئایینی ئەهلی هەق، یان یارسان یەکێکە لەو ئایینانەی کە سەراپا کوردییە و تا ئێستاش زۆرێک لەخوێندەوارانی کورد شارەزایی تەواویان لەبارەی ئەم ئایینەوە نییە، بەتایبەت لە زۆرێک بۆنەدا دەگوترێت کە کۆمەڵگەی کوردی لە دێرزەمانەوە بەرانبەر بە مافەکانی ژنان دواکەوتوو بووە.

لەم توێژینەوەیەدا دوو ئامانجی سەرەکی بوونەتە فاکتەری ئەم بابەتە:

١- لە ڕابردوودا لەسەر زەمینی کورداندا، بەتایبەت لە هەورامان‌دا ژنان نەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەدا، بگرە لە ئایینی ناوچەکەشدا بەشدارییان هەبووە و جێ پەنجەیان دیارە.

٢- ساغکردنەوەی لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی قەڵەمی ژنانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا، بەمەش خەرمانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکەین.

وەک دەبینین لەئەدەبی کوردیدا ئەوەی وەک نووسراو هەیە، هەندێک دەڵێن لە دوو بەیتییەکانی باباتاهیرەوە دەست پێدەکات(٣٩)، بەڵام بەچاوخشاندنێک بەکتێبە پیرۆزەکانی یارساندا ئەوەمان بۆ بەیان دەبێت کە پێشتر لە بابا تاهیر لەو کتێبانەدا تێکستی نووسراو هەیە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە لە زۆرێک لە کتێبەکانی تایبەت بەمێژووی ئەدەبی کوردی کە ئەوەی دکتۆر خەزنەدار باشترینیانە، کەم و زۆر بەلای هیچ کام لەو ژنانەدا نەچووە، کە جێ پەنجەیان لەناو کتێبەکانی یارساندا دیارە.

بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دکتۆر خەزنەدار لەسەرەتاوە تا سەدەی چواردەی لەسەر نووسراوە، بەڵام هەندێک ناوی کەم نەبێت، کە ئەویش تەنیا هی پیاوەکانە ناوی کەسی دیکەی نەهێناوە، بەمەش ئەڵقەیەکی ناڕۆشن لەو نێوەندەدا بە نادیاری ماوەتەوە.

بەداخەوە نووسەر و لێکۆڵەر و خوێندەوارانی کورد زۆر بەکەمی نەبێت ئاگایان لەو گەنجینە کولتووری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەی یارسان نییە و ئەو کەمە شارەزاییەش هەبێت لەزمانی کەسانی بیانییەوە وەریانگرتووە، کە ئەو کەسانە زۆربەی زانیارییەکانیان هەڵەن.

**کرۆک:**

لە کرۆکی توێژینەوەکەدا لە ژیانی ئەو هۆنەرانە و ئەو تێکستانەی بەردەستمان کەوتوون، دەکۆڵینەوە و تێکستەکانیان شرۆڤە دەکەین، بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی کە بریتین لە کتێب و دەفتەر و کەلامەکانی ئەهلی هەق، لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ساغکردنەوە و لێکدانەوە و دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان سوود لەو کتێبانە وەردەگرین، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان و نووسەرانی دیکە لەبارەی ئەو ئایینەوە نوسیویانن.

**١- دایە تەورێزی هەورامی**

دایە تەورێز شاعیرێکی هەست ناسک و پەیڕەوکارێکی ئایینی کوردان و ڕۆشنبیر بووە. لەسەرەنجامدا هاتووە: لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەوراماندا هاتووەتە ژیانەوە. لەگەڵ شاڵاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئایینی و کولتووری کوردان و کاتێک هەستیان بە مەترسی هێرشی بێگانان کردووە بۆ ناوچەکەیان، بەدەم بانگەوازەکەی"بابا سەرهەنگی دەودانی "یەوە چووە. بابا سەرهەنگ یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ئایینی کۆنی کوردان و لەو پێناوەدا گیانی بەخشیوە و ئێستا ئارامگەکەی لە تەوێڵەیە و بووەتە زیارەتەڵانی تەوێڵەییەکان .

لەگەڵ کزبوونی ئەم ئایینەدا سەرهەنگ، یان (سەرەنگ) یشی پێ دەڵێن، جاڕی ڕێ و ڕەچەیەکی تازەی داوە و زۆرێک شوێن کەوتووی هەبوون کە دایە تەورێز یەکێک لەو شوێن کەوتووانە بووە. کاتێک(بابا سەرهەنگ) هەواڵی کوژرانی هاوئایین و هاوزمان و هاونیشتمانیانی بەدەستی هۆردووی داگیرکار دەبیستێت و هەواڵی بەدیل چوونی شەن و کەنیکان دەژنەوێت، دەداتە کێوەکانی هەورامان و بانگەوازی ئایین و شۆڕشێکی نوێ دەکات، وەک لەم دو بەیتییەدا دیارە:

**پەی ئامانتان، پەی ئامانتان**
**گرد ئامادەیان پەی ئامانتان**
**ئەز مەڵهەم مەنیەو ئەزامانتان**
**مەڕەسم وەهەق ئیمامانتان**

واتە: خۆتان ساز و ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و منیش دەگەمە لاتان و تۆڵەی ڕابەرە لە خوێن شەڵاڵەکانتان دەسێنم. دایە تەورێز دەبێتە یەکێک لە یار و شوێنکەوتووانی بابا سەرهەنگ و سەراپای تەمەنی بە فێربوونی زانست و خەبات دژی داگیرکەران

دەباتە سەر.

ئەم خانمە شاعیرە لەگەڵ ئەوەدا بوێژێکی خامە ڕەنگین و وشە ناسک بووە (تەموورە) ژەنێکی لێهاتووش بووە و لەگەڵ زایەڵەی (تەموورەدا) (کەلامی) خوێندووە. دایە تەوریز یەکەمین شاعیری ئافرەت بووە لە (سەرەنجام) دا شیعری هەبووە، کۆمەڵێک دەقی جوانی لەپاش بەجێ ماوە لە شێوەی دوو بەیتی و لە کتێبێکدا بەناوی "دەورەی بابا سەرهەنگ".

دایە تەوریز لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، ئەمەش نموونەی شیعرەکانیەتی کە دوو بەیتین و شەش دوو بەیت دوو بەیت شیکاریان دەکەین.

**ڕازەن پیاڵەم، ڕازەن پیاڵەم**
**سەرسامم نەبەزم ڕازەن پیاڵەم**
**بادەی پیاڵەم یاوا وەناڵەم**
**چونکە ناڵەکەم بەرز بی نەعاڵەم**

واتە: پیاڵەی مەی نۆشی و ڕازی جوانیم پڕە لە نهێنی و لە بەزمی جەمدا سەرسامم و بادەی پیاڵەم بە فریادم گەشت و ناڵەم گەشتە بەرزایی دنیا. تەوریز دەیەوێت بڵێت لە ئەفسوونەوە پیاڵەیەک مەی درایە دەستم و مەستی کردم. لە مەستیمدا سەرسامی بەزمی جەم بووم. لەوێدا یاران لە پەنهانی ئەودیو نهێنییەکانەوەن، من دەروونم بە گڕی عەشقی پیاڵەی خاوەندکارم گڕی گرتبوو و ناڵە و هاوارم گەردوونی گرتبوو، بەو پیاڵەی پڕ لە مەیە جۆشو خرۆشی دەروونم دامرکایەوە.

**جەم پەی ڕاسانەن، جەم پەی ڕاسانەن**
**یاران یاوەران جەم پەی ڕاسانەن**
**هەرکەس نیکی کەرۆ ئاسانەن**
**جەم پەی ڕۆشنی زێڵ خاسانەن**

واتە: ئەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە کۆبوونەوە لە جەمخانەدا بۆ ڕاستان و ئیماندارانە، هەرکەس لە جەمخانەدا نیاز و قوربانی و چاکە بکات کاری لەبەر دەڕوات، کۆبوونەوەیە بۆ ڕۆشنی دڵ و دەروونە. بەپێی بنەماکانی ئایینی ئەهلی هەق دەبێت پەیڕەوان هەر هەفتەی جارێک لە جێگایەکدا کۆ ببنەوە، کە ناوی جەمخانەیە، لە جەمخانەدا بەدەم نەوای تەمبوورەوە سروودەکان دەخوێنرێن.

**زێڵ کەران ڕۆشن، زێڵ کەران ڕۆشن**
**یاران وەخوەر(٤٠) زێڵ کەران ڕۆشن**
**سەرسپەردە بان وەیاری وەشەن**
**بسازن پەرێ وێتان بوو جەوشەن**

بە بڕوای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە، زێڵ(٤١) تەنیا بە تیشکی جوانیی ئایینی یاری ڕۆشن دەبێتەوە، لێرەدا دایە تەوریز داوا دەکات یاران لەسەر پەیڕەوی یاری سەر بەم ڕێبازە بسپێرن، چونکە سەرسپاردن ئاسوودەییە و وەک ئەوە وایە بۆ ڕۆژی پەسڵان کراسی زێر بۆ خۆیان دروست بکەن. سەرسپاردن لە ئایینی ئەهلی هەقدا یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پەیڕەوان و دەبێت هەر منداڵێک لەدایک دەبێت پاش هەفتەیەک لە جەمخانەدا سەر بسپێرێت، پێویستە هەر خانەوادەیەک پیر و دەلیلێکی هەبێت.

**بلمێ ئەو باسی، بلمێ ئەو باسی**
**یاران چەنی شا، بلمێ ئەو باسی**
**داوای داو باقی گەرچک غەواسی**
**بیان ئەو مەقام هندۆ وەسازی**
**دەودانیان یەرێ هەفتاد، تەعین کرد نەڕا**
**تا ئاشان بابا سەرهەنگ بکەران قەزا(٤٢)**
**جە دەودانیان، جەدەودانیان**
**هەفتاد یەری مەلای موعتەبەر، جەدەودانیان**
**بابا سەرهەنگ و دەروێشان بەر ئەو هەورامان**
**عەرزو دادشا بەرد جەلای سەبوورە سوڵتان**

سەربارى زوانی شیرینی کوردی هەورامی، بە زوانی فارسیش ئەم خاتوونە لە سەرەنجام و دەفتەرەکانی ئایینی یاریدا جێگە پەنجەی دیارە:

**یا شا من ساحب سر نبودم تو سرم بخشیدی**
**بخشیدنی سرم را بتو مکرر خود میدیدی**

یان دەڵێت:

**بابا آن نوری که در نور تو نشود تاقی**
**هرکس در میدان تو سرش نبود سلاقی**

**آن کس در زات تو شک آورد**
**مزەی تو با نچشد در روز باقی**

یاگێوی تەرەنە ماچۆنە:

**پا بەرزە وازە، پا بەرزە وازە**
**یاریمان نیان، پا بەرزە وازە**

**داود و موسی بیان جە سازە**

پەراوێزەکان:

١ – بارت، ڕۆلان: و. ئیسماعیل زارعی: ڕەخنە و حەقیقەت، ٢٠٠٧ هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، لا٢١و٢٢.

٢ – گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر- ژمارە (١) محەمەد عەلی سوڵتانی لە دیمانەیەکدا. سازدان- نامق هەورامی

٣ –سام الدین تبریزیان، گردآوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ص ١٤٩ تا١٥٩، دەستنووس.

٤ – سام الدین تبریزیان، گردآوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ص ١٤٩ تا١٥٩، دەستنووس.

٥ – هەمان سەرچاوە.

٦– سام الدین تبریزیان، گردآوری و تدوین، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، جلد ٢، دوره بابا هندو، بند١٠و١١و١٣و٣٢ ص ١٤٩ تا١٥٩، دەستنووس.

٧ – ئاریاییەکان کە هاتنە سەرزەمینی تازەیان بەسەر سێ ناوچەدا دابەش بوون، بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتی خۆراسان بڵاوبوونەوە و پێیان دەگوترا پارتی، یان پارتییەکان، بەشێکی تریان لە ئازربایجانەوە تا کوردستان و سنووری ئیلام، کە دەکاتە چیاکانی زاگرۆس، بەمانە گوتراوە مادەکان، یان میدییەکان، بەشی سێیەمیان لەناوچەکانی فارس و ناوەڕاستی ئێران و خواروویدا بڵاوبوونەوە، ئەمانەش پارسییەکانیان پێ گوتراوە.

٨ – کشاورز، کریم: تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمە، تهران، چاپ ششم ١٣٨٠، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ص١٣.

٩– هەمان سەرچاوە، ص٢٨١.

١٠ – مرکلباخ، راینهولد، میترا(آیین و تأریخ)، ترجمەی توفیق گلی زادە، تهران، ١٣٨٧، نشر اختران، ص١٠٤.

١١ – شورتهایم، اسمار، گسترش یک آیین ایرانی در اوروپا، ترجمەی نادر قلی درخشانی، چاپ اول، تهران، ١٣٨٧، ص١٣١.

١٢ – ئاوێستا، بەندی هەشت، بەشی پانزەیەم.

١٣ – حسن المقصود فی عمل المولود، جلال الدین السیوطي، ١٤٢٥ هـ، من منشورات موقع المسلم، موسوعة إسلامیة صوفیة سلفیة شرعیة.

١٤ – د. محمد حسین النجم، السوفسطائیة في الفکر الیوناني، إصدارات بیت الحکمة ببغداد، ٢٠٠٨.

١٥ – محمد صقر خفاجة، هومیروس، مکتبة نهضة مصر، القاهرة، بدون تاریخ، ص٥٦-٥٧.

١٦ – ٤١٠-٤٨٠ لە ئەدبیرا لەدایک بووە، خاوەنی کتێبی (ڕاستی) یە کە لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی: "ناتوانم بزانم کە خوداوەندەکان هەن، یان نین و کێشەی من ئەوەیە بزانم شتەکان لە دەوروبەرمدا چی دەبێت، بەڵام لەبەر کورتی تەمەن ناتوانین بەو حەقیقەتە بگەین" هەر لەسەر ئەو کتێبە فتوای لە سێدارەدان و سووتاندنی کتێبەکەی درا و هەڵهات و لەکاتی ڕاکردندا کەوتە ئاوەوە خنکا.

(السوفسطائیة في الفکر الیوناني)، د. محمد حسین النجم، إصدارات بیت الحکمة بغداد، ٢٠٠٨.

١٧– فلسفة أرسطو والمدارس المتأخرة، دار الثقافة العربیة ٢٠٠٦م، ص١٥٦-١٧٧.

١٨ – نظریة المعرفة عند أرسطو، دار قباء للطباعة والنشر والتوزیع، الطبعة الرابعة، القاهرة ٢٠٠١م، الفصل ٤، ص٥٧.

١٩ – ادیان آسیایی. د.مهرداد بهار. نشر چشمە. تهران. ١٣٧٥ش.ص٣٤.

٢٠ –بیبێک دێبرۆی و دیپاڤالی دێبرۆری، ئوم ڕیگ ڤیدا، وەرگێڕانی، ئاری ئەنوەر صالح، د. نیگا حسێن ڕەحیم، د. سایە حەسەن مستەفا، د. کۆزارا حەمەرەشید نادر، پێداچوونەوەی عەبدوڵڵا حەسەن سیوەیلی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥ سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، لا٧.

٢١– سرزمین هند، علی اصغر حکمت، تهران چاپ اول، ١٣٣٧ش، ص١٢.

٢٢ – ما للهند. ابو ریحان البیروني. ترجمة علي اکبر دانا سرشت. تهران.

٢٣ – ارزش میراث صوفیە. د.عبدالحسین زرین کوب. أمیرکبیر. تهران. ١٣٦٢ش، ص٤٨.

٢٤ – ئەبوعەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد کوڕی عومەری کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای خوارزمی ناسراوە بە نەجمەدین کبری، نازناوی (طامة الکبري)یە و ساڵی ٦١٨ کۆچی مردووە و بە زمانی فارسی و عەرەبی نووسراوی هەیە.

٢٥– إحسان إلهي ظهیر، التصوف .. المنشأ والمصادر، الطبعة الاولی، ١٤٠٦ هـ، ادارة ترجمان السنة، قومی پریس، لاهور – پاکستان.

٢٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧ – نشأه الفلسفة الصوفیة وتطورها، دکتور عرفان عبد الحمید ص ٧٤ . ط المکتب الإسلامي بیروت ١٩٧٤م.

٢٨ – دفتر کلام حضرت شیخ امیر، باهتمام حسین روحتافی،

بخط سيد ايمان خاموشي، صحنه ١٣٧٩، دەستنووس.

٢٩ – الكلاباذي، أبوبكر محمد، التصوف لمذهب أهل التصوف، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٠، ص١١٠.

٣٠– ضياء الدين خالدی کوڕی ئەحمەد کوڕی حسەینی شارەزوورییە کە لەنێو شوێن کەوتووەکانیدا بە (مەولانا خالدی ذوالجناحين) بەناوبانگ بووە.

مەولانا ساڵی (١١٩٢) ی کۆچی بەرانبەر (١٧٧٨) ی زایینی لەناوچەی (قەرەداغ) ی نزیک شاری سلێمانی لەدایک بووە، بەنەخۆشی تاعوون لەشاری دیمەشقی سووریا لەساڵی (١٢٤٢) ی کۆچی بەرانبەر (١٨٢٦) ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

گەورەبوون و وانە خوێندنی زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی لە زێدی خۆیدا بووە، بەڵام دواتر بەدوای زانستی زیاتردا ناوچەکەی خۆی بەجێ هێشتووە و لەدەوروبەری ناوچەی خۆیدا لای مەلا شارەزاکانی سەردەم زۆرێک لە زانستەکانی سەردەمی خۆی خوێندووە، لەوانەش (شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی و شێخ عەبدولڕەحیمی برای، شێخ محەممەدی کوردی، شێخ ئیبراهیم بیارەیی، مەلا عەبدوڵلای خەرپانی) زانستی مەلایەتی تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا وەرگرتووە.

٣١ – موقع الطريقة القادرية العلية – قواعد الطريقة، www.alkadria.com

٣٢– ئا: ڕاستگۆ عادل حەمەسەعید، مەولانا خالیدی نەقشبەند، ماڵپەڕی هەژان

http://www.hezhan.org/%28A%2867UNBh8DzAEkAAAAYmMzNmVlZDQtOTRlOS00NzNmLTg3MTgtNzJhYWM2MGY4ZDAy6qb3i3x8rtKUy1ki1DD4zaqgzls1%29%29/Detail.aspx?id=284&LinkID=14&AspxAutoDetectCookieSupport=1

٣٣– سلطاني، محمد علي: قيام و نهضت علويان زاگرس، جلد ١، تهران، نشر سها، ١٣٧٦–١٣٧٧، ص ٢٦–٢٧.

٣٤ –عەبدوڵلا ؛ نەجاتی : چەند باسێک دەربارەی ئەهلی هەق، هەولێر –کوردستان –٢٠٠٥ چاپی یەکەم– دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، لا٦٥ و ١٣٦.

٣٥ – ئەگەرچی بەپێی دەوران و ساڵی سەرهەڵدانی بابە سەرهەنگی دەودانی وەک لە مێژووی ویژەی کوردیدا ئاماژەی پێدراوە ساڵی ٣٢٤ ی کۆچی بووە و لەبەرانبەردا شاخۆشین لە ٤٠٦ دا لەدایک بووە، کەواتە دەرکەوتنی بابا سەرهەنگ کۆنترە.

٣٦ – ڕۆستەم، ئەیووب: یارسان، ٢٠٠٦ –سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ل٢٦.

٣٧ – دفتر درويش نوروز– دەستنووس – بیاری پروردگار توانا بتاريخ بيست و هفتم ارديبهشت ماه، هزارو سيصد و شصت و هفت –١٣٦٧/٢/٢٧ شمسی بدست بنده خاص علی نوروزی برابر اصل رونوشت گرديد.

٣٨ – دانیشور، فریدون : دفتر نوروزی سورانی، مقدمه و حاشیه نویسی و معانی لغات – تهران ١٣٨٢– چاپ اول

٣٩ – خەزنەدار، دکتۆر مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لا١٦٠.

٤٠– وشەکە بە مانای خۆر، یان تیشکی ئیلاهییە بەبڕوای یاران هەرکەس ئەو تیشکە بیگاتێ دەگاتە پایەی زانیاری و فەڕ و شکۆی مەولا بەسەریدا دەڕژێت

مێژووی ویژەی کوردی – سدیق بۆرەکەیی – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر – ٢٠٠٨ –بەرگی یەکەم – لاپەڕە٧٥.

٤١ – لە زمانی کوردی هەورامیدا، زێڵ بەمانای کانگای هەست و شتە سۆزییەکان دەگوترێت، ئەم وشەیە جیاوازە لە دڵ کە وەک ترومپایەک کردارێکی فیزیکی ئەنجام دەدات و تا ئێستاش ئەو وشەیە ماوە وەک (زێڵم نمێ، زێڵێت نەسۆچۆ و تاد...).

٤٢– لە سەرەنجامێکی دەسنووسدا کە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە و ساڵی ١٩٥١ زایینی لەدامێنی داڵاهۆ نووسراوەتەوە و لە زەردە دەستم کەوت ئەم بەیتە بەم جۆرەیە

داودانیان یەری نەفەرشان، کیاستەن نەڕا ............ تا نوشان سەرهەنگ بکەران قەزا

٤٣ – طاهری، طیب گردآوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام (دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحه ٥٦–٥٩–٦١–٦٢–٦٣.

لە سەرەنجامێکی دەسنووسدا کە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە و ساڵی ١٩٥١ زایینی لەدامێنی داڵاهۆ نووسراوەتەوە و لە زەردە دەستم کەوت ئەم بەیتە بەم جۆرەیە

( بنیامین مدران پای شەرت تازە)

# پراکتیکی بنیادی ڕووداو
# لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) و (قبل ان یحلق الباشق)دا

ئاری عوسمان خەیات
(کفری)

(١ - ٢)

**سەرەتا:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە شەش تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بەراوردکاریی لە نێوان دوو ڕۆماندا، کە ئەوانیش بریتین لە (پاشایان کوشت) و (قبل أن یحلق الباشق - پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)، کە یەکەمیان دیارە هی ڕۆماننووسی کورد (خوسرەو جاف)ـەو دووەمیشیان هی (عەبدولخالیق ڕکابی)یە، کە یەکێکە لە ڕۆماننووسە عەرەبە عیراقییە ناودارەکان.

لێرەدا دەمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی باس لە بنیادی ڕووداو، لە هەردوو ئەو ڕۆمانەدا بکەین، کە بێ گومان دوو ڕۆمانی مێژوویی گەورەن و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پتر هەڵدەگرن، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەوە بۆ خوێنەران ڕوون بکەینەوە، کە ئەمەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە، بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی گەورەتر، کە لە بەشە بەراییەکانیدا بەشێوەیەکی وردتر باس لە ڕووداو و پێناسە و چەمک و جۆرەکانی ڕووداو کراوە، هەروەک باس لە پێوەندییەکانی ڕووداو بە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە کراوە، وێڕای ئەوەی چەمکی (ڕۆمانی مێژوویی)یش ڕوون کراوەتەوە و پێشتریش لە گۆڤاری (ڕامان) و پاشکۆی (ڕەخنەی چاودێر)دا بە دوو بەشی جیاجیا بڵاوکراونەتەوە، وا ئەم بەشەیشیان، بە خۆشحاڵییەوە لە گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیزدا، بڵاودەبێتەوە، بەو هیوایەی توانیبێتم سوودێکم گەیاندبێت.

**یەکەم: بنیادی شوێنکەوتەی ڕووداو چییە؟**

بنیادی شوێنکەوتە، کە یەکێکە لەو بنیادانەی لە ڕێکخستنی ڕووداوەکانی دەقی گێڕانەوەبەندی بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، بەتایبەتیتریش ڕۆمانی مێژووییدا دەبینرێت، ڕەنگە هەر لە ناوەکەیەوە شتێکمان بۆ ڕوون ببێتەوە، بەوەی کە زاراوەی (شوێنکەوتە)، کە بەرانبەر بە (التتابع)(١) ی عەرەبی و (Enchainment)(٢)ی ئینگلیزی، بەکاردێت، جۆرێک لە مانای (زنجیرەیی بوون) و (بەدواییەکدا هاتن)مان پێ دەبەخشێت، لەمەشەوە تێدەگەین، کە بنیادی شوێنکەوتە "بریتییە لە ریزکردن و بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکی ڕێکخراوی مێژووییدا، بە پێی کات و بەبێ پەیڕەوکردنی کردەکانی پچڕاندن، یان گەڕانەوە بۆ دواوە"(٣)، هەروەها سەبارەت بەم بنیادە وتراوە: "بریتییە لە بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکانی ڕۆمان لەچوارچێوەی کاتدا و بەردەوامبوونی بەرەو کۆتایی حیکایەتەکە، بێ

ئەوەی بۆ ڕابردوو"(٤) بگەڕێتـەوە. دیارە مـەبەست لە نەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو مانای ڕەتکردنەوەی مێژوو نییە، "چونکە هیچ بەرهەمـێک بەر لە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، یان مـێـژوو وەک ڕووداو نایەتە بەرهەم، ئەمـەش ئەوە ناگەیەنێت زمانی بەرهەمـهێنانی ئێـمە بۆ دەق زمـانی مـێژوو بێت"(٥) ئەمەو لە پێناسەیەکی تردا بۆ بنیـادی شـوێنکەوتە، هاتووە: "گـێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی چیـرۆکـێکە بەش لەدوای بەش، بێ ئەوەی لەنێـوان ئەو بەشانەدا هیچ چیرۆکێکی تر هەبێت"(٦)، بەدەر لەوەش دەکرێت پێناسـەیەکی تر بۆ بنیـادی شـوێنکەوتە بکەین، بەم شـێـوەیە: "بنیـادێکی پابەندە لەسـەر شـێـوە گێڕانەوەیەکی تایبەتی و زنجیـرەئاسای ڕووداوە میللی و داستانی و خورافییـەکان، بەشێوەیەکی خێرا و بێ هیچ وەسف و ڕوونکردنەوەیەک"(٧).

لە ئەنجـامی کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە، بەتایبـەت ئەوەی دواییـان، بۆمان دەردەکـەوێت، کە سـەرەتاییـترین خـەسڵـەتی بنیـادی گـێـڕانەوەی ڕووداو لە ڕۆمـانـدا، شێوازی بنیادی شوێنکەوتەیە، بەو پێیـەش دەتوانین لە چەند خـاڵێکدا تـایبـەتمەندییـەکـانی ئەم بنیـادە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری بکەین:

(١) زنجـیـرەیی بوون و بەدواییـەکـدا هاتن و بەردەوامبوونی بێ گەڕانەوە و بێ وەسفکردنی وردەکاری لە ڕووداوەکاندا.

(٢) ئەم بنیادە زیاتر لە ڕۆمانە مێژووییەکاندا بەکار دێت، بەو پێیـەی لەسـەر بنەمـای بەدواییـەکدا هاتنی گێڕانەوەی ڕووداو پابەندە.

(٣) سادەیی لە نمایشکردنی ڕووداو و دیاردەکاندا، بە شێـوەیەکی ئەوتۆ کە زۆرجار خوێنەر ئەنجـامی کـۆتایی ڕووداوەکـانی لا ئاشکرا دەبێت، بێ ئەوەی سـەرجـەمی دەقەکەی خوێندبێتەوە.

(٤) تەوەرەی سـەرەکی دەقـەکـە لە دەوری تەنیـا یەک ڕووداوی بنچینەیی دەسوڕێتەوە.

(٥) گێڕەرەوەی دەبێتە تاکەکەسی هەمووشتزان، واتا خوێنەر تەنیا گوێی لە دەنگی گێڕەرەوەیەک دەبێت، کە هەموو شتێک دەزانێت و خۆی دەبێتە سەرچاوەی هەموو ئەو زانیارییانەی لە دەقەکەدا خراونەتە ڕوو.

(٦) ڕووداوەکان شان بە شانی گێڕانەوە دەڕۆنە پێشێ و بە وەسـتـان و کـۆتایی هاتنی گـێـڕانەوە، ڕووداویش



خەسرەو جاف

دەوەستێت و کۆتایی پێ دێت.

ئەوەی پێـویسـتـە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە مـەرج نییـە هەمـوو ڕۆمـانێک، کە بنیـادی شـوێنکەوتەی تێدا بەکـارهاتبـێت، ئیـدی هەمـوو ئەو تایبـەتمەندییـانەی بنیـادەکـەشیـان تێـدا بێت، چونکە ئەوە پەیوەسـتـە بە سەلیقەی ڕۆماننووسەکەوە، ئەو دەتوانێت سوود لە بنیاد و تەکنیکە جـیـاوازەکـانی تری گـێـڕانەوە وەربگرێت، هەروەک ئێمە ئەو جیاوازییە لە نێوان (پاشایان کوشت) و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)دا بە ئاشکرا هەست پێ دەکەین، بەو پێیە خوسرەو جاف تەواو پابەندی هەموو خەسڵەتەکانی بنیادی شوێنکەوتە بووە، بە پێچەوانەی (عـەبدولخـالیق ڕکـابی)یەوە، کـە توانیـویەتی خـۆی لەو بازنەیە دەرباز بکات (کە دواتر تیشکی زیاتری دەخەینە سەر).

بنیـادی شوێنکەوتە لە ڕووی مێـژووی بەکارهێنانەوە، بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە زۆرجار ئەم شێـوازە بە شێوازێکی (تەقلیـدی) ناسراوە، ئەگـەرچی دیارە ئەو ناولێنانە (بنیـادی تەقلیـدی) بە تەواوەتی شێوە و سروشتی ڕاستەقینەی بنیادەکەمان بۆ دیاری ناکـات، بۆیە دەکـرێت مـێـژووی سـەرهەڵدانی بە مێژووی سەرهەڵدانی دەقە گێڕانەوەبەندەکان ببەستینەوە، بە تایبـەت لەو سەردەمانەدا، کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە

ئاستێکی ئەوتۆدا نەبووە، تا بتوانێت بەشە پچڕپچڕەکانی حیکایەتێک، یان داستانێک، یان ئەفسانەیەک بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە حیکایەتخوانەکانی پێشین گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆکەکانیان لە زنجیرەیەکی مێژوویی ڕێکخراودا پێشکەش بە گوێگرەکانیان بکەن "بۆیە کاتێک ئەرستۆ تێڕوانینەکانی سەبارەت بە دەقە گێڕانەوەبەندەکان خستەڕوو، جەختی لەسەر پاراستنی زنجیرەی بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکانی تراژیدیا دەکردەوە، لە ڕووی ڕێکخستنی بنەماکانی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە"(٨) کە واتە دەکرێت بنیادی شوێنکەوتە بە کۆنترین بنیادی گێڕانەوەی ڕووداو لە قەڵەم بدەین، بۆیە ئامادەیی ئەم بنیادە لە زۆربەی دەقی چیرۆک و ڕۆمانەکاندا هەیە، بەو پێیەی "لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم تاکە بنیادی ڕووداوی ڕۆمان بووە"(٩)، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بنیادی شوێنکەوتە گرنگی و بایەخی بەرچاوی لە بنیادی ڕۆمان و پرۆسەی گێڕانەوەدا هەیە، بەجۆرێکی ئەوتۆ، کە لەپێشوودا "وای لە ڕەخنەگران و توێژەران کردبوو پێیان وابێت، ڕۆمان هونەرێکە، کە بە پلەی یەکەم گرنگی بە زنجیرەیی و بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکان و تێپەڕبوونی بەردەوامی کات دەدات"(١٠) بێ ئەوەی پێویست بە هیچ جۆرە لاکردنەوە و ئاوڕدانەوەیەک هەبێت، بۆ بینینی ڕووداو و دیاردەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی لە ڕەوتی ئاسایی و ڕیالی و مێژووییدا هەیە.

بێ گومان ئەو هەوڵ و گرنگیدانە بەردەوامەی ڕەخنەگران بە بنیادەکانی ڕووداو، بە تایبەت (فۆرمالیستە ڕووسەکان)، کە سەرەتای بایەخدانەکە هەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، کاریگەریی گەورەی لەسەر پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم بنیادەش هەبوو، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت بڵێین: بەهۆی توێژینەوە و وردبوونەوە لە بنیادی شوێنکەوتە، توانرا چەندین شێوازی جیاوازی تری بنیادی ڕووداو و گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا بهێنرێتە کایەوە، بۆیە ئێمە ناتوانین نکوڵی لە ئامادەیی بەردەوامی ئەم بنیادە بکەین، لە نێو دەقی ڕۆماندا، بەجۆرێکی ئەوتۆ، کە زۆرجار لە دەسەڵاتی نووسەریشدا نییە، بەڵکو حەتمەییەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە، پێویستی بەکارهێنانی بنیادی شوێنکەوتە بەسەر نووسەردا دەسەپێنێت، چونکە هەموو ڕووداوێک "لەو خاڵە و لەو ساتەی کە تێیدا دەست پێدەکات، دەبێتە سەرەتا، بێ گومان هەموو دیاردە و ڕووداوێکیش لەکاتی ڕوودانیدا بە ڕێڕەوێکی تایبەتیدا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە خاڵێک، کە تێیدا کۆتایی دێت"(١١) بەو واتایەی هیچ ڕووداوێک نییە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، زنجیرەیی بوون و بەدواییەکدا هاتنی تێدا نەبێت.

پێکەوە بەستنی بنیادی شوێنکەوتە بە پرۆسەی گێڕانەوەوە، لە دوای هاتنەکایەوەی بنیادەکانی تری ڕووداو، ئیتر تاڕادەیەک کشانەوەی بەخۆوە بینی، تەنانەت زۆرێک لە ڕەخنەگران ئەم بنیادەیان لەقاوغی بنیادەکانی تری وەک (تێکچڕژاو، هاوتەریب و بازنەیی)دا تواندەوە، بەوەش ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی کە پێیان وابوو، (ڕۆمان زیاتر هونەری گێڕانەوەیە)، گۆڕانیان بەسەردا هات، بۆ نموونە یەکێک لە ڕۆماننووسە دیارەکانی کورد (جەبار جەمال غەریب) دەڵێت:" من خۆم باوەڕم بەوە هەیە، کە ڕۆمان هونەری گێڕانەوە نییە"(١٢) هەروەها دەڵێت: " ڕۆمان هونەری ئێستایە، ئێستایەک، کە بەردەوامە، ئێستایەک، کە کۆتایی نایە، ئێمە هەموو ئەو شتانە دەنووسینەوە، کە لە ژیانماندا ڕاستە لەساتێکدا ڕوویان داوە، بەڵام ئەوەندە شاراوەن ئەوەندە نهێنین، کە کاریگەرییان بۆ ئەبەد بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە"(١٣).

هەڵبەت گرنگی ئەم وتەیە لەوەدایە، کە پێوەندی نێوان پرۆسەی (گێڕانەوە)و (ڕابردوو)مان بیر دەخاتەوە، چونکە وەک دەزانین هەموو گێڕانەوەیەک بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و زیندووکردنەوە، یان هێنانەوەی یادەوەرییەکانە، لێرەشەوە ڕۆڵ و پێوەندی مێژوو دەردەکەوێت، لە پێکهێنانی ئەو پرۆسەیەدا، کە ئەویش پرۆسەی بنیادی شوێنکەوتەیە لە دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا.

**دووەم: بنیادی شوێنکەوتە لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا**

وەک گوتمان ڕۆمانی (پاشایان کوشت) یەکێکە لەو ڕۆمانە کوردییانەی کە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیدا،

پشت بە بنیادی شوێنکەوتە بەستراوە. بە خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکەش، ڕاستییەکی دیکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی (خوسرەو جاف) نەک هەر وەک زۆربەی ڕۆماننووسانی تری کورد، کاری لەسەر بابەتی مێژوویی کردووە، کە دیارە نموونەی ئەوەمان زۆرە، "ئیتر ئەگەر مێژووی دێرین بێت، وەک ئەوەی عەرەبی شەمۆ لە ڕۆمانی قەڵای دمدمدا کردوویەتی، یان ئەگەر مێژووی سەردەم بێت، وەک ئەوەی برایم ئەحمەد لە ڕۆمانی ژانی گەل و حوسێن عارف لە ڕۆمانی شار و..".تاد(١٤) کردوویانە، بەڵکو ئەم هاتووە ڕاستەوخۆ بەشێک لە مێژووی خێڵی (جاف)، یان ڕاستترە بڵێین: مێژووی بنەماڵەکەی خۆی وەرگرتووە و لەپاڵ هەندێک دیمەن و بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو خێڵە و ڕەنگ پێدانەوەی چەند لایەنێکی کولتووری و واقیعی ژیان و هەڵسوکەوتی کورد بەگشتی و تاکەکانی خێڵی جاف بە تایبەتی، لەڕووی شێوازی ژیانکردن و هەڵسوکەوتیانەوە لەگەڵ سروشت و ژینگەدا، لە سیاقی دەقی ڕۆمانەکەیدا دایڕشتووەتەوە، ئەمەش خەوشێک نییە بۆ کارەکەی، چونکە بەوەدا ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی (ڕۆمانی مێژوویی)یەوە، هەروەک خۆیشی لە پێشەکی ڕۆمانەکەیدا دەڵێت:"هەڵبژاردنی ئەم سەردەمە مێژووییەی نەتەوەکەمان، تەنها لەبەر ئەوەی نییە پاشای کوژراو باپیرمە و زۆربەی ڕووداوەکانی لە دیار و تەباری تیرە و تایفەمدا ڕووی دابێت، بەڵکو هەڵدانەوەی پەردەیەکی ئەستووری یەک دوو سەدەی شاراوە لە ڕووی ژیان و ژانی نەتەوەکەمانە.."(١٥) کەواتە ڕوو لە مێژووکردن بەلای خوسرەو جافەوە، وەک زۆربەی نووسەرانی کورد دیاردەیەکی باوە، ئیتر هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، ئەوە ڕەنگە لە کۆمەڵێک خاڵدا خۆی بگرێتەوە، کە من لێرەدا، بۆ چەند هۆکارێکی دەگەڕێنمەوە، لەوانەش:(١٦)

(١) مێژوو وەک بوار و پانتاییەکی گەورەی ژیانی مرۆڤایەتی، سەرچاوەیەکی بە پیت و دەوڵەمەندە بۆ نووسینی ڕۆمان، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژوو هەر بەخۆی پڕە لە ڕووداو و کەسایەتی و پاڵەوانی جۆرابەجۆر و ئەوانەش لە گرێچن و تەکنیک بەکارهێناندا کار ئاسانییەکی باش و بەرچاون بۆ ڕۆماننووس، بە کوردییەکەی خۆمان: ڕۆماننووس هێند پێوەی ماندوو نابێت.

(٢) ڕۆماننووس دەتوانێت لە مێژوودا بابەتگەلێک دەستەبەر بکات و کاریان لەسەر بکات، کە چێژێکی زۆریان بۆ خوێنەر تێدایە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەی کەمتر خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەندێشەمەندانە لە خوێنەر دەخوازێت.

(٣) ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لە پرسی سوود وەرگرتن لە مێژوو بڕوانین، سەرنج دەدەین، کە دەروازەیەکی باشە بۆ هەڵاتنی ڕۆماننووس لە ئێستای پڕ نەهامەتی و دەردەسەرییەوە، بۆ ڕۆژگارێکی لەبارتر، کە جارێکی تر خۆی تێدا مانیفێست دەکاتەوە.

(٤) گەورەکردن و شکۆدارکردنی کەسایەتییەک، تا ڕادەی بە ئەفسانە و پاڵەوانکردن، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە لە نموونەی ڕزگارکەر و فریادڕەسێکدا نیشانی دەدات.

بێ گومان ئەو خاڵانە و هی تریش هەن، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕووی دیاری ڕۆمانە مێژووییەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو ئەو خاڵانەی تێدا بەرجەستە کراوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە



ڕۆماننووس هیچ بایەخێکی بە ئەزموونی کەسی خۆی نەدابێت، چونکە هیچ دەقێک نییە، لەژێر کاریگەریی بیر و خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەرەکەیدا بەرهەم نەهاتبێت، با ئەو ئەو کاریگەرییە کەمیش بێت، هەروەک (سابیر ڕەشید) دەڵێت:"بڕواناکەم هیچ ڕۆماننووسێکی کورد لە پشت کەسایەتی ڕۆمانەکانیانەوە، ژیاننامەی خۆیان تێکەڵی ڕۆمانەکانیان نەکردبێت، بەڵام هەیانە خۆی دانی پێداناوە "(١٧)، کە ئەمەش تەواو خوسرەو جافی ڕۆماننووس دەگرێتەوە، بەو پێیەی لە پێشەکی ڕۆمانی پاشایان کوشتدا نووسیویەتی:" ئەم ڕۆمانە وەک هەر ڕۆمانێکی مێژووییینە ناکرێت تەنها زادەی بیر و خەیاڵ و خامە و ئەندێشەی نووسەر بێت.. منیش بەگوێرەی توانا لەچوارچێوەی چاوگەوە ڕووداوە مێژووییینەکان وەدەر نەچووم"(١٨).

هەروەها خوسرەو جاف لەبارەی گرنگیدانی بە مێژوو، لە ڕۆمانی (دەربار)دا، کە تێیدا بە هەمان شێوەی ڕۆمانی (پاشایان کوشت) سوودی لە مێژوو وەرگرتووە، دەڵێت:"من لە ڕابردوو و کولتووری میللەتەکەم بێزار نیم، بەڵکو پەنجە دەخەمە سەر خراپە و باشییەکانی، چوون پێم خۆشە میللەتی منیش وەک میللەتانی تری دنیا پێش بکەوێت و بزانێت لە جیهاندا چی دەگوزەرێت"(١٩) هەڵبەت خوسرەو جاف ئەو بۆچوونەی لەخۆوە لەلا گەڵاڵە نەبووە، بەڵکو ئەو لە دنیابینییەکی قووڵترەوە بۆ ئەدەب و ژانری ڕۆمان لە مەسەلەکەی ڕوانیوە، ئەوەتا ئەو پێی وایە "ڕۆمان بەتەنها بریتی نییە لە کۆکردنەوەی داستانە ئەدەبییەکان و نمایشکردن و خستنەڕووی پاڵەوانێتییەکانی ژنان و پیاوان، بەڵکو دەبێت ڕۆمانی ڕاستەقینە لە دەرگای پرسگەلێکی جیدی بدات"(٢٠).

لەپاڵ ئەمانەدا، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین گرفتی گەورەی ڕۆمانی کوردی بەگشتی، بریتییە لە تێکچوونی پێوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو، ئەمەش لە ئاستی ئامادەیی مێژوودا خۆی دەبینێتەوە، واتا، یان ئامادەییەکی هێندە لاوازی هەیە هەست دەکەین هەموو ڕووداوەکان لە دەرەوەی مێژووەوە ڕوو دەدەن، یان ئامادەییەکی هێندە بەهێزی هەیە، کە مانا و ئەرکی کۆی ڕەگەزەکانی تر دەسڕێتەوە و وەک پێدراوێکی کەمبایەخ نیشانیان دەداتەوە.

دیارە ڕۆمانەکەی خوسرەو جافیش، وەک هەر ڕۆمانێکی تری کوردی، لەو گرفتە بەدەر نییە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەو ئاگاییەی نووسەرەوە لەبارەی چۆنێتی بەرکەڵکخستنی ڕاستەوخۆی مێژوو لە ڕۆمانەکەیدا، ئەو وتەیەی (ژان پۆل سارتر) ببێتە بەرگریکارێک، یان پاساوێکی باش بێت بۆ ئەو حاڵەتە، کاتێک ناوبراو دەڵێت: "نووسەرانیش بە مێژووەوە بەستراونەتەوە، هەر لەو پێناوەدا هەندێکیان خواخوایانە بە قەڵەمبازێک بەرەو نەمری لە مێژوو دەرباز بن"(٢١).

(پاشایان کوشت)، لە (٢١٢) لاپەڕە و (٣٢) پاڕ پێکهاتووە. وێڕای ئەوەی هەر پاڕێک لەوانە جۆرێک سەربەخۆیی لە ڕووداوی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەو بنیادەی کە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکاری هێناوە، سەرنجی ئەوە دەدەین، کە سەرەتای گێڕانەوەی تا کۆتایی هەرچەند پاڕ جارێک، ڕووداوەکانی لە زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکدا ڕێکخستووە و بەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ کردەیەکی گەڕانەوە، یان پاشوپێش خستن نەبراوە. سەربارى ئەوەش جاری وا هەیە، کۆتایی پاڕێک تێکەڵ کراوە لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی پاڕێکی دوادێی خۆیدا، ئەمەش سیفەتێکی بەرچاوی ڕۆمانە مێژووییەکانە، هەروەها گرنگییەکی بەرچاو دراوە، بە کەسایەتی سەرەکی و هەمیشە لە هەوڵی دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی کەسێتییە دیاریکراوەکەدایە، ئەم حاڵەتەش لەسەر حیسابی کەسێتییەکانی دیکە بەڕێوەچووە، بەو پێیە گێڕەرەوە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە زۆرترین ڕووداوی تایبەت بەو بخاتە ڕوو، دواجار لە ئاستێکی کەمتردا گرنگی بە کەسێتییەکانی دیکە داوە، دیارە مەبەستمان لەو کەسێتییانەیە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە کەسی یەکەمەوە نزیکن "هەربۆیە دەبینین بە مردنی میر کەیخوسرەو و نەمانی ڕۆڵی ئەو، ڕاستەوخۆ گێڕەرەوە پێگەکەی بە کەسێتییەکی تر پڕ دەکاتەوە و ناهێڵێت زنجیرەی ڕووداوەکان بەبێ بوونی کەسێتییەکی سەرەکی و گرنگ بەردەوام بن، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانە مێژووییە کلاسیکەکان، چونکە لەو جۆرەی ڕۆماندا، هەمیشە بایەخێکی زۆر بە پاڵەوانی سەرەکی دەدرێت و پاڵەوانەکانی تریش، کە لە پەراوێزدا ناویان دێت و

وەسفیـان دەکرێت، لە دەوری ئەو پاڵەوانە سەرەکییە دەسووڕێنەوە، هەر بۆیە دەبینین دوابەدوای کۆچی دوایی میر کەیخوسرەو میر سلێمان دەبێتە جێگرەوەی، ڕاستەوخۆ دوای ئەویش قادر بەگ دەبێتە سەرۆک خێڵ"(٢٢).

هەروەها پەیوەست بە بنیادی ڕووداو و گێڕانەوەوە، سەرنج دەدەین، لەوەی ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەرەوەوە دەگێڕدرێنەوە، کە خودی نووسەرە و لە زنجیرەیەکی ڕێکخراو و ڕیزکراوی ئەوتۆدا داڕێژراون، کە پتر لە پێویست لۆژیکییان پێ دراوە، هەروەک دایالۆگ بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، بۆیە پرۆسەی گێڕانەوەکە زیاتر لەسەر شێوازی ڕاپۆرتئاسا بەرێوەچووە، کە ئەمەش ڕێگەیەکی کلاسیکییە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان.

## سێیەم: پراکتیکی بنیادی شوێنکەوتە لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا
### (ڕووداوی کوژرانی حەمەپاشای جاف، بەنموونە)

یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە لەم ڕۆمانەدا بە زەقی دیارە و کاری لەسەر کراوە، کەسایەتی (حەمە پاشای جاف)ـە، کە دوای ئەوەی لە پاری یازدەمی ڕۆمانەکەوە (کەیخوسرەو بەگی جاف) بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، ئەوەش وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، دەکاتە ساڵی (١٢٤٤کۆچی)(٢٣) ، ئیدی گێڕەرەوە بە خستنەڕوویەکی خێرا دەست بە دەستکردنی جڵەوی سەرۆکایەتی خێڵی جاف لەنێوان (میر کەیخوسرەو، سلێمان بەگ، قادر بەگ و سەرئەنجام ئەحمەد بەگ)دا، درێژە بە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی دەدات، بەمەش لە پاری دوازدەم بەدواوە، خوێنەر دەچێتە نێو ڕووداوگەلێکی تازەوە، کە بە پیلانگێڕییەکەی (ئەحمەد بەگی وەلەد بەگی خاڵی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان) بە هاوکاری خوشکەزاکەی دایدەڕێژێت، بۆ دەستگرتن بەسەر خێڵی جافدا، دەست پێدەکات.

ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر کەسایەتی حەمەپاشای جاف و لەو ڕووداوانەی کە ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ هیچ دەستکاری کردنێک لە مێژووەوە وەری گرتوون، ڕاستە "ڕۆماننووس یەکسەر حەمەپاشای جافی باپیری ناکاتە پاڵەوان و لە هەموو لایەکەوە تیشک ئاراستەی سروشتی کەسێتییە بەهێزەکەی و کردەوە باشەکانی بکات، بەڵکو لە باسکردنی هەڵسوکەوتەکانی کەیخوسرەو جاف لەگەڵ مستەر ڕیچ نوێنەری باڵیۆزخانەی بەریتانیا و حکوومەتە پاشایەتییەکەیان، دەست پێدەکات"(٢٤)، بەڵام ئێمە ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین، کە حەمەپاشای باپیری ڕۆماننووس چەقی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە و دیارە هەر ئەوەش وا دەکات، لە ڕێگەی ئەم کەسایەتییەوە هەوڵی خستنەڕووی بەشێک لەو ڕووداوانە بدەین، کە لە ڕۆمانەکەدا گێڕدراونەتەوە، لە کاتێکدا چەندین ناو و چەندین کەسایەتی دیکە ئامادەییان هەیە و زۆر، یان کەم کاریان لەسەر کراوە، ئەوەش کە زیاتر جەخت لەسەر گرنگی ئەم هۆکارە دەکاتەوە، ناوونیشانی ڕۆمانەکەیە، کە لە ڕووداوی کوژرانی حەمە پاشاوە خوازراوە و هەڵبژێردراوە.

وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە "حەمە پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگ کوڕی زایەر بەگ کوڕی سەید ئەحمەدی جوانڕۆ، لە ساڵی (١٨١٧-١٨٨٠ز) لەدایکبووە"(٢٥) حەمەپاشا یەکێک بووە لە میرە ناودار و جوامێرەکانی خێڵی کۆچەریی جاف، کە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی میللەتەکەماندا بە میرخاسی و بوێری و نەتەوەپەروەری ناوبانگی دەرکردووە. لە سەرەتای ژیانیدا، چواردە، یان شازدە ساڵی و هەر دوابەدوای کۆچی دوایی کەیخوسرەو بەگی باوکی، دەبێتە سەرۆکی خێڵی جاف و توانیویەتی دەسەڵات و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی و خێڵەکەی دەستەبەر بکات. دیارە زیرەکی و بەتوانایی ئەم میرە لەوێندەرێوە دەردەکەوێت، کە سەردەمی میرایەتی ئەو بۆ خێڵەکەی، بە قۆناغێکی ئێجگار سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لێهاتووانە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، چونکە لەلایەکەوە هەریەک لە دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانی و فارسی قاجار، بەگوێرەی مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان لە هەوڵی ڕاکێشانی ئەو میرە گەنج و بەتوانایەدا بوونە، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە هێز و توانایی خۆی و خێڵە کۆچەرەکەی، کە ساڵانە لەنێوان سنووری هاوبەشی عوسمانی و قاجاریدا گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، دیارە حەمە پاشایش بەهیچ شێوەیەک ملکەچی دەسەڵاتی فارس و تورک نەبووە و هەموو کات پەرۆشی ئەوە بووە،

کـە خێـڵـی جـاف، وەک ساڵانـە کـردبوویانە دابونەریتی خۆیان، بەسـەربەرزی و ئازادییـەوە لەنێـوان کـوردسـتـانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا هاتوچۆ بکەن، ئەمەش پێوەندی بەو وەسێتـەی کەیخوسرەو بەگی باوکییـەوە هەبووە، کە دوو مـانگ پێش کـۆچی دواییـکردنی بۆی بەجێ هێشـتـوون، لەوەی "ئێـمـەی جـاف سنووریکـمان بۆ نـیـیە، ئەگـەرچی کـەوتووینەتە نێـوان دوو دەسـەڵاتی گـەورەی ڕۆم و عەجەمەوە، هەروەها قەڵا و قودرەتی ئەردەڵان و بابانەوە ئێمەی خەڵکی ئەم بنار و بەندەین، هەمیشە گەرمیان و کـوێسـتـانی خـێـڵـتـان لەبیـر نەچێت، بوونتـان بە ڕەوەندییەوەیە"(٢٦).

لەلایەکی ترەوە پێـوەندی نێـوان خـێـڵـی جـاف و میرنشینی بابان بە قۆناغێکی خراپدا تێدەپەڕی، هەم بە هۆی کـوژرانی (عـەبدوڵڵا بەگی) برایەوە، لەلایەن عـوسـمـان بەگی بابانەوە، دوای ئەوەی لە شـەڕی (گـردەگـروێ)دا، لە بەرەی بەرگـریکردن لە بابانەکـان، بریندار دەبێت و دواتر بە پیلانگێڕی عوسمان بەگی بابان و بە ناچارکردنی حەکیم باشی لەناو دەبرێت، ئەمەش بە هۆی ئیرەیی عـوسمان بەگ لەو خۆشەویستییەی نێوان عـەبدوڵڵا بەگ و گـوڵـئـەندامی کـچی ئەورەحـمـان بەگی مـیـران، کـە مـارەبڕیشی بووە، دوای ئەو ڕووداوە کـەیخـوسـرەو بەگ لە وەسـێـتـەکـەیدا دەڵێت:"دوای من بەهیچ جـۆرێک بەدوای چۆنێـتـی مـەرگی عـەبدوڵڵادا نەڕۆن، بەهیچ بەڵگە و عـینوانێک نامـەوێت لەگـەڵ بنەمـاڵەی بەبەدا بگاتە دەست بەخـەنجـەر، قـەینا بۆ لەمـەولا پێکەوە مـەڕۆنە ژێر ڕەشـمـاڵێکەوە، مـەڕۆنە هانایانەوە، بەڵام نامـەوێت نووکی ڕم و نێـزەتان بەرەو سنگیان ڕاوەشێنن"(٢٧).

بەڵی حەمـە پاشا و خێڵـە کۆچەرییەکـەی وایان کرد، بەڵام بـابانەکـان لێناگـەڕێن و هەر بیـانوو بەم خـێـڵـە کـۆچەرییـە دەگـێـڕن، ئەمـەش پاش ئەوەی ئەحـمـەد بەگی وەڵەد بەگ، خـاڵۆی ئەحـمـەد پاشـای بـابان، پیـلانـێک دادەڕێژێت بۆ ئەوەی حەمە پاشا بانگهێشـتی سلێمـانی بکەن و لەوێ دەست بەسـەری بکەن، دیارە لەمـەشـدا ئەحـمـەد بەگی وەڵەد بەگ مەرامی ئەوە بووە، کە خـۆی ببێـتـە سەرۆکی خـێڵی جـاف "بنێـرە بەدوای حەمـەبەگی کـەیخـوسـرەو بەگدا بێت بۆ دیدەنیت، کـە هات دەست بەسـەری بکە"(٢٨) بۆ ئەو مـەبەسـتـەش مـیـری بـابان نامەیەک بۆ حەمەپاشا دەنێرێت تا بچێتە دیدەنی، بەڵام دوای ڕاگۆڕینەوەی پیاوماقووڵان و ریش سپییانی خێڵی جاف، بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە چەند سەرۆک تیرە و بەگزادەیەک بنێرنە دەم داواکەی میری بابانەوە "لە جیاتی حەمـەبەگ چەند بەگـزادەیەکی دی دەنێـرین، بەم شـێـوەیە پێویستی سەرشانی خۆمان ئەنجام دەدا و دڵ و دەروونی پاشایشمان بۆ ڕوون بۆتەوە"(٢٩) هەر کە سەرۆک تیرە و بەگـزادەکانی جاف دەگەنە لای ئەحمەد پاشای بابان، یەکـراست دەست بەسـەر دەکـرێن و لە بەندیخـانە دەترنجـێنرێن، بەوەش پەردەی نهـێنی لەسـەر مـەرامی خراپی خۆی و ئەحمەد بەگی خاڵی، بەلای خێڵی جافەوە هەڵدەدرێتەوە، بۆیە حەمە پاشا بڕیار دەدات، کە هەرچی زووە ئەحمەد بەگی بۆ دەستگیر بکەن، هەم وەک ڕەهنێک لەبەرانبەر سەرۆک تیرە و بەگزادە دەست بەسەرکراوەکان و هەمـیش بۆ ئەوەی بە سـزای خـۆی بگات، هەروایش دەکەن و"ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگیان بە کراس و دەرپاوە لەناو جـێگەدا وەدەرهانی و بەرەو حـەمـەبەگ هانییـان"(٣٠) و "مـاڵەکـەی تالان دەکـات"(٣١) ئەم ڕووداوەش، دەبێـتـە سـەرچاوەی هەڵگیـرسـانی شـەڕ و ململانێیەکی گەورە لەنێوان خێڵی جاف و بابانەکاندا، بۆیە ئەحـمەد پاشای بابان بڕیار دەدات، هێرش بکرێتە سەر خێـڵی جاف و بەوەش "لەشکر و سوپایەکی زۆری هەنارده سەر جاف، تا ئۆردوو گەیشت، خێلانی جاف لە سیـروان کـردیانە ئەوبەرەوە و لە خـاک و زەوی ئێـراندا گـیـرسـانەوە و لە ناوچەکـانی داڵەهۆ و زەهاو و سـەرقـەڵا جـێگـیـران و قـەسـری شـیـریندا پەخش و بڵاوبوونەوە"(٣٢)، بەڵام بەهۆی خزمایەتی ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگـەوە لەگـەڵ والی ئەردەڵاندا، کـە ژن و ژنخوازییـان لەنێواندا هەبووە، حەمە پاشا و خێڵەکەی ناتوانن لەوێ بژین، پاشانیش "لەلایەن کـاربەدەسـتـانی عـوسمـانییەوە دڵنەوایی کران و ڕێگەیان بۆ خۆش کرا بۆ وڵات بگەڕێنەوە و لە سنووری قزرەبات (سـەعـدییـە)دا نیشـتەجێ بن و بحەوێنەوە، دواتر ئەحمەد پاشای بابان، دوامیری سەربەخۆی میرنشینی بابان، پێوەندی پێوەکردن و ئاشـتـی کـردنەوە و هانیـدان بۆ دەشـتـی شـارەزوور بگەڕێنەوە"(٣٣) واتا دوای ئاشتبوونەوەی حەمە پاشا و ئەحمەد پاشا "تا پایانی میرنشینی بابان، کە ڕێکەوتی سـاڵی ١٢٦٧ کـۆچی (١٨٥١ز) لەو ناوچەیەدا

دەمــێننەوە"(٣٤) دیارە ئەو ڕێکەوتەش هاوکــاتە بەو ساڵەی کە "عوسمانییەکان نازناوی (پاشا)یان بەخشییە حەمـە بەگ، بەوەش پێگە و شـۆرەتی ئەو پتـر پەرەیان سەند"(٣٥).

وەک وتمان حەمەپاشای جاف هەمیشە و بە هەموو توانایەوە هەوڵی داوە، کە خێڵەکەی بە سەربەخۆیی بژین و هەرگیز ئامادە نەبووە مل بۆ هیچ دەسەلاتێکی زۆردار کـەچ بکات، ئەمـەش دەبێـتـە مـایەی ناڕەزایی عوسمانییەکان، چونکە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا هێزی ئەم خێڵە کوردە زیادی دەکرد و بەرەو سەرتر هەڵدەکشا. هەڵبەت پێدانی نازناوی پاشایەتیش بە حەمە پاشا هەر بەو نیازە بووە، کە بیری سەربەخۆیی بەلایەوە کاڵ بکەنەوە، بەڵام ئەمە هیچ کارێک ناکاتە سەر بیروبۆچوونی کوردانەی حـەمـە پاشـا، بەڵکو "لە سـاڵانی (١٨٦٦-١٨٧٤)دا"(٣٦) قەڵای شێروانە دروست دەکات(٣٧) و دەیکاتە هێمای دەسەڵات و شکۆی خۆی و خێڵەکەی، کە تا ئێستاش ئەو قەڵایە هەر ماوە و یەکێکە لە شوێنە دێرینەکانی ناوچەی گەرمیان، لە شاری کەلار.

دوای ئەوەی لەلایەن عـومـەر پاشـاوە، "کـە لە سـاڵی ١٨٥٧ دا، بووەتە والی بەغدا"(٣٨) داوا لە حەمە پاشا دەکـرێت، لەناوچەی شـارەزووردا زەویوزار بکرێت بۆ ئەوەی تێـیدا نیشـتـەجێ بن و چیـتـر خـێـڵی جـاف بە کۆچەری نەمێننەوە، حەمە پاشا ئەم داوایەی پێ قبـوڵ ناکـرێت و جـێـبـەجـێی ناکـات، چونکە دەزانێت بە دامـەزراندنی جـاف و سـەرقـاڵبـوونیـان بە کـاروباری کشتوکاڵەوە، جۆرێک لە سستی و بگرە دیلبوونیشیان بەسـەردا دێت، بەو مـانایەی سـەربەخـۆیی و ئازادیی لەدەست دەدەن، ئەمە و چەندین هۆکاری تر، کە جافیش وەک زۆربەی خێڵە کۆچەرییەکانی ئەو سەردەمە پێوەی پابەندبوون، لەوانەش:(٣٩)

(١) دووربوونیان لە ژیانی شارستانی.

(٢) گەڕان بە دوای سەرچاوەی بژێویدا.

(٣) خـۆدزینەوە لەو یاسـایانەی کـە عـوسـمـانی و سەفەوییەکان بۆ وەرگرتنی باج و خەراج دایاننابوو.

(٤) نەبوونی ئەمن و ئاسـایش بەهۆی شـەڕوشـۆڕی بەردەوامی نێوان خێڵە جیاجیاکانەوە.

ئیتر بەم هۆیەوە حەمە پاشا فەرمانەکەی عومەر پاشا ڕەت دەکـاتەوە و "پێی ڕادەگـەیەنێت، کـە ئەوان وەکـو بازێک سەربەستن و کوێیان بە دڵ بوو لەوێ دەنیشنەوە، چۆن بەدەسـتی خـۆیان دەست و پەلی خـۆیان دەخـەنە زنجیرەوە؟ هەر شوێنێک ئەوانی پێدا بڕۆن موڵکی جافە، چ لە ئێـران و چ لە عـوسـمـانی"(٤٠) هەڵبـەت عوسمـانییەکان لەم هەڵوێستەی حەمەپاشا زۆر وەڕس دەبن و بڕیاری پەلامـاردانی خێـڵی جاف دەدەن، حەمە پاشایش هاوڕێ لەگەڵ سەرجەم تیرە و تایەفەکانی جافدا ڕوو لە ئێـران دەکەن، تەنیـا تایەفـەی (کـەرەم وەیسی) نەبێت، کە سەر بە تیرەی (شـاتری)ین، لەگەڵیدا ناڕۆن. لەبەرانبـەردا دەوڵـەتی ئێـران لەپێناو بەرژەوەندی و سیاسەتی تایبەتی خۆیاندا ڕێزێکی زۆر لە حەمە پاشا و خێـڵـەکـەی دەگرن و خزمـەتیـان دەکـەن، هەر بەوەندەشەوە ناوەسـتێت، بەڵکو لەلایەن (ناسـرەدین شـای قاجـارەوە) نازناوی (خـان)ی پێ دەبەخـشـرێت "ئافـەرین ئافـەرین خـانی جـاف، تۆ لە ئێـسـتـاوە نازناوی خـانیـمـان پێ بەخشیت، ئینجا شا پەنجەیەکی بۆ مستوفی الممالیک ڕاوەشـاند، وتی: فـەرمـانی خـانی بۆ بنووسـە، هەروەها فەرمان دەدەین ئەو بناری قەسری شیرین و ناوچەی زەهاو و سەرقەڵاو جێ گیرانەش لەژێر دەستیدا دەبێت"(٤١) هەروەها "عـوسـمـانی کـوڕیشی (وەسـمـان پاشـا) بەفـەرمـانڕەوای جوانڕۆ دانرا. حـەمـە پاشـا لەو مـاوەیەدا دووجـار لە تاران بەدیداری ناسـرەدین شـا گـەیشـتـووە، هەردوو جارەکەش لەلایەن شاوە ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ گیراوە"(٤٢) حەمەپاشا و خێڵەکەی، نزیکەی سێ سـاڵ لە ئێـران دەمـێننەوە، لەم مـاوەیەدا خـێـڵی جـاف دەسـەڵات و توانایـیـەکی ئێـجگار زۆر پەیدا دەکـەن، دەسـتـدرێژی دەکـەنە سـەر ناوچە سنوورییـەکـانی دەوڵەتی عوسمانی و بەوەش تەنگ بە عوسمانییەکان هەڵدەچنن و ئەوانیش داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکەن، کە حەمە پاشایان ڕادەست بکات، بەڵام ئێران بەدەستییەوە نادات.

دەسـەڵاتی فـراوانی حـەمـەپاشـا لە ئێـراندا ناڕەزایی کـاربەدەسـتـانی ئێرانیشی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت کە "حـەمـەپاشـا لەگـەڵ شـازادە (مـعـتـمـد الدولە) فـەرهاد مـیــرزادا، کــە مـامی ناسـرەدین شـا بووە، لە سـاڵی (١٢٨٤-١٢٩١کـۆچی)دا والیی سنە بووە، تێکدەچێت"(٤٣).

والی داوا لە حەمەپاشا دەکات خێڵی جاف لە ئێراندا جێگیر بکات و چیتر دەستدرێژی نەکەنە سەر ناوچەکانی

سنووری نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی، وەگەرنا ئەوە ڕێگە بە تیرە کۆچەرییەکانی کورد نادرێت، کە لە خاکی عـوسـمـانیـیـەوە بێنە ناو خـاکی ئێـران. حـەمـە پاشـا ئەم فـەرمـانە قـبـوڵ ناکـات، بەوەش شـەڕوشـۆڕێکی گـەورە لەنێـوان جـاف و هێـزی دەوڵـەتی ئێـراندا هەڵگیـرسـا. هەرچەند لەسـەرەتادا زیرەکی حـەمـەپاشـا لەو شـەڕەدا شکست بەهێـرشـەکـە دێنێت، چونکە "تەواوی بیـر و ئەندێشەی پاشای جاف ئەوەبوو هێزی دەوڵەت بخاتە ئەو داوەوە وا بۆی نـاوەتەوە.. لەپڕ دوو سـەد سـواری عەشایەریان چوو مێردەزمە لێتاین بوو، تا چاویان کردەوە کوشتارێکی باشیان لێکراو شپرزەیان کردن"(٤٤)، بەڵام بەهۆی ئەوەی جەنگاوەرانی جاف دەست دەکەن بە تاڵانی کـردن، بۆیە لەشکری حـەمـەپاشـا لەو شـەڕەدا دەشکێ "تاڵان و چەپاو و شڕەخۆری دەستی پێکردبوو، چەکیـان خسـتـبـووە لاوە.. لەپڕ لە دوو سێ لاوە ئابلـوقـە دران و درانە بەر گـوللە تۆپ.. بە تێکشـکانی هێزی عـەشایەر، سـوپای دەوڵەت بێ ئامـان کـەوتە نێـو عـەشـایەرە نێـشـتـەجـێکان و تاڵان و بڕۆ و ڕەشـبگیـری دەسـتی پێکرد"(٤٥) ئیتر بەم جۆرە نێوانی فەرهاد میرزا و حەمە پاشـا تێکچـوو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندوتیـژی دەوڵـەتی ئێـران لەگـەڵ جـافـدا، حـەمـەپاشـا بێزار دەکـات، بۆیە لە ڕێگەی مـەحـمـوود پاشای کـوڕییـەوە، کـە تا ئەوکـات لە باشووری کوردستـان لەگەڵ عـوسمانییەکان دەمێنێتەوە، هەروەها "تەحـسین پاشـای والیی مـووسڵ"(٤٦) چەند جارێک دەنێرێتە شوێنیدا، تا ئەوەی حەمەپاشا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خاکی دەوڵـەتی عـوسمـانی و دەیکەن بە قائیمقامی سلێمانی و دواتر هی هەڵەبجە، دیارە ئەمەش بۆ شوێن گـومکە بووە تا گـومـانی حەمەپاشـا لە مەرامی گـڵاوی خـۆیان بڕەوێننەوە و لە کـاتی گـونجـاودا لە پیلانێکییەوە بگلێن.

عـوسـمـانیـیـەکان لەڕێگە پێـدانی دارایی و دەسـەڵاتی زۆروزەبەندەوە، عـەزیزی شـاوەیس، سـەرۆکی تایەفـەی کـەرەم وەیسـیـیـەکـانیـان، دژی حـەمـەپاشـا هان دا. بەم شـێـوەیەش عـەزیزی شـاوەیس بوو بە گـرفت لەبەردەم بەڕێوەچوونی کاروباری حەمەپاشادا، وەک قـائیـمقـامی هەڵەبجە.

حەمەپاشا بەشوێن عەزیزی شاوەیسدا دەنێرێت، بەڵام داواکـەی ڕەت دەکـاتەوە و نـاڕوات. لەبەرانبـەردا حـەمـە پاشایش فەرمانی دەستگیرکردنی دەدا و لە بەندیخانەی توند دەکـات. عـەزیزی شـاوەیس بۆ مـاوەیەکی زۆر لە بەندیخانەی حەمەپاشادا دەمێنێتەوە. چەندین جار داوای لێ دەکەن، کە بەرەڵڵای بکات "قوربان هاتووین عەزیزی شـاوەیسـمـان بۆ بەرەڵڵاکـەیت، ئەوە چەند مـانگە لە بەندیخانەدایە"(٤٧)، بەڵام حەمەپاشا داواکەیان ڕەت دەکـاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیەی حـەمـەپاشـایش دەبێـتـە مایەی دروستبوونی نیگەرانی و پەستی لای بنەماڵەی عـەزیزی شـاوەیس و سـەرەنجـام پاڵدانیـان بە عوسمانییەکانەوە بۆ ئەوەی ماف و تۆڵەی خۆیان لە حەمە پاشا بسێننەوە.

بێ گـومان عـوسـمـانیـیـەکانیش بە وردی چاودێری ئەم ڕووداوانەیان کـردووە، تا سـەرەنجـام بەپێی پلانێکی نهـێنی، عـومـەر پاشـا (عـەزیز) لە بەندیخـانەدا لەناو دەبات، ئەمـەش دەبێـتە هۆی زیاتر جۆش پێـدانی ئاگری دووبەرەکی لەنێوان خێڵی جافدا. پیلانەکەی عومەر پاشا سەر دەگـرێت و لەکـاتی چوونە دەرەوەی حـەمـەپاشـادا بۆ ڕاووشکار، عـەزیز لە بەندیخـانەدا دەکـوژرێت، لەبەرانبـەردا عـوسـمـانیـیـەکـان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن، گوایە بە فەرمانی حەمەپاشا دەرمانخوارد کراوە، بۆیە ئەو ڕووداوە بنەماڵەی عەزیز دڵگران دەکات و ئەم جارەیان بە دڵگەرمییەوە بڕیاری تۆڵـەسەندنەوە دەدەن "خزمینە هەل لەمـە باشـتـرمـان وە چنگ ناکـەوێ.. بۆ ئەوە کـۆتانم کردووەتەوە، تا پێـتـان ڕاگەیەنم، ئەگەر دەتانەوێ خوێنی عەزیز پامـاڵ نەکرێ و نەفـەوتێ، وا پاشا بە بیـست سی کەسەوە خەیمەگای لە چیمـەنی برایم سەمیندا هەڵداوە و خەریکی ڕاوە.. دانیشـتـووان هیچ کـامیـان دوو دڵـیـان وەدەرنەخـست و هەر هەمـووان ئامـادەبوون بۆ کـوشـتنی حـەمـە پاشـا"(٤٨) بەو هۆیەوە "لەسـاڵی ١٢٩٩ک، بەرانبـەر ١٨٨٠ز (٤٩) حەمەپاشا بە دەستی تاقمێک لە خزمانی عەزیزی شاوەیس دەکوژرێت.

ئەم تاوانەی تیرەی کەرەم وەیسی و بنەماڵەی عـەزیزی شـاوەیس، دژ بە خێـڵـەکەیان کردیان، بە پشـتـبـەستن بە والی بەغـدا ئەنجـامـیـان دا، بەڵام وەک ڕەفـتـارێکی هەمـیـشـەیی دوژمنان والی پشـتـیـان تێدەکـات، ناچار ئەوانیش هانا بۆ جوامـێر ئاغـای هەمەوەند دەبەن "ئێـمـە تیـرەی کـەرەم وەیسی جـافین، بە لەوەڕو هانا بە بنچک لێمان قەوماوە، لە خوا و جوامێری و کەڵەمێردی جوامێر

هەمــەوەن زیاتر لەژێر ئەم ئاســمــانەدا کــەســێک شک نابەین.. قوربان خراومان لێقەوماوە، خەتای گەورەمان لێــوەشــاوەتەوە، ئەمــانەی وا پەنایان هێناوەتە ئەم ئاستانەیە، دەستیان بە خوێنی حەمە پاشای جاف ڕەنگین بووە(٥٠)" جوامێر ئاغا هەرچۆنێک بێت دەیانگرێتە خۆ(٥١)، بەوەش شەڕێکی گەورە و کوشتارێکی زۆر لەنێوان هەمەوەند و کەرەم وەیسی و جافدا ڕوو دەدات و بکوژان و سەروماڵیان لە تۆڵەی حەمەبەگدا لەناودەبرێن "هێزی جاف هەموو توانا و زەبر و زۆری خۆی بەکار برد بۆ گەمارۆدانی پاشماوەی هێز و سوارە و تاک تاکی کەرەم وەیسییەکان، جوامێر هەمەوەند بەناچاری لە کەرەم وەیســیــیــەکــان جــیــابووەوە.. لە زەردەی ئێــوارەیەکی خوێناویدا شەڕکەرانی کەرەم وەیسی بە نائومێدییەوە چەکیان فڕێ دا و سوارە و سوپای جاف لەهەمان جێگەدا هەر هەموویان گەورە و بچووک و پیر و جوانیان دا بە دەم ڕم و شــمــشــێــرەوە، هەر بۆ نموونە منداڵێکیــان بە زیــنــدوویــی نــەهــێــــــــــــڵایــەوە"(٥٢) بــەم ڕووداوی تۆڵەسەندنەوەیەش کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێت.

**پەراوێزەکان:**

**(١) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٤، ص١١**

**(٢) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.**

**(٣) بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٦٦**

**(٤) تەکنیکی گێــڕانەوە لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٢**

**(٥) مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق، کۆمەڵێک ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دانا عەسکەر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی دەزگای پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٧**

**(٦) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص١٣**

**(٧) حوار بسيط في تقنيان السرد، بناء الحدث، د.محمود الدغيشي، www.anaweeen.com**

**(٨) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٦٦**

**(٩) تەکنیکی گێــڕانەوە لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانەی (بەختیار عەلی)دا، ل٤٣**

**(١٠) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٦٧**

**(١١) تەکنیکی گێــڕانەوە لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانەی (بەختیار عەلی)دا، ل٦٨**

**(١٢) دیدارێک لەگەڵ جەبار جەمال غەریب، سازدانی: دڵشاد خۆشناو، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٦)، دیسەمبەری ٢٠٠٩، ل١١٧**

**(١٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٧**

**(١٤) ڕۆمانی سەرگوزشتەی مێژوویی، زاهیر ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٥٨)، تەمموز ٢٠٠٩، ل٢٦**

**(١٥) پاشایان کوشت، خوسرەو جاف، چاپخانەی (دار الرساله)، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٣، ل٥**

**(١٦) دەروانرێتە: (ڕۆمانی سەگوزشتەی مێژوویی، زاهیر ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٥٨، تەممووزی ٢٠٠٩).**

**(١٧) ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم، بڵاکراوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٩**

**(١٨) پاشایان کوشت، ل٥**

**(١٩) خوسرەو جاف لە دیدارێکی تایبەت بە گەرمیانی ئەمڕۆدا، سازدانی: کامەران یارەویس، ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ)، ژمارە (٤١)، شوبای ٢٠١٠، ل٤**

**(٢٠) الاديب والمعماري خسرو الجاف: قلة الرواية الكردية سببها المثقفون و المعنيون بالادب الكردي، مقابلة (اكانيوز)، ٢٠٠٩/١٢/٢١، www.aknews.com**

**(٢١) ئەدەب چییە؟ ژان پۆل سارتر، و:مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٣٢**

**(٢٢) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٧٨**

**(٢٣) بەناوبانگترین سەرۆکەکانی جاف، www.jaff.bizroli.com**

**(٢٤) ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦، ل١٧٥**

**(٢٥) نۆ باس لە مێژووی کورد، عومەر عەلی شەریف، سەنتەری ڕۆشنبیری مەولەوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢٢**

**(٢٦) پاشایان کوشت، ل٨٦-٨٧**

(٢٧) پاشایان کوشت، ل٨٦
(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل٩٦
(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل٩٩
(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل١٠٥
(٣١) تەئریخی جاف، دانراوی: کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی: د.حەسەن جاف، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، ل٤٦
(٣٢) پاشایان کوشت، ل١٠٦-١٠٧
(٣٣) نۆ باس لە مێژووی کورد، ل١٢٣
(٣٤) تەئریخی جاف، ل٤٧
(٣٥) نۆ باس لە مێژووی کورد، ل١٢٣
(٣٦) هەمان سەرچاوە، ل١٢٧
(٣٧) لە (تەئریخی جاف)دا هاتووە، گوایە (قەڵای شێروانە) لە ساڵی (١٨٢٣)دا بنیاد نراوە، ئەمەو لەو سەرچاوانەی لە دیاریکردنی مێژووی ساڵەکاندا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، ڕەنگە بەهۆی هەڵەی گۆڕینی ساڵە کۆچییەکانەوە بێت بۆ ساڵی زایینی.
(٣٨) تەئریخی جاف، ل٥١
(٣٩) الكورد و الدولة العثمانية، موقف علماء كوردستان من الخلافة العثمانية في عهد السلطان عبدالحميد الثاني، د.محمد زكي البرواري، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٩، ل٢٠٨
(٤٠) تەئریخی جاف، ل٥٢
(٤١) پاشایان کوشت، ل١١٩
(٤٢) نۆ باس لە مێژووی کورد، ل١٢٤
(٤٣) پاشایان کوشت، ل٥٥
(٤٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥٧
(٤٥) هەمان سەرچاوە، ل١٧٦
(٤٦) تەئریخی جاف، ل٥٦
(٤٧) پاشایان کوشت، ل١٧٩
(٤٨) هەمان سەرچاوە، ل١٩٦
(٤٩) نۆ باس لە مێژووی کورد، ل١٢٥
(٥٠) پاشایان کوشت، ل٢٠٥-٢٠٦
(٥١) سەبارەت بە هەڵوێستی جوامێر ئاغای هەمەوەند، لەهەمبەر کوشتنی حەمەپاشای جاف لەلایەن کەرەم وەیسییەکانەوە، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:"جوامێر بە بیستنی "حەمەپاشای جافمان کوشتووە: بەهەردوو چەپۆک دای بە تەوقی سەری خۆیدا، وتی: ئای خانەی وێرانم، ئای ماڵی کاولم، ئای کوڕی کوژراوم، ئای چیتان بە خۆتان کردووەو چیتانیش بە من کرد؟! (پ.ک:٢٠٦)... هەروەها گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، لەسەر زاری جوامێر ئاغای هەمەوەندەوە، دەڵێت:"ئێوە باشتان لەگەڵ ئێمەدا نەکرد، چونکە حەمەپاشا و ئێمە پەیمانی دۆستایەتیمان پێکەوە ئیمزا کردبوو، گفتی دۆستایەتی و هاوکاریمان لەگەڵ یەکدا هەبوو...(پ.ک: ٢٠٦-٢٠٧)" بەڵام لە لاپەڕە (٥٨)ی کتێبی (تەئریخی جاف)دا، هاتووە: "وادیارە هەمەوەندەکان لەسەر کوژرانی خولەپەزە ناکۆکییان لەگەڵ حەمەپاشادا هەبووە، لەبەر ئەم دوژمنایەتی و ناکۆکییە قاتیلەکانی حەمەپاشا دەگرنە خۆیان و.."وەک دەبینین جیاوازییەک لەنێوان هەردوو گێڕانەوەکەدا هەیە، لەکاتێکدا خوسرەو جاف لەوەڵامی پرسیارێکی (د.عادل گەرمیانی)دا، دەڵێت:" ڕووداوە سەرەکییەکانی نێو (پاشایان کوشت)، هەر هەمووی ڕووی داوەو بەندەش بە ئەمانەتەوە دامڕشتووە. ڕەنگە شتێکی ئەوتۆم پێوە نەچەسپاندبێت، بەڵام ئەو ڕووداوانە خوێنەواری کورد نەیدەزانی و بێ ئاگا بوون لەو سەد دووسەد ساڵە، کە مێژووی ڕاستەقینەی میللەتەکەمانە". بڕوانە: (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەیەکە عادل مەجید مـحەمەد گەرمیانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦، ل١٨٠).
(٥٢) پاشایان کوشت، ل٢١١-٢١٢

# ڕۆڵی باسکار لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا

شاخەوان فەرهاد مەحەمەد

**پێشەکی**

لەبەر ئەوەی ڕێبــــاز ئەو ڕێڕەوەیە کـــە باسکار لە ئیشوکارەکانی خۆی بە شێوەیەکی گونجاو پشتی پێ دەبەستێت، بۆ گەیشتن بەو ئەنجام و ئامانجەی کە دەیەوێت بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەدەستی بێنێت، بۆیە لێرەدا هەوڵم داوە ئەرک و ڕۆڵی باسکار باس بکەم و ئەو هەنگاوانە دەستنیشان بکەم کە ئەنجامیان دەدات، لەگەڵ ئەو وردەکاری و سەرنج و تێبینییانەی کە پێویستە جێبەجێیان بکات، پاشان باسی ئەو سیستم و توخمانەم کردووە، کە چۆن باسکار جێبەجێی دەکات و دواتر ئەو چالاکییانەی کە پێویستە لێیان بەرجەستە بێت و پێناسەی هەر یەکێکیان بەجیا و چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەدا لەسەر دەستی باسکار دێنە دی و دەستنیشانکردنی ئەو هەڵانەی هەندێک جار باسکار لە میانی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە و ڕێبازەکەیدا دەیکات، کە پێویستە نەیانکات و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و ئەو هەنگاوانەی کە باسکار لەڕێبازی لێکۆڵینەوە زانستییەکەیدا دەیانگرێتەبەر، بە هۆی بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی باسەکەی و پلانەکانی جێبەجێکردنی کاری پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەیەوە، باسی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی باسکار و دەستە و سەنتەرە تایبەتییەکانی پەیوەست بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیشم کردووە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە عەرەبین و بۆ نووسینی ئەم کورتە باسەم سوودم لێ وەرگرتوون، بۆ ئەوەش پەنام بردووەتە بەر سەرچاوەی عەرەبی پێوەندار بە باسەکەم و دواتر ئەنجامی باسەکەم لە چەند خاڵێکدا چڕ کردووەتەوە.

**ڕۆڵی باسکار لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا**

ڕێباز ئەو ڕێڕەوەیە کە باسکار بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج پشتی پێ دەبەستێت، کە ئەرکەکەی بریتییە: لە دۆزینەوەی ئەو پرەنسیپانەی دیاردەکان و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان دەکات و بەشێوەیەکی زانستییانە و دوور لە کەموکوڕی، چونکە ئەنجامی زانستی بەدەستهاتوو لە ڕێگەی تاقی کردنەوەوە، ڕێژەکەی بۆ بێنەو بەردە ملکەچ نابێت. لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوە لە تاقیگەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دیاردەکان بە پێی یاسای زانستی، گەردی کەموکوڕی لەسەر نانیشێت، چونکە لە ژێر تیشکی تاقیکردنەوەکاندا ئەو دەستکەوتە زانستییانە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و ئەنجامەکانی زۆر بەوردی بایەخیان پێ دەدرێت، بۆ زاڵبوون بەسەریان و

بەکـــارهێنانیـــان بۆ بەرژەوەندی گـــشـــتی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە شارستانیەت و پێشکەوتن خوازیاریانە. بۆ وەدەستهێنانی ئەنجامی متمانەپێکراو لە بواری هەر زانستێکدا، دوور لە تەمومژی شیکردنەوەی جۆراوجۆر کە خزمەتی مەبەست ناکات، لەو ڕوانگەیەی کە زانستی ڕاستەقینەی بەرهەمهاتوو لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و تاقیگەوە هەرگیز گومان پەی پێ نابات، بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستییە باسکار چەند هەنگاوێک دەگرێتەبەر، تا لێکۆڵینەوەکەی پتەو بکات و بێ چەند و چوون ڕێزی پسپۆڕان و زانایانی هەر بوارێک لە بوارەکان بەدەست بێنێت، کەواتە هەنگاوەکانی باسکار بریتین لە: خستنەڕووی ئامانجی سەرەکی هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕووت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی گیروگرفت و بارودۆخی پەیوەست بەبابەتی زانستی و شیکردنەوەی بەپێی ڕادەی تێگەیشتنی خۆیی و چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئەنجام لە لێکۆڵینەوەکەی ژێر دەستی، هەروەها ڕەچاوی سنووری ئەو شوێنە بکات، کە لێکۆڵینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، کە هەموو جۆرە پێوەندییەکانی بابەتە زانستییەکەی لێکۆڵینەوەکەی دەگرێتەوە. زۆر بەرێک و پێکی بیخاتە ڕوو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕادەی هەر پێوەندییەک بە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و دارشتنی شتە گشتگیرەکان لە چوارچێوەی پلان بۆ دانراو و شیکردنەوەی دەستکەوتەکانی لە ڕێگای لێکۆڵینەوەکەیدا، پاشان دارشتنەوەی گشتگیرەکان لە چوارچێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی زانستە، بەتایبەتی ئەو ئەنجامە بەدیهاتووانەی کە پلەی گشتگیریان پێوەیە و دەگەنە پلەی بەرزی زانستیی دارێژراو وەک: یاسا و تیور بۆ داهاتوو.

نرخی زانستی شیکردنەوە و تاقیکردنەوە بەرز هەژمار دەکرێت و دەبێتە یاریدەدەری مرۆڤ بۆ باڵا دەست بوونی لە بواری دەستنیشانکردنی پێشهاتەکان. مەبەستیش لە پێشهات ئەوە نییە بۆ زانینی ڕووداو لە داهاتوودا نادیارییەکان بخوێنرێتەوە، بەڵکو مەبەست لە زانینی هونەری پێشهات ئەوەیە کە باسکار بتوانێت لە ڕێگای ئەو ئەنجامانەی لە منداڵدانی تاقیکردنەوەوە لەدایک بوونە ڕووداو بخوێنێتەوە بە پێی بۆچوونی موتروبەکراو بەهزری زانستی، پێشەکی چاوەڕوانی ئەنجامی وابێت، کە خۆی بە ڕادەیەکی زۆر خستبوویە چوارچێوەی پێشهاتەکەی، بە مەرجێک هەموو بارودۆخی بە پێی پلان و نەخشەی دارێژراوی پێش وەختە بەڕێوەبچێت، بۆیە ئەگەر کارەکە ڕێرەوی خۆی لەسەر بنەمایەکی زانستی گرتە بەر، بۆچوونی پێشهات و دەستنیشانکەر، هێزی شیمانەی کاریگەرتر دەبێت و لە سنووری گریمانە ڕزگار دەبێت. باڵاترین ئامانجەکانی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕێکخستنی ئەنجامەکان، هەموو جارێک وەکو پێویست ڕوو لە باسکار ناکات، بۆ نموونە: شیکردنەوەی مانگگیران، پێویستی بە دەستنیشان کردن و لێ وردبوونەوەی دیاردەکەیە، لەگەڵ زانینی ئەو هۆکارانەی کە بەرپای دەکەن، پاش وردەکاری زانستی لەسەر ئەو دیاردەیە و هەر دیاردەیەکی تر، باسکار دەگاتە کۆمەڵێک زانیاری پەیوەست بە ڕوودانی ئەو دیاردانەی کە هێزی شیمانەیان دەبێتە دامەزرێنەری بۆچوونێک، کە ڕادەکەی زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە، بەو پێیە دەکرێت چوارچێوەیەک بۆ پێشهاتی چاوەڕوانکراو ڕێک بخرێت، چونکە ئەو بیرۆکەیە پەیوەستە بەو بابەتانەی لەژێر چاودێری وردی مرۆڤ و سنووری تواناکانیەتی، کەچی هەندێک بابەت هەن هەرچەندە باسکار شوێن پەنجەی دیار بێت و توانادار بێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی زۆر ورد ئەو زانیارییە بە دەست بخات، کە هەموو لایەنەکانی بابەتی ژێر لێکۆڵینەوەکە بە چڕوپڕی بخاتە ناو چوارچێوەی متمانەوە، وەک دیاردەی مانگگیرانی باسکراو، کە باسکار ناتوانێت پێش وەختە دەستنیشانی ڕوودانی بکات، بەهۆی کەم توانایی پەیوەست بەهەموو زانستەکانی فەلەکناسی و ڕێرەوی تەنە ئاسمانییەکان، چونکە لە کەس دیار نییە چ کاتێک ڕێرەو دەگۆڕێ، یان تەنێکی ئاسمانی خۆی بە تەنێکی تردا دەکێشێت و هاوسەنگی کێش و خێرایی و ئاراستە دەگۆڕێت. ئەو بوارانە زۆر پێویستن بۆ خوێندنەوەی پێشهات، بەڵام ناچنە ژێر باری هێزی هۆشی هەر باسکارێک بەگشتگیری، چونکە گشتگیری زانستی سامانی کەس نییە و هیچ زانایەک ناتوانێت خۆی نمایش بکات لەسەر بنەمای فرەلایەنێتی لە زانست و زانیاریدا کە هەموو شتێک بە ئاماژەی پەنجەی ئەو ڕێرەوە دەگرێتە بەر. هەرچەندە لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕێبازەکەی وردبین و هزروان و تیژ هۆش بێت، بە پێچەوانەی وتەکانی پێشوو هەندێک دیاردە بۆ ڕێکخستن و یەکخستن ملکەچن، بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا تا ڕادەیەکی لەبار. بۆ نموونە: ئەگەر باسکارەوەیەک لە بواری کۆمەڵایەتیدا کاربکات، دەبێت بزانێت چۆن دیاردە

کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکات و بە پێی گرنگییان، ریزبەندییان بکات، پاشان یەک بەدوای یەک شییان بکاتەوە، بە مەبەستی بنبڕکردن لە ڕێگای پلانێکی پتەوەوە و وەک بنەمایەک. بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ هەر یەکێکیان، دەشێت باسکار کۆمەڵە خاڵێک ریز بکات، کە بە دیاردەیەکی گرنگیان دەزانێت، دواتر بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵگە کۆشش بکات، وەک: خزانی نەوجەوانان بۆ ناو هەڵسوکەوتی نالەبار و دزی و فزی و درۆ و فریودان و دەستدرێژی کردنە سەر سامانی یەکتر و بەهەدەردانی ماف و دریغی کردن لە جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی و.... تاد، کە ئەو هۆکارانە و هاوشێوەکانی نەخۆشی بنەڕەتین و کۆمەڵگە لەبار یەک هەڵدەوەشێننەوە، کەواتە لێرەدا ڕۆڵی باسکار لە چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئەنجامی پشت بەستوو بە تاقیکردنەوە و داڕشتنی ئەو زانیارییانەی کە بە دەست هاتوون لە چەند یاسایەکدا بەرجەستەیە، تا لە داهاتوودا بۆ بەرهەڵستی کردن و قەڵاچۆکردنی ئەو دیاردانە کاری پێ بکرێت، کە باسکار خستبوونییە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانیشی وەکو چەند یاسایەک خستەڕوو، ئەو کارە شایستەی ئەوەیە ببێتە پێوەرێک بۆ هەر بوارێک، کە باسکاری زانستی ئیشی لە پێناودا دەکات، جا لێکۆڵینەوەی زانستی و فرەلایەن و هەمەجۆر هەرچییەک بێت، دەبێت سێ مەبەست بکاتە ئامانج، کە ئەوانیش بریتین لە: شیکردنەوە و ڕێکخستنی ورد و پێشبینی پشت بەستوو بە ڕێباز و لێکۆڵینەوەی شێوازی زانستی، چونکە ئەو شێوازە تایبەتمەندی گرنگی خۆی هەیە، وەک وردەکاری و وردبینی و بابەتی بوون و تاقیکردنەوەی ڕاستییەکان، کە تاقیکردنەوەیەکی وا هەرچی گومان هەیە ڕای دەماڵێت و پێویستە بە هەندی وەربگرین، کە ناکرێت وەک ڕاستییەکی نەگۆڕ، بە ڕێژەی سەد لە سەد هەژمار بکرێت، ئەوەندە هەیە بەسە کە پلەیەکی باڵای لە ڕاستیی ئەنجامەکان وەدەست هێنابێت، هەرچەندە نەگۆڕیی ناتوانێت بە تەواوی باڵی بەسەردا بکێشێت، بەڵام بەرزی ئاستی نێوان ئەنجامەکان و ڕاستییەکان مرۆڤ دێنێتە ئەو بارەی کە متمانەی پلە بەرزی پێ ببەخشێت، لە بواری وادا دەبێت ئاماژە بۆ کێشە مەنهەجییەکەی بکرێت، کە شوێنی مشتومڕ و جیاوازییە لە نێوان باسکاران، لەسەر ئاستی تیوری و پراکتیکی، بەڵام باسکارەوەی بواری یەکەمی پەیوەست بە لایەنی تیوری متمانەی نییە بەو ئەنجامانەی بە ڕێژەی سەد لە سەد وەدیهاتوون، تا هەرچی تەمومژ و گومان هەیە، وەدیهاتووەکان لێی ڕزگار بن بە شێوەیەکی پەسەند و پلەی پێوەندی نێوان ڕاستی و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، کە دەگاتە بەرزترین ڕادەی ڕاستی و ڕێژەی هەڵەکردنی تێدا لە (یەک لە دە)تێ ناپەڕێت، واتە پلەی نەوەد لە سەد شایستەی متمانەیە. دەشێت ئەو ڕێژەیەی ماوە کە (دە لە سەد)ـە چاوەڕوانی هەڵەکردنی لێ بە دوورناگیرێت)، کەچی بواری دووەمی پابەند بە پراکتیک و جێبەجێکردنی بە باڵاترین ڕێژەی شیمانە متمانە دەکات.

لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی پشت بە بەرزترین ڕێژەی ڕاستی دەبەستێ، کە بەرهەمی کۆششەکەیەتی، واتە ئەگەر ئەو دوو جۆرە باسکارە یەک بابەتیان کردە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەیان، لە کۆتاییدا ڕێژەی هەڵەکردن لای هەردووکیان یەک لە دە بوو، باسکارەوەی بواری پراکتیکی و جێبەجێکاری پەسەندی دەکات، بە پێچەوانەی باسکارەوەی بواری تیوری، کە بە پەسەندکردنی ڕێژەکە ڕازی نابێت، ئەگەرچی ڕێژەی هەڵەکردن دانەبەزێت (بۆ یەک لەسەد)، ئەو جیاوازییە لۆژیکییە سنوورکێشێکی پەسەندکردن و نەکردنە لەسەر بنەمای دووری و نزیکی لە هەڵەکردن، تا مرۆڤ متمانەی پێ بکات، چونکە ئاشکرایە شێوازی زانستی پشت بە (لێکۆڵینەوە و پشکنین) دەبەستێت، ئەوەشی کە جیاوازە لە شێوازی هەڵێنجانی ئەنجام، لە ڕێگای لۆژیک و پێزانەی هاوچەشن، بەڵام ئەو چەمکە بەو واتایە نییە کە شێوازی زانستی پشت دەکاتە گرنگی بەکارهێنانی لۆژیک، وەک پێوانە، یان بڵێین بەرگی گرنگی لەبەر پێوانەی لۆژیکی دادەدڕێت، چونکە لە کاتی گەیشتن بە هەندێک یاسای مۆرکدار بە گشتگیری ڕوودەکاتە بەکارهێنانی هەڵێنجان و پێوانە بۆ جێبەجێکردنیان، تا لە هەموو بەشەکانی دڵنیابێت، گومانی لە تەواوی ڕاستی ئەنجامی کۆتایی و داڕشتنی لە چوارچێوەی یاسایی متمانەپێکراو و بەکارهێنانی لە بواری پراکتیکی نەمێنێت، پاشان باسکارەوەی تیوری هەنگاوە سەرەتاییەکانی بە یەکە بچکۆلەکانی بەش بەش کراو دەست بەکار دەبێت، بە هیوای گەیشتن بە کۆتاییەکی سەرکەوتووی بێ کەموکوڕی، ئەوسا ئەوەی وەدی هاتووە لە ڕێی لێکۆڵینەوەوە لە چوارچێوەی یاسایەکی دوور لە گومان دایدەڕێژێت، کەچی باسکارەوەی زانستی دەستپێکی کارەکەی بریتییە: (لە

شیکردنەوەی کێشە گشتییەکان بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستییەک، ئەگەرچی لە سەرەتاوە بەش بەشیش بێت، بەڵام کۆی ئەو هەموو بەشە ڕاستانەی لەسەر دەستی باسکارەوەی زانستی هاتوونەتە ئاراوە) واتە شیکردنەوەی جێبەجێکاری پەیڕەو دەکات، تا بگاتە ڕاستی پەیوەست بە هەر دیاردەیەکی تایبەتی جیاواز لەوانی تر، لەبواری تیوری و یاسایی و دیاردە گشتییەکان، هەروەها شێوازی هەڵێنجانیش بۆ تاووتو کردن و داڕشتنی یاسایەک، یان تیورییەک، یان خستنە ڕووی ئەو دیاردە گشتییانە بەکاردێنێت، کە باسکار لە ڕێگای پشت بەستن بە کۆمەڵێک دیاردەی تایبەتی هێناویەتییە بەرهەم. واتە جار وایە باسکار لە دیاردە گشتییەکان یاسای تایبەت دێنێتە ئەنجام، یان بە پێچەوانەوە، لە دیاردە تایبەتییەکان کۆمەڵێک یاسا و تیور لە دایک دەبن، بۆیە باسکار دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێت: شێوازی زانستی لەسەر دوو بنەمای گرنگ دەچەسپێنێت، کە بریتییە لە دوو کرداری پەیوەست بە یەکتر، (کە یەکەمیان: سەرنج و تێبینییەکانە و دووەمیان: وێناکردنە (وەسف).

کەواتە ئەگەر زانست گوزارشت بکات لەو پێوەندییانەی لە نێوان دیاردە هەمەجۆرەکان بەرجەستەن، ئەوە ئەو جۆرە گوزارشتە، بنەماکەی وێناکردنە، بەڵام ئەگەر زانست ئەو ڕاستییانەی بە دیاردەکانەوە پەیوەستن بەرجەستە بکات، ئەو کاتە بنەماکەی سەرنج و تێبینی دانە و دەبێت جیاوازی لە نێوان وێناکردنی زانستی و وێناکردنێکی ئاسایی دابنێت، چونکە یاوەری ڕەوانبێژی و زمانەوانی نییە، لەبەر ئەوەی ڕەوانبێژی بواری تایبەتی خۆی هەیە و زانستیش بە هەمان شێوە، چونکە شێواز گرنگی بە وێناکردنی چەند و چۆن دەدات لە بواری ڕاستییە وەدیهاتووەکانەوە، کەچی ڕەوانبێژی کاریگەرە لە خستنە ڕووی جوانکاری و ڕازاندنەوە و ژیربێژی لە هونەری ئاخاوتن بۆ پەلکێشکردنی هەست و نەست و ناخ و دەروونی بیستەر و دروست کردن و دەوڵەمەندکردن و بەگەڕخستنی ئارەزووی ئاراستەکراو بەرەو کێشەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کەواتە باسکار لە چەندین لاوە(دیاردەیەک، یان کۆمەڵە دیاردەیەک پێوانە دەکات، کە ئەو جۆرە پێوانەکردنە دەچێتە خانەی وێناکردنی چەندایەتی پشت بەستوو بە ئامرازەکانی سەرژمێری، بۆ کورتکردنەوەی کۆمەڵێک داتا و چەمکی ڕۆشن کراوەی وەدەست هاتوو، هەروەها کۆمەڵێکی تری ئاسانی کورتکراوە، کە خۆی لە نمرە و زاراوەی پەیوەست بەسەرژمێریدا دەبینێتەوە). هەرچی سەرنج و تێبینی زانستییە، پشت بە پێوەری هەمەجۆر دەبەستێت و لەسەر ڕیزبەندی کردنی ڕەوش و بوارەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و مەبەستدار دەچەسپێت، بەو شێوەیە تێبینییەکان شێوەی بابەتییانەیان بەسەردا زاڵ دەبێت، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیشی دووپات بوونەوەیە، کە ئەوەشیان گرنگییەکی زۆر بەرزی لەسەر ئاستی وردبینی زانستی هەیە، کە پێویستە باسکار هەست بەو ڕاستییە بکات، لەبەر ئەوەی دەبێتە یاریدەدەر بۆ دەستنیشانکردنی توخمە بنەڕەتییەکانی ئەو هەڵوێستەی کە باسکار بەنیازە بیخاتە ژێر کرداری شیکارییەوە، هەروەها جووڵاندنی ئەو توخمانەی کە بە ڕێکەوت دێنە ئاراوە، وێڕای پێویستی هەبوون بە دووپاتکردنەوەی بۆ نەهێشتنی گومان کردن لە ڕاستی سەرنج و تێبینییەکانی. جار وایە باسکارەوە دەخرێتە ناو تۆڕی هەڵەکردن، یان بە ڕێکەوت، یان لە ڕێگای سەرهەڵدانی هەندێک هۆکاری خودی چاوەڕوان نەکراوەوە ڕوودەدات. وەک:-ئەو هەڵانەی لە جیاوازی هێزی وردبینی هەستەکان پەیدا دەبن، سەرەڕای وێناکردنەکانی خودی باسکار، جگە لەکۆڵنەدان و هێزی قووڵیی و سەرنجدانێکی یەکجار ورد، کە لە نێوان زاراوەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بەدی دەکرێت. کەوایە شێوازی زانستی (ئاماژە کارە بە چوارچێوەیەک، کە باسکارەوە لە بیرۆکەکەیدا کاردەکات، کەچی وشەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە، کە ڕووەو چوارچێوەی بیرۆکە ئاراستەی دەکرێ)، بەڵام ئەو جیاوازییە واتای جیاوازی سروشتی ئەو زاراوەیە ناگەیەنێت، لەسەر ئاستی زمانەوانی زاراوەی «شێوازی زانستی» و (ڕێبازی زانستی زۆر لە یەکەوە نزیکن، مەبەست لەو جیاکارییەش ڕوونکردنەوە و شرۆڤەیە، کە باسکار لەهەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەو کارە دەکات، کە کردارە هۆشییەکان و زەینی باسکار و ڕیزبەندییەک و ڕێکخستنێکی پوختی بۆ ئاراستەکردنی هەموو هەنگاوەکانی جێبەجێکردن هەیە)، بۆیە پێویستە هەریەک لەو دوو زاراوە بەکارهاتووە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا سەربەخۆ بن و مەبەستی یەک لەو دوولایەنە بەدەستەوە بدەن، تا لە تێکەڵی و پێکەڵییەوە دووربن، جگە لەوەش پێویستە وشەی (شێواز) بۆ ئاماژەکردن بە لایەنی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکە بەکاربێت). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با وا دابنێین،

گیروگرفتێک هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەبێت، کە ڕووبەڕووی دوو کەس ببێتەوە، یەکیان بە ناجێگیری و جووڵەی شێواو هەڵە دەکات، ئەوسا کۆشش بۆ گەیشتن بە چارەسەر، کە دەشێت هەڵە، یان ڕاست بێت، چونکە کۆششکار دڵنیا نەبووە لە هەنگاوەکانی ناویەتی بۆ پێکهێنانی مەبەست، کەواتە لێرەدا دەشێت هەردوو بوار توانایی هەبێت، بسازێت جا ئەگەر ڕاست بێت، یان (هەڵە)، ئەو کاتە بە باسکارێکی زانستی هەژمار ناکرێت، بەهۆی کەموکوڕی هەنگاوەکان و دڵنیابوون لە ئەنجامەکان، ئەوەش بەهۆی پەیوەست نەبوونی بە زەینێکی ڕێکخەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەر تا بتوانێت لە ڕێگای زەینی ڕێکخەرەوە لە ئەنجامەکان دڵنیابێت، چونکە زەینی کۆششکار بێ بەرنامە ئەنجامەکانی نابێتە جێگای ڕەزامەندی متمانە پێکراو، بەڵام باسکارەوەی دووەم هەمان گیروگرفتی یەکەمی هەیە و هەوڵی چارەسەری دەدا، هەنگاوی زانستیانەی پەیوەست بە شێوازی زانستی بەکاردێنێت. تا چارەسەرێکی تەواو و گونجاو و دوور لە کەموکوڕی بدۆزێتەوە، کە ئەو دۆزینەوەیەی شایستە بە متمانەیە، بەهۆی چەند هەنگاوێکی زانستی تایبەتی ڕەچاوکراو و جێبەجێکراو بۆ چارەسەری، بۆیە زانایان بەو جۆرە هەنگاوانە دەڵێن(هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی زانستی)، کە باسکار ڕۆڵ و ئەرک و تایبەتیەتی خۆی تیدا دەبینێت. ئەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوەی باسکارەوەی زانستییە لە کەسی ئاسایی، بۆیە شێوازی بیرکردنەوەی زانستی باسکارەوەی زانستی لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە، چونکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەخاتە ژێر وردبینی لە پشکنین و وردەکاری لە خستنەڕووی بەڵگە و دەستکەوتە زانستییە وەدیهاتووەکان و لەژێر تیشکی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستییان، بەڵام ئەوەی پێویست بە ئاماژەیە لەبارەی هەنگاوەکانی شێوازی زانستی، کە لە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەندە جیاواز نییە، واتە هەردوو جۆر زۆر لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام هاوشان نین، کە ئەوەش (باسکار بڕیاری لەسەر دەدات). لەبەر ئەوەی نزیکی شتێکە و هاوشانیش شتێکی ترە لە ناوەرۆکدا، ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا لە نزیکی هاوبەشبن، بەڵام هەندێک جیاوازی نێوانیان دەکەوێتە بەرچاو و ئەو جیاوازییانەش بەهۆی جیاوازی ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەکەوە دەردەکەون. بەهەرحاڵ شێوازی هزری خۆی ڕێکخەری ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیە، کە باسکار هەست بەو تایبەتمەندییە گرنگە دەکات و لە دەستنیشانکردنی ئەو شتە ڕۆڵی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات، چونکە هەر ڕێبازێکی لێکۆڵینەوە ئەو شێوازە هزرییەی بۆ پەیڕەو نەکرێت، بێ گومان بەرهەمێکی ڕاست و دروست بە دەستەوە نادات، بۆیە هەنگاوەکانی شێوازی زانستی بەرجەستەیە لە هەستکردن بە قەیرانێک، یان گیروگرفتێک، کە دەبێتە هۆی بەرپاکردنی سەراسیمەیی لای باسکار و وروژاندنی بایەخدانی بەو شتە، کە هەوڵ دەدات چەند چارەسەرییەکی گریمانەیی بۆ دابنێت، یان لەگەڵ وەڵامی هەڵقوڵاو لە گریمانە و بۆچوون، کە لەوانەیە لە جیهانی ڕاستیدا خاوەن بەختی سپی بێ. ئەو گریمانەیەش، یان ئەو بۆچوونە دەبێتە هەنگاوی لێکۆڵینەوە و پاشان هەنگاوێکی تری بەدوادادێت، کە بریتییە: لە تاقیکردنەوە بۆ دڵنیابوون لە دروستی گریمانەکان، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی تایبەت، ئەو هەنگاوە سەرەکییانەی کە پێشتر باسیان لێوەکرا، ڕۆڵی باسکارەوەکە بۆ قۆناغی جیاواز لە یەکتر لە میانی لێکۆڵینەوەکەیدا دەستنیشان دەکەن، ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێبازی زانستی بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ورد و بابەتی. دوای ئەوە کارێکی سروشتییە کە لەمیانەی هەنگاوە بنەڕەتییەکان، هەنگاوی تری هەبێت، کە پێیان دەگوترێت، هەنگاوەکانی جێبەجێکردن، وەک: دەستنیشانکردنی ئەو گیروگرفتەی کە باسکار بەنیازە بیکاتە بابەتی باس و کۆکردنەوەی داتای تایبەت بە گریمانە و بۆچوونە گونجاوەکان، لەگەڵ سروشت و شێوەی شیکردنەوەی تەنگوچەڵەمەکە، وێرای ئەو داتایانەی بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گریمانە و بۆچوونەکان بەکاردێن، بۆ گەیشتن بە گشتگیرییەکان، پاشان بەکارهێنانیان بۆ جێبەجێکردنی مەبەست.

بەم شێوەیە ڕێبازی زانستی هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ ڕێڕەوی خۆی دەگرێت، بۆ ئەوەی تا بکرێت کردارەکان بەروونی بەرچاو بکەون، بەڵام ئەو هەنگاوانە لە هەموو کاتێکدا یەک ڕیزبەندی هەمەچەشن پەیڕەو ناکەن و پێویستیش ناکات بەچەند قۆناغی هزری جیاواز لەیەکتری دابنرێن. جار وایە زۆر لێکچوون و چوونیەکی لەنێوان شتەکاندا دێنە ئاراوە، بۆیە باسکار تووشی دوودڵی و سەر لێ شێوان دێت، لەکاتێکدا دەخوازێت بابەتێک هەڵبژێرێت، ئەوەی کە دوورە گومانە، لقو پۆپ و هەنگاوی هەمەجۆر بۆ هەر بابەتێک،

سەرسوڕمان و بێ توانایی بوار بە باسکار نادات بێ چەند و چوون ڕوو بکاتە ئەو بابەتەی خوازیارە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بکات. لەبەر ئەوەی هەندێک قۆناغی لێکۆڵینەوە کۆششی کەمی پێویستە، بە پێچەوانەوە هی تر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج کۆشش و کاتێکی زۆری گەرەکە. بەو شێوەیە هەنگاوەکان زۆر بە نەرمو نیانی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بێ گیروگرفت و کەموکوڕی بەکاردێن، هەروەها شێوازە زانستییەکان لە گرتنەبەری ڕێگای تایبەت بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕادەی ڕاستییان جیاوازن. ئەو جیاوازییە پەیوەستە بە سروشتی گیروگرفت و ئەو بوارەی کە تایبەتە بە بابەتی هەڵبژێردراو بۆ لێکۆڵینەوەکە، بۆنموونە ڕێبازی وێناکردنی شیکاری بۆ شیکردنەوەی گیروگرفتێک دەگونجێت، بەڵام هەمان شت بۆ گیروگرفتێکی تر گونجاو نییە. بەو پێیەی گیروگرفت و تەنگژە ناچنە ژێر باری سنوورداری، بە هەمان شێوە و سروشت و بوار و شیکردنەوە و وێنا کردنیشیان بۆ هەمان ڕاستی ملکەچە. کە وابوو پێویستە بڵێین بەکارهێنانی مێژوویی ناشێت بۆ شیکردنەوە و وێناکردن، هەروەها ڕێبازی دەروونناسی بۆ شیکاری بیرکاری شیاو نییە، یان ڕێبازی زانستی بۆ شیکردنەوەی تیوری فیزیایی نەشیاوە، چەند و چۆن لە بواری گیروگرفت و تەنگژەی بێ سنوور دەخوازێت چەندین شێواز و ڕێبازی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت، کە باسکارانیش ئەو ڕاستییە پشتگوێ ناخەن، لە هەندێک بارودۆخ و گیروگرفت و تەنگژەی هەڵبژێردراو بۆ لێکۆڵینەوەکە، بۆیە باسکار ناچار دەکات جۆرێک گونجاوی لە ڕێبازی زانستی بۆ تەرخان بکات. وا دیارە ناکرێت هەموو جۆرە شێواز و ڕێبازێک بۆ گیروگرفت و تەنگژەی جۆراوجۆر بەکاربێت. ئەوەی شایستەی زانینە جیاوازی ڕێبازەکان بۆ سروشت و بواری گیروگرفتەکە بە تەنیا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو توانایییەی کە لەبەردەستە بۆ لێکۆڵینەوەکە ڕۆڵی خۆی هەیە و ناکرێت باسکار بایەخی پێ نەدات. جار وایە چەندین ڕێبازی جۆراوجۆر بۆ یەک گیروگرفت دەگونجێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوش و بارودۆخ دەستنیشان کارن بۆ جۆری توانایی بەردەست لەگەڵ ئامانجەکانی باسکار و جۆری ئەو ڕێبازەی کە بۆ پەیڕەوکردنی کارەکەی هەڵیدەبژێرێت. کە وابوو بۆ چوونە نێو بواری لێکۆڵینەوەوە، ژمارەیەک توخمی یەکجار گرنگ هەن، کە گرنگترینیان، خودی باسکارە و ڕادەی زانیاریی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ سەرخستنی سیستمی لێکۆڵینەوەی زانستی بە هەرچوار توخمەکەیەوە، کە ئەوانیش ڕووەوچوونە ناو سیستمەکە و کردارەکان و دەرهاویشتەکان، یان (ئەنجامەکان) و ڕێکخەرەکانی هەڵسەنگێنەرن. جا لەو ڕوانگەیەوە دەبێت باسکار چەند تایبەتمەندییەکی تێدابێت، وەک: پێکهاتەی دەروونی و هۆشمەندی و زەینی و پرەنسیپەکانی ژیانی و ڕەوشتەکانی و تواناییەکانی و چەندانی تر. ئەگەر ئەو هەموو توخمە بەرجەستەبوون و تێکەڵ بە یەکتربوون، لە خودی باسکاردا، بێ گومان لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەدا باسکارەوەیەکی سەرکەوتووی لێ بەدی دێت، کە جێ پەنجەی بەتەواوی لەناو لێکۆڵینەوەکەدا دیاربێت. کە وابوو پێویستە باسکار ئەو چالاکییانەی تێدا بەرجەستە بێت:

أ- چالاکی باسکار بۆ زانستی بوون.

ب- چالاکی باسکار بۆ لۆژیکی بوون.

ج- چالاکی باسکار بۆ پلاندانان.

د- چالاکی باسکار بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەدوای ئامانجدا.

ه- چالاکی باسکار بۆ هونەری بوون و هەڵسەنگاندن.

کەواتە باسکاری سەرکەوتوو نابێت لەو پێنج خاڵە دابڕاو بێت، یان بایەخ بە یەکێکیان نەدرێت، ئەگەر ئەو ڕەوشە ڕووی دا، ئەوە باسکار ناتوانێت شانازی بەسەرکەوتنی کارەکەیەوە بکات، لەبەر ئەوەی کەموکوڕی تێدایە، بۆیە لە خوارەوە بەجیا باسی هەریەکێکیان دەکەین:

چالاکی باسکار بۆ زانستی بوون: بریتییە لەو ڕێڕەوەی کە باسکار لەسەر ئاستی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکان، بە پێی بەرچاو ڕوونی، بە هۆی تیشکی ڕەوشی ئامانجە دوورخایەنەکە، واتە ستراتیژیەتی کارەکەی دادەڕێژێت و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی هەڵبژێردراو کاردەکات.

وەک/ بابەتی ژێر لێکۆڵینەوەکە دەبێ پەی بەو ئەنجامانەی ببات، کە پێشبینی هاتنە دییان دەکات بۆ چارەسەری ڕاستەقینە. ئەو کارە بنەمایەکی ڕەوشتی و پێناسەکەی لەنێو چوارچێوەیەکی گشتی، ئەو کاتە پێناسە و ڕەوشتەکە دەچنە ناو بازنەکەی لەگەڵ کرداری پەی پێ بردنی شایستە بەو کەسەی کە کاری لێکۆڵینەوەکە دەگرێتە ئەستۆ، کە پێی دەڵێن (باسکار).

ب- چالاکی باسکار بۆ لۆژیکی بوون: هاوشان بوونی هەستکردن بە گیروگرفت و بابەتی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی، بە پێی بنەمایەکی لۆژیکی متمانەبەخش. کە دەرهاوێشتەی توانایی تاکەکەسی باسکارە، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت سروشتی گیروگرفتەکە دەربخات و ڕەوشەکەی شی بکاتەوە، لەگەڵ هۆکارە هەمەجۆرەکانی، پاشان ڕادەی پێویست بۆ چارەسەری دابنێت. ئەو کارە ئەنجامەکەی بە پێی بەردەوام بوون لەسەر لێکۆڵینەوەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت، یان لە کاتی نەمانی پێویستی و گرنگی وازی لێ دەهێنرێت.

ج- چالاکی باسکار بۆ پلان دانان:

ئەو چالاکییە بەرجەستەیە لە توانایی باسکار بۆ شیکردنەوەی تواناییەکانی دابینکراو بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکە، بۆیە توانایی باسکار بۆ بەیاساکردنی چەندین شێوازی شیکەرەوە پێویستە بۆ چارەسەری گیروگرفت و کێشەکان، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەنجامە خوازراوەکان، وەکو چارەسەرکردنێکی سەرکەوتوو بۆ گیروگرفتی ژێر باسەکە.

د- چالاکی باسکار بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەدوای ئامانجدا:

ئەو چالاکییە پەیوەستە بە توانایی باسکار لەبواری جێبەجێکردنی پلانە دانراوەکان، بۆ باسکردنی گیروگرفتەکە، بە مەرجێک هەڵسوڕاندنی کاری لێکۆڵینەوەکە، لە ڕێگای کۆکردنەوە و شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری خوازراوی گونجاو.

هـ- چالاکی باسکار بۆ هونەری بوون و هەڵسەنگاندن:

ئەو چالاکییە دەرهاوێشتە و ڕێکخەرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەرجەستە دەکات و توانایی ڕوومالکردن و پێداچوونەوەی بابەتی باسکراو و تایبەتمەندییەکان و ئەنجامەکانی بۆ دەرخستنی ڕادەی گونجانی لەگەڵ ئەو گیروگرفتەی کە خراوەتە ژێر باس و چالاکی نواندن بۆ زاڵبوونی ئەو لایەنە نێگەتیڤانەی کەوتوونەتە ژێر سەرنج و تێبینی باسکار، پاشان نووسین و خستنەڕووی ڕاپۆرتی گونجاو بۆ بڵاوکردنەوە، یان گشتاندنی باسەکە، یان بەکارهێنانی لەلایەن خوازیارانی چارەسەرەکانەوە.

- چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەلایەن باسکارەوە:

١- ڕەوشت و بیروباوەڕی باسکار، کاریگەرە لەسەر کردەوە و کارەکان و ئاراستەکردنیان.

٢-پسپۆرییەکی بەرز، باسکار دەسازێنێت بۆ پلاندانان بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی.

٣-دووربوونی لە خودپەرستی و ئارەزووی خۆویستانە، ئەوەی کە هەندێک جار ڕووبەڕووی بیرۆکەی مرۆڤ دەبێتەوە، بۆ ئامانجی بەرزی زەمینە خۆشکەر بۆ ئەنجامی نوێی هەڵهێنجێنراو، کە نرخێکی زانستی و جێبەجێکاری هەبێت. تاکو ببێتە بەشێکی چالاک لە شارستانیەتی مرۆڤ.

٤-ئازایەتی کەسی باسکار بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی خوازراو لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەی و توانایی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ئەو ئەنجامانەی هەبێت، کە بەبێ دوودڵی و دواکەوتن ئەنجامە وەدەست هاتووەکان ئاشکرا بکات.

٥- گرنگی باسکاری زانستی یاریدەدەر بۆ کارکردن لەسەر لێکۆڵینەوە و ئەو گرنگییەی پەیوەستە بە چالاکی باسکار و ڕادەی زانیاری لە بواری تیوری و جێبەجێکردنەوە لەبارەی چەمک و پرنسیپ و ڕێگە و ئامراز و پلاندانان و جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئارەزوو و ڕەوشتە گشتییەکانی ڕووەو هەر باسێک، بە شێوەیەکی گشتی و پارێزگاریکردن لە وردەکاری و وردبینی تایبەت بە ئەنجامەکان.

٦-لە کاتی پلاندانان بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەبێت ئەو گیروگرفتەی باسکار خۆی پێوە خەریک دەکات، لە چوارچێوەی پەسەندکردن دەرنەچێت. یان لای کەسانێکی شارەزا بۆی پێشنیار دەکرێت، بێ گوێ دان بە گرنگی و ڕۆچوون بە قووڵایی گیروگرفتەکە بۆ دەرخستنی ڕادەی پێویست لە ماندووبوون لە پێناویدا، هەروەها دەبێت ئەو گیروگرفتەی هەڵی دەبژێرێت لەگەڵ توانایی خۆیدا گونجاو بێت، وێڕای ئەو ئاواتانەی خوازیارە لە داهاتوودا بەدەستیان بێنێت.

٧- دەستنیشان کردنی ئەرکەکانی باسکارانی یاریدەدەر و کارئەنجامدەر بۆ دابەشکردنی هێڵکارییەکی تایبەت بەکات، واتە دابەشکردنی کاتەکە بۆ چەند بەشێک تا لە هەر بەشێکی تەرخانکراو بۆ بەشێک لە کارەکەی پێکانی ئامانج بێتەدی، دەبێت هەریەکەیان بە پێی ڕۆڵ و گرنگی، ڕادەی بەرپرسیاریەتی چالاکی بنوێنێت، تا ڕەشمالی ڕاستی لەسەر ئەنجامە

ڕاستەقینەکان هەڵبدرێت.
- هەندێک جار باسکار، لەمیانی قۆناغەکانی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوەی زانستی، لەوانەیە چەندین هەڵە بکات:
أ- لەکاتی پلاندانان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.
ب- لەکاتی بەدواداچوونی شیکردنەوەکانی پێشووی ڕزگارنەبوو لە هەڵەی ئەنجامدەرانی باسکاری پێشتر، کە هەمان هەڵەکانی باسکاری پێش خۆی دووبارە دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی وردەکاری پەیرەو بکات بۆ پەی پێ بردنیان و دووپات نەبوونەوەی هەڵەکان.
ج- لەوانەیە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە خودی خۆی هەندێک هەڵەی تێکەوتبێت و باسکار هەستی پێ نەکردبێت.
د- جاری وایە کۆی داتاکان لە هەڵە تێکەوتن بەدەر نابێت.
هـ- شیکاری سەرژمێری خاڵێکی ترە لەو خاڵانەی کە ڕووبەڕووی هەڵە تێکەوتن دەبنەوە.
و- هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکە جاری وایە هەڵەی تێدا ڕوودەدات.
ح- هەڵەکانی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکە.
- باسکار هەندێک شت ڕوون دەکاتەوە بەهۆی گرتنەبەری چەند ڕێگە و بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی باسی لێکۆڵینەوە زانستییەکەی لەوانە:
١- شوێنی جێبەجێکردنی باس و لێکۆڵینەوەکە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی تایبەتییەکانی ئەو ژینگەیەی باسەکەی لێ ڕێک دەخرێت، بە تایبەتی لەو شوێنانەی تاقیکردنەوەی مەیدانییان لێ ئەنجام دەدرێت.
٢- کاتی جێبەجێکردنی باس و لێکۆڵینەوەکە.
٣- هۆکارەکانی ژێر شیکردنەوە و کردارەکان و دووپات کردنەوی جێگەی متمانەکان.
٤- شێوازی دابەشکردنی کارەکان و دانانی نەخشەی پشت بەستوو بە سەرژمێری بۆ باس و لێکۆڵینەوەکە.
٥- بەکارهێنانی جۆری تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە، کە پێویستە پشتگوێ نەخرێت، وەک دەستنیشان کردنی جۆری هەر شتێکی پەیوەندیدار بە پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکەوە، لەگەڵ ڕێبازەکانی شیکردنەوە لە بواری خۆیدا. واتە خاڵەکانی پەیوەست بە زانست، یان دەروونناسی، یان کۆمەڵایەتی و...تاد. لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێک لەو بوارانەدا بۆ ئەوەی بێتە سەر پێ، دەبێت تایبەتمەندییەکانی بۆ دابین بکرێت بە پێی پێوانەی شوێن

و کات و هۆش و لۆژیک و هەر هۆکارێکی تری شیاو، کە ببێتە یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤ بۆ ئەو ئەنجامانەی لەدایک دەبن و ڕاستی و پەسەندییەکەی لەسەر بنەمایەکی دوور لە ڕەخنە و لاوازی و لەرزۆکی دەچەسپێت.
- پلانەکانی جێبەجێکردنی کاری پەیوەست بە لێکۆڵینەوە:
باسکار ئەو ڕێگایانەی کە بۆ کارکردن دەیانگرێتەبەر دەستنیشان دەکات و پاش وەدەستهێنانی ڕادەیەکی باش لە زانیاری و خۆدەوڵەمەندکردن بەو باس و پشکنین و لێکۆڵینەوانەی لەسەر دەستی باسکارانی پێش خۆی ئەنجام دراون، بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە بابەتەکەی ئەوەوە هەیە. ئاشنابوون بە گرنگترین کارە زانستییەکانی هاوبەش لەگەڵ سروشتی بابەتەکەی ئەو، چ بە شێوەی کتێب، یان بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بێت، بە مەرجێک لە بواری هاوبەشی لەسەر ئاستی هێزی پێوەندی نێوانیان هاوڕێ و هاوڕابن، دەبێت باسکار سڵ نەکاتەوە لە تەرخانکردنی بەشێکی زۆر باش لە کاتی خۆی بۆ سوود وەرگرتن لەو لێکۆڵینەوە و تێز و بیروبۆچوونی زارەکی پسپۆڕان و تاقیکردنەوەی ئەنجامدراو لە تاقیگەکان و کارە مەیدانییەکان، دەبێت ئەو شێوازەی کە لەجیهاندا پەسند کراون و کاریان پێ کراوە ناویان ببات و ڕوونیان بکاتەوە. ڕادەی سوودمەندبوون لێیان بەرچاو بکەوێت، گەواهیش بدات نەک لە ڕێگای ئاخافتنی ڕاستەوخۆ لەسەر شێوەی مرۆڤ، بەڵکو لەسەر بنەمای تیشکدانەوەی مۆرکی ئەو شێواز و ڕێبازانەی کە خەڵکانی پێش خۆی لە جیهان ئەنجامیان دابێت. نابێت سەرچاوە سوودبەخشەکانی پڕ لە زانیاری لەبیر بکات، بەڵکو دەبێت بیانکاتە پشت بەستێک بۆ بەهێز کردنی لێکۆڵینەوەکەی و گرنگترین دیاردەکان و گۆڕانکارییەکانی ئەنجامی بەدواداچوون باس بکات و بەراوردکارییەک ڕەچاو بکات بۆ بەرانبەرکردنی باسەکەی لەگەڵ خەڵکانی پێش خۆی، تا لە ڕادەی هاوشانی نێوانیان دڵنیابێت. وێرای پابەندبوون بە شێوازی لێکۆڵینەوەی پەیوەست بەسەرژمێری لێیان سوودمەند بووە. ئەو زاد و سامانە زانستییەی بەرهەم هاتووە گرنگییەکی زۆر بە لێکۆڵینەوەکە دەبەخشێت، بۆچوونێکی زەینی چڕ و پڕ بۆ خاوەن باس بەرپا دەکات تا بتوانێت بێ دوودڵی هەنگاوەکانی جێبەجێکردن بنێت. ئەو لێکۆڵینەوەی هاتووەتە ئاراوە بەهۆی

تاقیکردنەوەی مەیدانی، یان لەناو تاقیگە، یان ئەو تاقیکردنەوەیە لە هەردوو بارودۆخ ئەنجام دەدرێت، واتە تاقیگەی مەیدانی.ئەوەی جێگای باسە دەبێت باسکار پرۆژەیەکی بۆ تاقیکردنەوەکان هەبێت، تا ئەنجامێکی دروست بەدەست بێت، بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا خزمەتی کارەکەی بکات، هەروەها دەبێت هەنگاوەکانی تاقیکردنەوەکەی یەک بە دوای یەکدا بێن و پەیوەست بن بەیەکترەوە، نەک دابڕان بکەوێتە نێوانیانەوە، یان چەند هەنگاوێک ئەنجام بدرێ و پاش ماوەیەک دوو بەش لە هەنگاوەکانی تر بخرێنە ژێر تاقیکردنەوەوە، بۆیە ئەگەر باسکار بیەوێت ڕێڕەوی کاری خۆی سەرکەوتووانە بپارێزێت، تا گەیشتن بە ئامانجی خوازراوی سەرەکی، ناکرێت هەنگاوەکان بەش بەش جێبەجێ بکات و کاتی زۆر بکەوێتە نێوانیانەوە، چونکە بە تێپەڕبوونی کاتی زۆر بەسەر هەنگاوەکاندا نرخی یەک بەدوای یەکدا هاتن لە دەست دەچێت، ئەو کاتە وای لێدێت هەنگاوەکان بەسەر قۆناغی دوور لە یەکتر دابەش کرابن، هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکە دەستپێکی یەکەمی بریتییە: ئامادەکردنی تاقیگە بە ئامرازی پەیوەست و تایبەت بەو لێکۆڵینەوەیەی کە باسکار بە نیازە خۆی بۆ تەرخان بکات تا قۆناغی شیکاری، واتە ئەو پانتاییە کاتییەی نێوان ئامادەکاری لە تاقیگە و شیکاری دەکرێتە زنجیرە هەنگاوێک، هەر یەکەیان تەواوکەری هەنگاوی پێش خۆیەتی، لە کۆتاییدا تێکرای ئەنجامی وەدەست هاتوو لە هەنگاوەکان دەستکەوتێکی گرنگ دەخاتە ڕوو. بە مەرجێک ئەو لایەنەی کارەکە جێبەجێ دەکات ڕاهاتوو بێت، وێڕای توانایی هەرسکردنی ئەو دیاردانەی دەکەونە بەرچاوی، جگە لە ڕادەیەکی گونجاو لە پسپۆڕی بوارەکەی، کە لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت، بەو پێیەی کەسی ڕاهاتوو لەسەر کاری تاقیکردنەوە پێوەند بێت بە پسپۆڕیەتی و بتوانێت سەرنجی هەموو هەنگاوەکانی کردارەکە بدات و سوودیان لێ وەربگرێت. کەواتە جۆری سەرنج و چۆنیەتی سەرنجدان و شێوەی تۆمارکردنی لە پێداویستییە گرنگەکانە، کە خزمەتێکی نایاب بە سەرکەوتنی ڕۆڵی باسکار دەکات لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەیدا، هەروا دەبێت باسکار، یان خاوەن هونەری تایبەت و یاوەری باسکار لێزان بن لە بواری بەگەڕخستنی ئەو ئامرازانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە بەکاری دێنن، بەو پێیە هەر باسێک بواری خۆی هەیە و باسکاریش شایستەیی گەرەکە، چونکە ئەو دیاردەیە هەر زانست ناگرێتەوە، بەڵکو وێژەوانیش پەلکێشی ژێر باڵی خۆی دەکات. بۆ نموونە: دەبێت وێژەوان هەموو ئامرازەکانی وێژەی سەرکەوتووی تێدا بەرجەستە بێت و لەسەر ئاستی شارەزایی و لێهاتوویی و دەوڵەمەندی لە بار و بواری ڕۆشنبیری هەمەجۆردا خاوەن پلەیەکی بەرز بێت. چامەوان ناتوانێت دەست بۆ هۆنینەوە ببات، ئەگەر لە مەیدانی ئەندێشەی پر جۆشو خرۆشدا سوارچاک نەبێت و توانایی وێناکردنی دیمەنەکانی نەبێت، بە ڕادەیەکی وا پلەی سەرووی خەڵکانی تری پێ ڕەوا ببینێت، هەروەها هزروانێکی تیژ باڵ بێت لە ئاسۆی هزر و بیر، کە هەست بە شەکەتی نەکات. وێڕای سۆزی کڵپە سەندووی بڵێسە نەکوژاوە، کە سەرچاوەکەی ناخێکی پەرۆش و دڵێکی پر لە ئەڤین بێ بەرانبەر بە سروشت و پێکهاتەکانی و دەروونێکی ڕاهاتووی هەبێ لەسەر نەرمو نیانی و ڕەوشتێکی وەدیهێنەری ڕێزی دەوروبەر، ئەگەر هۆزانوان ئەو هەموو تایبەتمەندییانەی بە چڕو پڕی تێدا بەرجەستە بوو، ئەوە ئەو کاتە دەبێتە جێگای سەرنج و تێروانین لەناو ئەو کۆمەڵگا و ژینگەیەی ژیانی تێدا بەسەر دەبات، بەڵکو ناودار و پایەدار دەبێت لەسەر ئاستی جیهان و ناوبانگەکەی وێژەوانان و وێژەدۆستان و کتێبخانەکانیش بەناوبانگێکی درەوشاوەوە پڕ دەکاتەوە. کاری وێژەیش فرە بوارە تەنیا بە هۆزان و چامەوە پەیوەست نییە، بەڵکو شانۆگەری و ڕۆمان و چیرۆکی هەمەجۆر و وتار و ڕەخنەگری و زمانەوانیش بۆ سەرکەوتن و دەستهێنان زۆر پێیەوە پەیوەستن.

ئەگەر یەکێک خوازیاری لێکۆڵینەوە لەبارەی ژیان و بەرهەم و کەسایەتی و کاریگەری وێژەوانێک بێت، یان دیوانی هۆزانێک بێت، ناکرێت باسکارێکی سەرکەوتوو بێت، ئەگەر بە یاسا و ڕێسای پەیوەست لەو بواری لێکۆڵینەوەی وێژەوانییەوە پەیوەست نەبێت، هەروەکو لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە و شێوازی تایبەتی پەیڕەوکراوی خۆی لە لایەن باسکارانەوە بەدەر نین. هەرچەندە لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وێژەوانیش بەهەمان شێوە. جگە لەوەش لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستی بە ئامێر و ئامراز هەیە، چونکە ئامێری وا هەیە خزمەت بە لێکۆڵینەوەکە دەکات، بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە لە ڕێگای شیکردنەوە و تۆمارکردنی ئەنجامەکان لەهەمان کاتدا، واتە ئامێر هەیە توانایی هەیە چەند کردارێک

لەیەک کاتدا جێبەجێ بکات.

– ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی باسکار و دەستە و مەڵبەندە تایبەتییەکانی پەیوەست بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی :

پابەندبوونی باسکار بە دابینکردنی کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی کاری لێکۆڵینەوەکەی، هەروەها بەشداربوونی لەگەڵ دەستەی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە بۆ پێشکەشکردنی سیمینار، یان کورتە باسێکی چڕ و پڕ و ئەندازیارانەی داڕێژراو لەبارەی لێکۆڵینەوەی لایەنی زانستی سەر بە ئەو لایەنەی، کە دەستەی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان.

کە وابوو باسکار خۆی لەو ئەنجامانە بەرپرسە، کە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەی وەدەستی هێناوە، لەگەڵ ڕێبازی هەڵسووڕاندن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی وەرزی، یان چەند هەفتەی جارێک ڕاپۆرتێک دەخاتە ڕوو، کە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی کارەکەی تێدا ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی پەسندە ئاشکرا نەکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکەیە، پاش نمایشکردنی کارەکەی، هەروەها نابێت دەستپێکی پاش بڕیار ئاشکرا بکرێت، تەنیا ئەگەر گیروگرفتێک بێتە پێش و پێویستی بە چارەسەر هەبێت، بۆ درێژەدان بە لێکۆڵینەوەکە، بە پێی پەیڕەو و ڕێڕەوی تەرخان بۆ کراوی، هەروەها دەبێت ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە هێزی بەڵگەنامەیی پێ بدرێت، بە بڵاوکردنەوەی لە یەکێک لە بڵاوکراوە وەرزییەکان، یان لە گۆڤارێکی زانستی، پاش ڕەزامەندی وەرگرتنی دەستەی تایبەت، یان ئەو لایەنەی تێچوون و بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکەی گرتووەتە ئەستۆ خۆی.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ڕێکخستن و نووسینی ئەو کورتە باسەم دەربارەی (ڕۆڵی باسکار لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا) گەیشتمە چەند ئەنجامێک کە لێرەدا بە چەند خاڵێک دەیانخەمە ڕوو:

١- لەبەر ئەوەی ڕێباز خۆی ڕێڕەو و ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی ورد بۆ دۆزینەوەی ئەو پرەنسیپانەی، کە لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکاندا بەکاردێت، کەواتە باسکار متمانەی تەواوی خۆی دەکاتە سەر بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەی.

٢- لەبەر ئەوەی بەرنامەی باسکار بەشێوەیەکی زانستییە، بۆیە دەبێت لە سەرنجدان و تێبینییەکانی زۆر وردبین و وردەکاری بکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا.

٣- لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی باسکار بەپێی چەند سیستمێکی زانستی ئەنجام دەدرێت، کەواتە دەبێت باسکار کۆمەڵە چالاکییەکی تێدا بەرجەستە بێت، تا بتوانێ لە لێکۆڵینەوەکەیدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بە شێوەیەکی بەرنامەی زانستی تێدا دیاری بکات.

٤- هەوڵم داوە ئەو هەڵە و کەمو کوڕیانە دەستنیشان بکەم کە باسکاری تر بەسەریدا تێپەڕیوە، تا ببێتە بەرنامە ڕێژییەک بۆ ئەوەی چیتر ئەو شتانە دووبارە نەبنەوە، چونکە ئەو کارە دەبێت بە شێوەیەکی زانستی ئەنجام بدرێت.

٥- هەروەها باسی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی باسکار و دەستە زانستییەکانم دەستنیشان کردووە، کە پێویستە هەماهەنگییەک لە نێوانیاندا هەبێت تا پێکەوە ئیشوکارەکانیان بە شێوەیەکی بەرنامەیی زانستی جێبەجێ بکەن.


**سەرچاوە:**

١- البهادلي علي احمد/اصول البحث العلمي، مؤسسة الفكر الإسلامي /مكتبة النيل والفرات/سوريا -٢٠٠١

٢- الصيرفي محمد/ اساليب البحث العلمي/ دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع/سوريا-٢٠٠٢

٣- بدر احمد اصول البحث العلمي ومناهجه وكالة المطبوعات بالكويت /١٩٨٤

٤- حمدان محمد زياد/ البحث العلمي كنظام/ سلسلة التربية الحديثة/ دار التربية الحديثة/ عمان الأردن/١٩٨٩

٥- دويدري رجاء وحيد/ البحث العلمي اساسياته النظرية وممارسته العلمية/ دار الفكر المعاصر / سوريا ٢٠٠٠

٦- صادق فؤاد /مبادىء في مناهج البحث العلمي/دار العلوم/١٩٨٩

٧- طاهر احمد جمال/ البحث العلمي الحديث/ دار الفكر للنشر والتوزيع/ عمان/المملكة الأردنية الهاشمية/١٩٨٤

٨- عبيدات عبد الحق عدس/ البحث العلمي (مفهومه / ادواته / اساليبه) دار الفكر/ للنشر والتوزيع / سوريا ١٩٨٩

٩- عمر زياد محمد/البحث العلمي / مناهجه/تقنياته/ دار العلم للطباعة والنشر -جدة - المملكة العربية السعودية ١٩٨٣.

# بەیاننامەی قاڵبیەکی ماندوو

**مراد ئەعزەمی**
**(شنۆ)**

(١)

«شیعر، ئەو فەزا و لەرزان و خزیلکەیە کە مشتێ نیشانە، وەک ئەو کۆدانەی کە تەقینەوەی چەمکەکانن، لەوەدا ڕەنگ دەدەنەوە»

ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە ئۆکتاڤیۆ پاز، دەیدا بە شیعر و بە فەزا و بەستێنێک پێناسە دەکا کە خاوەنی نیشانەگەلی پەرشو بڵاون، هەرکامەیان لە پێوەندی لەگەڵ یەک و لەتەک تەواوەتی دەق دەبنە کۆدێک بۆ گووڕانی چەمک و مانا. ئەم پێناسە و ئەدرێسە، زۆر ڕەنگ و بیچمی ئەو پێناسەیە دەدا کە فرۆید و باقی دەروون شیکارەکان، زیادوکەم، دەیدەن بە خەون و ڕوئیا و مەرجی شرۆڤەو کەشفی جیهانی خەون و دەلالەتەکانی، بە کەشفی نیزام و کردنەوەی کۆدەکان دەبەستنەوە، هەر بۆیەش بۆ چوونە ناو ئەم فەزا لەرزان و خزیلک و نەوەستاوە، یەکەم، هەنگاو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم نیشانانە و کردنەوەی ئەو کۆدانەن کە دواجار چەمکەکان و گوتار و جیهانبینی دەق لەسەر دەستی ئەمان و لە ئەنجامی پێوەندی و کارلێکیان دێنە خوڵقان.

خەون/ دەقی شیعری، موختەساتی جیهانی خۆیان لەسەر دەستی ئێلێمانەکانی کۆدسازی، بە دوو ئاراستەی جیاوازەوە ڕەسم دەکەن:

(١) بە ئاراستەی پێوەندی گرتن و گەڕانەوەی نیشانە و کۆدەکان بۆ فاکتە عەینی و دەرەکییەکانیان، لە جیهانی دەرەوەی دەق و پەل هاوێژیی دەق بۆ جیهانەکانی دەوروبەر و جۆرێک دەق ئاوێزی.

(٢) بەرەو ئاراستەی کارلێک و پێوەندی سەنتێزی نیشانە و کۆدەکان لەناو فەزای ورووژاوی ناودەق لەتەک

یەک و لەگەڵ یەک و چرپەوچپەی دالەکان بە گوێی یەکتر.

بۆ دەست نیشان کردنی هەر کام لەم ئاراستە جیاوازانەی هەستی بەرهەم هێنەری دەقی شیعری/ خەون، جگە لە دەستەو داوێن بوون لەتەک کۆدەکان و نیشانەکانی زیندوو و خزیلکی ناودەق و کەشفی ڕوحی سەیال و نائارامی ئەم ورکە گیانە بزۆز و بزۆک و بگۆڕانەی ناو جیهانی تەلیسماوی دەقی شیعری، بوتیقایەکی ترمان نییە.

(٢)

دەفتەری شیعری ڕەزا عەلی پوور، بە پێکهاتەیەکی تەلیسماوی و سەیال و ڕەچاونەکراو، بەو قەرینانەی لە دەوامی وتاردا ئاماژەی پێ دەکرێ، دەشێت لەناو هۆدەی پێناسەکەی «پاز» سەبارەت بە شیعردا، بگونجێنرێ. بەم جۆرە، خزمایەتییەکەشی لەتەک خەون، هەر بەم قەرینانەوە دەسەلمێنرێ، بۆ نموونە:

**یەک:** بەو سیستەمە زمانییە پچڕپچڕ و تێکچڕژاوەی هەمیشە لە خوێندنەوەدا دەسڵەمێتەوە.

**دوو:** بەو وێنە و کۆمپۆزیسیۆنانەی کە بەردەوام دەکەونە سەریەک و تەسویرێکی ڕەها و دیاریکراو، بە دەگمەن بواری ئامادەیی بۆ دەڕەخسێ.

**سێ:** بەو تەداعی و بانگهێشتنانەی چەمک و وێنەکان بەرهەمی دێنن و هۆدە بە هۆدە دەمانبەنە ناو بیرەوەری و گێڕانەوە و (شوێن-کات)ێکی وەستاو و چەسپاو هەلی بەرهەم هاتنی نییە.

ئەو جیهانە تەلیسماوییە لە یەکەم هەنگاو و لە یەکەم دیمانەی لەگەڵ خوێنەردا، بە سەرەکیترین ڕەفتار، قەڵشتێک داوێتە ناو جامخانەی مەعریفەی خوێنەرەوە، یەکەم، بەو دوو شێوە ناودێر کردنەوەی ڕووبەرگ و تەواوی بارسای ناو دەفتەرەکە، کە هەر کام خاوەنی دەلالەتێکی جیاوازە. دووەم، ناسناوی ناو هەناوی دەفتەرەکە، کە تەواوی بارسای جەستەی دەفتەرەکەی تەنیوە، داوای باوەڕهێنان بە زێتر لە یەک مانایی بوونی لە خوێنەرەکەی دەکا. لە یەکەم خوێندنەوەدا و بە تۆزێک دووربوونەوە لە دەقی شیعری و دەرکەوتنی پرێسپێکتیوژی، فۆرمێکی زنجیرەیی دێتە بەرچاو، کە ئەڵقەکانی هەر بەشەی لەگەڵ بەشی بەر لەخۆی و دوای خۆی تێک هەڵچوون و تێک ئەڵقانێکیان هەیە و لە هەندێک شوێندا جۆرێک لێک هاڵاون کە بوونەتە گرێ پووچکە و پێویستە بە لەونێک ئەلقەکان لێک جیابکرێنەوە و گرێ پووچکەکە بکرێتەوە.

بۆ کردنەوەی ئەم گرێیانە، پێویستە شوێنی ئازاد کرانی ئەڵقە تێک هاڵاوەکان بدۆزینەوە، ئەم شوێنانە لە هەناوی دەقدا، دەکرێ هەر ئەو کۆد و نیشانانەبن کە پێویستیان بە جۆرێک پێناسە دان و ڕێکوپێک کردن هەیە.

بۆ کەشفکردنی کارکردی واژەتەوەرەییەکانی دەقی شیعری، بە لەبەر چاوگرتنی دەوری بەرچاو و ڕێژەی چەندپات بوونەوە (فێرێکانس) و قورسایی هەندێک لە واژەکان، دەکرێ وەک دەستە کۆدێک، بە گوێرەی ئەو گوتارە ئاشنایەی کە واژەکە سەر بەو گوتارە تایبەتە پێناسە دەکا، لە پێنج خانەی جیاواز دا پۆلێن بکرێن:

١- (کۆدەکانی گوتاری هێندەسی): هێندەسە/ نوختە/ خەت/ مورەبەع/ موکەعەب/ موسەلەس/ موستەتیل/ پارانتێز.

٢- (کۆدەکانی گوتاری ئۆبژەکان): سەندەڵی/ کەوش/ قاڵی/ کۆڵوانە/ کڵاو/ سێو/ پڕتەقاڵ.

٣- (کۆدەکانی گوتاری کەسایەتییەکان): دایک/ باوک/ خوشک/ کاکە/ منداڵ/ ژن/ پیاو/ سەرباز/ فەرماندەر.

٤- (کۆدەکانی گوتاری ئایینی): دوعا/ خەو/ خەون/ نیشتمان/ مەرگ.

٥- (کۆدەکانی گوتاری سروشتی): کێو/ باران/ پاییز/ خۆرهەتاو/ ئەستێرە/ باڵندە/ گورگ/ قاڵاو.

ئەم پێنج تاقمە کۆدە، لە سەرتاسەری دەقدا دێن و دەڕۆن و جار جێنشینی یەک دەبن و جار هاونشین و لە هەر کام لەم هاتووچۆیانەدا، گۆشەیەک لە جیهانی دەقمان بۆ ڕەنگڕێژی دەکەن.

لە لایەی دووەمی هەڵسوکەوتی دەق لەگەڵ ئەم کۆدانەدا، لەنێوانیاندا جۆرێک پێوەندی دوولایەنە دەبینرێ، کە لە کوێی ئەم پێوەندیانەدا، سیمای گشتی دەق دەگۆورێ، ئەم شێوە پێوەندیانە، یاسایەکی ناو دەقی دادەڕێژن کە بەشێک لە گوتاری دەقی شیعری پێک دێنن.

مورەبەع ⟷ ئیسپانیا ⟷ لۆرکا ⟷ فەلسەفە
سەندەڵی ⟷ دانیشتن ⟷ کەوش ⟷ گۆرەوی
⟷ نیشتمان ⟷ قاڵی
کۆڵوانە ⟷ دین ⟷ نوێژ ⟷ دوعا ⟷ دایک
⟷ پاییز

خوشک ⟵⟶ فڕۆکە ⟵⟶ هەڕاکردن
باوک ⟵⟶ کاروانچی ⟵⟶ نوقتە ⟵⟶ منداڵ ⟵⟶ ژن

هەر بەم شێوەیە، جۆرێک پێوەندی دوولایەنە، لەنێوان واژە سەرەکییەکانی دیکەی دەقیش دەکرێ بدۆزێتەوە و نەخشەیەکی سەرەتایی لە جوگرافیای دەق دەستنیشان بکرێ بۆ یەکەم هەنگاوهەڵێنان بەرەو ئاقاری جیهانی شیعری ڕەزا عەلی پوور.

دەق، لەسێ توێژدا بە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە، لەگەڵ ئەم کۆدانەدا هەڵسوکەت دەکا و هەوڵی خولقاندنی جیهانی تایبەتی خۆی دەدا.

١- (لە توێژی واژەکاندا):

لە ڕەهەندی ئەو پێوەندی و کۆدسازییەی کە دیارە و سەمبۆل و دالەکانی ئاماژە پێکراو لە قەوارەی واژەکاندا دەیسازێنن.

٢- (لە لایەی گوزارەکاندا):

بەو سەنتێزەی واژەکان لەگەڵ یەک هەیانە و وزەی شاراوەیان لە توێژ و لە قاڵبی گوزارەکاندا دەتەقێننەوە.

٣- (لە توێژی بەندە جیاوازەکاندا):

ئەو پێوەندی و بانگهێشتن و تەداعی و ئیرجاعانەی بەش و بەندە جیاوازەکان پێکەوە هەیانە و پاژەکانی جیهانی پێک دێنن و لە سەرجەمی ئەم ڕەفتارانەشدا، تێرمینۆلۆژیا وگوتاری دەق بیچم دەگرێ.

(٣)

دەقی شیعری «قاڵبییەک دەناسم ... » یان «بەیاننامە بە دوو مانا» چامە شیعرێکی درێژە، کە بە پشوویەکی درێژەوە بەرهەم هاتووە و پشوویەکی درێژیشی دەوێ بۆ خوێندنەوە. بەو پێکهاتە فانتازیایی و خەون ئامێزەی ئەم چامە شیعرە هەیەتی، خەون وەک پارادایمێک لەودا دێتە بەرچاو، بۆیەش لە یەکەم خوێندنەوەدا، بەشەکان خاوەنی پێوەندییەکی پتەو نایەنە بەرچاو، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر، ڕوحی چەند مۆتیڤ و وێنە و کۆد، لە سەرتاسەری دەقدا بۆمان بەرجەستە دەبنەوە. وەک بۆ نموونە، لە چامە شیعری (ئافات)ی شێرکۆ بێکەسدا، سێ کۆدی (مەرگ و کچ و با) سەرانسەری دەق دەتەننەوە و هەموو بەشەکان پێکەوە دەلکێنن:

سەرەتا:

**«... ئەی کچی مەرگەسات!**
**ئەی ژنی بەفری ڕەش، ئەی کچی وڵاتی**
**تاعوون و کارەسات!**
**ئاوێزانم بە تێکەڵم بە**
**...**
**ئەوەتا (با)یەکی مۆری ڕەقاویی گرنج گرنج، زبر،**
**وەکو ئەو غەزەبەی لە کەناری مەملەکەتی**
**ئاتەشێنی «پارس»ەوە زوو، هەڵیکرد و،**
**لەگەڵ خۆیدا**
**دەغڵی ماچ و ئاگردان و ڕووناکی برد.»**

ناوەندەکان:

**«... ئەمە مەرگی نوورانییە و بە شەپۆل دێ**
**ئەمە مەرگی وەجاخزادەی ڕۆژهەڵاتە.**
**ئەی کچی بە لەعنەت کراو**
**لەبەر دەمی ئەم مێژووە ترسنۆکەدا!**
**ئەم قەوزانە تازە لە لەشمان نابنەوە.»**

کۆتایی:

**«... من ناتوانم باهۆزی شێتێتی خۆم**
**لەم ئافاتە بشارمەوە،**
**....**
**ئەی کچە ساسانییە جوانەکە!**
**وەختی سوور و سات بەسەرچوو.**
**مەرگێکی نوێ منی ئەوێ!»**

وەک دەبینین، ئەم سێ مۆتیڤە، وەک ڕوحی سەرگەردانی دەق، سەرانسەری چامەی داگرتووە و لە دەماری هەموو بەشەکاندا لەگەڕیاندایە.

خوێنی ناو دەمارە ئەندامەکانی جیاجیای دەقی شیعری (ڕەزا عەلی پوور) بە لێبوردەییەوە دەکرێ قایل بین کە بە ڕەنگی چوار مۆتیڤەکەی خوارەوە جارییە:

(قاڵی- مورەبەع- باران- مەرگ)

**«مورەبەعێ دابنێ،**
**لەسەری دانیشە**
**بیر لە لۆرکا بکەرەوە**
**ئیسپانیا**
**یانی**
**گا!**
**....**
**شتێکی قاڵیتر لە ژن و نیوەژن نەخەوتووم**
**خۆشێکم پیابدەن...**

**ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی**
**لەسەری بوەستی**
**ئێستا دیرێک لە ملتەوە بنالێنە**
**بە مردن خۆ دەستت**
**خۆ دەستت بە مردن کە ئەگا**
**....**
**وا بزانن من باران**
**باوەڕ کەن ماندووبووم**
**ئەوەندە لە دەس ئاو هەلاتم**
**...»**

بەیاننامە، بە مورەبەعێ بۆ دانیشتن و حەسانەوە و لۆرکای شاعیر و ئیسپانیای زێدی لۆرکا و نمادی ئیسپانیا، «گا» دەس پێدەکا:

**«مورەبەعێ دابنێ**
**لەسەری دانیشە**
**بیر لە لۆرکا بکەرەوە**
**ئیسپانیا**
**یانی**
**گا»**
ل ٥

دوا بەدوای ئەم وێنەیە ،لە بەندی دووەمدا، باسی کەوش و جل داکەندن و کراس شووشتن و باوک و خوشک و پرسیاری کۆتایی سەبارەت بە درێژەی هەستی خۆی دەکا. ئانالیزی ئەم دوو وێنە و تەوسیفە و پێوەندییان پێکەوە، ڕێگامان بۆ چوونە ناو بەشەکانی تری دەفتەرەکە خۆشتر و هاسانتر دەکا. ئەم دوو وێنەیە، ڕوحی دوو چەمکی دەروونناسانەیان لە خۆدا حەشار داوە و بە وانەوە بارگاوی بوونە، حەسرەت و شلەژان. با وردتر جارێکی تر بیانخوێنینەوە:

بۆ خوێندنەوەی قوولتر و خزانە نێو ژێر لایەکانی دەلالەتی ئەم بەشانە، سەرەتا واژە کلیلییەکان شەنوکەوکەین:

مورەبەع: چوارگۆشەیەک کە بە قەرینەی دانیشتن، نمادی حەسانەوە و ئارامشە.

لۆرکا: شاعیری شۆڕشگێڕی ئیسپانیایی، کە بە شیعرەکانییەوە دژ بە دیکتاتۆر و دەسەلاتی هەلگەڕاوە و لە ئەنجامدا گیانی خۆی لەم ڕێیەدا بەخت کردووە.

گا: سەمبولی ولاتی ئیسپانی، کە لە مێژوو و فۆلکلۆری ئەم ولاتەدا ڕەگی داکوتاوە.

بەلام ئەنجامی تێک هالانی ئەم ئێلیمانانە، دەلالەتێکی لێ دەکەوێتەوە کە بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تر یارمەتیمان دەدا. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، مورەبەع، یەکێکە لەو کۆدانەی کە بە کرانەوەی زۆر گرێ پووچکەی دیکەی دەقیش دەکرێتەوە. وەک لە درێژەی وتاردا بۆمان دەردەکەوێ، ئەم ئێلێمانە، ناوبەناو لە دەقدا دووپات و چەندپات دەبێتەوە، بەلام بە چەندین شێوە و بیچمی جۆراوجۆر و جیاواز وەک:

**مووکەعەب:** کە مورەبەعێکی خاوەن بارستایی و حەجمە:

**«... ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی**
**لەسەری بوەستی**
**ئێستا دیرێک لە ملتەوە بنالێنە**
**بە مردن خۆ دەستت**
**خۆ دەستت بە مردن ئەگا**
**....»** ل ٨

**سەندەلی:** کە لە مورەبەعێک پێک هاتووە لەگەل چوار پایان:

**«... گریان نیشتمان گەورەترین سەندەلی بێت**
**من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن**
**وەک ئەوەیە سەندەلییەک خاپوورم کا، ...» ل٧**

موسەلەسێک کە هەندێک جار چوار گۆشەیە (موسەلەس، کە لە دۆخێکی مەرگاویدا چوارگۆشەی هەیە).

**« ...**
**من ئەلێم دوعاکە موسەلەس لەکاتی مردنما**
**چوارگۆشەی**
**ئەگینا بە فریای زیندەگی**
**کە ئەخۆم**
**فنجانێک چوارگۆش و**
**خول ئەخۆم...»** ل ٣٢

موسەلەس، لە فەزایەکی ڕوحانیدا و لە تێک هالان لەگەل ساتە وەختی مەرگ، مەسخ دەبێ و دەبێتە خاوەن چوارگۆشان.

ئەم چوارگۆشەیە (مورەبەع – سەندەلی – موکەعەب) کە بۆ دانیشتنە، نمادی حەسانەوە و ئارامشە. دەق پێمان دەلێ لەسەری دانیشین و بیر لە لۆرکا بکەینەوە. لۆرکا کە وەک باسمان کرد، شاعیرێکی شۆڕشگێڕی شەهیدە.

به هێمنی دانیشتن بیر له شاعیرێکی ئاوا کردنه‌وه، حه‌سره‌تی شاراوه و ناهۆشیاری ده‌قه، سه‌باره‌ت به دۆخێکی ئایدیال. حه‌سره‌تی دووه‌م، له‌بیرچوونی که‌سایه‌تی شاعیرێکی له گوێن لۆرکایه، به له‌ونێک که ئیسپانیا، به واتای لۆرکا نییه،به‌ڵکو «گا» هه‌ر نمادی ئیسپانیایه و لۆرکا فه‌رامۆش ده‌کرێ.

له به‌شی دووه‌مدا، شاعیر به جه‌ساره‌ته‌وه، هه‌نگاو ده‌نێته جیهانی ده‌قه‌وه به ئارخایه‌نی که‌وش و جل داده‌که‌نێ و گیرفانی کراسه‌که‌ی ده‌شوا و بیر له باوک و داهاتووی ده‌کاته‌وه:

**«... ناترسم له‌م دێره‌دا که‌وشه‌کانم دابکه‌نم**
**پاڵتاوه‌که‌م**
**به حه‌رفێکه‌وه که‌وایه هه‌ڵواسم**
**کڵاوێ -که نیته- بیکه‌مه سه‌ر نوقته‌یه‌ک...»** ل ٦

له‌م به‌شه‌دا، دوای جیهانی حه‌سره‌ت ئاوی لۆرکا، ده‌ق باسی شڵه‌ژانی شاعیر له جیهانی خۆماڵی خۆیدا ده‌کا و دڵه‌ڕاوکێی داهاتووشی له ناخی پرسیارێکدا ده‌رده‌بڕێ:

**«... تۆ بڵێی ئیدامه‌ی ده‌ستی من بگاته خه‌تی کێ؟»** ل٦

ئه‌م دووبه‌شه، وه‌ک ده‌سپێک و پێشه‌کییه‌که بۆ ڕۆنانی جیهان و دنیای ده‌ق به گشتی.

لێره‌دا، ده‌گه‌ڕێینه‌وه بۆ ئه‌و به‌شه‌ی که باسی چوار ڕه‌هه‌ندی جیاوازی هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌ق له‌گه‌ڵ ئه‌و کۆدانه‌ی ده‌ستنیشان کران، ده‌کا و هه‌وڵی خوێندنه‌وه‌ی ده‌ق ده‌ده‌ین، به‌م پێشه‌کییه‌ی که باس کرا:

**«... ئه‌کرێ موکه‌عه‌بێک دابنێی**
**له‌سه‌ری بوه‌ستی**
**ئێستا دێرێک له ملته‌وه بئاڵێنه**
**به مردن خۆ ده‌ستت**
**خۆ ده‌ستت به مردن ئه‌گا؛**
**تاقه‌که چی تیایه؟ هیچ!**
**نوقته سه‌ری خه‌ت!... »** ل ٨ و ٩

به‌رله‌مه، ده‌ق به گوزاره‌یه‌کی ئه‌مری، بانگهێشتنی خوێنه‌ری ده‌کرد که له‌سه‌ر موره‌به‌عێک دابنیشێ و بیر بکاته‌وه، به‌ڵام ئه‌مجاره، ئه‌گه‌رچی فۆرمی گوزاره‌که نه‌گۆڕاوه، به‌ڵام بۆته خاوه‌ن بارستایی و (حجم) و موره‌بع بووه‌ته موکه‌عه‌ب و دانیشتن، به ڕاوه‌ستان جێی گۆڕاوه. جاری یه‌که‌م، کارێکی زه‌ینی (بیرکردنه‌وه) خواسترابوو، به‌ڵام ئه‌م جاره‌یان، دوای ئه‌وه‌ی ئه‌ڵقه‌یه‌ک له زنجیره‌ی جیهانی ده‌ق هاته ده‌ربڕین، خواستی ده‌ق ده‌گوازرێته‌وه بۆ ئاکارێکی عه‌ینی فانتازیایی. ئه‌و ڕه‌فتاری له‌م کۆپله‌یه‌دا به‌رچاوه و شایانی باس، ناته‌واویبوونی وێنه و ته‌واوبوونه‌وه‌ی له شه‌ست، هه‌فتا لاپه‌ڕه‌ی دوایی و له کۆپله‌کانی به‌ره‌و کۆتاییه:

**«... ئێواره‌یه‌کم لێوه بئاڵێنه**
**خوا گه‌وره‌یه یان عه‌کسی تاقه‌که سه‌یر ئه‌که‌م**
**عه‌کسێ پڕه له تۆ**
**قاپێ پڕه له من**
**من له تاقه‌که دانێ...»** ل ٧٢-٧٣

پرسیاری کۆپله‌ی لاپه‌ڕه‌ی (٩)، سه‌باره‌ت به‌و شته‌ی له تاقه‌که‌دایه، ده کۆپله‌ی لاپه‌ڕه‌کانی (٧٢-٧٣)دا وه‌ڵام ده‌درێته‌وه:

- پرسیار:

**« ... تاقه‌که چی تیایه؟ هیچ!...»** ل ٩

- وه‌ڵام:

**«... عه‌کسێ پڕه له تۆ**
**قاپێ پڕه له من**
**من له تاقه‌که‌دا دانێ...»** ل ٧٢- ٧٣

له کۆپله‌ی ل(٨-٩)دا، وه‌سه‌ر موکه‌عه‌ب که‌وتن و ده‌ست گه‌یاندن به مه‌رگ لکاوه به ئه‌و شته‌ی بۆی هه‌یه له‌سه‌ر تاقه‌که دابێ، پێوه‌ندی ئه‌م وێنانه چۆناوچۆن له ده‌قدا به‌رهه‌م دێت؟. ئه‌و کۆدانه‌ی ئه‌م دوو کۆپله‌یه به‌یه‌که‌وه ده‌به‌ستنه‌وه و له‌تێک هاڵانیاندا مانا ده‌گوورێ و به‌شێک له جیهانی ده‌ق به‌رهه‌م دێت، به‌م جۆره هاتوونه‌ته کایه:

(مردن- تاقه - عه‌کسێ پڕه له تۆ - قاپێ پڕه له من)

«من» بۆی هه‌یه لێره‌دا مه‌جازی بێ بۆ (وێنه‌ی من)، که له ڕۆخی ئاوی پڕ قاپدایه، ئاوی پڕ له قاپ بۆ به‌ڕێ کردنی موسافیر، به‌ره‌و سه‌فه‌ری مه‌رگ و «من»، داخوازی ژیان و مانه‌وه و نه‌ڕۆیشتن و ماندوو له ڕۆیشتن و ماڵئاوایی به‌رده‌وام، داخوازه قاپه پڕ له ئاو [(من)-ه‌که‌ی] له سه‌ر تاقه‌که بمێنێته‌وه و چیدی به‌ڕێ نه‌کرێته‌وه.

ته‌سویری به‌رهه‌ست کراوی مه‌رگ و ماڵئاوایی به‌رده‌وام و سه‌یالی زه‌ین و خاتری کۆپله‌کان، له کۆپله‌ی وه‌ڵام (ل ٧٢-٧٣)دا، وه‌ک پازێلی مه‌رگ، چنراوه:

**«... قاپێ پڕه له من**
**من له تاقه‌که دانێ**

**کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا**
**باوکم بە دەم ترسەکانییەوە**
**دەستی خۆی قورئانێک دەگریا**
**کەسێک ئەیوت**
**کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا**
**دایکم دنیا دەزریکێنێ**
**کۆڵوانەکەی پڕە لە کۆڵ**
**پشتوێنەکەی پڕە لە پاییز**
**قژەکانی ئە ئاوا ئەگریا**
**ژنێک من ماچ ئەکا**
**پرسەکان ڕائەخرێن»** (ل ٧٢-٧٣)

مەرگ، کە یەکێکە لەو ڕوحە سەرەڕۆ و سەرگەردانانەی ناو دەق، لەم کۆپلەیەدا هەستی دەسەڵاتدار و زاڵی نادیار و غاییە. مەرگ لەناو قاپی پڕ لە من، کاکەی بە دیوار داکوتراو (دیسان سوژە -کاکە - بووەتە مەجازێک بۆ ئۆبژە - وێنەی کاکەی شەهید). باوکی ترساوی گریان و پرسەدا خۆی مەڵاس داوە و دایک (ئەو ڕوحە نائارامە و هەڵگری باری تاقەت پڕووکێنی خەمو خەفەتی تەواوی کەسەرەکانی ناو دەق) بە گەروو کۆڵوانە و پشتوێن و قژەکانی، ئەزریکێنێ و دەرد و کۆڵ هەڵئەگرێ و پاییز کۆئەکاتەوە و ئەگری و... دایک سێبووری تەواوی ماندوویەتی دەقە لە کۆپلە جیاجیاکانی بەیاننامەی قاڵبیە ماندووەکە:

**«... کە مردن بە درێشیدا**
**بەرەو سەر**
**دایکمی دەگریاند،**
**هەمیشە دەستی خۆی**
**ئەخاتە بەر دوعا...»** ل ١٧

**- «... کۆڵوانەکەی پڕە لە دین**
**هەمیشە دەستی خۆی**
**دایکی من**
**ئەباتە بەر دوعا!...»** ل ١٨

**- «... دایکم ئەبێ بە عەسرەکانیا بگری**
**شەوبۆ-کان**
**لە گریانەکانیا**
**لە هێندەسە سادەکەیا مونتەزرن... »** ل ١٩

**- «دایکم ئەبێ**
**سەرسەکۆکەی پیرتر ببێ و**
**هەناسەکانی بژمێرێ**
**ئەبێ بە عەکسێکی بێ مسداقا:**
**...»** ل ٤٩

**- «دایکم هەموو ترسەکانی**
**لە شوێنێکا هەمار ئەکا و**
**بەینا و بەین**
**لەتێکی لە چاویا**
**ئەسپاردە هاشووری کۆڵوانە و**
**لە حەزی بارانا دائەنیشێت...»** ل ٦٣

(٤)

ئەم ڕەوایەتە شیعرییە، خاوەنی ڕاوییەکی تاقانەیە کە لە سەرەتاوە بە پێخواسی مووسایانە، کەوش دادەکەنێ و پێ دەنێتە ناو وادی پیرۆزی جیهانی حەرف و واژە و کەلیمە و هەرچی هەیەتی بە وانە هەڵی دەواسی، ئەم ڕاویە، جار ناجارێک لەناو دوو قولاپەدا، حزوورێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەناو دەقدا:

**[وابزانن من ڕەزا**
**باوەڕکەن ماندووبووم**
**ئەوەندە شاعیرم].**

بەڵام ئەم حزوورە ناکاوە، لە کۆپلەکانی دیدا، بەکارکردێکی خوازەیی، دە شیعرێ و دەبێتە بەشێک لە فانتازیایی دەق:

**«.. وا بزانن من باران**
**باوەڕ کەن ماندوو بووم**
**ئەوەندە لە دەس ئاو هەڵاتم...»** ل ٢٥

کارکردی دالەکان لەسەر تەوەری جێنشینی، ئەم دەلالەتە شاعیرانەیەی لە حزووری تۆخی ڕاوی خوڵقاندووە، جارێکی دی بە سڕینەوەی دالەکانی جێنشین کراو کۆپلەکە دەخوێنینەوە:

**[وا بزانم من ...**
**باوەڕ کەن ماندوو بووم**
**ئەوەندە ......]**

جێگە بەتاڵەکان، لە دوو کۆپلەکەدا، بەم دالانە پڕ کراونەتەوە:

- (ڕەزا/باران)

- (شاعیرم/ له دەس ئاو هەڵاتم)
ئەگەر له دەستـه دالەکەی دووەمدا، دەلالەتەکان ئاوا لێک دەبنەوە:
- (له دەس شیعر هەڵاتم/ له دەس ئاو هەڵاتم)
دوو دالی (شیعر/ ئاو) دەبنه جێنشینی یەکتر، کەوا بوو:
ڕەزا (شاعیر) = باران
شیعر = ئاو
ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە ڕاوی ناو دێرەکان و بەگشتی ڕەوایەتی کابووسی دەق، دەیدا بەو کەسەی پێ دەنێتە ناو جیهانی دەق «باران»ـەک کە له «ئاو» ماندووە، چ هاوتەریبییەکی غەریبە لەتەک (ئەو قاڵییەی له گوڵەکانی ماندووە)!

**«... قەتارەکان جێم ئەهێڵن**
**بە شوێنما مەگەڕێن**
**نموونە لە قاچم ئێنمەوە**
**لە هەر کوێ ڕاوەستام**
**لەوێدام**
**کە خیابان ئەکید ئەکەم**
**...**
**کە ئاپارتمان بۆم ناسەلمێ**
**...**
**زەوی بڕوا بەوەسەتی هەناسەما**
**حاڵی نابم لەم ئێر و دێرانە**
**لە کەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم**
**نزیکترین،**
**گۆڕەویەکان**
**گرانترین**
**نیشتمانمە،**
**قاڵییەک دەناسم**
**لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە...»** ل ١٦- ١٥.
بۆ خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، دەبێ چەند دێرێک بگەڕێیەوە دواوە:
**«... ئاپارتمان چۆن ئەگاتە سەربانی خۆی**
**کلاوەکان کە نیمانە**
**تووڕئەداتە سەر خیابان...»** ل ١٥.
کۆپلە لە بەرزترین شوێنگە (سەربانی ئاپارتمان)ـەوە دەست پێدەکا و دەگاتە نەویترین شوێن، (قاچ و کەوش و گۆڕەوی و سەرقاڵی). ئەگەر بەدیدێکی هێماخوازانە بڵێین (ئاپارتمان) ئێلێمانێکی پێناسەدەری مۆدێرنەیە و سەربان بەرزترین جێگەی و کلاو مەجازێک بێت بۆ زەین و عەقلانییەتی پێناسەدەر، کە بە تەوسەوە دەق باسی غیابی دەکا (کە نیمانە)، بە تووڕ هەڵدانی لە بەرزترین شوێنی مۆدێرنەوە بۆ بەری پێ، ڕەسەنایەتی دەدرێ بە قاچ و هەستی و بوون و (Exist) -ی خۆی دەدا بەو شوێنەی لەوێ ڕاوەستاوە:
**«... نموونە لە قاچم ئێنمەوە**
**لە هەر کوێ ڕاوەستام**
**لەوێدام...»** ل ١٦
ئەگەر «زەین و عەقلانییە»تی دەرهەست، بە ڕوانگەیەکی ماتریالیستییەوە، لە ڕەهەندی مەجازەوە لە کلاودا چڕبۆتەوە، لە دووەمین ڕەفتاردا، خەریکە چەمکێکی پیرۆزی تر، لە بۆتەی ماتریالیزمدا قاڵ کاتەوە و لە پشت ئەم ماتریالانەوە باسی بکا. ئەم چەمکە پیرۆزە، «نیشتمانە».جاری دووەم کە ئاوڕدەداتەوە بۆ سەر «قاچ»، بە لەمپەرەوە دەڕوانێتە ئەم و تەقەددوسی پێ دەبەخشێ و ڕاستەوخۆ باسی ناکاو بە دیدێکی مەجازییەوە باسی کەوش دەکا،
**«... لە کەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم...»** ل ١٦
دواجار جورئەت دەداتە بەرخۆی و نزیکتر دەبێ و باسی گۆڕەوی دەکا، ئەمەش بە بەهادارترین هێما دادەنێ بۆ چەمکی پیرۆزی «نیشتمان».
**«... لە کەوشەکانمەوە دەستپێدەکەم**
**نزیکترین،**
**گۆڕەویەکان**
**گرانترین**
**نیشتمانمە،...»** ل ١٦
دوای ئەم زنجیرە میتافۆرانە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆدی سەرەکی کۆپلەکە واتا قاڵی:
**«... قاڵییەک دەناسم**
**لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە...»** ل ١٦.
ئەگەر قاچ و کەوش و گۆڕەوی، بە شێوەیەکی مەجازییەوە ئاشێرە دەکەنە سەر نیشتمان، قاڵی بەشێوەی خوازەیی لە جێی نیشتمان دانیشتووە کە ڕاوی لەوێ ڕاوەستاوە، لەسەر قاڵی و شوێن پێیەکانی، بەشێوەی قیاسەوە، دەکرێ هەر گوڵەکانی قاڵی بن. ئەوانەی بەر لەوەی خەریک بوون، نەخشەی نیشتمان (قاڵی)یان

دەنەخشاندەوە و موختەساتی ئەم ولاتەیان بۆ دەردەخستین، هەر ئەم شوێن پێیانە، واتا گوڵەکانی بوون، واتا هەستی و سوژەکانی ولاتی نیشتمان. ئێستا، قاڵی لە گوڵەکانی ماندووە، نیشتمان لە هەرچی کەسەکانی ناو باوەشییەتی جارزە.

(٥)

چەمکی مەرگ، کە تەسویری زەمینەی دەقە، دالێکی فرەمەدلوولە، جگە لەمردن، تەواوی ماڵئاواییەکان و جودایی و دووری ولاتی غەریب و تاراوگەو مەنفاش دەگرێتە خۆ، بۆیە لەم کۆپلەیەدا، ئاوا باس لەم دەلالەتە جیاوازانەی مەرگ دەکرێ:

**«.. تا کوێ دەرەوەم؟**
**پیاو،**
**باران و باڵندە**
**تێک ئەدەم**
**پەنا بەرخۆ، تەرجومەی**
**ئێرایەکی تر ئەکەمەوە**
**من دڵم یان بە هۆڵەندەوەیە**
**....**
**یان دڵم بە ئیسپانیاوەیە**
**فیکر ئەکەمەوە**
**لە عەیبا بۆ بەستێ**
**دەرگاکان دائەخرێن.... »** ل ١٩- ١٨.

کاتێ قاڵی لە گوڵەکانی ماندووە، کەوا بوو گوڵەکانیش کۆچ دەکەن. هەستی پیاو (مرۆڤی ئاوارەی ناو دەق) دەخزێتە ناو دوو چەمکی باڵندە و باران و ئەم هەستییە نا ئارامە، وەک باڵندە، لە نیشتمانی جارز ماڵئاوایی دەکا و هەڵدەفڕێ و وەک باران (کە پێشتر خودی ڕاوی و شاعیر بوو)، دادەبارێ و لە شوێنیکی تر (ئێرایەکی تر) - هۆڵەند، ئیسپانیا...- دەبێتە پەنابەر، بەڵام ئەم ڕوحە نائارامە لەوێش حەسانەوەی نییە و لە کۆتاییدا دەرگای ئەوێشی لەسەر گاڵە دەدرێ.


(٦)

گوڵەکانی هەڵوەدای قاڵی، ماندوو بێ پەنا و پەشیمان، جارێکی تر ڕوودەکەنەوە قاڵی خۆیان و دەستە و داوێنی دەبن.


موسەلەسێک (کە لە ساتەوەختی تێکەڵ بوون لەتەک هێندەسەی مەرگ دەبوو بە چوارگۆشە) لە هەناوی دەقدا دەخولقێ، تاکو موختەساتی نیشتمان، لە دڵی (ئیرایە)کی تردا دابکوتێ:

**« [تەلاخانم!**
**تۆبی و قورعان بارانم کە**
**کفرم کرد و بووم بە دیوار]**
**ئەمەیە قودرەتی ئەو گەشتی خوێنانەی بۆ ئێمە**
**بڕۆن بە شوێن هەتاوێکدا کە بە پیاوەکە دەگەڕێ یا الیها المؤنەنس**
**هەڵبگەڕێن بە ناخی خۆتانا تا خەونی جەغزەکان،**
**یا ایها الموسەلەس**
**کە ئاسمان زارێکی پێویست بوو، بە ناوی خۆرەتاو**
**کە خۆر، باڵێکی پێویست بوو، بە ناوی خۆرهەڵات**
**کە زەوی قژێکی پێویست بوو لە جنسی گیا...»** ل٣٤

ئەو پیاوەی وەک باڵندە هەڵفڕیبوو و وەک باران داباریبوو بۆ ولاتێک (ئێرایە) کە ئێستا بە کفری خۆی پێملە و داوا دەکا جارێکی تر بە ئیعجازی ئەوین ببێ بە بارانێکی تر و داباڕێتەوە سەر نیشتمانەکەی، ئەم داوایە لە «تەلاخانم» (هەتاو؟) دەکرێ لەم موسەلەسەدا:




بۆ ئەو ولاتەی بەسێ خاڵەوە موختەساتی دەستنیشان دەکات:



(٧)

«تا شتێک نەگوترێ، بێدەنگی ناخولقێ، بەر لە هەر شتێک، بێدەنگییەک هەبووە «واتا» لە نێوان دوو سپیاییدا بەرهەم دێت، سپیایی بەر لە کەلام و سپیایی دوای کەلام.»

دەقی شیعری «بەیاننامە....»، ئەم بۆچوون و تیورەی، لە ڕەفتارێکی بارتیدا، بە عەینییەت گەیاندووە و ماتریالانە وێنای کردووە.

**«... خوا هێشتا**
**نیشتەجێی ... ئاسمانی... خۆش ئەوێ....»** ل ٨

**«... سێوەکی سێ لە سێو،**
**سێ لە چوار**
**ڕۆژنامە بە خوێنما، .... دێرێ تر....»** ل ١٤

**«... بێگومان ٤× پەنج ... ٥ر٥**
**بیست لۆرکا هەر یانی ئیسپانیا...»** ل ٢٧- ٢٦

**«... نە دیتنی دنیا**
**بۆ دیتنی ... کێ بە کێیە ... دنیا**
**ئەتوانن لە کوێرێ بپرسن...»** ل ٣٦-٣٧

**« ... ماسییەکان ... مەوازی ... دەگریان،**
**...**
**: ئەمەوێ ... پردم**
**: ئەمەوێ بەشیدەت ... مەوازیم**
**: ئەمەوێ ... سەرباز نیم!....»** ل ٧٠

لە شوێنێکدا، هەر ئەم شوێنە بەتاڵەش دەکاتە واژە و دەینووسێتەوە:

**«... بە نوقتەیەکم جێ خاڵی بسپێرە**
**یان لە پەرانتزێکا.... »** ل٦٢.

ئەمە هەر ئەو بێدەنگییانەن، کە تەواو کەرەوەی بێدەنگی بەر لە دێڕەکان و بەرهەم هێنەری مانا و واتا لە نێوان دوو بێدەنگیدانە.

سڕینەوەی ناوبەناوی دال و واژەکان، ڕەفتارێکی پێکهاتە شکێنانەیە کە هەوڵی بەرگری لە گۆڕانی هەرجۆرە مانایەک دەدا و پێکهاتەی دەق ڕووتو قووت دێڵێتەوە، تاکو خوێنەر بە نووسینەوە و خولقاندنی دووبارەیدا بەشدار بێ و « بەیاننامە»یەک بخولقێ بە قەرا تەواوی خوێنەرەکانی.

(٨)

لە هەندێک شوێنەکانی دەقدا، زمانێک و دەربڕینێک دەبینرێ کە لە جنس و توخمی یەکدەستی دەق ناچێ و نارێک دێتە بەرچاو:

**«... مامۆستای زەوی و زار پێم ئەقریشکێ:**
**ئا ئەم خەتانە**
**-کە تۆ نایخوێنی-**
**وڵاتی کوردە...**
**زۆری مەڵێ ئەعسابم وردە....»** ل٥٢.

دوای ئەو ڕەفتارە خوازەیی و مەجازییە تۆخ و بەهێزانەی کە ئاماژە بە هێندێکیان کرا، دارشتێکی ئاوا زەق و دروشم ئاسا، هەستی ئۆرگانیکی دەق داوێتە مەترسییەوە.

(٩)

ڕەزا عەلی پوور، بەم بەیاننامەیە، هەوڵی چەندین ساڵەی خۆی دەربڕیوە بۆ تەقاندنەوەی وزەی زمانی خەوناوی خۆی. دەفتەری شیعری «قاڵییەک دەناسم...»، ئەگەرچی هەڵگری دەقێکی شیعری دوور و درێژ و هەناسە بڕە و وەک خەون و کابووس، لە مەنتقێکی ئاشنا و هاسان و ڕێکوپێکی واقیع و هۆشیاری ژیان دادەبڕێ، بەڵام دەق خاوەنی ناهۆشیارێکە کە هەڵگری مەنتیقێکی شاعیرانە و لیپاولیپی ڕوحێکی یەکدەست و سەیال و بزۆزی نەسرەوتووی جارییە، کە وەک ماسی دێتە سەر ڕۆخی دەق و دەچێتە پشت دیاردەکان و لەبن گۆمی دێڕەکاندا ون دەبێ، بەڵام ئاسەواری وەک شەپۆلی دوای بەرد هاوێشتنە ناو گۆمێک، هەر دیارە.

ڕەزا عەلی پوور، بەم جۆرە، ئەزموونی جیاواز نووسی خۆی لە ئاقاری شیعری جیاوازدا، بە دوکیۆمێنت دەکا و شوێن پێی لەسەر قاڵی شیعری بەرەی جیاواز، بە گوڵی واژەکانی، بەرچاوتر دەبێ.

# پرسیارە پلە دووەمەکان لە مەڕ ڕەخنەی ئەدەبییەوە

**ڕەهبەر مەحموودزادە**
**لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

بۆچوونەکـانی ڕووەو ناسـینی باسـەکـانی " تیـوری ئەدەبی" زنجیـرەیەکی تێک لکاو و ڕەنگاوڕەنگ پێک دێن کە دەتوانین لایەکی لەو ئاراستانەدا ببینینەوە کە وەک زانست دەڕواننە تیـوری ئەدەبی و هەر بەو پێیـەش "عـەینی بوونی"مـیـتـودەکـانی ئەویان لەبەرچاوە. لەو ئاراستـەیەدا ئەوەی دەبێ خۆی لێ بپـارێزی بریتـییـە لە بەرینکردنەوە و پەروەردەکردنی ئەو داوەرییانەی لە سەر بنەمـای چێژ و زەوقی تاکـەکەسی دامـەزراون، هەروەها خـۆپاراستن لەوەی کـە زاتێکی زەینی بۆ ئەو داوەرییـانە لەبەرچاو بگیـرێ. لایەکی دیکەی ئەو زنجـیـرەیە ئەو ئاراستانەن کە "عەینی بوونی"میتود، ئیمکانی پتەوی و یەکـیـەتی ئەو مـیـتـودە و زانسـتی بوونی ئەو باسـانەی ڕووەو نـاسـینـی دەقی ئەدەبین بە ئەفـسـانەیەکی پۆزیتـڤیـستی، یان ڕەنگە کـەڵە گـێـڕانەوەیەکی لێک هەڵوەشاوە دەزانن. ئەو ڕوانگەیەی دواتر تا ئەو شوێنە پەلوپۆ دەهاوێژێ کە تەنانەت لە نووسین لە مەڕ دەقێکی ئەدەبی بە شێـوەی نووسـراوێکی تاق و سـەربەخۆ، خـۆ دەبوێرێ و بە جێی ئەو، نووسراوە بە شێوەی کـۆیەک لە لەتکە جۆراوجۆرەکـان و خەرمانێک لە کورتە نووسراوە پێک دێ، یان باشـتـر وایە بڵـێین پێکهـاتەی لێ دەستردرێتەوە.

**خۆیا بوونی ناسیارییە پلە دووەمەکان**


هەڵبـەت ئەوە ئاوڕێک نیـیـە کـە تەنیـا لە خـەرمـانی تیـوری ئەدەبی بەربووبێ، ئەوڕۆکـە تەنانەت لەمـەڕ ئەو زانستانەی کە ڕێکوپێکترین و تەکووزترین میتودەکانیان هەیە و لە ڕابردوودا وەک نموونەی زانستی بوون لەبەرچاو گـیـراون کـێـشـە لەسەر"عـەینی بوون"و"زەینی بوون" و ئیـمکانی گـەیشتن بە "عـەینی بوون"لە ئارادایە، بەڵام مـەبەست لە خـسـتنەڕووی جـۆراوجـۆریی زنجیـرەی بیروڕایەکانی ڕووەو ناسینی تیوری ئەدەبی، لە ڕاستیدا شـتـێکی دیکەیە؛ ئەویش بریتـیـیـە لە پلە دووەم و پاشـانەبوونی ئەو باسـانە، ئەوەش لێک هەڵاواردنێکی پێویستە کە بناغەی توێژینەوەی بەردەستتان پێک دێنێ. شەبەنگی هەمەجۆری بیروڕایەکانی ڕووەو ناسینی تیوری ئەدەبی، جـا چ ئەو ئاراسـتـانەی بە شـوێن سـەلماندنی "عەینی بوون"و زانستی بوونی میتودەکانی ناسینی دەقی ئەدەبییـەوەن و چ ئەو ئاراستانەی کە لە ڕاستیـدا لێک نزیک بوونەوەی میـتود و ڕاستـەقینە بە شتێکی دەست وێرانەگەیشتوو دەزانن، هەموویان خەریکی خستنەڕووی باسـەکـانی پلە دووەم و پاشـانەیی لە مـەڕ تیـوری ئەدەبییـەوەن، باسـەکانی تیـوری ئەدەبی بە هۆی ئەوەی ڕووەو دەقی ئەدەبین و بابەتی خـۆیان هەر بە ناسـینەوە

دەبەستنەوە، وەک باسی پلە یەکەم دەناسرێن، بەڵام ئەگەر بتوانین هێندێک لەو هەڵوێستە تێپەڕین و ڕوانینمان بۆ باسەکە هێندێک بەربڵاوتر بکەین و بابەتی بەرباسمان نەک بە خودی دەقی ئەدەبی، بەڵکو بە "باسەکانی ڕووەو ناسینی دەقی ئەدەبی"بزانین، ئەو دەمە دەستکەوتی کارەکەمان ناسیارییەکی پلە دووەمە.

هەر بەو پێودانگە دەتوانین باسی جوداوازی نێوان پرسیارە پلە دووەمەکان و پرسیارە پلە یەکەمەکان بێنینە ئاراوە. ئەو پرسیارانەی لە چوارچێوەی بوارێکی ناسیاریدا دەخرێنە ڕوو و هەر لەو بوارەشدا بە پاڵپشتی ئەو باسانەی لەوێدا خراونەتە ڕوو، وەڵام دەدرێنەوە، پرسیاری پلە یەکەمن. ئەو پرسیارانەی لە دەرەوەی ئەو بوارە ناسیارییە و لەمەڕ ئەو بوارەوە دێنە ئاراوە و بە پاڵپشتی هێندێک باسی سەرووتر لەو باسانەی لە چوارچێوەی ئەو بوارەدا وەڵام دەدرێنەوە، پرسیاری پلە دووەمن. پرسیارە پلە یەکەمەکان داگری ڕاستییە عەینییەکانن و پرسیارە پلە دووەمەکان هەڵگری واتا زەینییەکانن(١). وەڵامدانەوەی پرسیارە پلە یەکەمەکان زۆرتر ڕەنگوبۆنێکی زانستی هەیە و وەڵامدانەوەی پرسیارە پلە دووەمەکانیش زۆرتر ڕەنگوبۆنێکی فەلسەفی بەخۆوە دەگرێ.

خۆیابوونی ناسیارییە پلە دووەمەکان کە جار جار لە ژێر ناوی فەلسەفەی لکاو باسی لێدەکرێ، ئاکامی لۆژیکی بەرینبوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی باسە تیورییەکان لە بوارێکی تایبەتدایە. کاتێک کەسێک هەست بکا کە زۆرتر لە سووچ و لایەنەکانی بابەتێکی توێژیوەتەوە و لێی کۆڵیوەتەوە، یان تەنانەت بەر لە دەست پێکردنی توێژینەوە لەمەڕ ئەو بابەتە، هزرمەندانەترین ئاراستە، ڕەنگە خستنەڕووی ئەو پرسیارە بێ کە ئەو جار نەک لەمەڕ ڕەهەند و لایەنەکانی بابەتی توێژینەوە، بەڵکو لەمەڕ ڕەهەند و لایەنەکانی خودی توێژینەوە دەتوانین چ بڵێین؟ شێوە گونجاوەکانی توێژینەوە کامانەن و لەو شێوانە کامیان دەتوانێ باشترین جۆری توێژینەوە بێ، ئینجا بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەو جۆرە گونجاوانە، سنوورەکانی ناسینی ئێمە لەسەر ئەو بابەتە تا چەندە لێک دەکرێنەوە و بەربڵاو دەبنەوە؟

زۆربوونی ئەو جۆرە باسانە لە سەردەمی نوێدا، تاقمێک لە خاوەن ڕایانی بەرەو ئەو ئاکامە پەلکێش



جۆزێف کۆنراد

کردووە کە جەوهەری مودێرنیتە بە خۆیابوونی ناسیارییە پلە دووەمەکان بزانن. "پێشینیان کاریان بە هزر دەکرد، بەڵام لە هزریان نەدەپرسییەوە و لەمەڕ ئەو باسێکی وایان نەدەهێنا ئاراوە. لە ئاییندا پەلەقاژەیان بوو، بەڵام بە شوێن ئایینناسییەوە نەبوون. ئایدیۆلۆژییان هەبوو، بەڵام ئایدیۆلۆژیناسییان ڕەچاو نەدەکرد و بەکورتی و بە کوردی. . . جەوهەری مودێرنیتە و نوێ بوونەوەی دنیای ئەوڕۆ، خۆیابوونی ناسیارییە پلە دووەمەکانە کە پاشگری"ناسی"یان پێوە دەنووسێ. (٢)

تیوری ئەدەبی لەو بارەیەوە لە بوارەکانی دیکەی ناسیاری هەڵناهاوێردرێ. جوداوازییەک کە جاری وایە بە ئاشکرا خۆ دەنوێنێ بریتییە لە نەبوونی هەوڵێک بۆ لە یەک هەڵاواردنێکی ڕێکوپێک و خاوەن میتود لە نێوان بیروڕایەکانی ڕووەو ناسینی دەقی ئەدەبی و بیروڕایەکانی ڕووەو ناسینی تیوری ئەدەبی. ڕەنگە بە هەڵدانەوەی بە پەلەی بەردەستترین کتێبی ڕێنوێنی تیوری ئەدەبی، بتوانین بەو ئاکامە بگەین کە باسەکان لە هەر دوو ئاستدا لەو کتێبەدا خراونەتە ڕوو، بەڵام تێکڕای ئەو باسانە بە شێوەیەکی تێک تەنراو وەک بەنێکی هەڵکراو لە گوڵۆڵەیەکدا خراوەتە بەردەست. لە پەنای لێک هەڵاواردنە بە کەڵکەکانی وەک لێک هەڵاواردنی فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتی لە زانستی کۆمەڵایەتی،

فەلسەفەی زانستی سروشتی لە زانستی سروشتی، فەلسەفەی ڕیازی لە ڕیازی، فەلسەفەی لۆژیک لە لۆژیک و...تاد دانانی جوداوازی لە نێوان فەلسەفەی تیوری ئەدەبی و تیوری ئەدەبی، لانی کەم سەمەرەکەی دەتوانێ بریتی بێ لە پاک کردنەوە و ڕێکوپێک کردنی باسەکان.

**بوون ناسی و میتودناسی ڕەخنەی ئەدەبی**

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە لەو بەنەی لە گولۆڵەیەکدا هەڵ کراوە، دوو لۆ لە دوو گولۆڵەی جۆراوجۆردا بکێشینە دەرێ. ڕەنگە لە جەنگەی لێ وردبوونەوەی زیاتردا بەو ئاکامە بگەین کە بۆی هەیە گولۆڵەی زۆرتریش لێک جودا بکرێنەوە. بۆ وێنە لە درێژەی باسەکەی پێشوودا، دەتوانین هەڵاواردنێکی دیکە لە نێوان بوونناسی و میتودناسی تیوری ئەدەبی لەبەرچاو بگرین، چونکە لە ڕاستیدا"هەر لقێک بوونناسی و میتودی تایبەت بە خۆی، بۆ پێرست نووسی و وەسف و ڕیزبەندی شتە جۆراوجۆرەکان، هەروەها پێوەندی، یان ئەو بزاوتانەوە هەیە کە ئەو لقە لەگەڵیان لە پێوەندیدایە ؛هەر ئەو شتە جۆراوجۆرانەیە کە بوونناسی داوای ناسینی ئەوان، لەبەردەم ئێمەدا قوت دەکاتەوە. (٣)

چۆن لەوەپێش تەنیا لە باسە میتافیزیکییەکاندا بوو کە بوونناسی لەلایەنی هەراویدا دەکەوتە بەر باسوخواس، جوداوازی لە نێوان بوونناسییە تایبەتەکان کە چەند لایەنێکی تایبەتی بوونی لەبەرچاوە، لەو بوونناسییانەی کە بوون لە لایەنی هەراویدا دەخنە بەرباس، لە دوو زاراوەی بوونناسی فەلسەفی و بوونناسی تایبەتدا دەنوێندرێن. بۆ وێنە "بە جێی ئەو پرسیارە کە ئەو شتانەی لە جیهاندان چین؟ دەتوانین وەک ژیوناسەکان بپرسین"ئەندام، یان لەشە زیندووەکان لە چ کۆ شتێک پێکهاتوون و چۆن لەگەڵ یەک ئاوێتە دەبن؟ (یان)دەتوانین وەک کیمیازانەکان بپرسین"چەند ماکە بوونیان هەیە؟ تایبەتمەندییەکانیان چییە؟ چۆن کردەوە و دژکردەوە دەنوێنن و... تاد". (٤)

بوونناسی و میتودناسی تیوری ئەدەبی، پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەک هەیە. میتودناسی قوتابخانە جوداوازەکانی تیوری ئەدەبی، بە توندی لە ژێر کاریگەرێتی بوونناسی ئەو قوتابخانانە و چۆنیەتی ڕوانینی ئەوان بۆ دەقی ئەدەبییدایە. ڕەخنەی نوێ بەو ڕوانینە تایبەتەوە بۆ دەق؛ بە شێوەی ئەو"وشانەی لە سەر لاپەڕەی کاغەز نەخشاون"و بەرتەسک کردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان تا ڕادەی سنووری ورد و شیاوی ناسرانەوە و خۆبژبو تێگەیشتنی ئەوان، دەگاتە میتودناسییەکی تایبەت کە درێژەی لۆژیکی بوونناسی تایبەتی خۆیەتی و ماتریالیزمی کولتووریش بە کراوە تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی بەرەو ئاقاری ئایدیۆلۆژییە جوداواز و گوتارە جۆراجۆرەکان و بە لەنگەر زانینی ئەدەبیات بۆ پێوەندییەکانی ئایدیۆلۆژیک، شێوازناسییەکی دیکەی تەبا لەگەڵ ئەو جۆرە دەقناسییە دەستەبەر دەکا. هەر بەو شێوەیە ڕوانینی دەق ناسانەی مێژووبڕوایی نوێ (هەر بەو هۆیە میتود ناسییەکەشی) زیاتر لە ماتریالیزمی کولتووری نزیکە. بوونناسییەکیش کە فۆرمالیسمی ڕووسی بۆ دەقی ئەدەبی لەبەرچاو دەگرێ و میتودناسییەک کە بۆ خوێندنەوە ئەدەبییەکان هەڵیدەبژێرێ، لە بوونناسی و میتودناسی سەرپشکانەی ڕەخنەی نوێ – بە هەموو جوداوازییەکانییەوە–نزیک ترە.

هەرچی لە گەلاڵەی لێک هەڵاواردندا زیاتر بچینە پێشێ، ئاکامی سەرنجڕاکێش ترمان وەدەست دەکەوێ. یەکێک لەو ئاکامانە دەتوانین لە جۆری ئەو وەڵامانەدا ببینینەوە کە بەو پرسیارەی ژێرەوە دەدرێنەوە:

– فەلسەفەی زانست بە گشتی و فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی دەتوانێ بە شێوەی تایبەت چ یارمەتییەک بە هەراوکردنەوەی ڕەوشمەندی، باسەکانی ڕووەو ناسینی تیوری ئەدەبی بکا؟

– ئایا تیوری ئەدەبیش ئەو تین و گوڕەی تێدا هەیە کە لە هێندێک لە بوارە ئەستەمەکانی تیوریدا، یارمەتی دەری باسەکانی فەلسەفەی زانست بێ؟

**یارمەتییەکانی تیوری ئەدەبی بۆ فەلسەفەی زانست**

لە وەڵامێکەوە دەست پێ دەکەین کە دەتوانین بە پرسیاری دووەمی بدەینەوە. ئەوڕۆکە تاقمێک لە سەر ئەو ڕایەن کە بۆ وێنە فۆرمالیستەکان بە بێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن لەبواری فەلسەفەی زانستدا کاریگەرێتییان هەبووە.(٥) یەکێک لەو خاڵانەی وەک کاریگەرێتی باسی لێدەکرێ لە خستنەڕوو و تەتەڵەکردنی

واتای"ناسیاوی سڕینەوە "دا دەتوانین ببینینەوە. فۆرمالیستەکان بە ئیلهام وەرگرتن لە دیاردەناسی "هوسرل" و باسی ئەو لە مەڕ بەس نەبوونی ئاراستەی "سەرەتایی و سروشتی" ئێمە بۆ جیهان و پێویستی گەیشتن بە "ناخی شتەکان"(٦)، بابەتی ناسیاوی سڕینەوەیان خستە ڕوو. بە بڕوای ئەوان هونەر لە دارشتنەوەی سەرلەنوێی تێگەیشتنی هەستی ئێمە و گۆڕینی جۆری ڕوانینمان بۆ ڕاستەقینەی لە ڕواڵەتدا مەند و بە تەواوی ناسراو و لە ئاکامدا لە"غەوارە نواندنی"دیاردە ناسیاوەکاندا، شوێنێکی کاریگەری هەیە. بە بڕوای ئەوان زمان لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەخرێتە پرۆسەی ناسیاوی سڕینەوە . ئەو ناسیاوی سڕینەوە زمانییەیە کە دواتر خوێنەر بەرەو ناسیاوی سڕینەوەی تێگەیشتن، بەرەو ڕوانینی نوێ بۆ جیهان پەلکێش دەکا. (٧)

لەو شی کردنەوانەدا واتای هاوبەش لەگەڵ ئەو شتەی "تامس کووهن" لە پێوەندی دەگەڵ شۆڕشی زانستی و گۆڕانی پاڕادایمیدا دەیخاتە ڕوو، بوونی هەیە. کووهن ڕوو وەرگێڕان لە پاڕادایمێک و پشتیوانی کردن لە پاڕادایمێکی ناتەبای دیکە لە لایەن بیرمەندانەوە بە "ئاڵوگۆڕی گشتالتی"دەشوبهێنێت. (٨) ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕە گشتاڵتییە کە لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە دیاردەکانی جیهانی دەوروبەر بەدی دێ، بە جۆریک لە ناسیاوی سڕینەوەی تێگەیشتن بزانین، ئەو دەم دەتوانین بڕوامان بەوە هەبێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەدیهاتنی ئەو ناسیاوی سڕینەوەی تێگەیشتنە، هەر ناسیاوی سڕینەوەی زمانییە کە لە وەسفی ڕستەکانی پێوەندیدار بەو دیاردانەوە بەدی دێ. هەر لێرەشەوە دەتوانین هەست بە گرینگایەتی دەکارکردنی گونجاو و هونەرمەندانەی خوازە و مەجازی دەربڕین لە بیچم بەخشی بە تیورییە زانستییەکان بکەین.

زۆرێک لەو خوازە بەکەڵکانە هەم لە بەستێنی زانستی سروشتی و هەم لە بەستێنی زانستی کۆمەڵایەتیدا وەبەر چاو دێن. بە خواستنەوەی تیوری نجوومی بازنەکانی مەنزوومەی ڕۆژی و ڕیازی پێوەندیدار بەوەوە، بۆ شی کردنەوەی پێکهاتەی ئەتۆم، بەراوردی لێک دراوی پرۆتین لە گەڵ مولکولی DNA لەگەڵ شیکردنەوەی پێکهاتەی نیشانەیی، کاتی باسی ژیوناسەکان لە کۆدی ژێنێتیکی، وێچواندنی تەزووی کارەبا لە گەڵ جووڵەی ئاوەکی و بەراوردی واتای هەڵبژاردنی سروشتی داروین لەگەڵ پەروەردەی هەڵبژاردەی گیا و بوونەوەرە دەستەمۆکان، چەند نموونە لە دەکارکردنی خوازە لە بەستێنی زانستی سروشتین، هەروەها کەڵک وەرگرتن لە تیوری ئاماریی گرتنەوە و بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکان لە زانستی پزیشکیدا، بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی بلاوبوونەوەی دەمگۆکان لە کۆمەڵگادا و بە قەرز وەرگرتنی تیوری پێوەندیدار بە ئاکاری ڕەقیبە بازارییەکان لە بارودۆخی جودادا بۆ تەتەڵەکردن و لێکدانەوەی ئاکاری سیاسەتمەدار و دەنگدەرەکان لە نیزامێکی دێموکراتیکدا، چەند نموونە لە دەکارکردنی خوازە لە بەستێنی زانستی کۆمەڵایەتیدایە. (٩) سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەوەش بزانین واتای دەستکاری خودی کووهنیش لەمەڕ شۆڕشەکانی زانستیدا لەسەر بنەمای خوازەیەک دامەزراوە کە لە جیهانی سیاسەت وەرگیراوە؛ واتە ڕوودانی شۆڕشە سیاسییەکان و گۆڕانی سیستمە دەوڵەتییەکان لە کۆمەڵگادا.

هەروەک گوترا بە هۆی ناسیاوی سڕینەوە لە تیورییەکی زانستیدا دەتوانین بە تیورییەکی زانستی جێگری ئەو(تیورییە) بکەین. نموونەی ئەو ناسیاوی سڕینەوەیە دەتوانین لە بیروڕایەکانی پێوەندیدار بە "چییەتی نوور"دا ببینینەوە. خوازەی نوور وەک شەپۆلی بە جووڵەی ناو ئاقارێکی ئاوەکی، بووە هۆی بیچم گرتنی "تیوری شەپۆلی نوور" و لە بەرانبەردا، خوازەی نوور وەک کۆگایەکی بێ ئەژمار لەو زەرە تاکانەی هەڵگری وزەن، بووە هۆی بیچم گرتنی "تیوری زەرەیی نوور".

هەر تەنیا کووهن لە سەر پێویستی سەرنجدان بە گرینگی خوازە و بلاوکردنەوەی واتای خوازە جەختی نەکرد،(١٠) بەڵکو فەیلەسووفێکی وەک "هانسۆن"یش بە مەبەستی پێداگری لەسەر گرینگی خوازە لە بیچمبەندی تیورییەکان پرۆسەی خوازەسازی لە ژێر ناوی "بەراوردی ڕێ تێچوو"دێنێتە بەر باس و پلەوپایەیەکی هاوشانی "قیاس"و"ئیستقرا"ی پێ دەبەخشێ. دەتوانین تیوریسازی لە ڕێی بەکاربردنی خوازەوە لە پرۆسەیەکی سێ ئاستیدا بێنینە بەر چاوی خۆمان. یەکەم کۆکردنەوەی بەڵگە لە مەڕ نموونەی ئەو دیاردانەی دەبیندرێن. دووەم ئەو پرسیارە دەخرێتە ڕوو کام پێکهاتە، یان میکانیسمی

بنەمــایی، ئەگــەر هەبێ، ئەو نموونەیە شی دەکــاتەوە؟ لێرەدایە کە بە کاربردنی داهێنەرانەی ئەندێشەی خوازەیی دێتە گــۆڕێ. .. لۆژیکی ئەو ئاســتە جاری وایە بە پێی قسەی "ئان، ئار، هاتسۆن"، "بەراوردی ڕێ تێچوو"ی پێ دەگوترێ. ئاستی سێیەم لەو پرۆسەیەدا ئەوەیە کە تاقیکاری و دیتنەکان، زیاتر لە سەر بنەمای ئەو مەزەندە گریمانەییە دادەمەزرێ کە میکانیزمی لەبەرچاو گیراو و وێنا کراو کە لەسەر بنەمای ئەو خوازەیەیە ، هەر بە ڕاستی بوونی هەیە؟ (١١)

بۆچوونی هانسۆن، دابەشکردنی دەلیل هێنانەوە بە سێ جۆری ؛دەلیل هێنانەوەی قیاسی، دەلیل هێنانەوەی ئیستقرایی و دەلیل هێنانەوەی تەمسیلی، لە باسەکاندا لۆژیکی فۆرماڵ لە زەیندا زەق دەکاتەوە، ئەگەر لۆژیکی پێشوو بەرینایی ئەوەندە بوو کە باسەکانی پێوەندیدار بە دەلیل هێنانەوەی قیاسی بە شێوەیەکی بەربلاو و ورد پەروەردە بکا و هەر بەو پێیە، ئەگەر بتوانین بڵێین کە سەرهەڵدانی لۆژیکی ئیستقرایی بە ئاراستەی ئەزموون خوازەکانەوە، ئاکامی بۆشاییەک بوو، کە لەو باسانەدا هەبوو، هەر بەو پێودانگە دەتوانین ئەو پێشبینییە بکەین کە ڕەنگە کەم کاتی ئەوە هاتبێ کە "لۆژیکی بەراوردی ڕێ تێچوو"بەو شێوەیەی هانسۆن باسی کردووە، بە پێی بۆشاییەک کە لە کۆمەڵە باسی لۆژیکی قیاسی و لۆژیکی ئیستقراییدا هەیە، خۆی قوت کاتەوە، ئەگەر پێشبینییەکی ئاوا ڕاست بێ، ناتوانین شک لەوە بکەین کە فەلسەفەی زانست لە تەتەڵەکردن و لێکدانەوەی ڕۆڵی ڕیتۆریکی تیورییەکان و شی کردنەوەی کارکردی خوازەکانی دەربڕین لە بیچم بەخشی تیورییەکاندا، پێویستیی بە تیورییە ئەدەبییەکان دەبێ.

یارمەتی فەلسەفەی زانست بۆ تیوری ئەدەبی، بەڵام پرسیاری یەکەم لە ڕوانگەی ئەو توێژینەوەیە پرسیارێکی گرینگترە و دۆزینەوەی وەڵامی بەڵگەدار و پلەبەندی بەراوردی ئەو وەڵامانە بابەتێکی گرینگتر و بە کەڵک ترە بۆ ئەو توێژینەوەیەی ئێمە.

باسەکانی فەلسەفەی زانست لە دوو لایەنی جوداوە دەتوانێ یارمەتی دەری ئەو باسانە بێ. کە هەڵگری ناسینی تیوری ئەدەبین. لایەنی یەکەم بریتییە لە خستنەڕووی پرسیاری کەڵکەی جۆراوجۆر، کە وەڵام دانەوەیان یارمەتییەکی بەرچاو و شیاو بە هەڵشێلان و تیف تیفەدان و ڕێوشوێن دانان بۆ بابەتەکانی داگری ناسینی تیوری ئەدەبی دەکا. زۆرێک لە پرسیارە پلە دووەمە نوێیەکان دەتوانین لە بەراورد دەگەڵ پرسیارە باوەکانی بواری فەلسەفەی زانست، بە تایبەت لە بەراورد دەگەڵ ئەو پرسیارانەی لە پانتایی فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتیدا دێنە ئاراوە، بخەینە ڕوو، بەڵام لایەنێکی دیکە کە ڕەنگە گرینگایەتییەکی زیاتری هەبێ، یارمەتی وەرگرتن لە باسەکانی فەلسەفەی زانست بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پلە دووەمانەیە.

چون فەلسەفەی زانست لە ناخی فەلسەفەی شیکارییەوە سەری هەڵدا، تەکووزیی، وردبوونەوە، ڕوونیشی لەو نەریتە فەلسەفییە بە میرات وەرگرت. کەوتنە ڕێوشنینەوەی کزەی ئەو تایبەتمەندییانە لە پانتایی تیوری ئەدەبیدا هەڵگری پرسیاری پلە دووی زۆر بە نرخ و بایەخن، ئێمەش خستنە ڕووی ئەو پرسیارانە بە دەست پێشخەری، نوێگەری ئەو توێژینەوەیە نازانین. جا کەوایە زۆر باشترە لە خستنە ڕووی پرسیارەکاندا، لە پلەبەندی و وەڵام دانەوەیاندا بە مشوور و وردبوونەوەیەکی زیاترەوە بێینە مەیدان و ڕەوش مەندی تایبەتی ئەو باسانە-ئەگەر لە پانتاییەکی دیکە شیاوی فێر بوون بێ-فێر بین.

تێکڕای پرسیارەکانی ژێرەوە، ئەو پرسیارە پلە دووەمانەن کە لە بواری ناسینی تیوری ئەدەبی دەتوانن بنە بابەتی بەرباس:

با لە پێشدا ئەوە بڵێین کە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە شوێن وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوەن کە فۆرمی فلانە دەقی ئەدەبی تایبەت، بۆچی بەو شێوەیەیە کە هەیە و بە جۆرێکی دیکە نییە؟ ئەوە پرسیارێکی پلە یەکەمە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بریتییە لە تەتەڵەکردن و لێکدانەوەی فۆرمی دەقێکی ئەدەبی. جا ئێستا ئەو پرسیارە پلە دووەمانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسیارە پلە یەکەمە دەخرێنە ڕوو بریتین لەو پرسیارانە :ئایا لە ڕاستیدا تەتەڵەکردن و لێکدانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کارێکی بابەتی و ڕێ پێدراوە؟ پێکهاتەی تەتەڵەکردن و لێکدانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا چۆنە و چ مودێلێک ڕەچاو دەکا؟ ئایا ڕەخنەی دەقێک تەنیا بە تەتەڵەکردن و لێکدانەوەی تایبەتمەندییە فۆرمی و تەکنیکییەکانی ئەو دەقەیە، یان لەوی تێدەپەڕێنێ؟

هێندێک پرسیاری دیکەش دەکرێ بخرێنە ڕوو:ئایا لە

ڕەخنەی ئەدەبیدا دەتوانین "عەینی بوون"وەدەست بێنین؟ یان لە ڕاستیدا چاوەڕوانییەکی وا - لانی کەم لەو پانتاییەدا - بێ کەڵکە؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە ئەرێیە، ئەو عەیارانەی"عەینی بوون"ێکی وا بەدی دێنن کامانەن، نووسەری دەق، خوێنەری دەق، یان فۆرم و پێکهاتەی خودی دەق؟ ئایا دەتوانین لە پانتایی تیوری ئەدەبیدا جوداییەک لە نێوان پلەی گردار و پلەی داوەری، کە لە فەلسەفەی زانستدا باوە، لەبەرچاو بگرین؟ ئایا ئەو جوداییە لەگەڵ بابەتی "مەرگی نووسەر"پێوەندی هەیە؟ ئایا لە پانتایی خوێندنەوە ئەدەبییەکاندا دەتوانین دەستمان بە هەندێک یاساوڕێسای تایبەت ڕابگا؟ ئەگەر وەڵامی پرسیاری پێشوو ئەرێیە، ئایا بە پاڵپشتی ئەو یاسایانە دەتوانین لە بواری خوێندنەوە ئەدەبییەکاندا هەندێ پێشبینی بخەینە بەر دەست؟ لە کوێدا پێشبینی دەلوێ و لە کوێ پێشبینی نەلواو و ئەستەمە؟ ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا لە باسی تەتەڵەکردن و لێکدانەوەی فۆرم و جوانکارییەکاندا نابەسترێتەوە، کردەی ڕەخنە چ بەشێکی دیکەی جودا لە تەتەڵەکردن و لێکدانەوە دەگرێتە خۆ؟ ئایا بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، خوێنەر دەبێ زەینی خۆی لە هەموو پێش گریمانەکان بشواتەوە؟ ئایا شتێکی وا لە ڕاستیدا دەگونجێ؟ لە شیکردنەوەی دەقەکاندا تا چەندە دەتوانین باسی"عەینی بوون"ی شی کردنەوە بێنینە گۆڕێ؟ چ پێوانەیەک هەیە کە زامنی "عەینی بوونی"شی کردنەوەکانە؟ ئایا دەتوانین بە خستنە ڕووی ڕەخنەیەکی پتەو و هەمەلایەنە، تەواوی وزە فۆرمی و ماناییەکانی دەقێکی ئەدەبی هەڵێنجین؟ بە واتایەکی دیکە ئایا دەتوانین ڕەخنەیەک وەک ڕەخنەی کۆتایی بۆ بەرهەمێک و باشترین ڕەخنە لەمەڕ ئەو بەرهەمە ئەدەبییەوە دەستنیشان بکەین؟ چۆنە کە بە میتودناسییە جۆراوجۆرەکان دەتوانین دەقێکی ئەدەبی بخوێنینەوە؟ "تا کوێ دەتوانین بڵێین تیورییەک، لە جوانکارییەک زیاتر هیچی لە باراندا نییە؟ ئایا تیورییە تایبەتەکان لەگەڵ هێندێک جۆری تایبەت لە دەق، یان کات گەلێکی تایبەت پێوەندییان هەیە- ئایا یەک تیوری دەتوانین بە شێوەیەکی بە سوود هەم لەمەڕ ئەدەبیاتی ڕێنسانس و ڕۆمانتیک، یان هەم لەمەڕ شیعر و ڕۆمانەوە دەکار بکەین؟ تا کوێ و بە چ پاساوێک دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستێکی تیوری، بابەتی خوێندنەوەی خۆی"دەنووسێتەوە"یان ئاڵوگۆڕی بەسەر دێنێ؟ (١٢)

ئەو پرسیارانەی سەرەوە هێندێک پرسیاری پلە دووەمن کە وەڵامدانەوەیان هەڵگری ناسیارییەکی پلە دووەم لە مەڕ تیوری ئەدەبییەوەیە، بەڵام لەو پێوەندییەدا دوو خاڵ دەخرێنە ڕوو:

ئەگەرچی جاری وایە بە شێوەی مەجازی لە جێی تیوری ئەدەبیliterary theory دەستەواژەی ڕەخنەی ئەدەبی literary criticismدەکار دەکرێ، بەڵام ئەو دووانە دوو دەستەواژەی جودان. ڕەخنە جۆرێک کردارە کە ڕەخنەگر، یان خوێنەر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەستی پێی ڕادەگا. لە حاڵێکدا تیوری ئەدەبی هەروەکی لە ناوی ڕا دەردەکەوێ، چوارچێوەیەکی تیورییە. ئەو کردارە لە سەر چوارچێوەی تیوری دامەزراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین جوداوازییەک لە مابەینی ئەو دووانەدا هەیە.

"ژێرار ژێنێت" لە سەرەتای کتێبی"پەیڤی چیرۆک"دا ئاوا دەنووسێ:

"ئەوەی من لێرەدا دەیخەمە ڕوو لە ڕاستیدا شێوەیەکی شیکارییە. کە ورد دەبمەوە تێدەگەم بە شوێن "شتێکی تایبەت"ەوە(١٣) بووم و بە "شتێکی گشتی" گەیشتووم. دەمەویست تیوری بۆ خزمەتی ڕەخنە بەکار بێنم و بە پێچەوانەی ویستی خۆم ڕەخنەم بۆ خزمەتی تیوری ئامادە کردووە، بەڵام ئەو مەتەڵە دژوازە، بە بۆچوونی من لە بەرانبەر تیوری ئەدەبی بە گشتی و بێ شک لە بەرانبەر تەواوی کردەی ناسیندا هەیە، کە بەردەوام لە مابەینی ئەو دوو پانتاییە هاوسنوورەدا دوو بەش دەبن، لە لایەک لەگەڵ بابەتێکی تاقانە بەرەوڕوون و لە لایەک لە گەڵ زانستێکی گشتی دەستەویەخەن. (١٤)

وەک دەبینین ژێنێت ڕەخنەی بە دەکارکردنی بابەتێکی گشتی (تیوری ئەدەبی) لە مەڕ بابەتێکی تایبەت(خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی تایبەت)دەزانی، بەڵام لە مێژووی تیوری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڕەخنەگری وا دەبینین کە لە ڕاستیدا لەگەڵ نووسینەوە و ڕێکوپێک کردنی بنەما تیورییەکان بۆ ڕەخنە دژایەتییان کردووە. ئەوان ڕەخنەی خۆیان بە شێوەی زانستی لەمەڕ

کۆ دەقێکی ئەدەبی دیاریکراو نووسیوە، بەڵام لە نووسینی وتاری یان کتێبی تیوری لەو بارەوە خۆیان پاراستووە. ئایا ئەو ئاراستەیە بناغەی داوای ئەو لێکۆڵینەوەیە - کە بریتییە لە گرینگی باسە تیورییەکان لە تیوری و ڕەخنەی ئەدەبیدا -لەگەڵ پرسیار بەرەو ڕوو ناکاتەوە؟ ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو باسە تیورییانەی کە ڕەخنەگرانی گۆڕین خۆیان لە قەرە نەداون، لە پانتایی ئەو باسە تیوریيانە بەربڵاوکاتەوە و ئەو باسانە بکێشێتە پانتایی باسە پلە دووەمەکانەوە. ئاراستەیەکی ئاوا چۆن لەگەڵ داگەڕانی ئەو ڕەخنەگرانەی ڕوویان لە تیوری وەرگێڕاوە و پشتیان تێکردووە، یەک دەگرنەوە و لە گەڵیان دژ ناوەستن؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەبێ بە وردی بزانین بیروڕای ئەو ڕەخنەگرانە چییە؟ یەکێک لەو ڕەخنەگرە ناسراوانە "ئێف، ئار، لیویس"ە. لیویس لە ئاڵوویرێکی فیکریی دەگەڵ ڕەخنەگری ئامریکایی، رینیە ویلیکدا، وەک بەرگریکردن لە مل بادانی خۆی لە بەرانبەر نووسینەوە و ڕێکوپێک کردنی بیروڕا و بەرهەمەکانی لە چوارچێوەیەکی تیوریدا، ڕەخنە و فەلسەفە بە دوو چالاکی بە تەواوی لە یەکدی جودا دەزانێ و (پێی وایە) کاری ڕەخنەگر ئەوەیە کە بگاتە جۆرێک دژکردەوەی تایبەت و پڕاوپڕ، هەتا بتوانێ پێ بنێتە هەرێمی شیعرێکی دیاریکراو، بە غەنا و ڕەنگوبۆی هەست پێکراوییەوە. (١٥)

لیویس-یش وەک "ئای ئەی ریچاردز "، "ڕەخنەگرێکی کردەوەیی"یە(١٦) . بە بڕوای ئەو کاری ڕەخنەگر ئەوەیە سەرقاڵی بەرهەمێک بێ کە لەبەر دەستی دایە ؛وەک شتێک کە هەڵگری ئەو هۆکارەیە کە بۆچی(ئەو بەرهەمە)بەو شێوەیەیە کە (ئێستا)هەیە و بە جۆرێکی تر نییە، (١٧)ئەو جەختە ئاشکرا و ڕوونە لە سەر سەرقاڵ بوون بە بەرهەمێکەوە کە لە بەرانبەر ڕەخنەگردایە، بە واتای پێویستی دوورکەوتنەوە لە کاری فەلسەفی و خستنەڕووی باسی تیوری شی کراوە و بەر بڵاوکردنەوەیەتی. لیوبس بڕوای بە وردبینیscrutiny و خوێندنەوەی وردبینانەی دەقە. (ئیسکرۆتینی ناوی گۆڤارێکیش بوو کە لیویس سەرنووسەرییەکەی لە ئەستۆ بوو) کەواتە"ڕەخنەی لیوبسی پێویستییەکی بە تیوری نییە و ناتوانین بیخەینە چوارچێوەی تیورییەوە، تاقمێک لەخاوەن ڕایان ئەو بابەتە بە خاڵی بە هێزی ڕەخنەی لیویسی دەزانن.(١٨)

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لە دێرەکانی پێشوودا خرایە ڕوو، دەبێ ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە داگەڕانی لەو چەشنە لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبیدا، شوێنی لە ئاراستە پۆزیتڤیستییەکان لە ئاقاری فەلسەفەدا وەرگرتووە. کەسانی وەک لیویس ئەو چەشنە بیروڕایانە کاتێک دەخەنە ڕوو کە لەگەڵ ئەوپەڕی کارتێکەری و گەشە و سەرنجڕاکێشی ئاراستە پۆزیتڤیستییەکان هاوکات بوو. نەک هەر لویس، بەڵکو تێکڕای ئەو ڕەخنەگرانەی لە دنیای ئینگلیزی زماندا، لە چوارچێوەی قوتابخانەکانی وەک ڕەخنەی کردەوەیی و ڕەخنەی نوێ چالاکی فیکرییان دەنواند، کەم تا زۆر لە ژێر کارتێکەری ئاراستە پۆزیتڤیستییە باوەکانی ئەو ساڵانەدا بوون؛ بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە کەسانی وەک "ئای. ئەی. ریچاردز"، "جان کروو ڕێنسۆم"، "کلینت برووکس"، "و. ک. ویمست" و "مونرۆئە سی. بیردزلی" بکەین، بەڵام خاڵی شیاوی لێ وردبوونەوە ئەوەیە کە ئەو کێشەیە، کێشەی ئاراستەیەک نییە کە لەسەر پێویستی تیوری پێ دادەگرێ لە بەرانبەر ئاراستەیەکدا کە بڕوای بە نەبوونی تیوری هەیە، بەڵکو کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیوری پۆزیتڤیستی لەگەڵ تیوری میتافیزیکی و فەلسەفییە. ئەو تیورییانە هەردووکیان هەڵگری تیورییەکانی ناسیاری ناسانەن. وەک ڕۆژیش ڕوونە کە ئەو گوتەیە بە واتای بەرگری کردن لە ئاراستەی پۆزیتڤیستی نییە، بەڵکو هەڵگری جەختێکە لە سەر ڕەنگوبۆی تیوری (ئەو ئاراستەیە)، تەنانەت ئەو ئاراستەیە دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی زانست. ئاراستەی کەسانی وەک لیویسیش هەر لەو دەلاقەیەوە شیاوی تێگەیشتنە. خوێندنەوەی وردبینانەی لیویس و مل بادان لە نوسین و ڕێکوپێک کردنی بنەما تیورییەکانی ڕەخنەی (خۆی) دەتوانین لەگەڵ شیکاری زمانی فەیلەسووفانی پۆزیتڤیست و فەلسەفە بە هەمبانەی کەرەسە (جعبە ابزار) تێگەیشتن و بە نارەسەن زانینی بابەتە فەلسەفییەکان بەراورد بکەین.

هەڵبەت ئەو ئاراستەیە دواتر بە شێوەی سەر لەنوێ سازکراوە و هەڵپەرتێوتراو دەتوانێ خاڵێکی پڕ واتا و فێرکاری بۆ ڕەخنەگران تێدابێ: ڕەخنەیەک کە لەمەڕ دەقێکی ئەدەبی تایبەتەوە دەنووسرێ، مەیدانی

ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی بیروبۆچوونە جوداوازە فەلسەفی و تیوری و میتودناسییەکان نییە. ڕەخنەگر دەبێ بەر لە نووسینی ڕەخنەکەی، بە باشی ئەرکی خۆی لەگەڵ ئەو بابەتە یەک لایی کردبێتەوە. گرتنە بەری ئیستراتیژییە گشت گرە تیورییەکان بۆ خوێندنەوە و ڕەخنەی دەق، لە دەرەوەی نووسراوەی ڕەخنەگرانە بە ئاکام دەگا. لە نێو نووسراوەشدا، ستراتیژی و ئاراستە سەرپشکەکان بە شێوەیەکی کردەوەیی دادەبەزێنێ.

لە لایەکی دیکەوە جاری وایە پێویستی زاڵ بوون بە سەر تیوریدا، لە پەنا پێویستی ناسیاوی دەگەڵ دەقی ئەدەبی بەرباس، خۆ دەگرێ. لە کۆنەوە لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەو پەیڤە جەختی لە سەر کراوە کە ڕەخنەگر بۆ بەدەستەوەدانی ڕەخنەی سەرکەوتوو نەک هەر پێویستی بە تیوری هەیە، بەڵکو دەبێ بەڕادەی پێویست ئەدەبیاتیشی خوێندبێتەوە. دەکرێ بڵێین، ناسیاوی لەگەڵ تیوری و ناسیاوی پوخت لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان وەک دوو کەرەسەی تەواوکەر و بە ڕادەیەک پێویست بۆ ڕەخنەگر، باسی لێ دەکرێ. ئەو ئاراستەیە ڕەنگە بە داوەرییەکەوە کە لە ناسیاوی باوەوە سەری هەڵدابێ، بە سانایی بسەلمێندرێ، بەڵام لە وتاری ڕەخنەگرانی زمانناسی وەک "ڕاجێرفالێر" دا، باس و لێکدانەوەیەک بۆ ئەو بابەتە بە دەستەوە دراوە. ڕەخنەگرانی وەک فالێر، بە شوێن وەرگرتن لە زمانناسی (سیستمی-نقشی) "ئەی. ئێم. کەی. هالیدەی"، دەقی ئەدەبی نەک بە شێوەی بوونداریکی خۆبژیو و دابڕاو لە کولتوور و کۆمەڵگای دەوروبەر، بەڵکو وەک تاڵێکی تێکچنراو دەگەڵ بەستێنە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرن. بەو شێوەیە بابەتێک کە ئەوان لێی دەکۆڵنەوە نەک دەق، بەڵکو وتە، یان پەیڤە. وتە، یان پەیڤ بریتییە لە "کۆیەکی یەکپارچەی پێکهاتوو لە دەق و بەستێنی (گووڕانی)دەق. "(١٩) بە گوتەیەکی دیکە کاتێک دەق لە بەستێنە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بخەینە بەرباس و توێژینەوە، ئەو کاتە بابەتی بەرباس و توێژینەوەی ئێمە گوتە، یان پەیڤە و کاتێک گوتە لەو بەستێنانە دابڕین و شێوەیەکی دابڕاو لێی بڕوانین، بابەتی بەرباس و توێژینەوەمان تا ئاستی دەقێک دابەزاندووە و نزمان کردۆتەوە. جا ئێستا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دەتوانین بەشێک لە بواری شیاوی خوێندنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی بە دەقە ئەدەبییە هاوشێوەکانی(ئەو دەقەی بەردەستمان)بزانین. هەر بەو هۆیە پێویستە ڕەخنەگر جگە لە تیوری، خوێندنەوەیەکی باشیشی لە بواری ئەدەبیاتدا هەبێ. فالێر لەو شوێنەدا کە لەمەڕ چۆنیەتی فێرکردنی شیاوی خوێندکاران بە مەبەستی وەدەست هێنانی توانایی پێویست بۆ ڕەخنەگرتن لە دەقە ئەدەبییەکان دەدوێ. ئەو بابەتەی مەبەستی ئێمە ئاوا دەردەبڕێ:

"تیوری ئەدەبیات وەک زمان بەو جۆرەی من باسم کردووە و لێکم داوەتەوە، لەگەڵ ئەو خاڵە زۆر ساکارە هاوجسنێتی هەیە (ئەویش ئەوەیە کە) کردەی ڕەخنەگرانەی خوێندکاران، واتە توانایی ئەوان لەوەدا کە دەق (بخوێننەوە) و وەک گوتەیەکی هەڵگری دەلالەت تێی بگەن، ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەوەی کە چەندیان خوێندنەوە هەیە و ئەو بابەتانەی دەیخوێننەوە چین؟ چونکە خوێندنەوە و ڕەخنەش پێوەندی بە زانیاری ڕەخنەگر لەمەڕ گوتەوە هەیە، نەک بە توانایی ئەو لە دابەشکردنی پێکهاتەی دەق، نابێ ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێ کە فێرکاری شی کردنەوەی فۆرماڵی زمانناسانە، بۆ خوێندکارە تازەکارەکانی ئەدەبیات خود بە خود ببێتە هۆی ئەوەی توانایی ئەوان لە ڕەخنەدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێ بدا. (٢٠)

هۆی ئەوەی کە جار جار ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە مەڕ پێویستی ناسیاوی لە گەڵ زمانناسی زۆر بە توندی دژی زمان ناسەکان وەستاون و زمان ناسەکانیان وەک کەسانێک کە "سەواد"ی پڕ بە پێستیان بۆ ڕەخنەکاری دەقە ئەدەبییەکان نییە، ناساندووە، ئەوەیە کە تاقمێک لە زمانناسەکان ناسیاویی پڕ بە پێستیان لەگەڵ ئەدەبیات نەبووە و لە ڕاستیدا خوێنەری ئەدەبیات نەبوون و تەنیا پشتیان بە زانیاری زمانناسانەی خۆیان بۆ لێکدانەوە و شی کردنەوەی پێکهاتەی دەق ئەستوور بووە، بەڵام وەک دەبینین لە ئاراستەی زمانناسانەی کەسانێکی وەک ڕاجێر فالێردا نە تەنیا پێویستی ناسیاوی ڕەخنەگر لە گەڵ دەقی ئەدەبی گرینگی پێ دەدرێ، بەڵکو چۆنیەتی پێویستی ئەو ناسیاوییەش دەخرێتە بەرباس و شی کردنەوە.

پرسیارێک کە لە ناخی باسی پێشووەوە (واتە باسی لیویس لەمەڕ ناپێویست بوونی خستنە ڕووی بناغە

تیـورییـەکـانی ڕەخنە)سـەر هەڵدەدا، ئەوەیە کـە ئاخـۆ لە ڕاسـتـیـدا خـوێندنەوەی دەق و ڕەخنەکـاری دەق بە بێ تیوری دەلوێ، یان نا؟ ئەو پرسیارە بە ڕادەیەک گرینگە کە دەبێ لە سەرووی هەموو ئەو پرسیارانە دابندرێ کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا لە ژێر ناوی پرسیارە پلە دووەمەکان لە مەڕ ڕەخنەی ئەدەبییەوە، خرانە بەرباس.

"کاترین بێلزی" لە کتێبی"کردەی ڕەخنە"ی(٢١) خۆیدا ئەو بابەتە دەخاتە ڕوو کە بە پێی بۆچوونێکی کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی باو دامەزراوە، شێوەیەکی ساکار و ناسـیـاو بۆ خـوێندنەوە و مـیـتـودێکی"سـروشـتی"بۆ هەڵسـوکـەوت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ بەرهەمـە ئەدەبییـەکان لە ئارادایە، ئەو شێوە ناسیاو و ساکار و میتودە سروشتییەش بریتییە لە "خوێندنەوەی بێگەرد"ی دەق(٢٢)، بە پێی ئەو بۆچوونە "خـوێندنەوەی گـەرد گـرتوو"ی دەق بە خـوێندنەوەیەک دەگـوترێ کـە لە ژێر کارتێکەری خستنە ڕووی، تیوری پێچیاو و دوورودرێژ و بەربڵاو، کـە لە باسـەکـانی تیـوری ئەدەبیـیـەوە هەڵگوێزتراوە، پێـوەندی ڕاسـتـەوخـۆ و دیناوی خـوێنەر لەگـەڵ دەق بریندار دەکـا. لەو ڕوانگەیەوە"تیـوری ڕەخنەگـرانە، پانتـاییـەکی جێی ڕێز، بەڵام تا ڕادەیەک پەراوێزییە؛ زۆرتریش لقێکی هەڵواردە و چالاکییـەکی شـیـاوە بۆ دەرچووانی زانکۆ، یان ڕەنگە هەڵبـژاردنی تایبـەتە بۆ خـوێندکـاران، کـە لەگـەڵ خـودی کـردەی خوێندنەوە پێوەندییەکی وای نییە. تیوری ڕەخنەگرانە لە باشترین دۆخدا شێوەیەکە بۆ شی کردنەوە و تەتەڵەکردنی تیوری. کردەیەکە کە لەکاتی خوێندنەوەدا -و بە گشتی بە بێ هیچ کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتێک - ڕایدەپەڕێنن. لە خراپترین دۆخدا جۆرێک دەست تێوەردان و خۆ تێهەڵقورتاندنی ڕێ ونکەرە، لە شێوەی سروشتی خوێندنەوەدا، کە زەینی خوێنەر بە خستنە ڕووی تیورییە ناسکە فەلسەفییەکان ئاڵۆز دەکا و دەبێتە هۆی جۆرێک وردبوونەوەی لە ڕادەبەدەر، زمانێکی تایبەت و لە کیس چوونی پێوەندی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی خوێنەر لەگەڵ ڕاستەقینەی بێ مەودا و شیاوی تێگەیشتن. (٢٣)

ڕاستییـەکەی ئەوەیە ڕەخنەیەک کـە لە سـەر بنەمـای تێگەیشتنی باو دامەزراوە و خوێندنەوەیەکیش کە لە ژێر ناوی خوێندنەوەی سروشتی، یان ناسیاو و ساکار، یان سەربەخۆ ئاماژەی پێ دەکرێ، لە بناغـە تیورییـەکان بێ بەری نین. جـوداوازی ئەو جـۆرە ڕەخنە و خـوێندنەوەیە لەگەڵ ڕەخنەیەک کە ئاگادارانە لە ئاراستە باوەکانی ناو تیـوری ئەدەبی کـەڵک وەردەگـرێ ئەوەیە کـە خـوێنەر لە خوێندنەوەی بە ڕواڵەت سروشتی و ناسیاو و ساکاردا بنەمـاکـانی خـوێندنەوە و ئاراسـتـەکـانی ڕەخنەی بە شێـوەیەکی ڕێکوپێک کۆ نەکـردۆتەوە و داینەڕشـتـووە. جـاری وایە ناسـیـاو و سـاکـار کـردنی بەشـێک لە ئاراستـەکان بەو هۆیەیە کـە بنەما و بناغـە تیورییـەکانی ئەو (ئاراستـانە) نەبەدی و کۆ نەکراوە و دانەڕێژراوە، جا چونکە ڕێکوپێک و گردوکۆ نەکراون ئاساییشـە کە شی نەکراو و نەپاڵێوتراو ماونەتەوە. چونکە لە ڕاستیدا هیچ کـردەیەکی ئەدەبی ڕەخنەگـرانە نییـە کـە بناغـەی تیـوری نەبێ"کـەوایە"ئەگـەر ڕاسـتگۆبانەتریش نەبێ، (لانی کەم)کاریگەرترە کە بە جێی کارکردن بە گریمانە سروشتی کـراو و نەئەزمـواوەکـان، کـردەیەک بنوێنین کـە بە ئاشکرا خرابێتە قالبی تیـورییەوە. (٢٤) خاڵی شیـاوی سەرنج ئەوەیە کە ئەو بنەما تیورییانە -نەبەدی، یان بەدی کراو- نە تەنیـا ڕووەو دەقن، بەڵکو بەرەو پانتـایی جیـهـان و پێـوەندییـەکـانی دەرەوەی دەقـیش دادەگـەڕێن. کـەواتە نە تەنیـا کـۆکـردنەوە و داڕشـتنی ڕوانگەکـانی ڕووەو دەق و پالاوتنی ئەوان بـۆ ڕەخنەگر، بابەتێکی پێویستـە، بەڵکو جـاری وایە ئەو کـۆکـردنەوە و داڕشتن و پالاوتنە بەرەو بوارەکـانی ناسـیـارزناسی و مـرۆڤناسی و کـۆمـەڵناسی و...تاد دادەگـەڕێن. هیچ کـردەیەک (هیچ کـردەیەکی خوێندنەوەیی) بەبێ تیوری بوونی نییە. هەرچەندی ئەو تیـورییـە داپۆشـراو و دانەڕێژراو و کـۆنەکراوەش بێ، یان وەک بابەتێکی "سەلماو"وەرگیرێ. ئەوەی ئێمە لە کاتی خـوێندنەوەدا دەیکەین، هەرچەندی "سـروشـتی"یش بنوێنێ، لە سـەر پێش گریمانەی گـوتەیەکی تیـوری تەواو عـەیار لە مـەڕ زمـان و مـانا، پێـوەندییـەکـانی مـانا و جیـهـان، مـانا و خـەڵک و لە ئاکـامـدا خـودی خـەڵک جێگەوپێگەی ئەوان لە جیـهـاندا دامـەزراوە، تەنانەت ئەگەر بە ئاشکراش دەرنەبڕدرابێ. (٢٥)

بە شێوەیەکی ئاسایی تێگەیشتنی باو لەگەڵ ئاگاداری و تیـوری گـەلێکی کـەڵەکـە کـراو و سـروشـتی کـراو ساتوسەودای هەیە کە لە نەوەکانی پێشووەوە بە میرات ماوەتەوە، چونکە ئەو تیورییانە بە پێی میکانیزمێکی نابەئاگا خراونەتە بواری بڕوا و تێگەیشتنی ئێمە، ئێمە

به سروشتی و بێ کێشە و سەربەخۆ هەڵقوڵاویان دەزانین، تەنانەت باسی "سەربەخۆ هەڵقوڵێن"ی دەقە ئەدەبییەکانیش نابەئاگایانە بە خستنە رووی تیوری نەوەکانی پێشووترەوە بەستراوەتەوە. قسەکانی ئەوان لە مەڕ"هەست"، "خەیاڵ"، "هەڵکەوتەیی"، "ڕاستۆکی"و"ڕاستەقینە"دارماڵە لەو تیورییە مردووانەی کە زەمانە ئەوانی پیرۆز کردووە. وەک بەشێک لە زمانی تێگەیشتنی باویان لێهاتووە، ئەگەر بمانەوێ لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتدا بوێر و وردبین بین، دەبێ بوێری بیرکردنەوەی (ئاشکرا و بە میتود)مان لە مەڕ ئەدەبیاتیش هەبێ. (٢٦)

ئەو باسانەی سەرەوە، بابەتی تیوری هەڵگر بوونی دیتنەکان لە زەینی مرۆڤدا زەق دەکاتەوە.

ئەو ئاراستەیە لە فەلسەفەی زانستی "کارل پوپەر" دا، بنەمای نکوڵی کردنە لە (ئستیقرا). بە بڕوای پوپەر هیچ دیتنیکی وا لە ئارادا نییە کە تیوری لە پشت نەبێ، بەڵکو تێکڕای دیتنەکان تیوری هەڵگرن. هەر بەو پێیە زانست و تیورییە زانستییەکان بە دیتنی ڕەسەن و دواتر هەمەکی کردنی ئەوان لە پرۆسەی ئیستقرادا بە شێوەی یاسا ساز نابێ، بەڵکو گریمانە زانستییەکان لەو بابەتانەوە دەست پێدەکەن کە مەزەندەکان بە دوای خۆیاندا دێن، پاش خستنە رووی ئەو مەزەندانە کە بیرمەند وەشوێن دیتنە دەرەکییەکان دەکەوێ، ئەگەر لە پرۆسەیەکی لەبەریەک ڕانانیدا، کردەی خوێندنەوە وەک هاوتای دیتن دانێین، ئەو دەم تیوری هەڵگر بوونی خوێندنەوەکان ئەسڵێکە ئیمکانی خوێندنەوەی بێگەرد و سروشتی ڕەت دەکاتەوە. وا باشترە بە جێی تیوری هەڵگر بوونی دیتنەکان، یان تیوری هەڵگر بوونی خوێندنەوەکان ئەزموونەکانی گوتە بێنینە گۆڕێ، چونکە لەو دەستەواژەیەی پێشوودا، واتای مەبەست بە ڕادەی پێویست (بەرین کراوەتەوە) کە بتوانێ هەر دوو واتای دیتن و خوێندنەوە بگرێتەوە.

لە دەروونناسیشدا، دەروونناسەکان لە کۆنەوە بە شوێن سەلماندنی تیوری هەڵگربوونی ئەزموونەکانەوە بوون، جا هەم لە فەلسەفەی زانست و هەم لە باسەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا لە دەستکەوتەکانی دەروونناسی لەو بوارەدا، بەردەوام کەڵک وەرگیراوە. یەکێک لەو گرینگترین دەستکەوتانە، ئەو باسانەیە کە لەمەڕ شێوەکانی مراوی و کەروێشک و موکەعەبی نەکێر خراوەتە ڕوو. ڕەنگە هۆی ناسراوبوونی ئەو شێوانە ئەوەبێ کە "ڤیتگنشاین" ئاماژەی پێکردوون. موکەعەبی نەکێر لە ڕیسالەی لۆژیکی – فەلسەفی(٢٧) و وێنەی مراوی – کەروێشک لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا(٢٨) ئاماژەیان پێکراوە،

بەڵام نموونەی سەرنجڕاکێشتر کە کەمتر ئاماژەی پێکراوە، "هۆدەی ئیمزە"ئەو نموونەیە لە سەر بنەمای تاقیکارییەک دامەزراوە کە "ئەدلبیرت ئیمز" خستوویەتە ڕوو. لە هۆدەی ئیمزدا سووچی $A$ زۆر قووڵترە لە سووچی $B$. جا ئێستا دوو کەس کە هاوقەڵافەتن لە دوو سووچی $A$ و $B$ ڕادەوەستن، ئەگەر بینەرێک لە دەربیجەی ڕووبەڕووی وێنەکەوە بڕوانێتە ئەو دووکەسە هاوقەڵافەتە، ئەو کەسەی کە لە سووچی$B$ ڕاوەستاوە باڵابەرزتر لەو کەسە دەبینێ کە لە سووچی $A$ ڕاوەستاوە. بۆچی ئەو ئەزموونە ئاوای لێدێ؟ هۆیەکی تیوری هەڵگر بوونی ئەزموونەکانە. بە هۆی ئەزموونەکانی ڕابردووەوە تۆزی ئەو تیورییە لە زەینی ئێمەدا نیشتووە کە هۆدەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بە شکڵی لاکێشەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە قەڵافەتی خەڵک بە قەت یەک نییە و (جودایە). مێشکی ئێمە بۆ شیکردنەوەی زانیارییە بەرچاوەکانی ئەو وێنەیەی سەرەوە، بە پێی ئەو تیورییەی خوارێ دوو ڕێگای لە بەردەمدایە:

**ئەلف:** دوو کەس هاوقەڵافەتن، بەڵام یەکیان زۆر دوورتر لە ئێمە ڕاوەستاوە، چونکە شکڵی هۆدەکە نائاساییە.

**ب:** هۆدەکە بە شکڵی لاکێشەیەکی ئاساییە و دوو کەسەکە هاوقەڵافەت نین.

هەر وەک دەزانین گوزارەی ئەلف ڕاستە و گوزارەی ب ناڕاستە. سەرەڕای ئەوەش هەرکەس بۆ یەکەم جار دەڕوانێتە هۆدەی ئیمز، بێ ئیختیار گوزارەی ب هەڵدەبژێرێ(٢٩). هۆی ئەو شتەش لە برەودابوونی ئەو بڕوایەیە کە لە عادەتەوە سەرچاوەی گرتووە و لەوە پێش باسی کرا. ئەو بابەتە دەتوانێ بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی هونەری، ئاکامی زۆر سەرنجڕاکێشی لێ بکەوێتەوە. لە درێژەی باسەکەدا ئاماژە بە دوو ئاکامی مەبەستی خۆمان دەکەین:

– ئاکامی یەکەم:دوو گوزارەی ژێرەوە دەخەینە بەر

سەرنج:
– هەموو دیتنەکان تیوری هەڵگرن.
– هیچ گوزارەیەکی هەڵقولاّو لە دیتن بوونی نییە کە ریفۆرم هەڵگر نەبێ.

گـوزارەی دووەم لە ئاکـامی گـوزارەی یەکـەمـەوە دەگووریّ. بە واتایەکی دیکە لەو رایەوە کە دەڵێ تەواوی دیتنەکـان تیـوری هەڵگرن بەو ئاکـامـە دەگـەین کـە هیچ گـوزارەیەکی لە دیتن هەڵقولاّو دژە ریفـۆرم نییـە، چونکە هەمیشە ئەو شیمانەیە لە ئارادایە کە لێکدانەوەی تیوری هەڵگری ئەو گوزارە دیتنییە(مشاهدەای) لەگەڵ پرسیار بەرەو روو بێتـەوە. جگە لەوە رووبەروو بوونەوە لەگـەڵ کێشـەیەکی ئاوا، هەمیشـە دەتوانێ تاقی کردنەوەی ئەو گـوزارە دیتنییـەی بە دوادا بێ. کـەواتە دەتوانین هەر گوزارەیەکی دیتنی بێەزمووین و تەنانەت وەلاشی بنێین. (٣٠) رەخنەی دەقـەکـان لە روانگە جوداوازەکـانیشـەوە جاری وایە دەبێتە هۆی وەلانانی خوێندنەوەکانی پێشوو. جا هەر لە راسـتیـدا رەخنەی دامـەزراو لە سـەر تیـوری، جـاری وایە جـوداوازییـەکـەی لەگـەڵ رەخنەی دامـەزراو لەسەر تێگەیشتنی باو، لە رەت کردنەوە و وەلانانی ئەو خوێندنەوانەدا دەردەکەوێ کە پێشـتر راسـتییـەکەیان بە ناسیاو و سەلماو زانراوە، ئەگەر بە شێوەی باسی پێشـوو ئەو ئاکامە وەرگرین کە گوزارەی"هیچ کام لە خوێندنەوە بناغـەییـیـەکـان رەخنەهەڵگر نین، گـوزارەی هەمـوو خوێندنەوەکان تیوری هەڵگرن"دەستەبەر دەبێ، ئەو ئاکام وەرگـرتنە، ئیـزنی تیـوری خـسـتنەرووی رەخنەی خـاوەن دەلیلی جـۆراوجـۆر لە دەقـێـک دەردەکـەن، ئەگـەر لە ئاراسـتـەی "رەت کـردنەوە و وەلانانی ئەو خـوێندنەوانەی لەمـەوبەر راسـتـییـەکـەیان بە سـەلماو زانراوە"تێـپـەرین، دەتوانین پەروەردە کـردنی ئاکـامـە نەناسـیـاو و چاوەروان نەکراو و لە بیـر براوەکـان لە ناخی هێندێک خوێندنەوەی خاوەن میتـود، کە دەستی خەڵکی ئاساییان پێ راناگا، بە یەکـێـکی دیکە لە کـارکـردەکـانی بەکـاربردنی تیـوری ئەدەبی بۆ رەخنەی دەقـەکـان بزانین. بۆ وێنە کـاتێـک نووسـەری نیـجـریایی "چینۆ ئاچێ بێ"لە وتارێکدا سەرنجی هەمووان بۆ ئاراستەی رەگەزپەرستانە لە دیسان نواندنەوەی ئەفـریقـاییـیـەکـان، لە رۆمـانی بە ناوبـانگی "ژۆزێف کۆنراد" واتە "دڵی تاریکی"دا، رادەکێشێ، ئەو ساتەیە کە خوێنەران و تاقمێک لە رەخنەگرانی رۆژئاوا، زانییـان روانینی ئەو رۆمانە بۆ ئەفریقا و دانیشـتوانی چۆنە. لەو وتارەدا، "ئاچێ بێ" نیـشـانمان دەدا کـە چۆن کـۆنراد، یان بە واتایەکی دیکە بگێـرەوەی کـۆنراد یانی"مـارلو کـۆنگۆ"ولاتێک کـە (رووداوەکـانی) دڵی تاریکی لەوێدا روو دەدەن وەک شـوێنێکی سـەرەتایی دەردەخـا، کـە لانی کـەم ٢٠٠٠سـاڵ لە ئەورووپا لە پاشە(٣١). هەروەک دەبینین ئەو ئاکام وەرگرتنەی ئاچێ بێ، پێشـینەی بەکـاربردنی تیـوری "دوای داگـیرکـاری". خوێندنەوەی دەقەکانی لە پشتە.

نموونەی دیکەش لە رەخنەی فـیـمـینیسـتـیـدا دەتوانین ببـینینەوە. رەخنەگـرێک دەیەوێ بەرهەمـهـێنانەوەی (بازتولیـد) پێـوەندی پیـاوی زاڵ – ژنی ژێر چەپۆکـە، تەنانەت لە رۆمـانێکدا بخـاتە بەرچاو، کـە لە لایەن رۆمـاننووسـێکی ژنەوە، بە هەوێنی سـەرکـەوتنەکـانی پاڵەوانێکی ژن نووسراوە، پاڵەوانی چیـرۆک، "سارا هی وود"، ژنێکی ئەورۆیی و سـەربەخـۆیە کـە خـاوەنی باڵەخـانەیەکـە و لە رێکخـراوەیەکی دژە جـینایەتدا سەرقاڵی کاروبارە. ئەو لە خەباتێکی دژواردا توانیویەتی بە سـەر ترس و خـۆفـەکـانیـدا زاڵ بێ و ژیانێکی نوێ بۆ خـۆی پێک بێنێت، بەڵام رەخنەگـر بۆ خسـتنە بەرچاوی بەرهەمـهێنانەوەی پێوەندی پیاوی زاڵ–ژنی ژێر چەپۆکە لە سەر دیمەنی کۆتایی رۆمـانەکە زیاتر پێ دادەگرێ، لەو دیمەنەدا ژن، لەگـەڵ پیـاوە خـۆشـەویسـتـەکـەی لەسـەر جێوبانەکەی راکشاوە.

"دەی جا ئێستا تۆم هەر لەو شوێنە کەوتووەتە دەست، کە پێم خۆش بوو، ئەرێ مێردم پێ دەکەی؟ باشتـر وایە بڵێی بەڵێ، چون ئەوە پێت دەڵێم هیچ وەلاّمێکی دیکەم بە گـوێدا ناچێ؟ ژنە لە کـاتێکدا کـە چاوەکـانی تـرووسکەیان دەهات و گـەش ببـوونەوە، دەیویست قـامکەکـانی لە قژی پیاوە رۆکـا و دایبـێنێ، ژنە کـوتی: دەی هەر بە راست، جـا کـەوایە پێم وایە باشـتـرە بڵـێم بەڵێ. ئەو بەردەوام ویرەی دەهات و دەیکوت بەڵێ... "

رەخنەگـر لێـرەدا بە جـەخت لەسـەر دووپات بوونەوەی وشەی بەڵێ لە لایەن کەسایەتی ژنەوە، رێک کوشرانی لە لایەن کەسایەتی پیاوەوە و ئەمرونیای ناراستەوخۆی ئەو، دەیەوێ بەرهەم هاتنەوەی پێـوەندی مـەبەست دەربخـا. "(٣٢)

کەواتە زانیاری تیوریکی پێشووی کەسی رەخنەگر لە

سەر جۆری خوێندنەوەی ئەو بۆ دەق شوێن دادەنێ. هەر بەو هۆیەشە کە رەخنەی رەخنەگران بە داگەرانی تیوری جوداوازەوە، بە شێوەی ئاسایی هەڵگری ئاکامی سەرنجراکێش و چاوەڕوان نەکراو و ئەو لایەنانەیە کە لە دەق خافڵن.

ئاکامی دووەم: ئەگەر ئەو ئەزموونانەی لە ناسیاوی دەگەڵ تیورییەکانەوە دەستەبەر دەبن بخەینە پاڵ ئەو ئەزموونانەی پاش خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان پاشەکەوت دەکرێن، رستەی "تیوری هەڵگر بوونی خوێندنەوە"ئاسۆیەکی بەرین تر دەگرێتەوە. لە پاش خوێندنەوەی چەند دێڕ لە شیعر، یان چیرۆکێک، چۆن دەزانین ئەو بەرهەمەی خەریکە دەیخوێنینەوە شیعرە، یان چیرۆک؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە سەر ئەو راستییە دامەزراوە کە ئێمە نە تەنیا بۆ خوێندنەوەی دەقەکان، ئاگادارانە، یان نابەئاگایانە لە کۆمەڵە تیورییەکی تایبەت کەڵک وەردەگرین، بەڵکو ئەو خوێندنەوانەی ئێمە پێشتر لە سەر دەقە ئەدەبییەکان ئەنجاممان داون، لە خوێندنەوە نوێیەکانماندا وەک تیوری دەردەکەون. ئێمە پێشتر شیعر و چیرۆکی زۆرمان خوێندووەتەوە و بە ساز کردنی بەرجەوەندێک لە جۆرێکی تایبەتی دەق لە زەینماندا، ئەو دەقە بە شیعر، یان چیرۆک، یان هەر چەشنێکی ئەدەبی دیکە دەزانین و بە شێوەیەکی تایبەت خەریکی خوێندنەوەی دەبین.

تەنانەت جارجارێک، ئەگەر جۆری نووسین، یان رێک خستنی دەقێکی غەیرە شیعر وا رێکوپێک کەین کە وەک نووسینەوەی ئاسایی دەقێکی شیعری بنوێنێ، دیسانیش تیوری هەڵگر بوونی خوێندنەوە وامان لێدەکا ئەو دەقە وەک شیعرێک بێنینە بەرچاومان. تاقمێک لە رەخنەگران تاقیکاری سەرنجراکێشیان لەو بارەوە کردووە. جاناتان کالێر دەڵێ:ئەگەر بۆ وێنە یەکەمین رستەی کتێبێکی فەلسەفی وەک "روانگەی لۆژیکی" کواین بە شێوەی بڵاو، واتە بەو جۆرەی کە شیعری پێ دەنووسن، بنووسینەوە، خوێنەر وەک شیعرێک سەرقاڵی خوێندنەوەی دەبێ. رستەی ژێرەوە یەکەمین رستەی ئەو کتێبە فەلسەفییەیە:

"شتی سەیر
لە چوارچێوەی بابەتی بوونناسانەدا
ساکار بوونێتی. "

کالێر دەڵێ:"کاتێک ئەو رستەیە بێنینە سەر روخساری کاغەز، بە چەشنێک کە پەراوێزە پڕ دڵە کوتەکانی بێ دەنگی دەوروپشتی بتەنن، بۆی هەیە جۆرێکی تایبەتی سەرنج بەرەو خۆی راکێشێ، کە دەتوانین بە سەرنجی ئەدەبی ناودێری بکەین: سەرنجدان بە وشەکان، پێوەندی ئەوان لەگەڵ یەک و ئەو واتایانەی دەیان گرێتەوە، بەتایبەت سەرنجدان بەو بابەتەی کە ئەو گوتراوە لەگەڵ جۆری گوتنەکەی چ پێوەندییەکی هەیە؟(٣٣)

روون و ئاشکرایە ئەو جۆرە خوێندنەوەیە و سەرنجێکی ئەوتۆ بۆ دەقی گۆڕین پێوەندی بە ئەزموونەکانی پێشووی ئێمە لە سەر خوێندنەوەی شیعرەوە هەیە. وەک دەبینین لە خوێندنەوەی ئەو چەند رستەیەدا، جۆری خوێندنەوەی ئێمە، بە شێوەی خود بە خود دەقەکە لە بوارێکەوە (بواری باسە فەلسەفییەکان) بەرەو بوارێکی دیکە (بواری دەقە شیعرییەکان) رادەگوێزرێ. ئەڵبەت، ئەگەر بەشێکی زیاتر لە کتێبی فەلسەفی کواین بەو شێوەیە دابەش بکرابایە، زۆر وێدەچوو خوێنەر ناشیعر بوونی (ئەو دەقەی) بۆ دەرکەوتبایە، چونکە لە نێوان جۆری تایبەتی رێک خستنی گوتە و جۆری خوێندنەوەیەک کە خوێنەر بۆ خوێندنەوەکەی هەڵیدەبژێرێ پێوەندییەکی قووڵ هەیە. ئایا هەر رێکخستنی زمان بە شێوەی تایبەت نییە کە تێمان دەگەیەنێ شتێک (دەقێک) ئەدەبیاتە؟ یان ئەوەی کە (کاتێک ئێمە) شتێک بە ئەدەبیات دەزانین ئەو جۆرە سەرنجەی بەوی دەدەین بە رۆژنامەی نادەین و لە ئاکامدا چەندین جۆری تایبەت رێکخستنی زمان و ئەو واتایانەی دەیان گرێتەوە، لەو دەقەدا دەبینینەوە؟ وەڵام ئەوەیە کە بێ گومان هەردووکیان: جاری وایە خودی شتەکە تایبەتمەندی وای هەیە کە دەیکاتە (دەقی) ئەدەبی، بەڵام جاری واشە ئەوە زەمینەی ئەدەبییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەو (دەقە) وەک ئەدەبیات هەڵسوکەوت بکەین. (٣٤)

کورت و کرمانجی کاری زەین لە راگوازتنی خود بە خودی دەق لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە، دەگەرێتەوە بۆ ئەزموونەکانی رابردووی ئێمە لە خوێندنەوەی جۆرێکی تایبەت لە دەقەکان و بە واتایەکی دیکە پێوەندی بە تیوری هەڵگربوونی خوێندنەوەی ئێمەوە هەیە. "دژوازی وێنەکان کە نووسەری کتێبی"فەلسەفەی زانست لە سەدەی بیستەم"دا لە زمان یەکێک لە دەروونناسەکانەوە

ئاماژەی پێدەکا، هەر لەو پێوەندییەدا واتا دەبەخشێ. دەروونناسی باسکراو ئاوا دەنووسێ:

"وێنەکان کۆمەڵە شتێکی تایبەتن؛چونکە ئەوان هەم خود بە خود چاویان لێدەکرێ و هەم وەک شتێکی دیکەش تێیان دەڕوانن، شتێکی جودا لە کاغەز، یان تابلۆی وێنەکێشان، وێنەکان دژوازن. هیچ شتێک ناتوانێ لە یەک کاتدا لە دوو شوێن بێ؛هیچ شتێکیش ناتوانێ هەم لە دۆخی دوو ڕەهەندی و هەم لە دۆخی سێ ڕەهەندیدا ببێ. سەرەڕای ئەوانەش وێنەکان هەم تەخت دێنە بەرچاو و هەم سێ ڕەهەندی. ئەوان قەبارەی تایبەتیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا هاوقەبارەی ڕوخسارێک، یان کەشتییەکن، وێنەکان نەلواون. (٣٥)"

ئەزموونی سێ ڕەهەند دیتنی وێنەیەکی دوو ڕەهەندی، یان لە پێوانەیەکی گەورەتردا بە زەین داهێنانی ئەو شتانەی کە لە تابلۆیەکدا و لە ئەندازەیەکی چکۆلەتردا کێشراونەتەوە، ڕاست بە هۆی ئەوەی چاوی ئێمە ئەو تابلۆیەی پێشتر دیوە و (ئەوەش)ئەزموونی دیتنی وێنە هاوشێوەکان لە جیهانی سێ ڕەهەندی لە پشتە. لێرەشدا وەک ئەو نموونەیەی کالێر لە خوێندنەوەی دەقێکی فەلسەفی بە شێوەی دەقی شیعری خستبوویە ڕوو، تیوری هەڵگر بوونی ئەزموون و دیتنەکانی ئێمەیە کە ڕەهەندێکی تایبەت دەبەخشنە ئەو وێنەیەی خەریکە دەیبینین.

باسێک کە "ڕۆمین ئینگاردن" بەناوونیشانی "پێکەوە لکاندن" خستبوویە ڕوو، ئەو بابەتە دەگرێتەوە. کاتێک ئێمە دەقێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە بیچم دەبەخشینە ئەزموون و بۆچوونەکانمان لەمەڕ ئەو دەقەوە بە پێی بوارێکی بەرینتری ئەزموونەکانی پێشوومان. لە ڕاستیدا دەق هەر بەو شێوەیە وەدی دێ و گیانی بە بەردا دەکرێ. توانایی پێکەوەلکاندنی دەق بۆ سروشتی خودی دەق دەگەڕێتەوە. "بە پێچەوانەی شتەکانی جیهانی ڕاستی کە بەردەوام دیار و ئاشکران ئەو شتانەی لە ئەدەبیاتدا دیسان نوێنراونەتەوە، نوێنەری خاڵ و شوێنە نەدیار و نائاشکراکان لە نێو ڕووبەر و ئاقارە جوداکانن. (٣٦) بۆ وێنە هۆدەیەک بێننە بەر زەینی خۆتان، ئەو هۆدەیە لە جیهانی ڕاستیدا نائاشکرا و نادیار نییە، بەڵام هۆدە، یان شتێکی هاوشێوەی ئەو قەت بە شێوەیەکی تەواو وەسف ناکرێ. لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا ڕەنگە هۆدەیەک بە وردی و درێژی وەسف بکرێ، بەڵام هەمیشە چەند بەشێک لە بەرهەمەکە، لەو وەسفە خۆ دەرباز دەکەن و دەدرێنە دەست خەیاڵ و ئەندێشەی خوێنەر، بە بڕوای ئینگاردن کاری سەرەکی خوێنەر ئەوەیە کە لە ڕێی پێکەوەلکاندنەوە ئەو نائاشکراو و نادیار بوونە بسڕێتەوە. کەواتە خوێنەر لە ڕێگای پڕکردنەوەی دۆخە نائاشکراکان (ناسەقامگیرەکان)، بەرهەمی ئەدەبی دەئەفرێنێ. (٣٧)

ڕەنگە ئەزموونیکی ئاوامان لە هێندێک لە کایە هۆشییەکانی منداڵاندا دیتبێ. وێنەیەک لە بەرانبەر منداڵدا قوت دەکەنەوە کە بە هێڵی پچڕ پچڕ و لێک نەبەستراو، شێوەی ناتەواوی شتێک دەنوێنێ و لەو دەخوازێ هەتا شێوەکە کامڵ بکا. نموونەیەکی ساکاری دیکە هەر لەو بوارەدا، ڕەنگ کردنی وێنەکانە. لەو بوارەدا منداڵ بە هۆی تیوری هەڵگر بوونی دیتنەکەی، هەروەها پشت ئەستوور بوونی دیتنەکەی بە ئەزموونەکانی پێشوو، ڕەهەندێکی دیکە بە وێنەکان دەبەخشێ و پچڕ پچڕ بوون و لێک هەڵپچڕانەکان وێک دەخاتەوە و (کەلێنەکان) پڕدەکاتەوە.

سروشتی دەقی ئەدەبیش بەو شێوەیەیە، لە دەقی ئەدەبیدا هیچ وەسفێک لە هیچ شتێک بە تەواوی ئاشکرا و ڕوون نییە و لە ڕاستیدا ئیمکانێکی وەها بوونی نییە و لە بەرانبەریشدا هەر جۆرە خوێندنەوەیەکیش تەقەللایەکە بۆ ئاشکرا کردن و وەدیارخستنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەق.

**فەرهەنگۆک:**

**ڕووەو ناسین: معطوف به شناخت**

**کەڵە گێڕانەوە: کلان روایت**

**پاشانە: پسینی**

**شەبەنگ: طیف**

**خۆیابوونی ناسیاری : ظهور معرفت**

**فەلسەفەی لکاو: فلسفه مضاف**

**فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتی: فلسفه علوم اجتماعی**

فەلسەفەی زانستی سروشتی: فلسفه علوم طبیعی
فەلسەفەی لۆژیک: فلسفه منطق
بوونناسی: هستی شناسی
میتودناسی: روش شناسی
بوونناسی فەلسەفی : هستی شناسی فلسفی
بوونناسی تایبەت : هستی شناسی مخصوص
ژیوناسی: زیست شناسی
ماکە: عنصر
خۆبژیو: خودبسنده
شێوازناسی: سبک شناسی
دەقناسی: متن شناسی
مێژووبڕوایی نوێ: تاریخ باوری نوین
سەرپشکانە: مختارانه
فەلسەفەی زانست : فلسفه علم
تەتەڵەکردن: تبیین
دیاردەناسی: پدیدار شناسی
غەوارە نواندن: بیگانه گردانی
چییەتی نوور: ماهیت نور
تیوری شەپۆلیی نوور: تئوری موجی نور
بەراوردی ڕێتێچوو: قیاس محتمل
ئەزموونخواز: تجربه گرا
هەمبانەی کەرەسە : جعبه ابزار
نارەسەن: غیر اصیل
کردەی رەخنە: عمل نقد
تێگەیشتنی باو: شعور متعارف
پێچیاو: پیچیده
دیناو: شهود
نەبەدی: نامرئی
نەئەزمواو: تجربه نشده
بەدیکراو: مرئی
داگەڕان: گرایش
ناسیاریناسی: معرفت شناسی
پێش گریمانە: پیش فرض
کەڵەکە کراو : انباشته شده
هەڵکەوتەیی: نبوغ
ڕاستۆکی: صداقت
دارماڵ: مالامال
تیوری هەڵگر: نظریه بار

هەمەکی کردنی: تعمیم
مەزەندە: حدس
لەبەریەک ڕانان: نگاشتی
توێژینەوە فەلسەفییەکان: پژوهش های فلسفی
لاکێشە: مسطتیل
شیمانە: احتمال
دیسان نواندنەوە: بازنمایی
دوای داگیرکاری : پسا استعماری
بەرهەمهێنانەوە: بازتولید
بەرجەوەند: چشم انداز
دژوازی وێنەکان: پاردوکس تصاویر
نەلواو: غیرممکن


ماخذ و پاورقی ها

١- راین، آلن، فلسفەی علوم اجتماعی، ترجمەی عبدالکریم سروش، چاپ سوم، تهران مؤسسەی فرهنگی صراط، ١٣٧٢، ص٥

٢- سروش، عبدالکریم، فربەتر از ایدئولوژی، چاپ سوم، تهران، مؤسسەی فرهنگی صراط، ١٣٧٥، ص ٣٥٢

٣- بنتون، تد و کرایب، یان، فلسفەی علوم اجتماعی، بنیادهای فلسفی تفکر اجتماعی، ترجمەی شهناز مسمی پرست و محمود متحد، تهران، مؤسسەی انتشارات آگه، ١٣٨٤، ص٢٣

٤- همان، ص٢٣

٥- احمدی، بابک، ساختار و هرمنوتیک، تهران، گام نو، ١٣٨٠، ص٢٢

٦- احمدی، بابک، ساختار و تأویل متن، چاپ چهارم، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٨، ص٤٧

٧-ویلم برتنز، یوهانس، نظریەی ادبی، تهران، ترجمه فرزان سجودی، مؤسسەی انتشاراتی آهنگ دیگر، ١٣٨٢، ص٥٠

٨-چالمرز، آلن اف، چیستی علم، درآمدی بر مکاتب علم شناسی فلسفی، ترجمەی دکتر سعید زیبا کلام، چاپ پنجم، تهران، سمت، ١٣٨٣، ص١١٦

٩- مثال ها از منابع زیر اخذ شدەاند:
- بنتون و کرایب، پیشین، ص٢٢٨
- راین، پیشین، ص٤٢ و ص٨٦

10- Boyd, Richard,. . . , The philosophy of science, The MIT press, sixth printing, 1997, p 148

۱۱- بنتون و کرایب، پیشین، ص۲۲۸
۱۲- سلدن، رامان و ویدوسون، پیتر، راهنمای نظریه‌ای ادبی معاصر، ترجمه‌ی عباس مخبر، چاپ سوم، تهران، انتشارات طرح نو، ۱۳۸٤، ص۲۱
۱۳- همه‌ی تاکیدها در نقل قول مزبور از نگارنده‌ی این جستار است.
۱٤- احمدی، ساختار و تأویل متن، ص۳۰۹
۱٥- سلدن و ویدوسون، راهنمای نظریه‌ای ادبی معاصر، . ص۳۸
۱٦- در این جا اصطلاح «منتقد عملی» را به معنای منتقدی که لزوما پیرو مکتب نقد عملی است به کار نبرده‌ام. بلکه منظور منتقدی است که از تدوین چارچوب های نظری نقدش ابا دارد.
۱۷- همان، ص۳۸
۱۸- همان، ص٤۰
۱۹- فالر، راجر و. . . ، زبان شناسی و نقد ادبی، ترجمه‌ی مریم خوزان و حسین پاینده، چاپ دوم، تهران، نشر نی، ۱۳۸۱، ص٤
۲۰- همان، ص۳۷
۲۱- بلزی، کاترین، عمل نقد، ترجمه‌ی عباس مخبر، تهران، نشر قصه، ۱۳۷۹
۲۲- سلدن و ویدوسون، راهنمای نظریه‌ای ادبی معاصر، . ص۱٥
۲۳- بلزی، عمل نقد، . ص۱۸
۲٤- سلدن و ویدوسون، راهنمای نظریه‌ای ادبی معاصر، . ص۲۰
۲٥- بلزی، عمل نقد، . ص۱٦
۲٦- سلدن و ویدوسون، راهنمای نظریه‌ای ادبی معاصر، . ص۱٥
۲۷- ویتگنشتاین، لودویگ، رساله‌ی منطقی-فلسفی، ترجمه‌ی دکتر میرشمس الدین ادیب سلطانی، ویراست دوم، تهران، مؤسسه‌ی انتشارات امیر کبیر، ۱۳۷۹، ص۸٦
۲۸- ویتگنشتاین، لودویگ، پژوهش های فلسفی، ترجمه‌ی فریدون فاطمی، تهران، نشر مرکز، ۱۳۸۲، ص۳٤٦
۲۹- گیلیس، دانالد، فلسفه‌ی علم در قرن بیستم، ترجمه‌ی حسن میانداری، تهران، سمت و انتشارات طه، ۱۳۸۱، ص ٤-۱۷۳
۳۰- همان، ص۱٦۸
۳۱- ر. ک به مقاله‌ی
**Achcbe, chinua, An image of Africa racism in Conrad's heart of Darkness, Massachusetts review, 1977**
**32- Green, Keith & LeBihan, Jill, Critical Theory and Practice: A coarse book, London, Routledge, 1996- pp 136-7-**
۳۳- کالر، جاناتان، نظریه‌ی ادبی، معرفی بسیار مختصر، ترجمه‌ی فرزانه طاهری، تهران، نشر مرکز، ۱۳۸۲، ص۳٦
۳٤- همان، ص٤۰
۳٥- گیلیس، فلسفه‌ی علم در قرن بیستم، . ص۱۷۳
۳٦- مکاریک، ایرناریما، دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی، ترجمه‌ی مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران، مؤسسه‌ی انتشارات آگه، ۱۳۸٤، ص۲۰۸
۳۷- همان، ص۲۰۹


سەرچاوە:
محمودزاده، رهبر (۱۳۸٦) تئوری ادبی از منظر فلسفه علوم اجتماعی ، تهران: دانشگاه علوم و تحقیقات، دانشکده فلسفه

# ئیمانۆییل کانت
# ڕابەری فەلسەفەی ترانستدێنتالی

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

**(٣ – ٣)**

### بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی

کانت وای داناوە کە ئەو بەڵگەیە لە شیاوەکییەوە بۆ بوون چووە، بیرۆکەی ڕەب لە مێشکدا کراوە بە بنەما و بنەڕەت و بوونی ڕەب وەک ئەنجام لێی خراوەتەوە. بوون لێرەدا بە خەسڵەت و بار دانراوە و بە بیرۆکەیەکی لە مێشکدا بەخشراوە. لەو بۆچوونەدا پێشییانە لە چەمکێکی ڕووت و پەتییەوە کە لە مێشکدایە وەک ئەنجام بوونی هەڵکەوتی ڕاستەقینەی گەوهەرێکی-بوونەوەرێکی پایەبەرزی لێ خراوەتەوە.

ئەو بەڵگەیە مێژوویەکی دوورودرێژ و سەنگ و ڕەنگی خۆی هەیە، هەر لەو ڕۆژەوە- سەدەکانی ناوەڕاست- ئەنسلم دایهێناوە لە ڕوخساردا دەسکاری کراوە و هەڵوێستی جیاوازی لە بارەیەوە دیاری کراوە. ئەو بەڵگەیە خۆی لەخۆیدا جۆرە گوێزرانەوەیەکی هزرییە لە بۆچوونی بوونەوەرێکی تەواوەتی (کامڵ) لەمێشکدا بۆ بوونی ڕاستەقینەی ئەو بوونەوەرە. لە دەستپێکی ئەو بەڵگەیەدا پێناسەی بوونەوەری تەواوەتی دەکرێ کە لە مێشکدایە، ئینجا چۆن لە بیرکاری و ئەندازەدا لە پێناسەی سێ گوشەوە (بۆ نموونە) ئەو ئەنجامەی لێدەخرێتەوە کە تێیدایە و دەکرێ لێی بکەوێتەوە وەک ١٨٠ نمرەیە، ئاوەها ژیریش لەپێناسەی بوونەوەرە کامڵەکەوە بوونەکەی بە ئەنجام دەخاتەوە. بەلای کانتەوە ئەو بەڵگەیە وا ڕەواو پەسند نییە و سەرنەکەوتووە، چونکە بوونی لۆژیکی لە مێشکدا جیایە لە بوونی ڕاستەقینە لە هەڵکەوتدا، چەمکی بوونەوەرێکی ڕەهای بێ سنووری ناچاریی تەنیا چەمکێکی ڕووت و بێگەردی ژیرە، بیرۆکەیەکی پەتییە دوورە لەوەوە کە لەبەر خاتری ئەوەی ژیر پێویستی پێیەتی ساغ بکرێتەوە. ڕاستە کانت وتەنی: «سەد تالیری ڕاستەقینە هیچی لە سەد تالیری



کانت

شیاوەکی پتر نییە» (٤٦)، بەڵام شیاوەکییەکە تەنیا چەمک و بیرۆکەیە لەمێشکدا و ئەوی دیکە ڕاستەقینەیە و لەگیرفاندایە!. ئەو ڕەخنەیەی کانت دەکرێ بەو جۆرە لە چەند خاڵێکدا دەربڕدرێ.

**یەکەم:** بوون خەسڵەت و تایبەتمەندی نییە بدرێ بە بابەتێک، یان لێی بستێندرێتەوە.

**دووەم:** ئەو شیاوەکییەی لە مێشکدا بوونەکەی ساغ کراوەتەوە شیاوەکییەکی لۆژیکییە و ناکرێ ببێ بە شیاوەکییەکی ڕاستەقینە لە دەرەوەی مێشکدا.

**سێیەم:** دەستەواژەی ناچاریی کە باسی بوونەوەرە ڕەهایە پایەبەرزەکەی کردووە، لە بوونەوەری ڕەهای ناچاریی جیایە. هێنانەوەی نموونەی سێ گۆشە لێرەدا لەگەڵ بابەتەکە نایەتەوە، چونکە سێ گۆشەکە هەیە ئەمجار ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە گۆشەکانی ١٨٠ نمرەن، بەڵام «بیرۆکەی بوونەوەری ڕەها» تەنیا دەستەواژەیەکە ئەو بیرۆکەیە دەردەبڕێ، ناکرێ لێرەدا بوون کە (بار) نییە پێی ببەخشرێ!.

## بەڵگەی کۆسمۆلۆژی

ئەو بەڵگەیە لە بوونی شیاوەکییەوە کە لە دەرەوە و دەوروبەری مرۆڤ هەیە بەرەو بوونی بوونەوەرێکی ناچاری دەچێ و دەیکات بە هۆکاری بوونی بوونە شیاوەکییەکە.

ئەو شتانەی دەرەکی دەوروبەر شتی شیاوەکین، دەکرا هەبن و دەکرا نەبووبانایە، لەبەر ئەوەی هەن، دەبێ هۆکاری بوونەکەیان هەبێ، ئەو زنجیرەی هۆکاری بوونە بێ پسانەوە تا سەر بڕ ناکات. دەبێ لەلای بوونەوەرێکی ناچاریی ڕەها کە بوونەکەی لەخۆیەوە و هۆکاری بوونی هەموو شتێکە کۆتایی بێت. ئەو دوا هۆکارە بوونەوەرێکی ڕەهایی ناچارییە.

بەلای کانتەوە دەکرێ لە دوو لاوە ڕەخنە لەو بەڵگەیە بگیرێ:

**یەکەم:** ئەو بەڵگەیە لە بوونێکی هەست پێکراوی هەندەکییەوە بەهۆی بنەمای هۆیەکی بەرەو بوونەوەرێکی ڕەهای ناچاری بەرز دەبێتەوە، ئەو بەرزبوونەوەیە لەخۆیدا ڕەوا نییە و بوونەوەری ڕەهای لێ ناکەوێتەوە، چونکە بنەمای هۆیەکی هەر ئەوەندە دەڵێ کە هەموو ڕووداوێک، فاکتێک هۆکاری هەیە، بەڵام باسی هۆکاری یەکەم و دوا هۆکار ناکات. (٤٧)

**دووەم:** هەر بنەمای هۆیەکی خۆی دەستەبەری بوونەوەرێکی نامادەیی ڕەها نابێ. بەڵگەکە وای داناوە، ئەگەر شتێک هەبێ بەپێی بنەمای هۆیەکی دەبێ بوونەوەرێکی ناچاریی ڕەهاش هەبێ، هەر نەبێ من خۆم هەم کەوابوو بوونەوەرێکی ڕەها هەیە!! پێشەکی بەڵگەکە پشت بە ئەزموونی هەستەکی دەبەستێ! لەو ئەزموونی هەستەکییەوە بوونێکی ناچاریی ڕەها وەک ئەنجام دەداتە دەست! کەوابوو بەڵگەکە پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستێ و دوورە لە بنەمای ژیریی پێشینە. بابەتی تاقیکردنەوەش جیهانی دەوروبەرە، بۆیە بەڵگەکە بە کۆسمۆلۆژی (گەردوونی) ناونراوە. بەپێی ئەو بنەما هۆیەکییە بەڵگەکە لە چوارچێوەی جیهانی هەستەکی شەمەکی دەوروبەر تێناپەڕێ و ناچێتە دەرەوە و هەرگیز ناگاتە هۆکارێک کە بوونەکەی بێ مەرج و ڕەهابێ. هەموو هۆکارێک لەو ڕەوشەدا بە دیاردەیەکی هەستەکی دەمێنێتەوە هیچ کاتێک ڕەها نابێ. کۆتایی هاتنی زنجیرەی هۆکارەکان بەهۆکارێکی ڕەهای دوور لە هەستەوە بەهیچ بنەمایەک پشت ئەستوور نییە!

### سێیەم: بەڵگەی سروشتی لاهووتی:

لە هەندێک سەرچاوەدا ئەو بەڵگەیە بە بەڵگەی ئامانجەکی ناوبراوە. هەموو شتێک ئامانجی دیار و دەستنیشان کراوی هەیە. لە بوونی نەزم و سیستم و ڕێکوپێکی سروشت و جوانی و هەمەڕەنگییەوە بەرەو

هۆکارێکی ناچاریی کە ئەو ڕێکوپێکییەی داهێناوە و بەرپرسیاری ئەو جوانی و هەمەڕەنگییەیە لە جیهاندا هەنگاو دەنێ. ئەو ڕێکوپێکییە پێویستی بە ئەندازیارێکی دانا و ژیر هەیە کە ڕەنگی ڕشتووە، ئەو ئەندازیارە ڕەب خۆیەتی.!. ئەو بەڵگەیە لەلایەن کانتەوە پتر لە ئەوانی تر بایەخی پێدراوە. کانت گوتوویەتی:

جیهانی سەردەم، لە بێ کۆتایی جێگادا، یان لە دابەشبوونی بێ سنوورییەکەیدا سەرنج بدرێت شانۆیەکی ئەوتۆ فراوان و بەپێزی هەمەڕەنگی، نەزم و ڕێکوپێکی و ئامانجەکی و جوانیمان پێشکەش دەکات تارادەیەک بەپێی زانینی مێشکی لاوازمان، زمان لە بارەی ئەو ژمارە زەبەندەوە سەیر و سەرسوڕهێنەرانە توانایی دەربڕینی نییە...، ئێمە لە هەموو جێگایەکدا زنجیرەیەکی هۆکار و ئەنجام، ئامانج و ئامراز، ڕێکوپێکی لە پەیدا بوون و لەناوچووندا دەبینین، لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لەخۆیەوە و بۆ خۆی هۆکاری ئەو ڕەوشەی خۆی نییە کە تێیدایە. ئەو ڕەوشە بەرەو دوورتر دەمانبات، بەرەو شتێکی دیکە کە هۆکارەکەیەتی، هەروەها پرسیارێکی دیکە دەکات بە پێویستییەکی ناچاریی، هەموو شتێک بە تێکڕایی دەبێ بەرەو نەمان بچێت، ئەگەر وای دانەنێین کە شتێک etwas هەیە لە دەرەوەی ئەو ڕووداوە ڕێککەوتانەیە، سەربەخۆیە، بنەڕەتییە، پەکی لەسەر هیچ نەکەوتووە و هۆکاری خۆیەتی و ئەو ڕەوشە ڕاگیر دەکات و دەیپارێزێ و دەستەبەری بەردەوامییەکەی دەبێ...، باشە چی ڕێگامان لێدەگرێ کە لە سۆنگەی هۆیەکییەوە جارێک پێویستمان بە بوونەوەرێک- گەوهەرێکی ئەوپەڕی پایەبەرز بێ و لە هەمان کاتدا بەپێی پلەی تەواوەتی (کامڵی) لەسەروو هەموو شیاوەکییەکی دیکەی دابنێین؟! ئاسانە ئێمە بەهۆی پوختەی نەخشەیەکی بەرینی چەمکێکی پەتی ئەبستراکتەوە ئەوە بکەین، ئەگەر ئێمە لەودا وەک تاکە گەوهەرێک هەموو کامڵییەکی شیاوەکی یەکگرتوو وێنا بکەین(٤٨).

لەو بەڵگەیەدا پشت بە چوار بنەما بەستراوە کە دەکرێ بە چوار خاڵ دەربېردرێن:

**یەکەم:** لە هەموو جێگایەکی جیهاندا سیمبوڵ و نیشانەی ئاشکرا و بەرچاوی ڕێکوپێکی و نەزمێک هەن کە بەوپەڕی داناییەوە و بەنیاز و مەبەست ڕەنگرێژراوە، هەروەها لەناوەرۆکدا بە جۆرێک هەمەڕەنگە لەباسکردن نایەت و لە قەوارە و چەندێتیشدا بێ سنوورە.

**دووەم:** ئەو ڕێکوپێکی و نەزمە بە ئامانجە، بە شتەکانی جیهان بیانییە و تەنیا بە ڕووکەش و ڕێککەوت سەر بە ئەوون، بەڵکو ژیرێکی ڕێکخەر بەپێی چەند بیرۆکەیەکی دامەزرێنەر ئەوەی کردووە.

**سێیەم:** ئیتر دەبێ هۆکارێکی پایەبەرز و دانا هەبێ کە ژیرە و بە ئازادی هۆکاری جیهان بێت.

**چوارەم:** یەکڕەنگی پێوەندییە دەستیاوییەکانی پشک و بەشەکانی جیهان کە لە پێکهاتەی کارێکی هونەری دەچێ، یەکڕەنگی و یەکتایی ئەو هۆکارە ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە(٤٩).

ئەگەرچی کانت لەو باوەڕەدا بووە کە بە هیچ جۆرێک ناکرێت بەهۆی ژیری تیوری بێگەردەوە بوونی ڕەب ساغ بکرێتەوە، چونکە ئەو بابەتە کەرەسەی ژیانی ئاکار و بنەماکانیەتی، بەڵام هەر خۆشی لەو باوەڕە دابووە کە ئەو بەڵگەی سروشتی لاهووتییە کۆنترین و ڕوونترین بەڵگەیە لەگەڵ ژیری مرۆڤدا بێتەوە، بۆیە ئەو بەوپەڕی ڕێزەوە بایەخی پێداوە، بەڵام ئەو بایەخ پێدانە بەربەستی ڕەخنەکردنی نەبووە، سەرنج بۆ لای کەلەبەرەکانی ڕابکێشێ. بەلای کانتەوە ئەو بەڵگەیە لەو لایەنانەوە گازندە و ڕەخنە هەڵدەگرێ:

**یەکەم:** بەڵگەی سروشتی لاهووتی پشت بە بنەمای هۆیەکی دەبەستێ، بەڵام ئەو پشت بەستنە بەهیچ بنەمایەک پاساو نادرێ، چونکە هەموو قانوون و ڕێساکانی هەنگاونان لە ئەنجامەوە بەرەو هۆکاری یەکەم و پایەبەرز لە چوارچێوەی ئەزموون و شارەزایی شیاوەکی ناچنە دەرێ و لە بابەتەکانی جیهانی هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە تەنیا هەر بایەخێکی ئەزموونی دەبێ و ڕەوایەتی ئەوە لە دەست دەدات بوونی بوونەوەرێکی توانایی و دەسەڵات و دانایی بێ سنوور و ئەوپەڕی تەواوەتی بسەلمێنێ.

**دووەم:** گریمانەی بوونی ئامانجەکی لەجیهاندا و کردنی بە پێشەکییەک و ئەنجامی هەبوونی ژیرێکی داهێنەری لێ بخرێتەوە، پەسند نییە، ڕاستە هەندێک جار لە سروشت شتی وا دەقەومێ کەوا پێ بچێ ئامانج و مەبەستی دیاریان لە پشتەوە بێ، بەڵام ئەو ئامانجەکییە بنەمایەکی خودییە و ناکرێ وەک قانوون و بنەمایەکی بابەتی دابنرێ و بکرێ بە ڕێسایەکی هەمەکی گشتی(٥٠).

**سێیەم:** بەڵگەکە ساغی ناکاتەوە کە ڕەب داهێنەری جیهانە، بەڵکو دەڵێ ئەندازیاری ڕێکخەری ڕێکوپێکی و نەزمە. هەروەها لە یەکچواندنی ڕێکوپێکی و جوانی سروشت بەکاری هونەرمەند لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە ئامانجی هونەرمەند لەچاو ئامانجی سروشت ئەوپەڕی جیایە. یەکەمیان پشت ڕاست دەکرێتەوە و دووەمیان لە کردن نایەت.

## جیهانی دەورووبەر

بەپێچەوانەی فەیلەسوفە ئایدیالیستییەکانەوە، هیچ کاتێک ڕابەری فەلسەفەی ترانسندینتالی دڵی لە بوونی ڕاستەقینە و هەڵکەوتی جیهانی دەورووبەر، جیهانی نامن کرمێ نەبووە، هەمیشە باوەڕی بە بوونی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی جیهان هەبووە و گومان لەوە نەبووە کە بەهۆی توانایی هەستەکانەوە پەی بە بوونی دەبرێ و هەستی پێ دەکرێ. بەبێ زانینی ئەو جیهانە و هەست کردنی ڕاستەقینە بە بوونە سەربەخۆییەکەی ناکرێ مرۆڤ لە بوونی خۆی دڵنیابێت. کەوابوو چۆن کانت ئەو هەڵوێستەی خۆی پاساو داوە و بەچ بنەمایەک پشتی بەستووە؟ تا چ ڕادەیەک جیهاندیدە ئایدیالیستییەکەی کەشیش بێرکلی لە فەلسەفەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە؟!

فەلسەفەی کانت فەلسەفەیەکی ڕەخنەگرە، هەروەک لە ناوونیشانی سێ بەرهەمە سەرەکییەکە و ناوەڕۆک و میتودەکانیدا دەردەکەوێ، ڕەخنەش لەخۆیدا جۆرێکە لە گومان کردن، بەڵام ڕابەری فەلسەفەی ترانسندینتالی هیچ ساتێک گومانکار نەبووە. لەو بارەیەوە گازندەی دیکارت و کەشیش بێرکلی کردووە کە بە گومان دەستیان پێ کردووە. ڕابەرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی پێش خۆی لەو باوەڕەدا بوون کە بوونی شمەک لە دەورووبەردا– لە جێگادا– لە دەرەوەی مرۆڤ بە سێ جۆر لێک دەدرێتەوە:

– گومان لە بوونی دەکرێ.
– بوونەکەی ساغ ناکرێتەوە.
– بوونەکەی هەڵە و ناشیاوەکییە(٥١).

لەبەرانبەر ئەو جیهاندیدە ئیدیالیستییەدا کانت هەڵوێستی خۆی بە سێ خاڵ بەرجەستە کردووە:

**یەکەم:** دانی بە بوونی سەربەخۆی جیهانی نامن، جیهانی دەورووبەردا هێناوە و ئایدیالیستییەکەی دیکارت و بێرکلی پەسند نەکردووە. جیهانی دەرەکی هەیە و بە هەستەکان دەکرێ پەی پێ ببردرێ، بەڵگەی بوونەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات، ئەو هەست کردن بە بوونە بەبێ بوونی جیهانی دەورووبەر ناکرێ و نابێ، چونکە لەگەڵ هەست کردن بە بوونی مرۆڤ خۆی هەست دەکات کە ئەو جیهانە لێوەی جیایە و سەربەخۆیە. کانت گوتوویەتی:

من هۆشم لێیە و لەوە بە ئاگام کە بوونی من لە کاتدا دیار و دەستنیشان کراوە، هەموو دەستنیشانکردنێکیش لە کاتدا بوونی شتێک کە بەردەوامە بە مەرجەکی پێویست دەکات، ئەو شتە بەردەوامە ناکرێ لە مندابێ، چونکە بوونی من لە کاتدا دەکرێ لەپێش هەموو شتێکدا بەهۆی ئەو شتە بەردەوامەوە دیار و دەستنیشان بکرێت(٥٢).

کانت وەک لەو تێکستەدا وتوویەتی لەوە دڵنیایە کە بوونی خۆی هەیە، بەڵام ئەو بوونە بەوە دەزانێ کە شتێکی هەمیشە و بەردەوام هەیە (جیهان) بەهۆی ئەو بوونەوە کە لەخۆی جیایە لە بوونی خۆی دڵنیا دەبێ!

**دووەم:** جیهان کە گومان لە بوونەکەی ناکرێ لە دیاردە و هەڵکەوت (شت لەخۆیدا) پێکهاتووە. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا دیاردەکان بزانێ و پەیان پێ بەرێ. شتی ڕاستەقینە، شت لەخۆیدا، ئەو ڕاستییەی لە پشت دیاردەکانەوەیە چییە و چۆن هەمیشە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە و سنووری توانایی پەیبردن و زانینی ژیری مرۆڤ دەبەزێنێ. ڕاستە ژیر بە پێچەوانەی فام (تێگەیشتن) سروشتەکەی وایە سنووری برکردنی ئەزموون و شارەزایی دەبەزێنێ، بەڵام لەو سنوور بەزاندنەدا بابەتی میتافیزیک دێتە کایەوە و پەیدا دەبێ، ئەگەرچی ڕاستی شت لە خۆیدا نازانرێ.

لە بوونی جیهانی دەورووبەردا جۆرە دوو ڕەنگییەک لەلایەن کانتەوە پێی لەسەرداگیراوە: جیهانی دیاردە کە لەشمەک و ڕووداو و بابەتەکانی ڕاستەوخۆی پەیبردنی هەستەکی پێکهاتووە. لە بەرانبەردا جیهانی شت لە خۆیدا دێت کە بەهیچ جۆرێک کەرەسەی پەیبردنی هەستەکی نییە و نابێ بە بابەتی زانینی ئەزموونیی. جیهانی یەکەم جیهانی هەست و بەرهەستییە و ئەوی تریان جیهانی ژیرەکییە. (B.311).

**سێیەم:** وەک چۆن کانت لە بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانەدا، لە پرۆسەی زانیندا، جیهانی دەرووبەری کردووە بە پاشکۆ و پابەندی خودی شت زانین، بە هەمان پێودانگ هەرچی قانوون و ڕێسا و ڕێکوپێکی هەیە لە جیهانی ستاندۆتەوە و بە ژێری

مرۆڤی بەخشیوە. یاسا و قانوونەکان لە دیاردەکاندا نین، بەڵکو سەبارەت بە خود هەن ئەو خودەی فامی هەیە و پەی بە دیاردەکان دەبات. ڕێکوپێکی و قانوون، لە دیاردەکاندا نین کە بە سروشت ناودەبرێن، بەڵکو ئێمە خۆمان دەیانخەینە ناویانەوە، ئەگەر مرۆڤ ئەوەی نەکردبایە هیچ جۆرە نەزم و قانوونێک لە سروشتدا نەدەبوو هەستی پێ نەدەکرا. هەمەڕەنگی قانوون و ڕێساکان و یەکڕەنگی بنەماکان لە سروشتدا خۆیان لەخۆیاندا پێداویستییەکی ژیری مرۆڤن. کانت گوتوویەتی:

ژیری کارا (تێگەیشتن) Verstand قانوونەکانی پێشییانە لە سروشتەوە هەڵناهێنجێ، بەڵکو خۆی ئەوان دەخاتە نێو سروشتەوە. (٥٣) بەو پێیە کانت هەڵوێستی خۆی لە بارەی ڕەوشی جیهانی دەوروبەر دیاری کردووە و بنەماکانی ژێریشی کردووە بەو ئامرازەی پەرشوبڵاوی و ناڕێکوپێکی دیاردەکانی سروشت ڕێکوپێک دەکات.!

## کات و جێگا

لە پرۆسەی زانیندا کە لە جیهاندیدی فەلسەفەیی کانتدا پشکی شێری بەرکەوتووە، دوو سەرچاوە دیاریکراون کە لەو بابەتەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن:

– هەستەکان کە لە شەمەکی دەوروبەرەوە داتا و کەرەسەی زانین پێشوازی دەکەن و بەهۆی هەردوو فۆرمی کات و جێگا ڕێکوپێکیان دەکەن.

– ژیر –فام کە چەند ڕێسایەکی هەیە و چەمکیان پێدەگوترێ و دوا ڕوخسار و فۆرم و ناوەرۆک بە کەرەسەی زانینەکە دەبەخشێ.

لێرەدا قسە لە دوو فۆرمی کات و جێگا کرا، کەوابوو ئەو دووانە چین؟ شتێکی ڕاستەقینەن، یان پێوەندی نێوان شمەکەکانن و دیار و دەستنیشانیان دەکەن؟

کانت شارەزاییەکی باشی لە جیهاندیدە زانستییەکانی ئیسحاق نیوتن (١٦٤٣–١٧٢٧)ز هەبووە. بەلای ئەو زانا سروشتییەوە لەسەر سێ بنەما، میکانیک کە زانستی فیزیکی کلاسیکی ئەو سەردەمە بووە، دامەزراوە: کاتی ڕەها، جێگای ڕەها، بزووتنەوەی ڕەها.

کات و جێگای ڕەها بە بۆچوونی ئەو زانایە بوونی سەربەخۆیان هەیە، چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەی ڕەهان و سەربەخۆ و جیان لەو ڕووداوانەی تێیاندا دەقەومێن و ئەو شمەکەی تێیاندایە.

بە پێچەوانەوە، کانت هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی سەربەخۆیی و ڕەهای لە کات و جێگا ستاندۆتەوە و وای داناوە کە لە جیهانی دەوروبەردا بوونی ڕاستەقینەیان نییە. کات و جێگا نە گەوهەرن و نە ڕووکەش و نە ئامرازی پێوەندین، کات خۆی ئەو ئامراز و مەرجەیە دەبێتە مایەی ئەوەی ژیر بتوانێ جۆرە هەماهەنگی و پێکەوە گونجان لەنێوان بابەتەکانی هەست دەستەبەر بێ، کات فۆرمی هەستەکانە. جێگاش بە هەمان پێودانگ و شێواز بوونی بابەتی سەربەخۆی لە جیهانی نامندا نییە نە گەوهەرە و نە ڕووکەش و نە پێوەندییە، بەڵکو وێنەیەک لە مێشکدا و دەبێتە مایەی پێکەوە ڕێکخستنی بابەتە هاوردەکانی دەرەکی هەستەکان.

کانت گوتوویەتی:

کات و جێگا دوو ئامرازی زانینن،...، هەردووکیان فۆرمی بێگەردی سەرنجدانی هەستەکین(٥٤) کات فۆرم و ڕوخساری هەستی ناوەکییە و جێگاش فۆرمی دیاردەکانی هەستی دەرەکییە.

کەوابوو بەپێی ئەو قسەیەی کانت کات بە هیچ جۆرێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هیچ شتێک نییە لە خۆیدا و بەدواداهاتنی شت لەخۆیدا وێنا ناکات. جێگاش هەروایە و هیچیان چەمکێکی گشتی ئەزموونی نین، بەڵکو دوو فۆرمی پێشییانەن لە سروشتی مێشک خۆیەوە دەکەونەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ ئەوەیە، ئەگەر کات و جێگا بوونی سەربەخۆی خۆیانیان نەبێ، چونکە دەکرێ قسەیان لێوە بکرێت و بە فۆرم دابنرێن؟ کانت بە چەند بەڵگەیەک کۆششی کردووە ساغی بکاتەوە کە دەکرێ قسە لە کات و جێگا بکرێت. بۆ نموونە بەو بەرەیەدا کۆشش کراوە ساغ بکرێتەوە کە کات خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی ناچاریی پێویستە هەموو سەرنجدانێک پشتی پێ دەبەستێ؛ پێشییانەیە لەهیچ تاقیکردنەوەیەک نەکەوتۆتەوە و چەمکیش نییە:

**یەکەم:** دەوروبەر لە شمەک و دیاردە پێکهاتووە، ئەو شمەکانە لەگەڵ یەکترین لە تەنیشت یەکترییەوەن، دیاردەکانیش پێش و پاشی یەکتری دەکەون. مرۆڤ دەتوانێ بەهزر و بۆچوون وای دابنێ هیچ شتێک لە جێگادا نییە، بەڵام ناتوانێ وای بۆ بچێ کە جێگا نییە بە هەمان شێوە دەکرێ وای دابنێ کات هەبووە دیاردەی تێدا نەبووە، بەڵام ناکرێ وای بۆ بچێ کە دیاردەکان دەرکەوتوون بەبێ کات و کات نەبووە.

**دووەم:** مــرۆڤ کــاتێک دەتوانێ وای بۆ بچێ کــە شـمـەک، شت لە جێگادایە، یان لە تەنیشت یەکترین، یان لە جێگای جیاوازدان، ئەگەر بیرۆکەی جێگا لە ناخ و مێشکیدا هەبێ بە هەمان پێودانگ ناتوانرێ وا دابنرێ کە دیاردەکان لەگەڵ یەکترین، لەپێش یەکترییەوە دێن، یان بەدوای یەکتریدا دێن، ئەگەر بیرۆکەی کاتی نەبێ. کەوابوو کات و شوێن دوو بیرۆکەی پێشیینەن و پێش ئەزموون و تاقیکردنەوە هەبوون و هەن ئەزموون و شارەزایی خۆی پشتیان پێ دەبەستێ(٥٥).

ئەو بۆچوونەی کانت لە بارەی کات و جێگاوە جێ دەستی ئەندازەی ئویکلیدس و بیرکاری سەردەمی خۆی پێوە دیارە. چەندە ئەو بۆچوونە رێکوپێک و ورد بووبێ، داهێنانی سەردەمی خۆی بووە لەگەڵ پەرەسەندنی لۆژیک و ئەندازە و زانستی سەردەمدا ناگونجێ تیوری رێژەیی ئاینشتاین و بەرهەمەکانی تارسکی و بیرکارانی دیکە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ جیهاندیدەکەی کانت لەو بارەیەوە نایەنەوە.

### بنەماکانی ئاکار

١- بەپێی سێ بەرهەمە رەخنەگرییەکە کانت جیهاندیدی فەلسەفەی کردووە بەسێ پشکی سەرەکییەوە:

- رەخنەکردنی ژیری بێگەرد، فەلسەفەی تیوری (تیوری زانین و میتافیزیکی) کردووە بە کەرەسەی توێژینەوە.
- رەخنەکردنی ژیری پراکتیکی، بنەماکانی ئاکار و کرداری مرۆڤی بە بابەتی توێژینەوە داناوە.
- رەخنەکردنی هێزی بریار (حوکم) دان، باسی هەڵسەنگاندنی کاری هونەری و پێودانگی ئەو هەڵسەنگاندنە دەکات.

ئەوی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە بنەماکانی ئاکار و کرداری مرۆڤە کە لە شاکاری دووەمدا باسی کردوون. کانت لە چەند بۆنەیەکدا دوو قسەی کردووە؛ کانت گوتوویەتی:

**یەکەم:** دوو شت ناخی دەروونییان هەژاندووم و بەوپەڕی رێزەوە پەسندم کردوون: ئاسمانی بە ئەستێرە رازاوە و قانوونی ئاکار لە ناخمدا(٥٦).

**دووەم:** هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە: مرۆڤێک بە تۆبزی ناچار بکرێت بەپێی ئارەزوو و خواستی یەکێکی دیکە رەفتار بکات!

لەو دوو خاڵەدا کانت بە راشکاوی باسی بایەخی قانوونی ئاکار و ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات. ئەوی لێرەدا بەبیردا دێت ئەو پرسیارەیە ئایا قانوونی ئاکار و ئازادی ئامرازن، یان ئامانج؟ ئەگەر ئامرازن چ پێوەندییەکیان بە کرداری مرۆڤ و دوا ئامانجی مرۆڤەوە هەیە کە بەختەوەرییە؟ دەکرێ بنەماکانی ئاکار لەگەڵ ئاییندا بخرێنە دوو تای یەک تەرازوو بەرانبەر بە یەکتری دابنرێن؟!

لە شاکاری رەخنەگرتنی ژیری بێگەرددا بە ئاشکرا کانت باسی ئەوەی کردووە کە باوەڕ (ئیمان) و زانست پێکەوە نایەنەوە، دەبێ یەکێکیان جێگا بۆ ئەوی دیکەیان چۆڵ بکات، دانی بەوەشدا ناوە کە ژیر ناتوانێ بوونی رەب ساغ بکاتەوە، ئایا ئەو هەڵوێستەی ئەو فەیلەسووفە چی دەگەیەنێ. پێداگرتن لەسەر ئازادی، ئینجا لە فەلسەفەی تیوریدا رەب لە دەرگاوە بکەیتە دەرەوە، کەچی لە فەلسەفەی ئاکاردا لە پەنجەرەوە جارێکی دیکە بیهێنیتەوە؟! راستە هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە مەرجی شیاوەکی بوونی قانوون و رێسای ئاکار ئازادییە، بەبێ ئەو ئازادییە ناکرێ باسی خواستی ئازاد بکرێت و ئەگەر ئەو خواستە ئازادەش لە ئارادا نەبێ، هیچ جۆرە ئۆباڵ کێشانێک نامێنێ و چوونە ژێر باری سزای بەدکاریی (بە واتای ئایینییەکە) هەموو واتایەکی خۆی لەدەست دەدات و کاڵ دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەک ئازادی بنەمای بوونی قانوون و رێسای ئاکارە ئەوا بەپێی نەزمی زانین و پرۆسەی زانین قانوون و رێسای ئاکار لەلای خۆیەوە بنەمای بوونی زانینی ئازادییە، بەڵام لە شارەزایی و ئەزموونادا هیچ جۆرە بابەتێکی هۆشیاری بەناوی ئازادییەوە لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوەی قانوونی ئاکار بەهیچ شێوازێک دیاردە نییە، ناکرێ ئازادی بابەتی ژیری تیوری بێگەرد بێت(٥٧) لێرەوە ئازادی، کرداری ئازاد و بنەماکانی ئاکار بە مەبەست و ئامانجەکانییەوە دەچنە نێو خانەی ژیری پراکتیکییەوە و دەرگای جیهاندیدی ئاکاریی کانت دەکەوێتە سەر پشت.

٢- لە رەخنەکردنی ژیری بێگەردەوە بۆ رەخنەکردنی ژیری پراکتیکی، ئینجا دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار، دیاردە و شت لە خۆیدا بە تەواوەتی ئەو دوو رەنگییەی جیهاندیدە سەرتاپاگیرە فەلسەفەییەکەی کانت لە بابەتی ئاکاریشدا رەنگی داوەتەوە و بە تەواوەتی

بەرجەستە بووە.

جیهانی ژیر و جیهانی بەرهەست بەرانبەر بە هەردوو پێکهاتەی مرۆڤ دانراون، مرۆڤ بوونەوەرێکی (گەوهەرێکی) ژیر لە هەمان کاتدا فام و هەست و نەست و باوەڕ و ناخی دەروونی هەیە، ئەمەش جیهانی بەرهەست و هەستەکییە، کەوابوو مرۆڤ لەخۆیدا وەک دوو ڕەنگییەکەی فەلسەفە تیورییەکە لە دوو هێز پێکهاتووە و هەر هێزەش سەر بە جیهانی تایبەتی خۆیەتی، ئینجا پابەندی یاساورێسا و قانوون و بنەما تایبەتییەکانی ئەو جیهانەیە!. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت:

- مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، کەوابوو دەبێ سەر بە جیهانی ژیرەکی بێت و پشت بکاتە جیهانی بەرهەست، لەو ڕەوشەدا دەکرێ هێز و توانایی و کرداری پابەندی قانوون و ڕێساکانی ژیر بکات؟! ئەگەر وەڵامەکە بە ئارێ بوو، باشە ئەوکاتە ڕەوشی کردەوە ئاکارییەکان بە چ جۆرێک و پێودانگێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ؟ ئایا دەکرێ کرداری مرۆڤ، ئەگەر بخرێتە خانەی ئاکارەوە پابەندی ڕێساکانی ژیر بێ؟ لەو کاتەدا ئازادی مرۆڤ چ بایەخ و واتایەکی دەمێنێ؟ لەو کایەیەدا پێوەندی قانوون و ڕێسا سروشتییەکان کە سەر بە جیهانی هەستەکین لەگەڵ یاساکانی ئاکار و بنەماکانیدا چ ناوەرۆک و ڕوخسارێک پێدەبرێ و بە چ شێوازێک هەردووکیان پێوەندی خۆیان لەگەڵ دۆگم و بنەڕەتەکانی ئاییندا دیاری دەکەن؟!

ئەو پرسیارانە هەر لە سەرەتاوە بەگشتی گریمانەیەکیان کردووە بە پێش مەرج و کۆششی گەیشتنە ئەنجام و وەڵامێکی دیار و دەستنیشان کراو دەکەن:

ئەگەر بنەماکانی ئاکار، ڕەوش و کاری ئاکارەکی پابەندی ڕێسا و قانوونەکانی ژیر و سروشت بن لەلایەک و گوێڕایەڵ و ملکەچی دۆگم و بنەماکانی باوەڕ و ئایین بن سوومەند دەبن، یان لە ناوەرۆک و ڕوخساردا کاڵ دەبنەوە؟!

وەڵامەکە بە ئارێ بدرێتەوە، خواستی ئازاد کە بنەمای سەرەکی ئاکار و ژیانی ئاکارەکییە هیچ بایەخ و ڕۆڵێکی نامێنێ، چونکە ئەگەر ئاکار وا سەرنج بدرێت کە بابەتێکە توندوتۆڵ بە ژیانی مرۆڤ بەگشتییەوە بەندبێ، مرۆڤیش ئازادبێ و بە ئازادی و بڕیاری خۆی بچێتە ژێر باری چەند بنەما و ڕێسایەکەوە و ئەنجامی ئەو پابەندبوونەی، بێ هەلومەرج و قەید پەسند بکات و هەست بە هیچ گوشار و تۆبزی لێکردنێک نەکات پێویستی بەوە نامێنێ گریمانەی بوونی گەوهەرێک-بوونەوەرێکی ترانسندێتالی بکات بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی بۆ دابنرێ چی بکات و چی نەکات و لە چی سڵ بکاتەوە و دەست بپارێزێ، بۆیە مرۆڤ، ئەگەر ژیرانە لە بابەتەکە ورد بێتەوە پێوەندی ناچاریی نێوان کاری ئاکاریی - بنەماکانی ئاکار و ئایین لەبەرچاوی کاڵ دەبێتەوە!

٣- هەموو زانستێک بە هەموو لقە جۆربەجۆرییەکانیانەوە، هەموو بابەتێک لە ژیاندا بە واتا فراوانەکەی بنەمای بنەڕەتی خۆی هەیە و لەسەری دامەزراوە. کەوابوو لە جیهاندیدی کانتدا بنەمای بنەڕەتی بابەتی ئاکار چییە؟! ئەو بنەڕەتە لە خواستی چاکەخوازی بەولاوە شتێکی دیکە نییە، چونکە خۆی لەخۆیدا ئامانجە و ئامرازی شتێکی نییە. کانت لەوەڵامی پرسیارەکەدا گوتوویەتی:

لە سەرانسەری جیهان و لە دەوروپشتیدا شتێک نییە بەبێ چەندوچۆن و قەید و مەرج و بێ سنوور بە چاکە دابنرێت لە یەک شت بەولاوە ئەویش: خواستی چاکەخوازی(٥٨).

بۆ پاساودانی ئەو بڕیارە ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی بۆچوونەکەی خۆی بەو شێوازە ڕوون دەکاتەوە کە چەندین توانایی و بەهرەی سروشتی هەن وەک تێگەیشتن و زیرەکی و هێزی بڕیاردانی دەستوبرد، ئازایەتی و سووربوون و پێداگرتن لەسەر ئاوات و ئامانج، ئەمانە گشتیان بەبێ هیچ، ئەگەر و گومانێک و لە چەند بۆچونێکەوە: چاکە و پەسەندن، بەڵام دەکرێ ئەو بەهرە و تواناییانە ببن بەوپەڕی بەدکاریی و زیانبەخش، ئەگەر هاتو ئەو خواستەی ئەو بەهرە و تواناییانەی بەکاربردووە خواستێکی چاکەخواز نەبوو بێت.

خواستی ئازاد ئامراز نییە، بەڵکو خۆی لەخۆیدا چاکەیە بەبێ گوێدان بەو ئەنجامانەی لێیدەکەونەوە، تەنانەت ئەگەر لە گەیشتنە ئامانجیشدا سەرنەکەوێ چاکەخوازییەکەی کاڵ نابێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو خواستە چاکەخوازە لە خۆیدا نەک بەهۆی ئەو ئەنجامانەی لێیدەکەونەوە چاکەخوازە پشت بە نیازی چاکە دەبەستێ، یان گەوهەر و سروشتەکەی لە نیازی چاکەخوازی پێکهاتووە، ئەو نیازە چاکەخوازییە لەلایەن چاکەیەکی دیکەی جیهانەوە سنووری نابەزێنرێ و تێناپەڕێنرێت.

ئەو بڕیارەی کانت لە بارەی خواستی چاکەوە، دەکرێ بەوەش لێک بدرێتەوە کە جیاکردنەوەی ئاکارە لەوەی پێشتر پێناسەی دەکرا و لێک دەدرایەوە کە دەبێتە مایەی یەکخستن و بەیەکەوە گرێدانی بەختەوەری و چاکەخوازی. خواستی چاکەخواز بۆ ئەوە نییە سوودبەخش بێ، چونکە لەو ڕەوشەیدا چاکەخواز نامێنێ، ئەنجامی کار بە هیچ جۆرێک، لە ڕەوشی ئاکاردا، سروشتی ئاکارییانەی کارەکە دیار و دەستنیشان ناکات، هەر خواستێکی چاکەخواز بۆ سوود و قازانجی ئامانجێکی تایبەتی بەکاربهێنرێ، جا ئەو ئامانجە بەختەوەری بێت، یان هی تر، ئەوکاتە خواستە چاکەخوازەکە بایەخە ڕەهایەکەی کاڵ دەبێتەوە و دەبێت بە ئامراز و هیچی تر لە خۆیدا ئامانج نامێنێ.

قانوونی ئاکار بەو پێیە لەلای کانت، وەک لە شاکاری دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار، باسی کردووە لە فرمانی ڕەهای ئاکاری پێکدێت، ئەو فەرمانی ئاکارییانە دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

**یەکەم:** فرمانی گریمانەیی hypothetischer Imperativ ئەو جۆرە بۆ ئەو مەبەستەی لێرەدا باس کراوە پەسند نییە، چونکە خۆی لەخۆیدا دەبێتە مایەی کەوتنەوەی ڕەفتار و کارێک کە دەبێ بە ئامراز لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی دیکەدا.

**دووەم:** فەرمانی ڕەهای ئاکاریی Kategorische Imperativ بە پێچەوانەی یەکەمەوە ئەو جۆرەیە کە بە هیچ قەید و مەرجێک سنووردار ناکرێت و ئەو ناچارییەکی پراکتیکییانەیە بێ سنوور و ڕەها بەبێ چەندوچۆن دەکرێ بە فەرمان ناوببرێت(٥٩).

قانوونەکانی ئاکار کە پەیڕەو بکرێن، دەشکرێ بە بنەما Maximen ناوببرێن، دەبێ چەند مەرجێکیان تێدابێ:

**یەکەم:** ڕوخسارێک (فۆرمێک) کە لە هەمەکی- سەرتاپاگیر پێکهاتبێ، ئەوکاتە دەکرێ چوارچێوەی فرمانی ئاکاریی بەو جۆرە دەربڕدرێ:

پێویستە بنەما و ڕێوشوێنەکان بە شێوازێک هەڵبژێردرێن هەروەک ئەوەی کە دەبێ بە شێوازی قانوونە گشتییە سروشتییەکان دەستبەکار بن.

**دووەم:** کەرەسەیەک، بە تایبەتی ئامانجێک، دەستەواژەکەی لێرە بەو جۆرە ناوەڕۆک دەردەبڕێ:

بوونەوەری ژیر کە بەپێی سروشتەکەی لە خۆیدا ئامانجە، دەبێ هەموو بنەماکان بۆ مەرجی سنووردارکردنی هەموو ئامانجە پەتییە ڕێژەیی و هەڕەمەکییەکان بەکاربێت.

**سێیەم:** بە تەواوەتی هەموو بنەمایەکان بەهۆی ئەو دەستەواژەیە و دیار و دەستنیشان بکات، بەتایبەتی: هەموو بنەماکان کە لە قانوون دانانی تایبەتییەوە کەوتوونەتەوە، دەبێ لەگەڵ کایە و دەڤەری شیاوەکی ئامانجەکاندا، هەروەک ئەوەی دەڤەرێکی سروشت بن بگونجێن و بێنەوە(٦٠).

فرمانی گریمانەیی پتر لە ئامۆژگاری کردەکی دەچێ و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە جۆری بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە بەبێ ئەوەی لافی پابەند بوون پێوەی لێ بدات، بەڵام ئەوی تریان شێوازی قانوونی هەیە و خۆی بە بنەماکانی ئاکار دادەنێت.

### سێ بنەماکانی فرمانی ڕەها

١- ئەوی تا ئێستا لە بارەی جیهاندیدی فەلسەفەی ئاکاری کانتەوە گوترا، دەکرێ بە ڕێبازی ئاکاری ڕوخسارەکی ناوببرێ، چونکە هەر لە سەرەتاوە سەرگەرمی ئەوە بووە دیاری بکات چۆن کردار- ڕەفتار بکرێت و ناوەڕۆک و ئامانجەکەی نەک هەر دەستنیشان نەکردووە، بگرە پشتگوێ خستووە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دیتمان لە فەلسەفە تیورییەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە لە توانایی ژیری مرۆڤدا نییە شت لە بارەی جیهانی سەروو سروشتەوە بزانێ، کەچی لە دەڤەری ئاکاردا دەرگای بۆ هێنانەوەی باوەڕ بە ئازادی خواست و بوونی ڕەب و نەمریی گیان (نەفس) خستۆتە سەرپشت! ئایا دەکرێ ئەو بڕوایە دوور لە ژیرە کە دەڤەری هەست و سۆز و ناخی دەروونە بە بەڵگە نەویستەکانی ئاکار دابنرێت؟! ئەگەر وەڵامەکە ئارێ بوو، ئایا ئەو جۆرە هەڵوێستە پاساوی سەربەخۆیی هزر و سەرنجدان، یان هی سەربەخۆیی کردار دەداتەوە؟!

- ئەگەر خواستی چاکەخواز و چاکە پێناسەکردنیان سووک و ئاسان نەبێ، ئەوە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ژیانیدا پابەندی زۆر کاروبار و قانوون و ڕێسایە، دەکرێ ئەو پابەند بوونە کە لە چوارچێوەی ئەرک و فەرماندا ناچێتە دەرێ و بگرە خۆی بووە بە ئەرک و فرمانی سەرشان.

کردارێک لە ڕوانگەی ئاکارەوە چاک دەبێت، ئەگەر لە هەست کردن بە ئەرک و فەرمانی سەرشانەوە کەوتبۆوە،

ئەوەش بەو واتایەیە، کە لەڕێزگرتنی قانوونی ئاکارەوە کەوبێتەوە. ئەو قانوونانە لە چەند بنەمایەکدا کۆ دەبنەوە کە کانت بە سێ بنەماکانی ئەرک و فرمانی ڕەها ناوی بردوون کە بەوجۆرەن:

**بنەمای یەکەم: باکردارت بەپێی ئەو بنەما و ڕێوشوێنە بێت کە دەکرێ لە هەمان کاتدا ببێ بە قانوونێکی هەمەکی-گشتی(٦١).**

ئەمە ئەو بنەمایەیە کە ژیری مرۆڤ بەگشتی لە بڕیاردانی کردەکی پراکتیکیدا مەیلی جێبەجێ کردنی هەیە. خواست کە توندوتۆڵ بە کردارەوە بەندە چاک دەبێ، ئەگەر توانایی بەدکاریی نەبێت و ئەگەر ڕێوشوێن و بنەماکانی، کاتێک دەبن بە قانوونی هەمەکی گشتی لەگەڵ خۆیاندا ناکۆک نەبن. ئەمە ئەو مەرجەیە نایەڵێت خواست لەگەڵ خۆیدا نەیەتەوە و نەگونجاو و ناکۆک بێت. ئەو جۆرە فەرمانە ڕەها و بێ سنوورە، هەروەها بەو بنەمایە فۆرمێک کە دەستبەکاری هەمەکی سەرتاپاگیرانەی بنەمایەکی بەرجەستە کردووە ناوەرۆکی قانوونێک نیشان داوە. ئەو بنەمایە سروشتی هەمەکی سەرتاپاگیرانەی هەیە، چونکە سنووری دەسەڵاتی خواستی تاک و تاکەکەس دەبەزێنێ و مافی جێبەجێ کردنی پێدەبڕێ. بەو بنەمایە قانوونی ئاکار و خواست لە بەرانبەر یەکتری دادەنێ لێرەوە دەکرێ هەنگاوێکی دیکە بهاوێژرێ بۆ ئەوەی مەرجەکانی دەستبەکاربوونی ئەو خواستەی قانوونی ئاکار دەیسەپێنێ و فەرمانی پێدەدات دیار و دەستنیشان بکرێن کەوابوو:

**- بنەمای دووەم: باکردارت بەپێی چەند بنەمایەک بێت کە لەهەمان کاتدا بتوانن و بکرێ خۆیان بکەن بە بابەتی چەند قانوونێکی هەمەکی- گشتی سروشت(٦٢).**

لێرەدا خواست بەهێز و پاڵنەری کارکردن دانراوە لەسەر بنچینەی بۆچوونی قانوون دامەزراوە. سروشتی ژیرانە بەوەدا خۆی لە شتی تر جیا دەکاتەوە کە ئامانج بۆ خۆی دادەنێ، ئەو ئامانجەش دەبێ بە کەرەسەی هەموو خواستێکی چاکەخواز، سروشتی ژیرانەش لەخۆیدا لە مرۆڤایەتی بەولاوە نییە، بۆیە دەبێ مرۆڤایەتی بە ئامانج لەخۆیدا دابنرێ و سەرنج بدرێت و بکرێ بە کەرەسە و ناوەرۆکی خواستی چاکەخواز بۆیە کەوابوو:

**بنەمای سێیەم: با کردارت بەرانبەر بە هەموو بوونەوەرێکی ژیر بەو جۆرە بێت کە لە بنەما و ڕێوشوێنە پەیڕەو کراوەکەتدا بە ئامانج نەک بە ئامراز دایاندەنێی(٦٣).**

دانانی مرۆڤ، بوونەوەری ژیر، بە ئامانج خۆی لەخۆیدا بنەمایەکی بەرز و باڵای ئاکارییە. ئەو دەستنیشان کردنە جۆرە ئەرک و فەرمان و ماف بۆ تێکڕای مرۆڤ دیاری دەکات و ئەگەر لە چوارچێوە ڕوخسارییە- فۆرمییەکەی بهێنرێتە دەرەوە بنەمایەکی دڵنیایی لێکراوی ڕێز لێک گرتنی بەرانبەر و یەکسانی و دادپەروەریی دەستەبەر دەبێت.

### ئەنجام

١- کانت لە بەرهەکانیاندا ڕەنگی نەخشەی جیهاندیدێکی هەمەڕەنگی بە پیت و پێزی ڕشتووە زنجیرەیەک بابەتی گرینگ لە چوارچێوەی وەرچەرخان و بارگۆڕینێکی ڕیشەیی کۆپەرنیکۆسیانەی گرتۆتە خۆی کە لە شیکردنەوەی ئامرازەکانی زانین و لێپێچینەوە لەژێر بە هەردوو بەشی لۆژیکی و ترانسندێنتالی دەستی پێ کردووە و بە ئاکار کۆتایی هاتووە. ئەڵقە پێکەوە بەستراوەکانی ئەو زنجیرەیە بریتی بوون لە:

- ژیر و تێگەیشتن.
- ئاکار.
- ئازادی.
- ئایین.

لەو ئەرکە ئەوپەڕی سەخت و ورد و گرینگەیدا ڕێگای ڕەخنە و ڕەخنەگرتنی گرتۆتە بەر و توانایییەکی لە ڕادەبەدەری لە گەیشتنە ئەنجامدا نیشان داوە.

کانت لە چوارچێوەی کۆشکی فەلسەفە ترانسندێنتالییەکەیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هزردا بە گشتی و لە فەلسەفەدا بەتایبەتی ڕێگای ڕەخنەکردنی ئامرازی ڕەخنەگرتنی گرتۆتەبەر. ڕەخنە کە خۆی میتودەیەکە دەبێ کەرەستەی توێژینەوەی هەبێ، لە جیهانی شمەک و ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەر هاتووە ئەو کەرەستەیەی لە ژێردا دیوەتەوە و کردوویەتی بەو بابەتە کە کۆشکەکەی پێ دروست کردووە. ڕاستە کانت ژیری کردووە بە دوو جۆرەوە، لە بەرانبەردا باسی دیاردە و شت لەخۆیدا کردووە کە دوو ڕاستی نیشان دەدەن، بەڵام وەک من بۆی بچم ئەو هەنگاوەی کانت تەنیا هەر لە شێوازی تاووتوکردنەکەیدا نوێیە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە هەردوو فەلسەفەی جولەکە و مەسیحی و

ئینجا فەلسەفەی ئیسلام کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، بێتـە سـەری، بە تایبـەتی لە تیـوری (فـیض)دا باسی جۆری جیاوازی ژێر کراوە. کێشەی بوونی دوو ڕاستی، ڕاستی باوەڕ (ئیمان) و ژێر لەو کێشە جەنجاڵ ئامێزانە بووە کـە سـەدان خـامـەی حـاخـام و کـەشـیـش و مـەلا مــزگــەوتەی پێــوە خــەریک بوون. لایبنیــتس لە بەرهەمەکانیدا ناوی دوو جۆرە ڕاستی هێناوە، ڕاستی ژێر و ڕاســتی هەڵکەوت. تا چەند کــانت ســوودی لەو سامـانە بە پێـزەی فـەلسـەفـەی پێش خۆی وەرگـرتووە؟ پرسیارێکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

٢- کێشەی بنەماکانی ئاکار لەلای کانت لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا گـۆڕانی بەخـۆیەوە دیوە. ئەو گـۆڕانە لە دوو خاڵدا بەرجەستە بووە:

**یەکەم:** بردنی قانوونی ئاکاریی و چاکەکاریی ئاکاری بەلای ڕێبازی ڕوخسارەکیدا.

**دووەم:** جێبـەجێ کردن و بەدیهـێنانی قـانوونی ئاکـار بەپێش مەرجێکەوە بەندە کە ئازادی پێدەگوترێ.

بوونی ئازادی بەها و بایەخ و ڕێز بە بنەماکـانی ئاکـار دەبەخـشێ و پاسـاوی چوونە ژێر باری کـار و کـردار و ئۆباڵکێشـان دەداتەوە. جیـاکـردنەوەی کـردار لە ئامـانج گـەوهەری ڕاستـەقـینەی سروشتی قانوون و ڕێساکـانی ئاکـاری دەرخســتــووە و دەربڕیوە. دەبێ بە چ پێـوەرێک کردارێک خەسڵەتی ئاکارییانەی پێ ببڕێ، ئەگەر لەپێناو مەبەستێکی تایبەتیدا کرابێ، جا ئەو مەبەستە سوود و قـازانج پێ گـەیشتن و دەسکەوت بێ، یان خۆپاراستن لە زیاد و بەد و بەدکاری.

چاکەکاری لە پێناوی ڕازی کردنی هێز و بوونەوەرێکی ترانسندێنتـالی سـەرووسـروشت، بۆ ئەوەی لە گـوناح و بەدکارییەکـان خۆش ببێ و پلەوپایە و جێگایەکی شیـاو لەدوای ژیان ببەخشێ بە هیچ جۆرێک ناچێتە نێو خانەی ئاکـارییــەوە هیچ ڕێز و بەهایەکی ئاکـارییـانەی ناوێ. لەکولتووری میللییدا گوتراوە، ئەگەر چاکەت بە دەستی ڕاست کـــرد، با دەســــتی چەپ پێی نەزانێ؟ ئایا مەسیحییەت چوار وەرزی ساڵ کاسبی دەکات و پارە کۆ دەکـاتەوە بۆ ئەوەی سـەردانی گـۆڕی یەسـوعی مـەسـیح بکات و ئەو مـاندووبوونەی ڕێگا و چەرمەسەری سەفەر دەکـێـشێ لە پیـاو چاکـیـیـەتی، یان مـەبەسـتی ئەوەیە یەسوعی مەسیح بۆی بپارێتەوە بەشکم لە گوناحەکانی پاک ببێتەوە، ئەمەیە کرداری ئاکارییانە؟! بێ گـومان نەء! چونکە کـارەکـەی- حەجەکـەی- ئامرازێک بووە لە پێناوی ئامـانج و مـەبەسـتـێکی تایبـەتیـدا کـە بە هیچ جۆرێک بەشێک نییە لە ڕێسا و بنەماکانی ئاکار. ئەو مەسیحییە بۆ ئەوە نەهاتۆتە ئۆرشەلیم، چونکە مەسیح لەوێ ژیاوە و لە پێناوی مرۆڤدا چوارمێخە کێشراوە.

٣- هەنگاوی یەکالاکردنەوە و بەلایەکدا خستنی کانت لە دەڤــەری پێــوەندی نێــوان ئاکــار و ئاییندا بڕیارە بوێرانەکـەی بووە کـە هەردووکـیـانی لەیەکــتـری جیـا کـردۆتەوە. پێـوەندییـەکی دەستـیـاوی، ناچاریی لەنێـوان قانوون و ڕێساکانی ئاکار و دۆگم و بنەماکـانی باوەڕ و ئاییندا نییە، جگە لەوەش کانت دەری خستبوو کە ئایین و زانست پێکەوە هەڵناکەن و بە ئاشکرا وتبووی، دەبێ زانست لابەرم بۆ ئەوەی جێگای ئیمان و ئایین بکەمەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕاستـە ئاکـار خۆیشی ناکرێ ببێ بە زانست، هەروەها ناشێ پشت بە بنەماکانی ژیری بێگەرد ببــەســتێ، چونکە ئەوکـاتە ئاکــار نامــێنێ، بەڵام ئەو بۆچوونە نابێـتـە مـایەی ئەوەی ئاکار لە دەڤـەری زانست پاشـەکـشێ بکات و بچـێـتـە نێـو پاوانی ئاییـنەوە. بە باوەڕی من ئاکـــار و ئایین دوو بابەتی لە یەکــــتـری جیاوازن، مەرج نییە ئەوی پابەندی بنەماکانی ئاکاربێت، پیــاوێکی ئیــمــانداریش بێ. بڕوا و باوەڕهێنان بە ئایینێک ئەوەی لێ ناکـەوێتـەوە کـە مـرۆڤ ملکەچ و گوێڕایەڵی بنەما ئاکارییەکانی ئایینەکە بێت.

پێــوەندی گــریمانە کــراوی نێــوان ئایین و بنەمــا و ڕێساکانی ئاکار هیچ جۆرە بنچینەیەکی ژیریی و لۆژیکی نییە. بڕوا بوون و ئیمان هێنان بە بوونی هێز و دەسەڵاتی بێ سنووری بوونەوەرێکی سەرووسروشتی ترانسندێنتالی کە دنیـای داهێنابێ ئەوەی لێناکـەوێتـەوە کە ئەوکەسە ئیمانداره پابەندی داب و ڕێوشوێن و دەستوورێک بێت و بەجۆرێک بجووڵێتەوە کە لە باوەڕهێنانەکەوە کەوتۆتەوە! ملکەچی و ترسان لەو هێزە و پەرستنی لەگـەڵ بیـرۆکـە ئازادی و داد دا نایەنەوە!.

٤- کـۆششی بە زانست کردنی مـیـتـافـیـزیـک هەر لە سەرەتاوە سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر ئەو کۆششەی گۆڕینی مـیـتـافـیـزیک ئامراز بێت، یان ئامـانج بە بنەمـایەکی بە هەڵە تێگەیشتن لە مـیــتــافــیـزیکەوە بەندە، ئەو بابەتە سەرەکییەی فەلسەفە میتودە و بابەتی خۆی هەیە و ئەو جیـاوازییـە سروشـتـە ڕەنگینە جوانەکـەی نەخشـاندووە، میتافیزیک بکرێت بە زانست، بەوەی میتودەکەی، یان

ناوەرۆکەکەی بگۆڕدرێ هیچی تر میتافیزیک نامێنێ و دەبێ بە شتێکی دیکە. میتافیزیک بابەتێکە لە پێداویستی ژیانی هزری و کولتووری مرۆڤەوە کەوتۆتەوە تاوەکو مرۆڤ و ژیان بمێنێ، ئەو پێداویستییەش هەردەمێنێ و میتافیزیک ڕەوایەتییەکەی دەمێنێ و کاڵ نابێتەوە.

ئەگەر پێش نەکەوتنی میتافیزیک لە چاو زانست بیانووی هەوڵدان بێت، میتافیزیک بگۆڕدرێ، دیسانەوە، پاساو نادرێ و ڕەوا نییە، چونکە میتافیزیک خۆی ئەنجامە، هۆکار نییە، ئەگەر ڕاست بێ، ژیر میتافیزیکی داهێنابێ، دەبێ لێی بپێچڕێتەوە! من وای بۆ دەچم کە میتافیزیک بە تەنیا هەر بابەتی ژیر نییە، بەڵکو پوختە و گەوهەری سروشتی بوونی مرۆڤە بە ژیان و کردارییەوە، هەست و سۆز و ناخی دەروونییەوە، بۆیە ئۆباڵی پەیدابوونی ئەو بابەتە دەکەوێتە ئەستۆی ژیان خۆی، ڕەخنەکردنی میتافیزیک بە نیازی بەپێزکردن و بەرەو پێشبردنی شتێکە و گازندەکردنی بە مەبەستی ئەوەی ببێ بە زانست پتر بەو لایەدا تەکان دەدات لە سروشت و توانایی مرۆڤ کە خۆی لەخۆیدا فرە ڕەنگییە، ژیرە، فامە، هەستە، نەستە، سۆزە، ناخی دەروون و بڕوایە وا بە هیچ جۆر و شێوازێک یەکڕەنگی بە ئاسایی پەسند ناکات، کەم دەکاتەوە. بوونی میتافیزیک بە بابەتە جیاوازەکانییەوە، بەسەرکەوتن و ساتمەکانییەوە بەشێکە لە بوونی هزری مرۆڤ خۆی و ئەو پرۆسە نەسرەوتە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ژیری مرۆڤ لەو ڕۆژەوە شانۆیە سەیروسەمەرەکەی ئادەم و حەوای بەسەردا سەپێنراوە! بەخۆیەوە دیویەتی: زانستپەروەری لەوەدایە دەرفەت بە میتافیزیک بدرێ لە کەشوهەوای ئازاددا گەشە بکات و پەرەبستێنێ، کانت وتەنی: هەڵنەمژینی هەوای پیس نابێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ دەستبەرداری هەناسەدان بێت!

٥- خاڵێکی پڕشنگدار کە لە جیهاندیدی فەلسەفەیی کانت دەدرەوشێتەوە بە فەلسەفەکردنی دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی سەرتاپاگیری فەڕەنسایە ١٧٨٩ز ئەو بە فەلسەفەکردنە بریتی بووە لەوەی دروشمەکان: ئازادی، برایەتی، یەکسانی، کە دەکرێ بە چاکسازی و ڕزگار دابنرێن لە دەڤەری سیاسییەوە هێنران بۆ نێو کەناڵی بیروهزر. کانت و دواتر ڕابەرانی ڕێبازی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان (هیگڵ، فیختە، شیلنگ) دەستبەرداری سیاسەت بوون و کۆشاون ئازادی لە جیهانی فەلسەفەدا بەدی بهێنن و جێبەجێ بکەن. ئامرازی ئەو کارەشیان ڕەخنەگرتن بووە، یان ئەگەر بشێ چەمکێکی سیاسی بەکاربهێنین دەکرێ بگوترێ، هەوڵیان داوە بە تەنیا بەهێز و توانایی بیروهزری دنیا بگۆڕن. کانت یەکەم هەنگاوی دلێرانەی لەو دەڤەرەدا هەڵگرتووە، هیگڵ و فیختە گەیاندیانە ئەنجام.

**پەراوێزی بەشی سێیەم:**


**46- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B.627., A.599).**
**47- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B.633., A.605).**
**48- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B.650., A.622).**
**49- Immanuel Kant., Ebenda (B.653., A.625).**
**50- Wilhelm Weischedel., Der Gott der Philosophen. WB. Darmstadt 1983. S.199.**
**51- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B. 274., A.226).**
**52- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B.275).**
**53- Immanuel Kant.,Prolegomena. (para.320) S.36).**
**54- Immanuel Kant., k.d.r.v. (B.56., A.39). (B.42., A.26), (B.50., A.34) ff.**
**55- Immanuel Kant., Ebenda. (B.52., A.35).**
**56- Immanuel Kant., Kritik der Praktischen Vernunft. Beschluss. Para. 162.**
**57- Franz Schupp., Geschichte der Philosophie. Bd.3. Meiner. 2003. para. 353. ff.**
**58- Immanuel Kant., Grundlegung der Metaphysik der Sitten. In: Werke in sechs Bonden. Bd.3. Kone- mann. Koln 1995. Erster Abschnitt. para.393. S.180.**
**59- Immanuel Kant., Ebenda. para. 414. S.207.**
**60- Immanuel Kant., Ebenda. para. 436. S.235.**
**61- Immanuel Kant., Ebenda. para. 437.**
**62- Immanuel Kant., Ebenda. S.236.**
**63- Immanuel Kant., Ebenda. S.237.**

# کوردستان چاوگەی شارستانیەتەکان بووە

عەباس سلێمان سمایل

بەهۆی کنەو پشکنینەکان دەرکەوتووە، تەمەنی مرۆڤی نیاندرتاڵ لە (٣٥) ملیۆن ساڵ پترە، بەڵگەش ئەو هێسک و پرووسکە دۆزراوانەی مرۆڤن، کە لە باشوور و رۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقیا دۆزراونەتەوە، کە زۆر لە مرۆڤی ئەمرۆ ناچن، دوور نییە ئەمانە لەناوچووبن، هەرچەندە هەندێک وای بۆ دەچن، هەر ئەمانە گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ و مرۆڤی ئەمڕۆیان لێ بە پاشکەوتبێ، ئیدی زۆر جۆری هێسک و پرووسکی مرۆڤ دۆزراونەتەوە، لەوانە جۆرێکی دیکە لە ئەفریقیا دۆزراوەتەوە، کە بۆ (٥٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەمەیان تۆزێک بە هێسک و پرووسکی مرۆڤی ئەمرۆ دەچێت، گوایە هەر ئەمانە لە ئەفریقیاوە بۆ کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیا رۆیشتوون و بڵاوبوونەتەوە، کەچی ئەویش جیاوازی لەگەڵ ئەو هێسک و پرووسکانەدا هەیە، کە بەم دواییە لە دۆڵی نیاندرتاڵی ئەڵمانیا دۆزرانەوە، کە بە مرۆڤی نیاندرتاڵ ناسراوە و بۆ پتر لە ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ هێسک و پرووسکی مرۆڤی ئەمرۆ جیاوازن، کە بە زاپیەن، یان کرۆمانیۆن ناسراون، بەڵام ئەو هێسک و پرووسکانەی، لە نیوەی دووەمی چاخی بەردینی کۆن دۆزراونەتەوە، کە بۆ دەوروبەری (٤٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە، ئەمەش لە رێگەی پشکنینی جیناتەوە ئەنجام دراوە، کە سەرەتا لە ئەفریقیاوە سەریان هەڵداوە و دەوروبەری (٣٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر شەپۆلێکیان گەیشتووەتە باشووری رووسیا و لە کازاغستان و دەوروبەری گیرساونەتەوە، دواتر شەپۆل لەدوای شەپۆل بەرەو هیندستان و قەفقاس بڵاوبوونەتەوە، شەپۆلێکیشیان بەسەر بەستەڵەکی

ئالاسکادا گەیشتوونەتە ئەمەریکا، ئەمڕۆ بە هیندییە سوورەکان دەناسرێن.
ئیدی ئەوانەی دەگەنە هیندستان بە درێژایی مێژوو شەپۆل لەدوای شەپۆل دەگەنە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا و دواتریش هەر لێرەوە شەپۆل لە دوای شەپۆل ژیار و شارستانی زاگرۆس و میسۆپوتامیا دەگوێزنەوە ئەوروپا، یەک لەمانە ئایینی میترایە، کە لە هیندستان گەیشتە کوردستان و لە کوردستانەوە گەشەی کرد و دواتر گەیشتە ئەوروپا و تا سەدەی سێیەمی زایینی لە ئەوروپا ئایینی فەرمی بوو، بەڵام دواتر گەلانی ئەوروپا لە ئایینی میتراییەوە چوونە سەر ئایینی مەسیحی و ئەمڕۆکەش میترا پەرستی تەنیا لەناو گەلی کورددا ماوە، لەوانە ئێزدییەکان و هۆزی (دوشل)ی زازا و یارسانەکانیش، هەر لە بنەڕەت میتراییینە و شیعەکانی هەر هەشت پارێزگەکانی شیعەنشینی باکووری کوردستان بە زازا و کرمانجەوە، تاکو ئەمڕۆ دابونەریتێکی زۆری میتراییان لەناودا ماوە، لەوانە ماچکردنی ئەو کەڤر و بەردانەیە: کە سبەینان خۆریان لێ دەدا، پارێزگەکانی (مەرەش و دیلۆک)یش سرووده ئایینییەکانیان بە ژەنینی تەمبوور دەچڕن وەک کاکەییەکان، ئەمانەش ڕەگێکی میتراییان هەیە.
هەروەها شێوەی بەخاک سپاردنی مردوو لەناو کووپەڵە و تابووتی شێوە سەندووقی و تابووتی بەردین و قوڕی نەخش و هێڵی پێچاوپێچی چەندین جۆری هەڵپەڕکێ، کە پێوەندییان بە سەمای میتراییەوە هەبووە، جا ئەم دابو نەریتانە لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا گوێزرانەوە و بەردەوامیش بەشێوەیەکی مۆدێرن گرنگی پێ دەدەن، چونکە لە کنە و پشکنینەکان ئەم جۆرە تابووت و هێڵە پێچاوپێچانەی کوردستان زۆر کۆنترە لە هەمان جۆری تابووت و هێڵە پێچاوپێچەکانی ئەوروپا.
هەروەها نیشانە و هێمای خۆری میتراو ڕۆژی لە دایک بوونی میترا کە (١٢/٢٥)ی هەموو ساڵێکە بۆ ئەوروپا گوێزرایەوە، دواتر تێکەڵ بە ئایینی مەسیحییان کرد، هێمای میترا (+)، کە ڕەمز و جەڤەنگی خۆرە، تیشکی خوارەوەیان درێژتر کرد و کردیانە خاچ و (١٢/٢٥) شیان کردە ڕۆژی لە دایک بوونی مەسیح و هێڵە پێچاوپێچەکەش ڕەنگی لە دیکۆری باخچە و نەخشی خانوو و بەرەو تابلۆی شێوەکاران و لاپەڕەی



**لە چەپەوە: د. سلاڤ گریگۆریڤ، د. ڤیا چیسلاڤ کۆتۆڤ، عەباس سلێمان سمایل، د. پیر دیا، د. لادا ئیڤاسکۆ**

زاخاوی مێشکی گۆڤارەکانە.
جا ئەگەر دانیشتوانی ئەمڕۆی کوردستان، نەوەی مرۆڤی نیاندرتاڵی (١٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر بن، یان نەوەی مرۆڤی کرۆمانیۆن-ی (٣٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر بن، ئەوە ژیان لە کوردستان بەر لە ئەوروپا هەبووە، بەهۆی مەرجەکانی ژیان و کەشوهەوای گونجاو و لەباری کوردستانەوە.
ئەم قۆناغەش واتە سالآنی دوای (٣٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر، کە بەچاخی مرۆڤی نوێ ناودێر کراوە. واتە لەم ڕێکەوتەدا مرۆڤ گۆڕان لە جەستە و بیر و هۆشیدا ڕووی داوە.
مرۆڤی نوێش ئەگەر بەرهەمی مرۆڤی گەشەکردووی مرۆڤی نیاندرتاڵی لەناو چووبێت، یان مرۆڤی دیکە بێت، قۆناغ لەدوای قۆناغ بەرەو پێش چووە، بە گوێرەی کنە و پشکنینی هێسک و پرووسکە دۆزراوەکان.
دواتر هەمان شێوەی هێسک و پرووسکی مرۆڤی نیاندرتاڵ لە چەندین شوێنی جیهان دۆزرایەوە، کە بۆ سەردەمی جیاجیا دەگەڕانەوە، لە کوردستانیشدا هەمان جۆری هێسک و پرووسک دۆزرایەوە، بۆ نموونە ئەوەی لە چیای بێستوون دۆزرایەوە، بۆ دەوروبەری (١٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕایەوە، هەروەها لەتەپە ئاسیای کرماشان هێسک و پرووسکی سالآنی نێوان ١٢,٠٠٠ - ١٠٠,٠٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دۆزرانەوە.
هەروەها ئەو هێسک و پرووسکانەی کە لە ئەشکەوتی شانەدەر و زەرزێ دۆزرانەوە، بۆ سالآنی نێوان (٤٥ - ٧٠) هەزار ساڵی لەمەوبەر دەگەڕێنەوە.

لە چەند ئەشکەوتێکی چیاکانی بەختیاری و باکووری ڕۆژئاوای شوشتەر چەند هێسک و پرووسکی مرۆڤ و هێسک و پرووسکی سەگێک دۆزرایەوە، کە بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێنەوە.جا بەهۆی ئەوەی هێسک و پرووسکەکانی ئەشکەوتی شانەدەر لەناو گۆڕدابوون، کەواتە (٧٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ لە قۆناخی چنینەوەی خۆراک دەستی بە نیشتەجێ کردن کردووە لە ئەشکەوتەکان و مردووی ناشتووە، واتە بەرەو ژیری ڕۆیشتووە.

کەوابێت سەرەتای ژیری و شارستانیەت لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە تا گەیشتووەتە ئەوروپا.

ئیدی دەبێت لەو ڕێکەوتە گۆڕانکارییەکی بایۆلۆژی تێدا ڕوودابێت و لە ئاژەڵان دابڕابێت، ئەم چاخەش بە چاخی بلیستۆسین ناسراوە، هەرچەندە هەندێک لە زاناکان ئەم چاخە بۆ (١٢٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر درێژ دەکەنەوە.

ئیدی مرۆڤ لە کوردستان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تا مرۆڤی زیرەکی لێ بە پاش کەوتووە، کە بەزاپیەن ناسراوە، جا هەر ئەم شارستانیەتە بوو بە ناوچەکانی دەوروبەر و ئەوروپادا بڵاوبووەوە، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ میللەتی کورد، کە کوردستان مەڵبەندێکی شارستانیەتی ئەمڕۆی جیهانە.

ژیانی مرۆڤی زیرەکیش بەسەر چەند قۆناغێک دابەش دەبێت، قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە بۆ ساڵانی نێوان (٤٠- ٥٠) هەزار ساڵی بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، بەر لەمە مرۆڤ ساڵانێکی دوور و درێژی بەبێ دەستکاری بە بەکارهێنانی بەرد و دار بەسەر بردووە، بەڵام لەم قۆناغەدا بەرد و دارەکەی ڕێک دەخست، کە بۆ بەکارهێنان شیاو بێت، وەک دروستکردنی چەقۆ و چەکوش و شتی دیکە و دەسکی بۆ دروست دەکردن، کەواتە لێرەدا چاخی بەردین دەست پێدەکات. بۆ نموونە جۆرە داسێک دۆزراوەتەوە کە لە بەردی گرانێت دروست کراوە و بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە، هەروەها ئاگر لەم قۆناغەدا دۆزرایەوە، لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا مرۆڤ فێری هەڵکەندنی وێنە بوو لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئەو شوێنانەی، کە ئاژەڵی دڕندەی تێدا بوایە، وەک شێر و پڵنگ، وێنەیان هەڵدەکەندن، لەو شوێنانەی نێچیری وەک مامز و بزنەکێوی تێدا بوایە وێنەیان لەسەر شاخەکان هەڵدەکەند، نموونەشمان زۆرە لەمانە لە کوردستان وەک بزنە کێوییە هەڵکەندراوەکەی جزیرە و بۆتان، کە بریتییە لە هەسپێک. لە غارقبەی کرماشان- یش شوێنەواری ئەم چاخە دۆزرایەوە، کە بۆ ٤٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، هەر لەم قۆناغەشدا بیروباوەڕی ئایینی سەری هەڵدا و مێژووی ڕێباز و ڕێڕەوی مرۆڤایەتی لە کوردستان گۆڕا، هەر لەم قۆناغەدا ئامێرەکانی چاندن و کشتوکاڵ کردن، بۆ باشووری عیراقی ئەمڕۆ گوێزرانەوە.

چاخی بەردینی نوێ: لەم چاخەدا واتە لە کۆتاییەکانی هەزارەی نۆیەم و سەرەتای هەزارەی هەشتەمی پێش زایین گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤدا ڕووی دا بەهۆی ئاوایی دروستکردن و دۆزینەوەی کەرەستەی نوێتری کشتوکاڵکردن و ماڵی کردنی ئاژەڵەوە، سەرەتاش ئەم گۆڕانکارییە لەکوردستان دەستی پێ کرد، بەڵام لە باشووری میسۆپۆتامیا گەشەی کرد و لە ساڵانی ٥٤٠٠ بەر لە زایینی ژیانی شار سەری هەڵداوە، جا ئەم چاخە ساڵانی نێوان ٩پ.ز- ٥٦٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە. ئەم چاخەش هەرچەندە بە چاخی بەردینی نوێ ناودەبرێت، بەڵام مرۆڤ لەو سەردەمە بە پیشەسازی سیرامیک ئاشنابوون، بۆ ڕێژە و پێژە و خواردن و خواردنەوە، وێنە و نەخشو نیگاریشی لەسەر دروست دەکرا، ئاژەڵ بەخێوکردنیش بۆ دەوروبەری نۆ هەزار ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوە.

نموونەش بۆ ئەمە هێسک و پرووسکی ئەو ئاژەڵانە و کەلوپەلی بەخێوکردنیانە، کە لە چیای ئویتوی ئامەد (دیاربەکر) و گەنجی دارای کرماشان و گوندی چەرمۆ دۆزراونەتەوە. کەلوپەلی لە قوڕ سورەوەکراویش بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ شاندێکی چوار کەسی لە ڕووسیاوە بۆ مەبەستی چەند لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری دێرین هاتبوونە کوردستان و چەند پارچە گۆزەیەکیان لە ئەشکەوتی بێستوونی نزیک شارۆچکەی سۆران دۆزیبوەوە، کە بۆ نۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕانەوە، لە کۆتایی ئەم قۆناغەشدا کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو، واتە سیرامیک زۆر پێشکەوت و نەخشو نیگاریشیان لەسەر بەرد و سیرامیک هەڵدەکەند.

هەروەها شوێنەواری ئەم قۆناغە لە (چغامیش و چغانەبیل)ی خوزستان و تەپەموسیانی باشووری ئیلام و

سورخ دەمی لوڕستان دۆزرانەوە.

هەروەها لە چاخی بەردینی نوێ مێ پەرستی سەری هەڵدا، هەر شتێک بەروبوومی هەبوایە، حیسابی مێینەیان بۆ دەکرد و دەپەرسترا، وەک دارودرەخت و ئافرەت، جا بۆیە لەپاڵ هەڵکەندنی وێنەی درەخت لەسەر ئەشکەوت و تاشەبەردان پەیکەریان بۆ ئافرەتیش دروست دەکرد، یان لە تاشەبەردان هەڵدەکەندران، بەتایبەتی ئافرەتی دووگیان، کە ئەندامەکانی مێینەی زۆر بە زەقی بەدەردەکەوت وەک سینگ و.. ئەمەش گرنگی دانە بە پیتی و بەرەکەتی ئافرەت، بەم دواییەش زۆر لەم پەیکەر و هەڵکەندراوانە لەناوچوون، کە حیسابی بت و سەنەمیان بۆ دەکرێت.

لە هەورامانیش هەڵکەندراوی سێ بزنە کێوی و سەگێک دۆزرانەوە، کە بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێنەوە، لە ئەشکەوتی (بیرکا)ی زێباریش وێنەی مەل هەڵکەندراوە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ پسپۆڕانی شوێنەوار چاویان پێ نەکەوتووە، دوور نییە پێوەندی بەم قۆناغەوە هەبێت. لە چیای مەقلوب (کوختی)یش ژمارەیەک هەڵکەندراوی مرۆڤ و جەڤەنگ و هێما دەبینرێت، کە هەندێکیان پێوەندییان بە چاخی بەردینی نوێوە هەیە.

چاخی مس (سفر): ئەم چاخە ساڵانی نێوان (۳۵۰۰- ۲۵۰۰پ.ز) دەگەڕێتەوە، لە لوڕستان شوێنەوارێکی زۆری ئەم سەردەمە دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی کەرەستەیەکی زۆری لە مس دروستکراو، لەوانە لغاوی هەسپ و قاپو قاچاخ، کە بۆ ساڵانی ۱۷,۰۰۰ پ.ز و سەردەمی ئیلامییەکان دەگەڕێتەوە. لە گوندی منارەی بن زوورگە زراو دوای ئازادبوونی عیراق ماڵی سیامەندی موختاری گوند هەندێک خشڵی لە سفر دروستکراویان دۆزیبووەوە، لەنێوان گوندی حەزە و دوستەپەشی لە دەشتی هەولێر لە دوو جێگە، کە جێگەیەک هەندێک خشڵیان دۆزیبەوە، کە لە سفر دروست کرابوو، لە شوێنێکی دیکە چەند قاپو قاچاخێکی لە سفر دروستکراویان دۆزیبووەوە، بۆ دیاری کردنی سەردەمەکانیان پێویستە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بەدوایدا بچێت، هەروەها لە گوندی قەسرێ یەکێک کوپەڵەیەک خشڵی لە سفر دروست کراوی لەگەڵ چەند دەرزی و مۆرێکی لەژێر زەوی دۆزییەوە، هەروەها لەم چاخەدا نووسینی بزماری لەلایەن ئورارتوو و سۆمەرییانەوە سەری هەڵداو چەندین نووسراویان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت، بۆیە ئەم چاخە بە چاخی مێژوو ناو دەبرێت، ناوەڕاستی ئەم قۆناغەش بە شارستانی هەلەف ناسراوە، کە بیناسازی تێدا پێشکەوت، زیاتر بە شێوەی گومبەت، هەروەها کۆشکیش دروست دەکراو قاپو قاچاخی سیرامیکیش ڕەنگ دەکرا.

تا ساڵانی پەنجاکان لە گوندە دەشتاییەکانی کوردستان لەم جۆرە خانووانە دەبینران، بۆ نموونە هەردوو گوندی قوتانی سەروو، قوتانی خوارووی باکووری ڕۆژئاوای کەرکووک بەم جۆرە دروستکرابوون، تاکو ئەمڕۆش لە دەوروبەری حەڕات-ی باکووری کوردستان لەم جۆرە خانووانە ماون، هەروەها شوێنەواری ئەم قۆناغە لە تەپە گیانی نەهاوەند و تەپە جەمشیدی هیرسین و تەپە هورای ڕۆژئاوای هەمەدان دەبینرێت، لەوانە گۆڕستانێکە لە نەهاوەند، کە لەسەر تەنیشتی چەپ و بە جلەکانیانەوە مردووەکان نێژراون.

**چاخی مەفرەق (مەفرەغ- مەعدەن):**

چاخی مەفرەق ساڵانی نێوان (۲۵۰۰- ۱۵۰۰ پ.ز) دەگەڕێتەوە، لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات شوێنەوارێکی زۆری ئەم سەردەمە دۆزراونەتەوە. واتە لە لوڕستان. شوێنەوارەکانیش بریتین لە کەلوپەلی سواری و مۆر و قاپو قاچاغ.

هەر لەم چاخەدا بوو شارستانی میتانی باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کێشا، بە تایبەتی ناوچەکانی نێوان کەرکووک و دەریای سپی ناوەڕاست لە ئەسکەندەرۆنەو ئەنتاڵیا.

شوێنەوارێکی زۆری میتانییان لە نوزی و سەروکانی و ئاڤرین (دۆزراونەتەوە) لە کەلوپەل و بیناسازی، ئیدی لە هەزارەی دووەمی پێش زایین کۆمەڵەی دووەمی گەلانی هیند و ئێرانی بە دوو قۆناغ کۆچیان بۆ کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر کرد و شارستانییان دروست کرد، کۆمەڵەی یەکەم بریتی بوون لە گەلانی میتانی و کاسی و لۆلۆ. دواتریش کۆمەڵەی گەلانی ئیریەن ڤاج بوو، کە بریتی بوون لە نۆ هۆز کە یەک لەمانە میدییەکان بوون.

زۆرجاریش بە کۆمەڵەی یەکەم دەگوترێت کۆمەڵەی

هیند و ئەورووپی، کە زمانی هۆری تێدا ناسراوبوو، بەڵام دواتر زمانی گەلانی ئیریەن ڤاج لە کوردستان جێگەی زمانی هوری دەگرنەوە، قۆناغی ئاسنیش ساڵانی نێوان (١٥٠٠- ٥٥٠) پێش زایینی و دروست بوون و ڕووخانی دەوڵەتی ماد دەگرێتەوە.

ئیتر ژیار و شارستانی لە کوردستان بەردەوام بووە، تەنیا لەو کاتانەدا وەستاوە، کە کوردستان کەوتووەتە بەر پەلاماری داگیرکاران، هەر چاخێک و سەردەمێکیش لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێت.

**پەراوێزەکان:**

* شوێنەوارناسان تاکو ئەمڕۆ کۆک و یەک بیروڕا نین لەسەر دابەشکردنی قۆناغەکانی شارستانی، هەندێکیان ساڵانی نێوان (٤٠,٠٠٠- ١٢٠,٠٠٠) بە قۆناغی نیاندرتاڵ دادەنێن، هی واش هەیە ساڵانی دەوروبەری ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر و هی واش هەیە ساڵانی ٧٠ تا سەدان هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بە قۆناغی نیاندرتاڵ دادەنێت.

* ئێزدییەکان، لە شاردنەوە و ژێرخاک کردندا ڕووی مردووەکانیان لە خۆرئاوا دەکەن، ئەمەش دابونەریتێکی میترابییانە، هەروەها میترابییەکان هێڵی پێچاوپێچیان لەسەر تاشەبەردان هەڵدەکەند، کە لە ناوەندەکەی هێمای کۆ (+)یان خەپڵەی خۆریان هەڵدەکەند و دەرگەی هێڵە پێچاوپێچەکەش لە خۆرئاوا بووە، نیشانەی (+)، یان خەپلەکەی نیشانەی خۆری میترایە و هێڵە پێچاوپێچەکەش نیشانەی ڕۆژگار و تەمەنی مرۆڤە، ڕووکەشی، یان دەرگەکەی کە لە خۆرئاوایە، واتە لە ئەنجامدا خۆر لە مرۆڤ ئاوا دەبێت و دەمرێت، جا کێلیکیش لە گۆڕستانەکەی دوین هەمان هێڵی پێچاوپێچی میترایی لەسەر هەڵکەنراوە، ناوچەکەش لە کۆنەوە ناوچەیەکی ئێزدی نشینی بووە، تا ساڵی ١٨٣٧ ئێزدی تێدا هەر مابوو، کەواتە دەبێت ئەم کێلە کێلی گۆڕێکی ئێزدی بێت.

هەروەها هێڵێکی دیکەی چەماوەی لەم جۆرە لەسەر دەشت لە ژێر زەوی دیترایەوە کە بەوردە بەرد دروستکرا بوو، کە بۆ ساڵانی (١٠٠٠) پ.ز دەگەڕێتەوە.

* میترای خوداوەندی خۆر بەلای هەندێک لە پسپۆڕان فریشتەیەک بوو، ئەم نیشانەیە (+) تاکو ئەمڕۆ ماوە وەک لە دەرگای مووسڵ و ئامێدی دەبینرێت.

* میترا لە سەدەی سێی زایینی دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئایینی مەسیحی و لە ئاوێستاشدا میترا ئێزەدی ڕووناکییە بەناوی (هۆرە خشە ئیتا)، هەروەها گوڵا بنەفشۆکیش نیشانەیەکی میترابییە و لای ئێزدییەکان پیرۆزە، وەک گوڵا نیسانێ.

* سواستیکا (هێمایەکی کۆنی چەماوە) لەسەر چرایەکی ئێزدی وێنە کراوە کە هەمان نیشانە و جەڤەنگی خۆری پرشنگداری میترایە.

* پەرستگەی ئایینی میترا هەمیشە لەناو دارستان بووە، زیاتر داری کاژ و زەیتوونی لە دەوروبەری چێنراوە پەرستگەی ئەمڕۆی (لالش)یش لەدۆڵی لالش لەناو دارستان هەڵکەوتووە و درەختی زەیتوونیش پیرۆزە لایان و ڕۆنەکەشی لەکۆگەی ڕۆنی زەیتوون لەلالش بۆ داگیرسانی چراکانی ناو پەرستگەکە دەپارێزرێت.

خانزادی میری سۆرانیش لە مزگەوتەکان زۆر گرنگی بە دارچاندن دەدا، بۆ نموونە سێ دار چنار کە خانزاد چاندوویەتی لە شەقڵاوە و مزگەوتی هیرانی و مزگەوتی قەڵا سنجی خواروو هەر ماون.

* بەهۆی کنە و پشکنینەکان وا پێدەچێت شارستانی ئیلام بەر لە شارستانی سۆمەر سەری هەڵدابێت و گەشەی کردبێت، کە تاکو ئەمڕۆ شوێنەواری پێشکەوتووی ئیلامییەکانیان لە ٥,٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین لە شاری شۆشا دۆزیوەتەوە، هەروەها جۆرە نووسینێک دۆزراوەتەوە کە تاکو ئەمڕۆ نەخوێنراوەتەوە، دوور نییە هەموو ناوە جوگرافییەکانی شۆشی، سوسێ، سوسناوا، شۆشێ لە ڕێگەی شارستانی ئیلامییەکانەوە گوێزرابێتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی دێرینی شارستانی ئیلامە، کە شاری شۆشا ناوەندەکەی بووە لە خوزستانی ئەمڕۆ.

* مەرگە کە بە شوێنی گەورە پیاوان و میری ئێزدییان دەگوترا لە میتراگەوە هاتووە، واتە پەرستگەی ئایینی میترا.

* ئەو چیرۆکانەی لەسەر (دێو) دەگوترێت لە کوردستان، کە بەهێز و نا ڕۆشنبیر بوونە، پێدەچێت هەمان مرۆڤی نیاندرتاڵ بێت و مرۆڤی زاپیەن (مرۆڤی مانان)ی لەناو برد. لە کوردستانیش بەچەند ناوێک ناوی دەهێنن وەک دێو، پیر هەڤوک، پیر هەولک،..

دێوێک لە دۆڵی بالیسـان لەناو ئەشکەوتان ژیاوە، کـە ئەوان (پیـر هەولک)ی پێ دەڵێن، لەو کـاتەی شەوێک ئافرەتێک بەشەو بەرەو کانی دەڕوات بۆ کۆر کردنێ، ئەو شـەوە مـانگەشـەو بووە و ئافـرەتەکـەش وای زانیـوە بەرەبەیانە، کـاتێک پیر هەولک ئافرەتەکە لەسەر شانی دادەنێت و دەیرفێنێت و بە چیادا هەڵدەگەڕێ و خەڵکی گوندەکەش لە هاواری ئافرەتەکە بە ئاگادێن و سەر لە دوو دێوەکە دەنێن، ئینجا پیر هەولک ئافرەتەکە فڕێ دەدات و دەڵێت:

**یارمەتێ یارمەتێ**
**زیزم گرتیە پێم ناڕەتێ**
**لەو هەویەی بە پژکۆژە**
**لە ژنکێ وایە ڕۆژە.**

لە ڕواندزیش تاکو ئەمڕۆ منداڵەکـانیـان دەترسێنن و دەڵێن مەچنە خەرەندێ دێوی تێدایە، هەروەها دەڵێن لە گوندی ئاکـۆیانی بن ڕەواندز دێو هەبوو، (ئاکـۆ)ش لە ئەکوان دیەوە هاتووە.

* کاکەییەکـان ئەمڕۆ ژمارەیان لە جیهـان دەوروبەری (١٥) ملیـۆن دەبێت، کـە بەناوی کـاکـەیی، یارسـان، ئەهلی حەق و بەگداش و ئەسرانی دەناسرێن.

زاناکـان بە مـیـترایـیـان دەزانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێکیان بوونەتە زەردەشتی، دابو نەریتی زەردەشتیان تێکەڵاو بووە، بۆیە ئەمڕۆ ئایینی یارسان بە پاشماوەی ئایینی زەردەشتی دەزانن.

* چغـا بە زاراوەی لوڕی واتای گـرد دەگـەیەنێت چغـانەبیل= گردی نەبیل. لە کەندێناوەش گردێک هەیە بە ناوی چەغەمبیرە کە لە چغامبیر هاتووە، کاتی خۆی هۆزی سنجـاوی، کـە هۆزێکی لوڕن ئاوەدانیـان کردووەتەوە، لە تۆماری حکوومەتی عـیراق ناوەکـە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕراوە و بووەتە (تل المبیره).

**سەرچاوەکان:**

**١- تاریخ تمدن مشرق زمینی/ گـاهوارە تمدن- بخشی دوم/ هندو همسایگانش/ ویل دورانت/ ترجمە مهرداد مهرین/ تهران- نیویورک- ١٣٣٧.**

**٢- زبان شناسی و تاریخ کردستان/ بهزاد خوشمالی/ همدان - ١٣٧٩.**

**٣- دیانت زرتشتی/ مجموعە سەمقالە / و-فریدون وهمن/ تهران ١٣٤٨.**

**٤- اساطیر ایران باستان/ از: عصمت عرب گلپایگانی/ تهران- ١٣٧٦.**

**٥- دانشنامە مزدیسنا/ دکتر جیهانگیر اوشیدری/ تهران- ١٣٧١.**

**٦- هەندێک شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان/ کەمال نووری مەعروف/ سلێمانی، ٢٠١٠.**

**٧- شارستانیەتی خوریەکان/ گێرنوت ڤیلبێهێم/ و. بە عەرەبی ئارام جەلال هەمەوەندی/ هەولێر ٢٠٠٩.**

**٨- دیانەیەک لەگەڵ شاندێکی ڕووسی پسپۆڕ لە شوێنەوار لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٧ سازدرا کـە بریتی بوون لە: د. سـلاڤ گریگۆریڤ و د. ڤیا چیسلاڤ کۆتۆڤ و د. پیر دیا و د. خاتوون لادا ئیڤاسکۆ، تەنیا پیر دیا پسپۆڕییەکەی مێژووی کۆن و ناوەڕاستی کوردستان بوو و کوردێکی ئێزدی گورجستان بوو، کە لە زانکۆی تەبلیس مامۆستای بەشی مێژووە.**

# ناڤونیشان د جیهانا چیرۆکێ دا

**عەبدولڕەحمان بامەڕنی**
**(دهۆک)**


نڤیسینا هەر تێکستەکی، ب خودیێ وی تێکستی ڤە گرێدایییە ئەوێ ب وێ نڤیسینێ رابووی، ئایا ئەو کەسێ هە خودان چ پاشخانەیەکا هزری، رەوشەنبیری و مەعریفی یە؟ چ ئەو رەوشەنبیری یە د بیاڤێ سیاسەتێ یان کۆمەلایەتی یان تەکنەلوژیایێ و ئابووری دا بیت یان ژی گرێدای سەربور و خواندن و دیڤچوون و دگەل بەهرەمەندییا وی و سنعەتکارییا وی کەسی بیت، ئەوێ ب وێ نڤیسینێ رابووی، ئەگەر هات و هەلسەنگاندنەک بۆ بهێتە کرن. ئەگەر تێکست زێدەتر گرێدای رەوشەنبیریەتێ و میتودا رەخنەی و ڤەگێڕانا رابردووی و مێژوو و ئەڤرۆیا خودانێ تێکستی و سەربور و شوین تلێن وی بیت، ئەوان تێکستان چانسەکێ زێدەتر هەیە کو خواندەڤان ل سەر بڕاوەستن و ب چڕتر بخوینن، ژبەرکو رەوشەنبیرییا وی و فەرهەنگا وی بەرفەرهترە ژ هەڤبەرکرنا تێکستەکێ دی کو خودیێ وێ ژڤی لایەنی ڤە هەژار بهێتە نیاسین. مەرج نینە چیرۆکنڤیسی یان شاعری دنیایەکا بابەتێن رەخنەی خواندبیت، زێدەتر بەرهەمێن وان ڤەرێژا ئەزموونا ژیان و گەڕیان و بەهرەمەندییا وانن دداڕێتنا بەرهەمێن خودا، پێنەڤێت ئەڤ ڤەرێژا هەژی ژ ئەنجامێ ماندیبوون و ڤەخواندنا ئەکادیمییا وانە و جۆرێ دەستنیشانکرنا وێ خواندنێ یە و مژویلبوون و سنعەتکارییا وان. لدۆر ڤی بنەمای ژی هەر بەلاڤۆکا دەرکەڤیت چ رۆژنامە، کۆڤار یان پەرتووکەک بیت، بەرپەڕێن وێ ژ مانشێت و ناڤونیشانێن سەرنج راکێش دپڕن، چ ئەو ناڤونیشانێن هە یێن رۆژنامەڤانی بن چ ژی بابەتێن رەوشەنبیری، سیاسی، ئابووری یان جڤاکی بن، چ ژی ناڤێن بەرهەمێن ئەدەبی وەک کورتە چیرۆک، شعر و رۆمانان بن.

هەر خـوێندەڤـانەک دەمـا کـو بەرپەڕێن بەلاڤـۆکـەکێ ڤـەدکـەت، ل دویڤ حـەز و ئارەزوویا خـوە، بەرپەڕان دقولپینیت و دناڤـدا دچیتە خـوارێ، مانشێت و ناڤێن نڤیسەران دخوینیت و بۆ دبنە دەستپێکەک و لێزڤرینەک، ژ بۆ وان بابەتێن وی بۆ خواندنا خوە دەستنیشان کرین. لڤێرە نە مەرجە ئەو ناڤ بتنێ یێن نڤیسەری بن یان ژی ناڤونیشانێن بابەتان یان ژی ب کورتیەکا دی، بتنێ ئەو ناڤێن سەرنج راکێش، دبنە جهێ سەرنجا وی و خواندنێ. ل ڤێـرە هەر نڤیسـەرەک هەولددەت، گرێدانەکێ بێختە دناڤبەرا خواندەڤایی و مانشێتێ بابەتێ خوە دا، کو ئەو ناڤێ هە، ببـیـتـە خـالەکـا بەسـتنێ دناڤـبـەرا وی و خواندەڤایی دا.

یەک ژ خەسلەتێن بابەتێن سەرکەفتی ژی راکێشانا خواندەڤاییە کو ژ وی بابەتی نەبۆریت، ژبەر ڤێ چەندێ، دانانا ناڤێ بابەتی، گەلەک یێ گرنگە و دڤێت نڤیسەری ئەو شـارەزاییـە هەبیت کـو ب هۆسـتـاکـارانە ناڤـەکێ هەلبژێریت، کو نەهێلێت ئەو کەسێ ل سەر بابەتێ وی را دچیت، ژێ دەرباز ببیت.

هەمی کـەس، حەز ژ خـواندنا وان بابەتان دکـەن، یێن بشێن دگەل دا، بخو تام و چێژەکێ ژێ وەربگرن، زێدەتر ژی مـەرەمـا من، بەرهەمـێن ئەدەبی نە، وەک (رۆمـان، شعر، کورتە چیرۆک و دەقێن ئەدەبی). ئەڤ کەسێن هە، حەز دکەن چێژەکێ ژوان تشتێن نێزیکی هزرا خوە، ژوان نڤیـسـینان وەربگرن، ئەو تشـتـێن د هزرا وی دا و وی بخوە هەست پێنەکری، یان ژی ئەو تشتێ هە د هزرا وی دا بویە و دجهەکێ نخافتی دا ژ مێشکێ وی، یێ ڤەدەر بویە. خواندەڤا دەما دگەل بەرهەمێن ئەدەبی دبیتە ئێک لەش و ئێک هزر، حەز دکەت وی ژی خـەیالەکا بەرفرەهـ دگەل ئافرێنەری هەبیت، چەندین مێرگێن د وی بەرهەمی دا، لبـەر سینگێ خوە دبینیت، وی ژی ئەو مـێرگ تێدا هەبن، جهێ گەڤزکێن وی، لێگەریانێن وی یێن هزری، بێهن ڤەدانێن وی تێدا هەبن، دگەلدا دخەیالا ئەدیبی دا خـوە ببـینیت! بەلێ هەر کـەس نەشێت وی بەر و بیـاڤێ هزری بخـوە پەیدا کـەت، ژ بەر کـو پەیداکرنا خـەیالەکا بەرفرەهـ کورتکرنا بەر و بیاڤێ دورهێلی یە، یێ ئەو تێدا دژیت و پەیداکـرنـا وی بەر و بیـاڤی، نە گـونجـاندن و نە وێرەکیـیا دەربڕینا هزرییە لدەڤ وی. ئەگەر ئەڤ بۆچوونا ل سـەری لدوور ناڤـونیـشـانی بیت و گـرنگیـا وی بۆ هەر بابەتەکێ ئەدەبی، کـو مـە وەک دەروازەیەک بۆ خـوە هەلبژارتی بۆچوونا ناڤ جیـهـانا چیـرۆکنڤیـسەکی و کا ئەوی چاوان ڤیـایە چیـرۆکێن خوە بناڤ بکەت و سەرنجا زێدەترین خـاندەڤا بۆ خوە رابکێشـیت، نوکـە دێ بەرەڤ خـەیالێ ڤـە چین و تایبـەتمەندییـا چیـرۆکنڤـیـسی، د هەلبژارتنا ڤان ناڤان دا بۆ چیرۆکێن خوە.

هەبوونا خـەیالێ دجیـهـانا چیـرۆکـێن (عـەبدولخـالق سـولتـانـی) ی دا و ب تایبـەت ئەگـەر مـرۆڤ ل ناڤـونیـشـانێن چیـرۆکـێن وی تەمـاشـە بکەت، دێ نێزیکیەکێ و هەڤبەندیەکێ د دانانا ڤان ناڤونیشانان دا بینیت، جیهانەکا جودا ژ کەسێن دی، جیهانەکا ب وی بتنێ ڤە گرێدایی، جیهانەکا ژ بچویکاتی بخوە ئاڤاکری. دێ هەولدەین دڤێ نڤیسینێ دا، ل وێ جیـهـانێ ڤەکۆلین و ئەو چ تشتە چیرۆکنڤیسی پالددەت کو وی جیهانەکا تایبەت جوداتر ژ کەسانێن دیتر، هەبیت. ناڤونیشان د ڤان چیرۆکان دا زێدەتر (ئەفسانەیی، چیڤانوک، شەڕێ دێوا و پیـرهەڤی، ژمـەچێـتـران، ترس گـرگـرا عـەڤـرا و گورمێنا بریسییا و سەهما گورستانێ)، کو هەمی بەرەڤ ئاراسـتـەیەکی ڤـە دچن، ئەو ژی، پەیداکـرنا رویدانان،



رویدانێن نه سـروشـتی. یان ب رامـانەکـا دی، ئەو رویدانێن ب دورهێلێ ئەم تێدا دژین دگرێدای نەبن، بۆ خەلکی ئەو رویدانێن هە د کەهی و دسروشتی نەبن. ئەگەر زێدەتر ژی ئەم ل سەر خەیالێ راوەستین، ئەو جیهانە ژ ئەنجامێ ڤییانا تشتەکی و ئەو تشت پەیدا نەبووی، یان ئەو تشت بدەست ڤەنەهاتی، باراپتر ژی خەلکێن دی هەست دکەن، ئەڤ مرۆڤێن خەیالی نەدروستن یان کو ب دیتنا وان ئەو دجیهانا وان دا ناژین، هەر ئەڤ چەندە یە ژی، تام و چێژەکا ژ جۆرەکێ دی ددەتە بابەتێ مە، کا ئایا چیرۆکنڤیس یێ خەیالی یە یان ژی مرۆڤەک سادەیە و خوە د بن خەیالێ ڤە ڤەشارتی یە و ڤیایە یاریان ب دورهێلی و پەیڤان بکەت.

هەر کەسەکی هندەک ژ بیرهاتنێن زارۆکینییا وی دگەل دا ماینە، ئەگەر تەماشای چیرۆکێن (سولتانی) ژی بکەین، پیرهەڤی، قەفقاسی و ئەو تشتێن زاروک پێ دهاتنە ترساندن، کو بتنێ ژ خانی دەرنەکەڤیت، ب تایبەت د ژیانا گوندان دا و دەمێ کارەب وەکو ئەڤرۆ نەی، ژیان برەنگەکێ دی بوو، کۆلان دتەنگ و تاری بوون، هلنگافتن و گیانەوەرێن ب ئازار، وەک مارا و سا و هندەک جاران گورگان ژی ترس و سەهما خوە پەیدا دکرن و نە ئارامایییەک بۆ دلێ دایکان ل دوور زارۆکێن وان پەیدا دکر! ئینانا (قەفقاسییا) کو زارۆکان دکەنە د دەرپێن خوە دا و بۆ خۆ دبەن، ئێک ژ وان ترساندنا بوون کو ڤان دایکان بەرگرییا زارۆکێن خوە دکر، کو بتنێ ژ دەروکێ خانی دویرنەکەڤن. رەنگە ژیانا زارۆکینییا چیرۆکنڤیسێ مە ژی د ڤان بوویەران دا بوری بیت و تا نوکە ژی کارتێکرنا خوە ل سەر ئالیەکێ مێشکێ وی هێلا بیت، کو نەشیایە خوە ژێ قورتال بکەت، یان ژی ڤیایە وان تشتان دوبارە بکەت و تێکەلی خەیالێ و چیرۆکێن خوە بکەت.

ئەگەر ل کورتە چیرۆکا (جیهانا دێوێن خوین مێژ) تەماشە بکەین، ژبەر کو دێو مشە د چیرۆک و چیڤانۆکێن کوردی دا هاتینە و ئەڤ دێوە ب گەلەک رەنگان هەنە، (دێوێن رەش، سپی، سۆر، دێوێن باڵەفڕ، دێوێن دووسەر و تا حەفت سەران، هەیە دێو بتنێ دژیت و هەیە دێو دگەل هندەکێن دی دژیت. هەیە دێو زوی ناهێتە کوشتن و گیانێ وی (روح) یا ڤەشارتیە و گەلەک جاران، وەک قارەمانێ چیرۆکێ ل کوشتنا دێوی دگەڕیت و ژێدەرێ گیانێ وی تێدا ڤەشارتی، دێو هەیە هاری مرۆڤان دکەت، هەیە دێو دلوڤانییێ ب ژنکێ یان بزارویەکێ دبەت و بارا پتر دێوێن ل لایێ هەڤدژ، دگەل قارەمانێ چیرۆکێ یان یێ ل تایێ خرابیێ). ل ئەڤا سەری دیار دبیت کو هیچ جارەکێ د چیرۆک و چیڤانۆکێن کوردەوارییێ دا، دێوێن خوین مێژ نە بوینە و ل ڤێرە لاوازییا هزرا چیرۆکنڤیسی ل دور ڤان شەڤبیریان دیار دبیت و نە شارەزاییا وی بۆ چیرۆک و چیڤانۆکێن کوردی، چ ب قەست بیت یان ژ نە شارەزایی، چیرۆکنڤیس مە ژ دوو تشتان دویر دئێخیت، نە بتنێ کو ئەو دێوێن هە دخەیالی بوون، بەلکو دڤێت تشتەکێ نوی ژ ژیانا دێوان بئافرینیت یان کو دڤێت بێژیت، ئەڤ رەنگە ژی یێ هەی، بەلێ هەوە نەدیتی یە! لڤێرە ژی گومانێ لدەف خواندەڤانی پەیدا دکەت کو ئەڤە نینە، بتنێ گەر ژ خەیالا خوە ئافراندبیت، ژبەر کو خەیال ب رامانا خوە ئەو هێزە یا مرۆڤ دکاریت پێ تشتەکێ بینیتە ناڤ بەرپەڕان، کو دراستییا خوە دا، چ شوینەوارێن وی نەبن یان ژی کو مرۆڤ دشێت کەسانەکی بدانیتە ل سەر کورسیکا بەرامبەری خوە و د بنەجە دا ئەو کورسیک یا ڤالا بیت.

د کورتە چیرۆکا (ئەو مەملەکەتا قەلەڕەشک تێدا بووینە میر)، بۆ مرۆڤی بێهنڤەدانەک د ڤی ناڤونیشانێ دا پەیدا دبیت، مرۆڤ دشێت خەیالا خوە ل دور جیهانێ بزڤڕینیت، پاش پاشکییا رۆژێن بوری بزڤرینتە ڤە و هەر ژ پەیدابوونا مرۆڤایەتییێ، بگرە ژ چیرۆکا هابیلی و قابیلی و یەکەمین مامۆستا بۆ مرۆڤی ل سەر روویێ عەردی پەیدا بوی، ئەو ژی، قەلەڕەشک بوبە، چاوان شیا نیشا کورێن ئادەمی بدەت، دێ چاوان مریێن خوە ڤەشێرن. هەر ژ ڤێ چیرۆکێ و ژ دەستپێکا مرۆڤایەتییێ، قەلەڕەشک بوویە ڤاچکێ دەڤێ خەلکێ و چ یا نە باش د راستا وێ دا هاتیە گوتن، د سەر پاشیا وێ را بۆ مرۆڤایەتییێ، کو ب یەکەم مامۆستا دهێتە ل قەلەم دان، بەلێ ژبەر کو د چیرۆکا دوو کەسان دا هاتیە و ئەو کەس کورێن کەسەکێ پیرۆز و پێغەمبەر بووینە، ل ڤێرە کەسێن پیرۆز چوینە لایەکێ و قەلەڕەشکا بێ ئەزمان چوویە لایێ دی! هەر ژبەر ڤێ چەندێ ژی دبیت ب رەشاتیێ هاتبیتە تامەدان، ئەزمان و ئاوازێن وی ژێ هاتبنە ستاندن،

رێڤەچوونا وێ ل بەر بەرزەبیت و هەتا کو گوشتێ وێ ژی یێ حەرامە و نابیت بهێتە خوارن، یا ژ هەمییێ ژی مەزنتر، بکێر میراتییێ ناهێت و ئەو مەملەکەتا میراتییێ لێ دکەت ژی، د هزرا خەلکێ دا، ئەو مەملەکەتە خرابە یە و بتنێ ئەڤە پارچەک ژ چیرۆکا وی ل دور قەلەڕەشکێ.

(نوکە ئەزمانێ وی یێ د دەڤی دا هاتیە خوارێ، بەلێ یێ دراهێلتە وان قەلەڕەشکا.. دا ب دویر کەڤن ژ جیهانا وی.. قەلەڕەشک بوونە دوو جێن، هندەکا د پشت تابلوییێن هولێ دا خو ڤەشارت و یێن دی چوونە دناڤ باخچێ پەیکەران دا.. ئەوی بەردا ب دویف قەلەڕەشکا ڤە، تا دناڤ وان پەیکەران دا خو بەرزە کرین.. لێ دەمێ زڤڕیە هولێ، دیت تابلوییێن وی هەمییان رەنگێن خو یێن بەرداین !!بتنێ رەنگێ رەش یێ مایە دناڤ پەروازەی دا...!!

ب لەز و بەز ڤەگەڕییا باخچەی، دیت پەیکەرێ وی هەمییان پەرێن رەش یێن پێڤە هاتین و دمەکێن قەلەڕشکا یێ ب سەرێن وانڤە چێبوین..!!).

د کورتە چیرۆکا (زەلام و کلوخ و تلپێ رۆژێ) دا، چیرۆک نڤیس مە دبە تە د جیهانەکا دیبیا جودا دا، کو مرۆڤی بیر ل شەڤەکا زڤستانێ یا دژوار بهێت، یا بەفرین، سر و سەقەم، سوپێن دارا و شەڤبێریێن کوردەواری، کو مرۆڤی ژبیر ڤە دبەن و بێهنڤەدانەکا هزری لدەف مرۆڤی پەیدا دکەن. بەری چاڤخشاندنێ ل ناڤەرۆکا چیرۆکێ بکەت.

د چیرۆکا (ئەو تەیرێ ب خوینا مرۆڤان مەزن بووی) ناڤونیشانێن ڤێ چیرۆکێ، مرۆڤی دبەنە دناڤ خاچدانێن مەسیحییان دا و چاوان گونەهبار و کەسێن دسەر دا چووی، دهاتنە هلاویستن و خاچدان، ئەڤ کەلەخێ هلاویستی و خاچدای و بۆیە شیڤخوارنا تەیرێن کەلەخا! بۆچی مرۆڤ هزر نەکەت ئەڤ تەیرێن هە یێن هیبووینە ڤەخوارنا خوینا مرۆڤان! ئەرێ ئەڤ تەیرە نوکە ل کیڤە دژین یان ژی پشتی (کەلتورێ خاچدانێ بەرەڤ نەمانێ چوویی) ئەڤ تەیرێن هە نوکە چاوان ژیانا خوە دبەنە سەر!. چیرۆکنڤیسی دڤێت دیارکەت خەلک بەروڤاژی هزر دکەن و بەروڤاژی تشتان دبینیت، تشتێ خەیالی زوی دکەڤیتە بەر ئاقلێ وی و تشتێ زانستی خو ژێ ددنە پاش، کێشانا هزرێن خەلکێ یێن هەمەجور، بۆ ناڤ ناڤەرۆکا چیرۆکێ پێنگاڤەکە و شارەزایی دڤێت، ژبەر کو خواندڤا هەمە جورە و گەلەک ئاستێن هزری و رەوشەنبیری ڤەدگریت، خواندڤایێ هەمەجۆر ژی ل تشتێ نە ئاسایی دگەڕێت کو سەرنجا وی راکێشیت.

ب کورتیەکا دی (جیهانا چیرۆکنڤیس)ی، تەفاعلەکا ئێکسەرە دگەل هزر و مێشکێ کەسێن وی دڤێت بۆ بنڤیسیت، کو رێژەییا هەرە مەزن ژێ، ل دویڤ کەڤنە هزرێن باب و باپیران د بەردەوامن و ب هزرا چیرۆکنڤیسی، ئاخفتن ب ئەزمانێ وان، ئەنجامێن باش ژێ دەردکەڤن. مە گوت ئەڤ ناڤونیشانە ژ ڤالاتییێ نەهاتینە و گرێدانەکا ئێکسەر دگەل هێڤێنێ هزرێن وی هەنە. ژبەر کو د هەمی ناڤونیشانان دا، جهێ پرسەکێ و سەرسورمانەکێ هێلایە پێش چاڤ، کورتە چیرۆکا خو تەرخان کریە بۆ بەرسڤدان و شرۆڤەکرنا وی ناڤونیشانی، ب هونەرەکێ هۆستاکارانە.

ژڤان ناڤونیشانێن کورتە چیرۆکان ژی دەردکەڤیت، چیرۆکنڤیس یێ بێ هیڤی و بێ ئومێد ژی نە بوویە، هەر وەک دڤان ناڤونیشانا دا (هیڤیێن پاپورەکا کەڤنار یان پایزەکا کەڤنار) و ڤیایە سەربوران بکەتە تشتەکێ ب گیان و دگەل گیانێ خەلکێ تەفاعلێ بکەت. ژبەر کو ژبیرکرن و پشت ڤە هاڤێتنا سەربوران، ئێش و ئازارێن مللەتی چارە ناکەن، بەلکو بۆ پاش پاشکی د زڤڕینیت. ئەڤێن خارێ ژی هندەک ژ ناڤونیشانانە کو چیرۆکنڤیسی پێ کورتە چیرۆکێن خوە ناڤکرین. (ل هیڤیا ئەلندەکا نوی، بوم و روژەکا نوی، پایزەکا درەنگە، جیهانا دێوێن خوین مێژ، دێوێن بالەفر، ئەو تەیرێن ب خوینا مرۆڤان مەزن بووین، ئەو مەملەکەتا قەلەڕەشک تێدا بووینە میر، زەلام و کلوخ و تلپێ رۆژێ، گوپال، ڤالاتی، پێلەکا دژوار، زێمار، هیڤیێن پاپورەکا کەڤنار، ل هیڤیا ئەلندەکا نوی...)

دبیت هەر کەسێ ئەڤ چیرۆکە و بەرهەمێن چیرۆکنڤیس (عەبدولخاق سولتان) خاندبن، بزانیت کا ناڤونیشانی چەند گرنگییا خوە لدەڤ وی هەبوویە و شیایە ب زیرەکانە ل خالا هەستیارا خاندەڤای بگەڕیت و بزانیت دێ کەنگی و چاوان خواندەڤای ب بەرهەمێ خوە

ڤە گرێبدەت، ئەڤ ژی دەستهەلیبیا وی دیار دکەت کو گەلەک کەسان ئاریشا هەلبژارتنا ناڤونیشانی بۆ بەرهەمێن خوە هەیە و دهەلبژارتنا خوە دا سەرکەتی نەبووینە و بەرهەمێ وان هاتیە پشت گوهـ کرن یان ژی خواندەڤای خوە دسەر را هاڤێتیە و نەبووە جهێ گرنگیبیا وی. یان دێ بینی ئەو ناڤێ بۆ بابەتێ خوە دهەلبژێرن ل سەر ناڤەرۆکا بابەتی نا گونجیت و تشتێ گرنگتر ژی کو د کورتە چیرۆکا سولتانی دا مرۆڤ خوشیێ ژێ وەردگریت، ئێک ژ ساخلەتێن ناڤونیشانێ ئەدەبی مرۆڤ دزانیت کا خودیێ بابەتی یان ناڤونیشانی خودانێ چ مەودایەکا هزری یە و تا چ رادده هزرێن وی دڤەکری و د تژی نە. هەر چەندە ناڤونیشان لدویڤ پێشکەفتنا دەمی ژی پەیدا دبن و دهێنە گوهرین، بەلێ دەما کو ناڤ بۆ بەرهەمەکێ ئەدەبی دهێنە هەلبژارتن، جوداهیبیا خوە دگەل بەرهەمەکێ رۆژنامەڤانی بۆ نموونە هەیە، ژبەر کو ئالاڤێن بەرهەمێن ئەدەبی زێدەتر خەیالی و ئافراندنن.

**سەرچاوە:**

**١- المعقول واللامعقول ـ كولن ولسون.**

**٢- اسئلة الحقيقة و رهانات الفكر ـ علي حرب.**

**٣- الرجل و الجنس ـ د. نوال السعداوي.**

**٤- الحياة ما بعد الموت ـ كولن ولسون.**

**٥- داود سلمان الكعبي ـ الحوار المتمدن ـ العدد ٣٠٠٨ ـ ٢٠١٠/١٨.**

**٦- نڤیسینا هەوالێ رۆژنامەڤانی ـ عبدالرحمن بامەرنی ـ دهۆک ٢٠١٠.**

**٧- گۆڤارا پەیڤ ـ ژمارە ٢٠.**

**٨- گۆڤارا کاروان ژمارە ١٦٨.**

**٩- رۆژناما پەیمان ژمارە ٧٠ - ٩٣ - ١٠٠.**

**١٠- رۆژناما برایەتی ژمارە ٣٥٥١ - ٣٥٥٣- ٣٦١٧- ٣٦٣٨- ٣٦٥٧- ٣٦٩٨.**

**١١- رۆژناما نیشتیمان - ژمارە ١٠.**

**١٢- خەون و بیردانکەکا ماندی، کورتە چیرۆک، عبدولخالق سولتان.**

**١٣- هاتیە بەلاڤکرن د گوڤارا پەیڤ دا ژمارە ٢٦ تەباخ ٢٠٠٣.**

**١٤- خەون و بیردانکەکا ماندی ـ کۆمەلە کورتە چیرۆک ـ عبدولخالق سولتان ـ دهۆک.**

# خوێندنەوەی سیاسیی ئەدەبیات

یۆهانس ویلیەم بێرتێنز
لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان- هەولێر)

مارکسیزم پێمان دەڵێت کە سەرمایەداری لە سۆنگەی چەوساندنەوەی کرێکارانەوە گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت. بە وتەیەکی ساناتر، سەرمایەداران دەبنە خاوەن سەروەت و سامان و بەشدارانی سەرمایە ژیان بە خۆشی تێدەپەڕێنن، چونکە ئەو کرێکارانەی کە کاریان بۆ دەکەن و لە ڕاستیدا بەرهەمهێنەری کاڵا و خزمەتن، کەمتر لە بەهای ڕاستەقینەی کارەکەیان - زۆر جار گەلێ کەمتر - هەقدەست وەردەگرن. کرێکاران لەمێژە بەم ڕاستییەیان زانیوە و بۆ پێکهێنانی بارودۆخێکی باشتر، لە یەکێتییە کرێکارییەکاندا خۆیان ڕێک خستووە. بەو حاڵەشەوە، ئەو شتەی بە ڕاستی دەبێت بیزانن ئەوەیە کە سەرمایەداری چۆن بە چاو لێکردن لەوان، لە سەر بنەمای بۆنەکانی بەرهەمهێنان - لە حوکمی یەکەکانی بەرهەمهێنان، وەک شت نەک مرۆڤ - ئەوان لە هەمبەر خۆیان نامۆ دەکات. سەرمایەداری مرۆڤەکان دەکاتە شتگەلی مادی و وەک کاڵا لێیان دەڕوانێت. دانوستان بۆ وەرگرتنی هەقدەستی زیاتر، چ سەرکەوێت چ سەرنەکەوێت، لە سەر ئەم ڕەوتە شوێندانەر نییە (چ جای ئەوەی ئەم ڕەوتە پێچەوانە بکاتەوە). مارکس بینەری وەگەڕکەوتنی سیستمێکی ئەوتۆ لە ژینگەی سەدەی نۆزدەمی خۆی بوو، ئەو ژینگەیەی کە تێیدا، ئەوانەی کە بابە گەورەکانیان هێشتاش خەریکی پیشەگەلی وەکی پینەچییەتی، کشتوکاڵی و...تاد بوون - بە وتەیەکی تر، ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی خۆبژێو بوون کە لەگەڵ مشتەری و کڕیار لە پێوەندییەکی ڕاستەخۆدا بوون - لە کارخانەکاندا خەریکی ئیشی میکانیکی بوون و تەنیا ببوونە ئاڵقەیەک لە زنجیرەیەکی دوورودرێژ. هەر چۆنێک بێت، ئەم پرۆسەی بە شت بوونە هەر کرێکارانی نەدەگرتەوە. شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری،



ئالتۆسێر

جیهانبینییەک دەهێنێتە ئاراوە کە لە سەر بنەمای قازانج و سوودە و تێیدا ئێمە هەموومان دواجار وەک کۆمەڵێک شت (ئامێر) بە کار دێین و لە خۆمان نامۆ دەبین. ڕەخنەگری مارکسیستی ئەمریکی، فریدریک جیمسۆن، لەم دواییانەدا گوتوویەتی کە ئێمە هەموومان بێ ئەوەی بۆ خۆمان بزانین بە دەست "کەمیی میهر ومەحەبەت"ەوە دەناڵێنین، واتە کەمایەسیی سۆز وعاتیفەی ڕاستەقینە، چونکی لە دنیای هاوچەرخدا، لە ژێر دەسەڵاتی هەمەلایەنەی مۆدێلی سەرمایەداریدا ژیانمان بە سەر بردووە (جیمسۆن ١٩٨٤:٦٠).

## ئایدیۆلۆژی

ئەم باسە ناچارەکی دەمانگەیەنێتە ئەم پرسیارە کە چۆن دەکرێت ئێمە ئەوەندە لە حاند بارودۆخی دەوروبەرمان زلکوێر بین و خۆمان هێندە بە شێوەیەکی مەترسیدار هەڵفریوێنین؟ هەمیسان ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە کە چۆن چۆنی لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا وا هەڵدەکەوێت کە بە ڕواڵەت هێندێک خەڵک لە خشتە نەچن وهەڵنەفریوێن. وەڵامێک کە یەکێک لە بزاڤە گرینگەکانی نێو مارکسیزم، واتە مارکسیزمی ڕۆژاوایی، بەم پرسیارەی داوەتەوە و لە وەڵامەکەی خۆیدا ئاوڕی لە نووسراوە کەموزۆر هیومانیستییەکانی سەرەتایی مارکس لە دەیەی ١٨٤٠ (دەستنووسەکانی پاریس) داوەتەوە، ئەوەیە کە ئێمە هەموو کات خاوەن برێکی دیاریکراوی ئازادی و سەربەخۆیی هەر بووین. بە وتەیەکی تر، بەو شێوەیەی کە زۆرجار لە باسەکانی لە مەڕ ئازادیی کردە و هزردا دێتە ئاراوە، لە مارکسیزمی ڕۆژاواییدا شوێنێک بۆ کارایی مرۆڤ و ئاگایی سوبژێکتیڤ پارێزراوە؛ واتە بۆ کردە و هزرێک کە لە خودی تاکەکەسەوە سەرچاوە دەگرێت و بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤدا نییە. لە ئاکامدا، سەرخانیش – کە هەڵبەت بریتییە لە ئەدەبیات و کولتوور بە مانای گشتی – تا ڕادەیەک سەربەخۆیە (خاڵێک کە مارکس خۆیشی ئاماژەی پێدەکات)، بەڵام با بگەڕێینەوە سەر تایبەتمەندیی ئەم فریودانە کەموزۆر گشتییە. دەبێت بگوترێت لە گۆشەنیگای مارکسیزمەوە، ئێمە لە هەمبەر بارودۆخی ژیانی خۆمان زلکوێر و نەزانین و ئەمە لە سۆنگەی تاو و تەئسیرەکانی ئەو شتەیە کە پێی دەڵێین ئایدیۆلۆژی. نابێت چەمک و بەکارهێنانی مارکسیستی وشەی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ مانا باوەکەی بە هەڵە وەربگرین؛ مانا باوەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک بیر و بۆچوون کە خەڵک ئاگامەندانە باوەڕیان پێیەتی، ئەو باوەڕانەی کە ئاگاداری بوونیانین و دەتوانین دەریان ببڕین. بۆ وێنە، دەتوانین باس لە ئایدیۆلۆژیی بازاڕی ئازاد بکەین – کە بریتییە لە کۆمەڵێک لێکدانەوە بۆ بەرگری کردن لە بنکە سەربەخۆکان، لە هەمبەر دەست تێوەردانی حکوومەتی لە بابەتی بازاڕ – و هەروەتر دەکرێت باس لە ئایدیۆلۆژیی کۆمۆنیستی بکەین کە بەرێوەبردنی تەواوی بەرهەمهێنان دەخاتە بەردەست حکومەت، بەڵام لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە ئەم زاراوەیە زۆر گشتگیرترە.

زاراوەی ئایدیۆلۆژی، لە بەکارهێنانە مارکسیستییەکەیدا، بە واتای ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە ڕاڤەیەکی نادروست لە مەڕ دنیا بگەین. هەر وەک پێشتر باسمان کرد، لە مارکسیزمدا، ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەک بنکە ئابوورییەکەی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە خۆی دەبێتە هۆی شکڵ گرتنی پێوەندیگەلی چینایەتیی تایبەت لەو کۆمەڵگایەدا؛ بۆ وێنە، پێوەندی چینایەتی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران لە سیستەمە ئابوورییەکانی سەرمایەداریی سەدەی نۆزدە. ژێرخانی کۆمەڵایەتی– ئابووری دیاریکەری سەرخانی کولتوورییە، بەڵام هێندێک هێز لە ئارادان بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن کە

ئێمە ئەم ڕاستییە بە ئاشکرایی ببینین: بۆ وێنە، تێڕوانینی مرۆڤگەرای لیبرال کە پێی وایە ئێمە لە زاتی خۆماندا سەربەخۆین و تا ئەو شوێنەی چاوی خەیاڵ هەتەر دەکات، دەتوانین سەربەخۆ بمێنینەوە. لە گۆشەنیگای مارکسیستەکانەوە، ئایدیۆلۆژی، بریتی نییە لە کۆمەڵێک باوەڕ، یان گریمانە کە ئێمە وشیارانە و ئاگامەندانە پەسەندمان کردبێتن، بەڵکو ئایدیۆلۆژی ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە ژیانی خۆمان بە شێواز و شێوەیەکی تایبەت ئەزموون بکەین و پاشان وا بیر دەکەینەوە کە ئەمە شێوازی سروشتیی تێڕوانینە بۆ خۆمان و بۆ جیهان. بەم چەشنە ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینە لە ڕاستەڕێی خۆی لادەدات و ئەو شتەی کە دەستکرد و پارادۆکسیکالە بە شێوەیەکی درۆزنانە لە بەر چاوی ئێمە سروشتی و هارمۆنیک دەنوێنێت. بۆ وێنە، ئەو جیاوازییە چینایەتییەی کە لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا دەیبینین وەک بابەتێکی سروشتی و شیاوی پەسند کردن دەخاتە بەرچاوان. ئەگەر بێتو خۆ بە دەست ئایدیۆلۆژییەوە بدەین، لە دنیایەکی وەهماویدا دەژین، کە مارکسیستەکان پێی دەڵێن دۆخی وشیاریی درۆیین. وەک چۆن لە بەردەوامی باسەکەماندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەم بیرۆکەیە کە ئێمە لە بەرانبەر بارودۆخی خۆماندا نەزان و زلکوێرین هێشتا لە تۆژینەوەگەلی ئەدەبیدا گرینگایەتییەکی فراوانی هەیە.

ئایدیۆلۆژی چۆن دەتوانێت ڕاستەقینەی ڕەسەن لە ئێمە بشارێتەوە؟ یەکێک لە وەڵامە هەرە شوێندانەرەکان بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن فەیلەسووفی مارکسیستی فەرەنسی، لویی ئالتۆسێر (١٩١٨ - ١٩٩٠) درایەوە. یەکەم بۆچوون کە ئالتۆسێر لە مەڕ ئایدیۆلۆژی بە دەستەوەی دەدات ئەوەیە کە "ئایدیۆلۆژی پیشاندەری پێوەندیی خەیاڵیی نێوان تاکەکان و بارودۆخی ڕاستەقینەی بوونیانە" (ئالتۆسێر١٩٧١:١٨). ئەم گوتەیە کەموزۆر لەو ڕستەیە دەچێت کە من هێنامەوە: ئایدیۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی تێڕوانینی ئێمە لە هەمبەر "بارودۆخی ڕاستەقینەی بوونمان" لە ڕاستەڕێی خۆی لا بدات. ئالتۆسێر لە بۆچوونی دووەمیدا ئایدیۆلۆژی بە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دەداتەوە. لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، ئایدیۆلۆژی لە ڕێگای ئەو شتەی پێی دەڵێن "دەزگاکانی ئایدیۆلۆژیکیی حکوومەتی "یەوە کار دەکەن و هەر چەندە لەوانەیە هەر کام لەو دەزگایانە خاوەنی وردە ئایدیۆلۆژی خۆیان بن، هەموو لە ژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆژیی زاڵی حکوومەتدا دەکەونە گەڕ. دەزگا ئایدیۆلۆژیکییە حکومەتییەکانی بەرباسی ئالتۆسێر بریتین لە ئایینی ڕێکخراو، یاسا، سیستمی سیاسی، سیستمی پەروەردە و بە کورتی سەر لە بەری ئەو بنکانەی کە لە سۆنگەیانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمان بەڕێوە دەبەین. کەواتە ئایدیۆلۆژی بوونێکی مادی هەیە، بەو واتەیە کە لە هەموو ئەرکە مادییەکانی ئێمەدا خۆی دەرخستووە. ئالتۆسێر ئاماژە بە هەندێک لەو کارانە دەکات کە بەشێکن لە بوونی مادیی دەزگایەکی ئایدیۆلۆژیکی، با ئەوەی تەنیا بەشێکی بچووک بن لەو دەزگایە: کۆبوونەوەیەکی بچووک لە کڵێسەیەکی بچووک، بەشداری کردن لە دابو دەستووری ناشتنی مردوویەک، لە کێبەرکێیەکی ئاسایی گرووپێکی وەرزشی، لە جێژنی قوتابخانە، یان لە دانیشتنی حزبێکی سیاسی و...تاد.

پێڕستی کردە ئایدیۆلۆژیکییە مادییەکان بۆیان هەیە تا بێ کۆتایی درێژەیان هەبێت. ئاشکرایە کە ئایدیۆلۆژی، بۆ هەر شوێنێک کە بچین چاوەڕێی ئێمە دەکات و بە کردەوە، هەر کارێک کە بکەین و هەر چالاکییەک کە بنوێنین لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی داین. ئالتۆسێر لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئایدیاکان بە واتای ڕاستەقینەی وشە (واتە لە پێوەندی دەگەڵ بوونێکی ئایدیال یان ڕوحانی) بزر بوونە؛ ئەوەندە دەبینین، بوونی ئەوان لە کردەوەگەلێکدا تۆمار کراوە، لە ژێر ڕکێفی ئەو دابو نەریتانە دان کە دواجار لەسەر دەستی دەزگایەکی ئایدیۆلۆژیک پێناسە دەکرێن. کەواتە، وێدەچێت سووژە تا ئەو شوێنەی سیستم لە سەری کار دەکات، دەتوانێت کار بکات...: ئایدیۆلۆژی لە دەزگای مادیی ئایدیۆلۆژیکیدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و نوسخەی ئەو کردەوە مادییانەمان بۆ دەنووسێت کە لە ژێر ڕکێفی دابو دەستوورگەلی مادی دان و ئەم کردەوانە لە کردە مادییەکانی سووژەیەک دان کە وشیارانە و لە سەر بنەمای باوەڕ کار دەکات و دەکەوێتە گەڕ.

لە کاتێکدا ئێمە پێمان وایە لە سەر بنەمای ئیرادەی ئازاد و خواستی سەربەخۆ کار دەکەین، لە ڕاستیدا "ئەوە سیستمە کە لەسەر ئێمە کار دەکات". لەم پۆلێن کردنەدا، ڕووبەڕووی مرۆڤناسیی پێکهاتەخواز و دژی

مرۆڤگەرایانە (دژی هیومانیستیی) لیڤی شتراوس دەبینەوە. لە سۆنگەی ئەوەی لە ئاسۆیەکی ڕوانینی لەم چەشنەدا ئیتر شوێنێک بۆ ئازادی نامێنێتەوە، ئالتۆسێر پێی وایە هۆکاری دابەشکردنی نایەکسان و ناعادیلانەی سەروەت و سامان کە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا دەبینرێت، کردەوەگەلی "تاقمێک مرۆڤی بەرژەوەندیخواز نییە کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر خەڵک و چەوساندنەوەی ئەو خەڵکانەیان لەسەر بنچینەی نواندنەوەی درۆیینی جیهان دامەزراندووە، ئەو نواندنە درۆیینەی کە ئەوان ڕەنگاندوویانە بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە زەینی خەڵکان پێملی کۆیلایەتی بکەن". ئەوهۆکارە کاریگەرەی کە لە دیوی ئەو دیوی ئایدیۆلۆژی کار دەکات، قازانجی تاکەکەسیی ئەوانەی کە لە بنکەی ئابووریی کۆمەڵگای بەرباس سوود دەبەن و بە چڕوپڕی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی سروشتی چەوساندنەوەگەرایانەی ئەو بنکەیە لە چاوی چینە ژێردەستەکان بشارنەوە، نییە. ئەوانەشی کە قازانج دەکەن هەر وەها وەک ئەوانی تر زلکوێر و نائاگا و نەزانن.

بەڵام گەر بەم چەشنەیە، باشە سەرچاوە و ژێدەری ئایدیۆلۆژی لە کوێیە و چۆن توانیویەتی هێز و نفووزێکی ئەوتۆ وەدەست بهێنێت؟ ئالتۆسێر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەستەوداوێنی بیرۆکەکانی دەروونناسی فەرەنسی ژاک لاکان (١٩٠١ – ١٩٨١) دەبێت و ئێمەش لە بەشی دواتردا بە تێروتەسەلی باسوخواسی تێڕوانینەکانی ئەو دەهێنینە ئاراوە. لە ڕوانگەی لاکانەوە، ئەو ڕەوتانەی کە بە درێژایی گەشەکردن تێیان دەپەڕێنین دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ هەمیشە بە ناکاملی بمێنینەوە. ئێمە بە ئاگادار بوون لەم نەبوونە بەرچاوە – یا ئەوەی ناتوانین ناوێکی لێ بنێین – و وێڕای تامەزرۆ بوون بۆ گەیشتن بە کاملی – ڕوو دەکەینە ئایدیۆلۆژی، لە بەر ئەوەی ئایدیۆلۆژی بەردەوام وەک ئەوەی بڵێی "سووژەی دیاریکراو" (concrete subjects)ین، واتە وەک بڵێی لەوە پێش بە قۆناغی کامڵ بوون گەیشتینە، "ئێمە بانگهێشت دەکات و بە بەردەنگی خۆیمان دادەنێت". بەم شێوەیە، ئایدیۆلۆژی لەوانەیە ئێمە بخاتە نێو چوارچێوەی کۆمەڵێک دەوری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە کە دەیگێڕین، یان بەو جۆرەی ئالتۆسێر گوتوویەتی ئەو"پێگە سووژەیی"یە جۆراوجۆرانەی کە خۆی تێدا دەگونجێنین و لەم ڕێگایەوە ئێمە دەکاتە بەردەنگی خۆی. ژنێک و هەر ئەو ژنە لەوانەیە وەک دایک، وەک ئەندامی کلێسەیەکی تایبەت، وەک پزیشک، وەک دەنگدەر و..تاد ببێتە "بەردەنگی" ئایدیۆلۆژی. ئەوەی کە ئایدیۆلۆژی چۆن چۆنی ئێمە دەکاتە بەردەنگی خۆی، ئەوە پێگەی سووژە بۆ ئێمە دەخولقێنێت. بەو حاڵەشەوە، بە شێوەی هاوکات ئەو پێگەیە بۆ ئێمە ناسراویشە، چونکی بەشێکە لەو شتەی کە ئێمە دەیزانین و دەیناسین. ئایدیۆلۆژی قەناعەتمان پێ دەهێنێت کە ئێمە خاوەنی گشتێتی و ڕاستەقینەین و "سووژەگەلێکی دیاریکراو"ین کە دەخوازین ببین. کە واتە سەیر نییە ئێمە ئەو شتە دەبینین کە ئایدیۆلۆژی داوامان لێدەکات وەک شتێکی سروشتی، سەر بە سروشت و نەزمی هارمۆنیکی شتەکان بیبینین.

ڕاڤەی ئالتۆسێر ڕێگەی توێژینەوەی شێوازی کاری ئایدیۆلۆژیمان لە ئەدەبیاتدا پێ نیشان دەدات. بۆ وێنە، کالین مەکیب و ڕەخنەگرانی دیکەی ئینگلیزی نیشانیان دا کە چۆن ڕاستەقینەخوازیی (ڕیالیزم) ئۆبژێکتیڤی ڕۆمانی ئینگلیزیی نیوەی سەدەی نۆزدەم هێندەش ئۆبژێکتیڤ نییە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە ڕۆمانگەلێکی لە جۆری جین ئایر–ی شارلۆت برۆنتێ (١٨٤٧) و میدل مارچ–ی جۆرج ئیلیۆت (١٨٧١ – ١٨٧٢)، کە کەسایەتییەکانیان بە شێوەیەکی زاتی بە ئازاد و سەربەخۆ دەناسێنن، هەر چەندە هەموویان لەم ئازادییە کەڵک وەرناگرن، "ئێمە بۆ لای خۆیان بانگهێشت دەکەن"؛ ڕێک وەک چۆن ئایدیۆلۆژی ئێمە بۆ لای خۆی بانگهێشت دەکات. ڕاجێر وێبستر ئاماژە دەکاتە ئاناکارنینا–ی لیۆ تۆلستۆی (١٨٣٧ – ١٨٧٦) و دەڵێت:

خوێنەر سەرنجی بۆ لای لوین (یەک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە) ڕادەکێشرێت و لە ڕێگای ئەوەوە دەبێتە ناوەندی ئەزموونی تێڕوانینی ئۆرگانیکی ڕۆمانەکە: ئەستەمە بکرێت لە بەرانبەر ئەم ڕەوت و ڕەوەندەدا خۆڕاگری بکرێت، مەگین ئەوەی کە بە شێوە خوێندنەوەیەکی بە پێچەوانەی ڕێسا، لە بەرانبەر جێگیر بوون لە پێگەیەکی وەهادا خۆڕاگری بکەین. (وێبستر ١٩٩٠: ٨٢ – ٨٣)

ئەم چەشنە ڕۆمانانە بانگهێشتی خوێنەرانیان دەکەن تا بینە بەشێک لەو جیهانەی کە لە زاتی خۆیدا ئازادە و لە ڕوانگەی کەسانێکەوە لە دنیا بڕوانن کە بڕیاری سەربەخۆ

و ئازادانە دەدەن. بەم جۆرە، ئەم ڕۆمانانە بۆ خوێنەرانی خۆیان پێگەیەکی تایبەتی سووژە دەخوڵقێنن و ئەم وەهمەیان تێدا بەدی دێنن کە ئەوانیش ئازاد و سەربەخۆن. ئەم چەشنە ڕۆمانانە ڕێک وەک ئایدیۆلۆژی ئەم بیرۆکەیە بە خوێنەرانیان تەلقین دەکەن کە کامڵ و بێ بەری لە عەیب و خەوشن: کارێک دەکەن کە خوێنەران پێیان وا بێت کە سووژەیەکی ئازادن و بەم جۆرە ئەوان خۆیان لە هەڵفریواندنی خۆیاندا بەشداری و هاوکاری دەکەن.

## هێژمۆنی (دەسەڵات)

هەر چەندە لێکدانەوەی ئالتۆسێر، کۆمەڵێک تێڕوانینی پڕ بەهای لە بواری چۆنێتیی هاودەستی و هاوکاریی ئەدەبیات لەگەڵ خوێنەر و هاوکات فریودانی خوێنەری لێ کەوتەوە، گەلێک لە ڕەخنەگرانی مارکسیست تایبەتمەندیی جەبرخوازانەی ڕوانگەی ئەویان لە هەمبەر ئایدیۆلۆژی پەسند نەکرد. وێدەچوو ئالتۆسێر هیچ جێگە و پێگەیەک بۆ هزر و کردەی سەربەخۆ و نائایدیۆلۆژیک قایل نەبوو. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی مارکسیستی ئیتاڵی ئانتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١ – ١٩٣٧) لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠، تێڕوانینێکی کەموزۆر سازگارتر لە مەڕ چەمکی ئایدیۆلۆژی هاتە ئاراوە. گرامشی کە لە دەیەی ١٩٣٠دا دەینووسی، بە تەواوی لە دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی ئاگادار بوو، دەسەڵاتێک کە "ڕەزامەندیی "خۆ ورووژێنەری" کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵکی لەگەڵ ئەو ئاراستەگیرییە گشتییەی لێ دەکەوێتەوە کە گرووپی سەرەکیی باڵادەست، بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا دایدەسەپێنێت" (گرامشی [ ١٩٧١] ٢٧٧:١٩٨٨). ئەم ڕەزامەندییە "لە لایەنی مێژووییەوە سەرچاوەگرتوو لە ناوبانگێک و هەر بۆیە متمانە بە خۆییەکە کە گرووپی باڵادەست خاوەنێتی کە ئەویش خۆی سەرچاوەگرتوو لە پێگە و کارکردی ئەو گرووپەیە لە دنیای بەرهەمهێناندا" (٢٧٧). با ئەوەی ئەو شرۆڤەیەی گرامشی لە بابەت دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بە دەستەوەی دەدات لەوانەیە هێندەی شرۆڤەی ئالتۆسێر کاریگەر و وردبینانە نەبێت، بەڵام ئەم باشییەی هەیە کە ئەگەر و ئیمکانی ئەوە بە ئێمە دەدات کە لە بەرانبەر ئەو شتەی ئەو پێی دەڵێت هێژمۆنی (دەسەڵات) خۆڕاگری بکەین. مەبەستی ئەو لە دەسەڵات، زاڵبوونی کۆمەڵێک باوەڕ و بەهای باڵادەستە لە ڕێگای "ڕەزامەند" کردنەوە نەک بەکارهێنانی "هێزی زۆر". "دەسەڵات" بە مانای بەرباسی گرامشی، هێندەی ئایدیۆلۆژی لە ڕوانگەی ئالتۆسێرەوە، بابەتێکی ناچارەکییە، هەر چەندە ئەم دەسەڵاتەش لە ڕێگای "کۆمەڵگای مەدەنی"یەوە مسۆگەر دەبێت و پێگەی خۆی دەپارێزێت و لە ئامێر و بنکە کولتوورییەکان کەڵک وەردەگرێت. لە چوارچێوەی بارودۆخی دەسەڵاتدا، زۆربەی هاووڵاتییان و زۆرجار زۆرینەیەکی بەرچاو، وەها بە ورد و پوخت ئەو شتەی دەسەڵاتداران دەیانەوێت وەردەگرن و لە بوونیاندا دەیتوێننەوە کە لە ڕاستیدا پێیان وایە خەریکن باوەڕی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام هەمووکات شوێنێک بۆ یەکنەگرتنەوە و ناڕەزامەندی بوونی هەیە. دەسەڵاتی بەرباسی گرامشی، هەر چەندە هێندەی ئایدیۆلۆژیی بەرباسی ئالتۆسێر، کۆمەڵگا دەگرێتەوە و دەتەنێتەوە، بەڵام بە گشتی بێ کونو کەلەبەر نییە. بۆمان هەیە پەی بە بوونی ببەین و لە ڕێگای وەگەڕ خستنی کردەوەگەلی دژی دەسەڵات لە بەرانبەر کارکردەکانیدا خۆڕاگری بکەین، تەنانەت ئەگەر هیچ کات نەتوانین بە تەواوی لە دەستڕۆیشتوویی و نفووزی هەمەلایەنەی ڕزگاریمان بێت.

لە بریتانیادا، ڕەخنەگری گرینگی مارکسیست، ڕیمۆند ویلیامز (١٩٢١ – ١٩٨٨)، لە سەر ئەم لایەنەی هزری گرامشی پێداگری دەکات. ئەگەرچی "دەسەڵات...بریتییە لە کۆمەڵێکی کامڵی کردەوە و چاوەڕوانی و تێگەیشتنی باوی ئێمەی لە هەمبەر سروشتی مرۆڤ و دنیای دەوروبەری لێ دەکەوێتەوە" (ویلیامز [ ١٩٨٠] ١٩٩٦:٢٣)، بە هیچ کلۆجێک دەسەڵاتێکی کامڵ و هەمەلایەنە نییە: "دەسەڵات، تاک نییە... پێکهاتە ناوەکییەکانی زۆر پڕ پێچوپەنان و دەشێت بەردەوام نۆژەن بنەوە، بخوڵقێندرێنەوە و پارێزگارییان لێ بکرێت ... بۆیان هەیە کێشەیان بۆ دروست بکرێت و لە هەندێک لایەنەوە سازگار و مام ناوەندی بکرێن". هەر چەندە لە ڕوانگەی ویلیامزەوە، "ژێرخان"ی ئابووری و "شێوازەکانی بەرهەمهێنان"ی ئەو ئابوورییە هێشتاش کۆمەڵە هۆکارێکی زۆر گرینگن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کە ئەوە "ژێرخانە" بە تەواوی "سەرخانی" کولتووری دیاری دەکات زۆر ساویلکانە خۆ دەنوێنێت: "هیچ شێوە بەرهەمهێنانێک و لە ئەنجامدا هیچ کۆمەڵگا، یان

نەزمـێکی کـۆمـەڵایەتی باڵادەست و لە ئەنجـامـدا هیچ کـولتـوورێکی باڵادەست، لە ڕاسـتـیدا کۆمـەڵەی تەواوی کـردەوەی مـرۆڤ، توانایی مـرۆڤ و نیـیـەتەکـانی مـرۆڤ بەتاڵ ناکـات". لە ڕوانگەی ویلیـامزەوە، کە ڕوانگەیەکی زۆر چەمەوازتری لە مەڕ ئایدیۆلۆژی هەیە، داگەڕانەکانی دەسەڵات و دژی دەسەڵات لەو ئەدەبیات و کولتوورەدا کە بەردەوام تەڤگەڕە و لە حاڵی بزووتن دایە، دەبنە دژبەری یەکـتـر. ڕەخنەگـرانی مـارکسـیـست کـە پەیڕەوی مـۆدێلی ویلیامزن - یەک لەوان ماتریالیستە کولتوورییەکان کە لە بەشی حەوتەمـدا ڕوانگەکـانیـان دەخـەینە بەرباس - پێیـان وایە ئەدەبیـات یەکـێک لە هەڵگرە گـرینگەکـانی ئایدیۆلۆژییە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە وردی بە دوای ئەو دەنـگ و ڕوانگە دژبەرانەدا دەگـەڕێن کـە لەوانەیە لە ئەدەبیاتدا دەرببڕدرێن.

### تۆژینەوە ئەدەبییەکانی مارکسیستی

ئەم باسـی ئایدیۆلـۆژی و دەسـەڵاتە دەبـێت ڕوونی کـردبێـتـەوە کـە ئاسـۆی تێـڕوانینی مـارکـسـیـسـتی ڕوانگەیەکی لە مـەڕ ئەدەبیـات لێ دەکـەوێتـەوە کـە بە گـشـتی لە ئەو ڕوانگانەی لە بەشـەکـانی پێـشـتـردا تاووتومـان کـردن جـیـاوازە. هەر وەک باسـمـان کـرد، مـارکـسـیـسـتـەکان لە لایەنی باوەڕمـەندییـان بە ڕێژە و ڕادەی تاو و تەئسـیـری ژێرخـانی ئابووری لە سـەر سـەرخـانی کـولتـووری لە یەکـتـر جـیـاوازن. بۆ وێنە دەگوترێت مارکس خۆی ئازادی و سەربەخۆییەکی فراوان بۆ هونەر قـایل بووە - گـۆڕانکارییـەکـانی هونەر لە ڕوانـگـەی ئـەوەوە نـاچـارەکـی و بـە بـێ نـێـــوەنجـی ڕەنگدەرەوەی گـۆڕانکاری لە پێکهـاتەی ئابووری و پێوەندی نێوان چینەکان نەبووە - لە کاتێکدا تاقمێک کـە "مـارکسـیـستی ڕەشـۆکی"یان پێدەڵێن، لە قـۆناغی پێش شەڕ، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هۆکار و هۆکردی لە نێـوان ژێرخـانی کـۆمـەڵایەتی - ئابووری و ئەدەبیـاتدا دەبینی و نـوسـەر، یان شـوێن وەرگـرتـوو لە بارودۆخی چینە کۆمەڵایەتییەکەی لە قەڵەم دەدا. مارکسیستەکان هەروەتر لە سـەر پرسـیـارێک کـە پێـوەندییـەکی نزیکی لەگەڵ ئەم بابەتە هەیە، پێکەوە جیاوازی ڕا و سەرنجیان هەیە و پرسیارەکە ئەمەیە: تا چ ڕادەیەک دەتوانین خۆمان لە دەست ئایدیۆلۆژی ڕزگار بکەین؟ بە هەمـە حاڵ، سەر لە بەری ڕەخنەکارانی مارکسیست لە سەر ئەم باوەڕەن کە بۆ تۆژینەوەی ئەدەبیـات سـەرنجـدان بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بابەتێکی ناچارەکییە. نووسەران هیچ کات ناتوانن بـە تەواوی لە ئایدیۆلۆژی و پاش زەمـینەی کۆمەڵایەتی خۆیان دابـبڕدرێن و ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی نووسەر هەمیشە پاژێکە لەو دەقەی کە بەرهەمی دەهێنن.

یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی کە لە مەڕ تێڕوانینە مـارکسـیـستـییـەکـان بۆ ئەدەبیـات خاوەن گـرینگییـەکی تایبەتە، پرسی جێگای متمانە بوونی دەقگەلی ئەدەبییە وەک "بەڵگە" کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین کـە ئاواتە مـەزنەکـان (١٨٦٠ - ١٨٦١) - ی چارلز دیکنز و میدل مارچ (١٨٧١ - ١٨٧٢ - جۆرج ئیلیەت شوێن وەرگرتوو لە بارودۆخی کۆمەڵگای سەرمایەداریی بریتـانیای سەردەمی شاژن ڤیکتۆریان، ئەو کات دەشێت لەم ڕۆمانانەدا بە دوای چیدا بوو: وێنەیەکی ڕاستەقینە لە بریتـانیـای سەردەمی ڤیکتـۆریا، یان ڕەنگدانەوەیەک لەو سـەردەمـە کـە دەست تێـوەردانێکی ئایدیۆلۆژیکی بە خـۆیەوە بینیـوە؟ بە کـورتی، ئایا ئەگـەری ئەوە لە ئارادا هەیە کە نووسەران، یان دەقگەلی ئەدەبی - هەڵبەت ئەمە جـیـاکـارییـەکی گـرینگە کـە دواتر باسی لێ دەکـەین - تێڕوانینگەلی عەینی و بەرهەست بخەنە بەر دەست (بەو شێوەیەی کە مارکسیستەکان لێی دەڕوانن): واتە مێژوو وەک ملمـلانێ و خـەباتی بێ وچان و بێ بڕانەوەی نێـوان چینە دژ بـە یەکـەکـان و لە پێناوی دەسـتـەبەرکـردنی بەرژەوەندییـە کـۆمـەڵایەتی و ئابوورییـەکـان وێنا بکەن و ڕاسـتـەقـینەی هاوچەرخ تەنیـا وەک دوایین نموونەی ئەم ململانێ و خەباتە نیشان بدەن؟

ژێدەر:


**Bertens. Johannes Willem**
**Literary Theory: The basics**

# ناوەرۆکی "هومێر و لینگلی" ڕۆمانە تازەکەی دیکترۆف

## ئەفسانەی ڕووداونووسی ئەمریکا

**سەعید کەمالی دهقان**
**لە فارسییەوە: سیما ڕەحمان**

"ئەی. ئێڵ. دیکترۆف" بە شکستێکی بێ وێنەوە دەستی بە نووسین کرد. ڕۆژێکیان مامۆستای قوتابخانەکەی داوای لێکرد لەگەڵ کەسایەتییەکی بەرزدا گفتوگۆ ساز بکات و ژیاننامەکەی بنووسێتەوە. دیکترۆف کە ئەو کاتانە بە ناوی ئەدگار بانگیان دەکرد، بابەتێکی سەبارەت بە یەکێک لە نەوەکانی هۆلۆکۆست بە ناوی "کارل کە لە نیۆیۆرکدا دەژیا" ئامادە کرد ، ئەو وەکو ئەوروپاییە کۆنەکان قەندێکی لەناو دەمی دادەنا و چای دەخواردەوە و پاسەوانی یەکێک لە بالاخانەکانی شار بوو. مامۆستای ئەدگار کە لەم نووسینەی قوتابییەکەی سەری سوڕمابوو، داوای لێکرد کە وێنەی کارل بگرێت تاوەکو بابەتەکەی لە ڕۆژنامەدا بلاوبکاتەوە، بەلام ئەدگار لە وەلامدا گوتی "نەخێر، ناتوانم ئەوە بکەم، چونکە کارل زۆر شەرمنە و ناتوانم وێنەی بگرم." بەلام مامۆستاکەی زۆری لێکرد تاوەکو ناچاری کرد دان بە ڕاستییەکەدا بنێت: "کەسێک بە ناوی کارل بوونی نەبوو، هەموو لە خۆمەوە بوو." ئەدگار لەم وانەیەدا نمرەیەکی وەرنەگرت، بەلام لەم ڕۆژانەدا لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بە بلاوکردنەوەی یازدە ڕۆمان لە ماوەی نیوەی تەمەنیدا، بۆ "ئەفسانەی نووسینی ڕووداوەکانی ئەمریکا" گۆڕا. هاوکات لەگەڵ بلاوبوونەوەی ڕۆمانی "هومێر و لینگلی" ڕۆمانە تازەکەی دیکترۆف، جویس کرۆل ئونس لە هەفتەنامەی "نیۆیۆرک"دا یاداشتێکی نووسیوە و بەهۆی ناوەرۆکی ڕۆمانی ئەفسانەی نووسینی ڕووداوەکانی ئەمریکا، ڕابردووی مێژووی سەد و پەنجا ساڵەی ئەمریکا ستایشی دیکترۆفی کردووە و وەکو "ئەفسانەی نووسینی ڕووداوەکانی ئەمریکا" ناوی بردووە.

دیکترۆف ئەم ڕۆژانە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی "هومێر و لینگلی" جارێکی دیکە سەرنجی ڕەخنەگران و نووسەران و ئەدیبانی بۆ بەرهەمەکانی خۆی ڕاکێشا. ئەو لەم ڕۆمانەدا بۆ ڕووداوێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە خۆی هەر لە منداڵییەوە بە باشی بیری دەکەوێتەوە. ڕووداوەکە بەم جۆرەیە کە لە ساڵەکانی چلی زایینی چیرۆکی دوو برای بە ناوەکانی هومێر و لینگلی کالێر لە دووری شاری نیویۆرکدا دەژیان و بۆ چەندین ساڵ پێوەندییان لەگەڵ گشت هاوڕێ و نزیکەکانیان پچڕاندبوو و بۆ سەر کارەکەشیان نەدەچوون و زۆر خۆیان گۆشەگیر کردبوو. ئەو دوو برایە بە درێژایی ژیانیان زبڵێکی زۆریان لە کۆنە و کەلوپەل و ئامێرە بەکار هاتووەکان کۆ کردبووەوە و هەموو ئەم زبڵەشیان لە ماڵەکەی خۆیان لە گەڕەکی ۱۲۸ی ئوم مونهاتن کۆ کردبووەوە، تاوەکو ڕۆژێک بە کەڵکیان بێت. دراوسێکانیان چەندین جار برایانی کالێریان بینیبوو لە ناو کۆڵانەکاندا پیاسەیان دەکرد و لەناو زبڵدانەکانی نیویۆرکدا پارچە نان و پاشماوەی خۆراکیان کۆدەکردەوە، بەڵام لەگەڵ گشت ئەم پروپاگەندانەشدا کەس بڕوای بەوە نەدەکرد کە دوای مەرگی برایانی کالێر لە ساڵی ۱۹٤۷ و دۆزینەوەی لاشەکەی و بەتاڵ کردنی هەموو زبڵی ماڵەکەیان، نزیکەی ۱۵۰ تەن پاشماوەی زبڵەکان، ڕۆژنامەی بێ کەڵک، یاری منداڵان، کەلوپەلی کۆن و بێ کەڵک لە ماڵەکەیان ببەنە دەرەوە. چیرۆکی برایانی کالێر دوای مردنیان و تەنانەت بەتاڵ کردنی ماڵەکەشیان لە زبڵ بۆ ماوەی یەک هەفتە درێژەی کێشا و هەزاران کەس بۆ بینینی، سەردانی ماڵەکەیان دەکرد و دواتر ڕۆژنامەی تایمز وتارێکی بڵاوکردەوە و ئەوان بوون بە بەشێک لە مێژووی ئەفسانەی شاری نیویۆرک.

برایانی کالێر لە خێزانێکی دەوڵەمەند هاتنە دنیاوە کە باوکیان هەرمان کالێر پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان بوو، ئەم دوو برایە لە خوێندندا لە ئاستی بەرزدا بوون. هومێر لە کۆلێژی ماف و لینگلیش ئەندازیاری لە زانکۆی کۆلۆمبیای خوێندبوو و ئارەزوویان لە داهێنان بوو.

لینگلی پیانۆی دەژەنی و چەندین ئامێری دروست کرد کە یەکێکیان موەلیدەیەکی کارەبایی بوو کە هاوشێوەی مۆدێلێکی فۆرد دروست کرابوو. خێزانی کالێر لە ساڵی ۱۹۰۹ بۆ گەڕەکی هارلم مونتهن گواستیانەوە کە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە دەوڵەمەند بوون. لە ساڵی ۱۹۱۹ باوکی برایانی کالێر ماڵی بە جێ هێشت و چەند ساڵی دواتر کۆچی دوایی کرد. وردەکاری ئەم ڕووداوە لەبەردەستدا نییە و دیار نییە کە ئایا دایکی برایانی کالێریش لەگەڵ باوکیاندا ڕۆیشتووە، یان دوای مەرگی باوک و دواتریش مەرگی دایک لە ساڵی ۱۹۲۹ هومێر و لینگلی بوونە میراتگری باوکیان و لەو کاتەوە دەستیان بە کۆکردنەوەی زبڵ کردبوو.

لەگەڵ دەستپێکی ئەم کارە چەندین پروپاگەندە سەبارەت بە ژیانی ئەم دوو برایە سەری هەڵدا و چەندین کەس بە مەبەستی دزینی کەلوپەلی گرانبەها و ئاسەوارەکان شووشەی ماڵەکەیان دەشکاند و هەوڵیان دەدا کەلوپەلەکانیان بدزن. لەو کاتەوە هومێر و لینگلی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دزەکان، دەرگا و پەنجەرەکانیان کردە ئاسن و لە ساڵی ۱۹۳۲ هومێر کوێر بوو، پاشان تووشی ڕۆماتیزمیش بوو و بەرپرسیاریەتی بژێوی ژیانیان کەوتە سەر شانی لینگلی. لە ساڵی ۱۹۳۹ شارەوانیش بە هۆی نەدانی پارەی ئاو و کارەبا و غاز، تەلەفۆنی لێ پچڕاندن. بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانیان بدەن پەنایان بۆ شێوازەکانی دەستی و ماڵەوە برد و بۆ گەرم کردنەوەی خۆیان سۆپای نەوتیان بەکاردەهێنا و هەوڵیان دەدا کە بە ماتۆری ئۆتۆمبیل، کارەبا دروست بکەن و ئاوی خواردنەوەش لە پارکەکانی دەوروبەر بەدەست بهێنن.

بۆ یەکەمین جار ناوی برایانی کالێر لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکرایەوە. هۆیەکەی ناکۆکییەک بوو کە ئەوان لەگەڵ شارەوانی لەسەر دانی قەرزەکان دروستیان کردبوو. دراسێکانیشیان پروپاگەندەی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە ئەوانە چەندین ملیۆنیان کۆ کردۆتەوە و نایەنەوێ لە بانکی دابنێن . لە ساڵی ۱۹٤۲ ڕۆژنامەی نیویۆرک هیرالد تریبۆن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ لینگلیدا سازکرد و دەربارەی ڕۆژنامەی بێ کەڵک پرسیاری لێکرد. ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: "ئەم ڕۆژنامانە بۆ هومێر کۆ دەکەمەوە. کۆیان دەکەمەوە تا ئەو کاتەی چاوەکانی دەبینن و بتوانێت هەواڵەکان بخوێنێتەوە." لە ۳۱ ی مارسی ۱۹٤۷ کەسێک کە خۆی نەناساند بوو، پێوەندی بە پۆلیسی هارلم کرد و هەواڵی مردنی برایانی کالێری پێدان.

پۆلیس دەست بەکار بوو، بەڵام بە هۆی ئاسنەکانی

دەرگــا و پەنجــەرەوە نەیتــوانی بچــێتــە ژوورەوە و لە کـۆتاییـدا گـرووپێکی حـەوت کـەسی پێکهـات و دوای شکاندنی دەرگا و پەنجەرەکان، دەستیان بە بەتاڵکردنی زبڵی ماڵەکە کرد کە گشت ژوورەکەی داپۆشیبوو. دوای ئەو ڕاپۆرتەی کە پاشان بڵاوکرایەوە، ژمـارەیەکی زۆری ڕۆژنامە، دەرگا و پەنجەرە و کەلوپەلی کۆن و بەکارهاتوو و بێ کەڵک لە ناو ژووری نووستنی برایانی کالیێر ئەنبار کرابوون. سـەرەتا لاشـەی هومـێـریان هێنایە دەرەوە و لە ڕاپۆرتەکەدا هۆی مـردنی بە برسـیـەتی و نەبوونی ئاوی خواردنەوە و وەستانی دڵ تۆمار کرا. تیمەکە درێژەیان بە بەتاڵکردنەوەی مـاڵەکـەدا و نزیکەی نۆزدە تەن زبڵـیـان فـڕێ دا، بەڵام لینگلی دیار نەبوو. چەندین پڕوپاگـەندە سەری هەڵدا کە لینگلی ون بووە و کەسێک گوتبووی کە بینیویەتی بە شەمەندەفەر ڕۆیشتووە، بەڵام چەند هەفتە دواتر دوای بەتاڵ کـردنەوەی زبڵـەکـان لاشـەی لینگلیش چەند مەتر دوورتر لە لاشەی هومێر دۆزرایەوە. لاشەکەی لە حـاڵـەتێکدا دۆزرایەوە کـە لینگلی بە تەڵەیەکــەوە گرفتار بوو کە خۆی دروستی کردبوو.

چەند سـاڵ دواتر شـارەوانی دوای دۆزینەوی لاشـەی برایانی کـالیێـر و بەتاڵکردنی، مـاڵەکـەیانی تێکدا و لە شـوێنەکـەیدا پارکـێکی بچـووکی دروست کـرد بە ناوی برایانی کـالیێر، دواتر ژیاننامەی برایانی کالیێـر لە ساڵی ١٩٥٤ لە لایەن "مـارسـیـا داورنپـۆرت" لە کـتـێـبـێکدا نووسـرایەوە و چەندین کـتـێب و فـیـلم لەسـەر ژیانی ئەوانەوە بەرهەم هێنراوە، بەڵام کـاتێک ئایدیای ڕۆمـانی "هومێر و لینگلی" لە لایەن دیکترۆفەوە هاتە کایەوە کە چەند سـاڵ بەر لە ڕاپۆرتی تایمز خـوێندییـەوە کـە دراوسـێکانی ئەو پارکـە لە هارلم داوای گـۆڕینی ناوی پارکـەکـەیان کـردبوو. دیکتـرۆف دەڵێت: "بڕوا ناکـەم، دوای شـەست سـاڵ هێـشـتـاش برایانی کـالیێـر، ئەو بوونەوەرە بێ ئازارانە مـرۆڤـەکـان ئازار دەدەن." هەروەها دەڵێت: ئەوەی کە برایانی کالیێر خۆیان لە خەڵکی تر جیا کردووەتەوە و ئەم هەمـوو زبڵەیان کۆکردۆتەوە کە ببێتە مـیـرات بۆیان، یان ئەوەی کـە وا بیـر بکەنەوە کـە لە داهاتوودا بە کەڵکیان بێت، بەڕای من جۆرێکە لە گاڵتە پێکردن بە هەمـوو ئەو شـتـانەی کـە ئێـمـە بۆ پاراستنیـان هەوڵ دەدەین. دیکترۆف لە شـوێنێکی تردا دەڵێت: "دوا ساتەکانی خولی سەرۆکایەتی جۆرج بوشە و من بەردەوام بیـر لە ژیانی برایانی کـالیێـر دەکـەمـەوە، ئەوەی کـە داهاتوومـان ڕوو لە کـۆتاییـە." هەروەها دەڵێت: "دوای مـردنی برایانی کـالیێـر لەناو پاشـمـاوەی زبڵـەکـاندا، پسوولەیەکی بانکیش هەبوو کە بڕێکی زۆری پارەی تێدا بوو. بۆ من زۆر جێگای سەرسوڕمانە کە هومێر و لینگلی پارەشـیـان هەبوو، بەڵام لە پاشـمـاوەی خۆراکی خەڵکی دیکەیان دەخـــوارد و بۆچی کـــەلوپەلی کـــۆنەیان بۆ داهاتوویان کۆ دەکردەوە."

ئەی. ئێڵ. دیکترۆف دەڵێت کە چیرۆکەکە بە سادەیی دەستی پێکردووە: "من هومێرم، برایە کوێرەکە." ڕۆمانی "هومـێـر و لینگلی" دیکتـرۆف لە زمـانی هومـێـرەوە نووسراوەتەوە و دیکترۆف بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی تایبـەتی نەکـردووە، هەمـووی بە پێی ئەو وردەکـاریانە نووسـیوە کە لە منداڵییـەوە لە یادەوەری ماوەتەوە، هەر بۆیە لە نووســینی چیـرۆکـەکـەدا دەســتی کـراوەیە و کـەمێکیش ڕاسـتـییـەکەی گۆڕیوە. بۆ نموونە لە ڕۆمـانی دیکترۆفدا ئەوە هومێرە کە پیانۆ لێدەدات نەک لینگلی، هەروەها کـاتی مـردنی بۆ سی سـاڵ گـۆڕاوە. دیکتـرۆف دەڵێت: "من لە نەوەی ئەو ملیۆنە گەنجەم کە هەر کاتێک دایکیان دێتە ژوورێکی ئاڵۆز و پەرشوبڵاو هاوار دەکات: خوایا! برایانی کالیێر! وشەی" برایانی کالیێر "بۆ دایک و نەوەی نوێی نیـویۆرک، واتە ژوورێکی تێکەڵ و پێکەڵ." دیکترۆف لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "هەر ئەو کاتە بوو کە بە خۆمم گوت برایانی کـالیێر بۆ ئەو هەوێنێکن و ئێـمە دەزانین، ئەوان بەشێکن لە ئەفسـانەی نیـویۆرک." دیکتـرۆف لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەی کـە سـەبارەت بە جێگۆڕکێی ڕاستـەقینەی چیرۆکی "هومـێر و لینگلی" دەڵێت: "کاتێک چیرۆکێک دەنووسن، دەستتان کراوەیە. هیچ سنوورێک نییە، دەتوانن بۆ هەمـوو شوێنێک بفڕن، دەتوانن وەکـو هەواڵنێـرێک بنووسن، دەتوانن دانی پێدا بنێن، دەتوانن ئەدای فـەیلەسـووفـەکان، یان مرۆڤناسەکان بکەن، دەتـوانن هەر کـارێک کـە خـۆتان ئارەزووی بکەن، بیکەن."

"هومێر و لینگلی" یەکەمین ڕۆمان نییە کە دیکترۆف لەسـەر بنچـینەی یەکـێک لە ڕووداوەکـانی وڵاتەکـەی نووسیویەتی. لە ڕاستیدا، دیکترۆف دەستێکی کراوەی لە نووسـینی ڕۆمـاندا هەیە کە لەسـەر بنچـینەی ڕووداوە مێـژووییـەکـانی وڵاتەکـەیەتی، بە جیـاوازی ئەوەی کـە بۆ

نووسینی کتێبەکانی دەست بە لێکۆڵینەوەی بەرفراوان ناکات، هەندێک جار نموونەی چیرۆکی "هومێر و لینگلی" سوود لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی وەردەگرێت و هەندێک جاریش وەکو ڕۆمانی "ریگتایم" بە سەیرکردنی وێنەیەک دەست بە نووسین دەکات. لە وەڵامی پرسیاری تایم سەبارەت بە جیاوازی نێوان مێژوونووسێک لەگەڵ ڕۆماننووسێکدا کە مێژوو دەنووسێتەوە دەڵێت: "مێژوونووس پێتان دەڵێت کە چی ڕوویداوە و ڕۆماننووسیش پێتان دەڵێت کە ئەو ڕووداوە چۆن ڕوویداوە و چ هەستێکی لە پشتەوە بووە."

ئەو نموونەی کە دیکترۆف لە ڕۆمانی برایانی کالێر بە کاری هێناوە، هەمان ئەو نموونەیە کە بۆ نووسینی ڕۆمانەکانی "ریگتایم، بیلی باتگیت و ڕێپێوان" بەکاری هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیکترۆف لە هەر یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا بە جۆرێک ڕووداوەکانی بینیوە و شێوازی هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوەی تردا جیاوازی هەیە. لەم ڕووەوە دیکترۆف لە چیرۆکەکانیدا بەردەوام ستایلەکەی دەگۆڕێت و لەگەڵ ستایلی هەمینگوای کۆک نییە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "بڕوا بەوە ناکەم کە هەمینگوای لە نووسینەکانیدا بەردەوام یەک ستایلی بەکارهێناوە و ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە لە کۆتایی تەمەنیدا لە ڕۆمانەکانی زۆر سەرکەوتوو نەبێت."

هەر لە منداڵییەوە بەخت یاوەری دیکترۆف بووە، باوکی بەهۆی خۆشەویستی بۆ "ئەدگار ئالن پۆ" ناوی لێناوە "ئەدگار"، بەڵام دیکترۆف خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "باوکم عاشقی ئەدگار ئالن پۆ بوو. (بە پێکەنینەوە) باوکم عاشقی زۆربەی نووسەرە خراپەکان بوو و ئەدگاریش یەکێک لەو خراپترینانە بوو و ئەوەش تا ڕادەیەک بۆ من جێگەی دڵخۆشکەری بوو." چەندین ساڵ دواتر دیکترۆف بەشداری لە پرۆژەی فیلمێکدا کرد کە دەربارەی عەرەب و ئەمریکا بوو، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیکترۆف زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە مێژووی ڕۆژئاوای ئەمریکا کۆ بکاتەوە و لەسەر بنەڕەتی ئەوەش کتێبێک بنووسێت بەناوی "بەخێر بێن بۆ هارد تایمز." خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەمویست دەست بە نووسین بکەم و بە خۆمم گوت چی لەوە باشترە کە بە ئاسانی لەم زانیارییانە سوود وەربگرم و ڕۆمانێکی لەسەر بنووسم." دیکترۆف لە ساڵی ١٩٦٠ ڕۆمانی "بەخێر بێن بۆ هارد تایمز" چاپ کرد و دواتریش دووەمین ڕۆمانی نووسی کە لەم بارەیەوە بۆ نیویۆرک تایمز دەڵێت: "دواتر ڕۆمانی دووەمم نووسی، ئەو ڕۆمانەی کە هیچی لێ فێر نەبووم." بەڵام ئەوانە هەمووی بۆ دیکترۆف بوو بە بەراییەک بۆ ڕۆمانەکانی "ریگتایم و بیلی باتگیت" کە دواتر بڵاوی کردەوە. ئەو کتێبەکانی کە ناوبانگێکی زۆری بۆ دیکترۆف پەیدا کرد و هەردووکیان بوون بە فیلم و ئێستاش وەکو ئەدرێسە کلاسییەکانی ئەمریکا ناو دەبرێن و بۆ زمانەکانی دیکەش وەرگێڕراون. دیکترۆف تاوەکو ئێستا ١١ ڕۆمانی نووسیوە و لەم چەند نووسەرە کەمە دێتە ئەژمار کە سەرەڕای تەمەنی زۆری، هێشتاش باش دەنووسێت و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە مونهەتنی نیویۆرکدا دەژیت و تائێستاش کتێب لەسەر کاغەز دەخوێنێتەوە نەک لەسەر ئینتەرنێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: "شتێکی بێ وێنە لەو کتێبەدا هەیە ئەویش ئەوەیە هەر کە نووسرایەوە ئیتر بۆ مانەوەی پێویستی بە وزە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پێویستە بە باشی بپارێزرێت تاوەکو تەمەنێک بەخۆڕایی بۆتان کار بکات، من بەردەوام ئارەزوو دەکەم کە کتێبی کاغەزی بخوێنمەوە. چێژ لە پیاسەکردنی ناو کتێبخانەکان وەردەگرم و ئەو کاتەی کە دەچیتە ناو کتێبخانەیەک و ڕووبەڕووی ئەو کتێبانە دەبیتەوە کە بەدوایاندا ناگەڕێی، یان ئاشنای ئەو شتانە دەبی کە بە خەیاڵتدا نایەن، ئەوەش زۆر گرنگە."

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی اعتماد – ماڵپەڕی اندیشه سرا.**

# بزەیەک لە تاریکیدا

کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

ئەگەر سەرنجێکی شیعری ئەورۆ و ئەم سەردەمەی قوتابخانەی کوردی بدەین، دەبینین کە زۆر دەنگ و شێوازی سەرکەوتوو بەدوای مامۆستا (گۆران) و (سوارە)دا هاتوونەتە ئاراوە. جگە لەمە، زۆر هۆنەر و شاعیری تر پێیان ناوەتە مەیدانی هۆنینەوە و تاقیکارییەوە، بەڵام زۆرینەیان نەیانتوانیوە دەنگ و شێوازی خۆیان هەبێت، بەو مانایەی کە شاعیر توانیبێتی شوێن پەنجەی خۆی لەسەر دەق دانێ و دەربڕینی داهێنەرانەی هەبێ، چونکە زۆربەی شاعیرەکان هەر دووپات و چەند پاتی یەکدین و یەکتری دەجوونەوە، باشترین وێنەش بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانەیە و نەبوونی جیاوازییە لەنێوان فۆرم و دنیای ناوەرۆکی ئەم شاعیرانە.

لەم بوارەدا (خالید عینایەتی)، یەکێک لەو شاعیرانەیە کە لە پێناوی داهێنان و دەستەمۆکردنی شێوازی تایبەت بەخۆ هەوڵی بەرچاوی داوە و ئەم تێکۆشانەی زۆرینەی شیعرەکانی شاعیر دەگرێتە خۆ. کە وەک نموونە شیعری، لاپەڕەی ٨٩ی کتێبی (بزەیەک لە تاریکیدا) دەخەمە بەرچاو و بۆچوونەکانی خۆمی لەسەر دەردەبڕم.

**کاتی کەحێلی خەیاڵم**
**فەزای شەق کرد**
**بەرەو بۆتان**
**کە هاتەوە**
**بەڵام بێ زین**
**چاوەکانم**
**بوون بە دوو پۆلوو**
**گڕی خەست**
**بۆ زستانی سیبری ناخم**
**ئەو ڕۆژە زانیم تامی ژین**
**ئەوین- بەزین**

ئەگەر لە زمان و فۆرم و وێنە و فەزای ئەم دەقە شیعرییە وردبینەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم شیعرە دەکەوێتە جوغزی شیعرێکی داهێنەرانەوە. شاعیر هیچ وشەیەکی بێ هۆ بەکار نەهێناوە، وشە ژیانیان هەیە و ئەو وشە ساکارانە نین کە

ئێمە لە دەرەوەی دەق، ڕۆژانە دەیانبیستین، هەر وشەیەک چەند مانا دەخوازێ و وشەکان لەسەر مانایەک ساغ نابنەوە. وەکو زین و بێ زین و ئەوین و بەزین، هەروەها زمانی شاعیر پتەوە و توانیویەتی تەئویل خولقێن و فرە ڕەهەند بێت.

لە خوێندنەوەیەکی هێرمۆنۆتیکی ئەم شیعرەدا، بیری ئێمە بۆ لای سوارێک دەچێ، کە لەکاتی گەڕانەوەدا تەنیا ئەسپێکی ڕووت و قووت دەبیندرێ و هیچی تر، ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەسەڵاتی زمانی و مانا بەخشی بەدوای ئەم ڕاڤەیەدا، تەئویلێکی ترمان لا سازدەکا و دەڵێ: کەحێلی خەیاڵ، کە ڕێگەی بۆتانی گرتۆتەبەر، لە گەڕانەوەدا زین «واتە گراوی مەم» ، یان دڵدارەکەی شاعیری لەگەڵ نەبووە.

شێوەی لەکارکردنی بە توانایییانە و مانا بەخشی، ئەم تەئویلەش چێ دەکات، کەحێلی خەیاڵ تەسویرە و شاعیر ویستوویەتی بڵێ: بیرم بەرەو بۆتان فڕی، کەچی لە گەڕانەوەدا بیرەکەم پۆشتە نەبوو، واتە پەرۆش بوو، چونکە گراو، کە- لێرەدا بەشێوەیەکی ئیستیعاری «زین»ـە لەوێ نەبوو.

هەر بەدوای ئەمەدا شاعیر دەڵێ:

**ئەو ڕۆژە زانیم تامی ژین**

**ئەوین- بەزین**

یانی، من لەم کاتەوە هەستم بە ژیان کرد، هەستم بە خۆشەویستی و دڵداری-یان، هەستم بە ئەوینیش کرد و بە تێکرمانیش-یان، کاتی بەزین مانای ژیان و ئەوینم زانی و...تاد

بەم جۆرە شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی ئەیهامەوە (چەند مانایی) عەینییەتێکی زیاتر بە دەق ببەخشێ.

خاڵی شیاوی سەرنج لەبواری فۆرمی ئەم شیعرەدا ئەوەیە کە شاعیر بە شێوەیەکی خەتی (یکنواخت) شتەکان وەسف ناکا، بەڵکو بەمیتودێ دەڕواتە پێش کە پەیتا پەیتا شێوە گێڕانەوە دەگۆڕدرێ و بەدوای ئەمەشدا، ڕوانگەی خوێنەر دەگۆڕدرێ. واتە گۆڕانی شێوەی گێڕانەوە ئەوە دەخوازێ کە خوێنەر بە ئاگابێتەوە و بەجۆرێکی تر بەرەنگاری دەق بێتەوە. (ئاشنایی سڕینەوە لە شێوەی دەربڕین) بە نموونەوە وەختێ شاعیر دەڵێ:

**کاتێ کەحێلی خەیاڵم فەزای شەق کرد.**

ئیتر لە دێڕەکانی دواییدا گێڕانەوە جیاوازە،

**بەرەو بۆتان**

**کە هاتەوە**

**بەڵام بێ زین.**

ئەم جیاوازی گێڕانەوەیەی نێوان دێرەکانیش، لادانە لە دەربڕینی ئاسایی و هۆی چڕبوونەوە و نوێگەری مانایی و چێژبەخشی پێکدێنێ و لە توێی دەقێکیدا کە دەبنە دەقگەلی خوێنەرتەوەر، ئیتر خوێنەر بوونەوەرێکی بەستەزمانی برسی نییە، کە چاوەڕوانی مەبەستێ، یان بابۆڵەیەک بێ کە شاعیر بە پەلە بیداتە دەستی و تەواو بێت، بەڵکو وەها دەقێ خوێنەرێکی وریای دەوێ کە بە ئارەزووی خۆی دەقەکە سەنگ و سووژن بکا و هەمیسان دایڕێژێتەوە و بە بۆچوونی خۆی بینووسێتەوە، چاتر وایە بڵێم ئەوتۆ دەقێک هەنووکە نەنووسراون و تەواو نەبوون و داوا لە خوێنەر دەکەن کە تەواویان کات، چونکە هەر وەک گوترا ئەوتۆ دەقێک، کراوەن و تاک ڕەهەند نین و خوێنەر، واتە تەواوکەر و ڕوخساری دووەمی بەرهەم.

(خالید عینایەتی) خولیا، کەڵکەڵە و تاسەکانی، تەنیا بە داهێنانی فۆرم، تەسویر و تەکنیکەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو لە ژینگەکەشی وردبووەتەوە و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگاکەی دواوە و ئەو بزانەی وێنا کردووە کە لە تاریکیدان و ئەو لاپەڕانەی نەریتی زەق کردووەتەوە کە ئافرەتیان لە تاریکیدا قەتیس کردووە.

**سەرم چەند بەرزە**

**کە مێ-نیم- تەواوم**

**کە نیوم بەنیوەی هەڵاڵە**

**کە لاڵە**

**کە نێرە- چەماوە**

**گراوی کە- نیوە**

پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە شاعیر لەکاتی زەق کردنەوەی ئەم نەریتەدا لە زمانی شاعیرانە لای نەداوە و لە هاتوهاوار و دروشمی خاڵی و پەند و ئامۆژگاری خۆی بواردووە و داوەری داوەتە دەستی خوێنەر.. بۆ نموونە «کەمێ- نیم» خوازیاری وردبینی و تەئویلە، چونکە هەم هەڵگری مانای؛ ئەگەر کەم نیم و هەمیش هەڵگری مانای؛ ئەگەر مێ نیم و یان ئەگەر ژن نیم-ە.

یان:

**کەنێرە- چەماوە**

**گراوی- کەنیوە**

لەم کۆمەڵگایەدا پیاو چی دەوێ؟ ئەوە نییە یارەکەی «ژن» لە حسێب و کتێبدا نیوەی ئەوە و وەک کەرەستەی گەمەی پیاو دێتە ئەژمار!

**کە نیوم بەنیوەی هەڵاڵە**

**کە لاڵە**

هەم دەکرێ هەڵگری تەئویلی لۆمەکردنی نەریتی بەکەمگرتنی ژن بێ و هەمیش دەکرێ گاڵتەی بە هەڵاڵە «ژن» کردبێ کە بۆ چ لە حاند ئەوتۆ مامەڵەیەکدا خۆی کەڕولاڵ کردووە. بەلای منەوە ئەوتۆ فۆرم و شێوە دەربڕینێ لە شیعری نوێی کوردیدا کار و ئەزموونێکی تازەیە و دەچێتە خانەی ئەوتۆ دەربڕینێ کە (نالی) شاعیر لە دنیای کلاسیکدا، بەکاری هێناوە، هەر بۆیە من بە هەوڵێکی نوێ و بەرچاوی دەزانم و دەخوازم کە پتر ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

# کەڤاڵە... فیستیڤاڵی فیلیپی و ئۆتێللۆ

دانا ڕەئووف
(سوێد)

هەموو گەشتێک بۆ گریکلاند وەک ئەوە وایە بەدوای نهێنییەکی دێرین، سەرەتاکانی دنیا و گەردوونێکی بزر و لە هەمان کات ئامادەدا بگەڕێیت. ئەم وڵاتە وەک کتێبێکی والاّ وایە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێیدا ڕەوشی نوێ، ناواخنی جیاواز، وێنەو بابەتی تری تێدا دەدۆزیتەوە.

گریکلاند مێژوویەکی دێرینە و چەندین مێژووی تر لەنێو ڕووپەڕەکانیدا، لەنێو ڕووداوەکانیدا، لەنێو جەنگە یەک لە دوای یەکەکانیدا، لەنێو فیستیڤاڵەکانی دیۆنیزیۆسدا، لەنێو ئەفسانەو داستانەکانیدا، لەنێو سووڕە بەردەوامەکەی شەو و ڕۆژیدا و لەنێو گفتوگۆی فەیلەسووفەکانیدا لەخۆ دەگرێت. گریکلاند دنیایەکە پڕ لە هەتاو و زەریا و دوورگە. شانۆ و زانست و فەلسەفە لە ئامێزی گەرمی و ڕووناکی، چیای بەرز و دۆڵی سەوز، دارزەیتوون و ڕەزی ترێدا، لەدایکبوون.

لە گریکلاند هەست بە دەستپێکی لە دوانەهاتووی جیهان دەکەیت، پاشماوە دێرینەکان ئاماژە و ئامادەبوونێکی بەهێز و بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی ئەمرۆمانن. شانۆی گریکی، سەرەتاکانی فەلسەفە لەگەڵ شانۆیەکی مۆدێرن و تەوژمە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆ لە پێکداچوونێکی بەردەوامدان و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین.

دە ساڵ لەمەوبەر لە (ئەسینا) و لە کەناری دوورگەی (پیرۆیۆس)ـەوە، لەو کەنارەدا کە زۆربا، ڕۆژێکی باراناوی بەرەو کریتا ڕۆیشت، بەڕێ کەوتم: لە ئەمەرگۆزەوە بۆ ناکسۆس، سیرۆس، میکۆنۆس، دێلۆس و کوفوونیس...تاد. بۆ یەکەم جار لە ئەسینا و لەم دوورگانەدا هەستم بە وزە و هێزی مێژوو کرد، بە کاریگەریی ڕابردوویەک، کە هەرگیز لە ڕابردوودا بزرنەبووە و لەسەر ئاستێکی بەرز لە ژیانی کولتووری و

ڕۆشنبیریماندا، له هەست و نەستی تاک و کۆماندا بوونی هەیە و دەژی.

### کەڤالە/ دەروازەیەک بۆ مێژوو

کەڤالە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی گریکلاند، لە هەمان کاتدا شارێکی مۆدێرنە و چەندین جار بەهۆی شەڕ و پێکدادانەوە وێران کراوە و سەرلەنوێ ڕۆنراوەتەوە(١). ئەم شارە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی بەر لە زایینەوە، بەناوی (نیاپۆلیس)ەوە دروستکراوە. ئەم ناوەش بە گریکی کۆن مانای (شاری نوێ)ی گەیاندووە و بۆ ئەو دەمەی شارستانیەتی گریکلاند شار و ناوچەیەکی گرنگ بووە. ئەم شارە نوێیە هەر لە سەرەتاوە لە ڕووی گرنگیی شوێن و جوگرافیای ناوچەکەوە، هاوپەیمانییەکی سەربازی و بازرگانی لەگەڵ ئەسینا مۆرکردووە(٢)، بەڵام شا فیلیپی دووەم لە ساڵی ٣٥٦ی بەر لە زایین، کەڤالەو دەوروبەرەکەی داگیردەکات، هەر لەبەر ئەویشە کە تا ئێستاش بەشێکی ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی شاری فیلیپی بەناوی ئەم پادشایەوە ناوزەدکراوە(٣).

لە ئەسیناوە بەڕێ دەکەوم و دوای نیوەڕۆیەکی گەرم لە شاری کەڤالە، لە نزیک کەنارەکانی دوورگەی تاسۆس دادەبەزم، تیشکی هەتاوەکە بە شاقوولی هاتووەتە خوارەوە، هیچ شوێنێک نییە خۆمان لە گەرماکە بشارینەوە، خانووبەرە و ژووری چاوەڕوانی لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەکەوە دوورە.

گرفتێک لە ئارادایە و ئێمە تێی ناگەین. پاسەکان کە دەبێت بمانگەیەننە هۆڵی چاوەڕوانی و چوونە دەرەوە، دیار نین و کارمەندەکان بە تەلەفۆنەکانی دەستییانەوە، بە شپرزەیی و لە ڕەوشێکی پەشێودا دێن و دەچن و بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەکتریدا قسە دەکەن.

ئەم سەفەرەم بۆ شاری کەڤالەو لەسەر ئەرکی یەکێتی نووسەرانی سوێدە و بۆ ماوەیەک لە (ماڵی سوێد) کە خانووبەرەیەکی گەورەیە و بەسەر یەکێک لە بەرزاییەکانی ئەم شارەوە، دوور لە سەرقاڵی و گیروگرفتەکانی ڕۆژگارەوە، دەخوێنمەوە، دەنووسم و سەیری شانۆ و ئاسەوارە دێرینەکان دەکەم(٤).

بە تەکسییەکە، کە لە ماڵی سوێدەوە بۆیان ئامادەکردووم، دەگەمە ناو کەڤالە. شارەکە دەکەوێتە ئامێزی چیا و کۆمەڵێک گردی گەورەی سەوز و لەبەردەم دەریای ئیجەدا، بە سەرێکی بەرزەوە ڕاوەستاوە.



شۆفێرەکە کوڕێکی گەنجە و ماشێنەکەی لە تەکسی ناچێت، بۆیە لێی دەپرسم: (ئەمە لە تەکسی ناچێت، ماشێنەکەت زۆر جوان و پاک و خاوێنە). ئەویش دوای ئەوەی چاویلکە ڕەشەکەی لادەبات، بە سیمایەکی پڕ لە پرسیارەوە سەیرێکم دەکات، وەک ئەوەی من ئاگاداری ڕووداوێکی گرنگ نەبووبم.

– شۆفێری تەکسییەکان مانیان گرتووە، هیچ تەکسییەک لە هەموو گریکلاندا کارناکات، ئەمە ماشێنی خۆمە، بۆ ئەوەی نەمناسنەوە، خۆم و باوکم کار بۆ ماڵی سوێد دەکەین و دەبێت لەم کاتانەشدا یارمەتییان بدەین. من ناوم (تییۆ)یە و تا لێرەیت من یارمەتیت دەدەم.

### ماڵی سوێد

ژوورەکەم دەکەوێتە نهۆمی سەرەوە، بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوم و لە دەستە چەپەوەو بە ڕاڕەوێکدا دەچمە ناوەوە، دەرگای ژوورەکەم دەکەمەوە و دەچمە ژوورەوە(٥).

کلێسایەکی گەورە بەرانبەر پەنجەرەی ژوورەکەم خۆی ڕاست کردووەتەوە، زەنگی کلێساکە بە شێوەیەکی لار نەویوەتەوە و تاوەرە بەرزەکەشی بە خاچێکەوە، ڕووەو

ئاسمان لە نوێژ و نزایەکی بەردەوامدا وەستاوە.

بە دەستە ڕاستدا دەرگایەکی تری گەورە دەچێتەوە سەر بانیژەیەکی فراوان. دەچمە بانیژەکە، تا چاو بڕ بکات زەریایەکی گەورە خۆی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردووەتەوە، لەو سەرەوە، لە خاڵێکی نادیارەوە، لە ئاسۆگە دوورەکانەوە زەریاکە بە شێوەیەکی ئەفسووناوی درێژبووەتەوە و لە جوولەیەکی ئەبەدی و لە پێکداچوونێکی خواوەندانەدایە، زەریا گەورەکە بە ڕەنگە سپی و شینە کاڵەکەیەوە لەنێو بریسکەی هەتاو و تەمی ئاسۆگە و ڕەنگی ئاسماندا تێکەڵاو بووە.

ڕەنگەکان بە بەردەوامی گۆڕانیان بەسەردا دێت: ڕەنگی دەریاو ئاسمان و تیشکی هەتاوەکە. ڕەنگی هەموو شتەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، دیوار و ساپیتەی ژوورەکەم، بەلەمی ماسیگرەکان، لمی کەنار زەریاکان، لقوپۆپی دار و درەختەکان، پەڕوباڵی نەورەس و تەنانەت ئەستێرەکانی ئاسمان. ڕەنگەکان لەم وڵاتەدا لە گەمەیەکی پەلکەزێڕینەدان و لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لە بانیژەکەدا دادەنیشم و تەماشای زەریاکە دەکەم، وەکو ئەوە وایە لەناو بەلەمێکدا دانیشتبم. بەلەمەکە لەنگەری گرتووە، زەریاکەش لە چاوەڕوانیی شنەبا و شەپۆلێکی بچووک و گەمەی نەورەسەکاندا وەستاوە. چەندین کەشتی چارۆکەدار لە دوورەوە بە بچووکی دەبینم، زەریاکە دەبڕن و لە ئاسۆگە سپییەکاندا، لەنێو تەمومژ و هەور و زەریا و ئاسماندا بزر دەبن. ئێرە (نیشتمانە شاراوە)کەی کازانتزاکیس-ـەو ئێستا و لەم ساتەدا، لەژێر تیشکی خۆرەکە، وەک پارچە زێڕێک دەبریسکێتەوە و لە چاوترووکانێکدا بەرگە ئەفسانەییەکەی جارانی دەپۆشێت.

## قەڵایەک دەبێتە شار

ئەم ناوچانە لە سەردەمە دێرینەکانی بەر لەدایکبوونی مەسیحدا بەشێک بوون لە سەرەتا و دەستپێکردنی شارستانیەتی گریکلاند. کەشتییەکان لە کەنارەکانی ئەم ناوچانەوە هاتوچۆیان کردووە، سوپاکان لەم شوێنانەدا بە یەکدا هەڵپژاون، فەیلەسووف و ڕۆشنبیرەکان لێرەوە چوون بۆ ئەسینا و شار و جێگەکانی تر. شاری کەڤاڵە لە قەڵایەکەوە دەست پێ دەکات، قەڵاکە فراوان دەبێت و بە چوار دەوریدا بۆ خوارەوە دەبێتە شار. ئەم قەڵایە بەسەر تەپۆلکەیەکی بەرزەوەیە و دەکەوێتە ناوەندی ئەمڕۆی شاری کەڤاڵەوە، هەر لێرەشەوە بەشێک لە مێژووی ئەم شارە دەست پێ دەکات و هێزە داگیرکەرەکان ئەم قەڵایە دەکەنە پێگە و بنکەیەکی سەربازی و ئیداری خۆیان. ڕۆمەکان، مەکەدۆنییەکان، بێزەنتییەکان، فێنیسییەکان و تورکەکان دێنە ئەم قەڵایەوە، خاپووری دەکەن و سەرلەنوێ دروستی دەکەنەوە و دواتر بەو شێوەیەی لێ دەکەن کە خۆیان مەبەستیان دەبێت(٦).

لە کەناری زەریاوە سەیرێکی قەڵاکە دەکەم، ڕێگەکەی لە بەشە دێرینەکەی شارەوە بەرەو سەرەوە، بۆ ناو قەڵاکە درێژ بووەتەوە. لە دوورەوە وەک شوورەیەکی گەورە، یان پردێک (ئەکڤادوکت)ێک بە تاقە بەرز و زەبەلاحەکانییەوە بەرزبووەتەوە(٧).

لە تاقەکانی ئەم ئەکڤادوکتە گەورانەوە، کە بووەتە دەروازەیەک بۆ قەڵاکە، دەچمە ژوورەوە، بە کۆڵانە باریکە پێچاوپێچەکاندا یەک لە دوای یەک سەردەکەوم، تا دەگەمە ناو قەڵاکە. بەر لەوەی بچمە نێو دەرگاکەوە، لەبەردەم تاوەرە بەرزەکە و بە بەرزاییەکەوە، شانۆیەکی بچووک بەشێوەی نیوە بازنەیی بە ڕووی ئاسماندا کراوەتەوە(٨)، قەڵاکەش لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی دەرەوە و بەشی ناوەوە، ئەم دوو بەشەش بە شوورەیەک لە یەک جیاکراونەتەوە، لە دەروازەی قەڵاکەشدا تاوەرێکی خڕی گەورە بەرزبووەتەوە.

لەسەر تاوەرەکەوە نەک تەنیا شاری کەڤاڵە، بەڵکو هەموو ناوچەکە، کەنارەکان، ڕێگاکانی دەوروبەر، چیاکانی پشتەوە، هەموو ئاسمان لێرەوە، لەسەر ئەم تاوەرەوە دیارن(٩).

## شارێک لەودیو سنوورەکانی بیرچوونەوەدا

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ لیسا و دالیا لە دانیمارکەوە دەگەنە کەڤاڵە. تیبیۆ-ی شۆفێر دێت و پێکەوە دەچین بە شوێنیاندا، تیبیۆ بە ڕێگایەکی کۆندا دەڕوات، کە بەنێو کۆمەڵێک چیا و کەناری زەریا و دارزەیتوون و ڕەزی ترێدا تێدەپەڕێت.

شەقامەکە لە پێچێکدا، لە تووڵە ڕێگایەکەوە بەنێو چیاکاندا بەرز دەبێتەوە، هەندێک جار لێرە و لەوێ ئاسەواری کۆشک و هۆڵە گەورە دێرینەکان دەبینین. تیبیۆ لە نزیک ئەم ئاسەوارە دێرینانەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆشکی پادشا، پەرستگەی خواوەندەکان و ماڵی دەسەڵاتداران بووە، ماشێنەکەی هێدی دەکاتەوە، بە پەنجە ئاماژەیان بۆ دەکات و چیرۆکە مێژووییەکانم بۆ دەگێڕێتەوە.

لەو جیهانەدا خواوەندەکان لەنێو خەڵک و لەسەر زەوی ژیاون، ئەفسانەکانیش بەشێک بوون لە واقیعی ژیان و واقیعیش ئەفسانەکانی دروست کردووە. ئێستاش ئەم ئاسەوارانە بوونەتە شاری مردووەکان و خواوەندەکانیش نە لە واقیع و نە لە ئەفسانەکانیاندا نەماون و بەتەواوەتی لەبیرکراون.

مێژووی ئەمڕۆ، مێژووی دوێنێ و مێژووی ڕابردوویەکی دێرین لەسەرە ڕێگایەکدا، بەقەد چیا و لاپاڵی گردەکانەوە، لە بەردەوامییەکی هەمیشەییدایە. بەر لەوەی بگەینە فڕۆکەخانەکە لە پێچ‌ـێکدا ئاسەوارەکان، شاری پادشا و کۆشکەکان لە پشتمانەوە و لەناو تەپوتۆزی دوای ماشێنەکەوە بزردەبن.

بەردەم فڕۆکەخانەکە چۆڵ و هۆڵە، مانگرتنی شۆفێرەکان هەر بەردەوامە. تیبیۆ بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، ماشێنەکەی لە پەنایەکدا ڕادەگرێت و هەر لەناو ماشێنەکەشدا پێش وەخت کرێکەی وەردەگرێت.

### فیستیڤاڵی فیلیپی

لە ئاسەوارە درێرینەکانی شاری فیلیپی-دا، شانۆیەکی کۆنی گریکی وەک خۆی پارێزراوە، تا ئێستاش نمایشی شانۆیی تێدا پێشکەش دەکرێت و لە ساڵی ١٩٧٥یشەوە ساڵانە و لە وەرزی هاویندا فیستیڤاڵی فیلیپی لەم شانۆ دێرینە و لەنێو ئاسەوارەکانی شاری فیلیپی و ئامێزی چیاکانیدا ساز دەدرێت(١٠).

لە سەدەی پێنج سەد تا چوار سەدی بەر لە زایینداا، چالاکی شانۆیی و فیستیڤاڵی دیۆنیزیۆس، بە چەشنی فیستیڤاڵەکانی ئەسینا، لەسەر ئەم شانۆیە و لە شاری فیلیپی پێشکەش کراوە.

شانۆی گریکی لەم بەشەی گریکلاندیشدا، لە سەرچاوە پڕ لە ڕاز و نهێنییە ئایینییەکانەوە، لە ڕێتواڵەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیزیۆسەوە، لە ئەفسانە و جموجووڵە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانەوە وزەی خۆی وەرگرتووە. ئەوەی جێگای تێڕامانە کەسی تاک وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ لە فەلسەفە و مێژووی گریکیدا، لە شانۆ و بوارەکانی تردا بە بەردەوامی دووپات کراونەتەوە و بینراون. ئەو تاکە کەسانە کە چارەنووسیان لەوەوبەر لەلایەن خواوەندەکانەوە دیاری کراوە، ناو و پێناسێکی تایبەتمەندیان هەبووە و لەناو خەڵک و کۆمەڵگادا ژیاون. ئەو کەسانە، یان ئەو پاڵەوانانە وەک پادشا، سەرکردە،



خەڵکی ئاسایی، کەسانی بێ بەزەیی، میهرەبان و بێ باک، لەناو ڕووداو و ڕەوشە درامی و بارودۆخە جیاوازەکاندا دەرکەوتوون.

لەم شانۆنامانەدا هەمیشە کەسانێک بە ناوی ئەنتیگۆنا، مێدیا، کەساندرا، ئاگامێمنون، کریۆن، ئێلێکترا، ئۆرێستیێن، پەیامنێر و سەرباز... تاد دەرکەوتوون. ئەفسانە تێکەڵاوی واقیع بووە و واقیع بووەتە ئەفسانە و شتێکی تریان دروست کردووە. بینەرانیش بەر لەوەی بچن بۆ شانۆکان، ڕووداوەکانیان زانیوە، کەسایەتییەکانیان ناسیوە و ئەفسانەکانیش بەشێک بوون لە ژیانیان.

فیستیڤاڵی فیلیپی-یش هەوڵێکی بە بەهای زیندووکردنەوەی ئەو شانۆ و کولتوور و ژیانە دەوڵەمەندەی گریکییەکانە، ساڵانە لەم فیستیڤاڵەدا تراژیدیا و کۆمیدیای گریکی بە بەردەوامی نمایش دەکرێن، هەروەها شانۆنامە مۆدێرنەکانی گریکلاند، شانۆی کلاسیکی ئەورووپی، شانۆی ئەمریکی، گرووپی میوانی شانۆی چینی و ژاپۆنی، سەمای مۆدێرن و هەموو جۆرە نمایشێکی تری تێدا پێشکەش دەکرێت. ئەم ساڵ شەکسپیر بەشێکی گرنگی ئەم فیستیڤاڵەیە، ماکبس، هاملێت و ئۆتێللۆ لەسەر شانۆ دێرینەکەی فیلیپی و لە

دەرەوەی سنوورەکانی ئەم شارەوە نمایش دەکرێن.

## بەدەم چاوەڕوانی ئۆتێللۆ-وە

دیواری نیـــوە ڕووخــاو، شـــوورە، تاوەر و بناغـــە دێرینەکەی شارەکە، بەبێ خواوەندەکانیان، بەبێ پادشا و پاڵەوان و دەستوپێوەندەکانیان، لێرە و لەوێ دیارن. لە باخچـەیەکی بچـووکدا نووسـەرێک بە جلوبەرگی کـۆنی گریکییەوە، کۆمەڵێک کەسی لە خۆی کۆکردووەتەوە و شیعریان بۆ دەخوێنێتەوە(١١).

شـاعیـری باخـچـەکە لە خـوێندنەوەی شـیـعـرەکـانی بووەتەوە، هەندێک کەس لێی چوونەتە پێشەوە و وێنەی لەگـەڵ دەگـرن، گـفـتـوگـۆی لەگـەڵ دەکـەن و ئەویش بە سـیـمـایەکی پڕ لە زەردەخـەنەوە وەڵامـیـان دەداتەوە، بە باشی چووەتە ڕۆڵەکەیەوە و وا هەست دەکات فیگورێکی سەدەی پێنجی بەر لە زایینە و بە سەردانێکی کتوپڕ بۆ ئەم زەمەنە مۆدێرنەی ئێمە گەڕاوەتەوە.

هێـدی هێدی تاریک دادێت، کـاتی نمایشـەکـە نزیک دەبێـتـەوە و شەپۆلی خەڵکەکە بەرەو دەروازەی شـانۆکـە دەڕۆن. ئەکتـەرەکان لە هەمـوو لایەکەوە، بە شـاپڵێـتـەی ئاگرەوە دێنە دەرەوە، ڕێنمـایی بینەرەکـانیـان دەکـەن و بەرەو شانۆ ئێجگار گەورەکە بەڕێمان دەکەن. ئاگر لەلای گـریکییـەکـان سـەرەتای هەمـوو شـتـە مـاتریالێـیـەکـان و هێـمـاگـەلی بزاڤێکی بەردەوام بووە: هەمـوو شـتێک لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدایە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە، هەمـوو جووڵانەوەیەکی کڵپەی ئاگر بۆ ئەوەیە بە بەردەوامی لە هەڵکشـــاندا بێت. هەمـــوو شتێک دەجووڵێت، بەڵام لەو جووڵانەوەیەدا گۆڕانکاری دروست دەبێت و شێوازی جیاوازی سەمائامێز لە خۆی دەگرێت(١٢).

بە کۆڵانێکی باریکی خۆڵاویدا دەڕۆینە نێو شانـۆکەوە، پانتاییەکی ئێجگار گەورە، بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە ئامێزی گردێکدا بەرزبووەتەوە. پانتـایی شانۆکـەش بە بەرزاییـەکەوە و بە نیـوە بازنەیی، لەگـەڵ نیـوەکـەی تریدا، بازنەیەکی ئێـجگار مـەزنیـان دروست کـــردووە. پانتـــایی شـــانۆکـــە لەبەردەمی دارسـتـانێکدایە و چیـا بـەرزەکـانیش لە دوورەوە بـوونەتە فـۆندێکی سـروشـتی و دیمەنێکی هەست ورووژێنیـان دروست کردووە.

بینەران لە هەمـوو لایەکەوە بە شانۆکەدا هەڵدەگەڕێن و کـورسـیـیــە بەردینە پان و ڕەقــەکـانی پڕ دەکــەنەوە و چاوەڕوانی نمایشـــەکـــەن. ئەم جـــارە هیـچ کـام لە تراژیدیاکانی گریکلاند نمایش ناکرێت، بەڵکو لەبری ئەوە بازێکی گەورەمان بەسەر زەمەندا داوە و لە سەدەی پازدە و لە ڕێنیسـانسی ئەورووپاوە ئۆتێللۆ-ی شـەکسـپیـر لە فـیلیپی میـوانە و چیـرۆکی شـەڕانگێـزی و دڵپـیـسی و خۆشەویستیمان بۆ دەگێڕنەوە.

## تراژیدیای ئۆتێللۆ

شانۆنامەی ئۆتێللۆ لە پێنج پەردە پێکهاتووە، پەردەی یەکەمی لە بەندەرەکانی ڤێنیسیـا-ی ئیـتـاڵیـا و چوار پەردەکـەی تری لە قـوبروس ڕوودەدەن. شـەکسـپیـر ئەم شـانۆنامـەیەی لەنێـوان سـالانی١٦٠٢ - ١٦٠٣دا نووسیوە.

لە سەرەتای بەشی یەکەمدا دێزدەمۆنە ڕەدووی ئۆتێللۆ دەکەوێت، لەبەر ئەوەی باوکی دێزدەمـۆنە بەو پێـوەندییـە ڕازی نیـیـە، لە هەمـان کـاتدا ئۆتێللۆ، کـاسـیـۆ دەکـاتە بەرپرسـێکی باڵای سـوپا و بەوەش یاگـۆ ڕق لە ئۆتێللۆ هەڵدەگرێت.

لەم کـاتەدا کـەشتـیـیـە سەربازییەکـانی تورکـیا بەرەو قوبروس دەڕۆن، دێزدەمـۆنە شـوو بە ئۆتێللۆ دەکات و هەر لەم ساتەوەختە گرژەدا، گەورە پیـاوانی شار ئۆتێللۆ وەک سـەرکـردەیەکی سـەربازی بەرەو قـوبروس دژی تورکـەکـان دەنێـرن. یاگـۆ دەیەوێت تۆڵە لە ئۆتێللۆ و کـاسـیـۆ-ش بکاتەوە، بـۆ ئەم مـــەبەســـتـــە و بۆ ڕێگاخـــۆشکردنی پیـلانەکـەی، بە گـوێی ئۆتێللۆدا دەچـپـێنێت کـە کـاسـیـۆ عـاشـقی دێزدەمـۆنەیە. لە هەمـان کـاتدا شـانۆگـەرییـەک دروست دەکـات و دەتوانێت کـاسـیـۆ و ڕۆدریگۆ بە شـەڕ بدات. ئۆتێللۆ تووڕە دەبێت و سزای کاسیۆ دەدات. یاگۆ لە هەمان کاتدا کاسیۆ هان دەدات کە داوا لە دێزدەمۆنە بکات تا لای ئۆتێللۆ داوای یارمەتی بۆ بکات، بەمـەش هێندەی تر ئۆتێللۆ خانەگومان دەکات.

سەربازەکانی ئۆتێللۆ بەهۆی تێکشکانی کەشتیگەلی تورکـەکـانەوە ئاهەنـگ دەگـێـڕن، هەرچەندە کـاسـیـۆ پاسـەوانە، بەڵام یاگـۆ بە فـێـڵ و زۆرزانیی سـەرخـۆشی دەکات و لەگەڵ مۆنتانۆ بەشەڕی دەدات. ئۆتێللۆ هێندەی تر لە کـاسـیـۆ تووڕە دەبێت و بە تەواوەتی لە خـۆی و لە سوپا دووری دەخاتەوە. یاگـۆ سـەرلەنوێ هانی کـاسـیـۆ دەدات بچـێـتە لای دێزدەمـۆنە تا لەلای ئۆتێللۆ تکای بۆ بکات. یاگـۆ خـۆیشی ئەم کـێـشـەیە لەلای ئۆتێللۆ دژی کـاسـیـۆ و دێزدەمـۆنە بەکـاردێنێت و ئۆتێللۆ بە تەواوەتی

دەخاتە گومانەوە.

دێزدەمۆنە ئەو دەستەسڕەی کە ئۆتێللۆ بە دیاری پێشکەشی کردووە، لێدەکەوێت و ئێمیلیا-ی ژنی یاگۆ، کە کەنیزەکی نێزیکی دێزدەمۆنەیە، هەڵیدەگرێتەوە، بەڵام یاگۆ بە زۆر ئەو دەستەسڕە لە ئێمیلیا وەردەگرێت و بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە فڕێی دەداتە ماڵی کاسیۆ-وە. دواتر یاگۆ دەستەسڕەکە وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ناپاکی دێزدەمۆنە بەکاردێنێت، ئۆتێللۆ بەمە شێتگیر دەبێت و بڕیاری تۆڵە سەندنەوە دەدات. لە ئەنجامدا ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە دەکوژێت، کە پلانەکانی یاگۆش ئاشکرا دەبن و ئۆتێللۆ پاکیی دێزدەمۆنەی بۆ دەردەکەوێت، یاگۆ بریندار دەکات و لە کۆتاییدا خۆیشی دەکوژێت.

### بنەماکانی شەڕ و ڕێژبسۆرێکی میکیاڤیللی

ئۆتێللۆ هەروەکو شالیر و ماکبس تراژیدیای ئەو مرۆڤانەن کە بە تەنیا خۆیان لەژێر ئاسمانێکی خامۆشدا دەبیننەوە. لە کۆتاییدا و دوای ئەوەی هەموو پلانەکان ئاشکرا دەبن، یاگۆ دەخرێتە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام ئۆتێللۆ هەر لە سەرەتای پەردەی دووەمەوە ئەشکەنجە دەدرێت و بە چەشنی شالیر و ماکبس دەکەوێت و ڕاپێچی مەرزەکانی دۆخێکی دەروونی ناهەموار دەکرێت. ئۆتێللۆ بە ئەزموونێکی چڕ و توندوتیژی مرۆڤایەتیدا، زۆر بەخێرایی لە ترۆپکەوە بۆ خوارەوە، بەرەو کەوتن و دارمانێکی سەراپاگیر و تەواوەتی دەڕوات. ماناکانی ژیان و بێ مانایی گەردوون، تەنیا لە کۆتاییدا، لە دوا وێستگەکانی ئەو تراژیدیایەدا دەردەکەوێت، لەوێدا لە بنەماکانی دارمان و لەدەستدانی هەموو شتەکاندا، لەشەوە تاریکە پڕ لە پیلانەکاندا گەوهەرە ڕاستەقینەکانی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت. ئۆتێللۆ دەبێتە هێمای شەو، لەبەر ئەوەی ئەو شەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەیەوێت تۆڵەی ناموسی خۆی لە شەودا بکاتەوەو کەسێکی نێزیک و خۆشەویستی خۆی لە شەودا بکوژێت. ئۆتێللۆ چ شتێک لەم شەوە تاریک و توندوتیژانەدا بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی تاوانەکەی پێ ئەنجام بدات؟

- ژەهر
- تەور
- چەقۆ
- چەک
- یان پەتی سێدارە؟



نەخێر لەبری ئەمانە سەرینێک بەکاردێنێت. ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە بەو سەرینە دەخنکێنێت، کە یەکەم ماچەکانی لە شەوی تاریکی بووکێنیدا لەسەر کردووە و هەر ئەو سەرینەش لە شەوێکی تاریکی تردا، دوا هەناسەکانی دەگرێت و دەیخنکێنێت. شێواز و ئامرازی کوشتنی دێزدەمۆنە بەهایەکی هێماگەلی هەیە و بە ژیانی هاوسەرگیری ئۆتێللۆ و دێزدەمۆنەوە پابەندە.

یاگۆش لەم تراژیدیایەدا، هێماگەلی شەڕێکی ڕەهایە و تەنیا ڕقی لە ئۆتێللۆ نییە، بەڵکو ڕقی لە هەموو کەسێک و هەموو شتێکە و بەردەوام بەبێ وچان بە دوای قوربانییەکانیدا، بەدوای فێڵێکدا و بە دوای جیهانێکدا دەگەڕێت، تا خاپووری بکات. یاگۆ تەنیا بیر لە دروستکردنی تراژیدیایەک ناکاتەوە، تراژیدیا هێزی شەڕانگێزی دەروونی ئەو دانامرکێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت هەر خۆیشی تراژیدیاکە دروست بکات، پلانەکانی دابڕێژێت، پێوەندییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، کارەکتەرەکانی بە دەستی یەک بە کوشت بدات و هەر خۆیشی ڕۆڵەکان بەسەر چواردەور و دەوروبەرەکەیدا دابەش دەکات و ڕۆڵی سەرەکیش بەخۆی دەبەخشێت.

یاگۆ لەم گەمەیەدا ڕێژبسۆرێکی میکیاڤیللییە، فێڵەکانی زۆرن و لە هەمان کاتدا نادیار و شاراوەن و پلانەکانی هەر لە سەرەتاکانی پەردەی یەکەمەوە دیارن.

ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان گفتوگۆیەکی قووڵی نێوان ئۆتێللۆ و یاگۆیە و هەردووکیان دەیانەوێت لە شوێنی خۆیانەوە پێناسەیەک بۆ سروشت و جیهان بکەن: پێوەندییەکانمان بەم جیهانەوە چییە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، خێر، یان شەڕ و پاساوی ئازارەکانمان لە چیدا بدۆزینەوە و چ سنوورێک بۆ بەرگەگرتنی ئازارەکانی مرۆڤ هەن؟ جیهانێک کە ئۆتێللۆ بە ئاسانی بڕوا بە ناپاکی دێزدەمۆنە بکات، کە

ناپاکی و خیانەت شتێکی شیاو و ئاسایی بێت، کە لەوێدا ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە بکوژێت، لەو جیهانەدا کە نە هاوڕێیەتی، نە پاکی و لایەنگیری نەبن. لەو جیهانەدا ئۆتێللۆ بڕوا بە هەموو درۆکان دەکات، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە ئامادەیە کاسیۆ بکوژێت و لە دێزدەمۆنە بەگومان بێت.

ئۆتێللۆ دەیەوێت بە کوشتنی دێزدەمۆنە ماناکان بۆ ژیان، بۆ خۆی و بۆ جیهانیش بگەڕێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە دێزدەمۆنە دەکوژێت تا بتوانێت بنەما ئاکارییەکان ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی تۆڵەی ناموسی خۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەهاکانی خۆشەویستی و پاکیزەیی بۆ ڕێسا مۆراڵییەکان بگەڕێنێتەوە.

ئەو جیهانە دنیایەکی شەڕانگێزە و یاگۆش ڕیژیسۆرێکی وریا و بە سەلیقەیە. یاگۆ شەڕەکە تەنیا لەسەر ئاستی هۆشیارییەکە ناباتەوە، بەڵکو ستراکتۆر و زمانی گەمە و ئەکتەرەکانیش دەباتەوە. ئۆتێللۆیەکی ئازا، جوامێر و سەربەرز دەبێت سووکایەتی پێ بکرێت و تێک بشکێنرێت.

هۆکار و ڕووداوەکان ئۆتێللۆ بە چەشنی لیری پادشا بەرەو شێتبوون دەبەن، ئۆتێللۆ بە زمانی لیری شێت و تەنیا قسە دەکات و زمانە ڕەوانبێژەکەی، زمانە سەربازییەکەی و زمانە دیپلۆماتییەکەی لەدەست دەدات. لەکۆتاییشدا هیچ شتێک لە مرۆڤەکەی ناوەوەیدا نامێنێتەوە.

دێزدەمۆنەش دەست لە هەموو شتێک هەڵدەگرێت، هەموو شتێک لە پێناوی ئۆتێللۆدا بەجێ دەهێڵێت، پەلەیەتی و نایەوێت چیتر هیچ شەوێکی تر بە تەنیایی ڕۆژ بکاتەوە و ڕەدووی ئۆتێللۆ دەکەوێت و لەگەڵیدا دەڕوات بۆ قوبروس.

دێزدەمۆنە عاشقی ئۆتێللۆیە، لە هەمان کاتدا هەموو پیاوەکانی تر، یاگۆ، کاسیۆ و ڕۆدریگۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان گیرۆدەی عەشق و کەسایەتی دێزدەمۆنەن، دێزدەمۆنەش لەم دووڕیانەدا قوربانی ئازارەکانی خۆیەتی. خۆشەویستییەکەی، عەشقەکەی بۆ ئۆتێللۆ دژی خۆی قسە دەکات و دەشبێتە هۆی مردنی.

لە کۆتاییشدا دێزدەمۆنای پاک و شۆخ، ڕۆدریگۆی گێل، ئەمیلیای بەوەفا و ئۆتێللۆش دەمرن. هەر هەموو دەمرن. بە کورتی دەتوانین بڵێین لە تراژیدیای ئۆتێللۆی شەکسپیردا هەر هەموو کارەکتەرەکان دۆڕاون.

**نمایشەکە**

**– ئۆتێللۆ لە نێوان باوەڕ و گوماندا**

سینۆگرافیا و پانتایی شانۆکە ڕووبەرێکی بەتاڵی چوارگۆشەئاسای سوورە، پارچە قوماشێکی گەورەی زەرد بە نەخشو نیگار و پیتی عەرەبی ڕازێنراوەتەوە و لەو پانتاییە بەتاڵەی شانۆکەدا دانراوە. فۆندێکی گەورە لە قووڵایی شانۆکەدا و بەرانبەر بە بینەران بەرزبووەتەوە، بە هەمان شێوە فۆندەکەش چەند پیتێکی عەرەبی، کە بە شێوەی زەخرەفە و تابلۆ چوون بەناو یەکدا، لەسەر کێشراوە.

ڕیژیسۆری شانۆییەکە ڕۆڵێکی گەورەی بە دەستەسڕەکەی دێزدەمۆنە بەخشیوە، کە ئۆتێللۆ لە دایکییەوە بۆی ماوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە دیدێکی شانۆیی و چارەسەرێکی هونەرییەوە، کارەکتەری دایکی ئۆتێللۆ، کە لە شانۆنامەکەی شەکسپیردا نییە، بە شێوەی تارماییەک دەردەکەوێت.

دەسپێکی نمایشەکە بە دەم ئاواز و مۆسیقایەکی عەرەبییەوە، تارمایی ئافرەتێک بە جلوبەرگی ئاودامانی ڕەشەوە دێتە دەرەوە، پارچە قوماشە زەردەکەی سەر شانۆکە هەڵدەگرێت و سەمایەکی قەرەجانە، نزیک لە سەمای میللی عەرەبییەوە دەکات. ڕیژیسۆری شانۆنامەکە ئەم سەمایە، ئەم کۆریۆگرافیا جیاوازە، دەکاتە دەستپێکی پێوەندییە ئاڵۆزەکان، بەرجەستەکردنی کولتوورێکی ترو سەرەتای کێشەکان، ئەم کارەکتەرە، کە هێماگەلی دایکی ئۆتێللۆیە، بە چەشنی تارماییەکەی باوکی هاملێت لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت و پێشبینی کارەساتێک دەکات. ئەم دیمەنە لە تاریکیدا ڕوودەدات، لەپڕ گوێمان لە دەنگی بانگە و دنیا بە هێواشی ڕووناک دەبێتەوە، دایکی ئۆتێللۆ لەنێو تاریکییەکەدا بزر دەبێت و ڕووناکییەکەش ڕێگا بۆ ئێمیلیای ژنی یاگۆ خۆش دەکات، دەستەسڕەکە دەبینێت، هەڵیدەگرێتەوە و دەچێتە دەرەوە.

لێرەدا بانگی بەیانی دەبێتە سەرەتای هێماکان و بانگەشەی ئایینی ئیسلام، کولتوورێکی ترو دابو نەریتە کۆنەکان دەکات، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئایینێکی ترو دابو نەریتێکی تری دەکاتەوە، بەمەش دووپاتی شەڕی ئایین لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، لەنێوان ئیسلام و مەسیحیدا دەکاتەوە.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە ڕووداوەکانی هێناوەتە پێشەوە، کارەکتەرەکان جلوبەرگی مۆدێرنیان لەبەردایە، دیمەنی ئاهەنگی سەرکەوتنەکە دەبێتە ئاهەنگی شەراب و

شەمپانیا خواردنەوە، سەما، مۆسیقای جاز و سەربازەکان بە جلوبەرگی سەربازیی نوێوە دێنە ژوورەوە. هەر لەم دیمەنەدا دێزدەمۆنە و ئێمیلیاش وەک دوو کیژی گەنجی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ دەردەکەون، دێزدەمۆنە لەم دیمەنە بەراییەدا دەستەسڕەکەی بە دەستەوەیە، سەمای پێ دەکات و نمایشەکەش لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبەخشێتە بوون و بەهای ئەو دەستەسڕە. تارماییەکی ئامادە و نەبینراو بە درێژایی شانۆنامەکە لێرە و لەوێ دەردەکەوێت، چاودێری ڕووداوەکان دەکات و هەندێک جار بە کوپێک قاوەوە دێتە ژوورەوە بۆ لای ئۆتێللۆ و لە دیمەنێکی کورت و لە چاوترووکانێکدا، لەگەڵ ئۆتێللۆ دەکەوێتە گفتوگۆ. کە کاسیۆ و ڕۆدریگۆ بە پیلانی یاگۆ بە شەڕدێن و لە بەرئەنجامدا ڕۆدریگۆ دەکوژرێت، ئافرەتە ڕەشپۆشەکە، تارمایی دایکی ئۆتێللۆ، دێتە ژوورەوە، نوێژ دەکات و لە هەمان کاتدا لە پشتەوە گوێمان لە دەنگی قورئان خوێندن دەبێت.

ڕیژیسۆر بەم وردەکارییانە دووپاتی کولتووری ئیسلام و ترادیشنێکی تر دەکاتەوە و هەمیشە ئاماژەی ئەوە دەکات و بیری بینەرانیش دەهێنێتەوە کە ئۆتێللۆ سەر بە کولتوور و ئایین و دابونەریتێکی ترە. ئۆتێللۆ سەر بە ئێمە نییە (خۆرئاوا)، بەڵکو ئەو ڕەشپێستە، ئیسلامە و مەغریبییە.

نمایشەکە دەیەوێت بەم کۆدە ئایینییانەوە، بە دووپاتکردنەوە و وەبیرهێنانەوەیەکی بەردەوامی هێماگەلە ئیسلامییەکانەوە، ئۆتێللۆ بەڕووداوە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی جیهانەوە ببەستێتەوە، بەدیدی گلۆبالیزمەکردنی تیرۆریستە ئیسلامییەکان و لە هەمان کاتدا بەکێشەکانی ڕۆژئاوا/ڕۆژهەڵاتەوە.

هەر لێرەشەوە لەبری تارمایی باوک، وەک لە هاملێتدا دەردەکەوێت، تارمایی دایک دەهێنێت و یادگارەکەش (دەستەسڕەکە) بۆ دایک دەگەڕێتەوە نەک بۆ باوک.

ئەم دیمەنە دەبێتە گەمەیەکی شانۆیی و بە پارچە قوماشێکی ڕەشی گەورە و بە یارمەتی کورسییەکانی سەر شانۆکە، ژووری نووستنەکەی ئۆتێللۆ و دێزدەمۆنە دروست دەکەن. هەموو دیمەنەکە لە پارچە قوماشێکی گەورەی ڕەشدا دەبێتە شەوەزەنگێکی شووم و ئۆتێللۆ لەو تاریکییەدا، لە پێخەفەکەی خۆیاندا، لە ساتەوەختێکی پڕ لە دڵپیسی و تووڕەبوونێکی شێتانەدا، بەبێ بیرکردنەوە دێزدەمۆنە دەکوژێت. تاوانەکە ئاشکرا دەبێت و ئۆتێللۆ دەگیرێت، یاگۆش بە دەست بەسەرکراوی



دەهێنرێتەوە و لەگەڵ ئۆتێللۆدا پێکەوە کەلەپچە دەکرێن، ئۆتێللۆ فرسەت دێنێت و بە دەستی کەلەپچەکراوەوە خۆی دەکوژێت.

یاگۆ دەگاتە بەرئەنجامی پیلانەکانی خۆی، دوا تاوان بە ئۆتێللۆ دەکات و لە هەموو بنەما گەوهەرییەکانی مرۆڤایەتی دایدەماڵێت. کەوتنێکی تراژیدی دەبێتە ترۆپکی تاوانەکان و ڕۆژێکی تر بەبێ ئۆتێللۆ، دێزدەمۆنە، ئەمیلیا، ڕۆدریگۆ لە تاریکی نیوە شەوەوە هەڵدێت.

سەعات دوازدەی شەو نمایشەکە کۆتایی دێت، ئۆتێللۆ و کارەکتەرەکانی تر لەنێو تاریکییەکە و بەدەم چەپڵەڕێزانی بینەرانەوە لە چاو بزردەبن. ئاگری شاپڵێتەکانی دەرەوە، لە تاریکییەکەدا سەما دەکەن و ڕێگا باریک و بەردەڵانەکانمان بۆ ڕووناک دەکەنەوە، شوورە و دیوارە ڕووخاو و ئاسەوارە دێرینەکانی تر وەک تارمایی دیارن و چیا بەرزەکەی بەرانبەریشمان بە تەواوەتی لەنێو ئاسمانە ڕەشەکەدا شانی داداوە.

**محەمەد عەلی پاشا لە کەڤاڵە**

لە گۆڕەپانێکی گەورەی بەشە کۆنەکەی شاری کەڤاڵە پەیکەرێکی گەورەی جەنگاوەرێک بە سواری ئەسپێکەوە بەرزبووەتەوە، جەنگاوەرەکە لە ڕۆژهەڵاتی دەچێت و بە کڵاو و جامانەیەکەوە هەر دەڵێیت ئەسپسوارێکی کورد، تورک یان فارسە(١٣).

ماڵی محەمەد عەلی-یش ڕێک بەرانبەر پەیکەرەکەیە، خانووبەرەیەکی دوو نهۆمی، بە بەراورد لەگەڵ هەموو خانووبەرەکانی تری شاری کەڤاڵەدا جیاوازە. ئەرشیکتورەکەی عەرەبی و ئیسلامییە و لەسەر تابلۆیەکی هەڵکەندراو، کە بە دیواری ڕووکاری دەرەوەی خانووبەرەکەدا هەڵواسراوە، بە پیتی عەرەبییەکی کۆن

نووسراوه (ماڵی محەمەد عەلی پادشا)(١٤). ئەم خانووه بە گرنگترین هێماگەلی ئیسلام و قۆناغی داگیرکردنی عوسمانییەکان دادەنرێت.

محەمەد عەلی پادشا والی کەڤاڵە بووە و دواتریش فەرمانڕەوایەتی میسری گرتووەتە دەست و هەر لەوێش یەکێک لە بنەماڵە گەورە و ناسراوەکانی دروست کردووە، بەڵام لە کەڤاڵە و لە ساڵی ١٧٦٩دا، لەدایک بووە(١٥).

ئەو ماڵەی محەمەد عەلی پادشای تێیدا لەدایک بووە، دواتر دەبێتە بارەگاکەی، ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پارێزراوەو یەکێکە لە مۆزەخانە گرنگەکانی کەڤاڵە، هەروەها سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیشە(١٦).

لە ماڵی محەمەد عەلی نزیک دەبمەوە، دەرگاکانی داخراون، بە ڕێکەوت کارمەندێک دێتە دەرەوە، لێی دەچمە پێشەوە و سڵاوێکی لێ دەکەم:

– داخراوە؟
– کەی دەکرێتەوە؟
– دوو مانگی تر.

شتێک پارە دەردێنم، بە شێوەیەکی نهێنی و شاراوە بۆی ڕادەگرم. زەردەخەنەیەک دەیگرێت، جگەرەکەی دەستی فڕێ دەدات و ئاماژەیەکم بۆ دەکات، منیش شوێنی دەکەوم.

لیسا و دالیا لە دەرەوە چاوەڕێم دەکەن، من بە پێپلیکانەکاندا، لەسەر شەقامەکەوە دەچمە سەرەوە، لەپڕ لە دیوەخانەکەی محەمەد عەلی پادشادا خۆم دەبینمەوە.

خانووەکە لە دوو دەستە و لە دوو نهۆم پێکهاتووە، دیوەخانەکە گەورە و فراوانە، ساپیتەکەی نزمە، چەند پەنجەرەیەکی بەسەر زەریاکەوە هەیە، بانیژەیەکی گەورەش بە درێژایی ژووری دانیشتنەکە و ڕووە و زەریاکە، دیوەخانەکەی کردووە بە بەشێک لە زەریاکە.

وێنەیەکی گەورەی محەمەد عەلی پادشا بە ڕیشێکی سپی درێژ و سەرو سەربەستێکی تێکەڵاوی گەورەوە هەڵواسراوە و لەهەر کەسێک ورد دەبێتەوە کە دێتە ئەم دیوەخانەوە.

لە دەستە ڕاستەوە و لە ڕاڕەوێکی باریک و بە پێپلیکانەیەکی پێچاوپێچدا دادەبەزمە خوارەوە بۆ بەشە تایبەتمەندەکەی محەمەد عەلی، ژووری نووستن و چێشتخانە و باخچەیەکی دڵڕفێن و ڕازاوە.

کارمەندەکە ئاماژەیەکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات، کە کاتی سەردانەکە تەواو بووە، بە هەمان پێپلیکانەکاندا بۆ سەرەوە سەردەکەومەوە و لە دەرگای دیوەخانەکەوە دێمەوە دەرەوە.

کارمەندەکە بە سیمایەکی میهرەبان و دوو چاوی زیتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پارەم لێ وەربگرێت، ماڵئاواییم لێ دەکات و دەرگاکە دادەخات.

## دوورگەی تاسۆس و سەرەتا دێرینەکانی گریک

بە کەشتییەکی گەورەی دوو نهۆمی کراوە دەڕۆین بۆ تاسۆس، ئەم دوورگەیە لە کەنارەکانی شاری کەڤاڵەوە تەنیا سەعات و چارەکێک دوورە. هەتاوەکەی گەرمە و موسافیرەکان بە خێرایی لە کەنارەکەوە دەپەڕنەوە و سواری کەشتییەکە دەبن.

دوورگەی تاسۆس دەکەوێتە باکووری زەریای ئیجەوە و یەکێکە لە دێرینترین دوورگەکانی گریک، ئاسەوارە دێرینەکان، شانۆ کراوەکەی، سروشتە ڕازاوەکەی گەواهی ژیانێکی دەوڵەمەند و شارستانیەتێکی چڕی سەرەتاکانی دروستبوونی گریک دەدەن. ئەم دوورگەیە سەوزە، دارستانی چڕ و چیای بەرز و سەرکەشی تێدایە، چیاکان کەوتوونەتە ناوەڕاستی دوورگەکەوە، دارستانەکانیش لەم لاو لەو لای چیاکانەوە بە چڕی بەیەکداچوون و بە شێوەیەکی سروشتی تا لووتکەی چیاکان هەڵکشاون.

کەشتییەکە لەگەڵ بەڕێکەوتنی، دووکەڵە سپییەکەی بە ئاسماندا بڵاودەکاتەوە و دەریاکەش دەشڵەقێنێت، نەورەسەکان بە پۆل لەنێو شەپۆلە سپییە کەفاوییەکەدا بە قیرەقیر دوامان دەکەون.

لە کەشتییەکەوە سەیری کەڤاڵە دەکەم، کە تۆزێک بەر لە ئێستا لە زەریاکەدا خۆی ڕادەژەند، چیاکان و بەندەرەکان هێدی هێدی لەبەر چاوم بچووک و بچووکتر دەبنەوە، تا لەوسەری ئاسۆگەوە دەبنە تەنیا تیشکێکی بەردینی بریسکەئاسا. لە هەمان کاتدا کەشتییەکە بە گوڕێکی مەزنەوە زەریاکە دەبڕێت و ڕوو دەکاتە دوورگەی تاسۆس و لە کەنارەکانیدا و لەگەڵ ئاوەکەدا، لە دەستەویەخەبوونەوەیەکی بەهێز و هەڵچوودا لەنگەر دەگرێت.

تاسۆس دوورگەیەکی بازنەییە، ڕێگایەکی قیرتاوکراو بە درێژایی نەوەد و پێنج کیلۆمەتر ئەم سەری دوورگەکە بەوسەرییەوە دەبەستێتەوە و ئاسەوارە دێرینەکانیش لە کەناری زەریاکان، لەسەر چیا و لە ڕێگا بەردینەکانەوە، بەردەوامییان بەخشیوەتە ئەو ژیانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان

دەسپێکی شارستانیەتی گریک بووە.

لەودیو کەنارێکی ماسیگرەکانەوە دەڕۆینە خوارەوە، ماسیگرەکان تۆڕەکانیان بڵاوکردووەتەوە، هەندێکیان گۆرانی دەڵێن و هەندێکی تریان خەریکی تۆڕەکانیانن. لەم گوێ زەریایە بۆنی خوێ، ماسی وشکبووەوە، قەوزە و هاوین دێت. بە ڕێگە بەردەڵانەکەی ئەم کەنارەدا دەڕۆینە خوارەوە، تا دەگەینە ئەوسەری گوێ ئاوەکە، یەکێک لە دێرینترین ئاسەوارەکان لێرەدا، لە قووڵاییەکانی ژێرزەمینەوە، وەک شارێکی نوستوو دۆزراوەتەوە.

بناغەی شارەکە، کۆشکی پادشا و تاوەر و پەرستگاکان لە ڕووبەرێکی گەورەدا بڵاوبوونەتەوە، لەسەر گردەکەی بەرانبەری ئەم شارەش، شانۆیەکی بچووکی واڵا دەڕوانێتە خوارەوە.

خەڵکی ئەم شارە بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ، بە تاک و بە کۆمەڵ بەم گردەدا و لە هەموو لایەکەوە سەرکەوتوون بۆ ئەوەی نمایشی شانۆییەکان، ڕێتواڵە ئایینییەکان و ئاهەنگەکانیان ببینن.

تا ئێستاش لەم لاولای ئەم گردەوە، لە قەدپاڵی چیاکان، لەنێو دارستانەکان و لە نزیک کەناری زەریاکەوە، گوندی بچووک هەن و خەڵکیان تێدا دەژین، بە تایبەتی ئەوانەی بە ماسیگرتن و ڕاوەوە خەریکن.

لەسەر گردەکەوە، لە شانۆ دێرینەکەوە دەڕوانمە خوارەوە، لیسا و دالیا لەگوێ ئاوەکە، لەنێو ئاسەوارەکانی کولتوورێکی چوار سەد هەزار ساڵیدا گەمە دەکەن، بەرد فڕێ دەدەنە ئاوەکەوە و بەدوای باڵندەکاندا ڕادەکەن.

**پەراوێزەکان:**

(١) شاری کەڤاڵە بۆ چەندین جار بووەتە گۆڕەپانی جەنگی گەورەی خوێناوی و لەلایەن هێزی وڵاتانی ترەوە داگیرکراوە. هەر لە سەرەتاوە سیزەرەکانی ڕۆما، دوای ئەوان فێنیسیاییەکان، بێزەنتینییەکان، تورک و بولگارییەکان تەراتێنیان لەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەریدا کردووە. ئەم شارە لە ساڵی ١١٨٥دا بە تەواوەتی خاپوور کراوە. کە بێزەنتینییەکان کەڤاڵە داگیردەکەن، ناوەکەی لە نیاپۆلیسەوە بە (کریستۆپۆلیس) دەگۆڕن، تورکەکانیش لەنێوان ساڵانی ١٣٨٧-١٣٩١دا کەڤاڵە داگیردەکەن و بە تەواوەتی وێرانی دەکەن، دواتر شارێکی تری تازە لەسەر ئاسەوارەکانی کریستۆپۆلیس دروست دەکەن و ئەو شارە نوێیە دەبێتە کەڤاڵە.

بولگارییەکان لە ساڵی ١٩١٢و لە شەڕی یەکەمی بەڵکاندا بە تەواوەتی کەڤاڵە دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کەشتییە جەنگییەکانی گریکییەکانیش لە ساڵی ١٩١٣دا و لە جەنگی



دووەمی بەڵکاندا دێنەوە کەڤاڵە. ئەم شارە سەرلەنوێ و لەنێوان ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٤دا و لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەلایەن بولگارياوە داگیرکراوەتەوە. لە کۆتایی دەیەی پەنجا و بۆ یەکەم جار کەڤاڵە دەتوانێت هەموو بەندەر و ناوچەکانی دەوروبەر و تەواوی شارەکە بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

(٢) ئێستا ئەم شارە لە ڕووی چڕیی دانیشتوان و ڕووبەرەوە بە دووەم شاری گەورەی باکووری گریکلاند دادەنرێت. کەڤاڵە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێکەوتننەوە کە گریکلاند لەگەڵ تورکیادا مۆری دەکات. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەموو ئەو گریکییانەی لە تورکیا دەژیان، ناچاربوون بۆ گریکلاند بگەڕێنەوە و بەشێکی زۆریان لە کەڤاڵە جێگیرکران.

(٣) لەو دەمەدا شاری کەڤاڵە بەشێک بووە لە وڵاتی مەکەدۆنیا.

(٤) یەکێتیی نووسەرانی سوێد لە چەند وڵاتێک، بۆ نموونە لە (ئەسینا) و (کەڤاڵە)، لە فەڕەنسا و لە ئەڵمانیا خانووبەرەیان هەیە و بۆ حەوانەوە و شوێنی کارکردنی نووسەر و هونەرمەندەکانیان بەکاریان دێنن.

(٥) هەر لە سەدەی هەژدەوە کەڤاڵە ناوەندێکی گرنگ و گەورەی بازرگانیی توتن بووە. سوێدییەکان لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەم خانووبەرەیەیان بۆ بازرگان و کارمەند و کرێکار و میوانەکانیان دروست کردووە، کە لە کەڤاڵە بەکاری بازرگانیی توتنەوە خەریک بوون. لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بازرگانیی توتن و پێوەندییەکانی سوێد و کەڤاڵە، ئەو گرنگییەی نامێنێت، بەم شێوەیە خانووەکەش چۆڵ دەبێت. لە ساڵی ١٩٦٤ـەوە سەرلەنوێ

ئەم خانووە ئاوەدان دەکرێتەوە و دەکرێتە ماڵێکی میوانداریی بۆ هونەرمەند، نووسەر و لێکۆڵەرەوە ئەکادیمییەکان. لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە بووە بە موڵکی دەزگای سوێدی لە ئەسینا و بە تەواوەتی بۆ حەوانەوە و کات بەسەربردنی نووسەر و هونەرمەندە سوێدییەکان تەرخان کراوە. ئەم شارە تا ئێستاش چەندین خانووبەرەی جیاواز بۆ هەڵگرتن، وشککردنەوە و ئامادەکردنی توتنی تێدا ماوە و هەندێکیشیان بوونەتە موزەخانە.

(٦) ئەوەی ئێستا لەم قەڵایەدا ماوەتەوە، ئاسەوارەکانی بۆ سەرەتاکانی سەدەی چواردە دەگەڕێنەوە.

(٧) ئەکڤادۆکت سیستەمێکی کردەیی هێنانی ئاوی سەرچاوەکانە. ئەم سیستەمە ڕۆمانییەکان دایانهێناوە و هەر ئەوانیش دروستیان کردووە، بەم شێوەیە و بەهۆی ئەم ئەکڤادۆکتەوە ئاویان لەسەر چیا و سەرچاوە دوورەدەستەکانەوە گەیاندووەتە هەموو ناوچە و شارەکانیان. بێزەنتییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئەکڤادۆکتەیان لە کەڤاڵە دروست کردووە، دواتر عوسمانییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی سلێمان پادشادا و لە ساڵەکانی ١٥٣٠دا بە تەواوەتی نۆژەنیان کردووەتەوە و بەکاریان هێناوە. ئەم ئەکڤادۆکتە بە شێوەی دوو تاقی گەورە بەنێو ئەم دوورگەیەدا درێژ بووەتەوە، دەسپێکی لە چیاکانی (لێکانی)ییەوە دەست پێ دەکات و بە نیوە دوورگەی کەڤاڵدا درێژدەبێتەوە تا ئەو سەری بەشە دێرینەکەی شار دەڕوات. ئەم ئەکڤادۆکتە شەش کیلۆمەتر لەناو جەرگەی شارەوە درێژ بووەتەوە، لە بەرزایی چوارسەد مەترەوە ئاو دەهێنێت، دوو سەد و هەشتا مەتریش درێژە و شەش تاقی جۆراوجۆریش لەخۆدەگرێت، بیست و پێنج مەتریش لە ڕووی زەوییەوە بەرزە.

(٨) کە تورکەکان شاری کەڤاڵە داگیردەکەن، ئەم قەڵایە بەرفراوان دەکەن، بەندیخانەیەکی تێدا دروست دەکەن و هەموو قەڵاکەش دەکەنە بنکەیەکی سەربازی و سیستەمێکی بەرگری تێدا جێگیردەکەن.

(٩) ئەم تاوەرە شوێنی پاسەوان و سەربازەکان بووە، لێرەوە چاودێری هاتوچۆی کەشتییەکانی نێو زەریاکانیان کردووە، هەر لێرەوە پاسەوانی ڕێگاکانی دەوروبەر و هاتوچۆیان لە قەڵاکەوە بۆ ناو شار و لەناو شارەوە بۆ قەڵاکە کردووە.

(١٠) فیستیڤاڵی فیلیپی یەکێکە لە گرنگترین چالاکییە کولتوورییەکانی شاری فیلیپی و هەموو گریکلاند و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی هەیە. گریکلاند و فۆندی ئەورووپا ساڵانە پارە و بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. لەم فیستیڤاڵەدا جگە لە هونەرمەندە گەورەکانی گریکلاند، زۆربەی شانۆکار، ڕێژیسۆر و هونەرمەندە گەورەکانی ئەورووپا و جیهان بەشداریی تێدا دەکەن.

(١١) ئەمە نەریتێکی دێرینە و لە سەردەمی کۆندا، نووسەر و فەیلەسووفەکان لە گۆڕەپانەکانی ئەسینادا، لەگەڵ خوێنەر/ بینەرەکانیاندا لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بوون. لەو سەردەمە دێرینانەدا کتێب نەبووە و چاپەمەنییەکان لە کتێبخانەکاندا نەفرۆشراون و بەسەر خەڵکدا بڵاونەکراونەتەوە، بەڵکو نووسەرەکان ئەوەی نووسیویانە، ڕاستەوخۆ بۆ گوێگرەکانیان خوێندووەتەوە و ئەوانیش خۆ بە خۆ و بە شێوەیەکی خۆڕسک کاردانەوەیان هەبووە و ڕای خۆیان دەربڕیوە.

(١٢) بەر لە گریکییەکان ئاگر، لای میسرییە کۆنەکانیش بەهایەکی تایبەتیی هەبووە، بۆ نموونە ئاگر هێمای ئاژەڵێکی دڕندە بووە، هەموو شتێکی هەڵلوشیوە بۆ ئەوەی لە دواییدا کە تێری خوارد، هێدی هێدی دامرکێتەوەو بمرێت.

(١٣) ئەم پەیکەرە لە ساڵی ١٩٣٤دا وەک ڕێزلێنانێک لە محەمەد عەلی پادشا لەلایەن پەیکەرتاشێکی گەورەی گریکییەوە دروست کراوە. محەمەد عەلی پادشا ڕۆڵێکی گەورەی لە بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەڤاڵەدا بینیوە.

(١٤) ئەم خانووە تا ئێستاش موڵکی وڵاتی میسرە و جگە لە ئاڵا کۆنەکەی کەڤاڵە و محەمەد عەلی، ئاڵای میسریش بەسەر ئەم خانووەوە هەڵکراوە.

(١٥) محەمەد عەلی پادشا نە گریکی و نە عەرەب بووە، بەڵام موسڵمان بووە. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە محەمەد عەلی ئەلبانی بووە، لێرەو لەوێش باس لەوە دەکرێت کە کورد بووبێت. بەهەرحاڵ ئەم پیاوە لە ساڵی ١٧٦٩ لە کەڤاڵە لەدایک بووە، تا ساڵی ١٧٩٨ بازرگانی توتن بووە، دواتر لە کەڤاڵە دەبێتە سەرباز و لە ساڵی ١٧٩٨دا دەبێتە ئەفسەری لەشکری عوسمانی و دژی سوپای فەرەنسا لە میسر شەڕ دەکات. لە ساڵی ١٨٠٥دا دەبێتە محەمەد عەلی پادشای یەکەم لە میسر و دواتر لە ئەسکەندەرییە کۆچی دوایی دەکات.

(١٦) ئەم سەنتەری لێکۆڵینەوەیە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی گریکلاندەوە هەیە، چونکە ماڵی محەمەد عەلی پادشا تائێستاش هەر موڵکی میسرە. لەم سەنتەرەدا لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی کولتوور و شارستانیەتی میسر لە گریکلاند دەکرێت. لە هەمان کاتدا دەزگایەکە بۆ دیالۆگ و لێکۆڵینەوەی کولتوور و بڵاوکردنەوەی هونەر لە هەردوو وڵاتی گریکلاند و میسردا. یەکێک لە کارەکانی ئەم مەڵبەندە ئەوەیە کە کاریگەری و میراتی محەمەد عەلی و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە لە گریکلاند و لە میسریش بە دۆکیومێنت بکەن و بە شێوەیەکی هاوچەرخ و دیگیتاڵ بیپارێزن.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە


**وریا ئەحمەد**

**(زێن عەلی وەسمان پوورمەند)**

هاوسەری کاک مەلامحەمەدی ڕەسووی سولێمان کە لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنە ئامادەبوو خاتوو (زێن عەلی وەسمان پوورمەند) لە دێی (شێلم جاڕ)ی نزیک پیرانشار هاتۆتە دنیاوە، هاتە دەنگ و باسی هەندێ شتی کرد، شایانی گوتنە ڕازی نەبوو وێنەی بگرین، کاتێکیش پرسیاری تەمەنم لێکرد بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: چاویلکەم لەچاوە و چاوانم کز بوونە و تاقمم لە دەمدایە و نەوەم مێردیان کردووە و ژنیان هێناوە و ناشزانم تەمەنم چەندە! جا ڕووی پرسیارم ئاراستەی کرد و گوتم:

* مادام گلەیی و گازەندەت لە شایی ئەمڕۆ هەیە، دەکرێ بزانین شایی سەردەمی ئێوە چۆن بووە؟

– جاران ژن و قەیرە کچ و پیاوی دەستە بۆ ناو شایی دەچوون، منداڵە وردکە و کچۆڵە بۆ ناو شایی نەدەچوون، جاران ئەو ژن و قەیرەکچانەی بۆ ناو شایی دەچوون جلوبەرگی دەستووری کۆنیان لەبەردا بوو (کۆچکە و چارەکە)یان پێ دەگوتن، پشتێنی جوان دەستێکیان لەملا و ئەوی دیکەیان لەولاتر دەکرد، ژنی زۆر شۆخوشەنگ و پیاوی قەد و باڵا جوان بۆ ناو شایی دەچوون، داوەتی ئەوسا جار بووە (٣) ڕۆژ و جاری دی (٤) ڕۆژ و واش بووە شایی (٧) شەو و (٧) ڕۆژی خایاندووە. بەیانیان دوای نانخواردنێ، خەڵکەکە لە شوێنی داوەتێ کۆدەبوونەوە، خوشک و برا پێکەوە بۆ داوەتێ دەهاتن، ئەگەر گەنجێک خوشکی خۆی بۆ شایی نەهێنابوایە، کچ نەدەچوونە دەستی! ئەوکاتە شایی (سێ پێیی و ڕۆیینە و سوێسکەیی) هەبوو، یەک لە یەکیش لایەق و جوانتر



مام ڕەحمان

بوون، کچ و کوڕ و ژن و پیاو پێکەوە هەڵدەپەڕین و پێکەوەش قاچیان لە عەردی دەدا، ئەوەیان هەتا نوێژی نیوەڕۆ بەردەوام دەبوو، جا ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند لە ناو شایی بوایە، دوو کچی زۆر جوانیان دەنارده هەردوو دەستی و ئینجا زوڕناژەن، یان قامبێژ دەچوونە دەوری و دەبوو (شاباش)، واتە پوول بدات. نیوەڕۆش وادەبوو بۆ نان خواردن هەر کەسە دەچووەوە بۆ ماڵی خۆی، جاریش دەبوو بۆ ئەو مەبەستە بۆ ماڵی بووکێ دەچوون. دوای نانخواردنی نیوەڕۆش جارێکی دی شایی گەرم دەکرا و تا تاریک دادەهات بەردەوام دەبوو. شەوەکانیش لە شوێنێکی گەورەی وەک دیوەخان کۆدەبوونەوە و گۆرانییان دەگوت و بلوێریان لێدەدا. جاران سەردەمی ئێمە واباو بوو، ماڵی بووکێ لێیان دەگێڕاینەوە و دەیانگوت ئەم شەو(خەنەبەندان)ـە، ئێمەش پوولمان هەبوایە بۆیانمان دەبرد، هاوێنە و غەرغەرەمان(١) دەبرد، سابوونمان دەبرد، گۆریەمان دەبرد، ئەوانە وەک دیاری بۆ بووکەکە، دوای ئەوە ژنێک بە دەورماندا دەسووڕایەوە و هەر کەسە و دیاری خۆی دەهاویشتە ئەو شتەی دەستی ژنەکەوە. دوو شەویش پێش بووک گواستنەوە جلک دەدوورا، شەوێک پێش بووک بردن خەنەبەندان بوو، ڕۆژی بووک گواستنەوەکەش بووک سواری پشتی وڵاخ دەکرا و دوو کەسی کەڵەگەتیش لەملا و ئەو لای بووکە دەڕۆیشتن و بووکەیان دەگرت. ئەو دوو کەسە و ئەوەی سەری وڵاخی بووکیشی ڕادەکێشا لە دیاری پێدان لە خەڵکی دی جیاواز بوون، واتە شتی باشتریان پێدەدرا.

**پەراوێز:**

(١) هاوێنە: مەبەست لە ئاوێنەیە، غەرغەرە: خولخولەی دەزوو هەڵکردنەوەیە.

## (مام ڕەحمان)

ناوی تەواوی (ڕەحمان حوسێن مورتەزا زادە)یە ساڵی (١٣١٨)ی هەتاوی، بەرامبەر بە (١٩٣٩)ی زایینی، لە دێی (ئاخکەند) کە نزیکی شاری (سەقز)ە هاتۆتە دنیاوە. ئەو گوندە کەوتۆتە نێوان سەقز و بۆکانەوە، شارەدێیە و لە سەقزەوە نزیکترە. مام ڕەحمان گوتی: (بەم دواییە دێکەمان خەریکە دەبێتە گەڕەکێک لە شاری سەقز.) ئەو پیاوە تا ساڵی (١٣٤٩)ی هەتاوی واتە (١٩٧٠)ی زایینی، هەر لەو دێیە ژیاوە و دواتر بە ماڵەوە بۆ شاری سەقز هاتووە، پیشەی خۆی کشتوکاڵ و هەم مەڕدار بووە، لە شاری سەقزیش دووکانی لێفە دوورینی داناوە.

* بەو پێیەی لە دێ مەڕدار بوونە، ناوی شوانەکانی شمشاڵژەنت وەبیر ماوە؟

– دوو کەس لە دێیەکەماندا لە شمشاڵژەنیدا زۆر باش بوون، یەکیان (برایم، یان بلە خورشی) بە ناوی دایکییەوە کرابوو! گوتم: بۆ لای ئێوە (خورشید) ناوی ژنانە؟ گوتی: بەڵێ! مام ڕەحمان بەردەوامی بە قسەکانی دا و گوتی: شمشاڵەکەشی لەو کانزا (زەرد)انە بوو، ئەوی تر ناوی (سەعید مام ساڵح) بوو، هەردووکیان کۆچیان کردووە و نەماون، زۆر جوان ئاوازی حەیران و ئەوانی تریان لێدەدا.

* ئەدی بۆ گۆرانیبێژان، ئەوانەی بۆ شایی گۆرانی دەڵێن، ئەوانەش لە دێیەکەتان هەبوون؟

– بەڵێ، یەکێک لەوانە ناوی (حەمە ساڵەی مەلا حەکیم) بوو، گۆرانیبێژێکی ناودار بوو، لە ئاستی هونەرمەندی ناودار (حەسەن زیرەک)دا بوو، نەک هەر لە دێیەکەی خۆمان بگرە لە دێهاتەکانی دەوروبەریشەوە بۆ داوەت بانگیان دەکرد، بڕوا بکە بەرنەدەکەوت، هەموو جۆرەکانی (حەیران) و (بەیت) و (لێ لێ) و ئەوانی

تری دەزانی. گۆرانیبێژی تر دەهاتن، بۆ نموونە (برایانی زێزێ) لە سەقزەوە دەهاتن دەهۆڵ و زوڕنایان پێ بوو، بلە زێزێ ئیستاش ماوە، ئەوانە دوو برا بوون و دەهۆڵ کوتێکی (ئازەری)یان لە گەڵدا بوو، خەڵکی وای دەزانی ئەوانە سێ بران! (حەسەن قەرەجی)یەکێش هەبوو خەڵکی دێی (یازی بلاخ)ێ بوو، زوڕنای لێدەدا، (مینە)یەکێش هەبوو، بەڵام ئەمەیان زوڕناژەنێکی بلیمەت بوو، هەمیشە لە تاران و لە شارەکانی ترەوە بە دوایدا دەهاتن، هەموو جار لەو کۆڕ و ئاهەنگانەدا لە پێشبڕکێدا بە پلەی یەکەم دەردەچوو! هەروەک چۆن (قالە مەڕە) لە ئامێری شمشاڵدا ناودار بوو، مینەش بە هەمان شێوە لە زوڕناژەنیدا کەم وێنە بوو. هەموو بەیت و حەیران و هەوایەکی بەو زوڕنایە لێدەدا.

* ئەگەر لەبیرت مابێت، لە سەقز لە چەند بۆنەدا گۆرانی گوتراوە؟

– لە (سەیران) و لە (زەماوەند)ێ گوتن هەبوو، تا ئەمڕۆش ئەو دابونەریتە لای ئێمە هەرماوە، هەمیشە لە (زەماوەند و داوەتێ) شایەر گۆرانی دەڵێن و شایی گەرم دەکەن، هەرچەند دەبێ ئەوە بڵێم: جاران ئەم نەریتە زیاتر بوو، بۆ نموونە ساڵەکانی (١٣٤١ – ١٣٤٢)ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٦١ – ١٩٦٢)ی زایینی، ئەوکاتە ئەگەر کەسێک ژنی بۆ کوڕی، یان بۆ برای دەخواست، ماوەی (٣ – ٤) ڕۆژ ئەو زەماوەند و شاییە بەردەوام دەبوو، هەرچی کوڕ و کچی ئەو دێیە هەیە، دەبوو بچن و هەڵپەڕن، لەو بۆنانەدا ڕەشبەڵەکی تەواو دەگێرا، ئاغای دێ لە کاتی شایی دەهات و ئاغای تریشی داوەت دەکردن، لە شوێنێکی تایبەتی و شیاو لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی شاییدا دادەنیشتن و دەبوو شایی ڕەشبەڵەک بەدەوریاندا بخولێتەوە، ئەوانیش پوول و شاباشیان دەدا، ئەوکاتە (٥) تومەنی هەبوو سپی بوو، ئاغاکان بە شاباش دەیاندا، ئاغایەکیش ئەگەر دەوڵەمەند بوایە (١٠) تومەنیشی بە شاباش دەدا، ئەوکاتە پارە لای هەموو کەس نەبوو.

* لە شاری سەقز ئەگەر لەبیرت مابێت، (تەکیە) هەبوو؟

– تا ئەمڕۆش هەن، بۆ نموونە: تەکیەی (کاکەحەمەدی بابە شێخ) و تەکیەی (پیری خەزایی) و هی تری تێدابوو، دەروێشەکان لەناو تەکیەدا بۆ نموونە لە تەکیەی (کرپچنە) ستایشی خودا، واتە (زیکر) و دەف لێدانیشی تێدابوو، خانەقاش هەبوون، بۆ نموونە: خانەقای (شێخ برایم)، ئەمەیان بۆ سۆفییەکان بوو، یەکێک لەوانە هی (شێخ عەبدولقادری دۆزەغەرە) بوو، کە پێم وابێ لەگەڵ (کاکەحەمەدی شێخی سلێمانی) ئامۆزابوون. ئەو ماوەیەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، لە سەقز بوون، تەلەڤزیۆنەکەیان لەو دێی (دۆزەغەرە)یە بوو. ئەمڕۆ لەبەر پەل هاویشتنی گەڕەکەکانی شاری سەقز ئەو دێیە بۆتە گەڕەکێکی سەقز.

* لە شاری سەقز (کاروانسەرا، یان خان) و (قەتار، یان کاروانچی) هەبوون؟

– بەڵێ، بۆ نموونە: کاروانسەرای (تازەبانچی) کە زۆر زۆر کۆنە و تا ئەمڕۆش هەرماوە، کاروانسەرا، یان خانی (ئەردەڵان)یش هەیە، ئەمەش هەرماوە، ئەم دووانە مێژوویان ڕەنگە بۆ (٢٠٠) ساڵ پێش بگەڕێتەوە! ئەمەی دوایی چوار دەوری کراوەتە دوکان، ناشزانم ئەو ماوەیەی من لێرەم تێکیان داوە، یان هەر ماوە؟ هەروەها کاروانسەرایەکی تر هەبوو هی (حاجی ئاوڕەحمانە گردە) بوو، ئەمەیان تێکدراوە و کراوەتە دوکان و بەنداو و ئەوانە. شایانی باسە ئەوکاتەی من بە ماڵەوە بۆ سەقز چووم، پیشەکە ئەو گەرموگوڕیەی جارانی نەمابوو.

* ئایا شاری سەقز وەک شاری (کۆیە) دانیشتوانی (جوولەکە) و (دیانی) لێ بووە؟

– دەتوانین بڵێین شاری سەقز هەر هەمووی موسوڵمانە، تەنیا دوو برا نەبێ (دیان ـ گاور) بوون، تەمەنیان لە دەوری (٦٠) ساڵی دابوو، لێرە خانوویان هەبوو، دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە (١٩٧٩)ی زایینی، هەندێ ماڵە (تورک) هی ناوچەی (میاندواو) و ئەو ناوەی بۆ هاتن.

* لە ماوەی ژیانتدا لە سەقز و دەوروبەری هیچ جۆرە ئامێرێکی موزیکت دیوە لێدرابێت؟

– لەو ناوچەیەدا ساڵانە لە (٢١)ی ئازەر بە بۆنەی تێکشکاندنی هەردوو کۆماری (مەهاباد) و (ئازربایجان)ەوە، حکومەتی (شای ئێرانێ) کە ئەو ڕۆژەی کردبوو بە جەژن و لەو ڕۆژەدا نمایشی سەربازی و سواری، بە زۆر بە ئاغا و ئێڵەساتەکان جێبەجێ دەکرد، جا ئەو ڕۆژە هۆزەکان دەهاتن و جۆرێک نمایشیان دەکرد، ئامێری (دووتەپڵە – نەقارە)شم لەو بۆنەیەدا دیوە

لەسەر پشتی ولاخ کوتراوە، ئەو ڕێوڕەسمە ماوەی (٧ – ٨) سالان بەڕێوەچوو، دوایی نەما.

* ئایا بەیتخوان، یان بەیتبێژ لە ناوچەی ئێوەشدا هەبوون؟

– بەڵێ، بۆ نموونە: (حەمە سالحی مەلا حەکیم) بەیتبێژ بوو، ئەو پیاوە بەیتەکانی: ناسر و مالمال، خەج و سیامەند و هی تریشی دەگوت، جا هەموو ساڵێک لە سەری پاییزانەوە تا ڕۆژی نەورۆز مالی خۆی نەدەدیت، لەبیرمە هەر شەوەی لە مالێک داوەت بوو، خەلکەکەش بەو بۆنەیەوە لەو مالەدا کۆدەبوونەوە و ئەویش بەیتی بۆ دەخوێندنەوە. سەیر ئەوەبوو ئەو مام حەمە سالحی بەیتانە بێ سەواد و نەخوێندەواریش بوو! لە وەلامی پرسیارێکدا گوتی: بەڵێ لای ئێمە ژنیش لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبوون و مەجلیس پڕ دەبوو لە کچ و لە ژن، لای ئێمە قەت ئەو نەریتە کۆنە نەبووە بە ژنان بڵێن: ئێوە لەو دیو دانیشن و نەیەن بۆ ئێرە بۆ ناو پیاوان! بۆیە شەوانە تا نیوەی شەو بە گوتن و بەیت و شمشال لێدان بەسەر دەبرا، چونکە ئەوسا ڕێگەی دیکەی ڕابواردن نەبوو، بۆ نموونە: لە هەموو دێیەکەماندا تەنیا ئاغای دێ ڕادیۆیەکی گەورەی هەبوو، ئەویشی لە ڕێی عیراقەوە بۆ هاتبوو، پاترییەکی زلەی لە گەلدا بوو. کەسێکی دی هەبوو بە ناوی (کەریمی ڕەسوولی) ئاوازێکی دانابوو، بە ناوی (سێوێ سێوێ) کە ئێزگەی کوردی لە بەغدا دانرا، ئەو گۆرانییەیان تێیدا گوت.

* قەت دیوتە لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوەی شەوانەتاندا ژنێ، یان کچێک گۆرانییەک بڵێت؟

– نەخێر، نەبووە!

بۆیە بە ناچاری گوتم: ماقووڵ نییە لەو شارەدێیەدا کە زیاد لە بەیتخوانێک و دەنگخۆشێکی هەبووە، تاکە ژن، یان کچێکی دەنگخۆشی نەبووبێت، بەڕای من هۆیەکەی لە ترسی برا و باوک و مێرد و...تاد بووە، ئەگەر دەنگیشیان خۆش بووە نەیان وێراوە بیڵێن. وریا ئەحمەد). لێرەدا مامۆستا (گادانی) گوتی: ژنی سەر سپیمان هەبووە، لە کاتی (شین) و پرسەدا بۆ کەسە مردووەکە لاواندوویانەتەوە.

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنانە بە ئاسانکاری بەڕێز (جەلیلی گادانی)، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠١١/٥/١٩) لە دووڕیانی (کۆیە – هەولێر – کەرکووک)، لای کوردانی نیشتمانپەروەری ئاوارەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە لێرە نیشتەجێن و مخابن ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبەن، ئەنجام دراوە.**

# مۆنۆدراما
# هونەری نواندنی سۆلۆ

فرمێسک مستەفا
(ئەڵمانیا)

مۆنۆدراما ئەو هونەرە شانۆییەیە، کە زۆرجار سروشتێکی کارەساتبار و تراژیدیا لەخۆ دەگرێت، هەندێک کاتیش سروشتێکی کۆمیدیایی پێوە دیارە. کەسایەتیی سەرەکی لەم جۆرە شانۆگەرییەدا، لە یەک ئەکتەر پێکهاتووە. ڕووداوەکان لەسەر زمانی ئەکتەری تەنیا، وەک حیکایەتخوان دەگێڕدرێنەوە. زۆرکات ڕووداوەکان، ڕابردوویەکی بەسەرچوون و دەکرێنە ئێستاکە. گشت ڕووداوەکانیش چەندین پرسیاری بوونگەرا و گەردوونی لەخۆ دەگرن. ئەوانەی یارمەتیدەری ئەکتەریشن لە نمایشەکەیدا، ئێکسسواری سادەن وەک (پارچەیەک قوماش، تەلەفۆن، کورسی، تابلۆ...تاد) واتە بوونی ئەو کەلوپەلانە لەسەر سەکۆ، دەتوانێت ڕۆڵی ئەکتەری بەرانبەر ببینێت، هەروەها بەشداربوونی مۆسیقا (مۆسیقا کاریگەرییەکی زۆری لە هونەری مۆنۆدرامادا هەیە، یارمەتی ئەکتەر دەدات و پێگەیەکی تایبەتی لە دروست کردنی ژینگە و ئەتمۆسفیردا هەیە).

کارەکتەری مۆنۆدراما، دەنگێکی شاراوەی کپی پڕ لە نهێنییە، لە ناوەوەی کەسایەتییەکەدایە، لە نمایشی ئەکتەری تەنیادا دەردەکەوێت. مۆنۆدراما لە وشەیەکی دوو بڕگەیی پێکهاتووە کە لە زمانی یۆنانیدا بە واتای (کرداری تەنیا) دێت. (مۆنۆ) بە مانای تەنیا، (دراما) بە واتای کردار دێت. سەرەتا ئەم ڕەگەزە شانۆییە لە گریکی کۆندا سەری هەڵدا، ثیسبس یەکەم ئەکتەر بوو، کە کاری مۆنۆدرامای لە نمایشی سرووتە ئایینییەکاندا ئەنجام دا (ثیسبس لە زمانی لاتیندا بە مانای شانۆکار، یان ئەکتەریش دێت) بە چەشنی لاواندنەوە باسی لە حاڵەتە ویژدانی و مرۆڤایەتییەکانی ئەو سەردەمەی دەکرد. لەدوای ئەو ئەسخیلۆس هات و پەرەی بە ڕووداوەکان دا و لە شانۆگەرییەکانیدا کۆرسی زیاد کرد. بەدوایدا سۆفۆکلیس پەیدا بوو. لە سەدەی هەژدەمدا جوهان کریستیان ١٧٣٥/ ١٧٩٩ بۆ ئەورووپای



گواستەوە بە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و ئینگلتەرای ناساند. لەپاڵ ئەکتەری تەنیا (مۆسیقا و دەمامک و جلوبەرگ)، بەشداری ڕووداوەکان دەبوون، لە جێبەجێ کردنی کارە درامییەکەدا هاوەڵی ئەکتەر بوون.

هەروەها سامۆئیل فۆتی ١٧٢١-١٧٧٧، ئەکتەری بەناوبانگی کۆمیدی ئەمریکی، شانۆنامەکانی بە تەنیا ئامادە دەکرد، هەر خۆشی لەسەر شێوازی مۆنۆلۆگ بە بەکارهێنانی دەمامکی جیاواز نمایشی دەکردن. تێیدا باسی لە دەسەڵات و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەی دەکرد. بە زمانێکی گاڵتەئامێز و بە لەبزێکی ناقۆڵا لێیان دەدوا. هەروەک ئێستاکە لە شانۆی فەرەنسا هونەرێکی باوە و بە کۆمیدیای ڕەش ناسراوە، ئەگەرچی زۆر کات مۆنۆدراما، لەگەڵ هونەری مۆنۆلۆگدا تێکەڵ دەکرێت، بەڵام هەریەکەیان هونەرێکی جودان، پێداویستی خۆیان هەیە بۆ ئامادەکردن، تەنانەت لە نواندنیشدا کاری جیاوازیان لەسەر شانە.. هونەری مۆنۆلۆگ کاری گێڕانەوەیەکی لەسەر شانە، کە زۆر کات ئەو ڕووداوەی لێی دەدوێت ئێستایە، یان ڕابردوویەکی زۆر نزیکە. لە مۆنۆلۆگدا، توانایی گوتاربێژییەکی بەرز، کە هەستێکی قووڵی ناوەوە ڕابەریەتی، دەبێت ئەکتیڤ بکرێت.

یەکەم کەس کە دەقە نووسراوەکەی خۆی بە مۆنۆدراما ناوزەد کرد، شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی ژان کۆکتۆ بوو ١٧٦٠ بەدوایدا ئەلفرید تینسۆن ١٨٨٥. لەداوی ئەوان، چیخەف لە شانۆنامەی (زیانەکانی تووتن). یوجین ئۆنیل (پێش نانخواردنی بەیانی). سامۆئیل بیکیت (شريط كراب الأخير).

لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی جیهانی فەلسەفە و لیتراتوە و ڕێباز و قوتابخانەی جودای شانۆ، پەرەش بەم هونەرە دەدرێت و بۆ جیهانی سێ دەگوێزرێتەوە. بۆ نموونە یەکەم مۆنۆدراما لە وڵاتی عەرەبیدا، لەسەر دەستی یووسف ئەلعانی بوو. ساڵی ١٩٤٩ دەقێکی یەک پەردەیی نووسی بەناوی (مجنون يتحدى القدر) لە ساڵی١٩٥٠ نمایشی کرد. بە دوای ئەودا پێشەوای مۆنۆدرامای عەرەب، عبدالحق ئەلزروالی بوو ١٩٦٠، کە زیاد لە بیست و پێنج کاری مۆنۆدرامایی هەیە. من بەش بەحاڵی خۆم لەساڵی ١٩٨٧ـەوە لە نزیکەوە، لە فیستیڤاڵی دووەمی شانۆیی عەرەبی لە بەغدا ئاشنای ئەم هونەرمەندە بووم. بە نمایشێکی مۆنۆدراما بەشداری لە فیستیڤاڵەکەدا کردبوو. باسی لە کارە مۆنۆدرامییەکانی دەکرد، کە خۆی کارەکانی خۆی دەنووسێت و ماوەی کارەکەشی لە یەک کاتژمێر تێدەپەڕێت. ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا، فیستیڤاڵی مۆنۆدراما ساز دەدرێت. وەک فیستیڤاڵە بەناوبانگەکەی ئەڵمانیا، بەناوی (فیستیڤاڵی ثیسبس-ی نێو نەتەوەیی بۆ مۆنۆدراما) لە شاری کیل بەڕێوە دەچێت، هەروەها یەکەمین فیستیڤاڵی عەرەبی بۆ مۆنۆدراما ساڵی ١٩٧٦ لە مەغریب بوو. بەدوایدا فیستیڤاڵی لازقیە لە سووریا بۆ مۆنۆدراما، فوجەیرە لە وڵاتی میرنشینەکان لە کەنداوی عەرەبی.

### ئەکتەر و مۆنۆدراما

ئەکتەری مۆنۆدراما، ئامرازێکی داهێنەر و زیندووی نێوان دەق و بینەرە. ئەکتەر لە مۆنۆدرامایدا ئەو کەسەیە، هەموو لێپرسراویەتی نمایشەکەی لەسەر شانی خۆیەتی و کەسێکی تر لە نواندنەکەیدا هاوکاری ناکات. بێ لە کەلوپەل و تەکنیکی شانۆیی نەبێت، ئەویش هەر خۆی دەبێت ژیان بدات بەو کەلوپەلانەی لە نمایشەکەدا هاوەڵێن، یان لەسەر سەکۆ هەن، ئەوە بگەیەنێتە بینەر، کە ئەوانیش ڕۆڵی ئەکتەری هاوەڵی دەبینن، بەڵام بێ دەنگن و هیچ کردارێکیان نییە، تەنیا لە ڕێگای هونەری

نواندنەوە نەبێت، کە دەیانکاتە کالآیەکی زیندوو.

مـۆنۆدرامـا ئەکـتـەرێکی خـاوەن ئەزمـوون، خـاوەن جەسـتەیەکی چالاک و دەنگێکی تایبـەت، زانسـتێکی تەواو لە هونەری ئیلقا و گوتاربێژییەکی باشی گەرەکە، هەروەها هونەری گـێـڕانەوە، واتە حـیکایەتخـوانی پێویسـتە. تا بەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکـاندا زاڵ بێت، بەبێ ئەوەی هیچ بێزارییـەک و سسـتییـەک لای بینەر دروست بکات و بەبێ ئەوەی بینەر لە نمایشـەکـەی داپچڕێنێت، هەرچەندە ئەکتەری زیرەک، زۆر زوو هەست بەوە دەکات کە بینەرەکانی تووشی وەڕس بوون و بێزاری هاتوون. لەو درک کردنەدا زۆر زوو جڵەوی نمایشەکەی دەگرێتەوە، بینەرەکانی بۆ ناو نمایشەکەی ڕادەکێشێتەوە، چونکە کـاری مـۆنۆدرامـا، بۆ خۆی کـارێکی هاوسـۆزییـە لەنێـوان بینەر و ئەکـتـەردا، بینەر و ئەکـتـەر تەواو لە یەکەوە نزیکن. ئەکتـەر بە شێوەیەکی چڕوپڕ، ئاگـاداری بینەری خـۆیەتی، هەروەها بینەریش فـۆکـسی لەسـەر ئەکتەرە.

زۆر کـات ئەکـتـەرانی مـۆنۆدرامـا، ئەو هۆڵانەیان لا پەسـەندە، کـە قـەبارەیان بچـووکـە، واتە بینەریان لێـوە نزیکە، جیـاواز لەو هۆڵە گـەورانەی، مـاوەی سـەکـۆ و بینەریان لێوە دوورە.

ئەکتەری مـۆنۆدراما لە ڕێگای تێگەیشتنی هەست و هێـزی دروستکردنی وێنە، خەیاڵی فـراوان و فـەنتـازیای تاکەکەسی خۆیەوە و تەکنیکی جەسـتەییـەوە دەتوانێت پێوەندییەکی ڕوحی لەنێوان نمایشەکەی و بینەردا دروست بکات. ئەم پێـوەندییـەش بە جـوولەوە گـرێ دراوە، واتە تەکنیکی جـەسـتـەیی، دەنگ واتە توانایی گـۆڕینی تۆنەکانی دەنگ، هەڵچوونەکانی ناوەوەی کەسایەتییەکە و چۆنیـەتی بەرجەسـتە کردنی، هەروەها تێگەیشـتنی بۆ یەکـەی کـات و یەکـەی شـوێن. کـات لە مـۆنۆدرامـادا بریتـییـە لە ڕووداوێک لە ڕابردوودا، واتە گـێـڕانەوەی یادەوەری و گـۆڕینی بۆ ئێـسـتـاکـە. دیاری کـردنی ئەو شـوێنە، بەهۆی مـامـەڵە کـردنی لەگـەڵ کـەلوپەلی ئامادەکراو، گونجاندنی هەستی ناوەوەی، لەگەڵ کردارە جەستەییە دەرەکییەکەدا.

زۆر کـات دەرهێنەرانی مـۆنۆدراما دەخوازن لەگەڵ ئەو ئەکـتـەرانە کـار بکەن، کـە خـاوەن ئەزمـوونێکی گـەورەن لەنواندندا، یان پشت بە ئەکـتـەرە بەناوبانگەکـان دەبەستن، بۆیە هەندێک جـار تەنانەت پەنا دەبەنە بەر ئەکتەرانی سینەما، لەوانەی کە زۆر بەناوبانگن و لەناو خەڵکدا ناسراون.

بۆ نموونە ئەکتەری فەرەنسی سینەمایی ئیزابێل هوبێر ١٩٩٣، لە مۆنۆدرامایەکدا بەناوی ئۆریلندۆ بەشدار بوو، دەرهێنەری ئەمریکی ڕۆبێرت وێلسون دەری هێنابوو.

لەبەر ئەوەی مـۆنۆدرامـا، کـاری نواندن و گـێـڕانەوە و پڕکردنەوەی بۆشایی سەر سەکۆکەی لەسەر شانە، ئەکتەر ڕەگـەزی سـەرەکی سـەر سـەکـۆیە و بە تەنیـا خـۆی لە ناوەندی شانۆیە، گەرچی نووسەری شانۆنامە، هەندێک جار کەسایەتی دیکەش بەکاردێنێت و بەشداری نمایشەکە دەبن، بەڵام بێ دەنگن واتە بێ وتووێژن، بۆ نموونە دەقی (بەهێزتر) یەکێکە لەو دەقانە.

هەروەها شـانۆنامـەی (بەشی کـۆتایی)، نووسـینی ئەنتـۆنی سـفـیـرلنگ، بە یەکـێک لەو جـۆرە نمایشـە مۆنۆدراماییانە دەژمێردرێت کە لە فیستیڤاڵی مۆنۆدراما لە سـتۆکـهۆڵم ١٩٩٣ خـەڵاتی باشـترین کـاری شـانۆیی بەدەست هێنا. لەم کارە مـۆنۆدرامـییـەدا بێ لە ئەکـتـەری سـەرەکی، کـە تەنیـا خـۆی ئەکـتـەری فـیـعلی ناو شانۆگەرییەکەیە، شەش کەسایەتی تریش، لە نمایشەکەدا هاوەڵی دەبن(*).

لە مـۆنۆدرامادا، سەرکەوتنی کارەکە، بە پلەی یەکـەم دەکـەوێتـە ئەسـتـۆی ئەکـتـەر، واتە ئەکـتـەر، بێ لەوەی ڕەگـەزی سـەرەکی کـارەکـەیە، خـۆی بۆ خـۆی دەتوانێت سینۆگرافیا و موزیک و کەلوپەل و وێنە شانۆییەکە بێت، ئەگـەر بێتـو ئەو ئەکـتـەرە خـاوەنی ڕاهێنانێکی هزری و جەستەیی و دەروونی ڕەوان بێت. ڕەگەزێکی تری گرنگ لە کاری مۆنۆدرامادا کە لە گرنگیدا هاوتا و هاوسەنگی ئەکتەرە، دەقی سەرکەوتووە.

### دەق لە مۆنۆدرامادا

نووسەری مـۆنۆدراما بۆ داڕشتنی بابەتەکەی بەگشـتی پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت. هەر لەبەر ئەوەیە پێویستی بەزمانێکی بەرزە، زمان کلیلی گوتاربێژی سەرکەوتووە. لە هەمـان کـاتدا زمـانێکی ئاسـان و ڕەوان و مـانابەخش بێت دوور لە درێژدادڕی و دروشـمکاری و هاوار هاوار. لە دەقی مـــۆنۆدرامـــادا، زیاتر بابەتی ســایکۆلۆژی و دەروونی لەخـۆ دەگرێت، لەبەر ئەوە پشت بە گـێـڕانەوەی ڕووداو و کـارەساتە بەسـەرچووەکـان، یان بیـرەوەریی تاڵ دەبەسـتێت، یان گـێـڕانەوەی ئەزمـوونە تراژیدییـەکـانە. هەندێـک کـاتیش بابەتی مـێـژوویی و سـیـاسی و کـۆمـیـدیایی لەخـۆ دەگـرێت. دەبێت ڕووداوەکـان لە مـــۆنۆدرامـــادا کـــاریگەریی خـــۆیان هەبێت و زیندوو بکرێنەوە، بەو مـانایەی دراماکـە بکەوێتـە ناو پانتـایی ئێـسـتـا و ئێـرە، کـە دوو ڕەهەندی سـەرەکی درامـان. دەرئەنجـامـێکی هونەری و فـەلسـەفی هەبێت، کـە ئاکامێکی لۆژیکی، هێڵی گێڕانەوەکەی بێت و لە هزری بینەردا پانتاییەک بخوڵقێنێت، کە دەبێتە مایەی دیالۆگ



له هزردا.

بینەر، یان خوێنەری مۆنۆدراماکە بکاتە بەشێکی ڕووداوەکان، واتە هەڵچوونە دەروونییەکانی کەسایەتییەکە دەکاتە دوو بەش. هەڵچوونەکانی ناوەوە، ئەو بارە دەروونییەیە کە کەسایەتییەکە هەیەتی، لەگەڵ خۆی و هەست و نەستیدا. هەڵچوونە دەرەکییەکانیش، ئەو هەڵچوونەیە کە کەسایەتییەکە هەیەتی، لەگەڵ ناوەوەی خۆی و دەوروبەریدا، هەر بۆیەش ئێستاکە، زانستی دەروونناسی گەشەی بە سایکۆدرامادا و کاریگەری گەورەی لەسەر هەیە.

نووسەر لە مۆنۆدرامادا، پێویستی بە خەیاڵی فراوانە، تا بتوانێت ڕووداوە درامییەکەی، لە سروشتی ژیانەوە نزیک بکاتەوە. وەک (مردن، چارەنووس، کات و شوێن، کۆمەڵگە). ڕەچاوی دارشتنی ڕووداوە درامییەکەی بێ، لە ڕێگای، کێشە و کۆنفلێکتی نێوان کەسایەتییەکان، یان کەسایەتییە تەنیاکە، لەگەڵ دەوروبەریدا، تا کێشەیەک دروست بکات.

شیتەڵ کردنەوەی ئەو کێشەیەش، لەناو کۆنفلێکتی خوڵقێنراوی دەقەکەیدا، بە شێوازێکی هونەرییانە بەرجەستە دەکرێت.

## دەرهێنان لە مۆنۆدرامادا

دەرهێنەر لە مۆنۆدرامادا، ئەو ڕاهێنەرە زانایەی ئەکتەرە، کە گشت تواناییەکانی خۆی بۆ چڕکردنەوە لە تەکنیکەکانی نواندندا بەکار دەهێنێت. واتە گرنگییە سەرەکییەکەی لەسەر کاری نواندنە، لەبەر ئەوەی مۆنۆدراما، مەیدانێکە بۆ ساغکردنەوەی قودرەتی ئەکتەر، هەر بۆیە زۆرکات ئەکتەرە بە تواناییەکان و بەناوبانگەکان، بێ ئەوەی پشت بەدەرهێنەرێکی تایبەت ببەستن، خۆیان تێکستێک هەڵدەبژێرن و بە تەنیا کاری لەسەر دەکەن.

زۆرجار دەرهێنەرانی مۆنۆدراما لە ئەورووپا، باس لە وشەی پانتایی دەروونی، یان خەیاڵی لای بینەر دەکەن. دیسانەوە ئەو پانتاییە بە کاری نواندن لای بینەر پڕ دەکرێتەوە. دەرهێنەر بەگشتی لە مۆنۆدرامادا، دەرهێنەری کات و شوێنە. شوێن (میزانسین)، کاتیش (مۆسیقا و ڕیتم) دەگرێتەوە.

## مۆنۆدراما بۆ چارەسەرە دەروونییەکان

لەپاڵ گەشەسەندنی شێوازە جوداکانی هونەر لە دنیادا و سوود لێوەرگرتنیان، بۆ هاتنە نێو ژیانەوە، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، مۆنۆدراما وەک هەر هونەرێکی تر گەشەی کرد و پەرەی سەند. دەروونناسان و هونەرمەندان سوودیان لەکاری مۆنۆدراما وەرگرت و وەک میتودێک بۆ چارەسەرە دەروونییەکان، کە ناوی فسیۆدرامای لێ نرا.

فسیۆدراما ئەزموونێکە، بۆ خزمەتی ئەو کەسانە بەکاردێت، کە دووچاری کێشە دروونییەکان هاتوون. بە سوود وەرگرتن لە هونەری مۆنۆدراما، کار لەگەڵ هزر و جەستەی ئەو کەسە دەکرێت، کە دووچاری کێشەکە بووەتەوە، هەر بۆیە فسیۆدراما وەک زانستێکی نوێ، لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا دەخوێنرێت.

ئەرکی سەر شانی فسیۆدراما ئەوەیە، کە هزر و جەستە چالاک و هۆشیار بکاتەوە. باڵانسێکی دەروونی بداتێ.

یەکێک لەو ڕاهێنانەی کاری لەسەر دەکرێت، کەسی خاوەن کێشە لە ڕێگای نواندنەوە، لەخۆی دەدوێت، یان کێشەکەی خۆی بە دەنگێکی بەرز، لە شێوازی گوتاربێژیدا باس دەکات. دواجار ڕۆڵی ئەو کەسە دەبینێت، کە کێشەکەی لەگەڵدا هەیە. بەم ڕاهێنانە هزر هۆشیار دەبێت، جەستەش چالاک دەبێتەوە، باڵانسە دەروونییەکە جارێکی تر دروست دەبێت.

کۆتایی لە فسیۆدرامادا، دەبێت کۆتاییەکی پۆزەتیڤی پێ بدرێت تا لە خزمەتی چارەسازییەکەدا بێت.

**سەرچاوەکان:**

**عباس الحايك: مونودراما خصائصها و اشكالية التلقي.**


*** د. فاضل الجاف: في المسرح السويدي المعاصر، افكار وآراء نقدية.**

**Soziodrama, soziometrie dieganze welt auf der Buhne**

# خاک و خۆڵەمێش، یان ئافرەتێک بە ڕووتی ڕادەکات

هاشم سەڕاج

«خاک و خۆڵەمێش» نۆڤڵێتێکی چکۆلەی قەبارە مامناوەندی سەد و چوار لاپەڕەی ڕۆماننووسی ئەفغانی [عەتیق ڕەحیمی]یە، ئازاد بەرزنجی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی لە هەمان کاتدا کورتە نووسینێکی لە بارەی نۆڤڵێتەکە نووسیوە و دیمانەیەکیشی وەرگێڕاوە کە لەگەڵ عەتیق ڕەحیمی ئەنجام دراوە، هەردوو بابەتەکەش لەگەڵ کتێبەکە بلاوکراونەتەوە، بەرلەوەی ڕوو لە جیهانی سیمبوڵ ئامێزی نۆڤلێتەکە بکەم، پێم باشە هەندێ زانیاری لە نووسینەکەی وەرگێڕ و دیمانەکەی نووسەر بخەمەڕوو.




عەتیق ڕەحیمی ساڵی ١٩٦٢ لە کابول لە دایک بووە. ساڵی ١٩٨٤ لە ئەفغانستان هەڵاتووە، ساڵێک لە پاکستان ماوەتەوە، پاشان مافی پەنابەری سیاسی لە فەرەنسا پێ بەخشراوە، لە سۆربۆن سینەمای خوێندووە و چەند فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی سەبارەت بە ئەفغانستان بەرهەم هێناوە، «خاک و خۆڵەمێش» یەکەمین ڕۆمانێتی. ڕەحیمی ئێستا لە پاریس دەژی- وەرگێڕی کوردی وای بۆ دەچێت کە «جەنگ پاڵەوانی زۆربەی کارەکانی عەتیق ڕەحیمییە» کارەکتەرەکانی ڕەحیمی هەریەکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان قوربانی دەستی بێ ڕەحیمییەکانی جەنگن، جەنگێک کە بێ بەزەییانە مرۆڤەکان لە دەرەوە و ناوەوە دەهاڕێت و پانتاییەک بۆ ژیان و خۆشەویستی و جوانی ناهێڵێتەوە، وەرگێڕی کوردی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: بەڵام نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە ڕەحیمی بە زمانێکی پەخشانئامێزی سەرنجڕاکێش خوێنەر بۆ ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانی پەلکێش دەکات و ئەم ڕۆمانەشی لەسەر زمانی کەسی دووەم دەگێڕێتەوە، هەروەها ڕەحیمی دەڵێت کە ئەم ڕۆمانەی لەماوەی هەفتەیەکدا نووسیوە، بەڵام یەک ساڵی تەواو کاری لەسەر زمانەکەی کردووە تا بەم شێوەیە دەرچووە، عەتیق ڕەحیمی لە دیمانەکە و لە وەڵامی پرسیارەکانی [نادیا عەلی مەیوەندی]دا دەڵێت: من ئەم ڕۆمانەم لە ساڵ ١٩٩٦دا نووسی، کاتێک ئەوەندە نەدەبوو تاڵیبان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست،

بیرم کردەوە، بۆ؟ ئەم توندوتیژییە بۆ؟ ئەم هەموو کاولکارییە بۆ؟ لە کاتی شەڕی سۆڤێتدا تۆڵەکارییەکی زۆر لە گۆڕێ بوو، کارەساتێکی بێ شومار، تالیبان لەم کارەساتانەوە هات! ئەوە گرنگە کە بزانیت لە کوێوە هاتووە؟ هەروەها من ویستوومە سێ نەوەی ئەفغانستان پیشان بدەم. لەمە بەدواوە هەوڵ دەدەم لە هەندێ لایەنی نۆڤڵێتەکە بدوێم. «داستاگیر»ی باوە گەورە، یان باپیرە دەستی «یاسین»ی کوڕەزای گرتووە و بوخچەیەکی سوور و سپی پێیە کە تەختەکەی گوڵی سێوە، بوخچە سوورەکە لە بنەڕەتدا لەچکی ژنەکەیەتی، ئەوە لەچکەکەمت چی لێ کردووە.. ئەم ڕستەیە دەنگی دایکی مورادە.. ئەم تێکستە بەجێناوی کەسی دووەم نووسراوە، لەبەر ئەمیشە گێڕەرەوە بەپێی ناوکۆیی ڕستە و دەستەواژەکان دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی گێڕانەوە لە ڕێگەی جێناوی کەسی دووەمەوە بابەت و ڕووداوەکان دەورووژێنێت و بەردەوامی بە خەون و خەیاڵ و خولیا و گەمەزەینییەکانی داستاگیر دەدات، یان گێڕەرەوە هێدی هێدی ئاراستەی دەکات و ڕووداو و یادەوەرییەکانی بیردەخاتەوە، بڕێ جاریش داستاگیر دووچاری خۆ دواندن و قسە بزرکاندن دیت. داستاگیر لەگەڵ یاسینی کوڕەزای کە زۆر منداڵە ڕووە و ناوچەی «پولی خومری» و کانی خەڵووزی کەرکەر بەڕێ دەکەون، مورادی کوڕی داستاگیر کە باوکی یاسینە لەو کانەدا ئیش دەکات، تا هەواڵی کارەساتە جەرگبڕەکەی پێ ڕابگەیەنێت زۆربەی دیالۆگ و گفتوگۆکان لە نزیک ئەو پردە ئەنجام دەدرێن کە دەکەوێتە باکووری پولی خومری. کۆختی فاتیحی پاسەوان بۆنی دووکەڵ و داری سووتاوی لێ دێت، پاسەوانەکە دەیەوێت ئۆتۆمبیلێکیان بۆ ڕابگرێت تا بیانگەیەنێتە کانەکە، کەچی هەمیشە دەنگی دایکی موراد ئاوێتەی دەنگی گێڕەرەوە دەبێت و بە داستاگیر دەڵێت تۆ لە ڕۆخێکی ڕووبارەکەدایت و مورادیش لە ڕۆخەکەی تر مەیەڵە ئەو بێ تۆ بێت، بڕۆ بۆ لای ئەو هەڵبەتە یاسین هێزی بیستنی لە دەست داوە و کاتێ بەردەکان لێکدەدا گوێی لە دەنگی بەریەککەوتنی بەردەکان نییە، یاسین تینوویەتی... دوکاندارەکە ئاویان دەداتێ.. کابرای دوکاندار ناوی میرزا قادرە.. لە کوێوە هاتوون؟ لە «ئابقول»ەوە دەڵێن ڕووسەکان ئەو دێیەیان خاپوور کرد، داستاگیر من خۆم لە دێیەکە بووم، [بەناو دووکەڵ و ئاگرەکەدا بەرەو ماڵەوە ڕام کرد، هێشتا نەگەیشتبوومە ماڵەوە چاوم بە دایکی یاسین کەوت، بە ڕووتوقووتی ڕای دەکرد... نەیدەقیژاند، پێدەکەنی... وەکو شێت بە هەر چوار لادا ڕای دەکرد. لە حەمام بوو، تۆپێک دابووی بە حەمامەکەدا و تەختی کردبوو، چەند ژنێک یەکسەر تێیدا مردبوون و کەوتبوونە ژێر داروپەردووەوە، بەڵام بووکەکەی من... خۆزگە کوێر دەبووم و بووکەکەی خۆمم بەو شێوەیە نەدەبینی! بەدوایدا ڕام کرد. لەناو دووکەڵ و ئاگرەکەدا ون بوو، گەیشتمەوە ماڵەوە. خۆشم نازانم چۆن گەیشتمەوە [خانووی چی!! خانوو ببوو بە داروپەردوو، ببوو بە گۆڕستان، گۆڕستانی ژنەکەم و گۆڕستانی کوڕە لاوەکەی ترم] ئەم کارەساتە مرۆییە کە لە ئاکامی بۆردومانی هێزەکانی سۆڤێتیەوە ڕووی داوە لە فەزای نۆڤڵێتەکەدا وەک تراژیدیترین گرتەیەکی سینەمایی خراوەتەڕوو.

عەتیق ڕەحیمی لە دیمانەکەیدا سەبارەت بە پیشاندانی فیلمی «خاک و خۆڵەمێش» لە ئەفغانستان سوورە لەسەر ئەوەی کە نابێت ئەم دیمەنە بە هیچ شێوەیەک سانسۆر بکرێت، مەبەستی دانەر ئەوەیە کە «ئافرەتێک بە ڕووتی ڕا دەکات» دیمەنێکی پۆرنۆگرافیک نییە، بەڵکو هۆکاری خۆی هەبووە، هەڵبەتە لەم دیمەنە سینەماییەدا تراژیدیا لە جوانی جەستەوە سەرچاوە دەگرێت و گوزارە لە مەرگەساتەکانی جەنگ دەکات، میرزا قادری دوکاندار لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی شۆر بازاڕی سەر بەکابولە و کوڕەکەی دەچێتە ڕیزی سوپای ڕووس و ئەویش حاشای لێ دەکات، میرزا ماوەیەک لە کانەکە کار دەکات و دواتر ئەم دوکانە دادەنێت. میرزا قادر هەموو شانامەی فیردەوسی لەبەرەو لە دوکانەکەیدا لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی خوێندنەوەیە، یان خەریکی نووسینە... کاتی خۆیشی لە شۆر بازاڕ دوکانێکی هەبوو، بە ڕۆژ کاسبی دەکرد و بە شەویش حیکایەتخوانی، میرزا پێی وایە کە [زۆرابەکانی ئەم زەمانە نامرن،

بەڵکو دەکوژن]، داستانی ڕۆستەم و زۆراب لەم نۆڤڵێتە و لە ڕۆمانی «کۆلارەباز»ی «خالید حوسەینی»یشدا کاری لەسەر کراوە، لەویش «ئەمیر» بەردەوام شانامە دەخوێنێتەوە و تراژیدیای ڕۆستەم و زۆراب بۆ «حەسەن» دەگێڕێتەوە، کە ڕۆستەم بە هەڵە زۆرابی، یان سوهرابی کوڕی دەکوژێت، بەڵام لەم نۆڤڵێتەدا بابەتی ڕۆستەم و زۆراب زۆرتر پێوەندی بە کێشە و ململانێی نەوەکانەوە هەیە، داستاگیری باپیرە، گوزارە لە نەوەی کۆن دەکات، مورادی کوڕی نەوەی نوێ، یاسینی کوڕەزای نەوەی ئاییندە، دەقی «خاک و خۆڵەمێش» لە جەوهەردا تێکستێکی تراژیدی و سیمبولییە، هاوکات کۆمەڵێک هێمای جۆراوجۆری بەکاراوەیی بۆ لێکدانەوەی خوێنەر جێ هێشتووە، لەوانە قوتووی ناسواری داستاگیر... ناسوار ماددەیەکی سرکەری نەشئەبەخشە، ڕەنگە چەشنی تلیاک و حەشیش جۆرێک لە چێژ و نەشوە بە مرۆڤ ببەخشێت، داستاگیر زۆرترین کاتی خەریکی بەکارهێنانی ناسوارە، [تۆزێک دەخەیتە سەر لەپی دەستت و دەیخەیتە ژێر زمانتەوە]..

ناسوار گەمە زەینییەکانی داستاگیر چالاکتر و بەهێزتر دەکات، زۆرجار یادەوەرییە حەسرەتئامێزەکانی پێ دادەڕێژێت، یان لەبەر خۆیەوە قسە دەبزرکێنێت و لەگەڵ یادگاری هاوسەری و کوڕە کوژراوەکەی دەژیت، کەچی کاتێ بە لۆرییەکەی شامەردی شۆفێر دەگاتە کانەکە و بەدوای مورادی کوڕیدا دەگەڕێت، سەرۆکی کرێکاران کە وێنەی خۆی بە قەدی دیواری ژوورەکەی هەڵواسیوە، پێی دەڵێت موراد ئێستا لەقوولایی کانەکەدا کاردەکات و ئاگاداری کوژرانی سەرلەبەری خانەوادەکەیەتی، ئەو دەزانێت ژن و منداڵ و برا و دایک و باوکی کوژراون... «موراد خۆی فڕیدایە ناو ئاگرەکەوە هاوڕێکانی ڕزگاریان کرد» لێرەدا دەق ڕستێک دەلالەتی گومناوی لای خوێنەر جێ دەهێڵێت، موراد ماوەی چوار ساڵە لەم کانەدا ئیش دەکات و لەو ماوەیەشدا تەنیا چوار جار سەردانی ماڵەوەی کردووە، ئەوکاتێ بە کارەساتەکە دەزانێت، نایەت سەردانی ناوچەکەیان بکات، بەڵکو بێ باکانە لە کانەکەدا کار دەکات و سەرۆکی کرێکاران کە هێمای دەسەڵاتی سۆڤێتییە گفتی ئەوەی دەداتێ بینێرێتە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و دواتر پلەوپایەی بداتێ، کەچی دوای بیستنی هەواڵی کارەساتەکە موراد هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەواڵی مەرگەساتەکەی بە هەڵە پێگەیشتووە لە کانەکە وایان تێگەیاندووە کە سەرجەم خانەوادەکەی لەلایەن موجاهیدینەوە قەتڵوعام کراون، ڕاستە موراد لە کانەکەدا بە ئایدیۆلۆژی کراوە و بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە پێویستە ئەفغانستان بکرێت بە وڵاتێکی پرۆلیتاری، بۆیە سەرۆکی کرێکاران لێ ناگەڕێت داستاگیر مورادی کوڕی ببینێت، نەوەک ڕاستی کارەساتەکەی بۆ ئاشکرا بێت، کرێکارەکەش بە ترس و لەرزەوە قوتووی ناسوارەکە لە داستاگیر وەردەگرێت تا بیگەیەنێتە مورادی کوڕی. داستاگیر گرانبەهاترین شتگەلی خۆی بۆ کوڕەکەی جێ دێڵێت کە قوتووە پڕ ناسوارەکەیەتی لە هەمان کاتدا ناسوارەکە ئاماژەیە بۆ سەردانەکەی، داستاگیر کاتێ کانەکە جێ دێڵێت چاوەڕێی لۆرییەکەی شامەرد ناکات. تا لەگەڵی بگەڕێتەوە، ئاخر بۆ کوێ بگەڕێتەوە، ئەو ئالوودەی ناسوارە، قوتووە ناسوارەکەشی بۆ مورادی کوڕی نارد و «یاسین»ی کوڕەزاشی لای میرزا قادری دوکاندار جێ هێشت، ئێستا هێدی هێدی ڕێ دەکات و لە گردە خۆڵەمێشییەکان ڕادەمێنێت.. هێزی سۆڤێتی ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە ئەفغانستان و ساڵی ١٩٨٨ لێی دەرچوو، ساڵی ٢٠٠١ هێزی ئەمریکی ڕووی تێکرد، دەقی «خاک و خۆڵەمێش» چەندین هێمای تری بۆ لێکدانەوەی خوێنەر جێ هێشتووە، لەوانە «سێو».. زۆرجار سێو چەشنی هێمایەکی ئێستێتیکی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئاوێتەی خەون و خەیاڵ بووە لەنێو لۆرییەکەی شامەردا ئەوە دایکی مورادە سێوەکان لە بوخچە سوورەکە دەردێنێت و هەڵیان دەڕێژێت «سێو» وەک چەمکێکی دێرین هەم هێمای گوناهی یەکەمە، هەم ئاماژەیە بۆ یاخیبوون و وروژاندنی سێکسی و درەختی زانین، بەڵام لەم نۆڤڵێتەدا کۆمەڵێک هێما و دەلالەتی جیاجیا دەدرکێنێت بوخچە سوورەکەی دەست داستاگیر کە لەچکی هاوسەرەکەیەتی کۆمەڵێک سێوی تێدایە، یاسین جار جارە گازێ لە سێوێک دەگرێ و دواتر فڕێی دەدات، پاشان سێوەکان

ڕەش دادەگـــەڕێن، ســـێـــو وەک چەمکێکی ئێستێتیکی هێمای وەچەخستنەوە دەگەیەنێت، داستاگیر و ژنی و قـــادری کــوڕی و زەینەبی بووکی کە بە ڕووتی ڕادەکات هەتا مـــــــورادیش لەم وڵاتە ڕەش و خۆڵەمێشییەدا قوربانی گەمەکانی وەچەخستنەوەن، واتە گــەمــەی وەچەخستنەوە بە تەواوکەری گەمە زەینییەکانی داستاگیر دادەنرێت، چونکە خانەوادەی داستاگیر لە بنەڕەتدا بەخۆشی و هۆگری و هێمنی دەژیان سەرەتا کوڕە نارەسەنەکەی «بەعقووب شا» کە ماڵیان بە ماڵی داستاگیرەوە بوو، ویستی دەست لەگەڵ زەینەبی ژنی موراد تێکەڵ بکات، زەینەب بە مورادی گوت و موراديش بێڵێکی کێشا بە سەری کوڕەکەی یاقووب شا و شەش مانگ زیندانی کرا، پاشان ڕووی کردە کانەکە بۆ کارکردن، داستاگیر لە سەرەتاوە لە دڵەڕاوکێیەکی ترسناک و خەمۆکییەکی قووڵدا دەژیت، تا دێ خەم و خەفەت و کەسەر، دەروونی دەهاڕێت، ئەگەرچی کردەی گێڕانەوە بەهۆی جێناوی کەسی دووەمـــەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زۆرجار دەنگی کەسایەتی تری نۆڤڵێتەکە تێکەڵ بە دەنگەکە دەبن، برێ جاریش هەمان دەنگی داستاگیر هان دەدات خەم و خەفەتەکانی هەڵبڕێژێت و لەگەڵ کەسانی تر دیالۆگ بکات، زۆرجاریش داستاگیر نوقمی یادەوەرییەکانی دەبێت و خۆی دەدوێنێت، یان دەکەوێتە حاڵەتێکی وڕێناوی... مەبەستم ئەوەیە کە تەکنیکی گێڕانەوە بەردەوام گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت.. [بیر لەو ساتە دەکەیتەوە کە موراد دێکەی جێ هێشت، کاتێ لە دەرگـــاکـــەوە دەچووە دەرەوە، دەبووایە هەر ئەوکاتە تۆش پەلی ژن و منداڵ و نەوەکانت بگرتایە و دێکەت جێ هێشتایە و بچوویتایە بۆ دێیەکی تر، بچوویتایە بۆ (پولی خومری)، ئیتر چ باک، ئەگەر زەوییەکت نەبووایە بۆ کشتوکاڵ، نەفرەت لە گەنم: لەگەڵ موراددا دەڕۆیشتیت و شانبەشانی ئەو پێکەوە لەکانەکەدا کارتان دەکرد.. ئەمڕۆ کەس لێی نەدەپرسیت، بۆچی هاتوویت.. جەخارا! تازە ئەوە لە دەست چوو] بە تایبەتی دەنگە ڕوحانییەکەی دایکی موراد دوای مەرگ و کارەساتەکە واز لە داستاگیر ناهێنێت، بەردەوام ئاوێزانی زەینە شڵەژاوەکەی دەبێت و باس لە بوخچە سوورەکە دەکات کە لەچکەکەیەتی...، یان سێوەکانی ناو بوخچەکە، ئەو دەنگە ڕوحانییە زۆرتر هۆگری مورادە.. هۆگری نێوان دایک و کوڕ... [لەچکەکەم بە ساقەی بێت]. [ئەم بوخچەیە لەچکی ژنەکەتە و بۆنی ئەوی لێ دێت] نۆڤڵێتی «خاک و خۆڵەمێش» وێڕای بەکارهێنانی خەون و خەیاڵ و ڕستەگەلێکی شیعری، بایەخی بە جۆرێک لە فەنتازیاش داوە کە لە فەزای نۆڤڵێتەکەدا زۆرتر فۆرمی گرتە و دیمەنی سینەمایی وەرگرتووە [ڕاکردنی زەینەب بە ڕووتی بەدوای لۆرییەکەیا]، هەروەها لە زۆر شوێنی ئەم نۆڤڵێتەدا تەکنیکی فلاشباک بەکارهاتووە، هەڵبەتە ئێستێتیکای دنیابینی لەم دەقەدا کارکردنە لەسەر تراژیدیای جەنگ و ئاکامە وێرانکارییەکانی، چونکە جەنگ بەرپرسی سەرەکی تاوان و ستەم و نادادپەروەرییە.. هاوکات ئەوە دەسەڵاتی جەنگە یاری بە زەین و خەیاڵی داستاگیر و گوناهەکانی سێو و کردەی وەچەخستنەوە دەکات و خاک و خۆڵەمێش ئاوێتەی یەکتر دەکرێن و خۆشی و هۆگری و جوانییەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەشێوێنرێن.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: خاک و خۆڵەمێش**
**نووسینی: عەتیق ڕەحیمی**
**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی**
**بابەت: نۆڤڵێت**
**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١١**
**چاپخانەی سەردەم- کوردستان- سلێمانی.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان تاکە گۆڤارێکە شایانی ئەوە بێ بەدوایدا بگەڕێیت و بیخوێنیتەوە

حەسەن جاف

ماوەیەکی زۆرە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم گۆڤارە و لەوەش زیاتر لەگەڵ سەرنووسەرەکەی کاک ئازاد عەبدولواحید هەیە. هەموو ئەوانەی من دەناسن باش دەزانن لە گوتن و نووسینی حەق تەنیا یەک پێوەرم هەیە، ئەویش ویژدانی خۆمە و قەتیش حیسابم بۆ هیچ شتێ نەکردووە کە پێوەندیی بە بەرژەوەندیی خۆمەوە هەبێ لە هەڵوێستەکانمدا و لە ڕابردوو و لە ئێستا و لە داهاتووشدا، بۆیە ئەم چەند دێڕەم نووسی و پێشم خست، لەبەر ئەوە بوو کەس نەڵێ ئەم نووسینە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کاک ئازاد برادەر و دۆستمە.. نەخێر.. ئەگەر ڕامان شایانی ئەوە نەبێ کە دەیڵێم و دەینووسم قەتاوقەت نەمدەنووسی، جا سەرنووسەرەکەی هەر کەسێ بێ با بێ.

من لەوەتی دەخوێنمەوە، ئەگەر داوام لێ بکرێ ئەو ڕۆژنامە، یان گۆڤارانە هەڵسەنگێنم کە دەردەچن و دەیانخوێنینەوە، یەکسەر بیرم بۆ گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» دەچوو کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەردەچوو و تاقە گۆڤارێکیش بوو بتوانین بڵێین گۆڤاری ڕۆشنبیری و سەنگین و سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئێستا و دوای دەرچوونی گۆڤاری ڕامان دەتوانم بڵێم تاقە گۆڤارێکە شان بدا لە شانی «ڕۆژی نوێ».

گۆڤاری ڕامان تەنیا گۆڤارێکە شایانی ئەوە بێ بە دوایدا بگەڕێیت و بیخوێنیتەوە، بە تایبەتی لەناو ئەو لێشاوە زۆر و زەوەندەی گۆڤارانەدا کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەردەچن و هەندێکیان- من لای خۆمەوە- بە سووکایەتی پێکردنێکی زۆری دەزانم بە عەقڵ و ڕۆشنبیریی مرۆڤی کورد، چونکە ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە تەنیا بۆ ئەوە باشە ئەو جۆرە گۆڤارانە توور بدرێنە ناو زبڵخانەوە.


لەم گێژاو و پاشاگەردانییەدا ڕامان وەک گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی کوردی دەدرەوشێتەوە، بە هەموو مانایەکانی ڕۆشنبیری، لەبەر ئەوەی ڕامان نەک تەنیا گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە، بەڵکو بووە بە سەکۆیەکیش بۆ یەکترناساندن و ئاشناکردن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەنگە لاوازی، یان کەمی بەرهەمی باکوور، یان ڕۆژئاوای کوردستان، لەبەر ئەوە بێ لەوێ پیتی لاتینی بەکاردێ و ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕێنووسی ئێمە کە پیتی عەرەبی بەکاردێنین کەمتر بێ.

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەم گۆڤارە سەنگین و ڕەنگینە دەکەم کە دڵنیام هیچ ڕۆشنبیر و ئەدیبێک نییە چاوەڕێی نەکات و نەیەوێ شتی تێدا بڵاوبکاتەوە.

پیرۆزبایی لە برای بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید دەکەم کە هەر پیاهەڵدانێکی ئەم گۆڤارە هەبێ لەپێشدا شانازییەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

هەر سەرکەوتوو بن.. بەردەوام بن لە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە کە بە ڕاستی کەلێنێکی گەورە و فراوانی ڕۆشنبیریی پڕ کردووەتەوە.






# لە بارەی کتێبخانەی قوتابخانەکانەوە

ئەگەر ئەرکی مامۆستا فێرکردن بێ، ئەوە ئەرکی کتێبخانە شیرینکردنی ئەو فێرکردنەیە لەنێو دڵ و دەروونی فێرخوازەکاندا. لەبیرمە لە سەرەتای شەستەکاندا کە قوتابی بووم لە دواناوەندی هەولێر، کتێبخانەیەکی زۆر گەورەی هەبوو، دەڵێین نزیکەی شازدە هەزار کتێب و نامیلکەی تێدابوو، بە سەدان کتێبی ئینگلیزیشەوە. مامۆستاکان زۆر هانیان دەداین هاموشۆی کتێبخانەکە بکەین؛ تەنانەت هەندێ جار خۆشیان لەگەڵمان دەهاتن. جاری واش دەبوو وتوویژی بە سوودمان لەگەڵیاندا لە بارەی ئەو کتێبانەی دەمانخوێندنەوە دەکرد، بەڵام سەد مخابن وردە وردە کتێبخانەکە چیتر ئەو جۆرە چالاکییەی بەخۆوە نەدی و وەک خەونێکی لێ هات، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی ڕژێمی بەعس کە بە زۆر جۆرە پلانی جۆراوجۆر کتێبخانەکە فەرامۆش کرا، هەر لە قەدەغەکردنی کتێبی بەنرخ و گرنگ بە بەردەوامی و تا داخستنی بۆ ماوەی دوورودرێژ بە ئەنقەست و بەبێ پاساو.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە لە دوای ڕاپەڕین هەندێک لە دامودەزگاکان ویستییان بایەخ و چالاکی جاران بۆ کتێبخانە زیندوو بکەنەوە، ئەمەش بە دابەشکردنی کتێب و تەرخانکردنی لەسەدا دە تا لە سەدا پازدەی کرێی فرۆشگاکانی نێو قوتابخانەکان بۆ کڕینی کتێب. وەلێ هەمدیسان ئەو بایەخ و چالاکییانە تا سەر نەبوون، بەڵکو لێی پاشگەزبوونەوە. بۆ نموونە لەسەدا پازدەکە بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کرا بە لەسەدا پێنج، نەک هەر هەندە، بگرە زۆربەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان زۆر پێیان ئەستەم بوو دەستبەرداری ئەو برە پارەیە بن.

هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم جارێک بەڕێوەبەرێک کە بە قوتابی من دەشیا، زۆر سەرشێتانە بێزاری خۆی دەربڕی لەبەر ئەوەی بەپێی فەرمانی پەروەردە دوو سێ جار داوای پشکی پارەی کتێبخانەم لێ کردبوو گوتی: «ئەرێ مامۆستا ئەو کتێبخانەیە بووە چی؟ قەسەم بەو خوایە ئەوە یەکەم جارە من پارە بۆ کتێبخانە بدەم!» وێڕای هەموو ئەوانەش کتێبخانە وای لێ هات هەندێ جار وەک کۆگایەکی قوتابخانە بەکار بهێنرێت، یان وەکو شوێنێک کەسانی سزادراو، یان پەککەوتە و نەشارەزای تێدا کار بکەن. بێ گومان زۆر ڕێزمان هەیە بۆ سزادراو و پەککەوتەکان، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوان شارەزایی ئەوتۆیان لە کاری کتێبخانەدا نییە، بگرە لە پۆلینکردن و پێڕست و ئەرشیفکردن و..تاد. جگە لە شارەزابوون لە زمانە سەرەکییەکان، بۆ ئەوەی نەوەک کاتێ قوتابی بۆ کتێب دێن سەری لێ بشێوێ و دۆش دابمێنێ و نەزانێ شوێن و پۆل و ژمارەی کتێبەکە چۆنە و لە کوێدایە. جا بە پێویستی دەزانم چەند کەسێک لەو دامەزراوە تازانە، بە تایبەتی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان، بەشی کتێبخانە بەسەر کتێبخانەکاندا دابەش بکرێن، هەتا زووش بکرێ باشترە، بۆ ئەوەی بتوانن بە تازەترین شێوازی بەڕێوەبردن کاری خۆیان بکەن و بەبێ دوودڵی داوای ماف و پێویستییەکانی کتێبخانەکەیان لە بەڕێوەبەری قوتابخانە بکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە دڵسۆز و دەستپاک بن و کتێبخانە بە ماڵی خۆیان بزانن. خاڵێکی گرنگی دیش ئەوەیە سەرپەرشتیاری پسپۆڕ تەرخان بکەن بۆ سەردانی کتێبخانەکان و پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەمیندارەکانیان، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە ڕاستی بکەن بە «بوون، یان نەبوون».



ئیحسان سابیر سەعید